بەرزان فەرەج

# پارتی سۆشیالیستی فەرەنسا

## مێژوو
## کۆنگرەکان
## پێکهاتەو پەیڕەوی ناوخۆ

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ٢٠١٢

## ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران

دامەزراوەیەكی كەلتورییە بەپێی بڕیاری كۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەی بریتییە لە دەستەبەركردنی پێداویستییەكانی هۆشیاركردنەوەی سیاسی، فراوان كردنی چوارچێوەكانی رۆشنبیریی گشتی، تۆكمەكردنی بەهاكانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ و دادی كۆمەڵایەتی لەكۆمەڵدا، تاوتوێ كردنی مەسەلەكانی بیری هاوچەرخو دابین كردنی كەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی كادیران لە بوارە هەمەجۆرەكاندا.

پارتی سۆشیالیستی فەرەنسا
بەرزان فەرەج
بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی كادیران
سلێمانی ـ ٢٠١٢
ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان
(١١٤٧) ساڵی ٢٠١٢
نەخشەسازیو بەرگ: هەرێم جەزا
تیراژ: (٢٠٠٠)
ژمارەی زنجیرە: (٤٤٢)

سەرپەرشتیاری زنجیرەی كتێب
عوسمان حەمەرەشید گورون

# ناوەڕۆك

پێشەكی.............................................. ٥

بەشی یەكەم:

كورتە مێژووی پارتی سۆشیالیستی فەرەنسی .......... ١٧

بەشی دووەم :

پارتی سۆشیالیست لە دوای ١٩٧١وە، كۆنگرەكان ...... ٦٥

بەشی سێهەم :

پرۆگرامی پارتی سۆشیالیستی فەرەنسی ............... ٩٣

بەشی چوارەم :

پێكهاتەو پەیڕەوی ناوخۆی پارتی سۆشیالیست ١٠٩

فەرهەنگ ........................................................ ١٧٥

كورتكراوەی ناوی پارتو ڕێكخراوەكان.......................... ١٩٣

هەندێك وێنەی مێژوویی.......................................... ١٩٥

بەشی پێنجەم:

هەندێك وتاری نووسەر.................................. ٢٠٥

## پێشەکی

چڕکردنەوەی مێژووی پێکهاتەو بزووتنەوەیەکی وەکو پارتی سۆشیالیستی فەرەنسی لەنێوان چەند لاپەڕەیەکدا ئاسان نیە، بەتایبەتی حیزبێك کە لە لایەکەوە بەشێکە لە سەردەمێکی دێرینو چەندین سەدەیی فەرەنساو لەلایەکی ترەوە سەرەتای خودی ڕێکخراوەیی خۆی ئەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە سەد ساڵو چەندین سەرکردەو ڕابەری ناسیوەو بە ساڵانێکی زۆر جەنجاڵو پڕ ڕووداوو جەنگو کارەساتی دنیاو ململانێی تیۆریو کەلتوریدا تێپەڕیوە، کە فەرەنسا توخمێکی دیارو بەشداری ئەو مێژووانە بووە. بۆیە ئەم نووسینە تەنها هەوڵێکە بۆخوێندنەوەی مێژوویەکی چڕو جەنجاڵی پارتی سۆشیالیستی فەرەنسی وەکو بەشێك لە بزووتنەوەی سۆشیالیزمو چەپی فەرەنسیو ئەورووپیو تەنها کردنەوەی پەنجەرەیەکی بچووکە لەسەر دنیایەکی فراوان. لە بەشەکانی یەکەمو دووەمی ئەم کتێبەدا هەوڵم داوە بە شێوازی نامیلکەو فەرهەنگی خوێندنەوەیەکی کورتو چڕی مێژووی پارتی سۆشیالیستی فەرەنسی بکەم لە میانەی ئەو گۆڕانکاریانەی لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە بەخۆیەوە بینیوە لە خەباتی سیاسیو ئەزموونی حوکمو ململانێ ناوخۆییەکانیدا وبەتایبەتی بەپێداچوونەوەی کۆنگرەو پلینۆمەکانی ئەم حیزبەدا کە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ ژمارەیان گەیشتۆتە حەفتاو پێنج کۆنگرەی ئاساییو ناکاوو پلینیۆم، کە پێکەوە بوونەتە ئەو قەوارەو پانتاییەی ئەم حیزبە شوناسی خۆی تێدا دۆزیوەتەوە. هەروەها بەشی سێهەمو چوارەم بریتیە لە وەرگێڕانی تەواوی پەیڕەوو پرۆگرامی پارتی سۆشیالیستی فەرەنسی بە دوا گۆڕانکاریو نوێکردنەوەکانی کە پەسەندکراوی دواهەمین کۆنگرەی حیزبە.

بزووتنەوەو فیکری سۆسیالیزمی فەرەنسی ئەگەر لە ناوەڕاستو دواچـارەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا لە ڕووی تیۆریو پێکهاتەوە خـۆی نمـایش بکـات، بەڵام لەڕاستیدا لەدایکبوو و بەرجەستەی زنجیرەیەك ڕووداوو قۆناغی مێـژوویی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووریو کەلتوری فەرەنسایە، کە تیایدا لە دەرەنجامی سەرجەم ڕووداوە کەڵەکە بووەکـانی ئـەو قۆناغـە مێژوویانـە لەسـەر هـەموو ئاستەکانداو سەراپای ئەو جەنگە ناوخۆییو دەرەکیانەی مێژووی فەرەنسایان لە پەیوەندیە ناوخۆییەکانی ناو پێکهاتـەکانیو پەیوەندیـە دەرەکیـەکانی لەسـەر ئاستی ئەوروپادا نووسیەوەو تیایدا چینو توێژە کۆمەڵایەتیەکان لەدایك بـوون، لەگەڵ هاوشان بوونێکی بەردەوامی ئەم ڕووداونـە بـە لـەدایکبوونی کـەلتورو کایە مەعریفیـەکانی فەرەنسـا، لەسـەرووی هەموویانـەوە فیکـری سیاسـیو فەلسەفی فەرەنسی ناسراو بـە پێشـەنگی فیکـری ڕۆشـنگەری ئـەوروپی، کـە هەموو پێکەوە داهێنەری فیکرو بزووتنەوەی سۆشـیالیزمی فەرەنسـین کـە لـە پێش فەرەنسـا خۆیـدا لـەڕووی پێکهاتـەو پراکتیکـەوە لـە ئـەڵمانیاوە خـۆی ئۆرگانیزە کردبوو، بەڵام لە ڕاستیدا هەر فەرەنسا دائەنرێت بە لانکـەی ئـەوەی دواتـر بـە ڕەوتـی چـەپ ئەناسـرێت کـە هـەڵگری بـەها شۆڕشـگێریەکانی سۆشیالیزمو یەکسانیو بەدیهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتیە.

ئەو پەیوەندیە دیالێکتیە مێژووییەی پەرەسەندنەکانی کۆمەڵگەی فەرەنسی دیاری ئەکات لەشەڕی پاشاکانی فەرەنسا لە نێو خۆیانـدا لەسـەر دەسـەڵاتو شەڕی پاشاکان لەگەڵ دەرەوەی خۆیاندا کە قۆناغەکانی پێکهێنـانی میللـەتو وڵـاتی فەرەنسـا دیـاری ئەکـەن، لەهـەمان کاتـدا نـاکۆکیو پێکدادانـە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگەی فەرەنسی بەگەڕان بـەدوای فـۆرمێکـی سیسـتەمی دەسەڵاتیی سیاسیو ئابوریو شوناسـیدا کـە دواجـار لـەشۆڕشـی فەرەنسـیدا

بەرجەستە بوو، پێکەوە مێژووی ئەو پەیوەندیە دیالێکتیەی نێوان بزووتنەوەی چەپی فەرەنسیو بە تایبەتی سۆشیالیزمی فەرەنسی پێکدێنن بە شێوەیەك کە ئەکرێت سەرەتای لەدایکبوونی سۆشیالیزمی فەرەنسی بە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسیو دەرئەنجامەکانیو کاردانەوەی قۆناغەکانی دواتری دابنرێت. واتە سۆشیالیزمی فەرەنسی بەردەوامبوونی هەموو بەهاو کاردانەوەکانی شۆڕشی فەرەنسیە کە لەهەمان کاتدا ئیلهامبەخشو خوڵقێنەری بزووتنەوە سۆشیالیستەکانی تری ئەوروپایە، بۆیە سۆشیالیزمی فەرەنسی بە میراتگرو بەردەوامی دان بە ڕەوتی شۆڕشی فەرەنسی ئەزانرێت ئەگەرچی سەرجەم بزووتنەوە سیاسیەکانی دوای ئەو ڕووداوە مێژوویەی جیهانو تا ئەم ساتەش بزووتنەوە نوێکانی فەرەنسا خۆیان بە میراتگرو هەڵگری بەهاکانی شۆڕشی فەرەنسی بزانن.

لویسی چواردەهەم (١٦٤٣- ١٧١٥) وەکو پاشایەکی ڕەها شێوازە دەسەڵاتێکی تاکڕەوی لە ماوەی حوکمڕانی خۆیدا بەسەر فەرەنسادا سەپاند، کە بە سەردەمی پاشایەتی ڕەها پێناسە ئەکرێت، بەشێوەیەك کە لویسی چواردەهەم جگە لەخۆی هیچ دەسەڵاتو هێزێکی دی نە ئەبینیو پێی وابوو کە ئەو ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی لە خواوەندەوە بۆ هاتۆتە خوارێ. ئەو لە ماوەی ئەو دەسەڵاتە بێ سنورو ڕەهایەی خۆیدا بە تێوەگلاندنی فەرەنسا لە چوار جەنگی کوشندەو ڕوخێنەری دەرەکی بە مەبەستی یەکخستنەوەی خاکی فەرەنساو جەنگ دژی پرۆتستانتەکانو بەکۆمەڵ چەوساندنەوەو کوشتنیانو یان بەزۆر ملکەچ پێکردنیان بە هەڵگرتنی مەزهەبی کاتۆلیکیو بەردەوام زیادکردنی باجەکانو خەرجکردنی داهاتی میللەت لە بنیاتنانی کۆشکی قەشەنگی ڤێرسایو زیادبوونی خەرجیەکانی دەوڵەتو بنەماڵەی پاشایەتیو زیندەگیکردن

لە بەهەشتی سەرزەمینیدا لە سەر حسابی خستنە ژێر باری هەژاریو برسێتیو تا ئاستی بێ نانی چەندین ملیۆن لە گـەلی فەرەنسـا. لویسـی چـوارده دوای خۆی کۆمـەڵگەیەکی هەژارو چەوساوەی ژێر باری ناعەدالەتی کۆمـەڵایەتی بـۆ هەردوو لویسی پانزەو شانزه جێهێشت، کە فەرەنسای خستە قۆناغیکی نوێـوەو تیایـدا جیاوازیـەکی ئاشـکرا لـە نێـوان دوو بـەرەدا دەرکـەوتبوو، بەرەیـەکی پێکهاتوو لە دوو چینی خاوەن ئیمتیازو دەوڵەمەنـد(پیـاوانی ئـایینو شـازادەو دەرەبەگەکان)، لە بەرامبەر چینێکی هەژارلـە (خـەڵکی ڕەشـۆکی) زۆرینـەی گەل لە چینەکانی خوارەوەو توێژی ناوەند کە لەسەرهەڵداندا بوو. بـەو شـێوەیە فەرەنسا کەوتە نێو قەیرانێکی سەختی ئـابوریو کۆمـەڵایەتیـەوە، کـە لەسـەر ئاسـتی سیسـتەمی سیاسیشـدا ڕەنگـی دابـۆوە، هـەر لـەو سـەردەمەداو وەك دەرئەنجامێکی ئەو بارودۆخە قەیراناویە بزووتنەوەی ڕۆشـنگەری سـەری هەڵـدا کە لە ڕووی کەلتوریو مەعریفیەوە بـە پێناسـەیەکی ئـەو قۆناغـە ئـابوریو کۆمەڵایەتیو سیاسیە دائەنرێت لەڕووی سەرهەڵدانی پرسیارکردن لەو سـاتەو داهاتووی کۆمـەڵگـەو شـیوازەکانی گـەڕان بـە دوای ئەگـەرەکانو دۆزینـەوەی سیستەمێکی نوێی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە. فەیلەسوفو ڕونـاکبیرانی نـاوداری وەکو ڤۆڵتێر، مۆنتسکیۆ، بۆمارشێ، دیدرۆو ڕۆسۆ هەندێکی تر پێشڕەوی ئـەو ڕەوتە فیکریە بوون، کە تا دەهات چەمکی فەلسەفیو فیکریو سیاسـی نـوێی ئەخستە نێو گفتو گۆکانەوە لەوانەش چەمکەکانی وەکـو ئـازادی، یەکسـانی، لێبوردەیی، تێگەیشتن لە دەسەڵاتو ئەركو مافەکانو هاونیشتمانی بوون کـە لە نێو ناوەندە ڕۆشنبیریو توێژە پیشەییە فیکریـەکانو بۆرژوایـەکی تـازە لـە دایکبوودا کـە وابەسـتەیی بـۆ پێکهاتـەی شارنشـینیو هاونیشـتمانێتی لـە وابەستەیی بە پیشەو خواستەکانیەوە هەبوو، تاووتوێو گفتوگۆ ئەکران. دواجار

هەر لەناو ئەو کەشە کۆمەڵایەتیەدا تەوژمێکی ڕەخنەگرانەی توندو تیژو دژ بە سیستەمی پاشایەتی ڕەهاو جیاوازیە چینایەتیو کۆمەڵایەتیەکان بەرجەستە بوو. ئیدی لێرەوە قەیرانی ڕاستەقینەی سیستەمی پاشایەتی فەرەنسا دەستی پێ کرد، کە لە نێو ئەو بزووتنەوە ڕۆشنگەریەدا هێزێکی نوێی کۆمەڵایەتی سەری هەڵدا کە پرسیاری لە دەسەلاتو بنەما شەرعیەکانیو خاوەندارێتی دەسەلات ئەکرد لە نێوان بونیادو ڕەگەزە مێژوویەکانیدا واتە، ئایینو خودا، پاشا وشازادەکان یان گەل. لێرەوە هێزێکی نوێی کۆمەلایەتی بۆ یەکەمین جار لەدەرەوەی پێگە ئایینیەکان یان میراتیە مۆنارشیەکانی دەسەلاتدا کە تا ئەو ساتە هەر نوێنەرایەتی کەمینەیەکی کۆمەڵی کردووە، بەدوای ئەڵتەرناتیڤێکی دی دەسەڵاتدا ئەگەڕا، کە ئەمەش زەنگی کۆتایی هێنانی سیستەمی پاشایەتیو مژدەهێنی سیستەمێکی شۆڕشگێڕی لێدا، کە شۆڕشی فەرەنسیو سیستەمی کۆماری کردە وەڵامدەرەوەی هەموو ئەو قۆناغە قەیراناویەی پێشوو. لە ١٤ تەموزی ١٧٨٩ دا داگیرکردنی خۆبەخۆییو ڕووخاندنی زیندانی باستیل، ڕەمزی هەموو چەوسانەوەو ناعەدالەتیو جیاوازیەکان، لە لایەن جەماوەری تورەو ڕاپەڕیوی پاریسەوە دابڕانێکی مێژوویی لەناو سەرجەم مێژووی مرۆڤایەتیدا خولقاندو گۆڕانکاریەکی بونیادی لە نێو کۆمەڵگەی جیهانیدا بەرپاکرد، هەر ئەمەش بووە سەرەتای سەرهەڵدانو خودڕێکخستنی بزووتنەوەیەك لە ناو کۆمەڵگەی فەرەنسیدا کە دواتر بە بیری سۆشیالیزمیو بزووتنەوەی چەپ ئەناسرێت.

شۆڕشی فەرەنسی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیو سۆشیالیستی بوو، چونکە یەکەمین کارو بڕیارەکانی لەناودانی ئیمتیازو دەسەڵاتەکانی هەموو چینە شازادەو دەرەبەگو پیاوانی ئایینو دەوڵەمەندەکان بوو، بەدابەشکردنەوەی ئەو

ئیمتیازاتانە بەسەر جەماوەردا، هەروەها شۆڕشی فەرەنسی بڕیاردەری جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤو هاونیشتمانێتیە لە ٢٦ ئابی ١٧٨٩، کە بەندە لەسەر ئازادیو یەکسانیو هاونیشتمانێتی لە نێوان مرۆڤەکاندا، هەر ئەم بەهایانەشە کە دواتر سەرجەمی بنەما مەعریفیەکانی فیکری مرۆڤگەراییو سۆشیالیزمو تا مارکسیزمیشی لەسەر هەڵئەچنرێت.

شۆڕشی فەرەنسی کە هەڵگرو تیشکهاوێژی بەها مرۆییە جیهانگیریەکانە، دواتر ئەبێتە لانکەی پێگەیاندنی نەوەو بزووتنەوە سیاسیەکانی داهاتووی فەرەنسا، تائەو ڕادەیەی ئیشکالیەتی شوناسی سیاسی لە نێو نەوەکانیدا ئەخولقێنێت، بە شێوەیەك کە ناکۆکیو ململانێی هێزە سیاسیەکانی لە نێو بازنەی هەمان بەهاکانی شۆڕشی فەرەنسیدا بەرجەستە ئەکات کە هەر یەکەیان خۆی بە میراتگرو نمایشکەری ئەو کەلتورو بەهایانە ئەزانێت. کەلتوری ڕەوتی چەپو ڕاستی فەرەنسی بەشێوەیەك تێکەڵاوی یەکدی بوون، کە زۆرجار لە تێڕوانینو گوتاری سیاسیاندا هێندە هاوتا ئەبنەوە، کە جیاوازیەکانیان بەئاسانی ناناسرێتەوە، چونکە هەردوولایان خۆیان بە میراتگری شۆڕشی فەرەنسیو بەهاکانی جمهوریەتو بەرگریکار لێیو لەوەش زیاتر بە نەوەی شەرعی ئەو مێژووە ئەزانن.

بۆیە تاکە شتێك کە چەپی فەرەنسی خۆ جیاکردنەوەی لە ڕەوتی ڕاست پێ نمایش بکات، پابەند بوونیەتی بە ئایدۆلۆژیاو شوناسی سۆشیالیزم بە تایبەتی بۆ پارتی سۆشیالیستی فەرەنسی. واتە ئەو فەلسەفەو بنەما ئایدیۆلۆژیانەی چەپی فەرەنسی لە ڕاست جیا ئەکاتەوە بە خۆ دۆزینەوەو گەڕانەوەیە بۆ چەمکە ئینسانگەراو سۆشیالیستیەکانی ڕۆشنگەری کە خولقێنەری شۆڕشی فەرەنسیو داڕێژەری بەهاکانیەتی. لێرەوەیە کە چەپی فەرەنسی خۆی بە

هەڵگرو بەردەوامپێدەری چەمکە هەرە شۆڕشگێڕیو ئینسانیەکانی شۆڕشو داهێنەری ئەو کەلتورە لەسەر یەکسانیو دادپەروەری ئەزانێتو وەکو دیوارێك لە جەنگو کێبڕکێکانیدا خۆی لە بەرەی ڕاستی فەرەنسی پێ جیا ئەکاتەوە، کە دواتر ئەبێتە هەڵگری لایەنە موحافیزکارو زیاتر ڕووی ناسیۆنالیزمی ئەو شۆڕشە. ئەوەی چەپ خۆی پێ لە ڕاست جیا ئەکاتەوە، ئایدیۆلۆژیای سۆشیالیزمە وەکو باوەڕو پرۆگرامو خۆدۆزینەوەیەتی هەمیشە لە نێو بەرەی چینەکانی کرێکارانو ڕۆشنبیرانو پیشەی فیکریو زۆرینەی توێژەکانی خوارەوەدا دژ بە بەرەی لیبراڵخوازو لایەنگرانی سەرمایەداری نوێ، کە بەلای چەپەوە ئەمان بەشێوازێکی دیماگۆگیو لە ڕێلادەرانە بەهاکانی شۆڕشی فەرەنسیان تێکداوەو لە پرەنسیپە جیهانگیریەکەیان دابڕیوە. هەر ئەمەشە لە ناو خودی چەپو بەتایبەتی پارتی سۆشیالیستدا بۆتە داینەمۆی گفتو گۆیەکی بەردەوام لە نێو سۆشیالیستەکان خۆیاندا لەسەر ئەو بنەمایەی هەر لادانێك لە بەها بنەڕەتیەکانی سۆشیالیزمی تەقلیدی کە لەدایکبووی ڕۆشنگەریو شۆڕشی فەرەنسایە، مانای لادانو خۆداماڵینە لە شوناسی سۆشیالیستبوون بەو مانایەی تیایدا لەدایکبووە.

مێژووی سەرهەڵدانو پەرەسەندنی چەپی فەرەنسیو بزووتنەوەی سۆشیالیزمی فەرەنسی پێکەوە گرێ دراوونو هەردووکیشیان وابەستەی بزووتنەوەی نێونەتەوەیی کرێکاریو خەباتی چینی کرێکاران ڕۆشنبیرانی هەڵگری فیکری ئینسانگەرایی سۆشیالیستیو بزووتنەوەی نێو نەتەوەیین. سۆشیالیزمی فەرەنسی کە لەڕووی تیۆریەوە لە سەرەتاو ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمەوە سەری هەڵداو وەکو چەمکێکی سیاسیو فیکری لەساڵی ١٨٣١ دا لە لایەن پییێر لوروو بەکار هێنرا بۆ بەرجەستەکردنەوەی پرەنسیپەکانی

شۆڕشی فەرەنسی (ئازادی، یەکسانی، برایـەتی)و هـەروەها وەکـو شـێوازێکی خەبات دژی ئەو پەیوەندیە ناتەباو چەوساندنەوەیەی لـەنێوان مرۆڤـدا بـەهۆی جیاوازی چینایەتیەوە پەیدا بووبـوو، لەگـەڵ سـەرهەڵدانی چـینی کارگـەرانو ناوەندو بزووتنەوەیەکی کرێکاری کە ئیدی لە ناوەراستی سـەدەی نۆزدەهەمـەوە کەوتە خۆڕێکخستنو داواکاری بەشێك لە مافە چینایەتیو کۆمەڵایەتیـەکانی لە پاڵ برەوسەندنی کۆمەڵگەی پیشەسازیو سیستەمی ئابوری سەرمایەداریدا، دواتر لەناو پانتایی ئـەم خـەباتو کەلتورەوەیـە کـە سۆشـیالیزمی فەرەنسـی ئەکاتە هەناوی لەدایکبوونی هەموو بزاوتو ڕەوتو هێزە چەپەکانی فەرەنسـا، واتە خودی سۆشیالیزم ئەبێتە دایكو لانکی ڕاستەقینەی هەموو بەرەی چـەپی فەرەنسی، کە لە قۆناغە زەمەنیە جیاکاندا دەرکـەوتوون وەکـو خـودی پـارتی سۆشیالیتی فەرەنسا، پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی، سەوزەکان، چەپی ڕادیکاڵو شۆڕشـگێڕیو ڕەوتـی ناوەنـد، هـەموویان هـەڵگری بـەهاو بیروباوەڕەکـانی سۆسیالیزمی فەرەنسینو لە قۆناغی جیـاوازی مێـژووی نـوێی فەرەنسـادا بـە خۆڕێکخستنیان لە ڕێکخراوێکی نوێدا سەنگەری خەباتی خۆیان جیاکردۆتەوە. بەڵام بە جیـاوازی تێـڕوانینو گوتـاری سیاسیشـیانەوە هـەموویان سـەرمایەی خەباتی فیکریو سیاسیو جەماوەریان هەر لەوکەلتورەوە سەرچـاوەی گرتـووەو هەموویان پێکەوە چەپی فەرەنسی پێکدێنن کە لە دیـدێکی ئینسـانگەراییو سۆشیالیزم خوازیو عەدالەتو لائیکـیو کرانـەوە بەسـەر دەرەوەدا لـە دنیـاو پەیوەندیەکانیو ئاییندەی ئەڕوانن.

لێرەوەیە کە بەڕوونی مێژووی دروستبوونی پـارتی سۆشیالیسـتی فەرەنسـی دیار نیە ئەگەر لە سەرجەم مێـژووی فەرەنسـا لـە سـاڵەکانی پـێش شۆڕشـی فەرەنسیو ڕووداوەکانی دواترو سـەرهەڵدانی فیکـری سیاسـی نـوێو سـەدەی

رۆشــنگەری‌و هــەموو ئــەو گۆڕانکاریانــە دابڕێــت کــە بەســەر کۆمەڵگــەی فەرەنسیدا هــاتووە. بۆیــە ئــەکرێت بووترێــت مێــژووی پــارتی سۆشیالیســتی فەرەنسی مێژووی سەدەیەك لە بزووتنەوەو ڕووداوو داهێنانی فیکریە. هەرچەندە یەکەم کۆنگرەی سۆشیالیستەکانی فەرەنسا لــە هــۆڵی ژاپــی لــە پــاریس لــە ١٨٩٩دا ساز کرا بۆ هەموو ئەو بزووتنــەوە کرێکــاری‌و سۆشیالیســتانەی کــە خــاوەنی چــەندین ســاڵ خــەبات‌و چــالاکی پێکــەوەیی بــوون، بــەڵام پــارتی سۆشیالیستی فەرەنسی بەرواری پێکهێنــانی ڕێکخــراوی SFIO واتــە لقــی فەرەنســا لــە نێــو نەتــەوەیی کرێکاریــدا لــە ســاڵی ١٩٠٥ بەیەکگرتنــەوەی سۆشیالیستەکان لە ژێر ڕابەری جان جــۆڕیس دا بــە مێــژووی لــە دایکبــوونی ڕەسمی پارتی سۆشیالیستی فەرەنسی دائەنێت، کە لەساڵی ٢٠٠٥دا یادی سەد ساڵەی دامەزراندنی کرایەوە. حیزبێك کە توخمێکی سەرەکی‌و زیندووی مێژووی سیاسی نوێی فەرەنسایەو ڕۆڵی کاریگەرو چــالاکی لــەو هــەموو گۆڕانکــاری‌و جووڵە بەردەوامانەدا بینیوە، کەبە پێی قۆناغەکان وەڵامــدەرەوەی هەلومــەرج‌و پرسیارەکانی سەردەم بوون. دروستبوونی پارتی سۆشیالیستی فەرەنسی هاوتــاو هاوزەمەنی دروستبوونی پرسیارە جیهانگیریە مەزنەکانە، کــە لەگــەڵ خۆیانــدا چەندین ڕوداوی شۆڕشگێڕی‌و گۆڕانکاریی بنەڕەتیان لە نێو کۆمەڵگەی دنیــاو مرۆڤایەتیدا خولقاندووە. بۆیە پــارتی سۆشیالیســت تــەنیا خۆڕێکخســتنێکی ئۆرگانی نێوان هاوڕێکان نیە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، بەڵکو لــەپێش هــەموو شتێکدا هــەڵگری زەرورەتــی کۆمــەڵێك بــەهاو پرەنســیپی فیکریــەو پێکــەوە پەیامێکی ئینسانی‌و جیهانگیری‌و هەمیشە بەردەوامی بەو ڕێکخراوە بەخشیوە، کە لە سنووری دەوڵەت‌و کۆمەڵگەیەکی دیــاریکراو تێپــەڕیوەو بۆتــە ئــەرك‌و پــــەیامێکی ســـــتراتیژی هـــــەموو سۆشــــیال دیموکراتــــەکانی دنیـــا. بـــەلای

سۆشیالیستەکانەوە سۆشیالیستبوون مانای قایل نەبوونە بە دنیا بەو شێوەیەی هەیەو ملکەچنەکردنە بۆ ئایدیای میتافیزیکی حەتمیەتی نەگۆڕی شتەکان، کە لە تێڕوانینێکی ئایدیایی زیاتر چیتر نیە، بەڵکو ئامانجی سۆشیالیستەکان ڕەتکردنەوەی شێوەی ناعەدالەتیانەی دنیاو خواستی گۆڕینی ئەو دنیایەیە. ئەرکی حیزب باوەڕهێنان بەو بەها فیکریە ئینسانیو ئەخلاقیانەیە، کە ئەوە کاری پێکەوەییو ئەرکی هەڤاڵانی خۆڕێکخەرو دیسپلینکراو لە پارتی سۆشیالیستدا دیاری ئەکات. حیزب ئامرازی سەرەکی باوەڕی نێوان ئەندامەکانە نەك ئامرازێکی کاتی وسوودگەرایی بۆ دەسەلات، ئەگەر ستراتیژی سۆشیالیستەکان گەیشتن بێت بە دەسەلات، ئەوا بۆ گەیشتنو شادبوون بە خودی دەسەلات نیە، کە بە پێچەوانەوە زۆرجار ئەزموونی دەسەلات مەترسی ئەخاتە سەرقەبارەو هێزی حیزبو باوەڕی بەهۆی هەندێك جار دوورکەوتنەوە لە پرەنسیپەکان، بەڵکو ستراتیژی سەرەکی سۆشیالیستەکان لەناو دەسەڵاتو پشت دەسەڵاتەوە بەرجەستەکردنی پەیامە فیکریەکانو گۆڕینی دنیایە بەو شێوازەی سۆشیالیستەکان لە یۆتۆپیاوە تا بەواقیعبوون خەونیان پێوە بینوە. سۆشیالیستەکان لە ئاسۆدا دەسەڵات نابینن، بەڵکو بەرجەستەبوونی فیکری سۆشیالیزمی ئەبینن کە ئەمەش پەیامێکی سەرەکی سۆشیال دیموکراتەکانی هەموو دنیایە. ئەرکی هەموو پارتێکی سۆشیال دیموکرات هەمیشە ناچاربوونە بە پاراستنی چۆنایەتی خۆی بەو پرەنسیپو بیروباوەڕانەی کە مێژووی ئەو بزووتنەوەیەی لەوانی دی پێ جیا ئەکاتەوە، لێرەشەوەیە کە هەمیشە خۆپڕچەك کردنەوە بە فیکری نوێو وەڵامدانەوەی پرسیارە هەنوکەییەکانو هاوشانبوونی گۆڕانکاریەکانی سەردەم تەقەلایەکی فیکری بەردەوامو سەخت بەسەر سۆشیالیستەکاندا ئەسەپێنێت، کە نابێت هیچ کاتێك لە قۆناغەکانی مێژوو

بە جێ بهێننو بێ وەڵام لەبەرامبەر ڕووداوو گۆڕانکاریو پرسیارەکاندا بهێننەوە، هەر بۆیە پارتی سۆشیالیستی فەرەنسی لە ماوەی نزیکەی ١٠٥ ساڵ تەمەنیدا ٧٥ کۆنگرەی ئاسایی‌و ناکاوی بەستووە، کە تیایاندا پرسیاری سەرەکی دابەشکردنەوەی دەسەڵاتو پۆستەکانی ناو حیزب نەبووە، بەڵکو پرسیاری سەرەکی گەڕان بەدوای وەڵامو داهێنانێکی فیکری سۆشیالیزمانە بووە بۆ هەموو ئەو ساتەوەختە سیاسیە مێژوویی‌و قەیرانانە کە وابەستەی ژیانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوری نەك هەر کۆمەڵگەی فەرەنسی بەڵکو سەرجەم دنیا بووە. بە کورتیەکەی پارتی سۆشیالسیتی فەرەنسی ئامرازێکی سیاسی‌و ڕێکخراوەییە بۆ گۆڕینی دنیا لە دنیابینیەکی سۆشیالیزمانەوە، نەك تەنها ئامرازێکی سیاسی بۆ ئیدارەکردنی هەندێك ناکۆکی لاوەکی‌و تەنها مانەوە لەسەر شانۆی سیاسی‌و ئاستی دەسەلاتدا، کە ئەمە بۆتە پەیامێکی سەرەکی حیزبی ڕۆژهەڵاتیانە بە هەموو شێوازو ئایدیۆلۆژیاکانیەوە لە نێویشیدا حیزبە سۆشیال دیموکراتەکان.

# بەشی یەکەم

## کورتە مێژووی پارتی سۆشیالیستی فەرەنسی

سەرەتای بزووتنەوەی سۆشیالیستی نێونەتەوەیی‌و بزووتنـەوەی سۆشیالیست لە فەرەنسا:

بزووتنەوەی کرێکاران لە ساڵی ١٨٦٤ وە کەوتـە خۆڕێکخستن، دوابـەدوای جەنگی فرانکۆ — پرووسیای ١٨٧١ سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی سۆشیالیستی بەخۆجیاکردنەوە لەئانارشیستەکان لەدایکبوونی یەکەمین پارتە سیایسیەکانی ئەو ساتەی خستەڕوو وەکو پارتی سۆشیال دیموکراتی ئـەڵمانی SPDو دواتـر پارتە فەرەنسیەکان.

## ١٨٦٤ ـ ١٨٧٦ : نێونەتەوەیی یەکەم

نێونەتـەوەیی یەکـەم لـە دەرەنجـامی ڕێکـەوتنی نێـوان پەرەسـەندووترین هەردووچینی پرۆلیتاریـای ئـەوروپی، فەرەنسـی‌و ئینگلیـزی پێکهـات، پـاش چەندین پێکەوە کۆبوونەوەی نوینەرانیان لە ٢٨ سێپتەمبەری ١٨٦٤ دامـەزراو هەریەکە لەم لایەنانەی کۆکردەوە:

- سەندیکا بەریتانیەکان
- پەناهەندە سیاسیەکانی (هەنگاری، پۆلۆنی، ئیتالی، ئەڵمانی‌و کارل مارکس)
- کۆمەڵەی کرێکارانی ئەڵمانی کە تازە خۆی پێکهێنـابوو بـە ڕابـەری (لاسال)
- پرودۆنیەکانی فەرەنسا (بە ڕابەری تۆلان)

ئەم ڕێکخراوە بەهۆی ناکۆکیەکانی نێوان مارکسیستەکان‌و ئانارشیسـتەکان شکستی هێنا، بەڵام بووە وەڵامدەرەوەی بەشـێکی زۆری ئامانجـە بنەرەتیـەکانی چینی کرێکاران بە بەرجەستەکردنی داواکـاری‌و خواسـتەکانی‌و سـەرهەڵدانی

هۆشیاری چینایەتی بۆ بنیاتنـانی سـەرەتایەکی یـەکگرتن، کـە بـووە یەکـەم هەنگاوی پەرەسەندنی سۆشیالیزم.

## ١٨٦٣ ـ ١٨٩٠ : سۆشیال دیموکراتی ئەڵمان

سۆشیال دیموکراتی ئـەڵمانی یەکـەمین پـارتی سۆشیالیسـتە، کـە خـۆی دائەمـەزرێنێتو ناوبـانگێکی جـەماوەری مـەزن پەیـدا ئـەکات بـە هـۆی بەرەنگاربوونەوەی یاسا ناکاوو تایبەتیەکانی بسمارکەوە لـەو سـەردەمەدا. لـە ساڵی ١٨٦٣ لاسال کۆمەڵەی گشتی کرێکارانی ئـەڵمانیای دامـەزرانـد، وەکـو یەکەمین پارتی سۆشیالیست. لە ١٨٦٩ بیبیلو لیبکنیشت پارتی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتیان دامەزراند. لە ١٨٧٥ هەردوو پارتەکـە پـاش دانوسـتانو سـازش لەسـەر پرۆگرامێکـی هاوبـەش خۆیـان لـە نێـو پـارتی کریکـارانی سۆشیالیستدا ئەتوێننەو. بـەو شـێوەیە بـەردەوام ئـەبن تـا لـە ١٨٩٠ پـارتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا دائەمەزرێت.

## کۆنگرەی ژاپی (دیسەمبەری ١٨٩٩)

یەکەمین کۆنگرەی رێکخراوە سۆشیالیستەکانی فەرەنسایە کە لە پاریس لـە هۆڵی جومناستیکی (ژاپی) لە شەقامی ڤۆڵتێر بەسترا. تیایدا کۆمیتەیـەکی گشتی لە نوێنەرانی رەوتە سۆشیالیستەکان پێکهێنـرا، کـە بـریتی بـوون لـە پارتەکەی جیول گێد، پارتی کرێکارانی فەرەنسـا POF کـە دواتـر لـە دووەم کـۆنگرەدا لـە سـێپتەمبەری ١٩٠٠ لـە ڤـاگران لـە پـاریس ئـەو یەکێتیـە هەڵئەوەشێنێتەوە، هەروەك پارتەکەی ئێدوارد ڤـەییانت RPS کـە دواتـر لـە کۆنگرەی سێهەمدا لە مایسی ١٩٠١ لە لیۆن هەمان یەکێتی واز لێ دێنێـت.

لە مارسی ١٩٠٢ هەردوو باڵەکە بــە کۆبوونــەوەیان لــە دەوری جــان جــۆرێس پارتی سۆشیالیستی فەرەنسی PS پێکدێنن، لێرەوەیــە کــە جــان جــۆرێس بــە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی پارتی سۆشیالیســت دائــەنرێت. لــە ١٩٠٤ دا لــە کۆنگرەی نێونەتەوەییدا لە ئەمستەردام بــە کۆتاییهێنــان بــە نــاکۆکی نێــوان باڵەکانی جۆرێس ـ گێد، ڤەیانت دەنگ لەســەر یــەکێتی سۆشیالیســتەکانی فەرەنسا ئەدرێت.

## لە خەیاڵەوە بۆ ڕاستی

بە حیزبایەتیبوونی سۆشــیالیزم دەرەنجــامی حــەفتا ســاڵ لــە ســەرهەڵدانی سۆشیالیزمە وەکو بیرکردنەوەی سیاسی، بە بەرجەستەکردنو پێداگرتن لەســەر پرسیارە کۆمەڵایەتیەکان، پێداویستی ڕێکخستنی بزووتنــەوەی کرێکــاران کــە ئەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی پارتە سۆشیالیستەکان.

لەســەرەتاکانی ســەدەی نۆزدەهەمــدا یەکــەمین ڕەوتــە سۆشیالیســتەکانی فەرەنسا دەرئەکەون. یەکەمین دارێژەرانی تیــۆری سۆشــیالیزم (ســان ســیمۆن، فووریێ، کابێ، لورروو) کۆمەڵێك بیروباوەڕو تێڕوانینی خــەیاڵی خۆیــان نمــایش ئەکەن کە لە دوای خۆیانەوە بە سۆشــیالیزمی یۆتــۆپی ـ واتــە سۆشــیالیزمی خەیاڵی پێناسە ئەکرێت. زۆربەی پێشبینیەکانی ئەوان هەرچەندە لەسەر ئاستی جەماوەریدا بە پەراوێزی مانەوە بەڵام هێشتا شایانی گرنگی پێدانن.

لە دەرەوەی یۆتۆپیاوە، ڕاستیەکی ئاشکرا بە درێژایی ساڵەکان خۆی ئەخســتە ڕوو، هەل ومەرجی کار بە هۆی گەشەسەندنی شۆڕشی پیشەسازیەوە تا دەهــات بــەرەو خراپــیو نەهامــەتیو زیاترچەوســاندنەوەی کرێکــاران دەڕۆشــتو یاخیبوونەکانی ئەتەقاندەوە، کە بە دڕندانەترین شێوە سەرکوت ئــەکران ،وەکــو

یاخی بوونی کرێکـارانی ڕسـتن‌و چـنین لـە لیـۆن لـە ١٨٣١، ڕۆژی خوێنـاوی ١٨٤٣و کۆمۆنـەی پـاریس لـە ١٨٧١و چـەندین ڕووداوی تـر کـە پرسـیارو داخوازیـە کۆمـەڵایەتیـەکانی خسـتبووە سـەرووی داواکاریەکانیـەوە. شۆڕشـی ١٨٤٨ ناکۆکی نێوان سۆشیال دیموکراتەکان (لیدرو رولان، لـویس بـلان) کـە لایەنەگرانی چاکسازی بوون‌و لایەنگرانی توندو تیژی (بلانکـی، بـاربێس) کـە ئـەمان پێیـان وابـوو تونـدو تیـژی تاکـە هۆکـاری شـیاوە بـۆ بـەدیهێنـانی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە سیستەمی کۆمەڵایەتی‌و ئابوریدا، خستە روو.

خەباتکردن لە پێناوی جمهوریەتـدا دژی پاشـایەتی‌و دەرەبەگایـەتی‌و دژ بـە ئیمپراتۆریەتی دووەم هاوسەنگەری خەبات دژی بارو دۆخی نـوێی کـارو ژیـانی نوێی لە دایکبووی شۆڕشی پیشەسازیەوە بـۆوە. چـەپی جمهوریخـوازان هـەوڵی خۆڕێکخستنی دا بۆ دۆزینەوەی تێڕوانینیکی هاوبەش لە نێـوان بیروباوەڕەکـانی شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩-١٧٩٣و ئەو پرسیارە کۆمەڵایەتیانەی کە بزووتنەوەی کرێکاری لە هەناویدا لەدایکبوو.

## بەرجەسـتەبوونی بزووتنـەوەی کرێکـاری : لـە سـەندیکاوە بـۆ سیاسەت

کارلێکەری بیروباوەڕی ئانارشیستەکان‌و فیدرالیستەکانی سـەر بـە پـرودۆن PROUDHON ڕەنگدانەوەی دیاری بەسەر درووستبوونی ڕێکخراوەکانـەوە هەبوو. دانپیانـان بـە مـافی مـانگرتن لـە ١٨٦٤ دا بـرەو بـە گەشەسـەندنی بزووتنەوەی کرێکاران ئەدات. بەڵام پلیشاندنەوەی کۆمۆنەی پـاریس بـە زەبـرو زەنگ لقی فەرەنسای لە بەشداریکردن لە نێونەتەوەیی یەکەمدا پـەك ئـەخات

کە لە ساڵی ١٨٦٤ دا پێکهاتبووو هەڵبژێردراوانی خەباتکەرانی کرێکاری لـە خۆ گرتبوو.

نێو نەتەوەیی دووەم کە لە ١٨٨٩ دا دامـەزرا، لـە سـەرەتادا کاریگـەریی کارل مارکس بە تایبەتی لەڕێی هاوبیرەکەیەوە فردرێك ئـەنجلس بەسـەریدا زاڵ بـوو. بـەڵام لـە بەرامبەریـدا بـیرو بـاوەڕی ئازادیخوازەکـانو ئانارشـۆ- سەندیکالیستەکان کاریگەریی خۆیـان بەسـەر بەشـێکی دیـاری بزووتنـەوەی کرێکاریدا بڵاو کردەوە، کە کەنارگیری خۆیان بەرامبەر سیاسەت نمایش ئـەکرد. دوابـەدوای داننـان بـە مـافی سـەندیکاییدا لـە ١٨٨٤ دا لـە ١٨٩٥ کۆنفیدراسیۆنی گشـتی کـار CGT پێکهـات. دواترلـە ١٩٠٦ بەڵێننامـەی نـاوداری ئامیـان CHARTE DAMIENS لـە نێـوان ڕێکخـراوە کرێکاریەکانو بزووتنەوەو پێکهاتە سیاسیو حیزبیەکاندا پەسەند ئەکرێت، کە تیایدا پەیڕەوی سەربەخۆیی ژیـانی سـەندیکایی لـە بەرامبـەر سۆشـیالیزمی سیاسیدا ئەچەسپێنێت، لێرەوە ئیدی پەیوەندی ئۆرگـانیکیو ڕێکخراوەیـی لـە نێوان حیزبەکانو سەندیکاکان ئەپچڕێنێتو ئەوەش بـە ڕوونـی سۆشـیالیزمی فەرەنسی لە سۆشیال دیموکراتی باکوری ئـەوروپا جیـا ئەکاتـەوە. بزووتنـەوەی کرێکاری فەرەنسا سەربەخۆیی خۆی لە ژیانی سیاسیو پاشکۆبوونی حیزبایەتی جیا ئەکاتەوە ئەگەرچی لەناو هەمان پانتایی خەباتدا ئەمێنێتـەوە، بۆیـە ئـەم جیاببونـەوەو سـەربەخۆییە ڕێگـە لـە وابەسـتەیی بزووتنـەوەی کرێکـاری بـە پرەنسیپو بنـەما هاوبەشـەکانی جمهوریـەت ناگرێـت کـە کۆمـەڵێك یاسـای بنـەڕەتی چەسـپاند لەوانـە (یاسـا گرنگەکـەنی جمهوریـەت. خوێنـدنو ڕۆژنامەگەری لە ١٨٨١، ئازادی سەندیکایی، لە ١٨٨٤، ئازادی ڕێکخراوەکـان لە ١٩٠١، جیاکردنەوەی کەنیسە لە دەوڵەت لە ١٩٠٥و گەلێکی تـر). پـاش

ئــەوە سۆشــیالیزمی سیاســی لــە ١٩٠٥ بــە یــەکگرتن لــە گــەڵ ڕەوتــە سۆشیالیستەکانی (گێدیەکان، بلانکیەکان) SFIO (ریفۆرمیستەکان ...) لە ناو لقی فەرەنسا لە نێونەتەوەیی کرێکاریدا یەکی گرتەوەو هێدی هێـدی جـان جۆرێس خۆی وەکو رابەری سەرەکی سۆشیالیزمی فەرەنسی ئەسـەپاند، بـەهۆی خەباتیەوە لە پێناوی یەکێتیداو توانـای کاریگـەریی‌و لێهـاتووی خۆیـەوە بـە خستنەڕووی تێڕوانینێکی هاوسەنگ لە نێـوان جمهوریـەت‌و سۆشـیالیزم، لـە نێـوان نیشـتمانپەروەرێتی‌و نێونەتەوەییـدا، دواجـار لـە نێـوان بـیرو بـاوەڕی مـارکسیزم (کە جویل گێد بە شـێوەیەکی سـەرەکی بانگەشـەی بـۆ ئـەکرد)و بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسیدا . SFIO کە خۆی بە حیزبی کرێکاران دائـەنا، لەڕیزەکانی خۆیدا بەشێوەیەکی بـەربلاو ئەنـدام‌و لایـەنگرانی لـە جوتیـاران، کرێکاران، سنعەتکاران، شانبەشانی ڕۆشنبیران‌و فەرمانبەران کۆ ئەکردەوە.

## کۆنگرەی گلۆب‌و سەرەتای SFIO‌و CGT

یەکێتی سۆشیالیستەکان لە فەرەنسا دەرئەنجامی ڕەوتێکی دوورودرێـژو پـڕ کێشەو هەڵبەزو دابەزینە، کە بزوتنەوەی سۆشیالیزمی نێونەتـەوەیی ڕۆڵێکـی بڕیاردەری تێدا بـینی. بـەڵام ئەگـەر لـە سـاڵی ١٩٠٥ وە یەکێتیـەکی نێـوان سۆشیالیستەکان ببینرێت، ئەوا لە بەرامبەردا یەکێتی نێـوان کرێکـاران بـزر ئەبێت، ئیدی حیزب‌و سەندیکا دەکەونە کێبڕکێی یەکدی.

## کێن ئەو پارتانەی لە ١٩٠٥ دا یەکدەگرن؟

پارتی سۆشیالیست کە خۆی هەر لەساڵی ١٩٠١ وە ئەم باڵانەی لـە خۆیـدا یەکخستەوە :

١/ سەربەخۆکان (باڵی جان جۆرێس)

٢/ برووسیستەکان (فیدراسـیۆنی کرێکـارانی سۆشیالیسـت FTS) یـان ناسـراو بـە ئەگـەر خوازەکـان : کـە دژی مارکسیسـتەکان بـوونو لایـەنگری جووڵانەوە بـوون لەسـەر ئاسـتی شـارەوانیەکانو بەدەسـت هێنـانی دەسـەڵات لەرێگەو بوارە شەرعیەکانی هەڵبژاردنەکانەوە .

٣/ ئاڵمانیەکان : پارتی سۆشیالیستی کرێکـارانی شۆڕشـگێر (PSOR) کە لە١٨٩٠ لە لایەن جان ئالمانەوە دامەزرێنرا، کە یـەکێك بـوو لـە کرێکـارە یۆتۆپیەکان، بیروبـاوەڕی سـەرەکیان بـە مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی لایـەنگیری ناوەندو دنیای سەندیکا، خۆبەدوور گرتن بوو لە سیاسەتو هاندانی مـانگرتنی گشتیو دژ بە ئەندامێتیو وابەستەیی ڕێکخراوەیی بوو.

ئەمانە لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٠٢دا ٣٧ کورسی بە دەست دێنن.

پارتی سۆشیالیستی دیموکراتی فەرەنسا (PSDF) کە لە نێـو خۆیـدا لـە ١٩٠١وە ئەم باڵانەی کۆکردبۆوە:

١/ لایـەنگرانی جیـول گێـد : پـارتی کرێکـارانی فەرەنسـا (POF) جیابۆوەکـانی کـۆنگرەی کرێکـارانی ١٨٨١. بیروباوەڕیـان بڵاوکردنـەوەی مارکسیزمو ڕێکخەرانی ڕۆژی یەکی ئایارو خوازیاری حیزبێکـی ڕێکخراوەیـیو دیسپلینکراوو مەرکەزی بوون لەسەر شێوازی سۆشیال دیموکراسی ئەڵمانی.

٢/ لایەنگرانی ئێداورد ڤەییانت، بلانکیەکان : بیرو باوەڕیان بەند بوو لەسەر نیشتمانپەروەری شۆڕشگێرانەو بەوەی کە جوولانەوەی میللی لەسەرووی حیزبەوەیەو ئەبێت حیزب زیاتر پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەبەربلاوترین ئاستی جەماوەرەوە هەبێت، ئەمانە لایەنگری دیموکراسیەتی راستەوخۆبوونو دژ بەداب ونەریتی پەرلەمانتاریانە بوون، ئەمان وردە وردە خۆیان لە بزووتنەوەی تەواو نهێنی دوور خستەوەو لە ١٨٩٨ دا کۆمیتەکەی خۆیان بە ناوی کۆمیتەی ناوەندی شۆڕشگێری گۆڕی بە پارتی شۆڕشگێڕی فەرەنسی (PRF)

## PSDF لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٠٢دا تەنها ١٤ کورسی بەدەست دێنێ .

ئەگەر یەکێتی نێوان سۆشیالیستەکان لە فەرەنسادا هاتبێتە دی، بەڵام یەکێتی لە نێوان کرێکاراندا بەرجەستە نابێت، (واتە حیزبو سەندیکا)و بە دوو بزووتنەوەی جیا لەیەکدی ئەمێننەوە ئەگەرچی هاوئامانجیش بن .

پەرەسەندنی لێکجوداو جیا بەجیای هەریەکە لە پارتە کرێکاریەکانو سەندیکا فەرەنسیەکان، یەکێك لە دەرەنجامە سەختو لاوازیەکەی درێژخایەنی سۆشیالیزمی فەرەنسیە هەر لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە کە تا ئێستا بەردەوامە. سەندیکالیستەکان بە هۆی پیادە کردنی خەباتێکی تەواو سەندیکاییانە لە ناو ناوەندە کرێکاریەکانداو لە هەمان کاتیشدا ڕووبەڕووی لێك جیاییو ناکۆکی نێوان سۆشیالیستەکان ئەبوونەوە، کە لە کێبڕکێو گەمەی پەرلەمانی نێوان خۆیاندا بوون، بەو شێوەیە بزووتنەوەی سەندیکایی بەرامبەر گێدیەکان وەستایەوە کە باڵادەستی بەسەر فیدراسیۆنی سەندیکاکاندا هەبوو، کەچی لە

هەمان کاتـدا ڕەخنــەی ئــەوەی ئاراســتە ئــەکرا کــە بەرژەوەندیــەکانی چــینی کرێکاری خستبوە پاشکۆی بەرژەوەندی حیزبەوە.

لــە ١٨٩٢ وە فیدراســیۆنی بورســەکانی کــار پــەرە ئەســەنێتو ئەبێتــە بنکەیــەکی بەرەنگاربوونــەوەی کۆمەڵایــەتیو پروپاگەنــدەو هۆشــیارکردنەوەی کرێکاران، بورسەکانی کار ئەبنە قــەڵای ســەندیکا ســەربەخۆکانو ئــەو بــیرو باوەڕەی بانگەشەی ئەوەی ئەکرد کە سەندیکاکان شانەی زینــدووی کۆمــەڵگای ئاییندەنو مانگرتنی گشتی تاکە هۆکاری ڕوخانــدنی ســەرمایەداریە تــا دێــت گەشە ئەکات. لێرەوە ئەندامــەکانی ســەندیکا تــا دێــت لــە گێدیــەکان دوور ئەکەونەوە تا دواجار لە کۆنگرەی گشتی فیدراسیۆنی نیشتمانی سەندیکاکاندا لە ١٨٩٤دا لە نانت گێدیەکان شکست دێنن، لە کاتێکدا کە ئانارشیستەکان بە شێوەیەکی فراوان لە ١٨٩٣وە ئەچنە ناو سەندیکاکانەوە .

لە کۆنگرەی لیمۆنژ لــە ١٨٩٥ دا کۆنفیدراســیۆنی گشــتی کــار لــە دایــك ئەبێت، کــە لــە دوای ١٩٠٢ وە لــە ئــەنجامی کۆبوونــەوەی بورســەکانی کــارو فیدراسیۆنە نیشتمانیە گەورەکانی پیشەوەراندا، ژیانی سەندیکایی بە شێوەیەك پەرەئەسێنێتو جەماوەر پەیدا ئەکات تا ئەو ئاســتەی لــە ١٩٠٦دا ٢٠٠٠٠٠ هەزارکەس ئەبنە ئەنــدامی بزووتنــەوە ســەندیکاییەکان کــە لــە بەرامبــەردا ئەوکاتە تەنها ٢٥٠٠٠ هەزار ئەنــدام ولایــەنگری سۆشیالیســت هــەبوو وەکــو ڕێکخراوی حیزبی.

## SFIO لە ١٩٠٥ تا ١٩٥٨، جان جۆرێس و یەکگرتن

لـە ١٩٠٥ دا لـە سەرتاسـەری ئـەوروپادا سۆشیالیسـتەکان لـە هـەوڵی خۆکۆکردنەوەدا بوون لە نێو پـارتی جـەماوەری بـەرفراوان و هـەروەها لـە نـاو ڕێکخراوی نێونەتەوەییدا (ئەنتەر ناسیۆنال). سـەبارەت بـە فەرەنسـا جـەختی دۆستانەی نێونەتـەوەیی لـە بـەدیهێنانی یـەکێتی نێـوان سۆشیالیسـتەکاندا هۆکاری بڕیاردەربوو.

لە ١٩٠٥ دا زاراوەی سۆشیالیزم هێشتا تەمەنی سەد ساڵەی نـەبوو، بـەڵام چەمکی سۆشیالیزم بە شێوەیەکی پتـەو ڕەگـی لـە مێـژوو و لـەناو خـەباتی چـینایەتیدا داکوتـابوو، کـە لـە درەئـەنجامی ڕەتکردنـەوەی ناعەدالـەتی خاوەندارێتی تایبەتی، سۆشیالیزم بۆ ملیۆنان ژن و پیـاو بووبـووە مژدەبەخشـی یەکسانی و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی.

لەگەڵ ئەوەشدا کە بزووتنەوەی سۆیالیست هێشـتا تـازە خـۆی سـەپاندبوو، بەڵام هەر زوو کەوتە ناو گێـژاوی دابەشـبوون بەسـەر چـەندین بـاڵ و مـەیلی جیاوازەوە وەکو یۆتۆپییەکان، توندڕەوەکان، لەگـەڵ بلانکیـەکان، ئاڵمانیـەکان، پاشان گێدیـەکـان، دواتـر میانڕەوەکـان و پۆسیبیلیسـتەکان (هـەڵخوازەکان) و سەربەخۆکان. لێرەوە بزووتنەوەی سۆشیالیزم ئەکەوێتە ژێر ئـیرادەی نـاکۆکی و پارچەپارچەبوونەکانەوە. سـەرباری پێـداگری بـەردەوامی لـە ڕەخنـەگرتن لـە خاوەنـدارێتی تایبـەتی و سـەرمایەداری تـازە گەشـە سـەندوو، بـەڵام خۆشـی هەمیشە داپچڕاوو لەدڵە ڕاوکێ و ناسـەقامگیریدا بـوو لـە نێـوان چاکسـازی و دابڕاندا. سۆشیالیزم ئەبێتە بزووتنەوەیەك کە لەسەرەتای ڕاپەڕین و هەڵچـوونی جەماوەری و مانگرتنی گشـتی و سـەنگەرلێدانەوە سـەدەی نـۆزدە کۆتـایی پـێ دێنێت، بێ ڕەحمانە دائەپلۆسێنرێت و بە تایبەتی نموونە زیندووەکەی کۆمۆنـەی

پاریسە کە لە ١٨٧١ دا سەرکوت ئەکرێت پاش بە قوربانی کردنی ٣٠٠٠٠ هەزار کەس. بزووتنەوەیەك خۆی پەرت ئەکات سەبارەت بە هەڵوێست لەبەشداریکردن لە حکومەتدا. لەویژادنو هۆشیاریدا سۆشیالیزم باڵادەستە، بەڵام لە هەڵبژاردنەکاندا، سۆشیالیستەکان بێ تواناو کاریگەری ئەمێننەوەو ئەنجامی بێ ئومێد بەدەست دێنن.

ئەوکاتەی نوێنەرانی سۆشیالیستەکان لە هەموو فەرەنساوە بە تایبەتی لە باکور، سێن، پادکالیێ. گار، هاتبوون بۆ پاریسو خۆیان لە کۆنگرەی گلۆب لە ٢٣ ی نیسان بینیەوە، برینەکان سەخت بوون، بەلام یەکگرتن هێشتا دوور بوو لە بیرکردنەوەو بەدەستهێنانیدا، دوای دوو ڕۆژ لە گفتوگۆی توندو هەڵچوو، پارتی سۆشیالیستی فەرەنسا، پارتەکەی جیویل گێد، پارتی سۆشیالیستی فەرەنسی ئەوەی جان جۆرێس، بەشەکانی تری خێزانی سۆشیالیست دەست بۆ یەکتری درێژ ئەکەن بۆ پێکەوە نانی ماڵێکی هاوبەش، بەو شێوەیە لقی فەرەنسای نێونەتەوەیی کرێکاران(SFIO) لەدایك ئەبێت .

## حیزبێك لە پێناوی خەباتی چینایەتیو شۆڕشدا

بنەما چەسپاوە ئایدیۆلۆجیەکانی SFIO ی تازە لەدایکبوو بەڕوونیو ئاشکرایی شۆڕشگێڕانەو مارکسیستە. (حیزبێك لە پێناو خەباتی چینایەتیو شۆڕشدا) کە لەهەمان کاتیشدا چ نەبێت دەست لە داواکاریە هەنووکەییەکانی چینی کرێکار هەڵناگرێت لە خواستی جێبەجێ کردنی چاکسازی دەستو بردا. هەرچی سەبارەت بە پێکهاتەو ئۆرگانی حیزبەکەیە، ئەوەیان بووە شێوازێکی پاشکۆو دووبارەی حیزبەکەی گێد، بە شێوەی کەرتێك بۆ گەرەکێك (کۆمیون) فیدراسیۆنێك بۆ (قەزاو شارۆچکە)و گروپێکی پەرلەمانی لە ژێر دەسەڵاتو

چاودێری سەرکردایەتی نیشتمانیدا. لە دەرەنجامی کۆنگرەدا گێدو لایەنگرانی سەرکەوتنی ڕێکخستنی ئۆرگانی حیزبو پێشڕەوێتیان بەدەست هێنا، بەڵام لە بەرامبەر مێژووداو لە ڕووی مێژوویییەوە ئەوە بە تەنها جان جۆرێسە، کە خۆی وەکو ڕابەر وکۆڵەکەی سۆشیالیزمی یەکگرتوو سەپاندو بووە ڕابەری مێژوویی ئەو یەکگرتنەو سەرباری تێپەر بوونی زەمەنوساڵەکان، هێشتا ئامادەیی جۆرێس هەر زیندووە، چونکە ئەو بەرجەستەکارو ئاڵا هەڵگری هەموو بەرهەڵستکاریو داخوازیو خەونو هیواکانە. ئەو مامۆستای فەلسەفە بوو، دەیزانی بەهرە لەگەڵ هەر مرۆڤێکدا لە دایك ئەبێتو دواتر ئەرکی خوێندگایە بەدیی بهێنێت. ڕۆژنامەنووسو سەرنووسەری ڕۆژنامەی (هیومانیتێ) بوو، ئەیزانی نرخی ئازادی ڕادەربڕینو بەهای دیالۆگو گفتوگۆ چییە، هەر بۆیە پشتگیریەکی توندی لە بەرگری لە هاونیشتمانی (دریفۆس)کرد کاتێك کە کەسانێکی تر بە بیانووی ئایدیۆلۆجیو یان ترسنۆکیەوە ئامادەنەبوون کە بەرگری لەو ئەفسەرە بکەن تەنها بە بیانووی ئەوەی بۆرژوازیە، جۆرێس پەرلەمانتار بوو کە لە تەمەنی بیست وشەش ساڵیدا لە ناوچەی تارن هەڵبژێردرا لە خەباتی پەرلەمانیو ململانێی دیموکراتی تێگەیشتبوو. ناوی ئەو بە زیندوویی وهەمیشە گەش لە سەدەی بیستدا ئەمێنیتەوە بە بیرو باوەرەکانی بەرەتکردنەوەی سزای لەسێدارەدانو داوای لابردنی، بەبەرەنگاربوونەوەی زوڵمو زۆرداری دەسەڵاتی پارەو ئەو کۆنەپەرستانەی خەڵکانی دی ئەچەوسێننەوەو کۆیلایەتی بەسەر چینی بەرهەمهێنەراندا ئەسەپێنن.

جۆرێس بەرجەستەکاری شوناسی سۆشیالیستە لە نێو جەرگەی خەباتی جمهوریەتدا. وەك خۆی ئەڵێت : هیچ کاتێك جمهوریەتم لە بیروباوەری دادپەروەری

کۆمەڵایەتی جیانەکردۆتەوە کە بەبێ ئەوە لە وشەیەك زیاتر هیچی تری لێ نامێنێتەوە. هەر بەڕێکەوت نیە کە چەند مانگێك پاش یەکگرتنی باڵە سۆشیالیستەکان جۆرێس لە ئەنجومەنی نوێنەران بانگەشەی جیاکردنەوەی کەنیسە لە دەوڵەت ئەکات. بانگەشەی سۆشیالیزمی جۆرێسی جیهان دژی نەتەوە ناکاتەوە ئەو نێونەتەوەییەی باوەڕی پێ هەبوو، لە چەمکی نیشتمان دوورناکەوێتەوە، جۆرێس مرۆڤدۆست بوو، تەقەلای ئاشتکردنەوەی بەها دەستەجەمعیەکانی ئەدا لەگەڵ ئازادی تاکەکەسدا، ئاشتیخواز بوو، ئیدانەی ئەو پاشاگەردانیەی نەتەوەی نوێی ئەکرد، کە لە وەهمی خۆدەربازکردن لە جەنگ جەنگی تر ئەخولقێنێت .

دەنگی زوڵالی جۆرێس دڵنیایی‌و تارمایی کاریزمی خۆی ئەسەپاند، کەسایەتی کاریزمی‌و کارلێکەری ئەو لەهەمان کاتدا هێندەی کردبوویە قارەمان، بەلام هێندەش بووبووە نیشانەی ڕق‌و ڕەتکرنەوەی لە لایەن بەرەی راستڕەوو ڕق وکینەی ڕاستی توندڕەو کە لە ۳۱ تەموزی ۱۹۱٤ دا جان جۆرێس ئەکاتە قوربانی ولە لایەن ڕاوول ڤییەنتی سەربە بەرەی ڕاستی توندڕەووەوە ئەکوژرێت. ئیدی دوای ئەوە هیچ شتێك وەکو پێشووتر نامێنێتەوە، فەرەنسا ئەچێتە ناو جەنگی جیهانیەوە. SFIO بەشداری حکومەتی (یەکگرتنی پیرۆز) ئەکات، پاشان لێی ئەکشێتەوە. ڕووداوەکانی دواترو سەرهەڵدانی شۆڕشی بەلشەفی جارێکی تر جیابوونەوەی نێوان ریفۆرمخوازەکان‌و شۆڕشگێرەکان زیندو ئەکاتەوە، بەلام هەر چۆنێك بێت، یەکێتی سۆشیالیستەکان ژیاو چاوی هەڵهێنا، ئەوەی مایەوە، پەیامەکەی جۆرێسە کە ووتی : ئەگەر سۆشیالیستەکان بۆ ساتێکیش بێت، ئەستێرەکانی ئاسمان

بكوژێننەوە من هەر بەدوای ئەواندا بە نـاو تـاریكی شـەودا ڕێ ئەكـەم، بـەو ڕێگایەدا كە بەرەو عەدالەت ئەڕوات .

## كۆنگرەی توورو جیابوونەوەی ۱۹۲۰

مانگی نۆئێلی ۱۹۲۰ خەمناكی بە دیاری بۆ سۆشیالیسـتەكان هێنـا، كـە بەهۆی فشاری نێونەتەوەیی سێهەمەوە پارتی سۆسیالیستی فەرەنسی هـەروەكو ئیتاڵیای دۆستی تووشـی دابەشـبوون بـوو كـە پـاش جەنـد مانگێـك پـارتی كۆمۆنیستی فەرەنسای لێ لەدایكبوو.

كۆنگرەی توور لە دیسەمبەری ۱۹۲۰ پاش شكستەكان لە هەڵبژاردنـەكانی ۱۹۱۹و شكستی مانگرتنە گەورەكانی سـەندیكاكان لـە ۱۹۲۰ بەسـترا. لـەو لاشەوە بەلشەفیەكان باوەڕیان بە ئەگەری شۆڕشێكی جیهانی هەبوو، بۆیـە لـە هەموو ولآتێكدا بۆ دانانی هێزێكی پێشڕەو ئەگەران ،(بە پێی ئەو بیستو یەك مەرجەی كە لینین داینابوون بۆ بەئەندامبوون لە نێونەتەوەیی سێهەمدا) .

هەموو زەمینەكانی جیابوونەوە لەباربوون: لە كۆنگرەدا ناڕەزاییو دژایـەتی كەوتە نێوان دوو لایەنەوە، ئـەو باڵـەی كـە لیـۆن بلـووم ڕابەرایـەتی ئـەكردو تەعبیری لەپێداگرتنەوە لەسەر سۆشیالیزمی ترادیسۆنی تایبەتمەندی فەرەنسی ئەكرد كە پابەند بوو لەسەر دیموكراسیەتی ناوخۆو دەنگدانی گشتی، ئەوەی كە جان جۆڕێس دایڕشتبوو، باڵێكی تر كە خواستێكی شۆڕشگێڕانەی چـوونە پـاڵ نێونەتەوەیی سێهەمو پەسەندكردنی مۆدێلی بەلشەفیكی هەبوو، سێ چـارەكی ئەندامانی كۆنگرە بیستو یەك مەرجەكەی لینیان پەسەند كـردو لـە SFIO هاتنە دەرێ بە مەبەستی دامەزراندنی پارتی كۆمۆنیستی فەرەنسـی ( SFIC – PCF) .

ئەم جیابوونەوەیەی نێوان کۆمۆنیستو سۆشیالیستەکان لەسەر مەیدانی سەندیکاییدا بە زەقی لە دووکەرت بوونی CGT ی لایەنگرو سەر بە SFIO ڕەنگی دایەوە کە ئیتر بووبە دوو پارچەوە، CGT نزیك لە SFIO (, unitairیەکگرتوو CGT- U) نزیك PCF .

بۆ هەموو ئەوانەی کە بڕیاریان دابوو (ماڵە دێرینەکە) بپارێزن وەکو بلووم ئەیووت، ئەرکێکی ئاسان نەبوو، تەنها ۲۰۰۰۰ هەزار ئەندام لەوانە بەشێکی زۆریان کادیرەکانو پەلەمانتارانی هەڵبژێردراو لە ژێر ڕابەرایەتی لیۆن بلوومو پۆڵ فۆردا مابوونەوە. SFIO لە ساڵی ۱۹۳٦دا ئەبێتە یەکەمین هێزی چەپ، پاش ئەوەی هەر لە ۱۹۲٤ەوە بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ باڵە ڕادیکالەکاندا ئەبێتە هۆی سەرکەوتنی زۆرینەی چەپ لە پەرلەماندا، ئەوەی بە کارتێلی چەپەکان واتە یەکێتی چەپەکان (۱۹۲٤ / ۱۹۲٦) ناسرا،SFIO بۆ یەکەمین جار پیادەی سیاسەتی پشتگیریکردن بەبێ بەشداریکردن لە حکومەتدا ئەکات تا بە دیهێنانی بەرەی میللی، ئەبێتە ئەو حیزبەی کە لیۆن بلووم لە شیکردنەوەیدا لە هەڵبژاردنیدا لە نێوان خواستی پەلاماردانی شۆڕشگێرانەی دەسەڵاتو پیادەکرنی کاتی دەسەڵاتدا SFIO بەوە پێناسەی ئەکات کە حیزبێکە نە تارەگ ڕیفۆرمخوازەو نە بە تەواویش شۆڕشگێرە.

**بەرەی میللی : لە شەقامەوە بۆ سندووقەکانی دەنگدان (۱۹۳٤/ ۱۹۳٦)**

لە ٦ی شوباتی ۱۹۳٤ ڕاستڕەوی توندڕەو ئەڕژێتە سەر شەقامو لە مەیدانی کۆنکۆرد خۆپیشاندان ساز ئەکات، بەرەی چەپ ئەکەوێتە جووڵە، بە گۆڕینی ستراتیژیانە، ستالین هانی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا ئەدات کە پشتگیری بەرەیەکی هاوپەیمانی دژی فاشیزم بکات، لێرەوە بەرەی میللی لە ناو شەقامدا

لەدایك ئەبێت، بەڵام دواتر لە سندووقەکانی دەنگداندا تاجی سەرکەوتن لەسەر ئەنێت.

لە ٦ ی شوباتدا کۆمکاری ڕاستی توندڕەو بە هاوکاری کۆمەڵەی جەنگاوەرە دێرینەکان لە مەیدانی کۆنکۆرد لە پاریسو بەرامبەر پەرلەمان خۆپیشاندانیکی توندوتیژو ناهێمنانە دژی پەرلەمانتارەکان ڕێك ئەخەن، کە بە ئاژاوەو تێکدان کۆتایی دێتو خۆپیشاندەران هاوار ئەکەن (بڕوخێ دزەکان)و هەوڵی خۆنزیك کردنەوە لە تەلاری بووربۆن واتە پەرلەمانی فەرەنساو داگیر کردنی ئەدەن. لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی پولیسەکانی پارێزەری پەرلەماندا پێکدادنی سەخت ڕووئەداو پانزە کەس ئەکوژرێنو زیاتر لە هەزارو پێنج سەد کەسیش بریندارئەبن. لە هەمان کاتدا لە مینبەری پەرلەمانەوە لیۆن بلووم ئیدانەی ئەوکارە ئەکات کە بە پیلانی بەرەی راستی توندڕەوی دائەنێت بۆ دەست گرتن بەسەر دەسەڵاتداو داوا لە جەماوەر ئەکات خۆکۆکەنەوەو ڕێگەیان لێ بگرنو هاوار ئەکات : (ئەو گەلەی کە جمهوریەتی دامەزراند، ئەشتوانێت بەرگری لێ بکات).

لە ٩ی شوباتدا پارتی کۆمۆنیستیش بە هاوکاری کۆمەڵەی جەنگاوەرە دێرینەکانی سەربەخۆی بانگەشەی خۆپیشاندانیکی مەزن لە سەر شەقامی شانزەلیزێ دژی کۆمکاری ڕاستە توندڕەوەکانو لە هەمان کاتیشدا دژی حکومەت کە لێپرسراوی پێشێلکاریانە ئەکات، بەڵام خۆپیشاندانەکە قەدەغە ئەکرێتو پاش ئەوەی جەماوەری خۆپیشاندەر هەر سوور ئەبنو دێنە سەر شەقام، لەئەنجامدا پێنج ئەندامی کۆمۆنیست ئەکوژرێن .

لە ١٢ی شوباتدا CGT و SFIO مانگرتنێکی گشتی دژی نزیك بوونەوەی هەڕەشەی فاشیزم ساز ئەکەن، هەردوو PCFو CGT-U ئەچنە

پاڵ سۆشیالیستەکانو دواتر کاتی لێکجیابوونەوە لەکۆتایی خۆپیشاندانەکەدا ئەندامانی هەردوولا خۆ بەخۆ هاوار ئەکەن : یەکێتی، یەکێتی. بەڵام ئەم بانگەشەیە کە بنکەی خوارەوەی هەردوو ئەندامانی دوو حیزبەکەو سەندیکاکانیان داوای ئەکەن، هێشتا لە ئاستی سەرکردایەتیاندا بیری لێ نەکراوەتەوە.

لە کۆتایی شوباتدا فیدراسیۆنی بەشی (سێن)ی SFIO داوا لە پارتی کۆمۆنیست ئەکات بۆ دامەزراندنی کۆمیتەیەکی هاوکار دژی فاشیزم، بەلاّم بەهۆی چۆنێتی نوێنەرایەتیکردن لەو کۆمیتەیەدا ناگەنە ئەنجام. سەرباری پێکهێنانی کۆمیتەیەکی وریابوون لە فاشیزمی نێونەتەوەیی، بەڵام لەیادی رۆژی کرێکاران لە ۱ ی ئایاردا رێکخراوەکانی چەپ هەریەکە بە جیا خۆپیشاندانی خۆیان ئەکەن.

لە ۲٥ حوزەیراندا لە کۆتایی کۆنفرانسی نیشتمانی پارتی کۆمۆنیستدا مۆریس تۆرێزی سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیست پشتی کردە تاکتیکی چینێك دژی ئەوی دیو پێشنیاری پێکهێنانی یەکێتیەکی کارو یەك هەڵوێستی لە گەڵ پارتی سۆشیالیستدا کردو داوای کرد کە سەرکردایەتی هەردوو حیزبەکە گفتوگۆ ساز بکەن بۆ دۆزینەوەی شێوازێك بۆ ئەو یەکێتیە. لە هەمان کاتدا کۆمۆنیستەکان دەستیان لەو تاکە گوفتارو ستراتیژە هەڵگرت، کە لە یەك کاتدا بانگەشەی ئەوەی ئەکرد کە سۆشیال دیموکراتەکان بەرپرسیارن لە سەرهەڵدانو گەشەسەندنی فاشیزمو خەباتیشیان ئەکرد دژی هەردوو پێکهاتەکەی چینی بۆرژواو سەرمایەداری. گۆڕینی ئەم هەڵوێستە ئەگەڕێتەوە بۆ تێروانینی نوێی کۆمۆنیزمی جیهانی کە ئیدی پێشبینی پیادەکردنی ستراتیژی بەرەی میللی ئەکرد بە کۆکردنەوەی هەموو چەپەکان لە

ئەوروپایەکدا، کە تادەهات ڕژێمە باڵادەستە داپڵۆسێنەرەکان لە ژێر کاریگەری فاشیزمدا ئەهاتنە سەر کار، بیرمان نەچێت کە یەکێك لەوانە هیتلەرە کە لە ۳۰ کانوونی دووەمی ۱۹۳۳ بووە ڕاوێژکاری ئەڵمانیا.

لە ٥ی تەموزدا ئەنجومەنی نیشتمانی SFIO بیرۆکەی پێکهێنانی یەکێتییەکی کاری هاوبەش دژی فاشیزم‌و جەنگ لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستدا پەسەند ئەکات‌و لە ۲۷ تەموزدا هەردوولا پەیمانی یەکخستنی هەڵوێستیان دژە فاشیزم ئەبەستن.

لە ۳۱ تەموزدا هەردوو حیزبی چەپ بۆیەکەمین جار لەسەر ئاستی جەماوەری‌و ئاشکرا پێکەوە لە پاریس یادی جان جۆرێس ئەکەنەوە، پاشان بە هۆی یەکخستنی هەڵوێستیانەوە لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانیەکان سەرکەوتن بەدەست دێنن. زیاد لەوەش لە ئۆکتۆبەردا مۆریز تۆرێزو کۆمۆنیستەکان بێگومان هەر بە ڕێنمایی‌و ڕاوێژو داوای مۆسکۆ پێشنیاری داڕشتنی پرۆگرامێکی سیاسی زیاتر لە یەکێتی کارو هەڵوێست ئەکەن‌و بانگەشەی ڕادیکالەکانیش ئەکەن‌و داوای فراوانکردنی هاوپەیمانێتی دژە فاشیزم ئەکەن بە شێوەیەك کە حیزبە بورژواو چینە ناوەندەکانیش بگرێتە خۆی .

## ۱۹۳٥

لە ۲ی ئایاردا یەکیتی سۆڤیەت‌و فەرەنسا ڕێککەوتنی هاوپەیمانیتی نێوانیان ئیمزا ئەکەن‌و بەو شیوەیەش پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی حکومەتەوە ئەچێتە بەرەی بەرگریکردن لە سیاسەتی بەرگریی فەرەنساوە، هەروەها ڕەوتی چەپ بە شێوەیەك گەشە ئەکات، کە لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکاندا بە هۆی پیادەکردنی سیاسەتی هاوپەیمانی‌و گەمارۆدانی بەرەی

راستەوە لە ناوچەکانی هەڵبژاردن زۆر جار بە تەنازولکردنو پشتگیری یەکدی، سەرکەوتنیان بەدەست هێنا.

لە ١٤ی تەموزدا کە یادی شۆڕشی فەرەنسیە، خۆپیشاندانێکی گەورە لە پاریس بە بەشداری PCFو SFIOو پارتی رادیکال لە ژێر دروشمی (نان، ئاشتی، ئازادی) دا ڕێك ئەخرێت، کە تیایدا ڤیکتۆرباش سەرۆکی کۆمکاری مافی مرۆڤ سوێندی بەشداران ڕائەگەیەنێت : (بەو پەڕی بڕواوە سوێند ئەخۆین یەکگرتووبین بۆ چەکداماڵینو هەڵوەشاندنەوەی پیلانگێڕان، بۆ بەرگریکردنو پەرەپێدانی ئازادیە دیموکراسیەکانو فەراهەمکردنی ئاشتی بۆ مرۆڤ) هەررۆژێك دوای ئەوە ئامادەکاری رەسمی داڕشتنی پرۆگرامی کۆبوونەوەی جەماوەری دەست پێ ئەکات، کە تیایدا حیزبە سیاسیەکانی چەپو سەندیکاکانیانو ڕێکخراوو کۆمەڵەکان بەشداری تیدا ئەکەنو لە ٢٧ ئۆکتۆبەریشدا پارتی ڕادیکال لە کۆنگرەی خۆیدا بریاری چوونە ناو کۆبوونەوەی جەماوەری ئەدات.

## ١٩٣٦

لە ١٢ی کانوونی دووەمدا بەرنامەی کۆبوونەوەی جەماوەری بڵاو ئەکرێتەوە کەبەدەر لە دروشمەکانی نان، ئاشتی، ئازادی، هێڵە سەرەکیەکانی ئەو کۆبوونەوەیە بانگەشەی چاکسازیەکی فراوانی پێکهاتەی ئابوری ناکات جگە لە داوای خۆماڵیکردنی کارگەکانی چەکسازیو پشتگیری کشت وکاڵو گۆڕینی ستاتوی بانکی فەرەنسا نەبێت، ئیدی لەوە زیاتر هەر داوایەکی تر بە خۆماڵی کردنی دەسگای ترو سیاسەتێکی ئابوری لەوە زیاتر ئەبێتە جێگەی ناکۆکی لە نێوان کۆمۆنیستو ڕادیکالەکان لەبەرامبەر سۆشیالیستەکاندا .

لە ١٣ شووباتدا لیۆن بلووم لە شەقامی سانت جێرمان ئەبێتە قوربانی پەلامارێکی دەست درێژکاریو بریندار ئەکرێت، لە خۆپیشاندانێکدا کۆبوونەوەی جەماوەری پشتگیری خۆی بۆ سۆشیالیستەکانی فەرەنسا دەرئەبڕیو ئەو کارە مەحکوم ئەکات .

لە نێوان ٢ / ٥ ئازاردا CGT لە کۆنگرەی توولووزدا پرۆژەی یەکگرتنەوە لەگەل CGT-U پەسەند ئەکات، کە لێکجیابوونەوەیان ئەگەڕێتەوە بۆ ١٩٢١و هەریەکەیان بووە پاشکۆی حیزبێك. لە کاتێکدا کە CGT-U سەر بە پارتی کۆمۆنیستە ٢٣٠٠٠٠ هەزار ئەندامی هەبوو CGT 800000 ئەندامی لە خۆگرتبوو، پێشتر لە ١٩٣١ لە لایەن لیۆن ژیوهۆنی سکرتێری گشتیەوە بانگەشەی یەکگرتنەوەی هەردوو سەندیکاکە ڕاگەیاندرابوو لەسەر بنچینەی کۆمیتەکانی خوارەوە. لە ٢٧ حوزەیرانی ١٩٣٥ وە گفتوگۆکان بەردەوام بوون تا لە ٢٤ی تەموزدا ڕێککەوتنێکی ڕەسمی لێکەوتەوە کە وردەکاری هەنگاوەکانی یەکگرتنەوەیەکی هێمنانەی لەسەر هەموو ئاستەکاندا تێدا داڕێژرابوو. ئەم دوو ڕێکخراوە کە هەردووکیان ئەندامی کۆمیتەی نیشتمانی کۆبوونەوەی جەماوەری بوونو بەشداربوون لە داڕشتنی بەرنامە هاوبەشەکانیدا، بەڵام تەنها دوای نوێبوونەوەی ئیرادەو خواستی کۆمۆنیستەکان یەکگرتنەوەیەکی گونجاو لە نێوان هەردوولادا هاتە دی، کە تێیدا لایەنگرو ئەندامانی سەربە پارتی سۆشیالیست بە شێوەیەکی بەرفراوان زۆرایەتی زۆربەی دەسگاکانی ئەم کۆنفیدراسیۆنە نوێیەی پێکهێنابوو.

لە ٢٤ نیساندا لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا SFIO 2206000 دەنگی بەدەست هێنا، PCF 1468948 دەنگ،

ڕادیکالەکانیش ١٧٤٥٠٠٠ دەنگیان بەدەست هێنابوو. بەو شێوەیە چەپ زۆرینە بوو، سەرکەوتنی بەرەی میللی دەرئەنجامی باش یاریکردنی چەپەکان بوو لە گەمەی هەڵبژاردندا لە ڕێگەی دانوستانو جێ چۆڵ کردن بۆ یەکدی کە بە هۆیەوە لە ئەنجومەنی نوێنەراندا سۆشیالیستەکان ١٤٩ کورسیو کۆمۆنیستەکان ٧٢و ڕادیکالەکان ١١٦ کورسیان بە دەست هێنا، بۆ یەکەمین جار پارتی سۆشیالیست بووە یەکەمین فراکسیۆنی پەرلەمانیو داوا لە لیۆن بلوومی ڕابەری کرا بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەتی بەرەی میللی، بەڵام ئەبوایە بۆ پێکهێنانی ئەم حکومەتە چاوەڕوان بێت تا کۆتایی ماوەی یاسایی حکومەتی پێشوو لە ٢ی حوزەیراندا .

لەو نێوانەدا لە ڕۆژانی دوای ١١ی مایسەوە زنجیرەیەك لە مانگرتنو خۆپیشاندان سەرتاسەری فەرەنسای گرتەوە کە لە پێشدا لە کارگەکانی دروستکردنی فڕۆکەوە دەستی پێ کرد بە هۆی لەسەرکار لابردنی دوو کرێکارو دواتر تەشەنەی کرد بۆ هەموو بوارەکانی ترو خواستی کرێکاران تەنها لە نارەزایی دەربڕینەوە گۆڕدرا بۆ داخوازیی چینایەتیو کۆمەڵایەتیو زیادکردنی موچەو باشکردنی هەلو مەرجی کارو ئاستی کۆمەلایەتیو هەروەها زۆری ئەم مانگرتنانە بە شێوەیەکی خۆبەخۆیی لەلایەن کریکارانەوە ئەنجام ئەدرا بە بێ ڕێکخستنو داواکاری CGT کە بێ ئاگایی خۆی لێ نیشان ئەداو لە هەمان کاتیشدا شێوازی خۆدەرخستنی مانگرتووان لە شێوەی ئاهەنگسازیو سازدانی چالاکی ڕۆشنبیریو شانۆو سەماو گۆرانیدا خۆی ئەنواند کە لەلایەکەوە جۆرێك لە شانازی بەخۆکردنو خودنمایشکردنی بەو قەبارە مەزنەی چینی کرێکاری فەرەنسای دەرئەبڕی لە بەرامبەر بۆرژواو سەرمایەداریداو لە هەمان کاتیشدا

بیرخستنەوەیەکی بەرەی میللی خۆئامادەکەر بوو بۆ حکومەت بۆ وەفاداریو بەدیهێنانی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی.

بەشێکی زۆری ئەم بزووتنەوەیە کە کۆمۆنیستەکانو باڵی چەپی پارتی سۆشیالیستی لە پشتەوە بوو، بەرابەرایەتی ماسۆ پیڤیغت ساز ئەکرا کە پێی وابوو مانگرتنەکان بارو دۆخێکی یاخیبوونی بەردەوامی شۆڕشگێرانە ئەخولقێنی، کە تەنها لەوێدا زەمینەی ڕاستەقینەی شۆڕشی سۆشیالیستی دێتە دی. لە وەڵامی ئەمەدا لیۆن بلوومی سەرۆك حکومەتی چاوەڕوانکراو لە کۆنگرەی نائاسایی SFIO دا بە توندی دێتە وەلامو ئەڵێت: ئەو حکومەتەی پێك ئەهێنرێت، حکومەتی کێرنسکی نابێت، بەڵکو حکومەتێك ئەبێت لەناو فەرەنسای ئەمڕۆدا، ئەوە لینین نیە کە ببێتە میراتگر. چونکە بلووم لە ١٩٢٤وە ئەو تیۆریەی بنیات ئەنا کە ئەو سنوورە گرنگانەی روون ئەکردەوە کە سۆشیالیستەکان لە ساتی پراکتیکردنی دەسەلآتدا ڕووبەرووی ئەبنەوە. بە باوەڕی بلووم ئامانجی سۆشیالیستەکان بە دەستهێنانی دەسەڵاتە بە ڕاکێشانی زۆرترین چینەکانی کرێکاران لە ڕێگەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنداو بەدەستهێنانی زۆرینەیەکی ڕێژەیی کە ڕێگە بدات بە سۆشیالیستەکان بە پراکتیکردنی دەسەڵات لە ڕێگەی پێکهێنانی هاوپەیمانێتیەکەوە لەچوارچێوەی کۆمەڵگەی سەرمایەداریداو بە یەکگرتنەوە لەگەڵ ئەو ئامانجە دیاریکراوانەی کە بەهۆی ئەوانەوە هەڵبژێردراون، بە بێ گۆڕینی ڕێنماییو پەیڕەوە شەرعیەکانی کۆمەڵگەو بەبێ پەلەکردنی شپرزانە بۆ پەلاماردانی دسەڵات. لە چوارچێوەی پیادەکردنی دەسەڵاتدا بوو کە لیۆن بلووم خۆی ئەسەپەێنێت، لە کاتێکدا کە پارتی سۆشیالیست بە تەنیا زۆرینە نییە، بە هەمان شێوە حیزبە پرۆلیتاریەکانیش خاوەنی ئەو زۆرایەتیە نین، تاکە زۆرینە یەك هەبێت ئەوا

زۆرینەی بەرەی میللییە. تێڕوانینی بلووم ئەوە بوو کە: ئەرکو کارەکانی ئێمە لە ناو دەسەڵاتدا جێبەجێکردنو بەدیهێنانی بەرنامەکەی بەرەی میللی یە، هەڵس وکەوتە لەناوەوەی ڕژێمێکدا کە خۆمان پێشتر لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا ناکۆکی ونەگونجانە ناوخۆییو زوڵمو زۆرەکانیمان خستۆتە ڕوو، ئەمەیە ئامانجی پیادەکردنی دەسەڵات لای ئێمە، کە پرسیارو کێشەی ڕاستەقینەشمانە، کێشەکە ئەوەیە کە تێ بگەین چۆن لەناو ئەو ڕژێمە کۆمەڵایەتیەدا بتوانرێت عەدالەتو ژیانێکی باشو خواستەکانی چینە فراوانەکانی کرێکارانو بەرهەمهێنەران بێنینە دی. ئەم تیۆریەی بلووم بەلای مۆریس تۆرێزی پارتی کۆمۆنیستەوە تێڕوانینێکی لۆجیکیە، بۆیە پەسەندی ئەکات.

**بەرەی میللی : لەسندوقی هەڵبژاردنەوە بۆ چاکسازی ( ١٩٣٦- ١٩٣٨ )**

هاوپەیمانێتی چەپ هەڵبژاردنەکانی ١٩٣٦ ئەباتەوەو بۆ یەکەمین جار حکومەتێك بە سەرۆکایەتی سۆشیالیستەکان لە فەرەنسا پێکدێت سەرباری ناسەقامگیری پێکهاتەی دەسگایی جمهوریەتی سێهەم. بەرەی میللی هەندێك یاسای چاکسازی دیار جێبەجێ ئەکات، کە هەمیشە لەیادن، وەکو پێدانی مووچەی ڕۆژانی پشوو، هەفتەی چل کاتژمێر کارو دامەزراندنی نووسینگەی نیشتمانی بۆ گەنم بە مەبەستی پشتگیریکردنی جوتیارانو زیان پێ نەگەیاندنیان بەهۆی داشکانی نرخی دانەوێڵەوە، دواجار دانانی کۆمپانیای نیشتمانی شەمەندەفەر. CGT لەسەرەتای ساڵەکانی بیستەوە داخوازی چل کاتژمیر کاری ئەکرد لە هەفتەیەکدا بێ کەم کردنەوەی مووچە لەپاڵ داهێنانی مافی پشوودانو مۆڵەت. لیۆن بلووم هەر لەسەرەتاوە یەکێك بوو لەو ڕابەرە

کەمانەی چەپ کە پێداگری لەسەر فەراهەمکردنی دوو هەفتەی پشووی بێ بڕینی مووچەی بۆ کرێکاران ئەکرد.

**١٩٣٦ / ١٩٣٨**

لە ٤ی حوزەیراندا لیۆن بلووم بە ڕەسمی کابینەی حکومەتەکەی لە نێوان سۆشیالیستو رادیکاڵەکاندا پێکدێنێت بە بێ بەشداری پارتی کۆمۆنیست. ئەوەی نوێیە لەم کابینەیەدا، دانانی سێ ژنە وەکو وەزیری دەوڵەت، لەکاتێکدا کە هێشتا ژنان لە فەرەنسادا مافی دەنگدانیان نەبوو لەهەڵبژاردنەکاندا. بلووم لەبەردەم نوێنەراندا بە دیهێنانو ەفاداری بۆ بەڵێنەکان بەبەرنامەو پەیرەوی خۆی دائەنێت.

لە شەوی ٧ لەسەر ٨ ی حوزەیراندا پاش بەردەوامبوونی مانگرتنەکانی مانگی مایس، خاوەن کارەکانو CGT بەچاودێری حکومەت لە تەلاری ماتینیۆن واتە بارەگای حکومەت ڕێککەوتنێك ئیمزا ئەکەن، کە تیایدا مافی سەندیکایی لە ناو هەموو دەسگاو دامەزراوەکاندا مسۆگەر ئەکاتو لە هەر دەسگایەك کە موچەخۆرانی لەدە کەس زیاتر بێت، مافی هەڵبژاردنی نوێنەرانی سەندیکا زامن ئەکرێت. زیاد کردنی بڕی موچە لە ٧٪ بۆ ١٥٪ پەسەند ئەکرێت. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە سەندیکاکان بە شێوەی شەرعی دانیان پێدا ئەنرێت، ئەوانیش هەر وەکو دەسگاکانی خاوەن کاران ئەناسرێن. زیادکردنی مووچە یەکەمین وەڵامی داواکاری کرێکارانو دەرچوون لەو قەیرانە بەدی دێنێت، کە مانگرتنێکی درێژ خایەنی لە فەرەنسادا خولقاندبوو، هەربۆیە یەکسەر دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکە لە هەموو لایەك گەڕانەوە بۆ سەرکار دەست پێ ئەکاتەوەو پارتی کۆمۆنیست بانگەشەی مانگرتووان ئەکات بۆ

چوونەوە سەرکارەکانیان، مۆریس تۆریز وتی :(ئـەبێت بزانرێـت کـە پێویسـتە کۆتایی بـە مـانگرتن بهێنرێـت کاتێـك سـەرکەوتنی بەدەسـت هینـا). لـەو مانگرتنانەدا حکومەت ڕۆڵێکـی هێمنانـەو ئاشـتەوانەی بـینیو هەڵوێسـتی توندو تیژو دامرکاندنەوەی دژی مـانگرتوان بـەکار نـەهێنا هەرچـەندە بـەرەی ڕاست داوای ئەکرد. بۆیە بەو شێوەیە بە بێ ڕشتنی دڵۆپە خوێنێك وەك ڕۆجـێ سالنجرۆی وەزیری ناوخۆی ئەو کاتـە وتـی: کۆتـایی بـە جـوانترین مـانگرتنو ناکۆکی کۆمەڵایەتی هێنرا، کە جمهوریەت یەکەمین جار بە خۆیەوە ناسی.

بەهۆی چاکسازیەکانی حکومەتی بەرەی میللییەوە فەرەنسا گەشـانەوەیەکی کۆمەڵایەتیو ئابوری وکەلتوری بەخۆیەوە بینی، چالاکیی کەلتوریو هونـەری بە هاوکاریو هاندانی دەوڵەت پەرەیسەندو هۆڵی شانۆکان بوونە جێی نمایشـی چەندین شانۆو کاری هونەری، بۆ یەکەمین جار چینی کرێکارو هـەژارانو لاوان بە کەڵك وەرگرتن لە دوو هەفتەی پشووی ساڵانەو ڕەخساندنی شـەمەندەفەری نرخ داشکێنراو بۆیان توانیان گەشتوگوزار بکەنوکەڵك لە سرووشـت ببیـنو بۆ زۆربـەی هـەرە زۆریـان بـۆ یەکـەمین جـار لـە ژیانیانـدا کـەناری دەرەیـاو ئۆقیانووسەکان ببینن کە پێشتر تەنها بۆ چینی سەرمایەدارو خاوەن موڵکەکان قۆرخ کرابوو.

بە تەقینەوەی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا لە ئـەنجامی کودەتـای سـەربازی لـە لایەن جەنەرال فرانکۆوە دژی حکومـەتی کۆمـاریی ئیسـپانی کـە بەرەیـەکی میللی سەرۆکایەتی ئەکرد، لیۆن بلووم لایەنگری بـەرەی میللـیو حکومـەتی لابراوی ئیسپانیای کرد دژی سەرکەوتنی فاشـیزمی فرانکـۆیی، ئـەو هەوڵـەی بلووم شکست ئەهێنیت بە ڕازیکردنی زلهێزەکانی ئەوروپا بـە دەسـتتێوەرنەدان لە ئیسپانیا، لە کاتێکدا ئیتاڵیای مۆسۆلینیو ئەڵمانیای هیتلەر بـە ئاشـکرا

بە ناردنی چەك‌و سوپاو یارمەتی پشتی فرانکۆیان گرت، بۆیە فەرەنساش لە کاردانەوەی ئەوەدا کەوتە ناردنی یارمەتی چەك‌و تەقەمەنی بۆ جمهوریخوازەکانی ئیسپانیا.

سەرباری ئەمەش باری ئابوری فەرەنسا بە هۆی هەڵئاوسان‌و دابەزینی نرخی فرەنکەوە تووشی پشێوی ئەبێت، لیووم بلوم جارێك بە هۆی پێشکەشکردنی پرۆژەیەکی یاساوە کە تەواوی دەسەڵاتی پێ ببەخشێت، بەمەبەستی ئیدارەکردنی سیاسەتی دارایی‌و سیستەمی ئاڵۆ گۆرو ڕێگەگرتن لە چوونە دەرەوەی نایاسایی سەرمایە، جارێك بە هۆی نەبەخشینی متمانە پێیەوە بە تایبەتی لە لایەن رادیکالەکانەوەو ناکۆکی لە گەڵ کۆمۆنیستەکاندا، کە سۆشیالستەکان ئەکاتە کەمینە، ناچار ئەبێت حکومەتەکەی هەڵوەشێنێتەوەو دوای چەند مانگێك جارێکی تر متمانە بەدەست بێنێتەوە، بەڵام بە هۆی هەمان سیاسەتی داراییەوەو داوای کەم کردنەوەی بودجەی سوپاو چەکداریەوە جارێکی تر بەهۆی هاوپەیمانێتی ڕادیکالەکان لەگەڵ ناوەندی ڕاستدا لە ١٠ی نیسانی ١٩٣٨دا بلووم متمانەی حکومەتەکەی لەدەسەت ئەدات‌و بەرەی میللیش هاوپەیمانێتیە ناوخۆییەکەی لەدەست ئەدات.

حکومەتی نوێ زۆربەی بڕیارە چاکسازیە ئابوریەکانی پێشوو پێشێل ئەکات‌و لە زنیجیرەیەك بریاری نوێدا کاتژمێری زیادەی کار بەسەر کارگەکاندا ئەسەپێنێتەوە بە بیانووی ئەرك‌و بەرگری نیشتمانیەوەو دووبارە چل کاتژمێر کار لە هەفتەیەکداو پشووەکان ئەخاتەوە ژێر پرسیارو دواتر وەزیری دارایی بە بیانوی ئەوەی کە (ئێمە لە ژێر سایەی رژێمێکی سەرمایەداریداین بۆیە ئەبێت ملکەچی یاساکانی بین) ڕێگا خۆش ئەکات بۆ گێڕاندنەوەی چل‌و هەشت

کاتژمێر کار لــە هەفتەیەکـدا. بــەو شــێوەیە لــە ٢٧ ی ئۆکتۆبــەردا پــارتی ڕادیکال لەکۆنگرەدا بە تەواوی خۆی لە بەرەی میللی ئەکشێنێتەوەو ســتراتیژی پیادەکردنی یەکێتی نەتەوەیی لە گــەڵ ڕاســتی ناوەنــد پیــادە ئــەکاتو پــارتی کۆمۆنیست بە لێپرسراوی سەرەکی پارچە پارچــەبوونی کۆبوونــەوەی چــەپەکان دائەنێتو لە دوا کۆبوونەوەی کۆمیتــەی نیشــتمانی کۆبوونــەوەی جەماوەریــدا هۆڵەکە جێ دێڵن. دواتر پاش پێشێلکردنی ئەو چاکسازیانە کاتێــك لــە ٣٠ی نۆڤەمبەردا CGT بانگەوازی مانگرتنێکی گشــتی ئــەکات، کــە ئــەمجارەیان حکومەت تیایدا لایــەنی خــاوەن کارەکــان ئــەگرێتو بــۆ شکســت پێهێنــانی مانگرتن بڕیاری دەرکردنی مانگرتووەکان لە کــار لەلایــەن خــاوەن کارەکانــەوە پەسەند ئەکات. ئیتر لەو ڕۆژەوە بەرەی میللی بە تەواوی ئەمرێت.

## SFIOو جمهوریەتی چوارەم

پاش تێوەگلانی فەرەنسا لە جەنگی دووەمی جیهانیەوەو پاشان داگیرکردنــی لەلایەن ئەڵمانیای نازیــەوە، پــارتی سۆشیالیســت ئەکەوێتــە قۆنــاغی ژیــانی سیاسی ژێرزەمینیو بەرەنگاربوونەوەی نازیزمەوە. دانییێل مەیییێر توانی پــارتی سۆسیالیست لە نەمان ڕزگار بکات لە ڕێگەی درێژە پێدانی خــەباتی نهــێنیو بەشداریکردنی جەنگی بــەرهەڵســتکاری دژی نــازیزم. بــەڵام ئــەو بارودۆخــە سیاســیەی کۆتــایی جــەنگی جیهــانی خوڵقانــدی، پێگــەو شوناســی پــارتی سۆشیالیستی خستە بەردەم گۆڕانکاریەوە بە شێوەیەك کــە ئەبوایــە پێناســەی چۆنایەتی خۆی لە بەرامبەر لە لایەکەوە پــارتی کۆمۆنیســتی فەرەنســیدا کــە بووبووە حیزبێکی ستالینی، بەرامبەر سەرهەڵدانی سەرکەوتووانەی دیگــۆلیزم دیاری بکات. جگە لە پەرەسەندنی پێگەو کاریگەریی لە ئەورووپادا بەگشــتی،

ئەبوایە سۆشیالیستەکان ڕووبەڕووی ململانێی ئەوروپایەکی تازە لەدایکبوو لەسەر وێرانەکانی دنیای پێشووبنەوە کە لەسەرەمەرگدا بوو، ئەوروپایەك کە جیهانبینی دژە کۆلۆنیالیزم تیایدا لە تەشەنەسەندندا بوو.

سۆشیالیستەکان لە ئەركو پرۆسەی بنیاتنانەوەی وڵاتو دامەزراندنەوەی دیموکراسیەتێکی نوێی پەرلەمانتاریدا هەرزوو ڕووبەڕووی ململانێی ناوخۆیی‌و کێشەی کێبڕکێی پارتی کۆمۆنیست بوونەوە. لەسەر ئاستی دەرەوەشدا هەلُس‌و کەوت بەرامبەر دروستبوونی دوو جەمسەری گەورەی جیهانی دژ بەیەك، واتە بلۆکی ڕۆژئاوای سەرمایەداری‌و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپای کۆمۆنیستی. بۆ یەکەمین جار لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٤٥ دا پارتی کۆمۆنیست لە ڕێژەی دەنگەکاندا پێش سۆشیالیستەکان کەوتەوە بە ڕێژەی ٢٦٪ بەرامبەر٢٤ ٪. لەهەل‌و مەرجێکی وا ئاڵۆزدا SFIO لەسێپتەمبەری ١٩٤٦دا کۆنگرەی خۆی سازدا، کە حیزبەکە لە قەیرانێکی سەختی شوناسنامەدا ئەژیا. گی مۆلێ باڵێکی پێکهاتووی لە ئەوپەڕی چەپەکانی حیزب کۆکردەوەو خستەگەڕ، کە باڵی سەرکردایەتی بەڕابەری (دانییێل مەییر، ڕۆبێرت ڤێردیی) پشتگیراو لەلایەن لیۆن بلوومەوە کردە کەمایەتی. لیون بلووم دواهەمین وتاری خۆی لەبەردەم سۆشیالیستەکاندا پێشکەش کرد کە تیایدا داوای لە حیزب کرد بەدوای ئەو شێوازی ڕێگەچارانەدا بگەڕێن، کە چۆن بتوانێت فۆرم گۆڕینی پارتی سۆشیالیست بە شێوازی دیموکراسیانە بێنێتە دی، لە هەمان کاتدا بەرەتکردنەوەی ترس لە کۆمۆنیزم. بلووم داوای لە حیزبەکەی کرد کە لەپێش هەموو شتێکدا خودی خۆی بێت، پارێزەری کەسایەتی خۆی بێت، بەڵام هەرچی گی مۆلێ بوو، جەختی لەسەر وەفاداری‌و وابەستەیی خۆی بۆ بیرو باوەڕی مارکسیزم‌و خەباتی چینایەتی ئەکردەوەو داوای یەکدیگیری کارو هەڵوێستی

لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی ئەکردو پاشگەزبووەکانی مەحکوم ئـەکرد. بـەڵام لیـۆن بلـوومو ئـەو سۆشیالیسـتانەی کـە بەشـداریو لێپرسـراوێتی حکومەتیان لە ئەستۆ گرتبوو، ئەرك وئامانجیان بـە شـێوەی سـەرەکی لەسـەر ئاستی ناوخۆییدا بریتی بوو لەبنیاتنانی سیستەمێکی نوێی پەرلەمانتاریو لە سەر ئاستی دەرەکیشدا گەڕان بە دوای هێـزو دەنگێکـی سـێهەمدا لـە نێـوان پاشـکۆیی و باڵادەسـتی ئەمـەریکاو دیکتاتۆریـەتی سـتالینیدا، هـەروەها تێگەیشـتنو باوەرهێنـان بـە یەکخسـتنی هـەموو تواناکـان بـۆ پێکهێنـانی ئەوروپایەکی سەربەخۆ. لە مایسی ١٩٤٧دا پارتی کۆمۆنیسـت لـە حکومـەت دێتە دەرێ بە هۆی لە لایەکەوە سیاسەتی فەرەنسا لە هیندووشین، وە لەلایەکی ترەوە بەهۆی تا دەهات نالەبارتربوونی باری ئابووریو کۆمەڵایەتیو بێ توانـایی حکومەت لە چارەسەرکردنیدا، ئیدی لە پـاییزی ١٩٤٧وە پـارتی کۆمۆنیسـت هەڵمەتێکی سەختو بەسەر خۆدا داخراوی دژی سۆشیالیسـت گرتـە بـەرو تـا دەهات بە ئاشکرا خۆی وەکو حیزبێکی تەواو ستالینیانە نمایش ئەکرد.

SFIO کە کەوتبووە نێوان بەرداشی هاوپـەیمانێتی لەگـەڵ ڕادیکاڵـەکانو هەڵوێستی ناکۆکیو دژایەتی لە لایەکەوە کۆمۆنیسـتەکان ولەلایـەکی دیـەوە دیگۆلیەکان، تووشی پەرت پەرتبوونی هەڵویستەکانی لـە هەڵبژاردنەکانـداو کەمبوونەوەی ئەندامانی بووبـوو. لـە دەرئەنجامـدا لـە سـاڵی ١٩٥٤ دا پییێـر ماندێ فرانس پێشەنگی بەرەی چەپی بێ کۆمۆنیست ئەکات لـە حکومەتـدا، بەڵام کێشەو ڕووداوەکانی پەیوەست بە نەهێشتنی کۆلۆنیالیزمەوە لە کانوونی دووەمی ١٩٥٦ دا جارێکی تر سۆشیالیستەکان بۆسـەرۆکایەتی حکومـەتێکی بەرەی جمهوریەت دێنێتەوە سەر شانۆ بە سەرۆکایەتی گی مۆلێ، کە یەکێك لە کارە دیارەکانی فەراهەمکردنی سێ هەفتەی پشووی کـارە. بـەڵام چارەنووسـی

هەموو کارە سیاسیەکانی حکومەتەکەی گی مـۆلێ ئەبەسـترێتەوە بـە شـەڕی جەزائیرەوە کە بەتەواوەتی سەخت وخوێناویتر ئەبێت تا بەو هۆیەوە ڕادیکاڵەکان لەحکومەت دێنـە دەرێو SFIOش لەسـەر هەڵوێسـت لـە شـەڕی جـەزائیر تووشی دابەش بوون ئەبێتو بە تایبەتی لە نەوەی لاوان کە دژی جـەنگ بـوون دائەبڕێت. بۆیە چوارەمین جمهوریەت چیتر لەوە زیاتر خۆڕانگرێـت لـە بـەرەدەم هێزو زەبـری چـینی سـەربازدا کـە لـە ١٩٥٨دا جـارێکی تـر شـارل دیگـۆل ئەگەڕێنێتەوە بۆ دەسەڵات.

## دیاردەی نەهێشتنی کۆلۆنیالیزم

لیۆن بلووم هەر پاش گەڕانەوەی لە دەربەدەری بۆ فەرەنسا لە ١٩٤٥ بـاوەڕی بەوە هەبوو کە ئیـدی هـەل ومـەرجی دوای جـەنگ ئـەوە نیشـان ئـەدەن کـە سۆشیالیزم پێشەنگی ئەو ساتەوەختەیە، چونکە سۆشیالیسـتەکان پێشـەنگو داهێنەری بیرو باوەڕی بەرەنگاربوونەوەی نازیزم بوون، حیزب توانیبووی خۆی لە هەموو ئەو توخمو لایەنانە پاك کاتەوە کەهاوکاری ڕژێمی پێشوو بوونو هێـزو تواناکانی لە برەو سـەندنو خۆنوێکردنـەوەدا بـوو، بۆیـە بلـووم ئومێـدی بـە پاشەرۆژی حیزبەکەی گەش بوو.

SFIO هەر لەسـەرەتاوە لـەناو جمهوریـەتی چـوارەمدا خـۆی داسـەپانو بەشداریەکی چالاكو زیاد لە ئەرکی خۆشی لە بنیاتنانەوەی وڵاتدا کرد. بـەڵام هەرزوو هیوابڕانو وێنەی پێچەوانەی ئەوە دەرکەوت.

لێکجیابوونەوەو پارچە پارچە بوون لە دەرەنجامی هەڵبژاردنەکاندا بە تەواوی ڕەنگ ئەداتەوەو دەنگی نارەزایی ناوخۆیی لە نێو سۆشیالیسـتەکاندا تـا دێـت زیاتر ئەبێت، بە تایبـەتی لـە کـۆنگرەی ١٩٤٦دا کاتێـك لـە لایـەن زۆربـەی

ئەندامانــەوە ئــەو پێشــنیارەی دانییێــل مــاییێر پەســەند ناکرێــت، کــە داوای والاکردنەوەی حیزب ئــەکات بــۆ هــەموو ئــەو هێزانــەی لــە نــاو بزووتنــەوەی بەرگریدا لە دایك بوون بە مەبەستی گەورەکردنی حیــزب لــە شــێوەی حیزبــی هەموو کرێکاراندا. ئەم سیاسەتە لە لایەن زۆرینەیەکی دیاری ئەندامانەوە بە گەڕانــەوە بــۆ دوواوە (ریڤیزیۆنیســت) دائــەنرێت. بــەوجۆرە لــە فەزایــەکی وا کێشمەکێش‌و ناکۆکیدا سەرکردایەتیەکی سۆشیالیستەکان کە تەنها بــە حــاڵ متمانەی زۆرینەیەکی لەرزۆکی هەبوو، مــەحکوم بــوو بــەوەی کــە ڕووبــەڕووی هەموو ئەو پێشــهاتە سیاســیە نوێیانــە ببێتــەوە، کــە قۆنــاغی دوای جــەنگ خستبوونیە ڕوو، بەتایبەتی جەنگی سارد کە کاریگــەری بەســەر فەرەنساشــدا سەپاندبوو.

SFIO سەرباری لاوازی سەربەخۆیی خۆی، بەڵام لە نێوان دوو بــەرەدا، لــە لایەك کۆمۆنیستەکان کە ناسرابوون (نە لە چەپن نەلــە ڕاســت، بــەڵکو لــە ڕۆژهەڵاتن) بە ئاماژە بۆ جەمسەری ڕۆژهەلاتی کۆمۆنیزمی، لە نێــوان بــەرەی دیگۆلیە نوێکانــدا، بــەرەی خــۆی لــە دارشــتنی سیاســەتی بــەرگریکردن لــە دیموکراسیدا هەڵبژارد، کە لە لایەن ئەوپــەڕی توندڕەوەکانــەوە هەڕەشــەی لــێ ئەکرا. بۆیە سۆشیالیستەکان لە ١٩٥١ وە بەشداری حکومەتە یــەك لــە دوای یەکەکانی فەرەنسایان کرد تەنها لە ١٩٥٤دا نەبێت، کە لەدەرەوەی حکومــەت بوون، بەڵام بەرگریشیان لێ ئەکرد، تا لە ١٩٥٦دا سۆشیالیستەکان بە ڕابەری گی مۆلێ سەرۆکایەتی حکومەتی ناسراو بە بەرەی جمهوری یان کرد کە تیایدا کەسانی وەکو فرانسوا میتێران‌و جــاك شــابان پۆســتی وەزیریــان هــەبوو. ئــەم حکومەتە هەندێك کاری گرنگی ئەنجامدا لەوانە سێ هەفتەی پشووی ساڵانەی مووچە پێدراو، یەکەمین هەوڵەکانی لێکنزیك کردنــەوەو پێکهێنــانی یــەکێتی

ئەوروپی. بەڵام حکومەت ڕووبەڕووی کێشەیەکی سەخت بۆوە کە نەیتوانی چارەسەی بکات ئەویش شەڕی جەزائیر بوو.

ساڵێك دوای ئەوە جمهوریەتی چوارەم بە هۆی کێشەی سەرەکی وڵات کە شەڕی جەزائیرە، لە ناو ئەچێت .لە مایسی ١٩٥٨دا لەگەڵ ئەوەشدا کە سۆشیالیستەکان گیرۆدەی کێشە ناوخۆیەکانی خۆیان بوون کە تازە باڵێکی لێ هاتبووە دەرەوەو خۆی لە ژێر ناوی پارتی سۆشیالیستی ئۆتۆنۆم (PSA) ڕێکخستبوو، بەڵام سۆشیالیستەکان ئەبووایە لە نێوان شارل دیگۆڵو ئەو سەربازانەی لە جەزائیر یاخیبوونیان دژی فەرەنساو دیگۆل هەڵبژاردبوو کە بە (پاراس PARAS) ناسرابوون لایەك هەڵبژێرن، دواجار پشتگیری شارل دیگۆلیان کردو بەشداری پێکهێنانی جمهوریەتی پێنجەمیان کرد، گی مۆلێ یەکێك بوو لەو کەسانەی لە داڕشتنی نووسینەوەی دەستوری جمهوریەتی پێنجەمدا بەشدار بوو. ڕاستە سۆشیالیستەکان پشتگیریەکی تەواوی دیگۆلیان کرد لە مەسەلەی جەزایردا تا کاتی سەربەخۆیی وەرگرتنی لە ١٩٦٢دا، بەلام لە زۆر مەسەلەی سیاسی تردا لەو جیاواز بوون بەتایبەتی هەمیشە دژی پەرەسەندنی بە کەسایەتیو تاکڕەوێتیکردنی دەسەڵاتدارێتی بوون لە لایەن دیگۆلەوە.

ژیانی سیاسی فەرەنسا لە ساڵی ١٩٦٢ دا گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی بە خۆوە ئەبینێت ،شارل دیگۆل داوا ئەکات کە لەمەو دوا سەرۆك کۆماری فەرەنسا لە ڕێگەی دەنگدانی گشتیەوە هەڵبژێررێتو داواله فەرەنسیەکان ئەکات کە لە ڕێگەی ریفراندۆمێکی گشتیەوە دەنگ لەسەر پەسەندکردنی ئەو پێشنیارە بدەن، شێوازی نوێی هەڵبژاردنی سەرۆکی فەرەنسا هەلێکی نوێی لە بەردەم دیگۆلدا ئەکردەوە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی زیاتر لە ڕێی شەرعیەتو

متمانەی جـەماوەرو دەسـتورەوە. هەرلەگـەڵ بڕیـاردانی هەڵبـژاردنێکی پـێش وەختدا، گی مۆلیٚ داوای کرد کە پێویستە لە پێش هەمووشتێکدا شکست بـە لایەنگرانی دەسەڵاتی تاکە کەسی بهێنرێت ئەگەرچی ئەو ئەرکە پێویستی بەوە کرد کە لە خولی دووەمی هەڵبژاردندا بگاتە ئەو ئاستەی دەنـگ بەکاندیـدای کۆمۆنیست بدرێت دژی بەرەی ڕاستو دیگۆل. ئیدی لێرەوە سەرەتایەکی تر لە نزیـك بوونـەوە لـە نێـوان هـەردوو بـاڵی سـەرەکی چـەپ، سۆشیالیسـتو کۆمۆنیسـتەکاندا کەوتـەوە بووژانـەوە. ئـەم سـتراتیژە نوێیـە لـە کـۆنگرەی پەنجاوچوارەمی سۆشیالیستەکاندا لە حـوزەیرانی ١٩٦٣ دا خرایـە گفتوگـۆوەو تیایدا بڕیاری خستنەگەڕی دیالۆگ لە گەڵ پـارتی کۆمۆنیسـتی فەرەنسـی درا ،هەر لە هەمان کۆنگرەدا مەسەلەیەکی زۆر گرنگی تـری حیـزب خرایـە ژێـر پرسیارەوە ئەویش ئەو پارچە پارچەییو لێکدابڕانەی هێزی سۆشیالیست بوو لە فەرەنسادا کە پەرشو بـڵاو بووبـۆوە بەسـەر چـەندین گـروپو یانـەو حیزبـدا. SFIO ستراتیژی لێکنزیکخستنەوەی چەپە سۆشیالیستەکان پیـادە ئـەکاتو پێشەنگی ئەم بیرۆکەیە گاسـتۆن دفێـرە کـە بـە بزوێنـەری ئـەو گفتـو گۆیـە دائەنریت وەکو کەسایەتیەکی نوێخواز لە حیزبـداو خوازیـاری هـێمن کـەرەوەو میانڕەوکردنی سۆشیالیستی تەقلیـدی بـە تایبـەتی سـەبارەت بـە مەسـەلەی عیلمانیەتو پەیوەندیکردنەوە بە ناوەندخوازەکان (سەنتریست) بەڵام لە هەمان کاتدا ڕەتکردنەوەی دانوستان لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستدا. هەرچـەندە گاسـتۆن دفێر خۆی پێشنیار ئەکات ببێتە کاندیدای سۆشیالیسـتەکان بـۆ هەڵبـژاردن، بەڵام ئەو ستراتیژەی لە لایەن زۆرینـەی حیزبـەوە ڕەت ئەکرێتـەوەو دواجـار لـە حـوزەیرانی ١٩٦٥دا شکسـتی تـەواو دێـنیٚو بەدوایـدا سۆشیالیسـتەکان لەپێکهاتەیەکی تردا کۆئەبنـەوە کـە ئـەویش FGDS فیدراسـیۆنی چـەپی

دیموکراتو سۆشیالیستە، کە SFIOو یانەکانی چەپو رادیکالەکان پێکەوە بە سەرکردایەتی فرانسوا میتێران لەخۆ ئەگرێت کە ئامانجی سەرەکی پێکەوە گرێ دانی کۆتاییو یەکجارەکی سۆسیالیستەکانە .

## لە پارچە پارچە بوونەوە بۆ یەکگرتنی چەپ، ١٩٥٨ تا ١٩٧١

## لە چەپی بچوکەوە بۆ یەکگرتنی چەپ

SFIO تووشی لەرزۆکیو ناسەقەمگیری بووبوو بە هۆی شکستی سیاسەتەکەی لە شەڕی جەزائیرو هەڵوێستی لێکجیاوازی بەرامبەر دیگۆل. هەر لە ١٩٥٨وە بەشێکی دیار لەئەندامان خۆیان لە پارتی سۆشیالیستی ئۆتۆنۆمدا PSA دواتر لە پارتی سۆشیالیستی یەکگرتوودا PSU دا ڕێکخستبوو لە ژێر کاریگەری فیکری چەپە ناکۆمۆنیستو سەندیکالیستو چەپە مەسیحیەکانو ترۆتیسکیەکان ،لەوانە یەکێتی چەپی سۆشیالیستو هەروەها بلەندگۆی کۆمۆنیزم.

کاتێك کە دیگۆل بڕیاری گۆڕانکاری دەستوری ئەدا بە مەبەستی هەڵبژاردنی سەرۆك لە ڕێگەی دەنگدانی گشتیەوە، ئەو کاتە فرانسوا میتێران کە ڕابەری پەیمانی ڕێکخراوە جمهوریخوازەکانە CIR هەموو توانای خۆی ئەخاتە کار بۆ ئەوەی کە چەپەکان تەنها یەك کاندیدی هاوبەشیان هەبێت بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ١٩٦٥. بە ڕابەرایەتی FGDS فیدراسیۆنی چەپی دیموکراتو سۆشیالیستو بە بەشداری SFIOو پشتگیری پارتی کۆمۆنیستو لایەنگیریەکی لەرزۆکی پارتی سۆشیالیستی یەکگرتوو PSU بەدەر لە چاوەڕوانکردنو بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر فرانسوا میتێران دیگۆل ئەخاتە سەر لێواری هەرەسهێنان لە هەڵبژاردندا بە بەدەستنەهێنانی زۆرینەی

دەنگ لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنداو پێویستی دووبارەکردنەوەی خولی دووەمی هەڵبژاردن. ئیدی لێرەوە قۆناغیکی گرنگ دەست پێ ئەکات، ئەویش ئەوەیە کە چەپ هەست بە خۆی ئەکات ڕابەرێکی هەیە، ئیترئەوەی ئەمێنێتەوە، ئەوەیە کە لەمەودوا پێویستی بە حیزبێکە .

چەپی ناکۆمۆنیست پێك هاتبوو لە SFIO کە لە پیر بووندا بوو، بەڵام ڕەگی داکوتابوو، PSU کە زوو گەشەی سەندبوو بەڵام پووکابۆوە، لەگەڵ CIR ی سەربە فرانسوا میتێرانو یانەکانی دی چەپی سۆشیالیستی وەکو سەربە جان پییێر شڤێنمەنتو یانەی جان مولانو گەلێکی تر، کە ئەو پەرشو بڵاویە بە دیاردەی چەپی بچوك ناسرابوو. بۆیە FGDS لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسیدا لەسەر بنەمای جێگە چۆڵکردن بۆ ئەو کاندیدە ی چەپ ڕێك ئەکەون لەو شوێنانەی هەڵبژاردندا، کە لەباشترین شوێنگەو هەلی هەڵبژاردنیدایە، ئەم بنەمایە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانیدا لە ١٩٦٧ ڕێگە بە سەرکەوتنی بەرەی چەپ ئەدات لەپەرلەماندا هەرچەندە زۆرینە بەدەست ناهێنێت، بەڵام بە جیاوازی کورسیەك لەگەڵ بەرەی ڕاستدا ئەبێتە ئۆپۆزیسیۆن.

بەڵام هەر دوایساڵێك مانگرتنە گشتیەکانی مایس ـ حوزەیرانی ١٩٦٨و خۆپیشاندانەکانی کرێکارانو خوێندکارانو ڕۆشنبیرانو تا ئەگاتە چینە ناوەندەکان، ئەتەقێتەوە، سەرباری ئەوەی کە پارتی سۆشیالیستی یەکگرتوو لە ناوجەرگەی ڕووداوەکانو بزوێنەری بوو بەڵام لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٦٩ دوای وازهێنانی دیگۆل، کاتێك سۆشیالیستەکان گاستۆن دفێر ئەکەنە کاندیدای خۆیان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، شکستێکی سەخت دێنن کە تەنانەت بۆ خولی دووەمیش نامێنێتەوە. ئەم شکستە پەلەکردن لە ڕێکخستنەوەو

پێکهێنانــەوەی سۆشیالیســتدا ئەســەپێنێت، بۆیــەSFIO بەهانــدانی ئــالان ساڤاری جێگە چۆل ئەکات بۆ پێکهاتنی پارتێکی سۆشیالیستی نویٰ .

## لە ئێپینیٰ وە بۆ سەرۆکایەتی ١٩٧٤

ئیــدی کــاتی فراوانبــوونو یەکگرتنــەوە هــات، SFIOو بەشــێکی زۆری چەپەکانو بــاڵی فرانســوا میتێــرانو تــۆڕە پەیوەندیــەکانی پێکــەوە چــەمکی یەکێتی ئەکەنە تەوەرەو ئامانجێکی سیاسی، کۆنگرەی ئێپــینیٰ لــە ١٩٧١ لــە کــەناری پــاریس هێزێکــی چــەپی نــویٰ ئــەخولقێنی کــە لــە ١٩٧٢ وە خــۆی وابەســتەی بــەدیهێنانی یــەکێتی نێــوان چــەپەکان لــە دەوری بەرنامەیــەکی هاوبەشی حکومی لە گــەڵ ڕادیکــالو چــەپی کۆمۆنیســتدا کردبــۆوە. ئیــدی لێرەوەیە کە بەو جۆرە پارتی سۆشیالیستی فەرەنسا لە دایك ئەبێت.

پارتی سۆشیالیست PS لە دوای ڕووداوەکانی مایسی ١٩٦٨وە کە خۆی لە دەرەنجامی ئەو کەشو زەمینەیەدا خۆی ڕێکخستەوەو شوناسی خۆی بنیاتنایەوە، خواستی ئەوەی هەبوو لە پرسیارەکانو ڕاســتی کۆمەڵگەیــەك تــیٰ بگــات کــە یاخیو ڕاچەنی بوو وە کــۆتو پێوەنــدەکانی خــۆی کردبــۆوە. نەوەیــەکی نــویٰ هــــاتبووە پێشــــەوە، ئایینــــدە گــــەش، ئەوانــــەی پــــی یــــان ئــــەوتن ( LES SABRAS) ، نەوەیەکی نویٰ لە گەنجانی قژ درێژ، خــاوەن چــەندین بــەهرەی جیاوازو پێداگرو شێلگیر. لەوانە لیۆنێل جۆســپان، بێرترانــد دولانــۆییٰ، پــۆل کیلیٰ، لۆران فابیۆس، هەنری ئیمــانۆییلی. کــە لــە نــاو حیزبــدا شانبەشــانی سەرکردە کامڵەکانی وەکو کۆلێت ئۆدری، ماری تێرێــز ئیکــێم، پییێــر مــۆرواو پییێر جۆکس بوونەوە. پارتی سۆشیالیست ئەبێتە هێزی سەرەکی چەپ، لە دوای کۆچی دوایی جۆرج پۆمپیدۆی سەرۆکی فەرەنسا لە ١٩٧٤ دا کــە پێداویســتی

هەڵبژاردنەوەی سەرۆکایەتی دێتەوە پێشێ، فرانسوا میتێران جارێکی تر ئەبێتە کاندیدای چەپەکان بۆ هەڵبژاردن، لە خوولی یەکەمدا یەکەمین دەنگ بەدەست دێنێت، بەڵام لە خولی دووومی هەڵبژاردندا تەنها بە جیاوازی لـە ١٪ دەنـگ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لەبەرامبـەر جیسـکار دیسـتان دا ئـەدۆڕێنێت، کـە لەڕاستیدا خۆی لە خۆیدا بەسەرکەوتنێکی لەبـەر چـاو بـۆ سۆشیالیسـتەکان دائەنرێت، چونکە هەرچەندە میتێران هەڵبژاردن ناباتەوە، بـەڵام ئـەوەی جێـی گومان نیە ئەوەیە کە ئیتر لە مەودوا ڕێگای ئەلیزێ لەبەرپێیدا تەخت ئەبێتو لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەروازەی ئـەلیزێ بـۆ ئـەو واڵـا ئـەبیت. بـەڵام لـە چاوەڕوانی ئەو کاتەدا پارتی سۆشیالیست لە پەراوێزخستنو شـاردنەوەی پـارتی کۆمۆنیستدا سەرئەکەوێتو تادێـت زۆرینـەی هـەرە زۆری نـەوەی ڕۆشـنگەری چەپ خۆی تیایدا ئەبینێتەوە.

## جیابوونەوەکانی چەپەکان لە نێوان ١٩٥٨ ـ ١٩٧١ دا

پشـگیریکردنی SFIO بـۆ گێڕانـەوەی شـارل دیگـۆل پـاش یاخیبوونـە سەربازیەکەی جەزائیر ئەبێتە هۆی خوڵقانی جیابوونەوە لە ناو حیزبداو چـوونە دەرەوەی ئەو کەمایەتیەی ناوحیزب کە دژی سیاسەتی گی مۆلێ وەستانەوە.

SFIO ئەکەوێتە ناو بەرەیەکی ئۆپۆزیسیۆنی بنیاتنـەر نـەك ڕوخێنـەرەوە ،پاشان لە گەڵ ڕاستی دژە دیگـۆل ڕێکئەکـەوێت، دواجـاریش پشـتگیری یـەك کاندیدایی چەپ ئەکات لە هەڵبـژاردنی سـەرۆکایەتی ١٩٦٥ داو، بـەڵام لـە دوای ڕەت کردنەوەی دووبارە کاندیدکردنەوەی فرانسوا میتێران بۆ هەڵبـژاردنی سەرۆکایەتی ١٩٦٩ بارو دۆخێکی ئاڵۆزو ناسەقمگیر ئـەخوڵقێنێ کـە ئەبێتـە

ڕێگرو دواخستنی پرۆسەی پێکهێنانی حیزبێکی نویۆو نائامادەیی چەپ لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا.

لەژێر سایەی قۆناغی گەش‌و شکۆمەندی دیگۆلیزمدا سۆشیالیستەکان لاوازو پارچە پارچە بوون، پارتی ڕادیکال بەهۆی شکستی تەقەلاکانی ماندێز بۆ چاکسازی شلۆق بووبوو، لە ناو پارتی کۆمۆنیستیشدا لە زۆر لاوە دەنگ بەرز بووبۆوەو داوای دژایەتی داپلۆسینی ڕاپەرینەکانی بۆدابست‌و ئاشکراکردنی تاوانەکانی ستالین‌و مەحکومکردنی ئەکردو پرسیارو ڕەخنە سەریان هەڵدابوو. لە پاڵ SFIO دا چەندین وردە پارتی چەپ‌و یانەو ڕەوتی ناکۆمۆنیست دامەزرابوون، لە بەرامبەر پارتی کۆمۆنیستی بەهێزیشدا لە لایەکەوە سۆشیالیستەکان بە تێکەڵ‌و پێکەڵ لە ڕادیکاڵ‌و حیزبە بچوکەکانی تری چەپ‌و یانەکان لە خانەی چەپی ناکۆمۆنیستدا ناسرابوون.

بەڵام سەرکەوتنی چاوەڕواننەکراوی فرانسوا میتێران لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٦٥دا هیچ نەبێت، گرنگی هێزو هەستی یەکگرتن نیشان ئەدات. هەر بۆیە چوار ساڵ داوی ئەوە بەهۆی لێکجیاوازیانەوە، چەپەکان تەنانەت توانای ئەوەشیان نابێت بگەنە خولی دووەمی هەڵبژاردن، هەر بۆیە یەکسەر لە گەرمەی ڕووداوەکانی مایسی ١٩٦٨ دا میتێران‌و لایەنگرانی داوای یەکگرتنەوەی چەپە سۆسیالیستەکان‌و یەکێتی نێوان چەپەکان ئەکەن لە کاتێکدا هێشتا PSU خەونی بە پێکهێنانی حیزبێکی مەزنی شۆڕشگێڕیەوە ئەبینی .

## چەپی پەرش وبڵاو لەسەر ڕێگای یەکگرتن

لەســەرەتای ســاڵەکانی یەکــەمی ڕژێمــی دیگۆلیــدا چــەپ خــەریکی خۆبنیاتنانەوەو خۆڕێکخستن ئەبێت. لە ١٩٥٨دا پارچە پارچە بوو، لە ١٩٦٥دا خۆی کۆئەکاتەوەو لە ١٩٦٧دا تەنیا یەك دەنگی نوقسان ئەبێت بـۆ بـوون بـە زۆرینە لە پەرلەماندا. پاشان خۆی ئامادە ئـەکات بـۆ پێکهێنـانی پـارتێکی سۆسیالیستی مەزن، ئەم پرۆسەیە فرانسوا میتێران داهێنەرو پێشەنگیەتی.

هەڵوێســت وەرگــرتن بەرامبــەر رژێمــی دیگــۆلی لێکــدابران‌و شــێرازو تێکچونونێکی نویَ ئەخولقێنێت. بەشێك لـە نـاو SFIOو بەشـێکی تـر لـە پەرلەمانتارو هەڵبژێردراوەکانی چەپی جمهوریخواز وەکو فرانسوا میتێران‌و پییێر ماندیز فرانس بەرەنگاری ئەو کۆدەتایە ئەبنەوە، کە تیایـدا کەمایەتییـەك لـە SFIO لە حیزب دێنە دەرێ‌و لە ١٩٦٠ دا بە سەرکردایەتی ئێـدوارد دیـروو ئالان ساڤاری پارتی سۆشیالیستی ئۆتۆنۆم PSA پێك دێنن، کە دواتر لەگەڵ بزووتنــەوە بچــوکەکانی چــەپی مەســیحی‌و ئۆپۆزیســینەکانی نــاو پــارتی کۆمۆنیست‌و یەکێتی چەپی سۆشیالیست‌و مینبەری کۆمۆنیزم تێکـەل ئـەبن‌و پارتی سۆشیالیستی یەکگرتوو PSU دائەمەزرێنن.

فرانسوا میتێرانیش لە ١٩٦٤ دا بە هاوکاری شارل هێرنیو، لویس مارمـاز پەیمانی ڕێکخراوە جمهوریخوازەکان CIR دروست ئەکەن. هەر لە هەمان ساڵدا بزووتنەوەی ســەندیکایش نوێبوونــەوەو گۆڕانکــاری تێـدا رووئــەدات CFTC کۆنفیدراسیۆنی فەرەنسی کرێکارانی مەسیحی دابـەش ئـەبێت‌و لـە ئەنجامـدا CFDT کۆنفیدراسیۆنی فەرەنسی‌و دیموکراسی کار لـەدایك ئـەبێت. جگـە لەمانە، چەندین یانەو گروپی سیاسی دی چەپ سەر هەڵئەدەن، لەوانە یانـەی جان مولان، ژینی نویَ‌و گەلێکی تر .

بە نزیك بوونەوە لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٦٥ هێشتا SFIO دوودڵ بوو لــە پەسەندکردنی ئەو ستراتیژەی گاستۆن دوفێــر بــۆ پێکهێنــانی فیدراســیۆنێکی مەزن پێشنیاری کردبوو کە لە لایەن ناوەندو ناوەندی چەپەوە پشتگیری کرابــوو کە شکستی هێنا، بۆ هەڵبژاردنی ١٩٦٥ فرانسوا میتێران بــە ڕابــەری CIR پێشنیاری دیاریکردنی کاندیدێکی چەپی ناکۆمۆنیست بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو ئەکاتو ئەم پێشنیارە لە لایەن هەریەکە لــە FGDS وپــارتی کۆمۆنیســتو کەمێکیش پارتی سۆسیالیســتی یــەکگرتووەوە پشــتگیری ئــەکرێتو فرانســوا میتێران وەکو کاندیدی یەکگرتووی چەپ دیاری ئەکرێتو لە خــولی یەکــەمی دەنگداندا ٪ ٣٢ وە لە خولی دووەمدا ٪ ٤٥ ی دەنگەکان بەدەست دێنێتو بــە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دیگۆل ئەخاتە حاڵەتی لاسەنگ بــوون ومەترســیەوە. چەپ سەری بڵند ئەکاتەوەو هەناسەی ئومێد هەڵئەمژێت بۆیە هەر دوای ئــەوە لە ١٩٦٦ دا FGDS پەیمانێك لەگــەڵ پــارتی کۆمۆنیســتدا ئەبەســتێت بــۆ یارمەتیدانی یەکدیو جێگە چۆڵکردنیان بۆ ئەوکاندیــدەی چــەپ، ئــیتر ســەر بەهــەر لایــەکیان بێــت کــە لــە ئاســتێکی باشــدایە لــە هەڵبژاردنــەکــانی پەرلەمانیدا، ئەم پەیمانە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ١٩٦٧دا بەرەی چەپی هاوپەیمان ئەکاتە ئۆپۆزیسیۆن، بەڵام تەنها بە جیاوازی یەك دەنگ کە ئەمــەش سەرکەوتنێکی مەزن بوو. بەڵام دواتر بەهۆی لاواز بوونی چــەپی سۆشیالیســت بەهۆی نــەزانینی چــۆنێتی مامەڵــەکردن لەگــەڵ ڕووداوەکــانی ١٩٦٨داو وەڵام نەدانەوەی پرسیارە هەنوکییەکانی ئەو کاتە ،چەپ بە چەندین کاندیدی جیاواز بەشداری هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ١٩٦٩ی کرد، کە بێ گومان بە شکست بۆ هەموو لایــەکیان گەڕایــەوە. ئــیتر لێــرەوە پێداویســتی بــەدیهێنانی پــارتێکی

سۆشیالیستی بەهێزو یەکگرتووو چەمکی یەکبوون بووە تەوەرەو ئامانجێکی سیاسی.

## پەیمانی ڕێکخراوە جمهوری خوازەکان CIR

لە ١٣ ی حوزەیرانی ١٩٧١دا لە کۆنگرەی ئێپینێ دا CIR حیزبەکەی میتێران بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خۆی ئەدات بۆ خۆبنیاتنانەوە لەناو پارتێکی سۆشیالیستی نوێدا. ئامانجی سەرەکی ئەم حیزبە کە پێشتر لە ساڵی ١٩٦٤وە لە لایەن میتێرانەوە دامەزراو لە بارودۆخێکدا کە چەپی تەقلیدی لە قەیرانێکی سەختی لێکجیابوونەوەو جەستە دابڕاندا ئەژیا، لە دایك بوو، یەکخستنی چەپی نا کۆمۆنیست وەکو هەنگاوێکی هاندەر بوو بۆ یەکخستنەوەی سەرجەم چەپ. بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵێك دانوستان لەگەڵ گاستۆن دوفێر ساز ئەدات‌و پرۆژەکەی پێکهێنانی فیدراسیۆنێکی مەزن پەسەند ئەکات، بەڵام دان‌و سانەکان بێ دەرئەنجام ئەمێننەوەو پرۆژەکەش خۆر نابینێت‌و دواجار گاستۆن دوفێر دەست لە خۆکاندیدکردن بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ١٩٦٥ هەڵئەگرێت، ئیدی بە پێشنیاری CIRو ئامادەیی نوێنەرانی SFIOو پارتی ڕادیکاڵ‌و یانەکان کۆبوونەوەیەك ساز ئەکرێت کە تیایدا فرانسوا میتێران خۆی وەکو کاندید بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی داهاتوو پێشنیار ئەکات، هەموو لایەك ئەو پێشنیارە پەسەند ئەکەن‌و لەوەش زیاتر لە دەرەئەنجامی ئەو کۆبوونەوەیەدا لە ئۆکتۆبەردا ڕێککەوتنی پێکهاتەی فیدراسیۆنی چەپی دیموکرات‌و سۆسیالیست FGDS ئیمزا ئەکرێت، کە فرانسوا میتێران بە سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە نوێیە هەڵئەبژێردرێت‌و پاشان وردە وردە بەشەکانی تری CIR لە شارەکانی ترو چەپەکانی تر دێنە ژێر باڵیەوە.

لەگەڵ هەڵچوونو داچوونی ڕوداوەکاندا پێکهاتەو باڵە سەرەکیەکانی نـاو ئـەم ڕێکخراوە لە کۆبوونەوەو دانوستانی بەردەوامدا ئەبن بۆ خۆلێك نزیککردنـەوەو کۆکرنەوەی خاڵــە هاوبەشـەکانیانو نەهێشـتنی ناکۆکیـەکانیان، لـە هـەمان کاتیشدا لە هاوپەیمانێتی جەنگەکانی هەڵبژاردندا دژی راسـتو دیگۆلیـەکان بەردەوام ئەبن. تا لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٨دا لە دوا کۆبوونەوەی کۆمیتـەی ڕاپەراندنی FGDS دا فرانسوا میتێران دەست لە سەرۆکایەتی ئەو ڕێکخراوە ئەکێشێتەوەوو لـە هـەمان کاتـدا حیزبەکـەی واتـە CIR داوای پێکهێنـانی پارتێکی سۆشیالیستی نویێ ئەکات. هەرزوو پارتی ڕادیکال لە کۆنگرەی گشتی خۆیدا پێشنیاری بەشداریکردن لە دامەزراندنی پارتێکی نوێدا ڕەت ئەکاتـەوە. هـەروەها پـاش دەسـت لـە سـەرۆکایەتی کێشـانەوەی دیگـۆل لـە ١٩٦٩دا ناکۆکیەکی سەخت لەنێوان SFIOو CIR ڕووئەدات لەسـەر دیـاریکردنی کاندیدێك بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی داهاتوو. لە ٤ی مایسـی ١٩٦٩دا لـە ئەلفۆرت ڤیل کۆنگرەیەکی پێکهێنانی پارتێکی نـوێی سۆشیالیسـت بـە بـێ بەشداری بوونی CIR ئەبەسترێت کە تیایدا گاستۆن دوفێر وەکو کاندیـدا بـۆ ڕۆژی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ١ی حوزەیران دیاری ئەکرێت کە هەر لە خـــولی یەکەمـــدا شکســـتێکی گـــەورە دێنێـــت، چـــونکە بەشـــێکی زۆری سۆشیالیستەکان پشتی تێ ئەکەن.

لەتەموزی ١٩٦٩دا لە کۆنگرەی ئیسی موولینۆ بنیاتنانەوەیەکی دی پارتی سۆشیالیستی نـوێ لـە نێـوان SFIOو بەشـێکی زۆری UGCS (یـەکێتی گروپو یانە سۆشیالیستەکان) وUCRG (یەکێتی یانەکان بۆ نوێکردنـەوەی چەپ) ڕائەگەیەنرێت، لە هەمان کاتدا جارێکی تر CIR پێشنیارەکەی خـۆی بۆ یەکێتی سۆشیالیستەکان ئەخاتەوە ڕوو فرانسـوا میتێـران نەخشـەیەك بـۆ

پەرەپێدانو بەستنی پـەیمانی سۆشیالیسـت پێشـنیار ئـەکات کـە لـە لایـەن لایەنگرانیو چەپەکانی دیەوە ئەبێتە بابەتی گفتوگۆو لـەوەش زیـاتر فرانسـوا میتێران داوای لە یەکدانو تواندنـەوەی لـەناو یـەکتری پـارتی سۆشیالیسـتو CIR ئـەکات. ئـەم پێشـنیارە لـە لایـەن زۆرینـەی هـەرە زۆری ئەنـدامانی حیزبەکەی میتێرانەوە لـە کـۆنگرەدا لـە ١٧ ی کـانوونی یەکـەمی ١٩٧٠ دا پەسەند ئەکرێت. لە ١ی شوباتی ١٩٧١ دا یەکـەمین کۆبوونـەوەی نوێنـەرانی سەرتاسـەری وڵـات بـۆ پێکهێنـانی یەکخسـتنەوەی سۆشیالیسـتەکان سـاز ئەکرێتو نوێنەران بانگەشەی یـەکێتی سۆشیالیسـتەکان ڕائەگەیـەنن لەگـەڵ پەیڕەوەکانی خۆئامادەکاری بـۆ ئـەو یەکگرتنەوەیـە. لـە ڕۆژانـی ١١ــ ١٣ ی حوزەیرانی ١٩٧١ دا کۆنگرەی یەکگرتنەوەی سۆشیالیستەکان لە (ئێپینێ سیور سـێن) سـاز ئـەکرێت، کـە کۆنگرەیـەکی مێـژوویی و بڕیـاردەرە لـە مێـژووی بزووتنەوەی سۆشیالیستی فەرەنسـیدا، ئـەو کۆنگرەیـە سـاتی لـە دایکبـوونی تەواوەتی پارتی سۆسیالیستە، کـە هـەر لـەو کۆنگرەیـەدا فرانسـوا میتێـران بەسکرتێری یەکەم هەڵ ئەبژێرێت.

## پارتی سۆشیالیستی یەکگرتوو PSU

پارتی سۆشیالیستی یەککرگتوو لە نێوان سـاڵەکانی ١٩٦٠ــ ١٩٧٤دا تـا ئەو کاتەی لە لایەن پارتی سۆسیالیستەوە وردە وردە قوت درا، ڕێکخراوێکی بە هێزو چالاك بوو. پاشان ئەو لایەنگرانـەی تـری کـە دواتـر ناچـنە نـاو پـارتی سۆسیالیستەوە بەرجەستەی ئەو ڕەوتە ئەکەن، کە دواتر بەچەپی ئەلتـەرناتیڤ ناو دەر ئەکات.

SFIO بەهۆی ناکۆکی بیرو ڕاوە لەسەر شەڕی جەزائیرو هەڵوێست بەرامبەر دیگۆل تووشی لێکدابڕان بووبوو، کاتێك ئەبوایە دەنگ لەسەر پرۆژەی دەستوری نوێی وڵات بدرێت لە کۆنگرەی ئەیلولی ١٩٥٨دا ٧٠٪ی سۆشیالیستەکان بە بەڵێ دەنگیاندا. بەڵام کەمایەتیەك کە بەنەخێر دەنگیدا، لە حیزب جیابۆوەو لە دەوری ئێدوارد دوپرو پارتی سۆشیالیستی ئۆتۆنۆم ی PSA دامەزراند، کە نزیکەی بیست هەزار ئەندامی لە خۆ گرتبوو کە نوێنەرایەتی چەپێکی ڕەخنەگری ئەکرد لە توێژی ڕۆشنبیران‌و لایەنگرانی ترۆتیسکی وکۆمۆنیستەکانی ڕەتکەرەوەی ستالینیزم‌و باڵەکانی چەپی مەسیحی‌و هەندێك لە ڕادیکالەکان‌و پاشان نزیکبوونەوەو کاری هاوبەشیان لەگەڵ گروپە بچوکەکانی ناسراو بە چەپی نوێ پێکهێنابوو لە ناوەندی لاوانی سۆشیالیست‌و سەندیکاکان‌و یەکێتی نێوان مەسیحەکان‌و مارکسیستەکان‌و مینبەری کۆمۆنیست، کە بەهەموویان یەکێتی چەپی سۆشیالیستیان UGS دروست کردبوو، تا لە ٣ نیسانی ١٩٦٠دا لە کۆنگرەی ئیسی موولینۆ PSA وUGSو مینبەری کۆمۆنیست خۆیان لەناو حیزبێکی نوێدا ئەتوێننەوە بە ناوی پارتی سۆشیالیستی یەکگرتوو کە یەکێك لە دامەزرێنەرە سەرەکیەکانی پییێر ماندێز فرانس بوو.

بەو شێوەیە پارتی سۆشیالیستی یەکگرتوو مەسیحیە چەپەکان‌و ترۆتیسکیەکان‌و سۆشیالیست‌و ئانارشیستەکان‌و ڕادیکاڵ‌و کۆمۆنیستەکان پێکەوە کۆ ئەکاتەوەو زیاتر لەوەی ببێتە پارتێکی جەماوەری بەرفراوان، خۆی لە بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیریدا بەرجەستە ئەکات. بەڵام پێش ئەوەی کە لە ڕوداوەکانی بەهاری ١٩٦٨دا گروپە چەپ‌و لیبراڵەکان بەرجەستەی شۆڕشگێڕێتی لاوانی ڕاپەڕیو بکەن، ئەوە پارتی سۆشیالیستی یەکگرتوو بوو

کە هەڵگری مەشخەڵی شۆڕشگێڕیو ئامادەکاری ئـەو ڕاپەڕینـە شۆڕشـگێڕیە بوو، PSU داهێنەری سەرەکی خەبات بوو دژی فاشیزمو کۆلۆنیالیزم. بـەڵام لە دوای ساڵی ١٩٦٢ وە دوودڵ بـوو لـەوەی SFIO بخاتـە لاوە یـان جێگـەی پـارتی کۆمۆنیسـت بگرێتـەوە تـا دواجـار بـە گـۆڕینی خـۆی بـۆ پـارتێکی سۆشیالیستی پابەنـد لەسـەر چـینی کرێکـاران یـەکلایی کـردەوە. بۆیـە لـە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی فەرەنسـادا بـە جۆرێـك لـە دوودڵیـەوە داوا لـە ئەندامانی ئەکات کە دەنگ بە فرانسوا میتێران بـدەن. PSU کـە لـەنێوان ساڵەکانی ١٩٦٢ـ ١٩٧٢ دا پانزە تا بیست هەزار ئەندامی هەبوو بـەڵام هـیچ کاتیك لە هەڵبژاردنەکاندا لە بە ڕێژەی لە ٢٪ دەنگەکان تێپـەری نـەکردووە. لەساڵەکانی هەشتاوە PSU بەرجەستەی تێزێکـی سیاسـی نـوێ لـە ناوەنـدە سیاسـیەکاندا ئـەکات، ئـەویش بزووانـدنی پرسـیاری ژینگـەو بڵاوکردنـەوەی چـەمکی ئەلتەرناتیڤـە، تـا لـە دەرئەنجامـدا لـە سـاڵی ١٩٨٩ دا خـۆی هەڵئەوەشێنێتەوەو لەگەڵ باڵە کانی تری چـەپی نوێـدا ئەلتـەرناتیڤی سـوورو سەوز AREV پێك دێنێت. ئەوەی جێی سەرنجە، ئەوەیە کە هەرچەندە پـارتی سۆشیالیستی یەکگرتوو ژمارەیەکی بەرفراوانی لە توێـژی ڕۆشـنبیران لـە خـۆ گرتبوو، بەڵام هیچ کاتێـك نـەیتوانی حیزبێکـی سیاسـی جـەماوەری دروسـت بکات، بەڵام ڕۆڵی سەرکردە دیارەکـانیو بـیرو بـاوەڕی حیزبەکـە کاریگـەریی دیاریی هەبوو لەبنیاتنانی سۆشیالیزمی فەرەنسیو هـەروەها ڕیگەخۆشـکردن بۆ بەشداریی چالاکانەی کۆمـەڵگەی مەدەنی لە بنیاتنانو بەڕێوەبردنی وڵاتدا.

# بەشی دووەم

## پارتی سۆشیالیست لە دوای ١٩٧١ وە

## فرانسوا میتێران لە ئێپینیٚ وە بۆ ئەلیزیٚ

پاش چەندین ساڵی هەڵچوونو داچوون کۆنگرەی ئێپینیٚ خواستی چەپەکانی بە پێکهێنانی یەکێتی هێنایە دی. فرانسوا میتێران لە ١٩٧١وە تا ١٩٨١ وەکو سکرتێری یەکەمی حیزب بە وریاییو پیٚ بەپیٚ پێگەکانی حیزبی نوێی داناو ئامادەی کرد بۆ پیادە کردنی ئەزموونی بەرپرسیارێتی حکومڕانی، توانی لە کەشو هەوایەکی سیاسیدا کە پارتی کۆمۆنیست باڵادەستو پێشڕەو بوو، پارتی سۆشیالیست بگۆڕێت بۆ یەکەمین هێزی چەپو هەروەها یەکەمین حیزبی فەرەنساش.

بەهۆی کۆچی دوایی جۆرج پۆمپیدۆی سەرۆکی فەرەنساوەو سازدانی هەڵبژاردنی پێش وەختی سەرۆکایەتی، لە ١٩٧٤دا، کۆنگرەی نائاسایی پارتی سۆشیالیست بە تەواوی دەنگ میتێتران وەکو کاندید بۆ هەڵبژاردن دیاری ئەکات. میتێران لە بەرامبەر کاندیدای ڕاستدا، جیسکار دیستان، ٤٩٪ی دەنگ بەدەست دێنیٚو تەنها بە جیاوازی یەك دەنگ هەلی چوونە کۆشکی ئەلیزیٚ لەدەست ئەدات، بەڵام ئومێدێکی مەزن بە سۆشیالیستەکان ئەبەخشێت بۆ خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو.

لەو ساڵانەدا پارتی سۆشیالیست کاری جیدی لە سەر خۆڕێکخستەوەو توندو تۆڵکردنی چەمکی یەکێتیو لە هەموو شتێکیش زیاتر بنیاتنانی شوناسی چۆنایەتی خۆی ئەکات، بەجیاکردنەوەی خۆی لە ڕووی پێکهاتەی حیزبایەتیو بنکەی ڕێکخستنو ئایدۆلۆجیاو پرۆگرامەوە لەبەرەی راستو چەپی کۆمۆنیستو ڕادیکالیش، بەشێوەیەك هێندەی جیاوازیەکانی خۆی لەگەڵ ڕاستدا ڕوون ئەکردەوە لە کاتێکدا کە هەردوولا باوەڕیان بە کارکردن لەناو

سیستەمی دیموکراسی ڕۆژئاواییو سەرمایەداریدا هەبوو بەڵام لە هەمان کاتدا پـارتی سۆشیالیسـت خـۆی لـە هاوپەیمانـەکانی دی چـەپ بـە تایبـەتی کۆمۆنیستەکان دانەئبڕی بە تایبەتی لە سازدانی هاوپەیمانێتی لەگەڵیانـدا لـە جەنگەکانی هەڵبژاردندا. هەروەها پارتی سۆشیالیست لە کاتێکدا تا ئـەهات خواستی ئەوەی هەبوو بەرجەستەی داواکاریەکانو ئومێدی زۆربـەی چـینەکانی خوارەوەو ناوەندو توێژی ڕۆشنبیرانو فەرمانبەران بکات، لـە هـەمان کاتیشـدا ئامادەیی خۆی لە هـەموو کێشـەو پرسـیارە گرنگـە کۆمەڵایـەتیو ئـابوریو سیاسـیو پـەروەردەییو لاوانو پرسـی ژنـانو ژینگـەو سـەرجەم پرسـە کەلتوریـەکانی فەرەنسـاو ئـەوروپاو جیهـان نیشـان ئـەداو لەسـەر ئاسـتی ئەوروپاشدا لـە هەوڵەکانیـدا بـەردەوام بـوو بـۆ لێکنزیکخسـتنەوەو پێکـەوە کـارکردنی سۆشیالیسـتەکانی ئـەوروپا. تـەنها دوو سـاڵ پـێش هەڵبـژاردنی سـەرۆکایەتی، ئۆپۆزیسـیۆنی چـەپ، واتـە هاوپـەیمانێتی سۆشیالیسـتو کۆمۆنیستەکان لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکاندا ٥٣٪ی دەنگ بەدەست دێنێتو چـەپ ئیـدارەی ١٥٥ شـارو قـەزای سـەرەکیو شـارەوانی ئەگرێتـە دەسـت، بەشێوەیەك کە چەپ پێش گەییشتنە ئەلیزێ لە خـوارەوە یـان لەسـەر شـەقام دەسەڵات ئەگرێتە دەستو حوکمی ئەکرد.

لە ٢٤ ی کانوونی یەکەمی ١٩٨١دا لە کۆنگرەی نائاسایی دا لـە کرێتێـی فرانسوا میتێران وەکو کاندید بۆ هەڵبـژاردنی سـەرۆکایەتی فەرەنسـا دیـاری ئەکرێتو لیۆنێل جۆسپان لە شوێنی ئەو ئەبێتە سکرتێری یەکەمی حیزب. لە ١٠ ی مایسی ١٩٨١دا لـە خـولی دووەمـی هەڵبژاردنـدا فرانسـوا میتێـران بەسەرۆك کۆماری فەرەنسا هەڵ ئەبژێردرێتو شکست بـە جیسـکار دیسـتانی کاندیدای ڕاستو سەرۆکی پێشوو دێنێت. بەشێوەیەکی خۆبەخۆو بێ بەرنامـە

ئاهەنگو خۆپیشاندانی خۆشی سەراپای شارەکانی فەرەنسا ئەگرێتەوە، بەتایبەتی چەندین هەزار کەس لەمەیدانی باستیل لە پاریس کە بەهایەکی ڕەمزی هەیەو ڕەمزی شۆڕشی فەرەنسیە، کۆ ئەبنەوە.

## چەپ لە دەسەڵاتدا لە ١٩٨١ـ ١٩٨٦

هەڵبژاردنی میتێران قۆناغێکی نوێ لەبەردەم پارتی سۆشیالیستدا ئەکاتەوە، کە بۆ ماوەی پێنج ساڵ حوکم ئەگرێتە دەست، بەتایبەتی پاش سەرکەوتنی مەزنی لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا لە مانگی حوزەیراندا، کە بۆ یەکەمین جار پارتی سۆشیالیست زۆرینەی ڕەها لە پەرلەماندا مسۆگەر ئەکاتو پێش پارتی کۆمۆنیستیش ئەکەوێتەوە. پییێرمۆروا کابینەی حکومەت پێك دێنێت، کە پێنج وەزیری کۆمۆنیست تیایدا بەشدار ئەبن. حکومەتەکەی پییێر مۆروا درێغی ناکات لە جێ بەجێ کردنی زۆربەی ئەو بەڵێنانەی کە میتێران لە پرۆگرامی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا گفتی بەدەنگدەران دابوو. لەوانەش، زیادکردنی لانی کەمی مووچە، مووچەی خانەنشینیو پیران، یارمەتی خێزانیو سۆشیال، دابینکردنی گەلێك مافی نوێی کرێکاران، مافی خود خانەنشین کردن لە تەمەنی شەست ساڵیەوە، لابردنی سزای مەرگ، سیستەمی لامەرکەزی ئیدارىو گەلێکی تر، بەڵام بەهۆی ئەو قەیرانە ئابوریە نێودەوڵەتیەی ئەو قۆناغە کە کاریگەری سەختیشی لەسەر فەرەنسا ئەبێت بەتایبەتی بەهۆی لاوازی کۆمپانیاو دەسگا فەرەنسیەکانەوە لە خۆڕاگرتن لەبەردەم هەڕەشەی ئەو قەیرانەدا، حکومەتەکەی مۆروا ناچار ئەبێت ئەو چاکسازیانە کەم بکاتەوەو سیاسەتی پشتێن توندکردنەوەو گووشینی ئابوری بخاتە گەڕ. ئەم سیاسەتە کاردانەوەی ئیجابی ئەبێت بۆ بووژاندنەوەی ئابوری

فەرەنساو بەهێزکردنەوەی، بەڵام لە هەمان کاتدا نابێتە هۆی ڕێگەگرتن لەبەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری کە بەهۆیەوە تا دەهات ئاستی جەماوەری سۆشیالیستەکان دائەبەزیو ڕەنگدانەوەی بەسەر گەڕانە دواوەی سۆشیالیستەکان لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکانو ئەورووپیدا بەئاشکرا دەرئەکەوت. لەهەمان کاتیشدا پارتی کۆمۆنیست دریغی ناکات لە ڕەخنە گرتنی بەردەوام لەو حکومەتەی خۆی تیایدا بەشدارەو هاندانی خۆپیشاندان دژی. لەتەموزی ١٩٨٤ دا لۆران فابیۆس لە جێگەی پییێر مۆروا کابینەیەکی نوێی حکومەت پێکدێنێت بەبێ بەشداری کۆمۆنیستەکان. فابیۆس پیادەی سیاسەتێکی گونجاندن لەنێوان نوێ کردنەوەو هاوکاری کۆمەڵایتیدا ئەکات.

لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی ١٩٨٦دا پارتی سۆشیالیست هەرچەندە ڕێژەیەکی باش بەدەست دێنێت، ٣٦٪ ی دەنگەکان، بەڵام زۆرینەی پەرلەمان لەدەست ئەدات. فرانسوا میتێران کە هێشتا ماوەی سەرۆکایەتی تەواو نەبووە، داوا لەڕابەری زۆرینەی ڕاست، جاك شیراك ئەکات بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەتەکەی. لێرەوە پارتی سۆشیالیست لە پەرلەماندا ئەبێتە ئۆپۆزیسیۆن، بەڵام ڕابەرەکەی کە میتێرانە، بەسەرۆکی وڵات ئەمێنێتەوە. ئیدی چەپو ڕاست ئەکەونە حاڵەتێکی ناچاری پێکەوە هەڵکردن لەناو دەسەڵاتدا، کە ئەبێتە کەلتورێکی هەمیشە دووبارە بۆوەی سیستەمی حوکمڕانی لە فەرەنسادا.

## چەپ لە دەسەڵاتدا لە دوای ١٩٨٨ وە

سیستەمی پێکەوە هەڵکردن لەدەسەڵاتدا کورتخایەن بوو، سیاسەتی پیادەکراوی شیراك بەوەرچەخاندنەوەی تەواو بەرەو لیبرالیزم ملیۆنان خەڵك بە تایبەتی لاوانو خوێندکاران هەڵئەرژێنێتە سەر شەقام. فرانسوا میتێران ئەم هەلە لەدەست نادات بۆ خستنەگەڕی هەڵمەتێکی هەڵبژاردنی هێرشبەرانە لەهەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی فەرەنسادا کە تیایدا دروشمی (فەرەنسای یەکگرتوو) بەرز ئەکاتەوەو بەو هۆیەوە بە ڕێژەی ٥٣٪ی دەنگ جارێکی تر بۆ سەرۆکایەتی فەرەنسا هەڵئەبژێردرێتەوە. میتێران ئەم جارە بانگەشەی کرانەوە بەسەر زۆرینەی سەرۆکایەتیو پێکهێنانی حکومەتێکی کراوەدا ئەکات، پاش ئەوەی کە پارتی سۆشیالیست لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانیشدا زۆرینە بەدەست دێنێت، میتێران میشێل ڕۆکار بە سەرۆك وەزیرانی نوێ دائەنێت، لەگەڵ پێکهێنانی کابینەیەکی حکومەتی کراوەدا بەسەر کەسانی سەربە ناوەندو بێ لایەنو کەسایەتی نێو کۆمەڵگەی مەدەنی بێ وابەستەیی حیزبی. لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٨ ـ١٩٩٢دا بەسەرۆکایەتی میتێرانو حکومەتە یەك بەدوای یەکەکانی میشێل ڕۆکار، ئێدیت کرێسۆن مەسەلە دەرەکیو نێو دەوڵەتیەکان گرنگی پێدانی سەرەکی سیاسەتی ئەو قۆناغەی دەسەڵاتی فەرەنسای وەرگرتبوو. مەسەلە سەرەکیەکان بریتی بوون لە بنیاتنانی کۆمەڵگەی ئەوروپی پاش کۆتایی جەنگی ساردو داڕشتنەوەی یاساو ڕێسایەکی تری نێودەوڵەتی پاش هەڵوەشانەوەی جەمسەری کۆمۆنیزمی ڕۆژهەڵاتو پارچە پارچەبوونی یەکێتی سۆڤێتو سەرهەڵدانی کێشەکانی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، ڕوبەڕووبونەوەی جەنگی کەنداوو کێشەی عێراق، بەڵام لەسەر

ئاستی ناوخۆشدا حکومەتی سۆشیالیست بەردەوام بوو لە پیادەکردنی پرۆگرامی چاکسازی ئابوریو کۆمەڵایەتیو تەندروستیو باشترکردنی باری گوزەرانی خەڵك کە گەشانەوەو دەوڵەمەندبوونی بە خۆیەوە بینی.

هەرچی پەیوەندی بە باری ناوخۆی حیزبەوە هەیە، دیسانەوە گرێی ناکۆکیو لێکجیابوونەوەکانو ململانێ لەکۆنگرەو کۆبوونەوەکانیدا سەری هەڵدایەوە. ئەم کێبڕکێیە بەتایبەتی لەکۆنگرەی ڕێن دا لە نێوان چوار باڵی بەشداری کۆنگرەدا ڕەنگی دایەوە (مۆروا، مێرماز، جۆسپان، لۆران فابیۆس) کە لە کۆتایی کۆنگرەدا پاش پێکهێنانی گونجاندنێکی نێوان پرۆژەکان پوختەی ڕاگەیاندنێکی گشتی کە بەرجەستەی خواستی هەموو باڵەکان بکات، پییێر مۆروا بە زۆرینەی تەواوی دەنگ بە سکرتێری یەکەمی پارتی سۆشیالیست هەڵبژێردرا.

## ۱۹۹۳ ـ ۱۹۹۸ لەهەرەسەوە بۆ هەڵسانەوە

هەرچەندە پارتی سۆشیالیست هەر بە یەکەمین پارتی چەپ حساب ئەکرا بەڵام ئەزمونی حوکمڕانی لەو ڕاستیەی هۆشیار کردەوە، کە بەگرنگیەوە جارێکی تر لە خۆبنیات نانەوەی خۆی بڕوانێت لە ڕووی کاریگەرییەوە بۆسەر جەماوەر لە ناو نێوەندەکانی دەنگدەرانداو بە تایبەتی چینەکانی خوارەوە. بۆ یەکەمین جار پارتی لە دوای زیاتر لە سەدەیەك لەدایکبوونی، پرسیاری سۆشیالیست بوونو گۆڕانکاریو خود نمایشکردن وەکو شوناسێکی جیا لە بەرامبەر سەرجەم چەپدا لە خۆی کرد. ئەمە قەیرانی سەدەیەك لە بیرکردنەوەو خود ناساندنی پارتی سۆشیالیستی تەقاندەوە .

لە٣نیسانی ١٩٩٣دا دوای سەرنەکەوتن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانیدا، زۆرینەی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی دەست لەکار کێشانەوەیەکی بەکۆمەڵ ڕائەگەیەننو میشیل رۆکار بە ڕابەری حیزب دائەنێن. سەرکردایەتیەکی کاتی دائەنرێت بە مەبەستی سازدانی کۆبوونەوە لەگەڵ هەموو لێپرسراوانی پارتی سۆشیالیست، کە لە تەموزی ١٩٩٣ لە لیۆن کۆبوونەوەیەکی فراوان ئەنجام ئەدات بە ئامادەبوونی ٢٣٥٨ لە نوێنەرانی فیدراسیۆنەکان کە مافی تەواو ئەدرێت بە ئەندامان بە گفتوگۆکردنو هەڵسەنگاندنی کارو پرۆگرامەکانی حیزب. لەو کۆبوونەوەیەدا سەرکردەو ئەندامانی بەشدار جەخت لەسەر ستراتیژی پاراستنی یەکڕیزی حیزبو کۆکردنەوەی چەپەکان ئەکەنەوە جگە لەبڵاوکردنەوەی دەسگاو تۆڕەکانی حیزب لە ناو پێکهاتە کۆمەڵایەتیو پیشەییەکاندا.

لە کۆنگرەی لوبورجێ دا لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٣ دەقی پرۆژە - پێشنیاری (Motion)ی میشێل ڕۆکار پەسەند کرا کە تیایدا پێداگریی لەسەر داڕشتنی هەڵوێستو تێڕوانینی کۆمەڵێك ئامانجو ئەرکی داهاتوی پارتی سۆشیالیست ئەکرد، لەوانە کەمکردنەوەی کاتی کار،گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان، بازرگانی جیهانی، ڕێکخراوو دەسگا ئەوروپیەکان، دامەزراوەکانی ئەوروپاو جیهان، هەر لەو کۆنگرەیەدا بۆ یەکەمین جار سکرتێری یەکەمی حیزب لە لایەن ئەندامانی کۆنگرەوە هەڵبژێردرا نەك لە ڕێگەی کۆمیتەی سەرکردایەتیەوە، میشێل ڕۆکار بە ڕێژەی٨٠ ٪ دەنگی کۆنگرە سەرکردایەتی حیزبی گرتە دەستو لەهەمان کاتدا متمانەی ڕابەریکردنی لیستی سۆشیالیستەکانی وەرگرت بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەوروپا، کە تیایدا پارتی سۆشیالیست هەر بۆ یەکەم جار بەشداری یەکسانی

نیوە بە نیوەی نێوان پیاوو ژنانی لە لیستی خۆیدا پیادە کرد. بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی حوزەیرانی ئەوروپادا لیستی ڕۆکار پاشەکشەی بە خۆوە بینیو تەنها ١٤٪ دەنگەکانی بەدەست هێنا، بۆیە ڕۆکار لە ناو لیژنەی نیشتمانی حیزبەکەی خۆیدا ئەبێتە کەمایەتیو هەنری ئیمانۆیلی لە جێگەی ئەو بە سکرتێری یەکەم هەڵئەبژێردرێتو لە کۆنگرەی تشرینی یەکەمی ١٩٩٤دا لە لیێڤان جارێکی تر بەڕێژەی ٩٢٪ ی ئەندامان ئەچەسپێنرێتو پرۆژە-پێشنیارەکانی ئەبێتە نەخشەی ڕێگای حیزب، کە زیاتر گەڕانەوەیە بۆ شوناسی چەپبوونو بەرەنگاربوونەوەی لیبرالیزمی باڵادەست.

هەر لە پەراوێزی کۆنگرەکەدا فرانسو میتێران کە لە دوا ساڵی ماوەی سەرۆکایەتی فەرەنسادایە، ماڵئاوایی لەحیزب ئەکاتو داوای لێ ئەکات کە بەوەفاداری بۆ بیروباوەرەکانیو بەتایبەتی یەکێتی نێوان چەپ بمێنێتەوە. بۆ دیاریکردنی کاندیدایەك بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایتی دوای میتیران بۆ یەکەمین جار لەمێژووی پارتی سۆشیالیستدا دوو کاندید لە ناو حیزبدا کێبڕکێ ئەکەن بۆ بەدەستهێنانی متمانەی ئەندامان. لە ئەزمونێکی نوێدا ئەندامانی حیزب لەڕێگەی دەنگدانی نهێنیەوە لەنێوان هەنری ئیمانۆیلیو لیۆنێل جۆسپاندا بەزۆرینەیەکی دیار لیۆنێل جۆسپان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی فەڕەنسای ١٩٩٥ بە کاندید دیاری ئەکەن، کە کەسایەتیەکی لەهەمان کاتدا چاکسازو واقیعبینە. جۆسپان لەخولی یەکەمی هەڵبژاردندا پلەی یەکەم دێنێتو لەخولی دووەمدا تەنها بەڕێژەی ٢٪ دەنگ لەبەرامبەر جاك شیراکدا شکست دێنێت، بەڵام ئەم ڕێژەیە کە بە سەرکەوتن بۆ سۆشیالیستەکان دانانرێت، هانیان ئەدات بە چوونە ناو پرۆسەی ڕاستەقینەی نوێکردنەوەی پارتی سۆسیالیست.

بە کۆتایی هاتنی ماوەی سەرۆکایەتیەکەیی‌و ماڵئاواییکردن لەئەلیزێ‌و لەحیزبیش فرانسوا میتێران داوا لە سۆشیالیستەکان ئەکات کە هەمیشە ورە بەرزبن‌و ڕووبەرووی سەدەیەکی سیاسی نوێ ببنەوە کە چاوەڕوانیان ئەکات. میتێران پاش چەند مانگێك لە ٨ ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٦دا کۆچی دوایی ئەکات‌و لەسەر داوای خۆی تەنها لەکەشێکی خێزانی‌و ئامادەبوونی ئەندامانی خێزانەکەیی‌و هاوڕێ زۆر نزیکەکانیدا بە شێوەیەکی سادە تەرمەکەی ئەنێژن. بەڵام مەرگی ئەو دنیای هەژاند، مرۆڤایەتی کەسایەتیەکی سیاسی مەزنی لەدەستدا کە ڕۆڵی دیاری لەڕووداوە گرنگەکانی جیهانی دوای جەنگی دووەم‌و ڕووخانی کۆمۆنیزم‌و سیستەمی دوو جەمسەری‌و دارشتنەوەی بنەماکانی سیستەمی جیهانی نوێدا هەبوو، لەهەمان کاتدا لەفەرەنسا سۆشیالیستەکان لە دوای جان جۆرێس‌و لیۆن بلووم ڕابەرو سەرکردەیەکی کاریزمی هەرە مەزنی خۆیان لە دەستدا، کە مێژوو دووبارەی ناکاتەوەو ئەو بووە ڕزگارکەری سۆشیالیستەکان لە پەرت پەرتبوون‌و یەکخستنەوەی چەپەکانی فەرەنسا لە گێژاوی ناکۆکی زیاد لە سەدەیەك‌و پەرە پێدەری فیکری سۆشیال دیموکرات‌و بزوێنەرەوەی سۆشیالیزمی ئەورووپاو ئەنتەر ناسیۆنال سۆشیالیست. بەگشتیش فەرەنسا کەسایەتیەکی لەدەستدا، کە لەڕیزی ئەو سەد کەسە مێژوویەدا ناوزەد کراوە کە فەرەنسا بە درێژایی مێژوو بە خۆیەوە ناسیوون ،کەسایەتیەك کە لە یادەوەری مێژوویی هەموو فەرەنسیەکاندا بە زیندوویی ئەمێنێتەوە تەنانەت لای نەیارەکانیشی، یەکەمین کەسێکیش کە بە دڵگرانیەوە مەرگی میتێرانی ڕاگەیاند جاك شیراکی سەرۆکی فەرەنسا بوو کە ساڵانێکی زۆری تەمەنی سیاسیان بە دژایەتی‌و کێبڕکێی یەکدی بەرامبەر یەك تێپەڕاندووە.

دوای مەرگی میتێران پارتی سۆشیالیست پرۆسەی خود نوێکردنەوەو چاکسازی لەسەر هەموو ئاستەکاندا برەو پێ ئەدات بە تایبەتی لەڕوو بەڕووبوونەوەی ململانێ فیکریەکانو چەمکە فەلسەفیە نوێکانی جیهاندا. لە ١٩٩٦دا سێ کۆبوونەوەی گشتی گرنگ ساز ئەکات بۆ ئاراستەکردنێکی بەرنامە داڕێژراوی حیزبو دیاریکردنەوەی تێڕوانینەکانی سەبارەت بەجیهانگیری، ئەوروپاو فەرەنسا، توخمو کاراکتەرەکانی دیموکراسیەت، پێشنیارە ئابوریو کۆمەڵایەتیەکانی پارتی سۆشیالیست لە دنیای ئەمڕۆدا. لە هەمان کاتدا پارتی سۆشیالیست بەو ڕۆحو گوڕی نوێ بوونەوەو چاکسازیەوە وەکو کرانەوەو سەرخستنی نەوەی نوێو بەتایبەتی ژنان خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی داهاتوو حازر ئەکرد. بۆیە کاتێك دوای قەیرانی سەختی حکومەتەکەی ئالان جوپێو تەقینەوەی گەورەترینو درێژترین مانگرتنی سەرتاسەری کرێکارانو خوێندکارانو کاسبکارانو فەرمانبەرانو سەرجەم چینە میللیەکان دژی پرۆژەکانی جوپێ سەبارەت بە دەسکاریکردنی بیمەی کارو تەندروستیو سۆسیالو خانەنشینی، جاك شیراك پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە. پارتی سۆشیالیست لە ئاستی چوونە ناو ئەو جەنگەدا بوو، بۆیە لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا لە ١ ی حوزەیراندا پارتی سۆشیالیست بە هاوپەیمانێتی پارتی کۆمۆنیست، ڕادیکالەکانو سەوزەکان زۆرینەی پەرلەمانی بەدەست دێنن. لیۆنێل جۆسپان کابینەی حکومەتی چەپ پێك ئەهێنێت، کە ئاماژەکاری قۆناغێکی نوێی هاوکاریو هاوپەیمانێتی نێوان چەپ بەرجەستە ئەکاتو لە کابینەکەیدا هەموو هێزە چەپەکانی ناو پەرلەمان بەشدار ئەبن. لە شوێنی ئەو لە حیزبدا فرانسوا هۆلاند بە سکرتێری یەکەمی

پـارتی سۆشیالیسـت هـەڵ ئەبـژێردرێت، کـە کـار لەسـەر بەرجەسـتەکردن‌و نوێکردنەوەی بیرو باوەڕەکانی سۆشیالیست‌و بنەما سیاسیەکانی ئەکات .

## کۆنگرەکانی پارتی سۆشیالیست لە سالەکانی ۱۹۷۰دا

پارتی سۆشیالیست بەدرێژایی تەمەنی بوونی خۆی تا کـۆنگرەی رانـس لـە تشرینی دووەمی ۲۰۰۸دا تا ئێستا ۷۵ کۆنگرەی گشتی ئاسـاییو نائاسـاییو پلینیۆم‌و کۆبوونەوەی گشتی ناکاوی ساز کردووە، کە بەڵگەی ئەوەیە ئەم حیزبە سەرباری سەختیو توندو تیژی ناکۆکیە ناوخۆییەکانیو چـەندین جـار دابـەش بـوونیو کەوتنـە ژێرهەڕەشـەی هەڵوەشـاندنەوە هـەرگیز لەڕووبەڕووبوونـەوەی قەیرانـەکانی چ نـاوخۆی حیـزبو چ ئاسـتی فەرەنسـاو ج ئـەورووپاو جیهـان نەترساوەو هەمیشە بە بزواندنی هەموو ئەندامانیو بەشداریکردنی بنکەکانی خوارەوەی لەکێشەکاندا بۆ چارەسەرو سـەرکەوتن بەسـەرگرفت‌و ململانێکانـدا گەڕاوە. بۆیـە ئـەو کـۆنگرەو کۆبوونەوانـە بوونەتـە شـوێنی وەرگـرتنی بڕیـارە مێـژوویيو چارەنووسـسـازەکان‌و دەفتـەری تۆمـارکردنی مێـژووی هەڵچـوون‌و داچوونەکان‌و شکست‌و سەرکەوتنەکانی حیزب‌و لە هـەمان کاتیشـدا شـوێنی داهێنانە فیکریو سیاسیو ئابوریو کەلتوریەکانی حیـزب‌و بەشـداری کردنـی چالاکانەی دەوڵەمەندکردنی فیکرو کەلتوری سۆشیال دیموکرات.

لە ساڵی ۱۹۷۰ تـا ۱۹۸۱ سـتراتیژی پـارتی سۆشیالیسـت خۆبنیاتانـەوەو خۆئامادەکردن بوو بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، ئیتر کارو بەرنامـەی کۆنگرەکـانی نێوان ئەو ساڵانە لە چوارچێوەی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانـەدا بـەڕێوە ئەچـووو هەنگاو بەهەنگاو پێشنیارو پرۆژەکانی سۆشیالیستی گەڵاڵە ئـەکردو لـە نێـو

خواستەکانی جەماوەردا جێگەی ئەکردەوە تا لە ١٩٨١دا توانی باوەڕی زۆرینەی فەرەنسیەکان بەدەست بێنێتو بگاتە لوتکەی دەسەڵاتی سیاسی.

لە کۆنگرەی مایسی ١٩٦٩ ی ئەلفۆرت ڤیلو کۆنگرەی ئیسی موولینۆ لە تەموزی ١٩٦٩دا پارتی سۆشیالیستی نوێ جێگەی SFIO ئەگرێتەوەو لە کەشێکی ناکۆکیو دابەشبوونی هەڵوێستو بیرو ڕاکاندا دوای ڕاپەڕینەکانی ١٩٦٨و شکستی هەڵبژاردنەکانی ١٩٦٩ هەوڵە سەختو پڕگرفتەکانی نێوان بزووتنەوە چەپە سۆشیالیستەکان دەست پێ ئەکات بۆ کەمکردنەوەی ناکۆکیەکانیانو لێکنزیکبوونەوە یەکی بەزەحمەت، بەڵام لەچوارچێوەی باوەڕو خواستێکی حەتمی ستراتیژیدا کە ئەویش پێداویستی یەکخستنی سۆشیالیستەکانە لە فەرەنسادا لە بەرامبەر بەرەیەکی ڕاستدا، کە لە پەلهاویشتنو بەهێزبووندا بوو.

هەر سێ ڕۆژە مێژوویەکەی کۆنگرەی ئێپینێ سویر سێن لە ١١ ـ١٢ـ١٣ حوزەیرانی ١٩٧١ ئەبنە کۆنگرەی یەکخستنەوەی سۆشیالیستەکانو لەدایك بوونی ڕاستەقینەی پارتی سۆشیالستی فەرەنسی. هەر لەو کۆنگرەیەدا خواستی پەرەپێدانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ هێزەکانی چەپ بەتایبەتی پارتی کۆمۆنیست پەسەند ئەکرێت لەسەر پێکهێنانی بەرنامەی هاوبەش بۆ حکومەتو بزرواندنی دیالۆگی فیکری لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستدا. کۆنگرەی ئێپینێ تا ڕادەیەکی زۆر پارتی سۆشالیست ئەگەڕێنێتەوە ناو بازنەی خەباتی تەقلیدی خۆی بە خەبات لەناو سیستەمی سەرمایەداریو بەرەنگاربوونەوەیداو سەپاندنی چاکسازی تیایداو هاتنەوە ناو بەرەی چینی کرێکارانو پێداگری لەسەر بەها مرۆییەکان. لێرەوە کۆنگرەکانی ١٩٧٣ـ ١٩٧٤ ی پارتی سۆشیالیست ئەو ئامانجانە لە ژێر دروشمی (گۆڕینی ژیان) دا

بەرجەستە ئەکات بە وەڵامدانەوەی پرسیارە گرنگەکانی ناو ژیانی سیاسی فەرەنساو ئەوروپاو بە تایبەتی سەبارەت بە ڕۆڵی سۆشیالیستەکان لە بنیاتنانەوەی ئەوروپاداو لەلایەکی تریشەوە کرانەوەی بەردەوامی پارتی سۆسیالیست بەسەر چەپەکانو بیرو باوەڕی نوێداو جەختکردنەوە لەسەر چەمکی : بەڵێ بۆ بنیاتنانی پارتێکی سۆشیالیست، بەڵام پارتێکی لێپرساو. بە هۆی دووبارە سەرهەڵدانەوەی ناکۆکی لە ناو هاوپەیمانێتی چەپدا بە تایبەتی سۆشیالیستو کۆمۆنیست، کۆنگرەکانی نێوان ١٩٧٥ـ١٩٧٩ گرنگیەکەی زۆر بە چۆنێتی مامەڵەکردنی دانوستانانە سۆشیالیست لەناوبزووتنەوەی چەپدا ئەداتو لایەنگرانی ئەو باڵانە پەیدا ئەبن کە پێشنیاری ئەوە ئەکەن پارتی سۆسیالیست بەتەنیا ئیدارەی قەیرانو جەنگە دیموکراسیەکان بکات بە تایبەتی لە کاتی لێکدابڕان لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا، هەندێك لە کادیرانو سەرکردایەتی لەو باوەڕەدا بوون کە ئیدی پارتی سۆشیالیست توانای خودیو تایبەتی بۆ بەڕێوەبردنی کێشەو ڕووداوەکان هەیە. بەڵام لەنێوان (دوو کەلتوری چەپی فەرەنسیدا) وەکو میشێل ڕۆکار ناوی نا لەکۆنگرەی نانتی ١٩٧٧، ئەو ڕایەی زۆرینەی بە سەرۆکایەتی میتێران پەسەند کردەوە کە بەرگری لە هێشتنەوەو بەهێزکردنی یەکێتی نێوان چەپەکان ئەکرد لەبەرامبەر ڕای کەمایەتیەکدا، کە داوای دابڕانی لەسەرمایەداریو هێنانەدیی گەلێ دروشمی ڕادیکاڵی ئەکرد وەکو دابڕانی تەواو لە ڕژێمی ئابوریو سیاسی سەرمایەداریو بەدیهێنانی زیاتری مافی چینەکانی خوارەوەو لەسەروو هەموویەوە زیادکردنی موچە.

## کۆنگرەکانی ساڵانی ۱۹۸۰

کۆنگرەکانی ساڵانی هەشتا کە قۆناغی سەروەریو گەشانەوەی پارتی سۆشیالیستە کە لێپرسراوێتیو دەسەڵاتی سیاسی وڵات ئەگرێتە دەست، لە هەمان کاتدا ئەبێتە کۆنگرەکانی مامەڵەکردنی وردو لێپرسراوانەی پارتی سۆشیالیست بەرامبەر پرسیارە نیشتمانیو ئەوروپیو جیهانیەکانو سەپاندێکی قورسایی ئامێزی سۆشیالیستەکان لەسەر شانۆی سیاسی ناوخۆو دەرەوە، کە ئەبوایە گونجاندن لە نێوان وەفاداری بۆ بیرو باوەڕی سۆشیالیزمو پاراستنی شوناسی فەرەنسیو پێگەی لەسەر ئاستی ئەوروپی وجیهانیدا بگونجێنێت، بۆیە تا دێت پارتی سۆشیالیست بە تێڕوانینێکی سۆشیال دیموکراتی میانڕەوو مۆدێرنەوە ئیدارەی ڕووداوو کێشەکانی ئەو ساڵانە ئەکاتو بە سیاسەتێکی دانوستانانە پارتی سۆشیالیست گرەو لەسەر هێشتنەوەی یەکێتی نێوان چەپ وەکو خواستێکی ستراتیژیو کارکردنی لەناو سیستەمی سەرمایەداریو جێبەجێکردنی چاکسازی تیایدا ئەکات، لەپاڵ پێداگری لەسەر سەروەری نیشتمانی فەرەنسا لەسەر ئاستی دەرەوەو ڕۆڵی پێشەنگی فەرەنسا لە ناو یەکێتی ئەوروپاداو کاریگەری لەسەر ڕەوتی ئابوری بازاڕو پاراستنی سەربەخۆییو نەکەوتنە ناو بازنەی پاشکۆبوونی باڵادەستی ئەمەریکاوە.

بۆیە لە هەموو کۆنگرە ئاساییو نائاساییەکانی نێوان ئەوساڵانەدا گفتوگۆی بەردەوامو گەرم لەسەر چۆنێتی پێکهێنانی دانوستان لەنێوان دەسەڵاتی ئابوریو دەسەڵاتی سۆشیالیست، هێزی گۆڕانکاریو هێزی کۆنەپارێزو موحافیزکارو چۆنێتی مامەڵەکردن وەکو سۆشیالیست لەناو سیستەمی ئابوری بازاڕی سەرمایەداریو زیادبوونی خواستە ئابوریو

کۆمەڵایەتیەکانی چینەکانی خوارەوەو ناوەند، لەگەڵ گرێدانەوەی ئەم مەسەلانە بە سەرجەم سیستەمی جیهانیەوە بابەتی سەرەکی کۆنگرەکان بوون .

## لە١٩٩٧ تا ٢٠٠٢، بەجێهێنانی ئەرکەکان

هەرچەندە پارتی سۆشیالیست لە هەڵبژاردندا سەرۆکایەتی وڵات لەدەست ئەدات، بەڵام لەرێگەی پەرلەمانەوە پاش هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ١٩٩٧ دێتەوە ناو دەسەڵاتو لیۆنێل جۆسپان حکومەتی چەپ پێکئەهێنێتەوە، کە سیاسەتی حیزب لەو قۆناغەدا بەدیهێنانو جێبەجێکردنی ئەرکو بەڵێنەکانە. کۆنگرەکانی ئەو ماوەیە بە بەرجەستەکردنی سۆشیالیستبوونی حیزب جیائەکرێتەوە بەتایبەتی لەسەر ئاستەکانی ئابوریو کۆمەڵایەتی. حکومەتی سۆشیالیستو بەهەمیشە پێداگری حیزب خواستو بەڵێنە سۆشیالیستیەکان ئەکاتە واقیع، وەکو سەپاندنی سیو پێنج کاتژمێر کار لەهەفتەدا، داهێنانی کاری لاوان، پشتگیری سیستەمی بیمەی تەندروستی سەرتاسەریو بەتایبەتیش بە خۆڕایی بۆ کەمدەرامەتەکان، بەرزکردنەوەی توانای کڕینی خەڵك، کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری، بەرەنگار بوونەوەی هەژاریو ناعەدالەتی، دابین کردنی خانووبەرە بۆ کەمدەرامەت وبێ شوێنەکان، باشترو هەرزانکردنی نرخی هاتوچۆ، پاراستنی ژینگە، چاکسازی سیستەمی پەروەردەو خوێندنو هتد .. هەربۆیە زۆربەی گفتوگۆی کۆنگرەکان لەنێو بازنەی ئەو پرسیارە ئابوریو کۆمەڵایەتیانەدا ئەخولێنەوەو تێکەڵی ئەو بریارو تێروانینانەی سۆشیالیستەکانیش ئەبێت سەبارەت بە فراوانکردنی یەکێتی ئەوروپا بۆ هاتنە ناوەوەی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات بە شێوەیەك کە ئەم مەسەلەیە لە ڕووی

سیاسیو ئابوریشەوە گـرێ درابـوو بـە کاریگـەریی بۆسـەر سـەرجەم ئـابوری ئەوروپاو مەسەلەی کارو دەست کەوتو کێشە کۆمەڵایتیەکانەوە.

لە هەمان کاتـدا حیـزب گرنگـی بەکرانـەوە بەسـەر هەڵوێسـتو ڕووداوە جیهانیەکانـدا ئـەدات. لـە ۲۷ ی مایسـی ۱۹۹۹ یەکـەمین کۆبوونـەوەی سۆشیالیستەکانی ئەوروپا لەپاریس ساز ئـەکرێت، دواتـر لەتشـرینی دووەمـی ۱۹۹۹دا پاریس پێشوازی کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنال سۆشیالیستو لـە هـەمان کاتدا ئەنتەرناسیۆنال سۆشیالیستی ژنان ئەکات. بنیاتنانەوەی ئـەوروپا لەبـەر ڕۆشنایی پێشهاتە نوێکانو خواسـتی هاتنـەناوەوەی وڵاتـانی دیو پێکهێنـانی سۆشیالیزمێکی نوێ بابەتی گفتوگۆکان بوون.

## بوومەلەرزەو نیسانی ۲۰۰۲

لەکاتێکدا پشت بەسـتوو بـەو هـەموو چاکسـازیە ئابوریوکۆمەڵایـەتیو کەلتوریانەی کە پارتی سۆشیالیست لەحکومەتـدا ئـەنجامی دابـووو پـارتی بەپشت بەستن بەو ئاستە جەماوەریەی بە دەستی هێنابوو، بەدڵنیاییەوە خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ۲۰۰۲ ئامادە کردبوو، ئەندامانی حیزبیش بەبێ هیچ نارەزاییەك متمانەی خۆیان بە لیۆنێل جۆسپان بەخشیبۆوە وەکو کاندیـدی سۆشیالیستەکان بۆ ئەو جەنگە. بەڵام لە چاوەروانی ئەو ساتەدا بومەلەرزەیەك دنیای هەژاند.

هێرشـە تیرۆیسـتیەکانی ۱۱ی سـێپتەمبەر بـۆ سـەر پـەنتاگۆنو هـەردوو بورجەکەی ناوەندی بازرگانی جیهانی لە ناو دڵی ئەمـەریکاوە هـەموو دنیـای هەژاند، ئەم جارە دنیای ڕۆژئاوای دیموکراسی لە ناو خـاکی خۆیـدا رووبـەڕووی هەڕەشەیەك بۆوە، کە لەنێوان پێکدادانی شارستانیەتەکانو بەتایبەتی جەنگی

باوەڕو ئایینەکانو بەتایبەتی ململانێی دیموکراسیەتی ڕۆژئـاواو سـەرهەڵدانی تیرۆریزمی ئیسلامیدا بیرو ڕای جیاوازی لە نێوان ئاڕاسـتە فیکـریو سیاسـیو حیزبەکانی چەپو ڕاستدا خولقاند، بەتایبەتی بە دووبارە داڕشتنەوەی چەمکی جیهانگیری، کەئەمە خاڵیکی جەوهەری کارکردنی تیـۆری سۆشیالیسـتەکانی لەمـەو دوای داگـیر کـرد. ڕێکخـراوی ئەنتـەر ناسـیۆنال سۆشیالیسـت لـە کۆبوونەوەی نائاساییی خۆیدا لە ٦ی ئۆکتۆبـەری ٢٠٠١ دا هـەموو بەرنامـەی کارەکانی تەرخان کرد بۆ وەڵامدانەوەی ئەو مەسەلانەو چۆنێتی گەڕان بـە دوای ئاشتیو ئاسایش و جەنگ دژی تیرۆریـزمو لـە نـاو بردنـی ناعـەدالەتیـەکانی دنیادا.

لەم بارو دۆخەدا پاش چەند مانگێك لە تراژیدیای ١١ ی سێپتەمبەر لە ٢١ ی نیسانی ٢٠٠٢دا هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی فەرەنسا دەستی پیّ کـرد لـە کەشێکدا کە جەختکردنەوە لەسەر تـرس لـە بیـانیو نائامـادەیی ئاسـایش و گەڕانەوە بۆ ناو قاوغە داخراوەکانی نەتەوەو نیشتمان لە پێش هەموو شـتێکەوە بـوو، لەئـەنجامی دابەشـبوونی خـودی چـەپیش لەهەڵبژاردنەکانـدا، بومەلەرزەیـەکی سیاسـی فەرەنسـا ئەهـەژێنێت کـە لـەخولی یەکـەمی هەڵبژاردنەکاندا لیۆنێل جۆسپان شکست دێنێتو بۆ یەکەمین جار لە مێژووی فەرەنسادا سەرکردەی پارتی ڕەگەز پەرستو دژە بیانیو ئەوپـەڕی ڕاسـت جـان ماری لوپێنی سەرۆکی بەرەی نەتەوەیی فەرەنسا لەخولی یەکەمی هەڵبژاردنـدا پلەی دووەم دێنیتو لەبەرامبەر جـاك شـیراکدا بـۆ خـولی دووەم ئەمێنێتـەوە. فەرەنسا ڕۆژێکی شەرم لەمێژووی خۆیـدا تۆمـار ئـەکات، کـە هـەموو هێـزە پێشکەوتنخوازەکانو کۆمەڵگەی مـەدەنیو توێـژی ڕۆشـنبیرانیش هەسـت بـە جۆرێك لە کەمتەرخەمیو لێپرسـراوێتی خۆیـان ئەکـەن تیایـدا، لـە هـەموو

فەرەنسادا خۆپیشاندانی جەماوەری ئەڕژێتە سەر شەقامەکانو بۆ یەکەمین جار هەموو هێزەکانی چەپ بۆ دانانی بەربەستێك لـە بـەردەم بـەرەی نەتەوەییـدا بەناچاری لەخولی دووەمدا دەنگ بەجاك شیراك ئەدەن. لەئەنجامی ئەو تراژیـدیا سیاسیەدا لیۆنێل جۆسپان بەتەواوی خۆی لەکاری سیاسی دوور ئەخاتەوەو خۆی گۆشەگیر ئەکاتو حیزبەکەی بەبێ کاریزمایەك جێ دێلێتو تا ئـەم سـاتە لـە دوای مەرگی میتێرانو کشانەوەی کەسایەتیەکی کاریزمی وەکو جۆسـپان، لـە قـەیرانی گـەڕان بـە دوای سـەرکردەدا ئـەژی. شکسـتی سۆشیالیسـتەکان لەسەرۆکایەتیدا دواتر لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانیشدا ڕەنگ ئەداتەوە، بۆیە ئیتر سۆشیالیستەکان بیر لەچوونە ناو پرۆسەیەکی فیکری ڕەخنە لە خـۆگرتنو و گەڕان بە دوای خۆبنیاتنانەوە وشوناسی چەپو سۆشیالیسـتبووندا ئەکەنـەوە بە زیاتر چوونە نـاو کۆمـەڵانی خـەڵكو ناوەنـدە هـەژارو پەراوێزکراوەکانـەوە، هەرچەندە پارتی سۆشیالیست تووشی سەختترین برین ئەبێت کـە لەیادەوەریـدا ئەمێنێتەوەو لەیەکەمین پـارتی فەرەنسـاوە ئەبێتـە حیزبێـك لـە هەڵبـژاردنی سەرۆکایەتیدا لەدوای بەرەی نەتەوەیی ڕەگەز پەرستیو ئەوپەڕی ڕاستەوە دێـت، بەڵام هەر دوای هەڵبژاردنەکان زیاتر لە ۲۵ هەزار ئەندامی نـوێ دێنـە ڕیـزی ڕێکخستنەکانیەوە، کە بەشی زۆریان توێژی گەنجانن.

## ۲۰۰۳ ـ ۲۰۰۵، بەرەو قۆناغێکی نوێ

لـەکۆنگرەی دیـژۆن لەمایيسـی ۲۰۰۳ پـارتی سۆشیالیسـت لـە هـەوڵی وەرگرتنی وانەیەکدا بوو لە شکستو تراژیدیای نیسانی ۲۰۰۲و بـە شـێوەیەك کـە ئەیوسـت ڕۆژانـی کـۆنگرە بکاتـە سـەرەتای قۆناغێـك بـۆ هەڵدانـەوەی لاپەرەیەکی نوێو سارێژکردنی برینەکانی ڕابووردووی. هـەموو دەقو پێشـنیارە

سەرەکیەکان کـە گفتوگـۆو پێکدادانـەکانی نـاو کـۆنگرەی جوڵانـد لـەدەوری نوێکردنـەوەی سۆشـیالیزمو کۆبوونـەوە لـەناو پـرۆژە روونو ئاشـکراکانداو بنیاتنـانی دنیایـەکی نـویۆو گێڕانـەوەی سـەروەریو پێشـەنگی بـۆ پـارتی سۆسیالیستو کردنەوەی بە یەکەمین هێزو بزووێنەری ئۆپۆزیسیۆنی چەپ دژی سیاسەتەکانی شیراكو حکومەتی جان پییێر رافارانی راستڕەو گەڵاڵـە کرابـوون. ئەمجارە پارتی سۆسیالیست لە ناو خـودی جـەماوەرەوە سـەنگەری جەنگـەکانی دژی راست لێدا، بە خـەباتکردنی شـان بەشـانی جـەماوەرو بەرجەسـتەکردنی نارەزاییەکانیان لە سەرهەموو ئاستەکانی توێژی مووچەخۆران، فەرمانبـەرانی دەسگا گشتیو تایبەتەکان، کرێکاران، توێژەرانو خوێندکارانو مامۆسـتایانو سەرجەم ئەوانەی ئەبوونە قوربانی بـەردەوامی لەسـەر کـار لابـردن. هـەروەها لەسەر ئاستی پرۆسەی فراوان کردنی ئەوروپا بۆ بیسـتو پێـنج وڵـات. پـارتی سۆسیالیست لایەنگری پاراستنی دەسکەوتە ناوخۆییەکان بوو بە پـەیڕەوکردنی سیاسەتێکی هاوتایی لەنێوان ئامانجە ئابوریو کۆمەڵایەتیەکاندا. ئەم نارەزایی دەربڕینـەی پـارتی سۆسیالیسـت لەبەرامبـەر گەرانـە دواوەی دەسـتکەوتە کۆمەڵایەتیەکانو خراپبوونی باری ئـابوری زۆرینـەی چـینەکانی خـوارەوە بـۆ سۆشیالیستەکان بێ بەرهەم نەبوو، بەڵکو بـووە مایـەی سـەرکەوتنی مـەزنو گەرانەوەی هەیبەتو ئابڕوی سیاسی بۆ پـارتی سۆشیالیسـتو بەدەسـتهێنانی حوکمی شەقام، ئەمەش باشترین وەڵام بوو بـۆ ئـەو وتـە نـاودارەی جـان پییێـر رافارانی سەرۆك وەزیرانـی حکومـەتی راسـت کـە لەئـەنجامی خۆپیشـاندانو نارەزایی زۆربەی کرێکارانو خوێندکارانو چینی ناوەندیش ووتی: ئـەوە شـەقام نیە کە حوکم ئەکات. بەڵام لەجەنگی هەڵبژاردنەکانی شارەوانیو هەرێمەکاندا پارتی سۆشیالیست سەلماندی کە ئەوە نارەزایی شەقامە حوکم ئەکات.

پارتی سۆسیالیست لە هەڵبژاردنەکانی سەرجەم ئەنجومەنی هەرێمەکاندا لە ئازاری ٢٠٠٤ لە کۆی ١٨٨٠ کورسی ١١٥٢ کورسی بەدەست دێنێتو لە کۆی بیستو دوو هەرێمەکەی فەرەنسا سەرۆکایەتی بیست هەرێم مسۆگەر ئەکاتو لە نێویشیدا پاش سەدەیەك لە حوکمی ڕاستڕەو شاری پاریس لە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەکان دێنێتە دەرێو بەو سەرکەوتنانەی لەسەر ئاستی هەرێمو شارەوانیەکانی فەرەنسا برینەکانی پێشووی ساڕێژ ئەکاتو دژە دەسەڵاتێکی دی ڕاستەقینە لەناو جەماوەرەوە بەرامبەر ڕاست ڕائەگرێت، هەروەها لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەوروپاشدا پارتی سۆشیالیست ئەنجامێکی پڕ هەندو جێی قورسایی بەدەست دێنێت بە ڕێژەی ٪٢٨ لەسەر ئاستی فەرەنسادا، کە ئەیخاتەوە پلەی یەکەم حیزب.

## لەریفراندۆمی مایسی ٢٠٠٥وە تا کۆنگرەی مان

لەپایزی ٢٠٠٤ وەو بەدرێژایی ساڵی ٢٠٠٥ مەسەلەی بڕیاردان لەسەر بەڵگەنامەی دەستوری ئەوروپای یەکگرتووو پارتی سۆشیالیست لە لایەكو هەروەها چەپەکانو تەنانەت بەرەی ڕاستیش لە ناوخۆی یەکدیدا دابەش ئەکات بەسەر لایەنگرانی بەڵێو نەخێردا بۆ ئەو پرۆژەی دەستورە. جاك شیراك بڕیاری ئەوە ئەدات کە گەلی فەرەنسا لە ڕیگەی ڕیفراندۆمی گشتیەوە ڕەزامەندی یان ڕەتکردنەوەی خۆی لەسەر دەستوری پێشنیارکراوی ئەوروپا دەربڕێت، لەکاتێکدا هەندێك دەوڵەتی تر پرۆژەکەیان خستبووە بەردەمی پەرلەمان بۆ بڕیاردان. لایەنگرانی بەڵێ باوەڕیان وابوو کە دەستوری داهاتوی ئەوروپا پێشکەوتنو خاڵی ئیجابی زۆری تێدایە سەبارەت بە دەسگاو پێکهاتەکانی داهاتووو پەرەپێدانی کۆمەڵایەتیو ئابوری لە ڕووی پتەوکردنی ئەوروپاوە، بەڵام

لایەنگرانی نەخێر بە پێچەوانەوە لەو بـاوەڕەدابوون کـە ئـەم پـرۆژەی دەسـتورە ڕێخۆشکەرە بۆ لە ڕێ لادانی لیبرالو وەرچەرخاندنی یەکێتی ئەورووپا بە ویستی سەرمایەداریو دوورخستنەوەی لە ئەورووپای سۆشـیالو سـەپاندنی سیسـتەمی سەرمایەداری نوێ. بۆیە پاراستنی ڕووی دیموکراسـیو سۆشـیالی ئـەورووپا بـە ڕەتکردنەوەی ئەو پرۆژەیەو وەڵامدانەوەی نەخێر دێتە دی.

هەرچەندە خودی زۆرینەی پارتی سۆشیالیست لە ڕیفراندۆمی ناوخۆییدا بـە بەڵێ پشتگیری خۆی بۆ پرۆژەکە نیشاندا، بەڵام کەمایەتی حیـزب بـە ڕابـەری چـەند سـەرکردایەتیەکی نـاوداری حیـزب وەکـو لـۆران فـابیۆس، هـەنری ئیمـانۆییلیو جـان لیـوك میلانشـۆ، بـە هـەموو هێـزو قورسـایی خۆیانـەوە شانبەشانی هەنـدێکی تـر لـە بـەرەکانی ئەوپـەڕی چـەپو ڕاسـت هەڵمـەتی پروپاگەندەیان دژی پرۆژەی دەستوری ئەورووپا دەست پێ کردو هانی خەڵکیان دا بە دەنگدان لەسەری بە نەخێر. لە ئەنجامدا دەنگدەرانی فەرەنسا لە ڕۆژی ٢٩ی مایسی ٢٠٠٥ بەڕێژەی ٥٤٪ زیاتر بەنەخێر پرۆژەی دەستوری ئـەورووپایان ڕەت کردەوەو لە گۆڕیان نا، پـاش ڕەتکردنـەوەی لـە لایـەن گـەلی فەرەنسـاوە ئـیتر پرۆژەکە پێداویستی بوونی نەما، چـونکە بـۆ پەسـەندکردنی ئەبوایـە هـەموو دەوڵەتە بەشدارەکانی ئەورووپا بە دەسـتەجەمعی قبـوڵی بکـەن، نارەزامەنـدی وڵاتێك بەس بوو بۆ لەناوبردنی پرۆژەکە، کە ئەگەر بەدی بهاتایە، ئەوا ئەورووپا وەکو شـێوە دوڵـەتێکی فیـدرالی یـەکگرتووی لـێ ئـەهات. لەئـەنجامی ئـەو نەخێرەی بەشێکی زۆری سۆشیالیستەکان بە پابەند نەبوونی هەندێك هەڤاڵانی بە بریاری حیزبەوە ،لە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ئەنجومەنی نیشتمانی حیزبـدا پـارتی سۆشیالیسـت بڕیـاری سـڕکردنو کەنارخسـتنی ئـەو ئەندامانـەی سەرکردایەتی داو داوای سازدانی کۆنگرەیەکی نائاسایی کرد کە لەشاری مـان

لە ڕۆژانی ١٨ـ١٩ـ٢٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ بەسترا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو مەسەلانەو دارشتنەوەی سیاسەتی حیزب.

کۆنگرەی حیزب لە هەمان کاتدا لە ڕۆژانێکدا سازکرا کە کەوتە دوابەدوای ئەو ڕووداوو ئاژاوەو پێکدادانەی نێوان هێزەکانی پۆلیسو خەڵکانێکی زۆری ڕاپەڕیوی دانیشتووی قەراغ شارەکانی پاریسو شارەگەورەکانی ترەوە، کە لەهەستکردن بەپەراوێزیو ڕەتکردنەوەدا ئەژیان لە لایەن دەسگاو پێکهاتە دەسەڵاتیەکانی فەرەنساو تاڕادەیەکی زۆریش لە لایەن کۆمەڵگەی فەرەنسیەوە، بۆیە ئەم مەسەلەیەش بەشێکی زۆری کارو گفتوگۆکانی کۆنگرەی داگیر کرد. سەرکردەکانی پێنج باڵە بەشداربووەکانی ناو کۆنگرە لە پوختەی پێشنیارەکانیانو لە میانەی چەندین گفتوگۆی سەختو توندا هەوڵیان ئەدا لایەنگرانی بەڵێو نەخێری ریفراندۆم لە خۆ کۆبکەنەوەو چوارچێوەیەك لە تێگەیشتنو گونجان لە نێو هەڤاڵە ناکۆکەکاندا بدۆزنەوە. سەر ئەنجام پوختەی ڕاگەیاندنێکی تەوافوقی لە نێو باڵەکاندا پێکهاتو جارێکی تر فراسوا هۆلاند بە سکرتێری یەکەمی حیزب هەڵبژێردرایەوەو کۆنگرەش لیژنەیەکی دانا بۆ دانانی پرۆژەی داهاتووی حیزب کە خۆ ئامادەکردن بوو بۆ جەنگی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی داهاتووی فەرەنسا لە ٢٠٠٧داو دۆزینەوەی کەسێك کە بتوانێت نمایشی سۆشیالیستەکان بکات لەو شەڕە چارەنووسسازەدا پاش خۆکێشانەوەی تەواوی لیۆنێل جۆسپان لە ژیانی سیاسیو پاشگەز نەبوونەوەی لە بڕیارەکەی سەرەڕای هەوڵی هەڤاڵە بەوەفاکانی بۆ گەڕانەوەیو ڕابەریکردنی پارتی سۆشیالیست.

بۆیە ئەندامانی پارتی سۆشیالیست ناچار بوون بۆ دیاریکردنی کاندیدی خۆیان بۆ سەرۆکایەتی فەرەنسا لە نێوان سێ کاندیدی حیزبیدا کە خۆیان

پاڵاوتبوو، یەکێك هەڵبژێرن، ئەمەش یەکەم جار بوو کە حیزبێکی فەرەنسی گفتوگۆی ڕووبەڕوو لە نێو ئەندامەکانیدا ساز بدات بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشەیەو لە ڕێگەی سازدانی دیالۆگی ڕووبەڕووی کاندیدەکانو پاشان دەنگدانی ئەندامانەوە کاندیدی حیزبەکە دیاری بکرێت، بۆ ئەوپرۆسەیەش سێ کاندید خۆیان پاڵاوتبوو، لۆران فابیۆس، دۆمینیك سترۆسکان، بۆ یەکەمین جاریش ژنێك کە ئەویش سیگۆلێن ڕوایال بوو، ئەم سێ کاندیدە هەر کەسەیان خاوەنی بەهرەو توانای سیاسیو ئەزمونی پەرلەمانیو حکومەت بوونو هەریەکەیان لە دیدی خۆیانەوە بەرگریان لە نوێکردنەوەی پارتی سۆشیالیست ئەکرد، تا دواجار لە ڕێگەی دەنگدانی ئەندامانەوە بۆ یەکەمین جار پارتی سۆشیالیست لە مێژووی خۆیدا ژنێکی کردە کاندیدی خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی، کە ئەویش سیگۆلێن ڕوایال بوو، کە لە مێژووی حیزبایەتی فەرەنساشدا هەر یەکەمین ژنی کاندیدکراو بوو بۆ ئەو جەنگە، کە بەرامبەر نیکۆلا سارکۆزی سەرۆکی ئێستای فەرەنسا وەستایەوەو لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکاندا شکستی هێنا .

## کۆنگرەی ڕانس ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٨

پارتی سۆشیالیستی فەرەنسا بە کۆمەڵێك کێشەو ناکۆکیو پارچە پارچەبوونێکی بێ وێنەوە لەمێژووی خۆیدا حەفتاو پێنجەمین کۆنگرەی گشتی خۆی لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٠٨ دا لە شاری ڕانسی سەر بە ئیقلیمی شامپاین بەست، لەو کۆنگرەیەدا جگە لەوەی کە پێنج باڵی سەرەکی بەشداری کۆنگرەیان کرد، بەشێوەیەك کە هیچ لایەکیان توانای ئەوەی نەبوو بەتەنیا زۆرینە پێکبێنێت یان زۆربەی ئەندامان لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، لەهەمان

کاتیشدا ناکۆکی نێوان ئەندامان بە سەختی دیار بوو لە لایەك لە نێوان باڵی سیگۆلێن روایال کە داوای نوێکردنەوەی پارتی سۆشیالیستی ئەکرد بە شێوەیەك واز لە هەندێك بیرو باوەڕی چەپی رادیکاڵو تەقلیدی بێنێتو پەیمان لەگەڵ ناوەند ببەستێتو زیاتر پیادەی سۆشیالیزمێکی شێوە رۆژئاوایی نوێ بکات، لەلایەکی تر لە نێوان هەندێك باڵی تردا کە زیاتر داوای گۆڕانکاریو خۆ نوێکردنەوەی پارتی سۆشیالیستیان ئەکرد لە چوارچێوەی چەمكو باوەڕە تەقلیدیەکانی پارتی سۆشیالیستداو بەخۆبەستنەوە بەهاوپەیمانە مێژووییەکانیەوە لەچەپی کلاسیك. هەروەها لەو کۆنگرەیەدا فرانسوا هۆلاندی سکرتێری یەکەمی حیزب کە ماوەی دوانزە ساڵ بوو سەرکردایەتی حیزبی ئەکرد پێشتر دەست کێشانەوەی لەو پۆستە ڕاگەیاندبوو وتاریماڵئاوایی لەپۆستی سکرتێری یەکەمی حیزب پێشکەش کرد، بۆیە پارتی سۆشیالیست لەپاڵ خۆ نوێکردنەوەو گەڕان بە دوای میتۆدی نوێدا مەحکومیش بوو بەگەڕان بەدوای سکرتێرو ڕابەرێکی نوێی تردا، لەو کۆنگرەیەدا پارتی سۆشیالیست بە لێکتێنەگەیشتنی نێوان ئەندامانیو بێ دەرەئەنجامی گفتوگۆی نێوان باڵەکانی کۆتایی بەکۆنگرە هێنا، کە تەنانەت نەیتوانی ڕاگەیاندنێکی کۆتاییش بڵاو بکاتەوە کە ڕابەرانی کۆنگرە لەسەری کۆك بن، کۆنگرە بەلێکدابڕاویو بێ بەرنامەی داهاتوو کۆتایی هاتو لە ململانێیەکی سەختیشدا بۆ هەڵبژاردنی سکرتێری یەکەمی حیزبیش کێبرکێ کەوتە نێوان دوو ژنەوە ئەوانیش سیگۆلێن روایالو مارتین ئۆبری بوو، پارتی سۆشیالیست لەو جەنگەشدا زۆر بەپارچە پارچەیی هاتە دەرێ، کە دەرئەنجامەکەی لەدوای هەڵبژاردنیش هەر مایەوە. لەو هەڵبژاردنەدا مارتین ئۆبری بە جیاوازی تەنها ٤٥ دەنگی ئەندامان زیاتر لە سیگۆلێن روایال بووە سکرتێری یەکەمی پارتی سۆشیالیست، بەڵام باڵی

سیگۆلێن روایال کە بەو دەرئەنجامە رازی نەبوون، جۆرێك لە سڕکردنی خۆیان لە ناو حیزبەکەدا راگەیاند تا ئەو ئاستەی تا ماوەیەکیش بەشداری ئۆرگانە سەرکردایەتیەکانی پارتی سۆشیالیستسیان نەکرد. تاکە دیاردەیەك کە پارتی سۆشیالیست وەکو مێژوو لەو کۆنگرەیەدا تۆماری کردبێت، ئەوەبوو کە بۆ یەکەمین جار ژنێك بووە سکرتێری یەکەمی حیزبەکە.

## هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپی لە ٨ حوزەیرانی ٢٠٠٩ دا

پارتی سۆشیالیست بەو کێشە سەختو ناکۆکیانەوە کەوتە ناو جەنگی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەوروپاوە، کە ئەبوایە هاوڵاتیانی بیستو حەوت وڵاتی ئەوروپا ٩٣٦ ئەندام هەڵبژێرن بە رێژەی دانیشتوانی وڵاتەکانیان، هەموو هێزە سیاسیەکانی ئەوروپا لە راستی میانڕەوو ناوەندو سۆشیال دیموکراتو چەپی رادیکاڵو ئەوپەڕی چەپو راستەوە بە لیستی داخراو بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کرد، بەرەی راست سەرکەوتنێکی مەزنی لە بەرامبەر چەپدا بەدەست هێنا کە زیاتر لە ٤٤٩ کورسی مسۆگەر کرد لە بەرامبەر تەنها ٢٦١ کورسی بۆ چەپەکانی ئەوروپا کە تیایدا سۆشیال دیموکراتەکان ١٨٢ کورسیو سەوزو ژینگە پارێزەکان ٤٨ کورسیان بەدەست هێنا. پارتی سۆشیالیستی فەرەنسا شکستێکی تری بە خۆیەوە بینی لەو هەڵبژاردنەدا کە تەنها توانی ١٤ کورسی بە دەست بێنێت لە کاتێکدا بزووتنەوەی سەوزەکان لە فەرەنسادا بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو ١٤ کورسیان بەدەست هێنا، لە هەمان کاتدا پارتی راستی دەسەڵاتدار ،UMP یەکێتی بۆ بزووتنەوەیەکی میللی سەرکەوتنێکی دیاری دژی پارتی سۆشیالیستەکان بەدەست هێنا بەمسۆگەرکردنی ٢٨ کورسی بۆ پەرلەمانی ئەوروپا. ئەم رووداوە

جارێکی تر پرسیاری خۆنوێکردنــەوەو خۆبنیاتنانــەوەی لای ئەنــدامانی پــارتی سۆشیالیست دروست کرد ، کە سەرکردایەتیەکەی ناچار کرد بڕیــاری ســازدانی زنجیرەیەك کۆبوونەوەی گشتیو پلینۆم بدات بۆ دووبارە وەڵــام دانــەوەی هــەموو پرسیارە سەختەکانو گەڕان بە دوای شوناسی سۆشیالیستبووندا .

# بەشی سێهەم

## پرۆگرامی پارتی سۆشیالیستی فەرەنسی

## بانگەشەی بیرو باوەڕە بنچینەییەکان

## LA DECLARATION DE PRINCIPES

پارتی سۆشیالیست ڕەگو ڕیشەی خۆی لە ناو دابو نەریتی مرۆڤایەتیو فەلسەفەی ڕۆشنگەریدا داکوتاوە. هەلگری بەهاکانی ئازادی، یەکسانیو برایەتیە کە شۆڕشی فەرەنسی بانگەشەی بۆ کرد. لەدایکبووی پێکەوە گرێدانی بیروباوەڕێکی ڕەخنەگرانەی دەوڵەمەندو فرەلایەنە لەگەڵ خەباتی بزووتنەوەی کرێکاران، کە ماوەی دوو سەدەیە بۆتە هەلگری نارەزایی دژی ئەو شێوازە ڕیزبەندیە کۆمەڵایەتیەی لە لایەن سەرمایەداریەوە سەپێنراوە، بەرگری لە بنیاتنانی کۆمەلگەیەك ئەکات کە هەموو ئەندامەکان تیایدا سوودمەند بن لە هەمان مافو ئازادیەکاندا. خۆی بە داهێنەرو میراتگری پێگە دیموکراسیەکانی شۆڕشی فەرەنساو جمهوریەت ئەزانێتو خولقێنەری یادەوەریە مەزنەکانە هەر لەڕاپەڕینی ١٨٤٨ ەوە تا نەهێشتنی سیستەمی کۆیلایەتی، دامەزراندنی کۆمۆنە، خەبات لەپێناوی عیلمانیەتدا، سەرکەوتنە مەزنەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیو پێکهێنانی بەرەی میللی، پێشەنگی ڕاپەڕینەکانی مایسی ٦٨و مایسی ٨١و لەو کاتەوە پێکهێنانی حکومەتە یەك بەدوای یەکەکانی چەپ. بەشداریەکی مەزنی جەنگە سیاسیو ڕۆشنگەریەکان ئەکات بۆ بەدیهێنانی ئازادیو دادپەروەری تا نەهێشتنی سزادان بە مەرگ. باوەڕی بە جاڕی گەردوونی ١٩٤٨ ی مافی مرۆڤ هەیە.

خواستو داواکاریەکانی هەمیشە پابەندی ژیانی ڕۆژانەن. مرۆڤ بە لای سۆشیالیستەکانەوە بوونەوەرێکی ژیرو بەهرەمەندە، ئازادو کۆمەڵایەتیە کە لە میانەی پەیوەندیەکانیەوە بە کەسانی دیەوە گەشە ئەکاتو لەبەردەم هەموو

ئەگەرەکاندا شایستەی گۆڕانە. بۆیە ئەو هەلو مەرجەی تێیدا ئـەژی، هۆکـاری بنەڕەتیە. بنیاتنانی جیهانێکی نویێو باشتر بە ڕێزگرتن لـە کەرامـەتی مـرۆڤ، پاراستنی گۆی زەوی لە ئەرکە سەرەکیەکانی سۆشیالیسـتەکانە کـە نـەوە لـە دوای نەوە هاندەری نوێکردنەوەی ئەو خەباتەیە، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەش شێوە خەباتی جیاواز بەپێی جیاوازی قۆناغو کێشەو ململانێکان ئەگرێتە بـەر. سۆشیالیزمی دیموکراسی ئەخوازێت لێکدانەوە بۆ جیهان بکـات، بەرنامەیـەك بۆ گۆڕینیو بەڵێنێك بۆ پاشەڕۆژی مرۆڤایەتی بخاتە ڕوو. بیرو باوەڕەکەی بریتیە لە : (هەنگاونان لە ئایدیالەوە بۆ تێگەیشتنی واقیع)، کار کردن لە ئێستاداو بۆ بەدیهێنانی ئایندە، باوەڕ هێنان بە گرژیو ناتەباییـەکان کـە دەرەئـەنجامی ژیانی مرۆڤایەتین.

## یەکەم : ئامانجە بنەڕەتیەکانمان

### بڕگەی ١

سۆشیالیستبوون مانای خۆشحاڵ نەبوونە بە دنیا وەکو ئەوەی لـە ئارادایـەو خواستی گۆڕینی کۆمەڵگەیە. فیکری سۆشیالیزم لە هەمان کاتدا پەیوەسـتە بە یاخی بوون لـە ناعەدالەتیـەکانو خـەبات بـۆ ژیـانێکی باشـتر. ئامـانجی بزووتنەوەی سۆشیالیست ئازادکردنی تەواوی مرۆڤایەتیە.

### بڕگەی ٢

یەکسانی لە ناوجەرگەی بیروباوەڕماندایە، ئەم خواستەش تەنها بە بوونو لە ڕێگـەی ئازادیـەوە مانابەخشـە. یەکسـانیو ئـازادی لـە گـەڵ ناعەدالـەتیو سـتەمکاریدا یەکناگرنـەوە. بـیرو بـاوەڕی سۆشیالیسـت تـێ ئەکۆشـێت بـۆ

هێنانەدیی مرۆڤایەتیەکی ئازاد، دادپەروەر، یەکدیگیرو برایەتی. هەڵگری پەیامێکی جیهانیە بۆ بەرگریکردن لە مافە بنەڕەتیەکانی هەموو تاکە کەسێك. ئامانجی سۆشیالیستەکان لەو شێوازە جووڵە خۆبەخۆییەی هەریەکە لە ئابوری‌و کۆمەڵگەدا نایەتەدی. بۆیە هەمیشە دابەشکردنەوەی بەردەوامی بەرهەم‌و سامان پێداویستیەکی گرنگە بۆ بەرجەستەکردنی واقیعیانەی یەکسانی لە مافەکان‌و فەراهەمکردنی هەل لە بەردەم هەموو کەسێکدا بۆ ڕێکخستنی ژیانی خۆیی‌و نەهێشتنی جیاوازی نێوان هەل ومەرجی ژیان‌و لەناوبردنی هەژاری.

## بڕگەی ٣

پێویستە گەشەسەندنی درێژخایەن وەڵامدەرەوەی پێداویستیەکانی سەردەم بێت بە بێ ئەوەی مەترسیش بخاتە سەر نەوەی نوێ. ئامانجەکانی سۆشیال دیموکرات جەختکردنی تەواوە لەسەر: پارێزگاریکردنی گۆی زەوی کە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی هەندێك هەڕەشەی تایبەت بۆتەوە بەهۆی مەترسی گۆڕانکاری لەپلەی گەرمی‌و لەناوچوونی فرە زیندەگی. پاراستن‌و نوێکردنەوەی سامانە سروشتیەکان، گەشەپێدانی ئاستی چۆنایەتی ژینگە، ئەم زەرورەتە خوازیاری دۆزینەوەی ئەو وەڵامانەیە کە مەرج نیە هەڵگری دەسکەوتی تایبەتی هەنوکەیی بن، بەڵام هاوگونجانێك لە نێوان بەرژەوەندیە گشتی‌و تایبەتیەکاندا ڕێك ئەخات. هەروەها سۆشیالیستەکان لە هۆشیاری تەواویانەوە بەو کارلێکەریە دولایەنیەی لەنێوان چالاکیە مرۆییەکان‌و سیستەمی ژینگەدا هەیە، پاراستنی گۆی زەوی‌و گەشەپێدانی بە ئاستێکی دروست لە نێوان

وەبەرهێنانو پێداویستیەکاندا، لە ریزی پێشەوەی ئامانجەکانی خۆیاندا تۆمار کردووە.

## بڕگەی ٤

پێشکەوتن شانبەشانی باشترکردنی هەلو مەرجەکانی ژیانی مرۆڤ یەکێکە لەبەها هەرە سەرەکیەکانی سۆشیالیستەکان. ئەوان پێیان وایە کە ئەبێت پیادەکردنی مەعریفە بۆ هەموو کەسێك والاو پەسەندکراو بێت، بۆیە داوای گەشە پێدانی زانینو توێژینەوەو کەلتور ئەکەن. ئەخوازن کە پێشکەوتنەکانی بواری زانستو تەکنەلۆژیا بخرێنە بەرژەوەندی مرۆڤو گوێ زەمینەوە. ئەمەش پرسیاری جەوهەری سەبارەت بەئاییندەی مرۆڤایەتی ئەخاتە ڕوو. لەکاتێکدا کە پەرەسەندنی زانستی بەدەر نیە لە مەترسیش، سۆشیالیستەکان بەرگری لە بنەمای حوکمدانێکی دیموکراسیانەی دەستە جەمعی ئەکەن بۆ هەڵسەنگاندنی داهێنانە نوێکانو گرنگیان بۆ بەکارهێنانی ڕەوا.

چیتر پەرەسەندنی ئابوریو کۆمەڵایەتی تەنها بەئاستی بەرزبوونەوەی بەرهەمو کاڵا پەسەند ناکرێت. بەڵکو پێویستە ئەو گەشەسەندنە لەباشترکردنی چۆنایەتی هەلو مەرجەکانی بوونو کاری تاکەکەساندا ڕەنگ بداتەوە.

## بڕگەی ٥

دیموکراسیەت لە هەمان کاتدا واتە ئامانجو هۆکار. بەهاو تێکۆشانو خەباتێکی جیهانی لەخۆ ئەگرێتو مەرجێکی سروشتی بزووتنەوەی سۆشیالیزمیشە. دیموکراسیەت لە تەنها میتۆدێکدا کورت ناکرێتەوە. سۆشیالیست بوون مانای ئەوەیە کە ژنو پیاو پێکەوە لە ڕێگەی کردارەوە

کاریگەریی لەسەر گۆڕینی ژیانی خۆیانو کۆمەڵگەو جیهان دروست ئەکەن. سۆشیالیزمی ئێمە بریتیە لە تێڕوانینو بەرجەستەکردنی هاونیشتمانێتی لە هەموو بوارەکانداو بە هەموو شێوازەکانیەوە، دیموکراسیەتی سیاسیو دیموکراسیەتی کۆمەڵایەتی، دیموکراسیەتی نوێنەرایەتیو دیموکراسیەتی بەشدار بوون، کە هەموو پێکەوە دەستاو دەستکردنی دەسەڵاتو بڕیاری گشتی پێك دێنن.

## دووەم : ئاما نجەکا نمان بۆ سەدەی بیستو یەك

## بڕگەی ٦

سۆشیالیستەکان خاوەنی ڕەخنەیەکی مێژوویی سیستەمی سەرمایەدارین، کە خولقێنەری نایەکسانی، هۆکاری قەیرانەکانو تێکدانی سەقامگیری ژینگەیە کە لەم سەردەمی جیهانگیریەی ژێر باڵادەستی سەرمایەداریی پارەدا بۆتە مەسەلەیەکی ڕۆژانە. سۆشیالیستەکان لایەنگری ئابوریەکی سۆشیالیستیو ژینگەپارێزی بازاڕن، ئابوریەکی بازاڕ کە لە لایەن دەسەڵاتی گشتیو ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەوە ڕێك بخرێت، کە ئامانجی سەرەکیان فەراهەمکردنی پێداویستیە کۆمەڵایەتییە جەوهەریەکانە. ئەو سیستەمەی سۆشیالیستەکان داوای ئەکەن، بریتیە لەئابوریەکی تێکەڵ بەپێکەوە گرێدانی بەشێکی ئابوری تایبەتی چالاك، بەشێکی ئابوری گشتی پێویست بۆ خزمەتگوزاری گشتیو چۆنایەتی بۆ هەموو کەس، بەشی سێهەمیش ئابوریەکی کۆمەڵایەتی یەکدیگیرە. سۆشیالیستەکان جەخت لەسەر ئەوە ئەکەنەوە کە بەشێکی دیاری موڵكو خزمەتگوزاری نابێت بکرێنە بابەتی ئابوری بازاڕ، بەتایبەتی کاتێك ئەوانە پەیوەندیان بە مافە بنەڕەتیەکانەوە

هەیـەو لێرەوەیـە هەمیشـە داهێنانـەوەو دابەشـکردنەوەی سـامان گرەوێکـی سەرەکی چالاکیە سیاسیەکانیانە.

## بڕگەی ٧

سۆشیالیستەکان لەسەر ئاستی هەموو جیهاندا بەرگری لە مۆدێلێکی نوێی پەرەپێدان ئەکەن، کە گەشەسەندن، داهێنان، پاراستنی ژینگە بـە خولقانـدنی کارو پارێزگاری کۆمەڵایەتیەوە گرێ بدات. سۆشیالیستەکان نەك تـەنها هـەر گرنگی بە چەندایەتی بەرهەمهێنانی بەروبوومو سامانو دابەشـکردنی ئـەدەن، بـەڵکو گرنگـی بەشـێوازی بەرهـەمهێنانو جـۆرو ناوەڕۆکەکەشـی ئـەدەن. سۆشیالیستەکان کار ئەکەن بۆ ئەوەی گەشەسەندنی ئـابوریو بەرهـەمهێنانی سامان لە ڕێگەی کەمتر وەبەرهێنانی ئەو سەروەتو سامانە سروشتیانەوە بێت، کە توانای نوێ بوونەوەیان نیەو پێداگری بەرهەمهێنانن لـەڕێی پتەوکردنـەوەی هاوتایی کۆمەڵایەتیەوە.

## بڕگەی ٨

کار بۆ مرۆڤ ئەرکو مافێکی بنەڕەتیە. هۆکارێکە بۆ تاکەکەسو گشت بـۆ بوون بە بەشێك لـە کۆمـەڵو خـود ناسـینو سـەربەخۆیی. سۆشیالیسـتەکان کۆمەڵگای دوو بەرەیی ڕەت ئەکەنەوەو بەرەنگاری ئەبنەوە کە تیایدا کەسـانێك بەرهەمی کار بۆ خۆیان ئەکێشنەوەو کەسانێکی تریش لە بازنەی داخراوی کەم دەرامەتیو پەراوێزیدا گوزەران ئەکەن. بەرگری لـە بنـەماکانی کۆمەڵگەیـەك ئەکەن، کە هەل بۆ هەموو کەسێك بڕەخسـێنێت بەسـەربەرزی بـژی. ئامـانجی سەرەکی لە ڕاپەڕاندنی کاردا بریتیە لە بەخشینی مووچەیەکی ڕەوا، گـەلێکی تر لە مافی زامن کراوو ڕێزلێگیراو. بـواری چـوونە نـاو خـولی پەرەپێـدان بـە

بەردەوامی بە مەبەستی بەرزبوونەوەی پلەی پیشەیی‌و کۆمەڵایەتی. پێویستە کار هاوسەنگی لە ژیاندا دروست بکات بە مسۆگەرکردنی کاتی ئازاد. هێشتنەوەی بوار بۆ وەرزش‌و چالاکیی کەلتوری‌و ڕێگەدان بە هەموو تاکەکەسێك بۆ بنیاتنانی ژیانی خۆیی‌و بەشداریکردن لە ژیانی کۆمەڵگەداو جێگەی تەواوی خۆشی لە بەش‌و دەسگا نا بازرگانیەکاندا بکاتەوە.

## بڕگەی ٩

شوێنەوارێکی دیارو تایبەتمەندی سۆشیالیزمی دیموکراسی لەسەدەی ڕابووردوودا کە دووبارە گرنگی خۆ نوێکردنەوەی هەیە دەوڵەتی سۆشیالیستیە، کە لەڕێگەی گشتەوە پێداویستیە جیاوازەکانی تاکە کەس مەیسەر ئەکات. وەبەرهێنانێکی بەرهەمهێن ئەخاتە پێش دەسکەوتنی داهاتی مامەڵەی سەرمایەو بوورسەوە. دەوڵەت ئەرکی وەبەرهێنان‌و ڕێگا واڵاکردن ئەگرێتە ئەستۆ لەپاڵ پاراستن‌و گرنگیدان بەپەروەردە، توێژینەوە، داهێنان، کەلتورو فەراهەمکردنی پاراستنی کۆمەڵگە لەو مەترسیانەی بەرەوڕووی ئەبێتەوە. دەوڵەت پابەندی دابەشکردنەوەیەکی لێپرسراوانەی سامان‌و خستنە گەڕی داراییەکی پەرەسەندووە. ئەبێت بۆ هەمووان ببێتە زامنکەری ئاساییشی کەسان‌و موڵك‌وماڵیان کە بە بێ ئەوە ئازادی ڕاستەقینە مانای نیە، ڕۆڵێکی هەرە مەزنی دەوڵەت پتەوی ڕێساو دیسپلینە بۆ ڕاگرتنی هاوتایی لەنێوان ئابوری‌و بازاڕو هاوتایی نێوان دیموکراسیەت‌و پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی، هەروەها هاوتایی‌و سەقامگیریش لەسەر ئاستی نیشتماندا.

## بڕگەی ١٠

خەبات لەپێناوی ئاشتی، ئاسایشی گشتیو پێکەوە پێشکەوتندا، دروشمێکی ئەنتەرناسیۆنال ـ سۆشیالیستەو تێڕوانینی ئێمەیە لەدەسپێکی ئەم سەدەیەدا. خەباتکردن بۆ کۆمەڵگەیەکی نێودەوڵەتی ئاشتیخواز جیاناکرێتەوە لەبەرگریکردن لەمافی مرۆڤو خەبات بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی. ئەم خەباتە بەدانانان بەجیاکردنەوەی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی دەوڵەتانو بەرژەوەندی گەلان پێداویستی کارکردن ئەخوازێت بۆ سەرخستنی بەرژەوەندیە گشتیەکان لەپێناوی بنیاتنانی جیهانێکی هاوتاو دادپەروەرو ئارامدا. ئەرکێکی مەزن ئەخوازێت بۆ پتەوکردنو چاکسازیو بەدیموکراسیکردنی پێکهاتە نوێیە دەوڵەتیەکان، دواجار بەڕێوەبردنێکی یەکدیگیری سامانە گشتیە جیهانیەکان ئەخوازێت لەڕیزی پێشەوەیاندا کەشو هەوا، ئاو، زینەدەوەرو ژینگەی جیاواز. هەر بۆیە پێویستیمان بەبەهێزکردنەوەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو سەپاندنی قورسایی یەکێتی ئەوروپاو پێداگری لەسەری هەیە.

## بڕگەی ١١

خواستی سۆشیالیستەکان کارکردنە بۆ هەمیشە هێشتنەوەی فەرەنسا وەکو دەوڵەتێکی کراوەو ڕێزلێگیراو لەدنیادا، ئاوەڵا بۆ ئاشتی، مافی مرۆڤو پەرەسەندنی درێژخایەن. فەرەنسا خاوەن مێژوویەکی تایبەتو جیهانگەرایە کە ئەبێت بەوەفاداری بۆ ئەو میراتە مرۆییە بمێنیتەوەو خەبات دژی جیاکاری بەرپابکاتو مافە بنەڕەتیەکانی بیانیە کۆچکەرەکان بپارێزێت.

## سێهەم : پارتی سۆشیالیستی ئێمە

### بڕگەی ١٢

پــارتی سۆشیالیســت پــارتێکی کۆماریــە. بەمەبەســتی ئــەرك‌و خزمــەتی هاونیشتمانی خـۆی ڕێـك ئـەخات. بـاوەڕی بەبـەهاکانی جمهوریـەت: ئـازادی، یەکسانی، برایەتی‌و علمانیەت هەیە. لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بـەزامنی ڕژێمێکـی دەســەڵاتدارێتی گشــت دائــەنێت. بــەرگری لەفرەلایــەنی‌و ئــازادی بڵاوکردنەوە لە ڕاگەیاندنەکاندا ئەکات. بەلای ئەوەوە نەتــەوە- دەوڵــەت تــەنها پێکەوە ژیانی پێکهاتــەکانی نیــە، بــەڵکو پــەیمانێکی نێــوان هاونیشــتمانانی ئازادە، کە ئەبێت ڕێزی مافەکانی هەموو ئـەو کەسـانە بگرێـت، کـە لەسـەر خاکەکەی ئەژین‌و چاودێری ئەوەش بکات، کە هەموو کەسێك ئەرکەکانی خۆی بەرامبــەر دەوڵــەت جێبــەجێ بکــات. پــارتی سۆشیالیســت خواســتی لــەخۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەوانەی هەیە، کە باوەڕیان بەبەهاکانی جمهوریەت هەیە.

### بڕگەی ١٣

پارتی سۆشیالیست پارتێکی (لائیکە) علمانیــە. بــەرگری لەجیاکردنــەوەی کەنیســە لەدەوڵــەت‌و ســەپاندنی تایبەتمەنــدێتی علمانیــەتبوونی خوێنــدگا گشتیەکان ئەکات. چاودێری ئازادی بیرو بــاوەڕ ئــەکات. علمانیــەت لەبنــەماو باوەڕی لێبوردەییش فراوانترەو بەڵکو خەباتە دژی هــەموو جــۆرە ڕیشــەگەرایی، دەمــارگیری‌و مەزهەبگەراییــەك. پشــتگیری واڵــاکردنی پانتاییــەکی هاوبــەش ئەکات کە تیایدا ڕێزی ئایینەکان بگیرێت کە لەناو چوارچێوەی یاسادا پەیرەوی خۆیان بکەن بەمەرجێك نەبنە ڕێگر لەبــەردەم ئــازادی تاکەکەســان‌و گشــتیدا. علمانیەت مەرجی پێکەوە ژیانمانە لەناو جمهوریەتدا.

## بڕگەی ١٤

پارتی سۆشیالیست پارتێکی ڕیفۆرمخوازە، ئومێدی هەیە کە دەسەڵاتی حکومی لەسەر هەموو ئاستەکاندا پیادە بکات بەمەبەستی گۆڕینی کۆمەڵگا. هەڵگری پرۆژەیەکی گۆڕانکاری ڕیشەیی کۆمەڵگایە. ئەشزانێ کە ئەم ئەرکە بەبڕیار نایەتە دی، بەڵکو دەرئەنجامی خواستێکی دەستەجەمعی بەهێزە کە بەقۆناغی زەمەنی مێژوویی بەرپرسیارێتی گۆڕینی ئایدیال بۆ واقیع لەئەستۆ ئەگرێت. پارتی سۆشیالیست ئەیەوێت خودی ژیانی کۆمەڵگە لەڕێگای بەشداری کۆمەڵگە خۆیەوە بگۆڕێت. هیچ کاتێکیش باوەڕی بەبەکارهێنانی توندو تیژی وەکو هۆکارێکی دۆگمو پێویست بۆ گۆڕران نیە. خەبات ئەکات دژی هەموو چەمكو لێکدانەوەیەکی حەتمی نەگۆڕی کۆمەڵگا، کە سەرچاوەی نادادپەروەریو نایەکسانیەکانە.

## بڕگەی ١٥

پارتی سۆشیالیست پارتێکی مافخوازی ژنانە (فێمینیستە). بۆ ئازادبوونی ژنان هەوڵ ئەدات. کار بۆ یەکسانی نێوان ژنو پیاو، یەکسانیو تێکەڵیان لەناو کۆمەڵگەدا ئەکات. زامنی مافە سەرەکیەکانی ژنان ئەکات بەتایبەتی مافی خاوەندارێتی جەستەی خۆی. بەرگری لەیەکسانی نێوان ژنو پیاو ئەکات لەمووچەو کارو پیشەدا.

## برگەی ١٦

پارتی سۆشیالیست پارتێکی مرۆڤ دۆستە. خەبات ئەکات دژی هەموو جۆرە جیاکاریەك لەهەر سەرچاوەو هۆیەکەوە بێت. دژی بەکاڵاکردنی جەستەی مرۆڤ ئەوەستێتەوە. بەرەنگاری هەموو جۆرە دەستدرێژیەك بۆ سەر خودو کەرامەتی مرۆڤ ئەبێتەوە بەهۆی پێکهاتەی رەگەزیو سێکسیەوە.

## برگەی ١٧

پارتی سۆشیالیست پارتێکی لامەرکەزیخوازە. رێزگرتنی فرەجیاوازی لەسەر ئاستی نیشتماندا ئەخاتە ریزی بەها سەرەکیەکانیەوە. ئەخوازێت هاوتاییەك لە یوان ئامادەیی دەوڵەت وەکو چادێرو رێکخەرو زامنی یەکسانی جمهوریەتو راگری تای یەکسانی ئابوری، لەنێوان پارچەکانی نیشتمانداو لەگەڵ دیموکراسیەتی ناوچەیی زیندوو داهێنەردا رابگرێت.

## برگەی ١٨

پارتی سۆشیالیست وابەستەی بنەما دیارەکانی دادپەروەریە. چاودێری پاراستی ئازادی گشتیو تاکەکەسان ئەکات. دادوەری بەهاو پێکهاتەی دەسگاییە. زامنکەری راستەقینەی مافەکانی هەموو کەسێکە. ئەبێت بۆ هەموو کەس کراوەبێتو، سەربەخۆو یەکسان بێت بۆ هەموو کەسێك. ئەرکی راپەراندنی سزای هەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا رۆڵی رێگەگرتنی لەروودانی هەڵەو یارمەتیدانی گێرانەوەی سزادراوانی لەسەرە بۆ ناو کۆمەڵگەو رێز بەخشینەوە بە هەڵەکەران.

## بڕگەی ١٩

پارتی سۆشیالیست کەلتورو پەروەردە ئەخاتە ڕیزی پێشەوەی بەهاکانیەوە. کەلتور توانای کۆکردنەوەی خەڵك‌و ئازادکردنی هەیە، لەبەرامبەر مەترسی تاکشێوازیی‌و بەکاڵاکردنی شتەکاندا، کەلتور لەڕێگەی توانای زۆری هونەری‌و داهێنانەوە بەشداری بنیاتنانی جیهانێك لەسەر بنەمای جیاوازیەکان‌و دیالۆگ‌و کرانەوە ئەکات. پەروەردەو فێرکردن مەرجێکی سەرەکی گەشەسەندن‌و ئازادی هەموو کەسێك‌و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەو بڕیاردەری ئایندەی وڵاتەکەمانن. پارتی سۆشیالیست ئەبێت چاودێری ئەوە بکات، کە هەموو کەسێك مافی پەروەدردو فێرکردنی هەبێت.

## بڕگەی ٢٠

پارتی سۆشیالیست پارتێکی ئەوروپیە. لەناو چوارچێوەی ئەوروپادا چالاکی ئەکات، کە نەك هەر بەدرێژایی زەمەن خواستی پێکهێنانی هەبووە، بەڵکو کاریشی کردووە بۆ دامەزراندنی. خۆی بەبانگەشەکەری مێژوویی بنیاتنانی ئەوروپایەکی سیاسی دیموکراسی، سۆشیالیست‌و ژینگەپارێز دائەنێت. ئەوروپایەك کە پێویستە لەڕێگەی سیاسەتی هاوبەشەوە زامنی ئاشتی کیشوەرەکەو جیهانیش بکات، گرنگی بەپەرەسەندنی ئابوری‌و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بدات. ڕۆلی دەسگا خزمەتگوزاریە گشتیەکان پتەوتر بکات، هانی پرۆژەکانی داهێنان‌و گەشەی فرە کەلتوری بدات. بەهاوکاری‌و یەکدیگیری ڕووبەڕووی ململانێکانی جیهان ببێتەوە. پارتی سۆشیالیست وەکو بەشێك لەپارتی سۆشیالیستی ئەوروپا هەموو هەوڵێکی خۆی‌و لەهەموو ئاستەکاندا ئەخاتە گەڕ بۆ گەیاندن‌و بەجێهێنانی پەیامی سۆشیالیست لەئەوروپادا.

## بڕگەی ٢١

پارتی سۆشیالیست پـارتێکی نێونەتەوەییـە. هـەموو جـۆرە چەوسـاندنەوەو ڕەنجخواردنێكو شێوازی نوێی کۆیلایەتیش مـەحکوم ئەکات. کار بـۆ ڕێزگـرتنی مافی منداڵان ئەکات. دان بەمافی تـەواوی پەناهەندەییـدا ئـەنێت. بـەرەنگاری هەستی دژە بیانیو ڕەگەزپەرستیو دژە سامیەت ئەبێتەوە. پارتی سۆشیالیست هەوڵ بۆ سەپاندنی ڕێو ڕەسمێکی نێو دەوڵەتی دروسـتو ڕێـزلێگیراوو هاوکـار لەنێوان گەلانو سیاسەتێکی ڕاستەقینەی پەرەسەندن ئەدات. بەرگری لـەڕۆلی نەتـەوە یـەکگرتووەکانو دەسـگا نێـو دەوڵەتیـەکانی ئـەکات. خوازیـارە کـە سۆشیالیستی نێو نەتەوەیی ببێتە بزووتنەوەیەکی گرنگی پێشـەکەتوو لەسـەر ئاستی جیهاندا.

## بڕگەی ٢٢

پارتی سۆشیالیست پارتێکی میللییە، کە لەناوەندی کـاردا لـەدایك بـووە. بەرهەمی خەباتی سیاسیو تێکۆشانی کۆمەڵایەتیە کە لەسەدەی نۆزدەهەمەوە سەری هەڵداوە بۆ بەدیهێنانی دادپەروەریو یەکسـانی کۆمـەڵایـەتی. پـارتێکی کراوەیـە بـۆ کۆمـەڵگـە. لەهـەمان کاتـدا خواسـتی دەربـڕینی بەرژەوەندیـە گشتیەکانی گەلی فەرەنسای هەیە.

## بڕگەی ٢٣

پارتی سۆشیالیست پـارتێکی دیموکراتـە. ڕێـزی هـەموو ئەنـدامانی خـۆی ئەگرێت. هەمیشـە گفتوگـۆی سیاسـی ڕوونو ئاشـکراو کـراوە سـاز ئـەکات. چاودێری فرەلایەنی دابەشکردنی ئەرك بەسەر ئەندامانو بەهەڵبـژاردن لەسـەر هەموو ئاستەکاندا ئەکات. یەکسانی لەنێوان ژنو پیاودا بەیەکێك لەبەهاکانی

خۆی دائەنێت. لەنێو گفتوگــۆی بەردەوامــدا شــوێنی ســەربەخۆو بــێ لایــەنی بزووتنەوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەهەند سەیر ئەکات، بەتایبەتی سەندیکاو کۆمەڵــەکانو ڕێکخــراوە ناحکومیــەکان. پــارتی سۆشیالیســت بــەرگری لەڕەوشــتێکی سیاســی بــەرز لەئــەرکی ئەندامێتیــدا ئــەکات. بەئەنــدامبوون بڕیارێکی خودویستیە کە ئەندام پابەند ئەکات بەڕێزگرتنی هەموو ئەو پەیڕەوو یاساو دەقانەی کە بەزۆرینەی گشتی بڕیاریان لەسەر دراوە.

## بڕگەی ٢٤

پارتی سۆشیالیست ئەخوازێت هەموو کەلتوری چەپ کۆکاتــەوە. ملکەچــی ئەو میراتیەی لێکجیابوونەوەو جیاوازیانەی ڕابــووردوو نابێــت. هــەرەدەم لــەناو خۆیدا گفتوگۆیەکی ئازادی ڕەخســاندووەو بانگەشــەی هــەموو ژنــانو پیــاوان ئەکات کە باوەڕیان بەو بەهایانە هەیە، بێنە ناو ئەو خەباتەوە.

(لەکۆبوونــەوەی گشــتی ١٤ی حــوزەیرانی ٢٠٠٨ پــارتی سۆشیالیســتدا پەسەندکراوە)

# بەشی چوارەم

## پێکهاتەو پەیڕەوی ناوخۆی پارتی سۆشیالیست

## یەکەم : پەیڕەوە گشتیەکان

### ماددەی ١،١

### ناوی پارت: پارتی سۆشیالیست

٢ .١

پارتی سۆشیالیست لـە بـەرەی پارتـە سۆشیالیسـتەکانی ئەوروپادایـە (PSE). ئەندامی ڕێکخراوی ئەنتەر ناسیۆنال سۆشیالیستە ( IS). هـەموو ئەندامێکی پارتی سۆشیالیست بۆی هەیە لە هەمان کاتـدا ببێتـە ئەنـدامی هەر پارتێکی تری ناو پـارتی سۆشیالیسـتەکانی ئـەوروپا یـان ڕێکخراوێکـی سەربە ئەنتەر ناسـیۆنال سۆشیالیسـت بـە مـەرجێك پـەیڕەوی نـاوخۆی ئـەو پارتەش بە هەمان شێوە ڕێگەدەر بێت.

٣ .١

ئەندامانی پارت بانگەشەی ئامانجەکان و پەیڕەوو بڕیارەکانی پارت پەسەند ئەکەن. لە دەرەوەی پارتی سۆشیالیستەوە بۆیان نیە ڕاستەوخۆ یان ناڕاسـتەوخۆ ببنـە ئەنـدامی پـارت یـان گروپێکـی تـری سیاسـی جگـە لـە پـارتی سۆشیالیستەکانی ئەوروپا و ڕێکخراوی ئەنتەر ناسیۆنال سۆشیالیست نـەبێت. بۆیان نیە لە هیچ جۆرێك لە هەڵبژاردنەکاندا پشتگیری هیچ پاڵێوراویکی تر بکەن جگە لەو پاڵێوراوانە نـەبێت، کـە پەسـەند کـراوو دیـاریکراوی پـارتی سۆشیالیستن.

٤.١

ئازادیی تەواوی گفتوگۆ لەناو پارتی سۆشیالیستدا فەراهەم کراوە ، بەلام هیچ جۆرە مەیل و تەقەللای جیابوونەوەی دەستەگەری و ڕێکخراوەیی لێبووردراو نیە .

١.٥.١

ڕێسای نوێنەرایەتیکردن بە شێوەیەکی گشتی بە ڕێژەی سەدی لەسەر ئاستی هەڵبژاردنی هەموو ئۆرگانەکانی حیزبدا جێبەجێئەکرێت.

تەنها پرۆژە- پێشنیارە(MOTION) سیاسیە گشتیەکان، ئەو پرۆژە سیاسیە سەراپاگیریانەی پێشنیارکراون بۆ پارت و بەهەمان شێوە سەبارەت بە گشت وڵات مافی نوێنەرایەتیکردنیان هەیە. بەڵام گەلێك لە ڕاسپاردەو دارشتنەوەی هەندێك دەق و بانگەوازی تایبەت ناخرێنە خانەی نوێنەرایەتیکردن بە ڕێژەی سەدیەوە.

٢.٥.١

لەسەر ئاستی وڵاتدا (ئەنجومەنی نیشتمانی ، لیژنەی نیشتمانی ناکۆکیەکان ، لیژنەی نیشتمانی پشکنینی دارایی) لەسەر بنچینەی ڕێژەی بەدەست هاتووی پرۆژە- پێشنیارەکان، کە لەلایەن لیژنەی بڕیاردانەوە پەسەندکراون، پێکدەهێنرێن. لیستێکی پاڵێوراوان ئەکرێتە پاشکۆی هەر یەکە لەو پرۆژە- پێشنیارانەوە کە ئەخرێنە دەنگدانەوە. پێکهێنانی لیستی

پاشكۆی پێشنیارە كۆپەسەندەكان لەسەر بنەمای ئەنجامی دەنگدان بە ڕێژەی سەدی ئەبێت، كە هەریەكە لە ڕەوتەكان نوێنەرانی خۆیانی بۆ دیاری ئەكەن.

۱. ۵. ۳

لەسەر ئاستی گەڕەك و فیدراسیۆنەكاندا(local et federal)، نوێنەرایەتی بە ڕێژەی سەدی و بەپێی دەنگی بەدەستهێنراوی ڕەوتە سیاسیەكانی خراوە دەنگدانەوە لە كۆنگرەی نیشتمانی ئاسایی حیزبدا ئەبێت. لیستی پاڵێوراوان بە جیا ئەكرێنە پاشكۆی هەریەكە لە ڕەوتە سیاسیەكانی خراوە دەنگدانەوە.

۱. ۵. ٤

لەسەر ئاستی ئۆرگانەكانی نیشتمانی ، هەرێم (région) پارێزگا و( département) گەڕەكەكانی حیزب نوێنەرایەتی تەنها بۆ ئەو ڕەوتانە (پرۆژە- پێشنیار)كراوەیە، كە لەسەر ئاستی وڵاتدا لانی كەمی ڕێژەی ٥٪ی دەنگی ئەندامانی دەنگدەریان بەدەستهێناوە. بەڵام لەو ئۆرگانانەدا كە سەرپەرشتیاری كەرتەكان، فیدراسیۆنەكان ، یەكێتی هەرێمایەتیەكان، (sections, federations, unions régionqles) ئەكەن، نوێنەرایەتی بۆ ئەو ڕەوتانە كراوەیە كە لەناوسنوری ئەو ئۆرگانەدان و لە هەڵبژاردندا زیاد لە ١٠٪ ی دەنگیان بەدەست هێناوە.

۱. ٦

ئەبێت لە هەموو كۆنگرەیەكدا لە نێو لیستی نوێنەرانی بەشداراندا لانی كەم سێ یەكی ئەندامانی نوێی تێدا بێت.

ئەبێت لە دانانی لیستی پاڵێوراوان و نوێنەراندا ڕێزی بنەمای یەکسانی نیوە بە نیوەی ژنان ـ پیاوان بگیرێت لەسەر هەموو ئاستی ئۆرگانەکانی حیزبدا: نیشتمانی ،هەرێمایەتی ، فیدراسیۆن، کەرتەکان. ئەبێت لانی کەمی ٤٠٪ لیستەکان لە ژنان پێك هاتبێت ، ئەگەر ئەو مەرجە جێبەجێ نەکرێت، ئەوا شوێنەکانیان بە خاڵی ئەمێنێتەوەو بە ڕێزگرتنی هەمان ئەو ڕێژەیە ئەخرێتە کێبڕکێوە. لە هەموو ئۆرگانێکی بەڕێوە بردن و جێبەجێکردندا ، هەر لە سکرتاریەتی نیشتمانیەوە تا ئەگاتە سکرتاریەتی کەرت ، سکرتێرێکی لێپرسراو بۆ مافی ژنان و ئامادەبوونیان چ لەناو کۆمەڵگەو چ لەناو پارتی سۆشیالیستدا لەهەموو بوارەکاندا دائەنرێت . ئەبێت لە دانانی لیستی نوێنەراندا ڕەچاوی فرە جیاوازی دابەشبوونی جوگرافی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی فەرەنسی بکرێت.

٧ .١

نوێنەرانی هەمووئۆرگانە جیاوازەکانی حیزب لە کۆنگرەو کۆبوونەوە گشتیەکاندا لەسەر بنچینەی ڕیژەی سەدی ئەبێت بەمەرجی ڕێزگرتنی ناوەڕۆکی مادەی ١ .٦ .

٨ .١

بێجگە لەو ڕاسپاردە جیایانەی لە کۆنگرەی گشتیدا بڕیاریان لەسەر ئەدرێت ، کەس ناتوانێت ببێتە ئەندامی : ئەنجومەنی نیشتمانی ، لیژنەی نیشتمانی ناکۆکیەکان ، لیژنەی نیشتمانی پشکنینی دارایی ، ئەگەر لانی کەم بۆ ماوەی سێ ساڵی بەردەوام ئەندامی حیزب نەبێت. ئەم ڕێسایە بەسەر هەمان ئەو

لێپرسـراوێتی و هەڵبژاردنانـەی ئەنجومـەن کـە لـە ئاسـتی نیشـتمانیدان، جێبەجێئەکرێت .

٩ .١

پارتی سۆشیالیست بە هەموو ئۆرگانەکانیەوە ساڵانە هەڵمەتێکی فراوان بۆ ڕێکخستنی ئەندامانی نوێ ساز ئەکات .

## دووەم : ئەندامان

**ماددەی ١.٢. ١**

بەئەندامبوون لە حیزبدا ئـازادە بـۆ هـەموو تاکەکەسـێك. لانـی کـەمی تەمەن بۆ ئەندامێتی پانزەساڵە.

٢ .١. ٢

لەسەر ئاستی هەموو فیدراسیۆنێکدا کۆنگرەی فیـدرالی نوسـینگەیەکی ( مەکتەبی ) فیـدرالی ڕێکخسـتن کـە لـە ئۆرگانـەکانی تـر جیـا ئـەبێت، هەڵئەبژێرێت بەپێی ئەو مەرجانەی لە م.١. ٣.٥ و ٦.١ ی پـەیڕەودا هـاتووە. ئەندامانی مەکتەبی فیدرالی ڕێکخستن بە پێی پەیڕەوی نـاوخۆی فیدراسـیۆن یان لە لایەن کـۆنگرەی فیدراسـیۆنەوە دیـاری ئـەکرێن. ئەنـدامی مەکتـەبی ڕیکخستنی فیدراسیۆن بۆی نیە ببێتـە ئەنـدامی لیژنـەی پشـکنینی دارایـی فیدراسیۆن. مەکتەبی فیدراڵی ڕێکخسـتن هـەموو داواکاریـەکانی بەئەنـدام بوون کە هاتوونەتە فیدراسیۆن تۆمار ئەکات و بـەرواری ڕۆژی داواکاریـەکانی ئەخاتە سەرو ڕەوانەی سکرتێری کەرتەکانی ئەکاتەوەو ئەرکی پەیوەنـدیکردنی

بەپەلەو ڕاستەوخۆیان بە داواکارانی ئەندامێتییەوە پێ ئەسپێرێت. ئەوانیش ئەبێت بە لانی کەمەوە هەر شەش مانگ جارێك لە ڕاپۆرتێکی ڕوونکراوەدا ناوی ئەندامانی نوێ و هەروەها ئەوانەی ناویان سڕراوەتەوە لەگەڵ هۆی سڕینەوەکەیاندا بنێرێت بۆ فیدراسیۆن.

مەکتەبی فیدراڵی ڕێکخستن چاودێری ڕێزگرتنی تەواوی ئەو ڕێسایانە ئەکات کە مەرجی ئەندامێتین ، بەوپێیەش دەسەڵاتی بەخشینی کارتی ئەندامێتی هەیە لەبەر ڕۆشنایی م. ۲. ۱. ۳. لە کۆتایی هەر سێ مانگێکدا بە پەیوەندی لەگەڵ لیژنەی پشکنینی دارایی و کەرتەکان لیستی ئەندامان بە پێی کەرتەکان و بە تۆماری بەرواری پەیوەندیان و پێدانی ئابونەکانیان ئامادە ئەکات.

چاودێری پەرەسەندن و ئاڵوگۆڕی ژمارەی ئەندامانی کەرتەکان ئەکات و مافی لێپرسینەوەی کەرتەکانی هەیە سەبارەت بە گۆڕانکاری ژمارەی ئەندامانیان. سکرتێری یەکەمی فیدراسیۆن ئەتوانێت سکرتێری کەرت، ئەندامێك یان داواکارێکی بە ئەندام بوون بانگ بکات بۆ ڕوونکردنەوە سەبارەت بە مەسەلەی ڕێکخستن.

هەر شەش مانگ جارێك ڕاپۆرتێك لەسەر چالاکیەکانی خۆی پێشکەش بە ئەنجومەنی فیدراڵ ئەکات کە تیایدا بە ئامار زانیاری و پەرەسەندنی ئەندامێتی تێدا ڕوون ئەکرێتەوە.

۳. ۱. ۲

داواکاری بەئەندامبوون تاکەکەسیو شەخسیە. ئەبێت لە ڕێگەی نامەی نووسراوی بەروارکراوەوە یان ئیمەیلەوە (نامەی ئەلکترۆنی) ئاراستەی

سکرتێری کەرت یان فیدراسیۆن یان بارەگای نیشتمانی حیزب بکرێت . شوێنی بەئەندام بوون ئازادە بە مەرجی ڕێزگرتنی م. ٢. ١. ٧.

هەموو ئەو داواکاریانەی ئەندامێتی کە بە بارەگای گشتی حیزب گەیشتوون ، یەکسەر لەلایەن مەکتەبی نیشتمانی ڕێکخستنەوە ڕەوانەی مەکتەبەکانی ڕێکخستنی فیدراڵی پەیوەندیدار ئەکرێن. ئەو داوایانەی کە ئەگاتە مەکتەبی ڕێکخستنی فیدراڵی، یەکسەر ڕەوانەی سکرتێری کەرتی پەیوەنددار ئەکرێت و لەڕێگەی مەکتەبی ڕێکخستنی فیدراسیۆنیشەوە ڕەوانەی مەکتەبی ڕێکخستنی نیشتمانی ئەکرێت. هەر داواکاریەکی بە ئەندامبوون کە ئاراستەی سکرتێری کەرت بکرێت، یەکسەر ڕەوانەی مەکتەبی ڕێکخستنی فیدراسیۆنی ئەکات کە ئەویش وێنەیەکی لێئەنێرێ بۆ مەکتەبی ڕێکخستنی نیشتمانی .

٢. ١. ٤

هەر پاڵێوراوێك بۆ بەئەندامبوون لە دوای وەرگرتنی داوای ئەندامێتیەکەی لەلایەن سکرتێرەوە بانگ ئەکرێت بۆ ئامادەبوون لەبەردەم کۆبوونەوەی کەرتدا. ئەگەر نەیتوانی بەشەخسی لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە بێت، ئەوا جارێکی تر بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو بانگ ئەکرێتەوە.

داوای ئەندامێتی بە ڕەتکراوە یان پوچەڵ حساب ئەکرێت ئەگەر لەماوەی شەش مانگدا کەسی داواکار ئامادەی هیچ یەکێك لەو کۆبوونەوانە نەبێت کە لە دوای داواکاریەکەیەوە بانگ ئەکرێت.

لەکاتی ناڕەزایی پشت بەستوو بەهۆی یەکێك لە ئەندامانی کەرتەوە بەرامبەر داواکاریەك ، ئەندامێتی ئەو کەسە ڕەت ناکرێتەوە تەنها دوای

ڕووبەڕووبوونەوە نەبێت لەگەڵ کەسی پەیوەندداروو بە زۆرینەی سێ لەسەر چواری ئامادابووان لەڕێگەی دەنگدانی نهێنییەوە.

هەمان ڕێسا بۆ گواستنەوەی ئەندامێتی لە کەرتێکەوە بۆ کەرتێکی تر جێبەجێ ئەکرێت.

رۆژی ئامادە بوون لە کەرت بە بەرواری ئەندامێتی دائەنرێت .ئەم ئامادەبوونە بە بەڵگەی نووسراو لە ئەرشیفی کەرتدا ئەپارێزرێت. لەو بەروارەوە ئابوونە ئەبێتە ئەرکێکی سەرشانی ئەندام.

٢. ١. ٥

لەکاتی پێشکەشکردن یان ناردنی داوای ئەندامێتییەوە ، کەرت ماوەی مانگو نیوێکی هەیە جگە لە ماوەی نێوان مانگی تەموزو ئاب (پشوی هاوین ) نەبێت کە تیایدا کەسی داواکاری ئەندامێتی بانگ بکات بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەی کەرتدا بە پێی م ٢. ١. ٤.

٢. ١. ٦

لەحاڵەتی بانگنەکردنی داواکاردا لە لایەن کەرتەوە لەو ماوەیەدا کە لە م . ٢. ١. ٥ دا دیاریکراوە. مەکتەبی ڕێکخستنی فیدراسیۆن کە لەسەر داخوازی داواکار یان ئەندامێکی تری حیزبەوە کۆئەبێتەوە، دەسەڵاتی هەیە لەماوەی دوو مانگدا لە داواکەی بکۆڵێتەوەو لە حاڵەتی دروستی داواکەدا لە بەرواری ئابوونەدانیەوە ئەندامێتی بۆ تۆمار ئەکرێت. بڕیاری مەکتەبی ڕێکخستنی فیدرالی هەر لەساتی ئاگادارکردنەوەی سکرتێری کەرت و سکرتێری یەکەمی

فیدراسیۆنەوە هێـزی جێبـەجێکردنی هەیـەو ئـەتوانرێت لەبـەردەم مەکتـەبی ڕێکخستنی نیشتمانیدا تانەی لێ بگیرێت.

٢. ١. ٧

بەئەندامبوون لە کەرتێکدا لـەدەرەوەی سـنووری شـوێنی نیشـتەجێبوونی ئەندام یەکسەر لە لایەن سـکرتێری کەرتـەوە ئاگـاداری سـکرتێری یەکـەمی فیدراسـیۆن ئـەکرێت. فیدراسـیۆنیش یەکسـەر سـکرتێری کـەرتی شـوێنی نیشتەجێی نوێی ناوبراو ئاگادار ئەکاتەوە.

٢. ١. ٨

سیفەتی ئەندامێتی لە حیزبدا بە سـڕینەوەی نـاو، خۆکێشـانەوە، دەرکـردن لەناو ئەچێت. سڕینەوەی ناو تـەنها بـەهۆی درێژخایـەنی دواکـەوتن و نـەدانی ئابونەوە دێت لە لایەن ئەندامەوە، کە لە سـاڵێك کـەمتر نـەبێت. ئەگـەر لـە ماوەی شەش مانگدا دوای ئاگادارکردنەوەی بڕی هەموو ئابونە دواکەوتووەکانی پێشووی دا ئەوا تەواوی مافی ئەندامێتی وەرئەگرێتەوە.

بـەدەر لـەوەش سـڕینەوەی نـاو بـە جۆرێـك لـە خۆکێشـانەوە دائـەنرێت. هەرئەندامێك لە دوای خۆکێشانەوە خواستی گەڕانەوەی بۆ ناو حیزب هـەبێت، ئەوا ناچار ئەکرێت جارێکی تر بە پێـی مەرجـەکانی م. ٢. ١. ٣ و م. ٢. ١. ٦ داوای ئەندامێتی بکاتەوە.

دەرکردن تەنها بە پێی مادەکانی١١. ٥ ، ١١. ٨ ، ١١. ١٢ یـان ١١. ٢٠ی ئـەم پـەیڕەوە گشـتیانە ئـەبێت. پـاش بڕیـاری کۆتـایی و بەتـەواوی ئاگادارکردنەوەی ئەندامی پەیوەندیدار بەو بڕیارە ، جێبەجێ ئەکرێت.

* ئەندامێتی ، خۆکێشانەوە ، سڕینەوەی ئەندامێتی:

ــ ئەبێت هەموو ئەندامان لە سەرەتای هەموو ساڵێکدا لە بڕی ئابوونەی ساڵانەی بڕیاردراو لە لایەن ژمێریاری کەرتەوە ئاگادار بکرێنەوە. هەموو ئەندامێکیش لەسەرەتای بوون بەئەندامی حیزبەوە لە ئابونەکەی ئاگادار بکرێتەوە. لە کۆتایی هەر شەش مانگێکدا لیستی ناوی ئەو ئەندام و هەڵبژێردراوانەی حیزب کە ئابوونەی خۆیان بە ڕێکوپێکی داوەڕەوانەی لیژنەی کارگێری کەرت ئەکرێت، کە داوای ئەکات.

ــ خۆکێشانەوە لە حیزب ئەبێت لە ڕێگەی نامەی نووسراوەوە بێت لە لایەن ئەندامی خۆکێشاوە کە ئاراستەی یان سکرتێری کەرتی ئەکات کە ئەویش ڕەوانەی سکرتێری یەکەمی فیدراسیۆنی ئەکات، یاخود ڕاستەوخۆ خۆی ئاراستەی ئەمەی دوایی ئەکات. ئەبێت نامەی خۆکێشانەوەش بە ڕیگەی پۆستەی تۆمارکراودا بنێردرێت و کەرتی پەیوەندداری لێئاگادار بکرێتەوە.

ئەگەر ئەندامێکی حیزب تەنیا بە قسەو لە ڕێگەی ڕاگەیاندنێکی گشتیەوە خۆکێشانەوەی خۆی ڕاگەیەنێت، سکرتێری کەرت یان سکرتێری یەکەمی فیدراسیۆن بەنامە ئەندامەکە ئاگادار ئەکەنەوە کە هەڵوێستی بەرجەستەی لە خۆکێشانەوەکەی دیاری بکات. کەرتی پەیوەندیداریش ئاگادار ئەکرێتەوە. لە هەموو حاڵەتێکدا ئەندامی خۆکێشاوە دوو هەفتەی هەیە لە ڕۆژی ناردنی نامەی خۆکێشانەوە ی تۆمار کراوەوە بۆ پاشگەز بوونەوە، ئەبێت ئەو پاشگەزبوونەوەیەش لە ڕێگەی نامەی نێردراو بە پۆستەی تۆمارکراو ئاراستەی سکرتێری یەکەمی فیدراسیۆن بکات.

ــ بە بێ باز دان بەسەر ڕێنماییەکانی م. ۲. ۱. ۸ دا سکرتێری کەرتەکان لە ڕێگەی مەکتەبەکانی ڕێکخستنیانەوە پێش کۆتایی ساڵ هەموو ئەو ئەندام

و هەڵبژێردراوانە لە ڕێگەی نامەی نێردراو بە پۆستەی تۆمارکراودا ئاگادار ئەکەنەوە کە ئابونەکانی خۆیان بە ڕێك و پێکی نەداوە . ماوەی شەش مانگیان بۆ دیاری ئەکەن، کە لەو ماوەیەدا هەموو ئابوونە کەڵەکەبووەکانیان بدەن. پاش کۆتایی ئەو ماوەیە لە خێراترین کاتدا سڕینەوەی ناوی ئەو ئەندامانە ڕەوانەی مەکتەبی ڕێکخستنی نیشتمانی ئەکریت.

٢. ١. ٩

هەموو ئەندامێکی بزووتنەوەی لاوانی سۆشیالیست (MJS) کە هەڵگری پێناسنامەی ئەو ڕێکخراوە بێت و ئابونەی دابێت ، بە پێی م. ٢. ١. ٣ بۆی هەیە لەسەر داوای خۆی ببێتە ئەندامی پارتی سۆشیالیست بە بێ ئەوەی داوای ئابونەیەکی زیادەی یەکەم ساڵی ئەندامێتی لێبکرێت. هەمئاهەنگی لە نێوان هەردوو بەشی ژمێریاری نیشتمانی پارتی سۆشیالیست و بزووتنەوەی لاوانی سۆشیالیستدا پێکدەێنرێت بەمەبەستی ڕێکخستنی ئابوونەکەی.

هەموو ئەو مەرجانەی مافی دەنگدانی هەڤاڵانی ناو حیزبی دیاری کردووە، ئەو هاڤاڵانەی بزووتنەوەی لاوانی سۆشیالیستیش ئەگرێتەوە، کە دێنە ناو حیزبەوە.

٢. ٢. ١

کەرت و فیدراسیۆنەکانی حیزب ئازادن لە پەسەندکردنی ئەندامێتی ئەوهەڤاڵانەی لە حیزب و گروپی سیاسی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی سەربەچەپەوە دێن و داوای بوون بەئەندام لە پارتی سۆشیالیستدا ئەکەن ئەوەش بە پێی پەیرەوە ئاساییەکانی حیزب.

٢. ٢. ٢

ئەگەر ئەندامێتیەکەی پەسەندکرا، ئەوا تەواوی ماوەی پێشووی ئەندامێتی لە ڕێکخراوی پێشوودا بۆ حساب ئەکرێت. ئەبێت ئەو ئەندامە بەڵگەنامەی دروست و باوەڕپێکراو سەبارەت بە چالاکی پێشووی بخاتە بەردەم فیدراسیۆنی پارتی سۆشیالیست، ئەبێت ئەمیش بەو هۆکارانەی لەبەردەستیدایە، لە ڕاستی و دروستی ئەو بەڵگانە بکۆڵێتەوە.

٣. ٢. ٢

لەکاتی هاتنە پێشەوەی کێشەیەکدا و سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی ئەو داواکاریانەی لە حیزبێکی تری دەرەوەی چەپەوە دێن، کەرت یان فیدراسیۆن داوای بڕیار لە ئەنجومەنی نیشتمانی ئەکەن.

٣. ٢

ئەندامانی حیزب بۆیان نیە بەشداری و هاوکاری هیچ چالاکییەکی سیاسی ڕێکخراوێکی دەرەوەی پارتی سۆشیالیست بکەن بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی پێشوەختی کەرتی ناوچەو فیدراسیۆنی پارێزگاو یەکێتی هەرێم. ئەگەر چالاکیەکە پەیوەست بێت بە گەڕەك و شارۆچکەو پارێزگاو هەرێمەوە. یان بە بێ ڕەزامەندی پێشوەختی ئەنجومەنی نیشتمانی ئەگەر چالاکیەکە پەیوەست بێت بە ئاستی وڵاتەوە.

٢. ٤

ئەبێت ئەندامانی حیزب بەشداری یەکێك لـە ڕێکخـراوە سـەندیکاییەکانی ناوچەکەی خۆیان بکەن بەپێی کـارو پیشـەیان ، یـان کۆمەڵەیـەکی هاوکـار، یـاخود ڕێکخراوێکـی بـەرگری بەتایبـەتی لـە مـافی مـرۆڤ، خێرخـوازی، بەرگریکردن لـە بەکاربـەران، پـەروەردەیی، خێزانـی خوێنـدکاران و چـالاکی ناوچەیی ئەگەر لە ناوچەکەیاندا هەبێت.

٢. ٥

ئەنجومەنی نیشتمانی هەموو ساڵێك بڕی ئابوونەی ئەندامان لەسەر ئاسـتی وڵاتدا بە پێی باری گوزەران و پێداویستیەکانی حیـزب و وەرگـرتنی یارمەتیـە گشتیەکان و هەروەها ئابونەی پەرلەمانتارو نوێنەرە هەڵبـژێردراوەکان دیـاری ئەکات.

ئەنجومەنی فیدراسیۆن ساڵانە بە پێی هەمان مـەرج پشـکی فیدراسـیۆن و بڕی ئابوونە دیاری ئەکات. بڕی ئەو ئابوونانەی کە دێتە لای کەرت لەسـەرەتای ساڵەوە لە خشتەیەکی تایبەتدا ڕێك ئەخرێن بە پێـی دەسـکەوتی ئەنـدامان و ئەرك و خەرجیە خێزانیەکانیان. لیسـتەیەکی ئـەم خشـتەیە ڕەوانـەی لیژنـەی پشکنینی دارایی فیدراسیۆن ئەکرێت. بڕی هیچ ئابوونەیەك نابێت کەمتر بێـت لەو بڕەی لەسەر ئاستی وڵاتدا دیاری کراوە. هیچ کەسێك بۆی نییـە زیـاتر لـە کارتێکی ئەندامێتی حیزبی هەبێت.

ئەنجومەنی نیشتمانی ساڵانە ڕێساکانی دابەشکردنی یارمەتیە گشـتیەکان کە لە چوارچێوەی یارمەتی دارایـی بـۆ ڕێکخـراوە سیاسـیەکان وەری ئـەگرن، بەسەر ئۆرگانەکانی حیزبدا دیاری ئەکات.

٢. ٦

هەموو ئەندامێکی پارتی سۆشیالیست مافی خولی فێرکاری و ڕۆشنبیری هەیە.

## سێ هەم : کەرتەکان

### ماددەی ٣. ١

کەرت بازنەی بنچینەیی ڕێکخستنی حیزبە، لانی کەم لە پێنج ئەندام پێکدێت بە هەمئاهەنگی لەگەڵ فیدراسیۆندا لە سنوری یەکەیەکی ئیداری یان جوگرافی ناسراودا، یان لەناو دەسگایەکی کار یان زانکۆ یان لە چوارچێوەی پیشەیەکدا. کەرت شوێنی سەرەکی گفتوگۆو کۆبوونەوەی ئەندامانە، ئەم بازنە سەرەکیەی ژیانی حیزبایەتی ئەرکێکی گرنگی بنیاتنانی ڕاستەقینەی تێکۆشانی ناو جەرگەی جەماوەری لەسەرە.

لە کاتی نەگەیشتنە ئەنجامدا بۆ دروستکردنی کەرت، بڕیاری کۆتایی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی یان لیژنەیەکی دیارکراوی ئەمێنێتەوە بەپێی مەرجەکانی.

ئەگەر پێش ٣١ی کانوونی یەکەمی ساڵی پێشووی دەنگدان (واتە کۆنگرە) کەرتێك لە پێنج ئەندام کەمتری هەبێت، ئەوا بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی فیدراسیۆن و بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیك و لە ڕووی ئیداریەوە ئەبەسترێتەوە بە کەرتێکی ترەوە. لێرەوەش ئەو کەرتە نوێنەری نابێت لە کۆنگرەو کۆبوونەوە گشتیەکان و ئەنجومەنی کەرت و فیدراسیۆندا و ناوی ئەندامەکانی لەلایەن فیدراسیۆنەوە ئەخرێنە ناو لیستی کەرتی پێوە بەستراوەوە.

هەر کەرتێك لە دوای ٣١ی کانوونی یەکەمی ساڵی پێشووی دەنگدانەوە دروست کرابێت، بە بڕیاری ئەنجومەنی فیدراسیۆن و بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بۆ دەنگدان بە پێکهاتەی کەرتێکی ترەوە ئەبەسترێتەوە. ئەو ئەندامانەی کە بە هۆی ماوەی دێرینی ئەندامێتیان مافی دەنگدانیان هەیە، لەلایەن فیدراسۆنەوە ناوەکانیان ئەخرێتە ناو لیستی دەنگدەرانی کەرتی پێوە بەستراوەوە.

١.٢.٣

کەرتێك بۆی هەیە دابەش بێت بەسەر چەند کەرتێکی تردا بەپێی ڕێنمایەکانی م. ٣.١، پاش ڕێکەوتنی نێوان زۆرینەی ئەندامانی کەرتی پەیوەندیدارو ڕەزامەندی ئەنجومەنی فیدراڵ.

٢.٢.٣

لە دوای تێپەڕبوون لە ٢٥٠ ئەندامەوە کەرتێك بۆی هەیە دابەش بێت بەسەر چەند کەرتێکی تردا بە پێی ڕێنماییەکانی م. ٣,١ پاش داواکاری یەك لەسەر چواری ئەندامانی و زۆرینەی دەنگی کۆبوونەوەی گشتی ئەو کەرتە.

٣.٢.٣

دوای تێپەڕبوون لە ١٠٠٠ ئەندام دابەشکردنی کەرت شێوازێکی جەبری لەخۆ ئەگرێت ،لەلایەن ئەنجومەنی فیدراڵ یان ئەنجومەنی نیشتمانی یاخود لیژنەیەکی دەستنیشان کراوەوەو بەپێی ڕێنماییەکانی م.٣،١,٥ و ٦.١ پێکئەهێنرێن.

١.٣.٣

لە نێوان کەرتە زۆرەکانی شارۆچکەو ئاوایی و گەڕەکەکانـدا کۆمیتەیـەکی چاودێری ئاوەدانیەکان پێکئەهێنرێت، کە ئـەرکی یەکخسـتنی چـالاکیەکان و بانگەشە بۆ حیـزب زامـن ئـەکات. سـەبارەت بـە کێشـەی تایبـەتی گـەڕەکو شارەوانیەکان ڕاوێژی پێئەکرێت. لانی کەم ساڵی جارێك ئەندامانی کەرتەکانی سەربەو شوێنانە لە کۆبوونەوەیەکی گشتیدا کۆ ئەکاتەوە بۆ گفتوگۆی کێشـە ناوچەییەکان.

٢.٣.٣

پێکهاتـەو پـەیڕەوی نـاوخۆی فیدراسـیۆن شـێوازی نوێنەرایـەتی کردنـی کەرتەکانی بەشدار لە کاروباری کۆمیتـە جیاوازەکـانی ئـەو شـوێنانەدا کـە حیزب تیایایدا بوونی هەیە، دیاری ئەکات.

٤.٣

هەموو دەنگدانێك پەیوەست بێت بە دارِشتنی سیاسەتی حیزب (لە کۆنگرەو کۆبوونەوە گشتیەکان یـان ڕاپرسـی ئەندامانـدا) یـاخود پەیوەسـت بێـت بـە دیـاریکردنی پـاڵێوراوان، ئـەبێت لـە سـازکردنی بنکەیـەکی دەنگدانـدا ڕێکبخرێن. تەنیا ئەو ئەندامانەی کەرت کە لانی کەم شـەش مـانگ بەسـەر ئەندامێتیاندا تێپەڕیوەو ئابوونـەیان لـەکاتی خۆیـدا داوە، مـافی دەنگـدانیان هەیە. پەرلەمانتارو هەڵبژێردراوانیش ئەبێت ئابوونەی کارەکانیاندابێت، ئەوەی دواکەوتبێت لە ئابوونە، ئەشێت پێش هەڵبژاردن ئابوونەکەی بـدات. دەنگـدان نهێنیەو بەهیچ شێوەیەك بریکاری پەسەند ناکرێت. هەموو ئەنـدامێك ئـەبێت پێناسنامەی دروستی خۆی نیشان بدات. ژمارەی دەنگدەرانی کەرت یەکسـانە

بە ژمارەی ئەوانەی مافیان هەیەو ئابوونەیان داوە تا ٣١ی کانوونی یەکەمی ساڵی پێشوو. ئەگەر ژمارەی دەنگدەران زیاتر بوو لەوەی کە تا ٣١ی کانوونی دووەمی ساڵی پێشوو لەلایەن مەکتەبی ڕێکخستنی فیدراسیۆن و لیژنەی پشکنینی دارایی فیدراسیۆنەوە دوا تۆمار کراوە ، ئەوسا پێش دەنگدان هەموو کارتەکانی دەنگدان پاش ژماردنیان لەگەڵ ژمارەی دەنگدارانی تۆمار کراودا یەك ئەخرێنەوە.

٣ . ٥

لە نێوانی دوو کۆنگرەدا لیژنەی ئیداری کەرت ئەرکی لێپرسراوێتی کەرت لە ئەستۆ ئەگرێت. دەسەڵاتەکانی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی کەرت یان لەڕێگەی دەنگدانی کۆبوونەوەی گشتی کەرتەوە دەست نیشان ئەکرێت. پێکدێت لە ئەندامانی نوێنەری ڕەوت و پڕۆژە پێشنیارەکانی ڕێنمایی نیشتمانی حیزب لەبەر ڕۆشنایی م . ١. ٥. ١.

٣. ٦

سکرتێری کەرت ڕاستەوخۆ بە دەنگدانی نهێنی لەڕێگەی ئەندامانی کەرتەوە لەکۆبوونەوەی گشتی ئەندامانـدا کە لەدوای کۆنگرەی نیشتمانی حیزب سازئەکرێت، هەڵئەبژێردرێت. لەکاتی خولی دووەمدا تەنها ئەو دوو پاڵێوراوە ئەمێننەوە، کە لە خولی یەکەمدا زۆرترین دەنگیان هێناوە. لەکاتی یەکسانی تەواوی دوو پاڵێوراوەکە لەخولی دووەمدا ئەو پاڵێوراوەی لە پێش ئەوی تردا ئەندامی حیزبە، بەسکرتێری کەرت هەڵئەبژێردرێت.لە کاتی چۆڵبوونی شوێنی سکرتێری کەرتدا کۆبوونەوەیەکی گشتی ئەندامان ساز

ئـەکرێت بـۆ هەڵبژاردنـەوەی سـکرتێری کـەرت بـە هـەمان ئـەو مەرجانـە. سکرتێری کـەرت لێپرسـراوو ڕێکخـەری کارەکـان و وتەبێـژی ڕەسمـی کەرتـە. ئەشیت لەناو سکرتاریەتدا جێگرێکی سکرتێر هەبێت.

٧ .٣

لیژنەی کارگێڕی کەرت لەپاش هەڵبژاردنی سکرتێرەوە و لەسەر پێشنیاری ئـەوو بـە ڕاوێـژکاری لێپرسـراوی دارایـی و ئەنـدامانی مەکتـەبی کـەرت دەستنیشان ئەکرێن.

## چوارەم : فیدراسیۆن

**ماددەی ٤ . ١**

نوێنەرایـەتیکردنی کەرتـەکان لـە کۆبوونـەوەی گشـتی و کۆنگرەکـانی فیدراسیۆندا بە ڕێژەی سەدی و بە پێی ژمـارەی ئەنـدامانی کـەرت تـا ٣١ی کانوونی یەکەمی ساڵی پێشوو هەر کەرتەو ژمارەی نوێنـەرانی خـۆی ئـەبێت. ئەو ژمارەیە سەرەتای هەموو ساڵێك لەلایەن مەکتەبی ڕێکخستنی فیدراسیۆن و لیژنەی پشکنینی دارایی فیدراڵیەوە بە گوێرەی تۆماری ئەنـدامان تـا ٣١ی کانوونی یەکەم و بە پێی ڕێنماییەکانی م . ٤. ٨ و ژمـارەی ئـەو ئابوونانـەی گەیشتۆتە فیدراسیۆن، دائەنرێت.

٢.٤

کەرتەکانی سنوری پارێزگایەك پێکەوە فیدراسیۆنێك پێك دێنن، کە بەڕێوەبەرێتیەکی فیدراڵی ئەبێت. فیدراسیۆنی فەرەنسیەکانی دەرەوە ئەو سۆشیالیستە فەرەنسیانە لە خۆئەگرێت کە لە دەرەوەی فەرەنسا ئەژین و بۆ هەر وڵاتێك ئەگەر پێویست بێت، کەرتێك دروست ئەکرێت. بە کۆکردنەوەی ئەو کەرتانە فیدراسیۆن پێکدێت کە بە هەمان شێوازی پەیڕەوی فیدراسیۆنەکان کار ئەکات. بەڵام بەدەر لە پەیڕەوی ناوخۆ، هەموو ئەندامە تەریك و پەرش و بڵاوەکان لە کەرتێکی تایبەتدا ڕێك ئەخرێن، کەلە ژێر سەرپەرشتی مەکتەبی ڕێکخستنی نیشتمانیدا ئەبێت.

٣.٤

ئەگەر فیدراسیۆنێك لە پێنج کەرت کەمتر ژمارەی ئەندامانی لانی کەم لە پەنجا ئەندامی تەواو کەمتر بێت، ناتوانێت لەکۆبوونەوە گشتی و کۆنگرەکاندا نوێنەری هەبێت.

٤.٤

نابێت فیدراسیۆنەکان ئامانجی پێچەوانەو ناکۆك بە ئامانجە گشتیەکان و پەیڕەوی حیزب بخەنە ناو پەیڕەوی ناوخۆو پرۆگرامی خۆیانەوە. پێویستە پەیڕەوی ناوخۆو پرۆگرامەکانیان و ئەو گۆڕانکاریانەی تیایاندا ئەکرێت، بخەنە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانی کە چاودێری هەمئاهەنگی ئەو پەیڕەوو پرۆگامانەی فیدراسیۆنەکان ئەکات لەگەڵ پەیڕەوو پرۆگرامی نیشتمانی حیزب . ئەو پەیڕەوو پرۆگرامانە تەنها لەدوای پەسەندکردن و بڕیاردانی لە لایەن

ئەنجومەنی نیشتمانیەوە بە ڕاوێژی ئەنجومەنی نیشتمانی ناکۆکیەکان کاریان پێئەکرێت. ئەبێ فیدراسیۆنەکان لەدوای هەموو کۆنگرەیەکەوە پەیڕەوی ناوخۆو پرۆگرامی نوێیان ئاراستەی ئەنجومەنی نیشتمانی بکەنەوە بۆ پێداچوونەوەو پەسەندکردنی. ئەبێت فیدراسیۆنەکان ڕێزی حیزب و بنەماسەرەکیەکانی، بڕیارەکانی کۆنگرەو کۆبونەوە گشتیەکان و ئەنجومەنە نیشتمانیەکانی بگرن.

٤. ٥

هەر فیدراسیۆنێك کۆنگرەی خۆی لەپێش کۆنگرەی نیشتمانی حیزبدا ئەبەستێت. کۆنگرەی فیدراڵ پابەندی ڕیزبەندیکردنی ئەو دەنگانە ئەبێت، کە بۆ ڕەوت و پڕۆژە- پێشنیارەکانی نیشتمانی ئاراستەی حیزب لە کەرتەکاندا دراون بۆ دیاریکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی فیدراسیۆن کە نوێنەرایەتی پڕۆژە- پێشنیارەکانی نیشتمانی ڕێنمایی ئەکەن، لە هەڵبژاردنی نوێنەراندا بۆ کۆبوونەوە گشتی و کۆنگرە نیشتمانیەکان. سکرتێری یەکەمی فیدراسیۆن لەڕێگەی دەنگدانی نهێنی هەموو ئەندامانی فیدراسیۆنەوە لە کۆبوونەوەی گشتی کەرتەکانیدا هەڵئەبژێردرێت. لە حاڵەتی خولی دووەمدا تەنها ئەو دوو پاڵێوراوە بەرامبەر یەك ئەبنەوە، کە زۆرترین دەنگی ئەندامانیان بەدەست هێناوە. لە حاڵەتی خاڵی بوونی پۆستی سکرتێری یەکەمی فیدراسیۆن ئەندامان بەهەمان ئەو مەرجانە دەنگ بۆ هەڵبژاردنێکی نوێ ئەدەن لە حاڵەتێکدا نەبێت، کەئەو بۆشاییە لە دوای ئامادەکاری کاروباری کۆنگرەدا بێت، کە سکرتاریەتێکی فیدراڵی بە دەستەجەمعی کارەکان هەڵئەسوڕێنێت

یان ئەنجومەنی فیدراسیۆن یەکێك لە هەڤاڵەکانی خۆیان بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان ئەکەن.

٤. ٦

لە نێوان دوو کۆنگرەی فیدراسیۆندا ئەنجومەنی فیدراسیۆن لێپرسراوێتی لە ئەستۆ ئەگرێت کە دەسەڵاتەکانی بە پێی پەیرەوی فیدراسیۆن دیاری کراوەو پێکدێت لە: دوو لەسەر سێی ئەندامانی نوێنەرایەتی پرۆژە- پێشنیارەکانی نیشتمانی هەڵبژێردارو لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەی فیدراسیۆنەوە بە پێی م. ١. ٥. ١، سێیەکی ئەندامانی بریتین لە سکرتێری کەرتەکان کە لە نێو کۆبوونەوەی لیژنەی سکرتێری کەرتەکاندا هەڵئەبژێردرێن بە ڕەچاوکردنی دابەشبوونێکی دروستی جوگرافی کەرتەکان لە سنوری پارێزگادا.

ئەنجومەنی فیدارالی لە ناو خۆیدا بە ڕەچاوکردنی ڕێژەیی نوێنەرانی پرۆژە- پێشنیارە نیشتمانیەکانی حیزب. مەکتەبێکی فیدرالی هەڵئەبژێرێت کە دەسەڵاتەکانی لەپەیڕەوی فیدراسیۆندا دیاری کراوە. ئەنجومەنی فیدرالی لە ناو خۆیدا و بە پێشنیاری سکرتێری یەکەمی فیدراسیۆن ئەندامانی سکرتاریەتی فیدرالی، فیدراسیۆن دەستنیشان ئەکات.

ـــ فیدراسیۆن سیاسەتی حیزب لەسەر ئاستی پارێزگادا بڵاو ئەکاتەوە. ئۆرگانەکانی خۆی لە کۆنگرەدا نوێ ئەکاتەوە.

ـــ ئەنجومەنی فیدراسیۆن ئۆرگانی بڕیاردانی فیدراسیۆنە، ئەتوانێت هەندێك دەسەڵاتی بڕیار بۆ مەکتەبی ڕاپەڕاندنی فیدراسیۆن جێبهێڵێت.

ـــ سـکرتاریەتی فیدراسـیۆن بـە هەمئاهـەنگی لەگـەڵ سـکرتاریەتی نیشتمانی حیزبدا پیادەکردنی سیاسەتی حیزب لەسـەر ئاسـتی فیدراسـیۆندا زامن ئەکات.

ـــ سکرتێری یەکەمی فیدراسیۆن ڕێکخەری سیاسەتی حیـزب و وتەبێـژی ڕەسمیەتی لەسەر ئاستی فیدراسیۆندا و پەیوەندی نێوان سکرتاریەتی نیشتمانی و فیدراسـیۆن ڕێکئـەخات. سـەرۆکایەتی کۆبوونـەوەکانی سـکرتاریەت و ئەنجومەنی فیدراسیۆن ئەکات و لێپرسراوە لەبەرامبەریدا.

٤. ٧

فیدراسیۆنەکان ئەتوانن چەند لیژنەی تایبەتی بەردەوام پێکبێنن و درێـژەش بەکاری ئەو لیژنانەی سەر ئاستی پارێزگا بـدەن لەبـەر ڕۆشـنایی م . ٧ . ٣ . هەموو ڕێو ڕەسمێکی پێویست ئەگرنە بەر بۆ داواکردن لـە هـەموو ئەنـدامێك بـۆ خۆناونووسـکردن تیایانـدا. ئەنجومـەنی فیـدراڵی ئـەتوانێت سـاڵانە کۆبوونەوەی پارێزگایی لیژنەکان ، دیداری گفتوگۆو کۆڕی کراوە ساز بکات.

٤. ٨

مەکتەبی ڕێکخسـتنی فیـدراڵی کۆتـایی هـەموو سـێ مانگێـك لیسـتی ئەنـدامانی فیدراسـیۆن کـە مـافی دەنگـدانی نـاوخۆو دەستنیشـانکردنی پاڵێوراوانیان هەیە، بەپێی کەرتەکان دائەڕێژێت بە لەبەرچاو گرتنی ئەوانەی ئابوونـەیان داوە. هـەروەها وێنەیـەکی ئەولیسـتە ئـەنێرێت بـۆ مەکتـەبی ڕێکخستنی نیشتمانی.

## پێنجەم : یەکێتی هەرێمەکان

### ماددەی ١.٥

فیدراسیۆنەکانی سنووری هەرێمێك پێکەوە یەکێتیی هەرێم پێکدێنن .

یەکێتی هەرێم ئەم ئەرکانەی لەسەرە:

ـ ئامادەکردنی پرۆگرامی هەرێمایەتی حیزب پێش هەر هەڵبژاردنێکی هەرێمایەتی بە هەمئاهەنگی لەگەڵ یەکەمین کەسایەتی سۆسیالیستی دەستنیشان کراودا.

ـ دارشتنەوەی رۆژانەی سیاسەتی هەرێمایەتی حیزب و چاودێریکردنی گروپی سۆشیالیست لە ئەنجومەنی هەرێمایەتیدا.

ـ دەربرینی هەڵوێست و پێشنیارەکانی حیزب سەبارەت پلانی جۆراوجۆری ئاوەدانکردەنەوەو رێکخستنی هەرێمایەتی و هەروەها سەبارەت بە بەرنامەی هەرێمایەتی بۆ بەرگریکردنی ژینگەو دەورووبەر.

ـ ئامادەکاری بۆ خۆرێکخستن لە پێش هەڵبژاردنەکانی هەرێمایەتیدا بەسازدانی گفتوگۆ لەگەڵ رێکخراوە جیاوازەکانی دۆستی سۆشیالیست لەسەر ئاستی هەرێمدا.

ـ فیدراسیۆنەکان تەنها رۆڵی هاوکاری لە دەسەڵاتەکانی یەکێتی هەرێمدا ئەبینن. بەڵام ئەشێت یەکێتی هەرێم لە لایەن فیدراسیۆنەوە وەکو ناوبژیوان بانگ بکرێت لە کاتی کێشە ناوخۆییەکانیاندا پێش ئەگەری ئاگادارکردنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی.

ـ یەکێتی هەرێم ئەتوانێت کۆبوونەوەی کراوە بە پێی بابەت لەسەر سیاسەتی هەرێمایەتی ساز بکات.

لەو هەرێمانەی یەك پارێزگای تێدایە ، یەکێتی هەرێمی تێدا نابێت.

٥. ٢

یەکێتی هەرێم لەلایەن کۆمیتەی هەرێمەوە سەرپەرشتی ئەکرێت کە لەدوای دوو مانگ لە کۆنگرەی نیشتمانی حیزب دەستبەکار ئەبێت.

٥. ٣

ئەرك‌و دەسەڵاتی هەر کۆمیتەیەکی هەرێم بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی حیزب دیاری کراوە. هەر فیدراسیۆنێك نوێنەرێکی لەوکۆمیتەیەدا ئەبێت. کۆمیتەی هەرێم لەکۆبوونەوەی یەکەمی خۆیدا مەکتەبێك پێکدێنێت بە ڕەچاوکردنی پەیڕەوە ناوخۆیەکانی حیزب. هەروەها کۆمیتە سکرتێری هەرێم لە سنوری خۆیدا لە ڕێگەی دەنگدانی نهێنی و بەدەستهێنانی زۆرینە هەڵئەبژێرێت. لەحاڵەتی خولی دووەمدا تەنها ئەو دوو پاڵێوراوە بەشدار ئەبن، کە زۆرینەی دەنگی خولی یەکەمیان بەدەست هێناوە. سکرتێری هەرێم نابێت لە هەمان کاتدا سکرتێری یەکەمی یەکێك لە فیدراسیۆنەکان بێت.

٥. ٤

لەپاڵ هەر کۆمیتەیەکی هەرێمدا کۆمیتەیەکی هەرێمایەتی دەزگاکانی کار پێکدێت بە پێی جۆری پیشەی گشتی یان تایبەت. هەر کۆمیتەیەك سەرجەم ئەندام و لایەنگرانی حیزب، کارکەر یان خانەنشین لە بوارێکی تایبەتمەندی کاردا لە چوارچێوەی خۆیدا کۆ ئەکاتەوە، کۆنفرانسێکی هەرێمایەتی دەزگاکانی کار هەموو کۆمیتەکانی کاری هەرێمایەتی کۆ ئەکاتەوە، کە تیایدا مەکتەبێکی هەمیشەیی دائەمەزرێنێت، کە سکرتێرەکەی

ئەندامی حیزبەو وەکو ڕاوێژکار بەشداری کارەکانی کۆمیتەی هەرێمی حیزب ئەکات.

ــ کۆمیتەی هەرێم ڕابەرایەتی سیاسەتی حیزب ئەکات لە هەرێمێکداو بە هەمئاهەنگی لەگەڵ هەڵبژێردراوەکانی حیزبدا لەکێشە تایبەتیەکانی هەرێم و داڕشتنی سیاسەتی پێویست لەبارەیانەوە ئەکۆڵێتەوە.

## شەشەم : کۆنگرەی نیشتمانی و کۆبوونەوە گشتیەکانی نیشتمانی ( CONVENTION )

**ماددەی ٦ . ١**

### کۆنگرەی نیشتمانی هەر سێ ساڵ جارێك ئەبەسترێت.

ــ پارتی سۆشیالیست لەکۆنگرەدا سیاسەتی خۆیی و ڕابەرەکانی لەسەر هەموو ئاستەکان دیاری ئەکات.

ــ پێش کۆنگرە زەمینەیەکی گفتوگۆ و دیالۆگ بەبێ دەنگدان لە سەر کۆمەڵێك پێشنیاری سیاسی گشتی و بابەتی کە لەلایەن ئەنەدامانی ئەنجومەنی نیشتمانیەوە ئەخرێنە ڕوو لەهەموو ئۆرگانەکانی حیزبدا ساز ئەکرێت.

ــ ئەنجومەنی نیشتمانی پێکدێت بۆ یەکخستنی کۆی پرۆژە-پێشنیارەکان، ئەگەر لەسەر یەك پێشنیار ڕێك نەکەوتن، ئەوا باڵە سیاسیەکانی ناو حیزب بە پێی چەند پرۆژە- پێشنیارێك (MOTION)

خۆیــان ڕێــك ئەخــەن، کــە ئەخرێتــە دەنگــدانی ئەندامانــەوەو بەرێــژەی بەدەسەتهێنراوی دەنگ نوێنەرانیان بەشداری کۆنگرە ئەکەن.

ـــ هەوڵئــەدرێت لــەکۆنگرەدا یــەك پێشــنیاری کۆپەســەندکراوی گشــتی لــەنێوان جەنــد پــرۆژە-پێشــنیارێکی جیــاوازدا بدۆزرێتــەوە. بــەڵام ئەگــەر ڕێککەوتن پێکنەهات لەنێوان باڵەکاندا، ئەوا ئەو پرۆژە- پێشنیارەی زۆرینەی دەنگ بەدەست دێنێت، سیاسەتی داهاتووی پارتی سۆشیالیست دائەرێژێت.

٦ . ٢

کۆنگرەی نیشتمانی لەسەر داوای ئەنجومەنی نیشتمانی ڕێــك ئــەخرێت. کــە هــەر ئــەویش کــات و شــوێنی کــۆنگرە دیــاری ئــەکات و بــەهاوکاری فیدراســیۆنەکان پرۆســە و پێداویســتیە مادییــەکانی ســازدانی کــۆنگرە جێبەجێئەکات. لە کاتی پێویستدا ئەنجومەنی نیشــتمانی ئــەتوانێت بــە بــێ ڕەچاوکردنی کاتی یاسایی داوای بەستنی کۆنگرەی نائاسایی بکات.

٦ . ٣

ئەندامانی کۆنگرەی نیشتمانی لەلایەن کۆنگرەی فیدراسیۆنەکانەوە بە پێــی م. ١. ٥. ١ هەڵئەبــــژێردرێن، کــــە ناوەکانیــــان لەلایــــەن ســــکرتێری فیدراسیۆنەکانەوە ڕەوانەی مەکتەبی نیشتمانی حیزب ئەکرێت. لەپاڵ ئەماندا هــەموو ئەنــدامانی ئەنجومــەنی نیشــتمانی، پەرلــەمانتارەکان، نوێنــەرانی نیشتمانی ئەو ڕێکخراونەی لــە مادەکــانی: ٨. ٢ ، ٨. ٣ ، ٨. ٤، ٨. ٥ ، ٨. ٦ دا ئاماژەیان پێکراوە بەشداری کۆنگرەو کارەکانی ئەکەن.

٦. ٤

بۆ حسابکردنی ژمارەی ئەنــدامان بــۆ کــۆنگرە هــەر فیدراســیۆنێك مــافی نوێنەرایەتیەکی ڕێژەیی تێنەپەڕی هەیە، کە لانی زۆری بە پێــی ژمــارەی ئــەو ئەندامانەیە تا ٣١ی کانوونی یەکەمی ساڵی پێشوو تۆمار کراون.

٦. ٥

ژمارەی ئەندامان بەم شێوەیەی خوارەوە دائەنرێت:

ــ یەك ئەندام بۆ لانی کەم ٥٠ ئەنــدامی ئابوونــە دراو و، وە کــەمتر لــە ١٠٠ ئەندام.

ــ دوو ئەندام بۆ ١٠٠ ئەندامی ئابوونەدراو و، وە کەمتر لە ٢٥٠ ئەندام.

ــ یەك ئەندامی تر بۆ هەر ٢٥٠ ئەندامی زیاتر، هەروەها ئەنــدامێکیش بۆ دواهەمین فیدراسیۆن کە لە ٢٥٠ ئەندام کەمتر بێــتو لانــی کــەم ١٥٠ ئەندام بێت.

٦. ٦

کاتو شوێنو بەرنامەی کاری کۆنگرە بەلانی کەمەوە سێ مانگ پێشتر لــە لایەن ئەنجومەنی نیشــتمانیەوە ڕائەگەیــەنرێت. ئــەکرێت ئــەم ماوەیــە بــەهۆی بارودۆخی کتوپڕ و ناکــاوەوە کــورت بکرێتــەوە. هــەموو ئۆرگانــەکانی حیــزب دەســـتوبرد لەبەســـتنی کـــۆنگرە ئاگـــادار ئەکرێنـــەوە. ئەشـــێت ســـازدانو بەشداریکردنی گفتوگۆکان لەو ساتەوە بخرێتە گــەڕ تــا دیــاریکردنی ڕۆژێکــی کۆتایی لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیەوە.

ئەبێت پرۆژە- پێشنیاری نیشتمانی بە مەبەستی دەنگدان ئاراستەی هەموو ئەندامان بکرێتو لەدرەنگترین کاتدا ئەبێت یەك مانگ پێش بەستنی کۆنگرە ئاگادار بکرێنەوە. لەسەر ئاستی هەموو پارێزگاکاندا پاش گەیشتنی پرۆژە- پێشنیارەکان، هەر فیدراسیۆنە بە پێی ڕێو ڕەسمی خۆی ڕۆژێك تەرخان ئەکات بۆ گفتوگۆکردنیان. فیدراسیۆنەکان لەدرەنگترین کاتدا ئەبێ پێش دە ڕۆژ لە بەستنی کۆنگرەی نیشتمانی کۆنگرەی خۆیان سازدەن.

٦ . ٧

بەدەر لە بازدان بەسەر ڕێنماییەکانی م ٦ . ٨ ساڵی دووجار کۆبوونەوەیەکی گشتی نیشتمانی حیزب
(پلینۆم) لەسەر بابەتێکی گفتوگۆ ی دیاریکراو لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانیەوە ساز ئەکرێت، کە پێشوەخت شێوازی مافی ئەندامان لەقسەکردن و گفتوگۆکانی دەستەجەمعی دیاری ئەکرێت. لەپێش هەموو کۆبوونەوەیەکی گشتیدا کۆبوونەوەیەك لەسەر ئاستی فیدراسیۆنەکان، ئەگەر پێویستی کرد، لەسەر ئاستی هەرێمەکانیش ساز ئەکرێت.

٦ . ٨

وەڵامدانەوەو گفتوگۆی پرسیارو بابەتێك ئەبێتە مایەی سازدانی کۆبوونەوەیەکی گشتی نیشتمانی هەر کاتێك لەلایەن لانی کەم ٥٠٠٠ ئەندام و لانی کەم ٢٠ فیدراسیۆنەوە و پاش کۆکردنەوەی لانی زۆری ٥٠٠ ئیمزاو لانی کەمی ٢٥ ئیمزاوە لە هەرفیدراسیۆنێکدا کە داوای بەستنی کۆبوونەوە ئەکەن، پشتگیری بکرێت.

٦. ٩

لانی کەم ساڵی جارێك کۆنفرانسێکی فراوان بۆ ئەندامان لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیەوە ساز ئەکرێت. ئەو کۆنفرانسە بە ئامانجی ڕێگەدانە بە ئەندامان بۆ دەربڕینی بیروڕای خۆیان سەبارەت بە پرسیارە سیاسیە زیندوو هەنوکەییەکانی سەرئاستی نیشتمانی و نێو دەوڵەتی. مەسەلەیەکی هەنوکەیی ئەکرێتە بابەتی گفتوگۆی کۆنفرانسی ئەندامان یان لەسەر پێشنیاری مەکتەبی نیشتمانی یاخود لەسەر داوای ٥٠٠٠ هەزار ئەندام لە سەرجەمی لانی کەمی ٢٠ فیدراسیۆن و پاش کۆکردنەوەی لانی زۆری ٥٠٠ ئیمزا یان لانی کەمی ٢٥ ئیمزا لە هەر فیدراسیۆنێکدا کە داخوازی ئەو مەسەلەیەیان کردووە. ئەنجومەنی نیشتمانی خاوەن دەسەڵاتی ساز دانی کۆنفرانسی ئەندامان و هەنگاوەکانی ڕێکخستنی و شێوازی بەشداریکردن و دیاری کردنی نوێنەرانی ئۆرگانەکان و هەروەها شێوازی بەڕێوەچوونی گفتوگۆ دەستەجەمعیەکانە. داڕشتنی بەرنامەکانی هەڵبژاردن لە دەسەڵاتی کۆنگرەی نیشتمانی یان پلینۆمدایە. بەڵام بەستنی ڕێککەوتنی سیاسی لەدەسەڵاتی ئەنجومەنی نێشتمانیدایە.

٦. ١٠

ساڵی جارێك کۆبوونەوەیەکی گشتی بۆ هەموو سکرتێری کەرتەکانی حیزب لەلایەن مەکتەبی نیشتمانیەوە ساز ئەکرێت، کە شێوازی ڕێکخستن و ڕۆژەکەی دیاری ئەکات. لەدەسپێکی ئەو کۆبوونەوەیەدا سکرتاریەتی نیشتمانی لە

ڕاپۆرتێکدا چالاکیەکانی خۆیی و بەرنامەیەك بۆ کارو ئەرکە داهاتووەکانی ئەندامان ئەخاتە ڕوو.

٦. ١١

لەسەر پێشنیاری سکرتێری یەکەمی حیزب یان مەکتەبی نیشتمانی یان ٣٥ فیدراسیۆن یاخود ١٥٪ ئەندامانی حیزب، ئەنجومەنی نیشتمانی پاش گفتوگۆکردنی تەواوو بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەتوانێت بڕیاری سازدانی راپرسیەکی ڕاستەوخۆ بۆ هەموو ئەندامان بدات بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێکی دیاری کراو. ئەنجومەنی نیشتمانی شێوازی گفتوگۆکردنەکانی ئەو ڕاپرسیەو چۆنێتی ڕێکخستنی ڕاپرسیەکەو و ڕۆژی دەنگدان بۆ ئەندامان دیاری ئەکات.

## حەوتەم : ئەنجومەنی نیشتمانی ، مەکتەبی نیشتمانی ،سکرتاریەتی نیشتمانی

### ماددەی ٧. ١

لە نێوان دوو کۆنگرەدا سەرکردایەتی حیزب لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیەوە زامن ئەکرێتو لەنێوان دوو خولی کاری ئەم ئەنجومەنەشدا لەلایەن مەکتەبی نیشتمانیەوە زامن ئەکرێت.

.٧ .٢

دەسەڵاتەكانی ئەنجومەنی نیشتمانی پێشووی هەڵبژێردراو لە یەكەمین كۆبوونەوەی ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی نوێ كە لە دە ڕۆژدا دوای كۆنگرە دەستنیشان ئەكرێت، كۆتایی پێدێت.

٧ .٣

ئەنجومەنی نیشتمانی لەدوای كۆنگرەوە هەر لە یەكەم كۆبوونەوەی خۆیدا چەند لیژنەیەكی هەمیشەیی خاوەن تواناو تایبەمەندێتی جیاواز پێك دێنێت. هەر لیژنەیەكیش لەوانە لەیەكەمین كۆبوونەوەی خۆیدا سەرۆك و سكرتێرو كارگێڕی خۆی هەڵئەبژێرێت، كە كۆبوونەوەكانی لەسەر بانگهێشی سەرۆكی لیژنە ئەبێت. ئەنجومەنی نیشتمانی ساڵانە دیدارو كۆبوونەوەی گشتی و گفتوگۆی كراوەی لیژنەكان ساز ئەكات .

٧ .٤

ئەنجومەنی نیشتمانی پێك دێت لە :

- سكرتێری یەكەمی حیزب
- ٢٠٤ ئەندامی هەڵبژێردراو لە لایەن كۆنگرەی نیشتمانیەوە.
- سكرتێری یەكەمی فیدراسیۆنەكان ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانین، كە ژمارەیان ١٠٤ سكرتێرە.

٧. ٥

ئەندامانی بەشداری کۆنگرەی نیشتمانی کە بە گوێرەی ڕێژەی پرۆژە- پێشنیارەکان دیاری کراون هەر لایەنەو لیستی پاڵێوراوانی خۆی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی دیاری ئەکات بۆ کێبڕکێ لەسەر پڕ کردنەوەی کورسیەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی، کە ئەبێت زیاتر له ٥٠٪ی دەنگ بەدەست بێنێت بۆ بوون بەزۆرینە. ئەبێت لە ئامادەکردنی لیستی پاڵێوراواندا ڕەچاوی تەواوی م. ٦.١ بکرێت. ئەندامانی لیستی یەدەکی پاڵێوراو ئەتوانن بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی بکەن‌و لەکاتی خاڵیبوونی کورسیەکی ئەنجومەندا ئەندامێکی تری یەدەك جێگەی ئەگرێتەوە.

٧. ٦

سکرتێری هەرێمەکان ئەگەر لە هەمان کاتدا بەپێی م. ٧. ٤ ئەندامی ئەنجومەن نەبن، بۆیان هەیە وەکو چاودێرو ڕاوێژکار بەشداریی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی بکەن.

٧. ٧

هەر حیزبێك ئەندام بێت لەیەکێتی حیزبە سۆشیالیستەکانی ناو یەکێتی ئەوروپا، بۆی هەیە نوێنەرێکی خۆی دەستنیشان بکات کە لەکۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیدا وەکو ڕاوێژکار بەشدار بێت.

٧. ٨

ئەنجومەنی نیشتمانی لەلایەن مەکتەبی نیشتمانی حیزبەوە چەند جار پێویست بێت، بانگ ئەکرێت بۆکۆبوونەوە، بەڵام لانی کەم ساڵانە چوار کۆبوونەوەی گشتی ئەبەستێت. بابەت و ڕێکخستنی کۆبوونەوەکە لەلایەن مەکتەبی نیشتمانیەوە دیاری ئەکریت و لانی کەم دووهەفتە پێش کۆبوونەوەکە ئەنجومەنی نیشتمانی لێئاگادار ئەکرێتەوەو یەکسەر فیدراسیۆنەکانیش ئاگادار ئەکرێنەوە بە مەبەستی گفتوگۆکردنی لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی فیدراسیۆندا.

٧. ٩

ئۆرگانە ناوەندیەکانی سەرکردایەتی حیزب (ئەنجومەنی نیشتمانی ، مەکتەبی نیشتمانی ، سکرتاریەتی نیشتمانی) ڕاپۆرتە گشتیەکانی چالاکیەکانیان ئامادە ئەکەن، کە هەموو سێ ساڵێك ئەخرێتە بەردەست کۆنگرە. ئەم ڕاپۆرتانە بۆ ئەندامان بڵاو ئەکرێنەوەو لانی کەم پێش شەش هەفتە لە بەستنی کۆنگرە ئاراستەی هەموو کەرت و فیدراسیۆنەکان ئەکرێن.

٧. ١٠

ئەنجومەنی نیشتمانی و گروپی پەرلەمانتارەکانی پارتی سۆشیالیست هەر کاتێك پێویست بکات و لەسەر داوای ئەنجومەنی نیشتمانی یان گروپی پەرلەمانتارەکان پێکەوە لەسەر مەسەلەیەك ڕاوێژو دەنگ ئەدەن.

١١ .٧

هەموو بڕیارەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کە لە ڕێگەی دەنگدانــەوە و پــاش بەدەست هێنانی زۆرینە بڕیاری لەسەر درابێت، بەسەر هەموو لایەکدا جێبەجێ ئەکرێت.

١٢ .٧

ئەنجومەنی نیشتمانی لەناو خۆیدا مەکتەبی نیشتمانی هەڵئەبـژێریت، کـە پێکدێت لە سکرتێری یەکەمی حیزب و ٥٤ ئەندام بەڕەچاو کردنی م. ١. ٥. ١ ، ١. ٥. ٢ ، ٦. ١. جگــە لــەوەی هــەژدە ئەنــدامیان لەلایــەن ســکرتێرە یەکەمەکانی فیدراسـیۆنەکانەوە دیـاری ئـەکرێن بـۆ مەبەسـتی ڕەچـاوکردنی جۆراوجۆریی شوێنی جوگرافی و ژمارەی فیدراسیۆنەکان.

١٣ .٧

ئەنجومەنی نیشتمانی ئەتوانێت دەسـەڵات بـدات بـە مەکتـەبی نیشـتمانی حیزب بە بڕیاردان لەسەر هەندێك دۆسیە، کە لە کۆبوونەوەکانـدا گفتوگۆیـان لەسەر کراوە. مەکتەبی نیشتمانی لەکاتی هاتنەپێشەوەی مەسەلەیەکی ناکاوو کتوپڕدا یەکسەر کۆ ئەبێتەوە.

بەڵام مەکتەبی نیشتمانی دەسەڵاتی نیە لە جیـاتی ئەنجومـەنی نیشـتمانی بڕیار لەسەر ئەم مەسەلانە بدات:

ـــ هەڵبـژاردنی سـکرتاریەتی نیشـتمانی و ناونـانی لێپرسـراوە سیاسـیە سەرکردەییەکانی حیزب وبەڕێوەبەری بڵاوکراوەو ڕاگەیەندنە ڕەسمیەکانی حیزب.

ـــ دارِشــتنی بانگــەوازە گشــتیەکان و بەرنامــەکانی حیــزب لــە هەڵبژاردنەکاندا.

ـــ بڕیاری چەسپاو سەبارەت بـە هەڵسـوکەوت و هەڵوێسـتی حیـزب یـان گروپی پەرلەمانتاری پەیوەسـت بـەو مەسـەلانەی لـە بڕگـەکانی ١١، ٣٥ ، ٨٩ی دەستوری وڵاتدا هاتووە.

ـــ بڕیاری بەشداریکردن لە حکومەتدا، یان ڕێککەوتنی سیاسی بنـەڕەتی لەگەڵ ڕێکخراوێکی تردا.

ـــ دەستنیشـانکردنی نوێنـەرانی حیـزب بـۆ کـۆنگرەی یـەکێتی پارتـە سۆشیالیستەکانی ئەوروپا.

ـــ بەستن و پەسەندکردنی پەیمان و ڕێککەوتن لەگەڵ حیزبێکی بیانیدا.

ـــ پەسەندکردنی کۆتایی پاڵێوراوانی حیزب بۆ هەڵبژاردنە گشتیەکان.

ـــ ئەو بڕیارانەی پەیوەندی بە ڕێکخستنی کۆنگرەوە هەیە.

ـــ پەسەندکردنی پەیڕەوی فیدراسیۆنەکان.

ـــ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی فیدراسیۆن یان هەرێمێك.

ـــ لێکۆڵینەوە لە ئەندام پەرلەمانێك کـە لـە دانیشـتنێکی گشـتیدا لـە ڕێساو دیسپلینی گروپەکەی لایدابێت.

١٤.٧

سکرتێری یەکەمی حیزب لەڕێگەی دەنگدانی نهـێنی هـەموو ئەنـدامانی حیزبەوە لەدوای کۆنگرەی نیشتمانیەوە بە زۆرینەی دەنگ هەڵئەبـژێردرێت. لـە حاڵەتی خولی دووەمـدا تـەنها بەهـەمان ئـەو مەرجانـە ئـەو دوو پـاڵێوراوە ئەمێننەوە، کە لە خولی یەکەمدا زۆرترین دەنگیان بەدەست هێناوە. لـەکاتی

خاڵی بوونی پۆستی سکرتێری یەکەمی حیزب، ئـەبێت لەبـەر رۆشـنایی ئـەو مەرجانەدا هەڵبژاردنی بۆ ساز بکرێت.

١٥ .٧

سکرتاریەتی نیشتمانی لەنێو ئەنـدامانی مەکتـەبی نیشـتمانیدا و پـاش پێشنیاری سکرتێری یەکەم لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانیەوە هەڵئەبـژێردرێت، بە ڕەچاو کردنی م. ٦.١.

شێوازی کاری سکرتاریەتی حیزب شیوازێکی دەستەجەمعیە.

١٦ .٧

لیژنەیەکی تێکەڵاوو پێکهاتوو لە چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی نیشتمانی ، ژنانی پەلەمانتار، لیژنەی نیشتمانی مافی ژنان، بەسـەرۆکایەتی سـکرتێری نیشتمانی مافی ژنان، لێپرسـراوە لەچـاودێری نوێنەرایـەتیکردنی ژنـان لـەناو هەموو ئاستە ڕێکخراوەییـەکانی حیزبـدا: ئەنجومــەنی نیشـتمانی، مەکتـەبی نیشتمانی، یەکێتی هەرێم، فیدراسیۆن و کەرتەکان، بە تایبەتی بە ڕێزگرتنی م .٦.١.

١٧ .٧

کۆمیتەیەکی ئابوری وکۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی نیشتمانیدا پێکدێت لـە شارەزایان و خەڵکانی بـەتوانای نوێنـەرانی سـەندیکا وکۆمەڵـەکان. رۆڵـی هاریکاریکردنی ئەنجومەنی نیشتمانیە بۆ دیراسەکردن و شیکردنەوەو بـەدوادا چـوونی مەسـەلە ئـابوری و کۆمەڵایەتیـەکان. لـەدوای هـەموو کۆنگرەیـەك

ئەندامەکانی لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیەوە پاش پێشنیاری سکرتێری یەکەم دەستنیشان ئەکرێن بە ڕەچاوکردنی م . ١ . ٦. مەکتەبی ئەم کۆمیتەیە وەکو ڕاوێژکار بەشداری کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی ئەکات.

ــ ئەنجومەنی نیشتمانی پەرلەمانی ڕاستەقینەی حیزب، کە ئەرکی جێبەجێکردنو ڕاپەڕاندنی ئەوپرۆژە- پێشنیارە ئەخاتە ئەستۆ کە لەکۆنگرەدا پەسەند کراوەو لانی کەم چوار جار لەساڵێکدا کۆئەبێتەوە.

ــ مەکتەبی نیشتمانی بەڕیوەبەرایەتی و ڕابەرایەتی حیزب بە پێی ئەو دەسەڵاتانەی ئەنجومەنی نیشتمانی پێی داوە، زامن ئەکات. هەموو ڕۆژانی چوارشەممەیەك کۆ ئەبێتەوە.

ــ سکرتاریەتی نیشتمانی بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی و مەکتەبی نیشتمانی حیزب. هەر سکرتێرێکی نیشتمانی لێپرسراوە لەبەشێکی چالاکی و کارەکانی حیزب و لێپرسراوە لە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکانیدا لەبەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیدا.

## هەشتەم : پێکهاتەو ڕێکخراوەکانی چالاکی وابەستە بە حیزب

### ماددەی ٨ . ١

پارتی سۆشیالیست بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی بەرنامە سیاسیەکانی خۆی لە نێو ناوەندە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا، چەند پێکهاتەو ڕێکخراوی چالاکی پێکدێنێت و بەوابەستەی حیزبیان ئەناسێت. ئەم جۆرە ڕێکخراوانە بۆ کەسانی نائەندامی حیزبیش کراوەن و لەناوەندەکانی چالاکی خۆیاندا توانای دەربڕینی بیروڕای سیاسیان هەیە. بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی خۆیان و بە دیاریکردنی

لێپرسراوی خۆیان بواری پێکەوەکارییان لەگەڵ دەزگا لێپرسراوەکانی حیزبدا هەیە.

٨. ٢

بزووتنەوەی لاوانی سۆشیالیست (MJS) رێکخراوێکە ڕەنگدانەوەی چالاکی و خۆنمایشکردنی تایبەت بە لاوانە، ئەندامی حیزب بن یان نا، ئەم ڕێکخراوە خواستی بڵاوکردنەوەی سۆشیالیزمی هەیە لەنێو لاواندا.

٨. ٣

تەمەنی پەسەندکراو بۆ ئەندامێتی لەناو بزووتنەوەی لاوانی سۆشیالیستدا لە نێوان ١٥ تا ٢٨ساڵیدایە.

٨. ٤

پەسەندکردنی پەیڕەوی ناوخۆی بزووتنەوەی لاوانی سۆشیالیست لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی نیشتمانی حیزبدایە.

٨. ٥

بەمەبەستی هەمئاهەنگی لە نێوان کاروچالاکیەکانی حیزب و بزووتنەوەی لاوانی سۆشیالیست لەناو لاواندا، لێپرسراوە هەڵبژێردراوەکانی بزووتنەوەی لاوانی سۆشیالیست مافی تەواویان هەیە کە بە پێی ئاستی لێپرسراوێتیەکەی هاوتا بە هەر ئۆرگانێکی حیزب، بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەو ئۆرگانانە بکەن. سەرۆکی ڕێکخراو بەشداری کۆبوونوەکانی مەکتەبی نیشتمانی و ئەنجومەنی نیشتمانی ئەکات. نوێنەری هەرێمایەتی بەشداری کۆمیتەی هەرێم، کارگێری

فیدراسیۆن بەشداری ئەنجومەنی فیدراسیۆن و لێپرسراوی گروپ بەشداری لە کۆبوونەوەی کەرتدا ئەکات.

٨. ٦

گروپە سۆشیالیستەکانی ڕێکخراوە پیشەییەکان لەسەر ئاستی نیشتمانیدا، بە پێی جۆری پیشە، کەرت وکۆمیتە پیشەییەکانی هەرێمەکان کۆئەکاتەوە. هەموو پێکەوە لە کۆنگرەیەکی گشتیدا کۆئەبنەوەو مەکتەب و سکرتاریەتێك دەستنیشان ئەکەن. لیژنەی نیشتمانی ڕێکخراوە پیشەییەکان سەرجەم سکرتێری ڕێکخراوە پیشەییەکانی هەرێمەکان و سکرتێری گروپی سۆشیالیستەکانی ڕێکخراوە پیشەییەکانی نێستمانی کۆئەکاتەوە. لە دانانی پەیڕەوی ناوخۆو دیاریکردنی ئەندامانی لیژنەدا ڕەچاوی م . ١. ٥. ١ ئەکرێت. ئەندامانی لیژنە ئەتوانن بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی بکەن.

٨. ٧

ڕێکخراوە تایبەتمەندەکانی بواری لێکۆڵینەوەو لێتوێژینەوە کە هەڵگری بڕیاری سیاسی نین. بە کارەکانیان بەشداری ژیانی حیزبی ئەکەن. بەشە جیاکانی چالاکی ئەو ڕێکخراوانە دیاریکراون و ئەشێت یان لە ڕێگەی کۆنگرەوە یان لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانیەوە گۆڕانکاریان تێدابکرێت. ئەندامان و لێپرسراوی ئەم ڕێکخراوانە لە هەموو ئاستەکانی حیزبدا لەلایەن خۆیانەوە هەڵئەبژێردرێن و وەکو ڕاوێژکار بەشداری ئاستە دەسەڵاتیەکانی ئۆرگانەکانی حیزب ئەکەن، کە هاوتایان ئەبێتەوە.

٨. ٨

به دەستپێشخەری و لەژێر چاودێری کەرت و بەڕەزامەندی فیدراسیۆن ئەو ڕێکخراوانە پێکدەهێنرێن، کە خاوەنی بڕیاری سیاسی نین، بەڵام وابەستەی ژیانی ڕۆژانەی ناوچەکانن، وەکو کۆکردنەوەی جەماوەری لایەنگرانی حیزب.

٨. ٩

ئەشێت ڕێککەوتنی کۆمەڵەیی یان ڕێکخراوەیی لەنێوان ئۆرگانێکی حیزب لەناوچەیەکدا بەڕەزامەندی فیدراسیۆنی پارێزگا لەگەڵ ڕێکخراوو بنکەیەکی فیکری، لێکۆڵینەوەو لێتوێژینەوە کە لەدەرەوەی حیزب دامەزراون، پێکبهێنرێت. ئەشیت هەمان شێوەی ڕێککەوتنیش لەسەر ئاستی نیشتمانیدا لەگەڵ کۆبوونەوە سۆشیالیستیەکاندا پێکبهێنرێت.

٨. ١٠

ئەنجومەنی ژنانی سۆشیالیست ڕێکخراوێکی هەڵویستگر و وەدەنگهاتو چالاکیی تایبەت بە ژنانی ئەندام یان لایەنگرانی پارتی سۆشیالیستە. لەسەر هەموو ئەو پرسیارانەی کە پەیوەندی بە ماف و شوێنی ژنان هەیە لەناو کۆمەڵگەدا، وەدەنگ دێت.

## نۆهەم : هەڵبژاردنە سیاسیەکان، دەستنیشانکردنی پاڵێوراوان و گروپی سۆشیالیست لە پەرلەماندا

ماددەی ٩. ١. ١

لە هەموو ئاستەکانی هەڵبژاردندا، هەر جۆرێك بێت، ڕێککەوتنی تەواو لەسەر ئاستی نیشتمانی لەلایەن سەرکردایەتی حیزبو بە ڕاوێژ پێکردنی نووسراوی فیدراسیۆنەکانو پەسەندکردنی لەکۆبووونەوەی گشتیدا پێویستە. تەنانەت لەو حاڵەتانەشدا کە پێویستی بە دیاریکردنی یەك پاڵێوراو هەیە،لە هەموو ئاستەکاندا ئەبێت ڕەچاوی یەکسانی ژن ــ پیاو بکرێت.

٩. ١. ٢

دەستنیشانکردنی پاڵێوراوان بۆ هەڵبژاردنە سیاسیەکان لەلایەن هەموو ئەو ئەندامانەوە ئەبێت لەناو سنوری بنکەیەکی دەنگداندا کە لە لیستی دەنگدەراندا ناونووس کراونو کارتی دەنگدانیان هەیە، کە ئەشێت لێیان داوا بکرێت. ئەندامانی تەمەن خوار هەژدە ساڵ و بیانیەکان لە کەرتەکانی شوێنی نیشتەنی خۆیان دەنگ ئەدەنو ئەشێت داوای بەڵگەی نیشتەنیان لێبکرێت.

٩. ١. ٣

فیدراسیۆنەکان دەسەڵاتی چاودێری و جێبەجێکردنی ئەو ڕێسا بنەڕەتیانەیان هەیە، کە حیزب بریاری لەسەر داون.

بۆ دیاریکردنی هەر پاڵێوراوێك لەسەر ئاستی ناوچەیی جگە لە پاڵێوراوی یەکەمی سۆشیالیست لە پارێزگاکانو ئەو شارانەی ژمارەی دانیشتوانیان لە ۲۰۰۰۰ هەزار کەس زیاترە، پاڵاوتن تەنها لەدوای پەسەندکردنی کۆتایی ئەنجومەنی فیدراسیۆن ئەچەسپێت. بۆ دیاریکردنی پاڵێوراو لەسەر ئاستی نیشتمانی و ئەوروپی و یەکەمین پاڵێوراوی سۆشیالیست لەو پارێزگاو شارانەی ژمارەی دانیشتوانیان لە ۲۰۰۰۰ هەزار کەس زیاترە، پاڵاوتن تەنها دوای پەسەندکرنی کۆتایی لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانیەوە ئەچەسپێت.

٤٠١٠٩

ئەبێت لە هەموو لیستێکی پێشنیارکراو بۆ هەڵبژاردنەکاندا ژمارەیەکی یەکسانی ژنو پیاوی تێدا بێت.

٥ .١ .٩

پاڵێوراوی حیزب بۆ سەرۆکایەتی کۆمار لەلایەن هەموو ئەندامانەوە بە دەنگدانی نهێنیو لەهەڵبژاردنی گشتیدا دیاریئەکرێت بە بەدەستهێنانی زۆرینەی رەهای دەنگەکان لە خولی یەکەمدا. لە حاڵەتی خولی دووەمدا تەنها ئەو دوو پاڵێوراوە بە هەمان ئەو مەرجانە کێبڕکێ ئەکەن، کە زۆرترین دەنگیان بەدەست هێناوە. ناوی پاڵێوراوان لە ئەنجومەنی نیشتمانی تۆمار ئەکرێت.

٩. ١. ٦

بۆ دیاری کردنی پالێوراو بۆ پۆستی سەرۆکایەتی سێنا (ئەنجومەنی سیناتۆرەکان)، سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی فەرەنسا (پەرلەمان) و عومدەی شاری پاریس رەزامەندی مەکتەبی نیشتمانی حیزب پێویستە.

٩. ١. ٧

دیاریکردنی پالێوراوی حیزب بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی گشتی پارێزگاکان لەرێگەی دەنگدانی راستەوخۆی ئەندامانی فیدراسیۆنەکانەوە ئەبێت لەبەر رۆشنایی هەمان ئەو رێسایانەدا بێت کە یەکەمین سکرتێری فیدراسیۆنی پێدیاری ئەکریت.

٩. ١. ٨

دیاریکردنی پالێوراو بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی هەرێم (پەرلەمانی هەرێم) بە راوێژکاری نێوان گروپی سۆشیالیستەکان لە ئەنجومەنی هەرێم و کۆمیتەی هەرێمی حیزب ئەبێت. لەحالەتی نەگەیشتنە ئەنجام و ناکۆکی نێوانیاندا ئەنجومەنی نیشتمانی حیزب بە کۆبوونەوەی نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەو مەسەلەیە یەکلایی ئەکاتەوەو پالێوراو دیاری ئەکات.

٩. ١. ٩

دیاریکردنی پالێوراو بۆ سەرۆکایەتی یەکێك لە کۆمەڵەو رێکخراوە ناوچەییەکان بەدەنگدانی راستەوخۆی ئەندامانی ئەو رێکخراوانە ئەبێت لەو شوێنانەدا. فیدراسیۆن ئەتوانێت بە راوێژکاری لەگەڵ سەرکردایەتی حیزب رێککەوتنی سیاسی بۆ سەرۆکایەتی ئەو پێکهاتانە ئەنجام بدات.

۹. ۱. ۱۰

هەر پاڵێوراوێك بۆ هەر پۆستێكی هەڵبژاردن بێت، ئەبێت ئەركەكانی ئەندامێتی جێبەجێكردبێ و لەكاتی خۆپاڵاوتندا ئابوونەی دابێت و بۆ هەموو هەڵبژێردراوەكانیش پێویستە ئابوونەی ئەندامێتی و ئابوونەی هەقی هەڵبژاردنیان دابێت.

۹. ۲

ئەگەر ژمارەی ئەو ئەندامانەی لە سنوری ئەو كەرتانەی پاڵێوراوێك بۆ ناوچەی هەڵبژاردنی خۆی دیاری ئەكات، لانی كەم بەرامبەر پاڵێوراوێك ۵۰۰ ئەندام نەبێت لە شارەوانی و قەزاو ناحیەكاندا، كە ژمارەی دانیشتووانیان لە ۳۵۰۰ كەس زیاترە، ئەوا كەرتەكان بە پێی ئەولەویەت لیستی پاڵێوراوان دیاری ئەكەن. سەبارەت بە هەڵبژاردنی شارەوانی قەزاو ناحیەكان ئەنجومەنی فیدراسیۆن دەسەڵاتی بریاردانی هەیە. سەبارەت بە هەڵبژاردنەكانی پەرلەمان و ئەوروپاو ئەو شارانەی ژمارەی دانیشتوانیان لە ۲۰۰۰۰ هەزار كەس زیاترە، ئەنجومەنی نیشتمانی پاش ڕاوێژی كەرتە پەیوەندداركان دەسەڵاتی بڕیاردانی هەیە.

۹. ۳

هەر پاڵێوراوێكی حیزب پاش پەسەندكردنی داواكەی لە ڕێگەی دەسنووسێكی ئیمزاكراوەوە بەڵێنی شەرەف ئەدات كە هەر كاتێك لەبەر هەر هۆیەك بێت خۆی لەحیزب بكێشێتەوە، یەكسەر داوای دەستكێشانەوەی خۆشی لەو ئەنجومەنە ڕابگەیەنێت، كە بۆی هەڵبژێردراوە.

٩. ٤

گروپی سۆشیالیست لە پەرلەماندا پێکـدێت لـە ئەنـدامانی پەرلـەمان و سیناتۆرەکان. بە وە لە هەموو پێکهاتە سیاسیەکانی تر جیـا ئەکریتـەوە، کـە تەنها لە ئەندامانی پارتی سۆشیالیست پێکدێت. هـەر ئەنـدام پەرلـەمانێك وابەسـتەی هـەموو ئەرکـەکانی ئەنـدامێتی خۆیـەتی سـەبارەت بەوکـەرت و فیدراسیۆنەی لێوەی هـاتووە. ڕوودانـی هـەموو ناکۆکیـەك ئەخرێنـە بـەردەم لیژنـەی نیشـتمانی ناکۆکیـەکان . بـەڵام چـالاکی و دەنگدانـەکانی ئەنـدام پەرلەمان تەنها وابەستەی گروپی پەرلـەمانتاری سۆشیالیسـت و ئەنجومـەنی نیشتمانی حیزبە.

٩. ٥

جگە لەو دەنگدانەی بۆ دیاریکردنی کەسان و کارگێڕایـەتی گروپـەکان لـە هەموو ئەنجومەنێکدا ئەنجام ئەدرێت ، هەموو پەرلەمانتارێك لە نـاو گروپـدا مافێکی یەکسانیان هەیە لە گفتوگۆو دەنگدانەکانی ناو پەرلەمان و سێنا دا.

ئەبێت ئەندام پەرلەمان و سیناتۆرەکان ئەندام بن لەناو لیژنەکانی دیراسـەو لێتوێژینەوەی حیزب بە پێـی ئەنـدامێتیان لـە لیژنـەکانی نـاو پەرلەمانـدا. هەمان مەرج بەسەر ئەندام پەرلەمانـە سۆشیالیسـتە فەرەنسـیەکان لـە نـاو پەرلەمانی ئەوروپادا جێبەجێئەکرێت.

٦.٩

ئەندامانی گروپی سۆشیالیست لە پەرلەمان پەیڕەوی ناوخۆی حیزب پەسەند ئەکەن و بە پێی بنەماکانی کار ئەکەن. لە هەموو حاڵەتێکیشدا ئەبێت ڕێز لە ڕێسای یەکێتی گروپەکە لە دەنگداندا بگرن. لەکاتی لادان لەم ڕێسایە ئەنجومەنی نیشتمانی بۆی هەیە کار بە ڕینماییەکانی م. ١١. ١٢ بکات. بۆ ڕێکخستنی کارە ناوخۆییەکانیان، هەر گروپێکی پەرلەمانتاری یان سیناتۆرەکان تیمێکی کارگێری تایبەت بە خۆیان پێکدێنن.

ئەندامانی گروپی سۆشیالیستە فەرەنسیەکان لە پەرلەمانی ئەوروپا لە هەموو حاڵەتەکاندا هەمان ئەو مەرجانە جێبەجێ ئەکەن و ڕێزی یەکێتی گروپەکە لە دەنگداندا ئەگرن.

٧.٩

کۆنگرەی نیشتمانی بڕی ئەو یارمەتی و ئابوونەیە دیاری ئەکات، کە ئەبێت ئەندامی پارتی سۆشیالیستی پەرلەمانتار لە پەرلەمانی فەرەنسی و ئەوروپی بیدات بە حیزب، نوێنەرێکی دارایی حیزب دیاری ئەکرێت بۆ کۆکردنەوەی ئەو یارمەتی و ئابوونانە.

٨.٩

بەشێکی تایبەتی لە ڕاپۆرتی گشتی سێ ساڵەی چالاکیەکان تەرخان ئەکرێت بۆ ڕوون کردنەوەی کارو چالاکیەکانی گروپی سۆشیالیست لە پەرلەمانی وڵات و هەروەها لە پەرلەمانی ئەوروپیدا.

٩. ٩

لە هەموو شارەوانی و پارێزگاو هەرێمەکان و دەسەڵاتە ناوچەییەکان و دەسگا گشتیەکانیدا، ئەبێت نوێنەرە سۆشیالیستەکان گروپی تایبەتی خۆیان و جیاواز لەوانی تر دروست بکەن و لە هەموو حاڵەتێکیشدا ڕێزی یەکێتی دەنگدانی گروپەکەیان بگرن. لەکاتی لادان لەو ڕێسایە ئەشێت لەسەر داوای کەرت و فیدراسیۆن بانگەشەی بەردەم لیژنەی فیدرالی ناکۆکیەکان بکرێن. سکرتێری یەکەمی حیزب بە گوێرەی پلەو شوێنەکەی مافی بەشداری کۆبوونەوەی گروپی سۆشیالیستی هەیە. سکرتێری یەکەمی فیدراسیۆنەکان یان نوێنەریان مافی بەشداریکردنی کۆبوونەوەی گروپی سۆشیالیستیان هەیە لە ئەنجومەنی هەرێمدا.

ئەبێت هەڵبژێردراوەکان هەمان کات ببنە ئەندامی فیدراسیۆنی نیشتمانی هەڵبژێردراوە سۆشیالیست و جمهوریەکان.

١٠. ٩

هەموو هەڵبژێردراوێك لەسەر ئاستی نیشتمانی و ناوچەیی بەشێك لە داهاتی خۆی وەکو یارمەتی ئەدات بەوکۆمەڵەو ڕێکخراوانەی کۆمەکی حیزب ئەکەن، بە پێی بڕێك کە ئەنجومەنی نیشتمانی دیاری ئەکات. پاشان ئەم کۆمەکانە بە سەر ئۆرگانەکانی حیزبدا دابەش ئەکرێنەوە بۆ ڕایی کردنی کارەکانیان.

## دەیەم : لیژنەی پشکنینی دارایی

ماددەی ١٠. ١

لە هەموو کۆنگرەیەکی نیشتمانی ئاساییدا لیژنەیەکی پشکنینی دارایی و ژمێریاری دیاری ئەکرێت. ئەم لیژنەیە لە ٣٣ ئەندام پێکدێت، کە بە پێی م. ١. ٥. ١ هەڵئەبژێردرێن. مافی ئەوەی هەیە کە دوو ئەندامی خۆی لە کۆنگرەدا بکاتە نوێنەر وەکو ڕاوێژکار. ئەم لیژنەیە لەسەر داوای ئەنجومەنی نیشتمانی هەرکاتێك بخوازێت وەیان لەسەر داوای خۆی لە کۆبوونەوەی ئەو ئەنجومەنەدا ئامادە ئەبێت.

لە هەموو کۆنگرەیەکی ئاسایی فیدراسیۆندا بەهەمان شێوە لیژنەیەکی پشکنینی دارایی و ژمێریاری هەڵئەبژێردرێت.

## یانزەهەم : لیژنەی ناکۆکیەکان

ماددەی ١١. ١

ئەو ناکۆکیانەی پەیوەندیان بە پێکهاتەو چۆنێتی کارکردن و بڕیاردانی ئۆرگانە ناوچەییەکانی (خوارەوەی) حیزبەوە هەیە، دەسەڵاتی یەکلاییکردنەوەیان لە لایەن لیژنەی سەربە ئەنجومەنی فیدراسیۆنەوە یە. هەموو ئەو ناکۆکیانەی پەیوەستن بە ئۆرگانەکانی حیزب لە ئاستی پارێزگاو هەرێمەکاندا، ڕاستەوخۆ لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانیەوە چارەسەر ئەکرێن.

لیژنەی پشکنینی ناکۆکیەکانی فیدراڵ لە هەموو ئەو هەڵسوکەوتە تاکەکەسی یان کۆمەڵیانەی ئەندامانی حیزب ئەکۆڵێتەوە، کە لە ناو سنوری فیدراسیۆندا ڕوو ئەدەن. بەڵام ئەگەر هەر ئەندام یان کۆمەڵێك ئەندام سەربە

فیدراسیۆنی جیاواز بن، لیژنەی نیشتمانی ناکۆکیەکان لە کێشەکانیان ئەکۆڵێتەوە.

٢.١١

هەر فیدراسیۆنێك لە کۆنگرەی ئاسایی خۆیدا و بە ڕەچاوکردنی م. ١. ٥. ١ لیژنەی ناکۆکیەکانی فیدراسیۆن هەڵئەبژێرێت، کە دەسەڵاتەکانی بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی فیدراسیۆن دیاری ئەکرێت.

ئەم لیژنەیە لەو ئەندامانە پێکدێت کە بەلانی کەمەوە ماوەی سێ ساڵی بێ دابڕان ئەندامی حیزبن و لە هەمان کاتیشدا ئەندامی هیچ ئۆرگانێکی سەرکردایەتی تری حیزب یان لیژنەی پشکنینی دارایی نین. لیژنەکە لە ناو خۆیدا سەرۆكو سکرتێرێك هەڵئەبژێرێت.

٣.١١

هەر سێ ساڵ جارێك لە کۆنگرەی نیشتمانی ئاسایی حیزبدا بە پێی م. ١. ٥. ١ لیژنەی نیشتمانی ناکۆکیەکان هەڵئەبژێردرێت کە پێك دێت لە ٣٣ ئەندام. ئەندامانی ئەم لیژنەیە ئەبێت بە لانی کەم بۆ ماوەی سێ ساڵی دانەبڕاو ئەندامی حیزب بن و لە هیچ ئۆرگانێکی تری سەرکردایەتیدا نەبن. ڕاپۆرتی گشتی خۆی ئەخاتە بەردەم کۆنگرەی نیشتمانی، کە تیایدا بە دوو ئەندامی ڕاوێژکار نوێنەرایەتی ئەکات .

٤.١١

هەر داواکاریەك لەلایەن ئەندامێك یان کۆمەڵێك ئەندامەوە لە فیدراسیۆنێکدا ئاراستەی ئەنجومەنی فیدراسیۆن کرابێت، یەکسەر لە لایەن خۆیەوەو بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ڕەوانەی لیژنەی ناکۆکیەکانی فیدراسیۆنی ئەکات بە بێ ئەوەی ڕای خۆی بخاتە ڕوو بۆ وەرگرتنی بڕیارێك، بەڵام بۆی هەیە داوا لە لیژنەی ناکۆکیەکانی فیدراسیۆن بکات، کە ئەمیش لە کۆبوونەوەی تایبەت بەو کێشەیەدا ئامادەبێت.

هەر داوای پشکنین و کێشەیەك کە پەیوەست بێت بە دوو فیدراسیۆن یان زیاتر لە هەرێمە جیاوازەکاندا، ئاڕاستەی مەکتەبی نیشتمانی حیزب ئەکرێت کە ئەویش ڕاستەوخۆ ڕەوانەی لیژنەی نیشتمانی ناکۆکیەکانی ئەکات. هیچ داوایەکیش لە کاتی ڕوودانی کێشەکەوە نابێت ساڵێکی بەسەردا تێپەڕێت.

لەکاتی خۆکێشانەوە لە حیزب، سڕینەوەی ئەندامێتی، دەرکردنی ئەندامێك کە پێشتر داوایەکی خستبێتە بەردەم لیژنەی ناکۆکیەکانی فیدراسیۆن یان نیشتمانی، ئەو داوایە بە کۆتایی هاتوو و بێ ئەنجام دائەنرێت.

لەکاتی خۆکێشانەوە ، سڕینەوەی ئەندامێتی یان دەرکردنی ئەندامێك کە پێشتر داواو کێشەیەکی لەسەر هەبێت، لیژنەی ناکۆکیەکانی فیدراسیۆن یان نیشتمانی بۆی هەیە کۆتایی بەو داوایە بێنێت بە حسابکردنی ئەو ئەندامە بە دەرکراو.

٥.١١

لیژنەی ناکۆکیەکانی فیدراسیۆن یان نیشتمانی بۆی هەیە داوا ڕەت کاتەوە یان ئەو سزایانەی لە خوارە هاتوون، بسەپێنێت. ئەشتوانێت لەسەر داوای یەکیك یان لایەنەکان لیژنەیەکی ناوبژی دابنێت، کە خۆی دەسەڵاتی دیاریکردنی سێیەکی ئەبێت کە لە ماوەی سێ مانگدا لە کێشەیەك بکۆڵێتەوە.

ئەو سزایانەی کە ئەشێت بدرێن بەهۆی لادان لە بنەماو پەیڕەوی حیزب، پێشێلکردنی ئەرك و لێپرسراوێتی چەسپێنراوی حیزبی، ئەو هەڵس وکەوتانەی بەشێوەیەکی خراپ زیان بە حیزب ئەگەیەنن، بریتین لە:

- ئاگادارکردنەوە
- سەرزەنشتکردن (توبیخ)
- ڕاگرتنی کاتی ئەندامێتی
- دەرکردنی کاتی یان تەواو

ئەشێت لە جێبەجێکردنی ئەم سزایانەدا ڕاگرتنی کاتی یان تەواو یاخود وەستاندنی سزاکە هەبێت.

٦.١١

هەر ئەندامێکی سزادراو، بە شێوەیەکی کاتی بێ بەش ئەکریت لە خۆپاڵاوتن و نوێنەرایەتیکردنی حیزب و قسەکردن و نووسین بە ناویەوە و وەرگرتنی لێپرسراویەتێکی حیزبی لەهەر ئاستێکی ئۆرگانیدا بێت.

بەڵام ئەگەر ئەندامێکی حیزبی سزادراو پۆستێکی هەڵبژێرداوی هەبێت لە کاتی سزادانەکەیدا، ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ لیژنەی فیدراسیۆن یان نیشتمانی

ناکۆکیەکان بۆ هێشتنەوەی یان لابردنی لەو پۆستەدا. ئەگەر بزانێت مانەوەی بە قازانجی حیزبە یان نا.

۷.۱۱

ئەگەر داواو شکاتێك بێ بەڵگەو بەهانە دەرچوو، لیژنەی ناکۆکیەکان بۆی هەیە هەمان ئەو سزایانە دژی داواکار بڕیار بدات.

۸.۱۱

بڕیارەکانی لیژنەی ناکۆکیەکانی فیدراسیۆن تەنها پاش تێپەڕبوونی مانگێک بەسەر دەرکردنیاندا ئەچنە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. لەو ماوەیەدا هەر یەکێك لە لایەنی کێشەکان بۆیان هەیە داوای تانەدان لەبەردەم لیژنەی نیشتمانی ناکۆکیەکان بکەن.

ئەبێت بڕیارەکانی لیژنەی ناکۆکیەکانی فیدراسیۆن بۆ پەیوەندیدارو کەرتەکەی ڕوون بکرێتەوەو ئاماژە بکرێت کە ئەو بڕیارە لەکاتی داوای تانەلێگرتندا لە هەرلایەنێکەوە بێت، لای لیژنەی نیشتمانی ناکۆکیەکان لەو ماوەیەدا بە ڕاگیراو ئەمێنێتەوە.

٩.١١

نابێـت بڕیـاری هـیچ سـزایەك بـدرێت پـێش گـوێگرتن لـە هـەموو لایەنەکانی کێشەکە. بەپێی شێوازی داواکان ڕۆژی کۆبوونەوە دیاری ئـەکرێت و لانی کـەم دووهەفتـە پـێش کۆبوونـەوە لەسـەر داوایـەك ئەنـدامانی لیژنـەی ناکۆکیەکانی فیدراسیۆن یان نیشتمانی ئاگادار ئەکرێنەوە.

## بڕیارەکانی لیژنەی نیشتمانی ناکۆکیەکان چەسپاوون ( ڤگعی )

.

١٠.١١

تانەگرتن لە هـەموو حاڵەتێکـدا تـا بڕیـاری کۆتـایی ، بڕیـاری پێشـوو ڕائەگرێت. بەڵام دەرکردنی هەر ئەندامێك بـە بڕیـاری لیژنـەی ناکۆکیـەکانی فیدراسیۆن ئەندام بێبەش ئەکات لە نوێنەرایەتیکردن بە ناوی حیزبەوە.

.١١.١١

هەر ئەندام پەرلەمانێك یان گروپی پەرلەمانتاری حیزب ڕاسـتەوخۆ لـەژێر چاودێری ئەنجومەنی نیشتمانی حیزبدا ئەبێت.

ئەنجومەنی نیشتمانی ئەندامانی پەرلەمان لـە هـەر لادانێـك لـە پـەیڕەوو ڕێساکانی حیزب ئاگادار ئەکاتەوەو لە حاڵەتی پێویستدا یەکێك لەو سزایانەی لە م. ١١. ٥ یان م. ١١. ٦ دا هـاتوون بەسـەردا ئەسـەپێنێت . ئەمـەش بـە سازدانی پرۆسەیەك ئەبێت لە ئەنجامی دوو دانیشتنی یەك لەدوای یەك.

لـە دانیشـتنی یەکەمـدا ئەنجومـەن گـوێ لـە ئەنـدام یـان ئەنـدامانی پەیوەندار، فیدراسیۆنەکانیان و سەرۆکی گروپی پەرلەمانتارەکەیان ئـەگرێت.

لە دانیشتنی دووەمدا بڕیار وەرئەگیرێت، ئەشێت لـە کـاتی پەلـە و پێویسـتدا خێرایی بە پرۆسەکە بدرێت. ئەبێت بڕیارەکەش لە ڕێگای دەنگدانی ئەنجومەنی نیشتمانیەوە وەربگیرێت.

بڕیارەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی یەکسەر جێبەجێئەکرێن بەبێ هەڵپەساردن . تانەلێگرتنیشیان لەبەردەم کۆنگرەی نیشتمانیدا ئەبێت.

١٢.١١

هیچ ئەندامێکی دەرکراو لە حیزب بۆی نیە تا دوای دووسـاڵ لـە بڕیـاری دەرکردنەکەی داوای ئەندامێتی بکاتەوە. بڕیاری گەڕاندنەوەش بۆ ناو حیزب لە کۆنگرەی نیشتمانی یان کۆبوونەوەی گشتی حیزبدا ئەدرێت پاش ڕاوێژکاری ئەو کەرت و فیدراسیۆنەی ئەندامەکەی لێ دەرکراوە.

١٣.١١

لـە دوای دەرکردنـی هـەر ئەنـدامێك هـەموو فیدراسـیۆنەکان لەلایـەن مەکتەبی حیزبەوە ئاگادار ئەکرێنەوە.

١٤.١١

فیدراسـیۆنەکان ئـەتوانن بڕیـاری هەڵوەشـاندنەوەی کـەرتێك یـان چـەند کـەرتێکی نـاو سـنوری خۆیـان بـدەن . لـەکاتی دەرکـەوتنی بـێ توانـایی و کەمتەرخەمی لە کارەکانی ئەو کەرتانەدا. وە بە ڕەچاو کردنی م. ٨.١١

١١. ١٥

لەو حاڵەتەدا ئەبێت بڕیاری هەڵوەشاندنەوەکە لە لایەن ئەنجومەنی فیدراسیۆنەوە ڕابگەیەنرێت پاش کۆبوونەوەی بۆ ئەو مەسەلەیەو بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی. ئەگەر ژمارەی پێویستی ئەندامان لەڕووی یاساییەوە ئامادە نەبن، ئەوا ئەنجومەنی فیدراسیۆن دانیشتنێکی تر ساز ئەکات ئەگەرچی ژمارەکەشی تەواو نەبێت. لە هەموو حاڵەتێکدا هەڵوەشاندنەوە تەنها لە کاتی کارێکی لە پەیڕەو لادانی دەستەجەمعی کەرتەوە ئەبێت. هەر کارێکی تاکەکەسی ئەکەوێتە ناو دەسەڵاتەکانی لیژنەی ناکۆکیەکانی فیدراسیۆن یان نیشتمانیەوە.

١١. ١٦

پێویستە هەموو بڕیارێکی هەڵوەشاندنەوە لە ماوەی هەشت ڕۆژدا ڕەوانەی ئەنجومەنی نیشتمانی بکرێت لەگەڵ ڕوونکردنەوەی پرۆسەی هەڵوهشاندنەوەکە. بڕیارەکەش تەنها دوای چەسپاندنی لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانیەوە پاش لێکۆڵینەوە ئەچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. بەڵام لە ماوەی ئەو کاتی لێکۆڵینەوەیەدا ئیتر چەندی پێویست بێت ، ئەو کەرتەی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بەسەردا دراوە، بۆی نیە چالاکی جەماوەری ئەنجام دات.

١١. ١٧

هەر فیدراسیۆنێك ئەگەر بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی کەرتێك بدات ، ئەرکی دووبارە پرۆسەی دروستکردنەوەشی لەسەرە. بۆ ئەوەش ئەبێت ڕێنماییەکانی پێکهێنانەوەی کەرت دیاری بکات. ئەو فیدراسیۆنەی کەرتێك

هەڵئەوەشێنیتەوە، ئەبێت ڕەچاوی ئەوەبکات کە لەماوەی ساڵێکدا دروستی بکاتەوە. بەدەر لەوە ، هەر گروپێکی پێنج ئەندامی لە کەرتی هەڵوەشاوەی پێشوو بۆیان هەیە داوا لە ئەنجومەنی نیشتمانی بکەن سەرپەرشتی پێکهێنانەوەی کەرتەکەیان بکات.

۱۸.۱۱

ئەنجومەنی نیشتمانی پاش لە بەرچاوگرتنی ڕاپۆرتەکانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی پێکهاتوو لە سێ ئەندام کە ئەوانیش پاش ئامادەبوونیان و سازدانی لێکۆڵینەوەی پێویست، بۆی هەیە هەڵوەشاندنەوەی فیدراسیۆن یان یەکێتیەکی هەرێم ڕابگەیەنێت . پاش تێوەگلانی لە هەڵەی گەورەو لادانی لە پەیڕەوەکانی حیزب و ئەنجامدانی هەندێك کاری خراپ کە زیانی سەخت بە حیزب بگەیەنێت. هەروەها بۆی هەیە بەهۆی کەمتەرخەمی و بێتوانایی لە کارەکانیدا هەڵوەشاندنەوەی فیدراسیۆنێك ڕابگەیەنێت.

۱۹.۱۱

هەر ئەندامێکی هەڵبژێردراوی حیزب بۆ پۆستێك کە خواستی خۆکێشانەوەی لە حیزب هەبێت بە بێ ئەوەی دەست لە پۆستەکەی هەڵبگرێت لە ماوە یاساییەکەیدا ، لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانی حیزبەوە بە دەرکراو دائەنرێت.

ئەگەر ئەندامێکی حیزب خۆی بپاڵێوێت بۆ پۆستێکی هەڵبژاردن کە لە هەمان کاتدا ئۆرگانەکانی حیزب پشتگیری خۆیان بۆ ئەندامێکی تر ڕاگەیاندبێت ، ئەنجومەنی نیستمانی پاش کۆبوونەوەی لەسەر داوای یەکێك لە

لایەنە ناکۆکەکان بۆ ئەو مەسەلەیە، ئەو پالێوراوەیان دەرئەکات کە پێشێلی پەیڕەوو ڕێساکانی کردووە.

لەحالەتی تایبەتدا ئەگەر لادان لەپەیڕەو و ڕێساکان لەلایەن پالێوراوەوە پاش ئەوەی کە ئۆرگانەکانی حیزب پشتگیری پالێوراویان کرد ڕوو بدات، ئەنجومەنی نیشتمانی و مەکتەبی نیشتمانی حیزب لەدوای دوو کۆبوونەوەی تایبەت و پاش گوێگرتن لە سەرۆکی لیژنەی نیشتمانی ناکۆکیەکان ، یەکێك لە و سزایانەی لە م . ١١. ٥ ، م. ١١. ٦ دا هاتووە، بەسەردا ئەسەپێنێت. بڕیارەکەی ئەنجومەنی نیشتمانی یەکسەر جێبەجێ ئەکرێت و قابیلی ڕاگرتن نیە تەنها بە پێی مەرجەکانی م. ١١. ١٣ نەبێت.

٢٠ .١١

ئەنجومەنی نیشتمانی لە نزیك ترین کاتدا بڕیارو پرۆسەی دروستکردنەوەی ئەو فیدراسیۆن و یەکێتی هەرێمانە ئەدات، کە هەڵوەشێنراونەتەوە و پێشتر ڕێنماییەکانی پێکهێنانەوەیان دیاری ئەکات.

٢١ .١١

لە کاتی ڕوودانی ناکۆکیەکدا لە نێوان ئەندامێکی پەرلەمان، یان ئەندامێکی ئەنجومەنی نیشتمانی یان ئۆرگانێکی تری سەرکردایەتی حیزب لەگەڵ فیدراسیۆنێکدا، مەکتەبی نیشتمانی حیزب ئەتوانێت ڕاستەوخۆ داوای کۆبوونەوەی لیژنەی نیشتمانی ناکۆکیەکان بکات بۆ ئەو مەسەلەیە.

## دوانزەهەم : لایەنگران

مادەدەی ١.١٢

ناوی لایەنگران لەناو لیستی لایەنگرانی هەر کەرتێکدا تۆمار ئەکرێن . لەکاتی بانگکردنیاندا مافی ڕادەربڕین و دەنگدانیان هەیە لە گفتوگۆکردنی مەسەلەیەك لەناو حیزبدا. جگە لە دەنگدان نەبێت بۆ دیاریکردنی سیاسەتی حیزب بۆ کۆنگرە، دیاری کردنی لێپرسراوانی ئۆرگانەکان ، هەڵبژاردنی پاڵێوراوانی حیزب بۆ ئەو پۆستانەی بە هەڵبژاردن دیاری ئەکرێن.

٢.١٢

مەکتەبی نیشتمانی حیزب ئەتوانێت بە پێی ژمارەی لایەنگرانی حیزب لە هەر پارێزگایەکدا ڕێژەیەکی نوێنەرایەتیان بۆ دیاری بکات وەك یەدەك بۆ بەشدرایکردن لە پلینۆمەکاندا .

## سیانزەهەم : ڕاگەیاندن

مادەدەی١.١٣

ئەوپەڕی ئازادی تەواوی ڕادەربڕین و گفتوگۆ سەبارەت بە چەمك و تێروانینەکان لەناو حیزبدا فەراهەم کراوە بە شێوازی قسەکردن یان نووسین بێت . بەڵام هەر کاتێك مەسەلەیەکی سیاسی کەلە لایەن یەکێك لە ئۆرگانە نیشتمانیەکانی حیزبەوە (کۆنگرەی نیشتمانی ، پلینۆم ، ئەنجومەنی نیشتمانی) لە چوارجێوەی ئەو دەسەڵاتانەی پێیان دراوە بڕیاری لێ درا، ئەبێت هەموو ئەندامانی حیزب خۆیان بخەنە ژێر باری ئەو بڕیارەوە.

٢.١٣

ئەگەر ئەندامانێکی حیزب لە ڕاگەیاندنە نووسراو و بینراو و بیستراوەکاندا بیرو باوەڕێکی پێچەوانەی ئەوەی پابەندکراوی حیزبیان دەربڕی یان لەگەڵ ئەندامێکی حیزبدا بکەونە شەڕەقسەو توانج و تانە لە یەکدی، ئەوا بەو کارەیان خۆیان ئەخەنە ژێر لێپرسینەوە وە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی یان مەکتەبی نیشتمانی حیزبەوە. ئەنجومەنی نیشتمانی بڕیاری ئەوە ئەدات ئەگەر پێویست بێت، ئەو ئەندامە بخرێتە بەردەم لیژنەی نیشتمانی ناکۆکیەکان.

ئەبێت هەموو جارێك لەنێوان دوو کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیدا مەکتەبی نیشتمانی ڕاگەیاندنی خاڵە سەرەکیەکان بڵاو بکاتەوە.

٣.١٣

ئۆرگانەکانی ڕاگەیاندنی حیزب کە موڵکی حیزبن، لەژێر چاودێری سیاسی و بەڕیوەبەرایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی حیزبدان. ئەبێت هەموو فیدراسیۆن و کەرتەکان ئابونەیەکی مانگانەی بۆکڕینی بڵاوکراوە و ئۆرگانە نیشتمانیەکانی حیزبیان هەبێت.

٤.١٣

ئۆرگانەکانی ڕاگەیاندنی حیزب کە موڵکی فیدراسیۆنێك یان کومەڵێ فیدراسیۆن و کەرتن، لەژێر چاودێری ڕاستەوخۆی باڵاترین دەسەڵاتی ئەو فیدراسیۆن و کەرتانەدا ئەبن.

٥ .١٣

ئەو ئەندامانــەی حیــزب کــە مولّکــدار و خــاوەن ئیمتیــازی ئۆرگــانێکی ڕاگەیاندنن یان بەشدارن تیایدا ، یاخود لێپرسراوێتی و بەڕێوەبردنی ئەو جــۆرە ئۆرگانەیان لە ئەستۆیە، ئەشێت لەلایەن مەکتەبی نیشتمانی حیزبەوە بــانگ بکرێن بۆ گوێگرتن لێیان و پێداچوونەوەی کارەکانیان، لــە حاڵــەتی پێویســتی هەڵســـەنگاندنی ئـــەو ئۆرگانـــەدا ،ئەنجومـــەنی نیشـــتمانی لـــە ئەگـــەری هەڵوێستوەرگرتن و بە دواداچوونی کارەکانی ئەکۆڵێتەوە.

٦ .١٣

ڕاگەیاندنە ڕەسمیەکانی حیزب لە بڵاوکراوە ڕەسمیەکانی ڕاگەیانـدنی حیزبـدا بڵاو ئەکرێنەوە.

## چواردەهەم : پێداچوونەوەی پەیڕەوو پێکهاتەی حیزب

ماددەی ١٤. ١

گۆڕانکاری لە پێکهاتــەو پــەیرەوی نــاوخۆدا تــەنها لەدەســەڵاتی کــۆنگرەی نیشتمانی ئاسایی حیزبدایە. هیچ پێشنیارێك بۆ گۆرانکاری ناخرێتە بەردەســت کۆنگرە ئەگەر بە لانی کەم سێ مــانگ پــێش ســازدانی کــۆنگرەی نیشــتمانی ئاسایی ئاڕاستەی هەموو کەرت و فیدراسیۆنەکان نەکرابێت بۆ گفتوگۆ.

٢ .١٤

گۆڕانکاری ئـە و مادانـەی پەیوەسـتن بـە  پێکهاتـەو پـەیڕەوی حیزبـەوە، دەسەڵاتی بڕیاردانیان لە لایەن کۆنگرەی نیشتمانی ئاساییەوەیە.

٣.١٤

بەڵام هەر گۆڕانکاریەك وابەستە بێت بە بانگـەوازی ئامانجـە بنەرەتیـەکانی حیزبـەوە ، کـۆنگرەی ئاسـایی ئـەتوانێت تـەنیا لـەو کۆنگرەیـەدا  پرۆسـەی پێداچوونەوەی  ئەو خاڵانـە ئاشـکرا بکـات، کـە ئەشـێت گۆڕانکاریـان تێـدا بکرێت.  ئەم پرسیارە ئەکرێتە بابەتی گفتوگـۆو بڕیـاردان بـۆ کۆبوونەوەیـەکی نیشتمانی ئاسایی داهاتوو.  ئەو خاڵانەی پێشـنیار ئـەکرێن  بـۆ گۆڕانکـاری، ئەبێت  بە هەمان شێوە پێش سێ مـانگ لـە سـازدانی کـۆنگرەی نیشـتمانی ئاسایی داهاتوو بۆ ئەو مەسەلەیە،  ئاڕاستەی هەموو کەرت و فیدراسیۆنەکان بکرێن.

## پانزەهەم :  پەیماننامەی ئاکار

ماددەی ١.١٥

پارتی سۆشیالیست  هەڵگرو ئیمزاکەری  پەیماننامەیـەکی (ئاکـار) ە  بـە مەبەستی ئەوەی  شەفافیەت ، ڕێزگرتنی  پەیڕەوو یاساکان لـە لایـەن هـەموو ئەندامانی حیزب و هەڵبژێردراوەکانیەوە زامن بکرێت .

## شانزەهەم : ئەو ڕێسایانەی ڕێگە لە وەرگرتنی لێپرسراوێتیەك زیاتر لە یەك کاتدا ئەگرن.

ماددەی ١٦. ١

لەسەر ئاستی ناوچەییدا پۆستی (عومدە) سەرۆکی شارەوانی لە شارۆچکەیەك کە دانیشتوانی لە ٣٥٠٠ کەس زیاتر بێت، نابێت لە هەمان کاتدا هەڵگری پۆستی سکرتێری کەرتیش بێت.

١٦. ٢

لەسەرئاستی پارێزگاکاندا پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی گشتی (پارێزگا) لە هەمانکاتدا لەگەڵ وەرگرتنی پۆستی سکرتێری یەکەمی فیدراسیۆندا پەسەند ناکرێت.

١٦. ٣

لەسەر ئاستی هەرێمدا پۆستی سەرۆکی هەرێم لەهەمان کاتدا لەگەڵ وەرگرتنی پۆستی سکرتێری فیدراسیۆن و سکرتێری کۆمیتەی هەرێمدا پەسەند ناکرێت.

١٦. ٤

خاوەن پۆستی ئەندامێتی لە لیژنەی نیشتمانی ناکۆکیەکان و لیژنەی پشکنینی دارایی لە هەمان کاتدا نابێت ئەندامی هیچ پێکهاتەیەکی دی دەسەڵاتی ڕاپەراندنی حیزب بن.

٥ .١٦

ئەندامانی پۆستی لیژنەی ناکۆکیـەکانی فیدراسـیۆن و لیژنـەی پشـکنینی دارایی فیدراسیۆن نابێت لە هەمان کاتدا ئەندامی هـیچ پێکهاتەیـەکی تـری دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنی فیدراسیۆن بن.

# فەرهەنگ

## هەنـــدێك زانیـــاری فەرهـــەنگی ســـەبارەت بـــەو زاراوەو نـــاوە گرنگانەی لە چوارچێوەی نووسینەکەدا هاتوون.

Affaire Dreyfus: مەســـەلەی دریفیـــوس، ئەلفرێـــد دریفیـــوس ئەفسەرێکی فەرەنسی بوو لە سەفارەتی فەرەنسا لە ئەڵمانیا کاری ئـەکرد. لـە ساڵی ١٨٩٤ دا بە هۆی تاوانێکی هەڵبەستراوەوە تۆمەتبار کرا بەوەی کە کاری هەواڵگری بۆ ئەڵمانیا کردووە لەکاتێکدا کـە فەرەنســا لـە نـاکۆکی و شـەڕی بەردەوامدا بوو لەگەڵ ئەو وڵاتە. سەرباری ئەوەی کە دریفویس بێ تاوانی خـۆی ڕاگەیاندن بەڵام بە حوکمی تا مردن و دوورخستنەوە بۆ زینـدان لـە دوورگـەی گۆیان سزا درا. ئەم مەسەلەیە کۆمەڵگەی فەرەنسی بـە چـەپ و ڕاسـتەوە لـە نێوان دوو بەرەدا دابەش کردە سەر بەرەی دژ بـە دریفیـوس و بـەرەی پشـتگیری دریفیوس. بەتایبەتی مەسەلەکە بووە کێشەیەکی سیاسـی و جێـی سـەرنج و هەڵوێســتی زۆربـــەی توێـــژی ڕۆشـــنبیران و سیاســـیەکان. بێرنـــارد لازاری ڕۆژنامەنووس کە ئەو مەسەلەیەی وروژان، لە وتارێکدا نووسی دریفیوس بۆیـە حوکم دراوە لـە بـەر ئـەوەی جولەکەیـە. ئێمیـل زۆلاش لـەوتارە گرنگەکەیـدا (تاوانبار ئەکەم) بە شێکی زۆری توێژی دەسەڵاتدار و سەرانی سوپای بـە دژە سامی تاونبـار کـرد و فەرەنسـای بـە وڵـاتی دژە جولەکـە نـاوبرد کـە بـەبێ لێکۆڵینەوەی ورد دریفیووس حوکم درا هەر لەبەر ئەوەی جولەکەیە، داوای لـە ڕۆشنبیران و کۆمەڵگەی مەدەنی کرد ئەو تاوانە ڕیسوا بکەن. پاش دەرکەوتنی ڕاستیەکان و پێکهێنانی لێکۆڵینەوەیەکی ورد بێتاوانی دریفیوس لە وسزایەی خرابووە پاڵی، دەرکەوت و سەرۆك کۆمـاری ئـەو کاتـەی فەڕەنسـا لـە سـاڵی

١٨٩٩دا لێبــووردنێکی تایبــەتی بــۆ دریفیــوس دەرکــرد و ڕێزلێنــانی بــۆ گەڕێنرایەوە.

ئارماند باربێس Barbes: (١٨٠٩ ــ ١٨٧٠) سیاسەتمەداری فەرەنسیە، لە پوانتەپیتر لــە دایــك بــووە. لەمایســی ١٨٤٨ دا وەکــو نوێنــەری جــەماوەر بانگەشەی دامــەزراندنی حکومــەتێکی شۆڕشــگێڕی ئــەکات، بــەڵام زینــدانی ئەکرێت و پاش شەش ساڵ ئازاد ئەکرێت.

Bebel: (١٨٤٠ــ ١٩١٣) لەناوچەی کۆلۆینی ئــەڵمانیا لــەدایك بــووە. یەکێکە لەسەرکردەو دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی سۆشیالیزمی ئەڵمانیا.

لویس ئۆگیوست بلانکیBlanqui: (١٨٠٥ــ١٨٨١) لەپیوجێت لەدایك بووە، یەکێکە لە سەرکردە سۆشیالیستەکانی فەرەنســی و رابــەرە گرنگــەکانی شۆڕشی ١٨٤٨. بەهۆی شکستی شۆڕشەکەوە ماوەی زیاتر لە سی وشەش ساڵی ژیانی لە زینداندا بەسەر ئەبات. بیروباوەڕەکانی داوتر ئەبنە بنــەمای فیکــری و هەوێنی سەرهەڵدانی سەندیکا شۆڕشگێڕیەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە.

کۆمۆنــەی پــاریس Commune de Paris: (١٨ مــارت ـــ ٢٧ ی مایسی ١٨٧١) ئەزموونێکی شۆڕشگێڕانە بوو کە بە دەستپێشخەری چــینی کرێکاران ڕاگەیانــدرا لــە شــارەوانی پــاریس بــە مەبەســتی خۆبــەڕێوەبردن و ئۆتۆنۆمی شارەوانی بە بــێ گوێدانــە دەســەڵاتی دەوڵــەت. کۆمۆنــەی پــاریس دەسەڵاتێکی پرۆلیتاریانەی لەناو شاری پاریسدا دامەزراند، کــە بــە یەکــەمین

ئەزمونی شێوە دەوڵەتی سۆشیالیزمی دائـەنرێت لەگەرمــەی جـەنگی نێـوان فەرەنساو پروسیا، ئەو کاتەی کە پروسەکان دوای پەیمانی فرانکفۆرت دەست لە پاریس ئەکشێنەوە. ئەم ئەزموونـە شۆڕشـگێریە پـاش داگیرکردنـەوەی پـاریس لەلایـەن سـوپای نیزامیــەوە کـە بـە ڕابــەری ئـەدۆلف تییێـر سیاسـەتمەدارو کۆماریخوازی فەرەنسا کـە لـە ڤێرسـای نیشـتەجێ بـوو ، پـاش هێرشـیکی دڕندانەو جەنگێکی سەرسەخت و خوێناوی نێوان سوپاو شۆڕشـگێڕانی چـینی کرێکاران و میللی، کۆمۆنەی پاریس و ئەزموونی حوکمڕانیە پرۆلیتاریەکـەی پاش کوشتارێکی زۆر لەناو ئـەبرێت و کۆتـایی بـەو یاخیبوونـە دەهێنرێـت و ئەدۆلف تییێر لە مانگی ئابی ١٨٧١دا خۆی بە سەرۆك کۆماری نوێی فەرەنسـا ڕائەگەیەنێت. بەڵام لە مایسی ١٨٧٣دا لەلایەن بەرەیەکی هاوپـەیمانی نێـوان مۆنارشیستەکان، پاشایەتی خوازەکانەوە لەسەر دەسەڵات لا ئەبرێت.

شـارل دوگـۆل (١٨٩٠ ـــ ١٩٧٠ ): لـە شـاری لیـل لـە دایـك بـووە. ئەفسەرێکی سوپای De Gaule فەرەنسـی بـوو کـە لـە جـەنگی جیهـانی یەکەمدا بەشداری کرد. چەند کتێبێکی لەسەر زانستی جـەنگ و سـەربازی و سـوپای فەرەنسـا نووسـیوە. لـە دوای هەڵگیرسـانی جـەنگی جیهـانی دووەم و داگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن ئەڵمانیاوە بـە هاوکـاری جەنـەراڵ پیتـان، شـارل دوگۆل مل بۆ چەکدانان نادا و بەرەو تاراوگە ئەڕوات و لە لەندەنەوە بانگەشـەی بەرەنگاربوونـەوەی ڕژێمـی نـازیزم ئـەکات و کۆمیتـەی ڕزگـاری نیشـتمانی فەرەنسی کە دواتر ئەبێتە حکومەتی کـاتی فەرەنسـا، دائەمـەزرێنیت و وردە وردە خۆی وەکو ڕابەری فەرەنسای ئـازاد ئەسـەپێنێت . شـارل دوگـۆل ئەبێتـە ڕابەری فەرەنساو لە ڕزگـارکردنی فەرەنسـا لـە لایـەن سـوپای هاوپەیمانانـەوە

سەکردایەتی بەرەی جەنگەکان ئەکات. لە ١٩٤٦دا کۆبوونەوەی جەماوەری فەرەنسا دائەمەزرێنێت کە پاش چەند ساڵێك ئەبێتە R .P.F پارتی کۆبوونەوە لە پێناوی جمهوریەتدا کە زۆربەی باڵەکانی بزووتنەوەی راستی فەرەنسی R.P.R لە خۆی کۆئەکاتەوە. شارل دوگۆل بە هۆی ناکۆکییە سیاسیەکان و ڕازی نەبوونی بە گەمە سیاسیە حیزبیەکانەوە خۆی لەکاری سیاسی ئەکشێنێتەوەو خۆی بۆ نووسینەوەی بیرەوەریەکانی تەرخان ئەکات، بەڵام بە هۆی قووڵبوونەوەی کێشەی جەزایرەوە جارێکی تر لەسەر داوای هاوکارە سیاسیەکانی و پێویستی جەماوەری دێتەوە سەر شانۆی سیاسی وڕۆڵی سەرەکی ئەبینێت لە کۆتایی هێنان بە کێشەی جەزایر لەڕێگەی سازدانی راپرسی گشتی و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەو وڵاتەوە. دوگۆل لە بەجێهێنانی هەندێك گۆڕانکاری لە دەستوری فەرەنساداو سەپاندنی سیستەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ڕێگەی هەڵبژاردنی گشتی و نهێنیەوە سەرکەوتن بەدەست دێنیت و سەرەتای جمهوریەتی پێنجەم لە فەرەنسا رائەگەیەنێت. لەماوەی سەرۆکایەتیکردنی فەرەنسادا سیاسەتێکی دەرەوەیی فەرەنسی لە سەر بنچینەی پاراستنی شوناس و کەلتوری فەرەنسی و سەربەخۆییبوونی لەسەر ئاستی ئەوروپی و جیهانی پیادە ئەکات بە ملنەدان بۆ پاشکۆییبوونی ئەمەریکا. شارل دیگۆل لە ١٩٦٩دا واز لەکاری سیاسەت دێنێت و پاش چەند مانگێك کۆچی دوایی ئەکات. فەرەنسیەکان تا ئێستاش بە یەکیك لە هەرە گرنگترین رابەرو سەرکردە نەتەوەییەکانی مێژووی خۆیانی دائەنێن.

ئێدوارد ڤەییانت Edouard Vaillant: (١٨٤٠ــ ١٩١٥) لە شاری ڤیرۆن لە دایك بووە، یەکێکە لە ڕابەرو سۆشیالیستەکانی فەرەنسا. بەشداری کۆمۆنەی پاریسی کردووەو لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندن بوو، دوای هەرەسی

کۆمۆنە ناچار بوو ڕوو بکاتە ئینگلتەراو وەکو پەناهەندە بۆ چەندین ساڵ بمێنێتەوە. پاش گەڕانەوەی بۆ فەرەنسا لە ساڵی ۱۸۹۳دا ئەبێتە پەرلەمانتێر. تاکۆتایی ژیانی هەمیشە دژی پەیمان و پێکەوەکاری بوو لەگەڵ پارتە بۆرژواکاندا.

باگامۆند فرانکۆ Franco: (۱۸۹۲ــ ۱۹۷۵) ناسراو بە جەنەراڵ فرانسیسکۆ لە ئیسپانیا لە دایك بووە

کەسایەتی سەربازی و ئیسپانیایە. لە مەغریبی عەرەبی سەرکردایەتی بەشیك لە سوپای ئیسپانیای کردووە، لەگەڕانەوەیدا بۆ ئیسپانیا ڕابەرایەتی بزووتنەوەیەکی نەتەوەپەرستی توندڕەوی ئیسپانیا ئەکات و بە کۆدێتایەك لە دوای شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا (۱۹۳٦ ــ۱۹۳۹) حکومەتێکی تۆتالیتارو سەربازی دائەمەزرێنێت. فرانکۆ بە هۆی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و هاوکاری لەگەڵ ڕژێمی فاشیو نازیەکانەوە قۆناغێکی زەمەنی خوێناوی بەسەر گەلی ئیسپانیادا ئەسەپێنێت، کە تیایدا بە هەزاران لەلایەنگرانی چەپ و سۆشیالیست و دیموکراتەکان و ڕۆشنبیران تووشی زیندانی و چەوساندنەوەو ڕاوەدوونان ئەبن و ئیسپانیا لە جەنگێکی سەختی ناوخۆیی و براکوژیدا تێوە ئەگلێت. دەسەڵاتی دیکتاتۆری فرانکۆ لە دوای کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمیشەوە هەر بەردەوام ئەبێت، تا فرانکۆ لە ساڵی ۱۹٦۹دا بە ویستی خۆی دەسەڵات بۆ خوان کارلۆس جێ دێڵێت و بە پاشای ئیسپانیای دائەنێت، پاشان وردە وردە سیستەمی دیموکراسی لەئیسپانیا دائەمەزرێتەوە.

لــه دوای جــان جـۆرێس و لیــۆن بلــووم: فرانســوا میتیــران François Mitterrand ( ١٩١٦- ١٩٩٦ )، به یه‌کێك لــه ســه‌رکرده‌و ڕابــه‌ره هــه‌ره دیاره‌کانی پارتی سۆشیالیستی فه‌ره‌نسا و بزووتنه‌وه‌ی چــه‌پ و ئه‌نته‌رناســیۆنال سۆشیالیستی جیهــانی دائــه‌نرێت ، کــه ڕۆڵــی مێــژوویی لــه یه‌کخســتنه‌وه‌ی سۆشیالیسته‌کان و به دیهێنانی پارتێکی سۆسیالیستی به‌هێزی له فه‌ره‌نسادا هه‌بوو جگه له پێکهێنانی به‌ره‌یه‌کی پتــه‌وی نێــوان چــه‌په‌کان کــه به‌هۆیــه‌وه توانیان له هه‌ڵبژاردنه دیموکراسیه‌کاندا سه‌رکه‌وتنی به‌هێز دژی بــه‌ره‌ی راســت به‌ده‌ست بهێنن له‌وانه زامنکردنی سه‌رۆکایه‌تی فه‌ره‌نسا بۆ ماوه‌ی دوو خــولی سه‌رۆکایه‌تی کۆمار. میتێران به یه‌کێك له سه‌رکرده ناوداره‌کــانی جیهــان لــه سه‌ده‌ی بیسته‌مدا دائه‌نرێت، که ڕۆڵی گرنگی له بنیاتنانی سیسته‌می جیهانی نوێدا گێڕاوه به تایبه‌تی به کۆتاییهێنــان بــه جه‌مســه‌ری کۆمۆنیســتی دوای هه‌ڵوه‌شــاندنه‌وه‌ی یــه‌کێتی ســۆڤێت و هاوپه‌یمانــه‌کانی، میتیــران کاریگــه‌ری له‌سه‌ر یه‌کگرتنه‌وه‌ی هه‌ردوو به‌شی ئه‌ڵمانیاو روخانی دیــواری بــه‌رلین هــه‌بوو هه‌روه‌ها دواتر ڕۆڵی سه‌ره‌کی بینی له پێکهێنانی یه‌کێتیه‌کی ئه‌ورووپی به‌هێز ، جگه له‌مانه میتێران یه‌کێك بوو لــه بڕیــارده‌ره دیاره‌کــانی هه‌نــدێك ڕووداوی مێژوویی له‌وانه به‌شداری ئاشکرا له جه‌نگی هاوپه‌یمانێتی نێو ده‌وڵه‌تیــدا دژی ڕژێمی سه‌دام حسین له‌عێراق پاش داگــیر کردنــی کوێــت لــه ئــابی ١٩٩٠داو پێکهێنانی ناوچــه‌ی ئــارام و پــارێزراو لــه کوردســتانی عێراقــدا بــه بڕیــاری ئه‌نجومه‌نی ئاسییشی ژماره ٦٨٨ پاش کۆڕه‌وه‌که‌ی گــه‌لی کــورد لــه بــه‌هاری ١٩٩١دا . فرانسوا میتێران له ٢٦ ئۆکتۆبه‌ری ١٩١٦ لــه جارنــاك ســه‌ر بــه هه‌رێمی شاره‌نت له خێزانێکی مام ناوه‌ندی له دایك بووه . سه‌ره‌تای خوێنــدنی منداڵی و لاوی له خوێندنگا ئایینیه کاتۆلیکیه‌کاندا بردۆته سه‌ر. له‌سه‌ره‌تای

لاوێتیدا وەك بەشێكی زۆری نەوەی خۆشباوەڕی وەكو ئەو بە مارشال پیتـان لـە حكومەتی ڤیشیدا وەكو فەرمانبەرێكی ئاسایی كار ئەكات. بەڵام هـەرزوو لـە سەرەتای ١٩٤٣ وە بە نهێنی پەیوەندی ئەكات بە بەرەی بەرگریەوە دژی نازیەت و لـە چـەندین چـالاكی نهێنیـدا بەشـداری ئـەكات. لـە دوای ڕزگـاركردنی فەرەنساو كۆتایی جەنگی جیهانی دووەم میتێران كە تـەنها تەمـەنی بیسـت و هەشت ساڵ ئەبێت لە حكومەتی چەپدا ئەبێتە وەزیرو بۆ ماوەی چەند سـاڵێك چەند پۆستێكی وەزاری جیاواز وەرئەگرێت ،هەر لـەو سـاتەوە خولیـای بوونـە سەرۆكی فەرەنسای ئەكەوێتە سەرو لە تەمەنی چل ساڵیدا بەرامبەر جەنـەرال شارل دیگۆل ئەبێتەوە.

میتێران پاش تەمەنێكی درێژی كـاری سیاسـی و وەك ڕابـەرێكی گـەورەی فەرەنساو جیهان و پاش چەندین ساڵ ململانێ لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجەدا لـە ٦ كانوونی دووەمی ١٩٩٦ دا كۆچی دوایی ئەكات.

شارل فووریێ Fourier: (١٧٢٢ ــ ١٨٣٧) فەیلەسـوف و ئابوریناسـی فەرەنسیە لەشاری بیزەن سۆن لە دایك بووە. یەكێكە لە دامەزرێنەرانی بـیرو باوەڕو فەلسەفەی سۆشیالیزمی یۆتـۆپی یـان خـەیاڵی كـە داوای پێكهێنـانی كۆمەڵگەیەكی سۆشیالیستی لەسـەر بنـەمای كـاری هاوبـەش و یەكسـان و عەدالـەتی كۆمەلایـەتی ئـەكرد ، میتـۆدی فـووریێ پابەنـد بـوو لەسـەر پێكهێنانی كۆمەڵگەی هەرەوەزی كە تیایدا كەسانێك بە شێوەی دەستەجەمعی و هاوكاری پێكەوە ئەژین و بەشـدار ئـەبن لـە كـردەی بەرهـەمهێنانـدا و بـە شێوەیەكی یەكسـان بەرووبوومـەكانیان لـە نیـوان خۆیانـدا دابـەش ئەكـەن. سۆشـیالیزمی یۆتـۆپی لـە لایـەن ماركسـیزم و رابـەرانی سۆشـیالیزمی

شۆڕشگێرانەوە ڕەت کرایەوە و بە جۆرێك لە بە کۆیلەهێشتنەوەی چینی کرێکار دانرا لە ناو سیستەمی سەرمایەداریدا. بەڵام ئەم میتۆدە دواتر بووە بنەمای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سۆشیال دیموکراسی لە جیهاندا.

جیول بازیل گێد Guesde: (١٨٤٥ ــ ١٩٢٢) سیاسەتمەداری فەرەنسیە لە شاری پاریس لە دایك بووە. هەڵگری بیرو باوەڕو لایەنگرانی مارکسیزمەو تێزەکانی مارکسی لەناو بزووتنەوەی کرێکارانی فەرەنسادا بڵاو کردەوە. دامەزرێنەری پارتی کرێکارانی فەرەنسایە لە سەدەی پێشوودا کە وابەستەی تێڕوانینی مارکسی بوو. لە نێوان (١٨٩٣ ــ ١٨٩٨) ئەندام پەرلەمان بووە، پاشان لە ساڵی ١٩١٤ دا پۆستی وەزیری دەوڵەت وەرئەگرێت. لە ناکۆکی و کێبڕکێی بەردەوامدا بوو لە گەڵ باڵی جان جۆڕیس ولایەنگرانی سەبارەت بە هاوکاریکردن لەگەڵ پارتە بۆرژواکاندا کە ئەم ڕەتی ئەکردەوە. گێد لە میانەی ئەو ناکۆکیەدا بە پێکهێنانی پارتی سۆشیالیستی یەکگرتوو لە ساڵی ١٩٠٥ دا بە کۆکردنەوەی بەشیکی زۆری سۆشیالیستەکان سەرکەوتن بە دەست دێنێت.

Internationale Socialiste: ئەنتەر ناسیۆنال سۆشیالیست ڕێکخراوێکی جیهانی پارتەکانی سۆشیالیست و کرێکاران و شۆسیال دیموکراتەکانە لە سەرانسەری دنیادا کە ئێستا زیاتر لە ٢٠٠ پارت و ڕیکخراوی سیاسی لە خۆگرتووە. بیرۆکەی ئەم ڕێکخراوە ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٨٩ کە لەکۆنگرەی فرانکفۆرتی نێو نەتەوەیی دووەمدا بڕیاری لێ دراو لە ساڵی ١٩٥١ وە بە شێوازی ئێستایەوە پێکهێنرایەوەو بە ڕەسمی وەکو یەکێك لە

ڕێکخراوە جیهانیە ناحکومیەکان ناسراوەو بە تایبەتی لە ناوەڕاستی ئەم سەدەیەوە بەردەوام ژمارەی ئەندامانی لە زیادبووندایەو زۆربەی پارتەکانی ئەندامی ناو ئەم ڕیکخراوە لە زۆربەی ولآتانی دیموکراسیدا یان لە دەسەلآتدان یاخود بەشداری دەسەلآت ئەکەن، یان بەرەیەکی ئۆپۆزیسیۆنی چالاکیان پێکهیناوە. جگە لەوەی لەسەر ئاستی ئەورووپاو دنیادا ڕۆلێکی کاریگەری هەیە لە ڕووداوە سیاسیەکاندا. سەرۆکی ئێستای ڕێکخراوەکە لە سالّی ٢٠٠٦ وە جۆرج پاپاندریۆی یۆنانیەولە سالّی ١٩٨٩ وە لویس ئەیالا ی بەرەگەز شیبیلی سکرتێری گشتیە. بڕیارو ڕاگەیاندنە گرنگەکانی ئەنتەر ناسیۆنال سۆشیالیست لە کۆنگرەی گشتیدا وەرئەگیرێت کەهەر سێ سالّ جارێك ئەبەسترێت ، هەروەها ئەنجومەنی ڕێکخراوەکە سالّی دوو جار بە بەشداری نوێنەرانی ئەندامەکانی و سەرۆك و سکرتێری گشتی کۆبوونەوەی فراوانی خۆی ساز ئەدات کە تیایدا گفتوگۆی مەسەلە سەرەکیە جیهانیەکان و ڕووداوەکان و هەلّویست و پەرەپێدانی ئەنتەر ناسیۆنال سۆشیالیست ئەکرێت ، جگە لەوەی لە کاتی پێویست و ڕووداوی کتوپڕی گرنگی جیهانی و قەیران و پرسیاری گرنگدا کۆبوونەوەی نائاسایی ساز ئەکات. لە ناو ئەنتەرناسیۆنال سۆشیالیستدا کۆمەلّێك لیژنەو گروپی تایبەتی کارو لێکۆلّینەوە لەسەر مەسەلە گرنگەکان پێك هێنراون بە پێی بابەتی یان شوێنی جوگرافیایی و پرسیاری سیاسی و ئابوری تایبەت ، وەکو لیژنەی تایبەت بە سیاسەتی ئابوری و ژینگە و ئاساییش چەکداماڵێن و هتد ... جگە لەو لیژنانەی کە پەیوەندیان بە ناوچە کیشوەریەکان وەکو ئاسیاو ئەفەریقاو ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست هتد ... هەیە، شایانی باسە لە ناو ئەم ڕێکخراوەدا گروپێکی تایبەت بە ناوی گروپی کاری کورد سەبارەت بە مەسەلەی کورد دانراوە، کە حیزبە سۆشیالیستەکانی سوێد

و فەرەنسا و نەمساو ئەڵمانیا و حیزبە کوردیەکان وەکو یەکێتی نیشتمانی کوردستان تیایدا ئەندامن. هەروەها ئێستا یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەکو ئەندامی تەواوی ئەو ڕێکخراوە وەرگیراوەو لە کۆنگرەی ئەسینای کۆتایی ٢٠٠٨ دا بەڕێز مام جەلال سکرتێری گشتی ی ن ك بە یەکێك لەجێگرەکانی سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە هەڵبژێردرا. ڕێکخراوی ئەنتەر ناسیۆنال سۆشیالیست کە ئێستا بارەگای سەرەکی لە لەندەنی پایتەختی ئینگلتەرایە، گرنگیەکی جیهانی هەیە، بۆیە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە ڕەسمی ناسراوەو سیفەتی ئەندامی ڕاوێژکاری پلەیەکی پێ دراوە .

جان جۆرێس Jean Jaurés: (١٨٥٩ ــ ١٩١٤) سیاسەتمەدارو نووسەرو مامۆستای زانکۆ ڕۆژنامەنووس و یەکێك لە ناوە هەرە دیارو سەرکردەکانی بزووتنەوەی سۆشیالیستی فەرەنسی و جیهانییە. لە شاری کاستر لە دایك بووە. لە نێوان ١٨٨٥ ــ ١٨٨٩ و١٨٩٣ ــ ١٨٩٣ پاشان لە ساڵی ١٩٠٤ وە تا کۆچی دوایی ئەندام پەرلەمان بووە. جۆرێس کەسایەتیەکی سیاسی بەهێزو سەرنجڕاکێشی هەبوو لەگەڵ ئەوەی گووتاربێژێکی کاریگەرو حەماساوی بوو. دامەزرێنەری ڕۆژنامەی(هیومانیتێ)ی فەرەنسییە کە دواتر بووە ئۆرگانی ڕەسمی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنساو تائێستاش بەردەوامە. سەرباری دژایەتیکردنی لە لایەن باڵی گێدەوە، بەلام جان جۆرێس توانی خۆی وەکو سەرکردەی ڕاستەقینەی سۆشیالیستەکانی فەرەنسا بسەپێنێت بە تایبەتی دوای یەکگرتنەوەی باڵە جیاکانی سۆشیالیست لە ١٩٠٥دا. جۆرێس دژی بیرو باوەڕی نەتەوەپەرستی تەسك بوو ، لە کاتێکدا ئەوپەڕی هەوڵی خۆی خستبووە کار بۆ ڕێگەگرتن لە ڕوودانی جەنگی جیهانی یەکەم ، بەلام هەرپێش

جەنگەکـە لــە ٣١ی تــەموزی ١٩٠٥ دا لەلایــەن  ناسیۆنالیســتێکەوە تــیرۆر ئەکرێت.

کــارل مــارکس (Karl Marx: ( ١٨١٨ ــــ ١٨٨٣) فەیلەســوف و ئابورینـاس و سۆشیالسیتی ئەڵمانیە لە شاری ترێڤێس لە دایك بــووە. مــارکس بە یاوەری هاورێکەی (ئەنگلس) بە دامەزرێنــەری بــیرو بــاوەڕی سۆشــیالیزمی زانســتی و دواتــر کۆمۆنیســتی دائــەنرێت ، پێکــەوە خــاوەنی دامەزرانــدنی نێونەتەوەیی یەکەم و (مانیفێســتی کۆمۆنیســت)ن، کـە بانگەشــەی شۆڕشــی پرۆلیتاریا ئەکات. مارکس لە نووسینەکانیدا بە تایبەتی لە کتێبی سەرمایەدا خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە ی کۆمەڵگەی ئەوروپی سەرمایەداری ئــەکات لــە سەر بنەمای ماتریالیزمی  دیالەکتیکتی و ڕەتکردنەوەی  ئایدیالیزم و ئایین و فەلسەفەی سۆشیالیزمی یوتــۆپی فەرەنســیەکان و ئابوریناســە ئینگلیزەکــان. مارکــس پێــی وایــە کــە سەرچــاوەی ســەرەکی پەرەســەندنی ســەرمایەداری و کەڵەکەبوونی ســامانە لەڕاســتیدا چــینی پرۆلیتاریایــە کــە بنــەماو مــاتۆڕی وەگەرخستنی ئابوری و کۆمەڵگایەو هەرکاتێك ئەو چینە هۆشیاری چــینایەتی بە شوێن و ڕۆڵی خۆی لا دروست بوو، پاش خۆڕێکخستن ئــەتوانێت سیســتەمی سەرمایەداری لە ناو بەرێت و لە جێــی ئــەوە شــێوازێکی نــوێی دابەشــکردنی بەرهەم لە سیستەمی کۆمۆنیزمدا بنیات بنێت .

ولیــام لیبکنیشــتLiebknecht  : (١٨٢٦ ــــ ١٩٠٠) سیاســەتمەدارو سۆشیالیستی ئەلمانیە لە جیسن لە دایك بووە. بە هۆی کاری سیاســیەوە ناچــار ئەبێت ئەڵمانیا جــی بهێڵێــت و لــە لەنــدەن پەناهەنــدە بێــت، لەگــەڵ کــارل

مارکسدا یەکەمین بناغەی نێونەتەوەیی یەکەم دائەنێن. لەساڵێ ١٨٦٩ وە پاش گەڕانەوەی پارتی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا دائەمەزرێنێت و دواتر ئەبێتە ڕابەری هەموو سۆشیالیستە یەکگرتووەکانی ئەڵمانیا.

لیۆن بلۆم Léon Blum: (١٨٧٢ ـ ١٩٥٠) لەپاریس لە دایک بووە، سیاسەتمەدار و نووسەرو یەکێك لە سەرکردە دیارەکانی سۆشیالیستەکانی فەرەنسایە لە دوای جان جۆرِیس و بەتایبەتی لە قۆناغی جەنگی جیهانی دووەم و ساڵەکانی دوای جەنگدا. لە ساڵی ١٩٢٠دا یەکێك بوو لەو چەند کەسە کەمەی کە دژی بەشداربوونی سۆشیالیستەکانی فەرەنسا لە نێونەتەوەیی سێهەمدا وەستایەوە، کە ئەوسا باڵەکانی سۆشیالیستی لە نێوان سۆشیال دیموکراتەکان و کۆمۆنیستەکاندا دابەش کردبوو. لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٦ ـ ١٩٣٨دا سەرکردایەتی پارتی سۆشیالیستی فەرەنسی ئەکات و وەکو ڕابەرێکی چەپەکان حکومەتی بەرەی میللی دائەمەزرێنێت. لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا لە لایەن نازیەکانەوە دەسگیر ئەکرێت و بە زیندانی ڕەوانەی ئەڵمانیا ئەکرێت. لەدوای کۆتایی جەنگ بە ئازادی ئەگەڕێتەوە فەرەنساو لە ساڵی ١٩٤٦ـ ١٩٤٧دا بۆ ماوەی دوو مانگ سەرۆکایەتی حکومەت ئەگرێتە دەست.

پییێر فرانس مەندێس Mendés: (١٩٠٧ ـ١٩٨٢) سیاسەتمەداری چەپڕەوی فەرەنسیە لەپاریس لە دایك بووە. پیشەی پارێزەری بوو پاشان ئەبێتە ئەندام پەرلەمان بە نوێنەرایەتی سۆشیال ڕادیکاڵەکان. لە نێوان ١٩٤٥ـ ١٩٥٥ لە کاتی بزربوونی شارل دیگۆل لە دەسەڵاتدا ، ئەبێتە سەرۆکی

ئەنجومەنی دەوڵەت و ڕۆڵی سەرەکی ئەبینێت لە کۆتایی هێنان بە جەنگی هینندۆشین و نەهێستنی کۆلۆنیالیزم و سەربەخۆیی دان بە تونس.

Motion: ( مۆسیۆن ) بە مانا زارەوەییەکەی واتای پێشنیار، بەرنامە یان پرۆژە ئەگرێتەوە . لەنێو پارتی سۆشیالیستی فەرەنسیدا پێش سازدانی هەموو کۆنگرەیەکی گشتی بۆتە پەیڕەوێك هەموو ئەندامێك یان گروپێکی ئەندام پێکەوە بۆیان هەیە پرۆژە بەرنامەیەك بۆ کۆنگرە پێش کەش بکەن کە تیایدا تێڕوانینی خۆیان بۆ سیاسەتی داهاتووی پارتی سۆشیالیست و هێڵە سەرەکیەکانی و ستراتیژی دیاری ئەکەن. پرۆژەکان پاش ئەوەی گەڵاڵە ئەکرێن و ڕێك ئەخرێن ئەخرێنە دەنگدانەوە و بە پێی بەدەستهێنانی دەنگەکانیان و ڕێژەی سەدییان ئەندامان بەشداری کۆنگرەی گشتی ئەکەن، ئەم پرۆژانە هەمیشە لەلایەن چەند سەرکردەیەکی دیاری پارتی سۆشیالیستەوە پیادەو ڕابەرایەتی ئەکرێن کە ئەکەونە ململانێ و کێبڕکێوە لە ناو کۆنگرەدا بۆیە زۆرجار (مۆسیۆن) پرۆژەکان بەناوی سەرکردەکانەوە ناو ئەنرێن ك. بەرامبەری باڵ ئەبێتەوە. لە پەیڕەوی پارتی سۆشیالیستدا بە پرۆژە- پێشنیار ئاماژەمان پێ کردووە.

Parti Socialiste Europeen (PSE): پارتی سۆشیالیستی ئەورووپی ڕێکخراوێکی هاوکاری هەمئاهەنگی نێوان پارتە سۆسیالیست و سۆشیال دیموکراتەکانی ئەوروپایە کە سەرەتای دامەزراندنی ئەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای پێکهاتنی یەکێتی ئەوروپا لە پێشدا بە دامەزراندنی مەکتەبێکی هەمئاهەنگی نێوان ئەو پارتانە و پێکهێنانی یەکێتیەك لە نێوانیاندا لە

ساڵی ١٩٧٤دا . لە ساڵی ١٩٩٢وە بە ناوی پارتی سۆشیالیستی ئەوروپا ناسراوە. مەبەست لە پێکهێنانی ئەم ڕێکخراوە باشترکردنی کاری پێکەوەیی حیزبە سۆشیال دیموکراتەکان و یەکخستنی بیرو ڕاو هەڵوێستیانە سەبارەت بە مەسەلە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایتیە گرنگەکان لەسەر ئاستی ئەورووپاو ڕێکخراوەکانیدا وەکو پەرلەمانی ئەورووپی . دەسەڵاتی باڵای ئەم ڕێکخراوە کۆنگرەی گشتیە کە ئەنجومەنی خۆی و سەرۆك و جێگری هەیەو لەماوەی هەر خولێکی پەرلەمانی ئەروپادا دووجار کۆنگرەی خۆی ئەبەستیت بۆ دیاریکردنی هەڵوێستی یەکگرتووی سۆشیال دیموکراتەکان لە ئەورووپادا سەبارەت بە مەسەلە گرنگەکان هەروەها گفتوگۆی بارودۆخی هێزەکانیان لە وڵاتەکانیاندا و چۆنێتی هاوکاریکردنی یەکدی بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا . جگە لەمە پارتی سۆشیالیستی ئەورووپی هەموو وەزیرە سۆشیالیستەکانی ناو ئەنجومەنی وەزیرانی یەکێتی ئەورووپی پێکەوە کۆ دەکاتەوە، کە هەموو کاتێك پێش کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ئەبێت کۆبوونەوەی خۆیان سازبکەن بو یەکخستنی بیروڕاو هەڵوێستیان لەناو یەکێتی ئەورووپادا. ئەم ڕێکخراوە سی و هەشت پارتی سەرەکی و چەند پارتێکی چاودێری لە خۆگرتووە ،کۆمەڵێك لیژنەو گروپی کاری بە پێی بابەتی و شوێنی جوگرافی پێکهێناوە.

پییێر پروودۆن Proudhon: (١٨٠٩ـــ١٨٦٥) فەیلەسوفی سۆشیالیستی فەرەنسیە لە بیزەنسۆن لە دایك بووە، خاوەنی کتێبی، خاوەندارێتی مانای چیە؟ کە تیایدا پێش مارکس باسی لە خاوەندارێتی تایبەتی و تاکرەوێتی کردووەو پێی وایە کە تەنها بە نەمانی سەرمایەداری کۆتایی بە ناعەدالەتی ئابوری

وکۆمەڵایەتی دێت، خوازیاری دامەزراندنی پرۆژەی بانکێکی میللی بوو بۆ بەخشینی قەرزی خۆڕایی بە کرێکارن کە تیایدا سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە کۆتایی ژیانی بۆ لێکۆڵینەوە ئابوری و سیاسیەکان تەرخان کرد.

شۆڕشی ١٨٤٨ ی فەرەنسی Révolution 1848: یەکێکە لە شۆڕشە گرنگەکانی فەرەنسا لە ڕووی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە کە جارێکی تر سیستەمی دەسەڵاتی کۆماری گێڕایەوە بۆ فەرەنسا. پاش شکستی سوپاکەی ناپلیۆن بۆناپارت لە ١٨ حوزەیرانی ١٨١٥ لە جەنگی واتەرلۆدا و کۆتاییهاتنی سیستەمی ئیمپراتۆریەت لە فەرەنسا جارێکی تر دەسەڵاتی پاشایەتی لەفەرەنسا دائەمەزرێتەوەو لویسی هەژدەهەم ئەبێتە پاشای فەرەنسا، دوای مردنی لویسی هەژدە لە ١٨٢٤دا شارلی دەیەم دێتەسەر عەرشی پاسایەتی، بەڵام لەلایەن لویس فیلیپی ئامۆزای خۆیەوە کۆدێتای بەسەردا ئەکرێت و لەدەسەڵات دوور ئەخرێتەوە . لەساڵی ١٨٣٠دا لویس فیلیپ ئەبێتە پاشای نوێی فەرەنسا لە کاتێکدا کە گەلی فەرەنسا لە هەژاریەکی سەخت و گرانی و نەبوونی نان و تەشەنەسەندنی بێکاریدا ئەژیا. کەڵەکەبوونی کێشەکان و باری نالەباری ئابوری کۆمەڵانی خەڵك ئەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕش لە فەرەنسا لە ساڵی ١٨٤٨دا کە چینی کرێکاران و هەژاران و وردە بۆرژوا و ڕۆشنبیران ڕۆلی سەرەکی و خۆبەخۆیی گەورەی تێدا ئەبنینن. لویس فیلیپ ناچار ئەبێت لە فەرەنسا هەڵبێت و دەسەڵات بۆ کۆمەڵانی خەڵکی شۆڕشگێڕ جێبهێڵێت کە دووبارە سیستەمی کۆماری لە فەرەنسا دائەمەزرێننەوە کەبە جمهوریەتی دووەم ئەناسرێت. لە ٢٤ شوباتی ١٨٤٨دا شاعیری ناوداری فەرەنسی لامارتین ئەبێتە سەرۆکی حکومەتی

کاتی کۆماری دووەمی فەرەنسا . شۆڕشی ١٨٤٨ کۆمەڵێك چاکسازی جێبەجێ ئەکات وەکو خستنەوە سەرکاری بێکاران و گێڕانەوەی بەهاکانی شۆڕشی فەرەنسا و چاککردنی باری ئابوری خەڵك و هەروەها بڵاو کردنەوەی ئازادیە سیاسیەکان و مافی دەنگدان و ئازادی ڕۆژنامەگەری و بیروڕاو بەیەکجارەکی نەهێشتنی کۆیلایەتی کە ناپلیۆن لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆیدا گەڕاندبوویەوە. بەهۆی ئەم چاکسازیانەوە چینە دەوڵەمەندو بۆرژوا و شازادەکان مەترسیان لێ نیشتبوو کە شۆڕشی ١٨٤٨ بەتەواوی لایەنگری چینەکانی خوارەوەو هەژاران بکات بەتایبەتی کە لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنیان بەدەست هێنابوو. بۆیە دوای ئەوەی کە لویس ناپۆلیۆن پۆناپارتی برازای ناپلیۆن لە کانوونی یەکەمی ١٨٤٨دا بەسەرۆك کۆماری فەرەنسا هەڵئەبژێردرێت ، پشت ئەکاتە شۆڕشگێران وخیانەتیان لێ ئەکات و بڕیار ئەدات بەتەنها و بە بێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی حوکمی وڵات بکات و دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری بسەپێنێت کە بە کۆدێتای لویس ناپلیۆن ناونراو پاشان بە سەرکوتکردنی شۆڕشگێران و ڕابەرەکانی بە شێوەیەکی خوێناوی کۆتایی هات.

مۆریس تۆرێزThorez: ( ١٩٠٠ ـــ ١٩٦٤) سیاسەتمەداری چەپڕەوی فەرەنسیە لە نۆییێل لە دایك بووە ، یەکێکە لەسەرکردە دیارەکانی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا کە لەساڵی ١٩٣٣دا ئەبێتە سکرتێری گشتی حیزبەکە . ئەندامی پەرلەمان بوو وەلە ١٩٤٥ ـــ٤٦ دا ئەبێتە وەزیری دەوڵەت و پاشان جێگری سەرۆکی ئەنجومەن ، پێش کۆچی دوایی کردنی ئەبێتە سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا.

## کورتکراوەی ناوی پارت و ڕێکخراوەکانی ناو کورتە مێژووەکە :

SPD پارتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا

POF پارتی کرێکارانی فەرەنسا

RPS کۆمکاری پارتی سۆشیالیست

PS پارتی سۆشیالیستی فەرەنسی

CGT کۆنفیدراسیۆنی گشتی کار

SFIO لقی فەرەنسا لە نێونەتەوەیی کرێکاریدا

FTS فیدراسیۆنی کرێکارانی سۆشیالیست

PSOR پارتی سۆشیالیستی کرێکارانی شۆڕشگێڕ

PSDF پارتی سۆشیالیستی دیموکراسی فەرەنسا

PRF پارتی شۆڕشگێڕی فەرەنسا

PCF پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا

CGT- U کۆنفیدراسیۆنی گشتی کار- یەکگرتوو

PSA پارتی سۆشیالیستی ئۆتۆنۆم

FGDS فیدراسیۆنی چەپی دیموکرات و سۆشیالیست

PSU پارتی سۆشیالیستی یەکگرتوو

CIR پەیمانی ڕێکخراوە جمهوریخوازەکان

CFTC کۆنفیدراسیۆنی فەرەنسی کرێکارانی مەسیحی


UGCS یەکێتی گروپ و یانە سۆشیالیستەکان

UGRC یەکێتی یانەکان بۆ نوێکردنەوەی چەپ

UGS یەکێتی چەپی سۆشیالیستەکان

AREV ئەڵتەرناتیڤی سوورو سەوز

# هەندێك وێنەی مێژوویی و
# کەسایەتیەکانی  پارتی سۆشیالیستی فەرەنسی



فرانسوا میتێران




مارتین ئۆبری




جان جۆڕێس



ن جیول گێد



لیۆن بلۆم



لیۆنێل جۆسپان



جان جۆڕێس



ئیدوارد ڤەییانت



لیۆن بلۆم




**سیگۆلین روایال**

## پارتی سۆشیالیستی فەرەنسا

# بەشی پێنجەم

## هەندێك وتاری نووسەركە لە ڕۆژنامەی كوردستانی نوێدا بلاو بوونەتەوە

## تێبینی :

خوێنەری بەڕێز، ئەم وتارانەی کە لەم بەشـەدا دانـراون، بـریتین لەهەنـدێك وتاری تایبەت بە ڕووداوە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکانی مێژووی نوێی فەرەنسا ،بە تایبەتی لە ساتەکانی هەڵبژاردنەکانی سـەرۆکایەتی و پەرلـەمان و شـێوازی ململانێی هێزە سیاسیەکانی ئەو وڵاتـە لەجـەنگی بەدەسـتهێنانی دەسـەڵات و هەڵوێسـت و مامەڵـەیان لەگـەڵ ئـەو پێشـهات و ڕووداوانـەی ڕووبـەڕووی کەمەڵگـەی فەرەنسـی و ئـەوروپی بوونەتـەوە. ئـەم ووتارانـە لـەو ماوانـەدا نووسراون، کە من لە فەرەنسا ئەژیم و لەنزیکەوە لەگەڵ بارودۆخ و هەڵچوون و داچوونەکانیدا ژیاوم، بۆیە بریتین لە لێکدانەوەیـەکی تایبـەتی و تێـڕوانینی من بۆ ئـەو سـاتەوەختە مێژووییانـە کـە ئەشـێت یاریـدەدەر بێـت بـۆ زیـاتر تێگەییشتن لە بەشێکی خوێندنەوەی مێژووی پارتی سۆشیالیسـتی فەرەنسـا و ڕووداوەکـانی ئـەو سـاڵانە. ئـەم وتارانـە لـە کـاتی جیـاوازدا لـە ڕۆژنامـەی کوردستانی نوێـدا بڵاوبوونەتـەوەوە، بۆیـە پـێم بـاش بـوو وەکـو کۆکردنـەوەو ئەرشیفکردنێکیش لەم بەشەدا پێکەوە بڵاویان بکەمەوە.

.

## هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی فەڕەنساو دابڕان . . . لەشەرم یان لە ڕابووردوو

لەوانەیە تاکە دروشمێك کە هەریەکە لە کاندیداکانی هەڵبـژاردنی سـەرۆکایەتی سـاڵی ٢٠٠٧ی فەڕەنسـا، کـە ٢٢ی نیسـان خـولی یەکەمی دەست پێ ئـەکات، پێکـەوە گـرێ بـدات، دروشمـی دابـڕان بێـت، هەریەکـە لـە کاندیـداکان ئەیانـەوێت خۆیـان وەکـو هـەڵگری پرۆژەی دابڕان بخەنە ڕوو، ئەمە تاکە خاڵێکە هەموویان پێکەوە کۆ کاتەوە ئەگینا بەدەر لەوە تا ئێستا هەروەکو لە هەڵمەتەکانی تـری هەڵبژاردنـەکانی پێشـوودا ڕووی داوە، وەکـو تەقلیـد مەسـەلەیەك ئەکرایە تەوەرەی ناکۆکیو ململانێی گفتوگۆی نێـوان کاندیـداکان، گرفتی سۆشیال لە ١٩٩٥، ئاسایشو توندوتیژی لە ٢٠٠٢، بـەڵام تـا ئێستا هیچ تەوەرەیـەکی ئاشـکرا لـەم هەڵبژاردنـەی ئەمسـاڵدا دیـار نییەو خۆی نەسەپاندووە، هەر وەك ئەوەی کاندیداکان بیانەوێت لە پشت زاراوەی دابڕانەوە پەلاماری هەموو کێشەو تەوەرەکان بدەن، بـەڵام دابـڕان لـە چـی؟ دابـڕان لـە زەمـەنێکی بەسـەر چـوو و لـە شێوازێکی خۆدووبارەکەرەوە لە سیستەمی دەسـەڵاتو پەیوەنـدی نەگۆڕی نێوان دەسەڵاتو تاك لە فەڕەنسادا؟ ئەمـە لەکاتێکـدا گـەر سەرنجی ڕەوتی هەڵمەتو پەرەسەندنی ململانێکانی هەڵبـژاردن لـە فەڕەنسـا بـدەین، ئـەوا هـەر لـە هـەمان ئـەو بازنـە سروشـتیە

ترادیسیۆنەدا ئەخولێتـەوە، کـە دوو جەمسـەری کلاسـیکی ڕاسـتو چـەپ بەرامبـەر یەکدی ڕائـەگرێتو لـە نێـوان ئـەو دوو جەمسـەرە دژبەیەکـەدا هــەر هــەمان هــەموو کێشــەو قــەیرانو داخوازیــە پێیشـینەکانە کـە پرۆگـرامو دروشمـی ئـەم دوو هێـزە رووبـەڕووی یەکدی ئەکاتەوە.

لـــە دوای هەڵبـــژاردنی ســـەرۆکایەتی فەڕەنســـا ٢٠٠٢وە بـــە هەڵوەشـــاندنەوەی حیزبـــی دیگـــۆلیو خۆڕێکخســـتنەوەی باڵـــە میانڕەوەکـانی ڕاسـت لـە حیزبـی (یـو ئـێم پـیٚ)دا، یـەکێتی بـۆ بزووتنەوەیـــەکی میللـــی، کۆتـــایی بـــە قۆنـــاغی ئایدۆلۆجیـــەتو ئۆرگـــانیزمی حیزبـــی دیگـــۆلی هـــاتو بـــە کۆتاییهێنـــانی مـــاوەی سەرۆکایەتی جاك شیراك لـە مایسـی ٢٠٠٧دا کۆتـایی بـە دواهـەمین سـێبەری کاریزمـاییو کەسـایەتی دیگـۆلی دێـت لـە فەڕەنسـا، لەکاتێکدا کـە ئەمـە بـۆ خـۆی ئەبێتـە خـاڵی دابڕانـی فەڕەنسـا لـە مێژوویەکی هەڵچنراو لـە سـەر کۆبوونـەوەی دەسـەڵاتو شوناسـی فەڕەنسا لە کاریزمایەکدا، کە فەڕەنسیەکان لە ڕێی وێنەی ئـەوەوە بـەردەوامی بـە مێژوویـەکی تایبەتمەنـدی خۆیـان بـدەن لـە دنیـادا، ئێستا بەردەوامبوونی ئەو مێژووە لە بەردەم دابڕاندایە، لەکاتێکدا هـــەر ئـــەم پێداویســـتی دابڕانەیـــە فەڕەنســـای خســـتۆتە بـــەردەم قەیرانێکی نوێوە، ئەویش قـەیرانی گـەڕان بـەدوای باوکێکدایـە، کـە

ئەم هـەموو بـرا لێـك توورانـە لـە ژێـر چـەتری بەهایـەكی هاوبەشـی دێرینـدا كۆبكاتـەوە، كـە فەرەنسـا نایـەوێت خـۆی لـیَ داپچـڕێت، ئــەویش بــە ســادەترین مانــا بــەهای فەرەنســیبوونو شوناســی فەرەنسیە لە جیهاندا بەو كـەلتورەوەی كـە ئـەم وڵاتـەی تـا ئێسـتا لەگەڵ ڕەوتی دنیایدا هێناوە، فەرەنسا كە ماڵئاوایی لـە دیگـۆلیزمو كــەلتورو حــوكمی دیگــۆلیزم ئــەكات كــە هەمیشــە كــەلتورێكی حەماســـەتئامێزو خرۆشـــاندنی هەســـتی شـــانازیكرن بـــووە بـــە فەرەنسـیبوون، ئێسـتا هـەموو كاندیـداكانی هەڵبـژاردنی تووشـی گەڕانـەوە بـۆ هـەمان كـەلتور كـردووەو فەرەنسـیەكانی خسـتۆتە بەردەم ئاسۆیەك كە تیایدا لە دوای كۆتاییهاتنی هەڵبژاردن بـەدوای دیگۆلێكی تر، میترانێكی تر، یان سادەتر كاریزمایەكدا بگـەڕێن، لـە كەسایەتی ئەوەی ئەبێتە سەرۆكیان، كە زەمەنی گەشی فەرەنسـاو ڕۆژانی دەروونشادییان بە فەرەنسیبوونو هـەڵگرتنی ئـەو شوناسـە بۆ بگەڕێنێتـەوە بەتایبـەتی پـاش ئـەو ڕۆژە شـەرمەی ٢٢ نیسـانی ٢٠٠٢ كە هـەموو كـەلتورو بـەهاكانی فەرەنسـای لـە بـەردەم دنیـادا ڕووت كردەوەو ئەم گەلو نیشتمانەی هەڵگری جوانترین سۆزو بەها مرۆڤایەتیـەكان، گـەلێك كـە بـە بـەختكردنی خـوێنی ڕۆڵـەكانی، چەمكەكانی ئازادیو یەكسـانیو برایـەتی پێشـكەش دنیـا كـرد لـەو ڕۆژەدا لە بەردەم دنیـادا بـە گـەلێكی لەدەستچـووی ئـەو كـەلتورە

مرۆییە نیشاندا کاتێك بزووتنەوەیەکی ڕەگەزپەرستو ناسیۆنالیستی دۆگماو دژ بەو هەموو بەهایانە لە ڕۆحی بەشێکی زۆری فەڕەنسیەکاندا خۆی نمایش کرد. بەڵام نمایشکردنێك، کە دواتر هەموو فەڕەنسیەکانی وریا کردەوە پاش ئەوەی خۆیان بە خیانەتکاری مێژووی خۆیانو کەلتورە مرۆڤایەتیەکانی بینیەوە. بۆیە ئێستا کەوتوونەتە بەردەم ململانێیەکی ڕاستەوخۆی سەرەکیەوە، ئەویش دووبارەنەکردنەوەی ئەو ڕۆژی شەرمەیەو خودنمایشکردنی ئینسانیانەیە لە بەرامبەر دنیادا، ئەمڕۆ لەهەموو کات زیاتر فەڕەنسیەکان هەڵبژاردنێك ئەنجام ئەدەن کە هەست ئەکەن یەکەمین جارە بە تەنها بۆ خۆیان نییە، بەڵکو ئەوان لە تاقیکردنەوەیەکدان لە بەردەم دنیادا، بۆ سڕینەوەی شەرمی ٢٠٠٢و گێڕانەوەی بەهاکانیان. هەربۆیەشە تائێستا هیچ کێشەو مەسەلەیەکی تایبەت نەبۆتە دروشمو پرۆگرامی هەڵبژاردن لە دروشمی شوناسی فەڕەنسیبوون زیاتر، بەڵام بە تەعبیرێکی دی. ئەمە لەلایەکەوە فەڕەنساو کاندیداکانی خستۆتە ناو بازنەیەکی ئیحراجبوونو ناچاریەوە لەبەرامبەر ڕاگرتنی مێژووی فەڕەنسا لە بەرامبەر ئەوی دیداو لە نێوان قسەکردن لە کێشە ژیانییەکانی ڕۆژانەو کێشەی ژیاندنەوەی فەڕەنسا لە دنیادا، گێڕانەوەی مێژووی فەڕەنساو چەرخی فەڕەنسی لە دنیادا کە ئەمەیان قەیرانێکی

ڕاستەقینەی ئەم وڵاتەیە بەگشتی، کە نازانرێت ئایا چۆن شوناسی فەڕەنسیبوون لە دوای هەڵبژاردنەوە بنیات ئەنێتەوە. شوناسێك، لەسەر تواندنەوەی گشت لە ناو کەلتوری تەقلیدی فەڕەنسیبووندا، لەناو زمانی مۆلێردا یان لەناو ئەو زمانە (جارگۆ) میللیە تێکشکاوەی ئەمڕۆی سەر شەقامەکانی فەڕەنسا کە نەوەی نوێی میللەتە کۆچەرەکانی تر پێیان بەخشیوە، شوناسی فەڕەنسیبوون بە گەڕانەوە بۆ کەلتوری گۆلواو پەراوێزکردنی ئەوانی دی لەو کەلتورەدا، یان بنیاتنانی شوناسێك بە قبوڵکردنی هەموو فەرهەنگو ڕەنگو ئاینو مەزهەبو نەریتە نامۆکان بە خۆی. قبوڵکردنو باوەشکردنەوەی پڕ سۆز بۆ نەوەو منالآنی قەراغ شارو گیتۆ جیاوازە داخراوەکان بەسەر خوودداو چیدی فەرامۆشنەکردنیان، گوێگرتن لە تووڕەییو گلەییو هەڵچوونی نەوەی ڕەتکراوە لە گۆرانیەکانی ڕاپی کۆچەرەکاندا.

بە هەرحاڵ، ئەمانە هەمووی کاندیداکانی لە هەموو کات زیاتر ناچاری قسەکردنو گەڕانەوە بۆ شوناسی فەڕەنسیبوون کردووە، کە لە جەوهەردا بەیەك نامۆ نین ئەگەرچی بەشێوازی دەربڕینیش لە یەکدی جیاواز بن، بۆیە زۆرجار لەم هەڵبژاردنەی سەرۆکایەتی ٢٠٠٧ی فەڕەنسادا هەست بەوە ئەکرێت، کە کاندیداکان زۆر خاڵی لێکنزیکبوونەوەو لەیەکچوونیان هەیە، کە پێکەوە کۆیان

ئەکاتــەوەو گوتارەکانیــان تاڕادەیــەکی بــاش لــە لاســاییکردنەوەی یەکدی ئەچێت، هیچ نەبێت وەك ئەوەی جان ماری لوپێنی سەرۆکی بــەرەی نیشــتمانی ڕەگەزپەرســت ئامــاژەی پێئــەکاتو داوا لــە فەرەنساییەکان ئەکات کە دوای ئەو کاندیدایانە نەکەون، کە لاسایی ئــەو ئەکەنــەوە، بەمــەش ڕاســتەوخۆ ئامــاژە بــە نیکــۆلا ســارکۆزی کاندیدای یو ئێم پیۆ فیلیپ دوڤیلییێ ئەکات، کە ئەمیان ئەکتەرێکی نوێی بـەرەی ڕاسـتی ڕەگەزپەرسـتە، کـە تـازە ئـەخوازێت هەسـتی شـــەڕانگێزیو قـــین لای فەرەنســـییەکان دژی هاونیشـــتمانیە فەرەنسییە بە ڕەگەز بیانیەکان بجولێنێ، بـە تایبـەتی ئەوانـەی لـە ناوەنـدی عـەرەبیو ئیسـلامیو ڕۆژهەڵاتیـەوە هـاتوونو هەمیشـە زەنگــی خەتــەرناکی ئــەوە لــێ ئــەدات، کــە فەرەنســا بــەرەو ئیسلامیزەبوون ئەڕوات.

ئێستا کاندیداکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پـاش ڕۆژی شـەرمی ٢٠٠٢و درەوشـانەوەی نـەیزەکی ترسـناکی لـوپێن، ئەیانـەوێت لـە پشتی ئەو شەرمەوە لوپێنێکی فەرەنسی ئینسانیانە بخەنەڕوو، کـە لەیەککاتدا شوناسی فەرەنسیبوون بپارێزێتو ئەو بەرگو ئەتێکێتـە ڕاسـیزمەی لێـداماڵێت. بۆیـە ئـەبینین لـەم هەڵبژاردنـەی ئەمسـاڵدا لەهەموو کات زیاتر سـرودی نیشـتمانی فەرەنسـی مارسـێییز ئـاڵای سـێ ڕەنگـەی فەرەنسـا بـە شـەکاوەیی ئامـادەنو کاندیـداکان بـە

حەماسو ڕۆحی نیشتمانیەوە لـە بـەردەم گـوێگرانو لایەنگرانیانـدا ئەو سرودە ئەڵێنەوە، کە ئەمـە لـە سـاتەکانی تـردا بـزر بـوو، وەك ئەوەی هەموو کاندیداکان سـەرگەرمی ڕزگـارکردنی شـەرەفمەندێتی فەڕەنسا بن، سەرگەرمی رزگـارکردنی ئـابڕووی فەڕەنسـا لـە پشـت گەڕان بەدوای شوناسێکی یەکگرتوودا، لەکاتێکدا کە ئـەم شوناسـە هەڵگری چـەندین کێشـەو قـەیرانی کوشـندەیە، کـە پێناچـێت ئـەم شـێوە تەقلیدیـەی ڕووبەڕوونـەوەی کانـدیاکانو ئـەو شـێوازی دووبارەکردنـەوەی دەسـەڵات ڕزگـاری بکـات، چـونکە هـیچ نـەبێت ئێستا ئەو ئەگەرانـەی لـە ئاسـۆدا دیـارن، هـەر ڕووبەڕووبوونـەوەی تەقلیدی دوو کاندیـدای بـەرەی ڕاسـتو چـەپ لـە دووەمـین خـولی هەڵبژاردنـدا ئەخەنـە ڕوو، کـە ئـەوانیش بـە زۆرینـەی ڕاپرسـیو شیتەڵکارییە سیاسییەکان سارکۆزی نوێنەری یو ئێم پیو سیگۆلێن ڕۆیالی سۆشیالیستی نوێنەری چـەپی تەقلیـدی فەڕەنسـایە. بـەڵام فەڕەنسییەکان ئێستا بەدوای کاریزمایەکدا ئەگـەڕێن، کـە بتوانێـت شوناسێکیان پێببەخشێتو لەو گرێی بێشوناسی یان لێکداترازانەی شوناسو کەلتورە ڕزگاریان بکات، سـەرۆکێکی کـاریزمی کـە ببێتـە کۆکـەرەی فەڕەنسـییەکان لـە نـاوەوەو وێنەیـەکی بـەهێزو گەشـی فەڕەنسا لە بەرامبەر دنیاداو گەڕانەوەی سەروەریو هەیبـەتی ئـەو وڵاتـە لەسـەر هـەموو شـوێنو ئاسـتەکاندا، کـە ڕۆڵـی ئەکتـەرێکی

سەرەکی پێببخشێتەوە لەسەر شانۆکانی سیاسەت لە ئەوروپا، لە لەسەر ئاستی کیشوەری، نێودەوڵەتی کە لە دەستی داوە. ئینجا سەرۆکێك کە بتوانێت هەموو نەوەو پێکهاتە لە یەك تۆراوو بە یەك نامۆو دژبەیەکەکان پێکەوە ئاشت بکاتەوەو فەرەنسای خاکی یەکسانیو ئازادی بگەڕێنێتەوە، هەموو ئەو ڕۆڵانەی فەرەنسا بێنێتەوە نێو باوەشی خۆی، کە ڕۆژانە ئەم وڵاتە جێ دێڵنو کۆچ بۆ شوێنێکی دی ئەکەن، چونکە ئینتماو شوناسی کەلتوریو سۆزیان بەم وڵاتەوە نەماوەو ئاسۆیەکی گەڕانەوەی مەزنی فەرەنسا نابینن. ئەمەش سەرئەنجامی هەموو ئەو هەڵە کوشندانەن، کە سیاسییەکانی فەرەنسا یەکبەدوای یەك کردوویانەو مەترسی دیسانەوە دووبارەبوونەوەو خولانەوە لە هەمان بازنەدا ئەکرێت، چونکە کاراکتەرەکانی سیاسەت هەمان کاراکتەرنو بەشی زۆریان هێشتا کەناربوونی خۆیانو خانەنشینبوونیان لە سیاسەت ڕانەگەیاندووە هەستیان بەوە نەکردووە کە فەرەنسا ئیدی بە میتۆدی دووبارەبوونەوەی ئەوان بەڕێوەناچێت. جگە لە لیۆنێل جۆسپان نەبێت کاتێك هەست بە قوربانیبوونی خۆی بۆ گەمەی سیاسەتو دیماگۆگیەتو فیڵو درۆی سیاسی کرد، کە تائێستا فاکتەرێکی بزوێنەری سەرەکی بەیەکداچوونی پێکهاتە سیاسیەکانە لە فەرەنساو بە تایبەتی لە هەڵبژاردنەکاندا، بەشەرەفمەندیەوە

خۆی لەو گەمە پیسەی سراست کێشایەوە. ئەگینا هەر چاوەڕوانی ئـەوە ئـەکرێت کـە فەڕەنسـا جـارێکی تـر بکەوێتـەوە نـاو بازنـەی کێشەی نێوان ڕاسـتو چـەپو بـە قوربـانیبوونی کێشـە سـەرەکییە ژیانییـەکانی فەڕەنسـییەکان لـەم گەمەیـەداو پاشـان بوونـەوە بـە قوربـانیی دووبارەبوونـەوەی سیسـتـەمێکی پێکـەوە حـوکمکردنی وڵات، واتە پێکەوە هەڵکردنی ڕاستو چـەپ لـەناو یـەك سیسـتـەمی دەسەڵاتدا، کە سەرۆکی وڵات لە بەرەیـەكو سـەرۆکی حکومـەت لـە بەرەیـەکی تـر بێـت، کـە ئـیتر وڵات ئیفلـیج ئـەکاتو هـیچ جـۆرە بڕیارێکی گرنگو چارەنووسساز لەو ماوەی سیستەمەدا نادرێت.

بۆیە ئەوەی کاندیـداکان لێـی تێگەیشـتوون، ئەوەیـە کـە وێنـەی سـەرۆکی داهـاتووی فەڕەنسـا ئـەبێت وێنـەی کەسـێکی کاریزمـایی بێت، کە هاوتایی لە نێوان ئەم هەموو کێشە بونیادییانەدا ڕابگرێت، کەسێك کە هاونیشتمانیان هەیبەتی دەوڵەتو شوناسو مێژووەکەی تێدا ببیننەوە، نەك بەم شێوە پەرتەوازەییەو لێکداپچڕاوو هەیبـەت ڕووشاوەی ئێستای.

ئـەوەی هـەموو کاندیـداکان پێکـەوە کۆئەکاتـەوەو دروشمـی سـەرەکی هەڵمـەتی هەڵبژاردنـەکانیانی پـێ جـۆش داوەو بۆتـە دەسپێکی سەرجەم پروپاگەندەو گوتارە سیاسـیەکانیان لەبـەردەم جەماوەردا، بریتیە لە دروشمی کۆکردنەوەی هـەموو فەڕەنسـیەکان

پێکەوە لە ژێر چەترێکی ئاشتبوونەوەو گێڕانەوەی باوەڕو دڵنیایی بەیەکدی. ئەم دروشمەش دەرئەنجامی نوشستی سیاسی جاك شیراکە کە لە ماوەی دوانزە ساڵ سەرۆکایەتیکردنی وڵات بووە فاکتەری ڕەنجاندنی سەرجەم پێکهاتەکان لەنێو خۆیداو لێکهەڵوەشانەوەی، لەکاتێکدا کە لە هەموو زەمەنێك زیاتر پێویستی بە یەکگرتنەوەو یەکدەنگیو یەك پرۆژەیی هەبوو، ئێستا کاندیداکان ئەیانەوێت جارێکی تر ببنەوە فاکتەری یەکخستنەوەی فەرەنسیەکان لە پاش لێکهەڵوەشانەوەیو سەنگەرگرتنی نەوەلێك نامۆکان لەیەکدی.

لەڕاستیدا جاك شیراك کاتێك کە ماڵئاوایی لە کۆشکی ئەلیزێ ئەکات، بەپێی ڕای هەموو لێکۆڵەرەوە سیاسیەکان وێنەی خراپترین سەرۆکی فەرەنسا لەدوای خۆی جێ ئەهێڵێت لەگەڵ قۆناغێکی مێژووی فەرەنسادا، کە بە قەیراناویترین قۆناغی سیاسی دائەنرێت، هەموو لێکۆڵەرەوە سیاسییەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە جاك شیراك نموونەی خراپترین سەرۆکی فەرەنسای نیشاندا تا ئەو ئاستەی هێندەی داوە دەزوویەك لە باوەڕ لە نێوان خۆییو گەلەکەیدا نەماو لە هەموو جەنگەکان بە تێکشکاوی هاتە دەرەوە، جەنگی ئابووری، بێکاریو بیمەو فەراهەمکردنی سۆشیالو ئاستی گوزەران، دۆڕان لە جەنگی ئەوروپاو ڕۆڵی فەرەنسا لە یەکخستنی

ئەوروپاو پێکهێنانی دەستورێکی هاوبەشی ئەوروپادا، کە فەڕەنسا یەکێك لە داینەمۆ سەرەکیەکانی بێت، لەکاتێکدا فەڕەنسیەکان ئەو پرۆژەیەیان بە زۆرینە ڕەتکردەوە وەکو سزادانێکی نەبوونی باوەڕو نەبوونی هیچ پەیمانێك لە نێوان ئەوانو دەسەڵاتدا، جەنگی شوناسی فەڕەنسیو شوێنی لە دنیادا لەپاڵ شاڵاوی جیهانگەری، کە هێشتا فەڕەنسا نەیتوانیوە لە هەندێك بەهای دۆگمای خۆی ڕزگار بێتو لەگەڵ ڕەوتی جیهانگەریدا بەبێ ترسو دڵەڕاوکێ هەنگاو بنێت، چونکە فەڕەنسا ئێستاش هەر بەترسو گومانەوە لە ڕابووردوو و مێژوو و خۆبەستنەوە بەبەهاکانیەوە مامەڵە لەگەڵ جیهانگەریدا ئەکات، ئەمانەو جەنگی لەدەستدانی باوەڕ لە نێوان پێکهاتەکانی فەڕەنسا، لە نێوان نەوە جیاکانیدا، لە نێوان نەتەوەو وشوناسە ئەتنیو ئایینیو مەزهەبیو کەلتورییە جیاوازەکانیدا تا ڕادەی تەقینەوەی ئەم بەیکدی نامۆییە کە گڕی لە پاریسو قەراغ شارەکانی بەردا، ئەمانەو چەندین شکستی تری شیراکو سەردەمی شیراکی. هەرچەندە شیراك لە ساڵی ٢٠٠٢دا تەواوی متمانەی فەڕەنسییەکانی وەرگرت لە ماندای سەرۆکایەتی دووەمیدا، شیراك یەکەمین سەرۆکێکی فەڕەنسایە کە متمانەی گەلەکەی وەرگرت، بەڵام یەکەمین سەرۆکیشە کە تەواوی ئەو متمانەیەی لە دەستدا، گەلی فەڕەنسا لە ساڵی ٢٠٠٢ بۆ دانانی بەربەستێك لەبەردەم

لوپێنو هاتنەپێشەوەی بزووتنەوەی ڕەگەزپەرستیو شۆڤێنی، بۆ پاراستنی ئابڕووی فەڕەنسا لە ڕۆژی شەرمدا: ڕۆژی ٢٢ نیسانی ٢٠٠٢، دوای ئەوەی بە هۆشیارییەکی بریندارو ڕۆحێکی شەرمەزارەوە ئاوڕی لە ڕابووردووی خۆی دایەوەو بۆ گێڕانەوەی بەهاکانی لەخولی دووەمدا فەڕەنسیەکان بەزۆرینەی دەنگ جاک شیراکیان وەکو وەڵامێکی ڕەتکردنەوەی ڕاسیزمو دۆگماتیزمو ئایدۆلۆژیای ڕەتکردنەوەی ئەویدی خستە بەرامبەر جان ماری لوپێن، جاک شیراک بە ٨٢٪ی دەنگ متمانەی سەرۆکایەتی فەڕەنسای پێ سپێردرا، ئەو دەنگانە دەنگی نەیارانو ناحەزانی جاك شیراك بوون کە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ پرۆژەو فیکری ئەوا کۆك نین، دەنگی سۆشیالیستەکان، کۆمۆنیستەکان، سەوزەکان، تەنانەت ترۆتسکیستو چەپە توندڕەوەکان، دەنگی کرێکاران، جوتیاران، کارمەندان، ڕۆشنبیرانی فەڕەنسا بوون، کە لەکاتێکدا دەنگی دژ بە شیراك بوون بەڵام لە هەمان کاتدا دەنگی گەلی فەڕەنسی بوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ساتێکی سەختی قەیران، گێڕانەوەی ئابڕوو بۆ گەلێك کە بەهاکانی لەبەردەم دنیادا کەوتبووە بەردەم پرسیارو گومانەوە. جاك شیراك کەوتە بەردەم ئەزموونو تاقیکردنەوەیەکی نوێ لە ژیانی سیاسی خۆییو فەڕەنساشدا، ئەویش ئەوەبوو یەکەمین سەرۆك بوو ئەو پاسپۆرتە ئازادەی گەلی

فەرەسنی وەرگرت، یەکەمین سەرۆك بـوو کـە هـەموو دەروازەکـانی بوون بە کاریزماو کۆکەرەوەی گەلی فەڕەنسـای بـۆ ڕەخسـا، جـاك شیراك ئەیتوانی ئەو قەیرانەی ٢٠٠٢ بکاتـە سـەرەتای هەڵسـانەوەی فەڕەنسـا لـە شکسـتو سـەرەتای بەدەسـتهێنانەوەی دڵنیـایی بـە مێـــژوو و ئایینـــدەی فەڕەنســـا، ئـــەو ئـــەیتوانی لـــەو قەیرانـــەوە پرۆژەیەکی نیشتمانی ئاشتبوونەوەو پێکەوەگونجانو لێبـوردەییو هاوکـاری دابڕێژێتــەوە، بـەڵام بـە پێچـەوانەوە ئـەو لـە جیـاتی یەکخستنی فەڕەنسیەکان بووە فاکتەری لێکترازانـی فەڕەنسـیەکان لە یەکدی، لە جیاتی بنیاتنانی پردی دڵنیایی لە نێـوان دەسـەڵاتو گەلـدا ئـەو دوا پـردی دڵنیـایی هـەرەس پـێ هێنـا، لـە جیـاتی ئاشتکردنەوە، پێکهاتـەکانی لـەنێو یەکدیدا کـرد بەگژی یەکتریـدا، بۆیــە دواجــار تــەنها مایــەوە لەکاتێکــدا کــە ئــەو ســەرەتا دژی خۆکاندیـدکردنی سـارکۆزی بـوو بـۆ سـەرۆکایەتیو زەمینـەی بـۆ قوتابیە وەفادارەکەی خۆی، دوڤیل پان خۆش ئـەکرد، بـەڵام پـاش ئەوەی دڵنیاو باوەڕی لـە نێـوان وەفـادارترین کەسـانی دەوروبـەری خۆشـی لـە نێـو بـەرەی ڕاسـتدا لـە دەسـتدا، بەناچـاری کاندیـدای سـارکۆزی پەسـەند کـرد. هەڵەیـەکی کوشـندەی سیاسـی شـیراك لـەدوای هەڵبژاردنیـەوە لـە ٢٠٠٢ ئـەوەبوو کـە شـیراك لـە وەهمـی ســـەرکەوتنی جەماوەریـــەوە لـــە جیـــاتی ئـــەوەی هـــەوڵی

لێکنزنزیکبونـەوەی پێکهاتـەکانی فەڕەنسا بدات، بـە پێچـەوانەوە پـرۆژەی بـەهێزکردنی ڕاسـتو سـەقامگیرکردنو مەحکـەمکردنی سەنگەری ڕاستی بەرامبەر ئەوانی دی خستە پێشەوەی ئەرکـەکانی خۆی، ئەو وەکـو سـەرۆکی حیزبێـك نـەك وڵاتێـك مامەڵـەی ئـەکرد، ویسـتی هـەموو باڵـە لێکجیاکـانی ڕاسـت لـەژێر چـەتری حیزبێکـدا کۆکاتـەوە، لێـرەوە پـرۆژەی پێکهێنـانی تاکـە حیزبێکـی ڕاسـتی دارِشت، پاشماوەکانی دیگـۆلیو جمهوریـەتخوازەکانو لیبرالـەکانی بانگەشـەی پێکهێنـانی یـەك حیزبـی سیاسـی ڕاسـتڕەو کـرد وەك ئـەوەی بـۆ ئاییـنـدە هێزێکـی ڕاسـتڕەوی نەبـەزێنراو پێکبێنێـت لـە بەرامبەر هێزەکـانی تـردا، جـاك شـیراك خواسـتی گـەلی فەڕەنسـاو پێکهاتەکانی تری خستە پشت گوێ، کە ئـەوان وەڵامـی قـەیرانێکی شوناسییان دایەوەو بەرامبەر هێزێکـی ڕەگەزپـەرسـت وەسـتانەوە، بەڵام ئەو ئەم خواستەی کردە قوربانی یەکخستنەوەی ڕاستەکان لە بەرەیەکداو پڕچەککردنی بۆ خۆئامادەکردن بۆ جەنگ لـە بەرامبـەر ئـەوانی تـردا، جـاك شـیراك بـووە هەڵگیرسـێنەری شـەڕەکان نـەك دامرکاندنەوەی، شیراك لە جیاتی بوونە کاریزمـای گـەلی فەڕەنسـا، بوون بـە سـەرکردەی ڕاسـتی فەڕەنسـای هەڵبـژاردو لێـرەوە هـەمو خواسـتو کێشـەکانی فەڕەنسـا پـەراوێز کـراو دواجـار نـەك کاریزمابوون، بەڵکو ڕابەری ڕاستیشی لە دەستداو تـەنیاترین کـەس

لەو جەنگی سیاسەتەدا مایەوەو ئێستا چاوەڕوانی ئەوە ئـەکات کـە لـەدوای کۆتاییهـاتنی مـاوەی سـەرۆکایەتیەکەی، خـۆی بـە خولیـاو پرۆژەی مرۆڤاتییـەوە خـەریك بکـات یـان بگەڕێتـەوە بـۆ ئـارەزووە دێرینەکـەی، کـە ئـەویش گرنگیدانـە بـە ئارکیۆلۆژیـاو کـەلتوری ئەفەریقا.

کەواتە فەڕەنسیەکان لـە دوای ئـەزمونی ژێـر دەسـەڵاتی دوانـزە سـاڵ لـە (خـراپترین) نمونـەی سـەرۆك، لـەم هەڵمـەتو جـەنگی هەڵبژاردنەدا بە دوای سەرۆکێکدا ئەگـەڕێن کـە وانەیـەکی لـە سـیما خراپەکانی شیراك وەرگرتبێتو هەیبـەتی سـەرۆکایەتی بـە ئێلیـزێ ببەخشێتەوە. بۆیە کاندیداکان، هیچ نەبێت ئەوانەی ئەگەرو شانسی سەرکەوتنیان لەوانی تـر نـزیکترە لـە هەڵبژاردنـدا بـۆ ئـەوەی ببنـە سـەروەری ئێلیـزێ بـۆ مـاوەی پێـنج سـاڵی داهـاتوو، خولیـای سەرەکیان لە کۆبوونەوەو هەڵمەتەکانی خۆیانـدا بەجەماوەرییبوونـە لەنێو هـەموو ناوەنـدەکانی فەڕەنسـادا کەئەمـەش تاڕادەیـەکی زۆر پـەیامێکی ئەسـتەمە لـەنێو ئـەو کۆمەڵگـە لێکداپچـڕاوو لەیەکـدی تـۆراوو دژبەیەکـەدا. کـێ ئـەتوانێت ببێتـە کاریزمـای ئایینـدەی فەڕەنساو زەمـەنێکی دی دیگـۆلی نـوێ بکاتـەوە بـە کۆکردنـەوەی هـەموو یـان هـیچ نـەبێت زۆرینـەی زۆری فەڕەنسـیەکان لـە دەوری پـەیامێکی بـە شـوناس فەڕەنسـیانە؟ دروشمـی سـیگۆلێن ڕوایـال

بریتیـە لـەوەی ئەگـەر بـووە سـەرۆکی ئایینـدەی فەڕەنسـا، ئـەوا فەڕەنسـیەکان لـەنێو یەکدیـدا ئاشـت ئەکاتـەوە. بـەڵام سـیگۆلێن ڕوایال خۆی کاندیدای پارتی سۆشیالیستە، پـارتێکی لـەنێو خۆیـدا دابەش بوو بەسـەر چـەندین گـروپو بـاڵی جیـاوازەوە، پارتێـك کـە لەنێو فەزایەکی زۆر تەمومژاوی ناکۆکیداو لە نێو ململانێـی چـەندین کاندیـدای نـاوخۆدا بـۆ هەڵبـژاردنی سـەرۆکایەتی دواجـار تـوانی سـیگۆلێن ڕوایـال بکاتـە کاندیـدای خـۆی بـۆ ئـەو جەنگـە، کـە بەکۆتاییهاتنی ئەبێت بووترێت کۆتـایی بـە جـەنگو نـاکۆکی نێـوان سۆشیالیسـتەکان نـاهێنێو بـەڵکو جـەنگێکی نـاوخۆی دی هەڵئەگیرسـێنێتەوە لـە نێـوان فیلـەکانی نـاو حیـزب بـۆ دابەشکردنەوەی دەسەڵات، ئایا سیگۆلێن ڕوایال بەدەر لـەوەی کـە وەکو کاندیدایەکی ژن بۆ یەکەمین جار ئەگەری ئەوە بخوڵقێنێت کە فەڕەنسیەکان بیر لە ئەزموونێکی نوێی سەرۆکایەتی بکەنەوەو پاش ئـەوەی بێهیـوا بـوون لـە دەسـەڵاتی پیـاوان ئیـدی ئـەو دەسـەڵاتە ببەخشـنە ژنێـك کـە ئەمـەش لـە حاڵـەتی ڕوودانیـدا دیاردەیـەکی مێـژووی نـوێ ئـەخوڵقێنێت. بـەدەر لـەوەی کـە ڕوایـال لـە سـەر شکستو نوشوستیو هەڵەکانی ڕاست درەوشـانەوە بـە ئەسـتێرەی جەماوەرییبوونی خۆی ئەبەخشـێت، ئایـا ئـەتوانێت بـەدەر لـەم دوو ئەگەرە ببێتە کۆکەرەوەو ئاشتکەرەوەی فەڕەنسیەکان؟

نیکۆلا سارکۆزی بە هەمان شێوە داوای ئەوە ئەکات کە پێکەوە هەمووشتێك مومکینەو فەرەنسایەکی بە هێز پێکەوە بنیات ئەنێت، لەکاتێکدا کە ئەویش لە ناوەندێك پڕ کێشەو فێڵو باڵی شەڕانگێزی ناو ڕاستەوە کاندیدای خۆی سەپاند کە هەندێك لە فیلەکانی ناو بەرەی ڕاست دواجار بەبێ قەناعەتەوە یاخود پاش دانوسانێکی ژێرەوەیی بڕیاریاندا پشتگیری سارکۆزی بکەن، ئایا سارکۆزی کە پاش ئەوەی ئاگری لە کەنارەکانی پاریسو ماڵی چینە هەژارو پەراوێزیەکانو گیتۆی نەوەی بیانییە نافەڕەنسیەکان هەڵگیرساندو تووڕەیی گەنجانی تەقاندەوەو ئێستا بە سەردانی ئەو گیتۆو قەراغ شارانە ئەیەوێت پڕۆژەی ئاشتبوونەوەی خۆی نمایش بکات لەکاتێکدا هەندێك هەر تەنیا بە پروپاگەندەیەکی هەڵبژاردنی دائەنێن، ئایا ساکۆزی لەکاتێکدا ئاماژەی ئەوە ئەکات کە فەڕەنسا تەنیا ڕەگەزێك نییە، فەڕەنسا کۆبوونەوەی چەندین وڵاتی جیاوازە کە پێکەوە فەڕەنسایەکی مەزنیان دروست کردووە، فەڕەنسا خاکی چەندین ئەتنی جیاوازە، بەڵام کاتێك ئەو داوای ئەوە ئەکات کە ئەگەر بووە سەرۆکی وڵات ئەو شوناسی نیشتمانی فەڕەنسا بنیات ئەنێت، بەڵام شوناسێك لەسەر مەرجی بەستنی پەیمانی خۆشەویستی لەگەڵ فەڕەنسادا، شوناسێك کە ئەبێت کۆچەرانی دێرینو نوێ پەیمانی عەشقی خۆیان بۆ ئەم وڵاتەو کەلتورەکەی

نـویێ بکەنـەوە، بنیاتنـانی ولاتێـك لەسـەر عیشـق کـە تـا ئێسـتا لێکدووریو شەرمو قینی لە نێـوان ئەتنییەکانـدا خولقانـدووە، ئایـا سارکۆزی ئەتوانێت بێتە سەرۆکی جەماوەرێکی عاشـق، میللـەتێکی عاشق بە نیشتمانو کەلتورێك کە تیایدا خـۆی وەکـو شـوناس ڕەت کرابێتەوە؟ ئایا سارکۆزی ئەبێتە ئەو سـەرۆکە عاشـقەی گەلەکـەی لەکاتێکدا ئەو خـۆی زۆر لـە عەشـقە تایبەتـەکانی خـۆیيو عەشـقی ولاتیشی دۆڕان، عەشـقی بـۆ نـەوە پەراوێزیـەکانو ئیحتقارکردنیـان وەکـو کەسـانی سەرسـەریو بـازاڕی، عەشـقی بـۆ ئـەو چـینانەی خوارەوە کە کە خۆپیشاندانو مانگرتن ساز ئەکەن بۆ مـافی خۆیـان کە بەلای سـارکۆزیەوە لـە فیتنـەوەو ئـاژاوەگێڕی زیـاتر هیچـی تـر نییە، لەکاتێکدا سارکۆزی ختوکەی سۆزی ڕاسیستەکانی فەڕەنساو لایەنگرانی لوپێن ئەداتو بە ئاشکرا بانگەشەیان ئەکاتو باوەشـیان بۆ ئەکاتەوە بە بەدیهێنانی خواستەکانیانو سنووردانان بـۆ کۆچـی نایاساییو دەرپەڕاندنی بیێ وەرەقەکان لە فەڕەنسا، لەکاتێکـدا کـە فەڕەنسـیەکان ئەیانـەوێت قۆنـاغێکی تـری شـەرمو نمایشـکردنی فەڕەنسا لە دەرەوە وەکو ولاتی ڕەگەزپەرستی دووبارە نەبێتـەوە، ئایا ئەتوانێت پێکەوە گونجـان لـەنێوان ئـەم فیکـرە دژ بەیەکانـەدا بەدی بێنێت؟

دواجار ئەوەی لەم هەڵبژاردنە نوێیەدا وەکو دیاردەیەکی نوێ سەریهەڵداوە، گەشانەوەی ئەستێرەی فرانسوا بایرووی کاندیداو سەرۆکی حیزبی یو دی ئێف کە ئەم لە چوونە ژێر چەتری شیراك یاخی بووە وە بەوەفا وەکو ڕاستێکی میانڕەو بۆ حیزبو بیرو باوەڕەکانی خۆی مایەوە، تا دێت لە هەڵمەتو پرۆپاگەندەکانی هەڵبژاردندا زیاتر کەسایەتیو جەماوەرییبوونی دەرئەکەوێت تا ئەو ڕادەیەی چاوەڕوانی ئەوەی لێ ئەکرێت کە ئەگەر فەرەنسیەکان بە تەواوی لە ڕاستو چەپ بێهودە بن ئەشێت ئەم وەکو هێزی سێهەمو ڕزگارکەری فەرەنسا لەو قەیرانە هەڵبژێرن، بەڵام بایروو حیزبەکەی کە تا ئێستا چەقبەستوو بووە لەسەر بیرۆکەی ناوەندچێتیو مانەوە لەنێو ناوەندێکی پێکهاتەیی بۆرژواو چینی مام ناوەندی فەرەنسی، کە زۆر بە ڕاشکاویو چالاکانەش خۆی نەخستۆتە نێو کێشەو قەیرانە سەرەکیەکانەوە یان زۆر درەنگتر وەدەنگ هاتووە لەکاتێکدا کێشەکان لە سەرهەڵدانەوە چوونەتە قۆناغی تەشەنەسەندنو سووتانی هەموو لایەك، ئێستا لەکاتێکدا کە فرانسوا بایروو ئەڵێت ئەو ئەیەوێت ببێتە سەرۆکێك کە هەموو فەرەنسیەکان پێکەوە کۆبکاتەوە، ئایا بەم ڕێژە کەمەی دەنگەکانیو بەم ناوەندە داخراوەی بزووتنەوەکەی ئەتوانێت ببێتە

ئەو کاریزمایە کە فەڕەنسییەکان دڵنیاییو باوەڕ لە ژێـر دەسـەڵاتی ئەودا بەدەست بێننەوە؟

ئایا ئەم پرۆژەی ئاشتبوونەوەیە لە فەڕەنسادا نابێتـە سـەرەتای قۆناغێکی نوێ لە مێژوو سیاسەتی ئەم وڵاتەدا ئـەویش بـە وەی بـۆ یەکـەمین جـار بەرەیـەکی ڕاسـتو چـەپ بکەونـە دیـالۆگێکی ڕاستەوخۆی پێکـەوە ژیانـەوەو واز لـە هەنـدێك دۆگماکـانی خۆیـان بێنن لەسەر بنچینەی ڕزگارکردنی فەڕەنساو گێرانەوەی ئابڕووی لە مەترسـی فەزیحەیـەکی سیاسـیو کـەلتوریو شوناسـی تـر؟ وەك ئـەوەی هەنـدێك لـە سیاسـییە عەقڵانیـەکان ئەوانـەی هەسـت بـە بێهودەییو بەردەوامیدان بە ناکۆکیو ململانێی نێو بازنەی داخراوی چەپو ڕاست ئەکەن، داوای بەستنی پەیمانێك لە نێـوان سـیگۆلێنی چەپو بایرووی ڕاستدا ئەکەن وەکو چارەسـەرێکی نـوێ، لەوانـەش بیرنـارد کۆشـنەرو میشـێل رۆکـارو گـەلێکی دی لـە نووسـەرانو ڕۆشـنبیرانی سیاسـەتمەداری تـر بـە ئاشـکرا داوای ئـەو پەیمانـە ئەکەن، کە تائێستا لە خولی یەکـەمی هەڵبژاردنـدا بەدینـەهێنراوە، بەڵام ئەگـەری بـەدیهێنانی لـە خـولی دووەمـدا وەکـو بـەر بەسـتێك لەبەردەم سارکۆزیدا ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو نییە.

دواجار بەدەر لەوەی کە قۆناغی داهاتووی سەرۆکایەتی فەڕەنسا سەختترین قۆناغی ئـەم وڵاتـە ئـەبێت، کـە هـەڵگری نـەك چـەندین،

بــەڵکو هــەموو کێشــە ئــابووری‌و کۆمەڵایــەتی‌و تەندروســتی‌و پەروەردەیی‌و فیکرییەکانە، کە بەبێ چارەسەر ماونەتــەوەو هــەموو لەسـەر ئاسـتی تەقینـەوەدان. ئـەوەی لـەم هەڵبژاردنـەدا لـە هـەمو شتێك زیاتر جێی سەرنجە، ئەوەیە کە خەڵکی فەرەنسا بـە هـەموو پێکهاتەکانیــەوە ئــەمجارە گرنگیــەکی زۆر لــە ڕادەبــەدەر بــەم هەڵبژاردنە ئەدەن‌و هەموو هیواکانی خۆیان پێوەی گرێداوەو بـە وردی سەرنجی ڕەوتی پروپاگانـدەو هەڵمـەتی کاندیـداکان ئـەدەن‌و هـیچ کاتێـك فەرەنسـیەکان ئەوەنـدە خولیـای بەشـداریکردن لـە هەڵبژاردندا نەبوون‌و ئەوەنـدە لـە سیاسـەتەوە نزیـك نـەبوون، وەك چاوەڕوان ئەکرێت، بە پێی ڕاپرسییەکان ئەشێت خـەڵکی فەرەنسـا ئەمجارە بەلێشاوێکی زۆر بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن‌و ئەزموونی ٢٠٠٢ دووبارە نەکەنـەوە کـە زۆرینـەی خـەڵکی فەرەنسـا لـە نێـوان هەڵبــژاردنی ســەرۆکی وڵاتەکــەیان‌و بەســەربردنی ڕۆژێکــی خــۆش لەســـەر کـــەناری دەریـــاو ژێـــر تیشـــکی ڕۆژدا ئـــەوەی دووەمیـــان هەڵبــژاردو بــەو جــۆرەش لایــەنگرانی لــوپێن‌و بــەرەی ڕاسیســت جەنگەکــەیان بــردەوەو خــەڵکی فەرەنســاش لەبــەردەم دنیــادا شــەرمەزاربوون لــەو ڕۆژە مێژووییــە. بۆیــە ئێســتا فەرەنســیەکان خۆیان هەست بە جۆرێك لە لێپرسـراوێتی‌و هەسـت بـەتاوانکردن لـە ڕۆژی شــەرمی ٢٢ی نیســانی ٢٠٠٢ ئەکــەن بــەهۆی کەمتەرخــەمی‌و

گوێنەدانیان بە سیاسەت، بەڵام ئێستا قەناعەتیان بەوە هێناوە کە چارەنووسیان بەو گەمە سیاسیەوە گرێدراوەو جارێکی تر ناخوازن شەرمەندە بن‌و خۆیان لە ئاستەنگدا ببیننەوە کە دواتر بڕیاری بێهودانە بدەن. خەڵکی فەڕەنسا چاوەڕوانی هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێیان ئەکەن، سەرۆکێك کۆکەرەوەی هەموویان بێت، بەڵام ئەمجارە خۆیان بە بەرپرسیار ئەزانن لە هەڵبژاردن‌و دیاریکردنی ئەو سەرۆکەدا، چونکە بۆ ئەوان گەمەکە تەنها گەمەی هەڵبژاردن‌و ناکۆکی نێوان چەند کاندیدایەك نیە، بەڵکو ئەوان هەست ئەکەن کە ئێستا کاغەزی دەنگدانەکان ئەبنە هەڵگری وەڵامێك بۆ فەڕەنسا کە لە قەیراندایە، وەڵامێك بۆ فەڕەنسا کە هەڵگری شوناسیەتی چ بۆ خەڵکی فەڕەنساو چ بەرامبەر دەرەوە.

## پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لە فەرەنسا

فەرەنسا ئێستا لە گەرمەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی وڵاتەکەدا ئەژی، کە بەڕەسمی ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/٢٢ بەرێوە ئەچێتو بە بێ هیچ سەرسوڕمانو ڕووداوی کتو پڕ چاوەڕوانیی ئەوە ئەکرێت کە پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بە دوو خول تەواو بێتو تەنها لەخولی دووەمدا فەرەنسیەکان بتوانن سەرۆکی وڵاتەکە هەڵبژێرن، کە ئەبێت لە نیوەی زیاتری دەنگی دەنگدەران بەدەست بێنێت. هەروەها پاش ماوەیەکی تر لەوە بە چەند هەفتەیەك هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی فەرەنسا دەست پێ ئەکات، کە فەرەنسییەکان تیایدا ئەندامانی دەسەڵاتی یاسادانان هەڵئەبژێرنو بەو پێیەش ئەو حیزبو لایەنەی یان ئەو هاوپەیمانێتیەی چەند لایەنێك کە زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان بەدەستدێنن، ئەوان مافی پێکهێنانی حکومەتیان ئەبێتو بەو پێیەش هەردوو دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێکردن ئەگرنە دەست.

هەرچەندە فەرەنسا خاوەنی کەلتورێکی شۆڕشگێڕیی دێرینە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای شۆڕشی فەرەنسی لەساڵی ١٧٨٩، کەتیایدا نوێنەرانی گەلی فەرەنسا لە چینەکانی خوارەوە لە ڕێگەی کۆمەڵێك خۆنیشاندانو کردەو هەڵمەتی شۆڕشگێرانەوە، کە بەدەر

نـەبوو لـە کـاری توندوتیـژیو ڕووداوی خوێنـاوی، کۆتاییـان بـە دەسەڵاتو حوکمی پاشایەتی هێنـاو یەکـەمین بنـەماکانی کۆمـاری فەرەنسایان داڕشت کە بریتیە لە ئازادی، یەکسانی، برایـەتیو بـەو شـێوەیە گـەلیان کـردە سەرچـاوەی دەسـەڵاتەکان، بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشـدا بەشـداریی ڕاسـتەقینەی گـەلی فەرەنسـا بەشـێوەی ڕاستەوخۆی لە دیاریکردنی نوێنەرانو دەسەڵاتدارانو ئەو کەسانەی حـوکمی وڵات ئەکـەنو نوێنەرایـەتی هـەموو چـینو بـاڵو بـیرورا جیاوازەکانی گەل ئەکەن ئەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٦٢ کـە بـەپێی مـادەی ٦و٧و بڕگـەی ٥٨ی دەسـتوری فەرەنسـا لـە سـەردەمی پێنجـەمین قۆنـاغی کۆمـاری فەرەنسـا بڕیـار درا کـە هەڵبـژاردنی سەرۆك کۆماری فەرەنسا بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی دەنگدانی گشتیو نهێنیەوە لە لایەن هاوڵاتیانەوە بێتە ئەنجام، ئەم گۆڕانەش هـەموو بەشـەکانی تـری نوێنەرایـەتی گـەلی فەرەنسـای گرتـەوە لەسەروو هەموویانەوە ئەندامانی پەرلەمان.

تاوەکو پێش ئەو ساڵەو ئەوگۆڕانکارییە دەستورییە هەڵبـژاردنی سـەرۆکی فەرەنسـا بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەخۆ بـەڕێوە ئەچـوو، ئەویش بەشێوازێك کە هەموو گەلی فەرەنسا وەکـو تاکەکـەس مـافی بەشداریکردنیان لەو دیاریکردنـەی سـەرۆکدا نـەبوو، واتـە سـەرۆکی وڵات بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی توێژێکی نوخبەی گەلەوە

دیاری ئەکرا، کە ژمارەیان نزیکەی ٨٠ هەزار کەس ئەبوو، کە ئەوانیش بریتیبوون لە ئەندامانی پەرلەمان، ئەنجومەنی گشتی ناوچە جیاجیاکانی فەرەنسا، ئەنجومەنی شارو شارەوانیەکان، ئەنجومەنی دەستوری. بەڵام لەساڵی ١٩٦٢دا پاش ئەوەی کە جەنێرال شارل دیگۆل لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمەوە سەرۆکایەتی کۆماری فەرەنسای گرتە دەست وەکو شەرعیەتێکی شۆڕشگێڕیو ڕابەری بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری دژی داگیرکردنی ئەڵمانیای نازی بۆ فەرەنساو یەکێك لە سەرکردەکانی بەرەی هاوپەیمان لە جەنگدا، کە ماوەی سەرۆکایەتیەکەی بەو شێوە درێژخایەنە بیروڕاو ناڕەزایی لای ئۆپۆزیسیۆنو چەپی فەرەنسا زیاد کردبوو بەوەی جۆرە جەدەلێکی خولقاند بەوەی کە ئایا فەرەنسای خاوەن تەقلیدی دیموکراسی بەو شێوەیە بەرەو سیستەمێکی تۆتالیتاری هەنگاو نانێت؟ بۆیە شارل دیگۆل پێشنیاری ئەو گۆڕانکارییە دەستوریەی کردو داوای ئەنجامدانی ڕاپرسیەکی گشتی کرد لە ناو گەلی فەرەنسادا بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە ئیدی هەڵبژاردنی سەرۆکی فەرەنسا بکرێتە شێوازی ڕاستەوخۆی گشتی لە لایەن هەموو گەلی فەرەنساوە، ئەمەش لە دەستوردا بچەسپێنرێت، سەرەنجام گەلی فەرەنسا بەزۆرینەی هەرە زۆری دەنگ بڕیاریان لەسەر ئەو پێشنیارەداو بەو شێوەیە لە

نیسانی ساڵی ١٩٦٥دا یەکەمین هەڵبژاردنی سەربەخۆی سەرۆکی فەرەنسا هاتە ئەنجامو لەو هەڵبژاردنەدا شار دیگۆل تەنها ٤٤٪ ی دەنگەکانی بەدەست هێنا بۆیە بڕیاری خولی دووەم درا، ئیتر لەو ساتەوە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە فەرەنسا بەدووخول کۆتایی دێت، کە ئەمەش فەرز کراو نییە، بەڵکو قۆناغێکی ناچاریە چونکە سروشتی کاندیداکانو هێزە سیاسیەکانی فەرەنسا کە بەشداری هەڵبژاردن ئەکەن بە شێوەیەکە کە هیچ کاندیدایەك تاوەکو ئێستا لە مێژووی فەرەنسادا ئەو قورساییە سیاسیەو ئەو ئاستە جەماوەریەی نیە کە بەتەنها بتوانێت لە دەورەی یەکەمی هەڵبژاردندا سەرکەوتن بەدەست بێنێت، بۆیە بەناچاری خولی دووەم دەست پێ ئەکرێتەوە، کە تیایدا هاوپەیمانێتی لە نێوان هەندێك کاندیدا پێکدێت بۆ پشتگرتنی کاندیدایەك تاوەکو لە نیوەی زیاتری دەنگەکان بەدەست بێنێت، ئەمەش ئەو تایبەتمەندێتیەی تری هەڵبژاردنەکانی فەرەنسا دەر ئەخات، کە کێبڕکێو ململانێکەی خستۆتە نێوان بەرەی چەپو ڕاستەوە. بەرەی چەپ کە بەگشتی هەموو هێزە سۆشیالیستو کۆمۆنیستو چەپی ڕادیکاڵو سەوزەکان ئەگرێتە خۆی لە بەرامبەر بەرەی ڕاست کە هێزە لیبرالخوازو ناسیۆنالیستو ناوەندخوازیو هێزە موحافیزکارەکان لەخۆئەگرێت.

ئـەم سروشـتی ململانێیـەو پاشـان پێکهێنـانی هاوپـەیمانێتی لـە نێوان هێزە جیاوازەکانـدا دەرئـەنجامی وەڵامدانـەوەی مەرجـەکانی هەڵبژاردنـە لـە فەرەنسـادا کـە هێزەکـان وا لـیٚ ئـەکات شـێوازی بەرەیی‌و هاوپەیمانی بگرنەبـەر بـۆ گەیشـتن بـە دەسـەڵات، چـونکە هیچ هێزێـك بـە تـەنیا ناتوانێـت شـەرعییەتی وەرگـرتنی دەسـەڵات بەدەست بێنێت، کەواتە چین ئەو بنەمایانەی شەرعیەتی دەسـەڵات دیاری ئەکەن؟

ئەو بنەمایانە بە پێی دەستور بـریتین لـە: هـەموو تاکەکەسـێکی فەرەنسـی کـە خـاوەنی ڕەگەزنامـەی فەرەنسـا بێـت، بـۆی هەیـە بەشــێوەی ســەربەخۆ یــان بــە نوێنەرایــەتی هــەر ڕێکخــراوو پێکهاتەیــەکی سیاســی‌و کۆمەڵایــەتی بێــت خــۆی بپاڵێوێـت بـۆ سەرۆکایەتی فەرەنسا بە کۆمەڵێك مەرج لەوانە کـە مـاف ئەهلیـەتی یاسـایی هــەبێت‌و مافــە مەدەنیــەکانی بــە پێــی یاســا لــیٚ زەوت نەکرابێت‌و تەمەنی لە ٢٣ ساڵ بـەرەو ژوور بێـت، بـەڵام لـە سـەروو ئەمانــەوە دوو مــەرجی ســەرەکی هەیــە بــۆ هەڵبــژاردن، مــەرجی یەکـەمیان ئەوەیـە کـە ئـەبێت هـەر کاندیدایـەك بۆئـەوەی مـاف خۆهەڵبژاردنی هـەبێت بـۆ سـەرۆکایەتی ئیمـزای ٥٠٠ لـە نوێنـەرانی هەڵبـژێردراوی گـەل کۆبکاتـەوە، کـە پشـتگیری خۆهەڵبژاردنەکـەی بکەن، ئەو نوێنەرانەش بریتین لە ئەندامانی پەرلەمان، ئەنجومـەتی

سـيناتۆرەكان، سـەرۆك شـارەوانييەكان، ئەنـدامانى ئەنجومـەنى گشتى شارو شارەوانيەكان... هتـد، ئەمـەش مـەرجێكى سـەرەكىو هۆيـــەكى ڕاستەوخۆشـــە كەسروشـــتى نـــاكۆكىو هێـــزە بەيەكداچـووەكانى فەڕەنسـا دەرئـەخات، كـە بـەو هۆيـەوە هـەموو كەسێك ناتوانێت كۆكردنەوەى ئەو ٥٠٠ ئيمزايـە بـۆ خـۆى مسـۆگەر بكات، مەرجى دووەم ئەوەيە كە پێويستە كانديدا بۆ ئـەوەى ببێتـە سەرۆكى فەڕەنسا، زياتر لـە نيـوەى ڕێـژەى دەنگـدەران بەدەسـت بێنێـت، واتـە زيـاد لـە ٪ ٥٠ى دەنگـەكان، ئـيتر ئـەم مەرجەيـە كـە شـێوازى سيسـتەمە سياسـيەكەى فەڕەنسـاى تـا ئـەم سـاتە بـە شێوەيەكى تەقليدى لە نێوان چەپو ڕاستدا ديارى كردووە.

هـەموو شـێوەى هەڵبژاردنـەكان لـە فەڕەنسـا بـە پرۆسـەيەكى ديموكراسـى ياسـايىو شـەفاف دێتـە ئـەنجام هـەر لـە هەڵبـژاردنى سـەرۆكايەتييەوە تـاوەكو پەرلـەمانو دەسـگاو پێكهاتـەكانى تـرى فەڕەنسـا. شـێوازى دەنگـدان بەشـێوەى دەنگـدانى ڕاسـتەوخۆى نهێنى ئەنجام ئەدرێت، كە كەسى دەنگدەر بريتيە لەو كەسـەى كـە هەڵگرى ڕەگەزنامەى فەڕەنسيەو تەمەنى لە ١٨ ساڵ بەرەو ژوورەو دەبێــت كــارتى هەڵبــژاردنى هــەبێت، واتــە نــاوى لــەناو ليســتى دەنگدەران لە شوێنى نيشتەجێبوونى خۆى نووسرابێت، مەسـەلەى ڕێكخستنى هەڵبژاردنەكانو چۆنێتى بـەڕێوەبردنو دوورخسـتنەوەى

لــە هــەموو کێشــەو فێڵــی هەڵبــژاردنو دەســتێوەردان لەلایەکــەوە لەلایــەن وەزارەتــی نــاوخۆی فەڕەنســاوە بــەڕێوە ئــەبرێت، کــە لەهەمانکاتدا ئـەم وەزارەتـە بەرپرسـیارە لـە ئامـادەکردنی لیسـتی ئــەحوالی مــەدەنیو شەخســی هاووڵاتیــانو ڕێکخســتنی لیســتی هەڵبژێرەرانو پێدانی کارتی دەنگدان، هــەروەها فەرمانبــەرانی ئـەم وەزارەتە کەبریتین لە فەرمانبەرانی دایـەرەی شـارەوانیەکان، کـارو چاودێری پرۆسەی هەڵبژاردنەکان ئەکەنو هەڵبژاردنەکانیش هەر لە بینــای شــارەوانیەکاندا ئــەنجام ئــەدرێت، ئــەو شـێوازە لــە ڕووی مێژووییەوە تا ئێستاو بە هۆی تەکنیکی نـوێو بەمەرکەزیـەتکردنی زانیاری لەسەر شوناسی کەسانو هۆکاری نوێ وەکو کۆمپیوتەر تـا ئێســتا پەرەیســەندووە، کــە ئــیتر بــواری بــۆ فێــڵو تــەزویرو دەستتێوەردان نەهێشتۆتەوە. لەلایەکی ترەوە ئەو دەسگایەی کـە شــەرعیەتو یاســاییبوونی هەڵبژاردنــەکانو دووری لــە خــەوشو ناشەفافیەت دیاری ئەکات، بریتیە لە: ئەنجومەنی دەسـتوری وڵات، کـە ئـەبێت هـەموو کاندیـداکان داوانامـەی خۆهەڵبـژاردنیان لەگـەڵ کۆکردنەوەی ٥٠٠ ئیمزای پشتگیری بخەنە بەردەم ئەم ئەنجومەنـە، کە پاشان بڕیار لـە ڕەوایـی داواکـەیان ئـەداتو بـەو شـێوەیە نـاوی کاندیاکان بۆ هەڵبژاردن بە شێوەیەکی ڕەسمی بڵاو ئەکاتەوە. ئـیتر لــەو ســاتەوە هــەموو کاندیــداکان قــەبارەو ئاســتی سیاســیو

جـەماوەريان چـەند بێـت، بـەڵام هـەموويان لـەمافو ئەركـەكانى هەڵبژاردندا يەكسان ئەبن. ئەم ئەنجومەنە مافى ئـەوەى هەيـە بڕيـار بدا پرۆسەى هەڵبژاردنەكان بە شێوەيەكى ياسايىو شەرعى بەڕێوە ئەچن يان نەخێر، توانای سـەندنەوەى مـافى لـە كانديـداكان هەيـەو پاشـان كۆتـايى پرۆسـەى هەڵبژاردنەكـە بـە شـێوەيەكى ياسـايى ئەخاتە ڕوو.

هەموو كانديداكان جگـە لـەوەى خۆيـان هـەوڵو توانـاى خۆيـانو ڕێكخراوەكەيان ئەخەنە گەڕ بۆ هەڵمەتى هەڵبـژاردنو كۆكردنـەوەى خـەڵك لـە خۆيـان بـە شـێوازى جيـاواز هـەر لـە كـۆڕو كۆبوونـەوە ڕێكخســـتنو ســـەردانى جـــەماوەرو شـــوێنە پيشـــەييەكانو بەسەركردنەوەى دەنگدەران تا ئەگاتە بەكارهێنانى هۆكارى نوێ لە پروپاگەندە وەكو كردنەوەى سايتى ئەنتەرنێت، بـۆ ڕوونكردنـەوەى پرۆگرامى خۆيان بۆ خەڵك، بەڵام بەپێى ياساى هەڵبژاردنو بڕيـارى ئەنجومەنى دەستورى هەڵمەتى ڕەسمى هەڵبـژاردن مـاوەى دوانـزە ڕۆژ دەست پێ ئەكات پێش ڕۆژى دەنگدانو لـەو ماوەيـەدا هـەموو كانديداكان لەسەر تەلەفزيۆنى حكومىو ڕاديۆ يەك كاتى يەكسانيان هەيە بۆ پشتگيريكردن لە پرۆگرامەكەى خۆيانو هاندانى خـەڵك بـۆ ئەوەى دەنگيان بۆ بدەن.

سـەبارەت بـە هاوکـاریکردنی مـاددی لـە لایـەن دەوڵەتـەوە بـۆ حیـزبو ڕێکخراوەکـانو کاندیداکـەیان بـۆ هەڵبـژاردن، بێگومـان دەوڵـەت بەشـێکی تێچـوونی هەڵمـەتی هەڵبژاردنـەکان ئەخاتـە ئەستۆی خۆی لەڕێگەی دەسگایەك، کە پێی ئەووترێت ئەنجومـەنی نیشتمانی بۆ دارایی هەڵمـەتی هەڵبـژاردنو کۆمـەکی سیاسـی، ئـەم دەسگایە پاش کۆتاییهێنان بە هەڵبژاردنەکان بە پێی ئەو ڕێژەیـەی کە حیزبو کاندیداکان بە دەستیانهێناوە، بەشێکی تێچوونی ماددی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان ئەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو کاندیداو لایەنانە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش پلاتفۆرمێـك هەیـە، کـە بریتیـە لـەوەی لـە ٪٥ تێچوونەکانەوە دەست پـێ ئـەکات تـاوەکو ٪٥٠. بێگومـان ئـەبێت کاندیـدا هـیچ نـەبێت ڕێـژەی لـە٪٥ی دەنگـەکان بـە دەسـتبێنێت تاوەکو ئـەو دەسـگایە بەشـێك لـە تێچـوونەکانی بـۆ بگەڕێنێتـەوە. بەدەر لەمە هەموو کاندیداو ڕێکخراوە سیاسـیەکان بۆیـان هەیـە بـە شێوەی یاسایی کۆمەك لە خەڵك وەربگرن، کـە ئەمـەش ئـەبێت بـە شـێوەیەکی شـەفاف بێـتو تیایـدا پێکهاتـەو دەسـگای مـەزنی ئـابووریو دارایـی لـە دەسـتێوەردان بـەدوور بـن بـە مەبەسـتی پشـتگیریکردنی کاندیدایـەکی دیـاریکراو دژی ئـەوانی تـر، هـەروەها هیچ یـەکێك لـە کاندیـداکان نابێـت پلـەو پایـەی خـۆی لەدەوڵەتـدا، ئەگەر هـەیبێت، بـەکاربێنێت بـۆ هەڵمـەتی هەڵبـژاردن بـۆ خزمـەتی

خـۆی بـەو پێیـەش بـۆی نییـە سـامانی دەوڵـەت بخاتـە گـەڕ بـۆ پرۆپاگەندەکردن بۆ خۆیی‌و لایەنەکـەی. هـەروەها هـەموو کاندیـداو حیــزبێکیش ئــەتوانێت بودجەیــەکی خــۆی تــەرخان بکــات بــۆ هەڵمەتەکەی، کەئەمەش ئەبێت سەرچـاوەکەی ئاشـکرا بێـت‌و دوور بێــت لــە شــوبهەو بــەکارهێنانی ســامانی لابــەلایی بـۆ گەیشــتن بەدەسەڵات.

بێگومـــان بـــە شـــێوەیەکی گشـــتی ڕێکخـــراوە دیمـــوکراتی‌و پیشەییەکان‌و ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە فەڕەنسا ڕێکخـراوی بـێ لایەنن وەکو دەسگاو پێکهاتە، بەڵام ئەمـە ڕێگـە لـەوە ناگرێـت کـە ئەنــدامانی ئــەم ڕێکخراوانــە بــیرو بــاوەڕی سیاســییان هــەبێت‌و هاوسۆزیان بۆ یەکێك لە کاندیداکان هەبێت. بـەڵکو کـاری سـەرەکی ئەم ڕێکخراونـە بـەرگری‌و تەعبیرکردنـە لـە خواسـت‌و بـیرو بـاوەڕی توێـژە جیاوازەکـانی گـەل هەریەکـە بـەپێی بـواری پیشـەیی یـان فیکریـان. بۆیــە لایــەنگیریان بــۆ ئاســتێکی سیاســی ناســراو لــە کۆمەڵگەی مەدەنیان دائەبڕێت‌و ئەیانکاتـە پاشـکۆیەکی سیسـتەمە سیاسـیەکە، بۆیـە هـیچ کاتێـك لـە هەڵمەتـەکانی هەڵبژاردنـدا ئـەم ڕێکخراوانـە پشـتگیری خۆیـان بـۆ هێـزو لایـەنێك دەرنـابڕن‌و بـەڵکو دووپـاتی بێلایـەنی خۆیـان ئەکەنـەوە. بـەڵام لەهەمانکاتـدا هـەموو حیــزب‌و لایەنــە سیاســیەکان لــە گرنگــی‌و قورســایی ڕێکخــراوە

دیموکراتیو پیشەییەکان تێئەگەن، بۆیە لە پێکهاتەی حیزبی خۆیاندا کۆمەڵێکی جیاواز لەو ڕێکخراوانەیان پێکهێناوە، بۆنموونە وەکو لاوانی سۆشیالیست، کە بەشێکە لە پارتی سۆشیالیستی فەڕەنسا، یان بزووتنەوەی لاوانی یو ئێم پیٚ، کە بەشێکە لە حیزبی یەکگرتن بۆ بزووتنەوەیەکی میللی، کە نیکۆلا سارکۆزی کاندیدا سەرۆکیەتی.

هەرچەندە هێشتا سیاسەت شێوەیەك لە باوکسالاریی پێوە دیارە، واتە تەنانەت لە وڵاتێکی دیموکراسی وەکو فەڕەنساشدا هێشتا ڕێژەی ژنان لە چالاکی سیاسیدا لەچاو پیاواندا زۆر کەمترە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ژنان لەو پرۆسانەدا پشتگویٚ خراون، ئەوەی گرنگە، ژن بە تەواوی ئازادیی خۆیەوە لەهەموو مافو ئەرکەکانی هاونیشتمانیدا بەشدارەو بەو پێیەش مافی دەنگدانو خۆهەڵبژاردنی هەیە، ئێستا بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی فەڕەنسا بۆ ساڵی ٢٠٠٧ دوانزە کاندیدا هەیە، کە لەوانە چواریان ژنن. مەسەلەی سەپاندنی هەموو مافەکانی ژنیش لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

بەگشتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانو ئەو خاڵە سەرەکییانەی کە لە پرۆسەی هەلبژاردنەکاندا کاندیداکان ڕووبەڕووی یەکتر ئەکاتەوە، ئەو مەسەلە ژیانیانەن، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی

خەڵکەوە هەیە لەوانەش، مەسەلەی کارو چۆنێتی نەهێشتنی بێکاریو زیادکردنی موچەو باری گوزەرانی خەڵك، هەروەها ئەمنو ئاساییشی ڕۆژانەو نەهێشتنی توندوتیژی، پاشان پەروەردەو خوێندنو چاککردنی سیستەمی پەروەردە لە خوێندنگاو زانکۆکاندا، پاشان مەسەلەی تەندروستیو بیمەی تەندروستیو سۆشیال، تا ئەگاتە چۆنێتی ڕووبەڕووبونەوەی جیهانگەریو پاراستنی شوێنی فەرەنسا وەکو وڵاتێکی گرنگ لە ناو یەکێتیو کۆمەڵگەی ئەوروپیداو پاشەڕۆژی لە ئەوروپاو جیهاندا.

بێگومان پاش کۆتاییهێنان بە هەڵمەتی هەڵبژاردن پرۆسەی دەنگدان بە شێوەیەکی یاساییو هێمنانە بەڕێوە ئەچێت، چونکە وەك ئاماژەم پێ کرد، ئەو کارە بە هۆی تەکنیکی نوێو بەدەسگاییبوونی دەوڵەتەوە چارەسەر کراوەو پاشان بە تازەترین شێوازی تەکنیکی هەمان ڕۆژ ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئاشکرا ئەبێتو لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە، بە تایبەتی وەزیری ناوخۆوە، بە شێوەیەکی ڕەسمی بڵاو ئەکرێتەوە.

## فەڕەنسا، ریفراندۆمو رۆژێکی تری شەرم لە مێژوویدا

رۆژی ٢١ی نیسانی ٢٠٠٢ بە رۆژی شەرمی فەڕەنسا دانرا لە مێژووی سیاسیو کەلتوری ئەو میللەتەدا، کاتێك لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا بۆ یەکەم جار جان ماری لوپێنی رەگەزپەرست لە خولی یەکەمدا لەبەرامبەر شیراکدا وەستایەوەو کەوتە پێش لیۆنێل جۆسپانی سۆشیالیستەوە. ئەمە یەکەمین ناکۆکیو نابەرابەری فەڕەنسا بوو لە ئاست کەلتوری ئینسانگەرایی خۆیدا.

رۆژی ٢٩ ی مایسی ٢٠٠٥ یش رۆژێکی تری شەرمە بۆ ئەم وڵاتە. خەڵکی فەڕەنسا بە زۆرینەی دەنگ لە ریفراندۆمێکدا سەبارەت بە پرۆژەی دەستوری یەکێتی ئەوروپا ئەو پرۆژەیەیان رەت کردەوەو بە نەخێر رووبەرووی وەستانەوە.

٢٩ی مایسی ٢٠٠٥ فەڕەنسا رۆژێکی نوێی کارەساتاویو پڕ قەیرانی لە مێژووی سیاسی خۆیدا تۆمار کرد، رۆژێك کە جگە لە کاردانەوە ناوخۆییەکانی بۆ سەر سەرجەم گەلی فەڕەنسا، کاردانەوەی سەختی بۆ سەر ئاییندەی ئەوروپاش دەبێت. گەلی فەڕەنسی کە خاوەنی مێژووییەکی ئاڵۆزو هەمیشە خولانەوەیە لە بازنەیەکی پڕ کێشەو ئاژاوەو لە جەمسەری دژوەستاندا تەنانەت لەبەرامبەر بەها شۆڕشگێڕیو ئینسانیو خاوەن رەهەندە دنیاییەکانی خۆشیدا کە لەسەرو هەموویانەوە بانگەوازی ماف مرۆڤو

یەکسانیو برایەتییە، بەشێوەیەك ئەگەر سەیری رەوتی سیاسی کۆمەڵگەی فەرەنسی بکرێت ئەو تێروانینە بە راست دەکەوێتەوە، کە فەرەنسا هێشتا کۆیلەی خۆدووبارەکردنەوەی ئەزمونی ئانارشیستیو ئەزموونی ساڵەکانی شەستو هەشتە، کە لە پشتی ئەو هەڵچوونە شۆرشگێڕانەی خۆیەوە پێش ئەوەی بۆ ئایندەی خۆی بگەڕێت، بەرەو رووی بیٚ شوناسی خۆی دەبێتەوە. لەلایەکی ترەوە فەرەنسییەکان بە رەتکردنەوەیان بۆ پرۆژەی دەستوری یەکێتی ئەوروپا قەیرانی بێشوناسیو لێکداپچرانی ئەوروپاشیان راگەیاند، کە چەندین ساڵە لەم پێکدادانو بەیەکداچوونەی ئاستو جەمسەرو فەلسەفەو جیهانبینییە سیاسەکاندا بۆ شوناسێکی یەکدیگیری خۆی دەگەڕێت کە هیچ نەبێت ئەمجارە لە پرۆژەی دەستوری یەکێتی ئەوروپادا خۆی دەبینیەوە. بەڵام فەرەنسییەکان کە لە رۆسۆو بلانکیو سان سیمۆنو رۆبسپێرەوە تا دیگۆلو میتێرانو شیراك خەونی ئەو شوناسە ئەوروپییەیان دەبینی بە بەها ئینسانییەکانی فەرەنساوە، ئەم جارە خەونی ئەوروپاشیان زیندەبەچاڵ کرد، کە نازانرێت تاوەکو چەندین ساڵی تر دەبێت ئەوروپا لەناو کێشەو ململانێکانی دنیادا بەو داپچڕاوییەوە بەدوای شوناسێکی ئەوروپیدا وێل بێت.

خـەڵکی فەڕەنسـا بـە رێـژەی زیـاد لـە ٪٥٥ پـرۆژەی دەسـتوری ئەوروپایان رەتکـردەوە، بێگومـان ئـەم رەتکردنەوەیـەش دەرگـای کـارکردن بـەو پرۆژەیـە دادەخـاتو بوارێـك لـە بـەردەم پێکهێنـانی ئەوروپایـەکی بـەهێز لـە ئاسـتی سیاسـیو ئـابووریو کۆمەڵایـەتیو کەلتوریـدا لـە بـەردەم جەمسـەرەکانی دیکـەی دنیـادا ناکاتـەوە. چونکە پرۆژەکە کاری پێ ناکرێتو ئیدی لەمەودوا دەبێـت ئـەوروپا بگەڕێتەوە بۆ دواهەمین رێککەوتن، کە ئەویش رێککەوتنی (نیس)ی پێ دەوترێتو ئەو خەونی یەکێتییـەی ئـەوروپا بەرجەسـتە ناکـات، کـە وەکـو پێکهاتــەو جەمســەرێکی یــەکگرتوو لەبەرامبــەر هێــزو جەمسەرەکانی دی دنیادا رای بگرێت. بەداخیشـەوە رەتکردنـەوەی یەکەم لەلایەن خەڵکی وڵاتێکەوە راگەیەندرا، فەڕەنسا کە خـۆی لـە دامەزرێنەرانی یەکێتی ئەوروپایەو لە ساڵی ١٩٥٧دا کە تەنها شەش وڵات ئەو بیرۆکەیەیان بەرجەستە کرد، ئێستا یەکێتی ئەوروپا بۆتـە بیستو پێنج وڵاتو لەناویاندا لەمەودوا فەڕەنسـا پـەراوێزکراوترینو شــەرمەندەترین وڵاتــی نــاو ئــەو پێکهاتەیــە دەبێــت، کــە خــەونی فەڕەنسا هەمیشە ئەوەبووە لەناو جەمسەرەکانی دنیـادا پێشـەنگی جەمســەری ئــەوروپی بکـات. بـەڵام لەمــەودوا فەڕەنسـا دەکەوێتـە حاڵەتێکەوە وەکو ساڵەکانی شەست کە خاوەنی کورسییەکی بەتال بێت لـەناو ئـەو رێکخـراوە نێودەوڵەتییـەی دنیـادا، چـونکە خـودی

فەڕەنسا پرەنسیپەکانی یەکێتی ئەورووپای ڕەتکردەوەو ئەو پرۆژەیەی بە زیندوویی لەناوبرد. ئیدی ئێستا شەرعیەتی شوێنی پێشەنگیو رابەرایەتی فەڕەنسا لە رێکخراوەکەدا بۆتە جێی پرسیارو ئیدی لەو ئاستەدا نابێت کە لەدارشتنی ستراتتیژو سیساسەتی دەرەوەییو تەنانەت سیاسەتی ئابووریو کۆمەڵایەتی ئەورووپاشدا دەنگێکی گوێلێگیراو بێت. تەنانەت شوێنی ئەویش وەکو زلهێزێکی دنیا لەناو نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەبێتە جێی پرسیار.

ئەم رەتکردنەوەیە مەترسییەکی راستەقینەی خستۆتە سەر تەوەرەی فرانکۆ–ئەڵمان لە داهاتووی یەکێتی ئەورووپادا کە تا ئێستا وەکو تاکەهێزی دینامیکی ناو یەکێتی ئەورووپا سەیر دەکرا. بۆیە فەڕەنسیەکان قەیرانێکی سیاسی سەختیان بۆ خۆیانو بۆ ئەورووپاشو بۆ هاوپەیمانەکانیشان خولقاند، کە تەنها دەکرێت لە پێناسەیەکی ئاساندا چڕ بکرێتەوە، ئەویش قەیرانی شوناسە. واتە ئێستا فەڕەنسا لەهەموو کات زیاتر تەنانەت لەو رۆژانەی شۆڕشی فەڕەنسیش زیاتر کە مەقسەلەکان سەری برا شۆڕشگێڕە دوژمنەکانی بەیەکتر دەگەیاند، لە قەیرانی بێشوناسیدا دەژی.

کێ بەرپسیاری ئەم قەیرانەیە؟ چونکە ئەوەی لەناو ئەم کۆمەڵگەیەدا روو ئەدات تراژی–کۆمیدیایەکی سەیرە، بە رادەیەك

کە پێدەچێت فەڕەنسییەکان لەناویەکتریدا نامۆ بن بەیەکو لە یەکتری تێنەگەن. ئایا فەڕەنسییەکان کە خاوەنی کەلتوری بەها ئینسانیەکانن‌و بانگەشەی دنیایەکی پڕ لە عەدالەتی کۆمەڵایەتی‌و یەکسانی ئابووری‌و ئازادییەکان دەکەن، ناخوازن لە ئەوروپایەکی یەکگرتووی ئینسانیدا بژین ؟ پرۆژەی دەستوورێکی ئەورووپیان ڕەتکردەوە، کە تا ئێستا پوختەترین‌و دەوڵەمەندترین پرۆژەی ئەوروپای یەکگرتووی ئاییندەیە، کە لە هەموو ڕێککەوتنەکانی تری پێشوو هەمەلایەنترو جیهانیترو ئینسانیترە، هەر هیچ نەبێت ئەو کەسەی کە سەرۆکی لیژنەی داڕشتن‌و نووسینەوەی ئەم پرۆژەیەبوو، کە چەندین لێپرسراوی سیاسی‌و پسپۆر دایانڕشتووە، کەسێکی فەڕەنسییە، کە ئەویش جیسکار دیستانی سەرۆکی پێشووی فەڕەنسایەو هەمیشە ئەوەش دووبارە کراوەتەوە کە لەم پرۆژەیەیدا هەموو بەهاو پرەنسیپ‌و ترادیسۆنەکانی فەڕەنسا دەنگ ئەداتەوە؟ کەواتە ئاخۆ گەلی فەڕەنسا دژ بە بەها ئینسانییە پیرۆزەکانی خۆیان دەوەستنەوە یان خۆشیان نازانن بەرەو کوێ دەچن‌و چی دەخوازن؟

دوو ڕێگا هەیە بۆ پەسەندکردن‌و دەنگدان لەسەر دەستوری ئەوروپا، یەکەمیان لە ڕێگای پەرلەمانی وڵاتە ئەندامەکانەوە وەکو نوێنەرانی میللەت، دووەمیان ڕێگای دەنگدانی گشتییە لەناو

خەڵکدا. جاك شیراکی سەرۆکی فەرەنسا ڕێگای دووەمیانی هەڵبژارد کە بەڕای سیاسەتمەدارانو شیکەرەوە سیاسیەکان هەڵبژاردنێکی گێلانەو تێنەگەیشتن بوو لەو هەوو کێشەو ئاڵۆزیەی ناو فەرەنسا. چونکە فەرەنسا دەیتوانی خۆی لەم قەیرانە دەرباز کات بە هەڵبژاردنی ڕێگای یەکەم. هەر لە پێش بڕیاری ریفراندۆمدا پەرلەمانی فەرەنسا بە هەردوو بەشەکەیەوە لە ئەنجومەنی نیشتمانیو سینات، وەکو تاقیکردنەوەیەك بۆ دەنگدان ٧٣٠ ئەندام پرۆژەکەیان پەسەندکرد لەبەرامبەر تەنها ٦٦ ئەندامدا، کە دژی وەستانەوە. بەڵام بەردەوام راپرسیەکان ئەوەیان نیشان ئەدا، کە لەناو شەقامی فەرەنسیو لەناو خەڵکدا زۆرینە ئەو پرۆژەیە رەت دەکەنەوە. کەواتە لێرەوە رەگو ریشەی لێکتێنەگەیشتنو جیاوازی گوتار لە نێوان نوێنەرانی گەلی فەرەنسیو سیاسەتمەدارانو دەسەڵاتو خەڵکیدا دەرکەوت. جیاوازی تێڕوانینێك بەو جۆرەی کە خەڵکی فەرەنساو رابەرەکانیان هەمان تێگەیشتنیان بۆ دنیاو هەمان جەمسەری بەرژەوەندیان نییە لەناو کێشەکانی دنیادا بەتایبەتی سەبارەت بە شوێنی فەرەنسا لە ئەورووپاو لەسەر نەخشەی جیۆ ستراتیژی جیهاندا.

بێگومان رەتکردنەوەی پرۆژەکە ئێستا لە پاڵ قەیرانی شوناسیی فەرەنسادا کۆمەڵێك کێشەی تەقاندۆتەوە. لە سەروو هەموویانەوە

ئێستا دەسەڵاتو نوێنەرانی دەسەڵات، بۆ نموونە سەرۆکی وڵاتو حکومەتو پەرلەمان دەزگایەکی شەرمنن لە بەرامبەر خەڵکدا، دەزگایەك کە شەرعیەتی لە دەستداوەو نوێنەرایەتی راستەقینەی تێڕوانینی گەلی فەڕەنسا ناکات، بۆیە بانگەشەی دەستکێشانەوەی ئەم دەسگایانە بڵاو دەکرێتەوە، بە تایبەتی لەلایەن رابەرانی (نەخێر)ەوە.

بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە جاك شیراك سەرۆکی حکومەتی گۆڕیو یەکێك لە وەفادارەکانی خۆی کردۆتە سەرۆك وەزیران. بێگومان ئەم حکومەتە نوێیە خۆی لە خۆیدا حکومەتی قەیرانە چ لە بەرامبەر خەڵکیو چ لە ناو خودی حیزبی دەسەڵاتداردا. چونکە شیراك وێنەیەکی لە ناو هەمان دەستەی پێشوودا گۆڕیووە بە وێنەیەکی تر لەناو هەمان ئۆرکسترای سیاسی دەسەڵاتدا، کە ئومێدی گۆڕانکاریو چاکسازی لێناکرێت. خەڵکی فەڕەنسا لە ئەنجامی ناڕەزاییان بەرامبەر گرفتو کێشە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییە ناوخۆکانی فەڕەنسدا کە ویستیان لە ریفراندۆمدا سزای دەسەڵات بدەن، لەو رێگایەوە بەداخەوە سزای ئەوروپایانداو خەونی ئەوروپایان لەباربرد. ئێستاش گۆڕینی وێنەکان گۆڕینی ریشەگەری لەدواوە نابێت، چونکە خەڵکی فەڕەنسا چاوەڕوانی دابەزینی رێژەی بێکاری، بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەران،

کەمکردنــەوەی لــەکارلابردن، چــاککردنی سیســتەمی تەندروســتی، پەرەوردەو فەڕەنسایەکی بەهێز دەکـەن لـەم دنیایـەدا، کـە بـەرەو لیبرالیــزم ڕێ دەکـاتو ڕۆژ بــە ڕۆژ هەڕەشــە لــە ئینســانی ســادە دەکات.

بێگومان حکومەتی فەڕەنسا ئێستا لەناو حیزبی دەسەڵاتیشدا بە قەیرانەوە خۆی خستەڕوو، کە ئومێدی خـەڵکی کـەم دەکاتـەوە لـە گۆڕانکاری، لەناو حیزبی دەسـەڵاتدا، (یـەکێتی بـۆ بزووتنەوەیـەکی میللی) جەنگێکی راستەقینەو دەستەچێتی هەیە لەسەر پلەوپایـەی دەسەڵات جگە لە جەنگی جێگەگرتنەوەی شیراکیش لە هەڵبژاردنی داهـاتوودا. لــە ئێســتاوە فەڕەنســییەکان لــە مەســخەرەی ئــەوەدا دەژین، کە ئێستا فەڕەنسا دوو سەرۆك وەزیرانی هەیە، دوو هاوپێی ناو حیزبی دوژمن بەیەك کە شـیراك هـەردووکیانی لـەم حکومەتـەدا کۆکردۆتەوە لە پرۆسەیەکی دانوستاندا. دۆمینیك دوفیلپان سـەرۆك وەزیرانی ئاشکراکراو ئێستا لە بەرامبـەر جەمسـەرێکی تونڕەودایـە، کە ئەویش نیکۆلا سارکۆزییە کە بە ڕەسمی بە پلـەدووی حکومـەت دانراوە، واتــە وەزیـری دەوڵـەتو وەزیـری نـاخۆ بـەو مەرجـەی کـە لەهەمانکاتیشدا سەرۆکایەتی حیزبەکە هەر بۆ ئەو بمێنێتەوە. ئیدی لێرەوە فەڕەنسا خۆی لەبەردەم دەسـەڵاتێکی نوێدا دەبینێتـەوەو حکومەتێك دروست دەبێـت، کـە تیایـدا جـەنگی سـەرەکی جـەنگی

نێوان هەڤاڵەکانی حیزبە لەسەر دەسەلات، نەك جەنگ بۆ چاکسازیو جەنگ دژی هەژاریو ناعەدالەتیو نایەکسانی.

لەلایەکی ترەوە پانتایی جەنگ بەناو جەستەی هەموو هێزە سیاسییەکانی تری فەڕەنساشدا بڵاوبۆتەوە، لە سەرووی هەموویانەوە پارتی سۆشیالیست، کە لە نێوان لایەنگرانی بەڵێ بۆ دەستورەکەو لایەنگرانی نەخێردا دابەش بوون، بەلام ئەم دابەشبوونە تەنها جیاوازی نێوان تێڕوانینەکان ناخاتەڕوو، بەڵکو مەترسی کوشندەی پەرتبوونو لێکداپچڕانی هەڤاڵە سۆشیالیستەکانی لێچاوەڕوان دەکرێت بەسەر چەندین جەستەو تەنانەت حیزبی جیاوازدا. لەم جەنگانەشدا ئەوەی سوودی سەرەکی وەردەگرێت، هەڵکشانی بیرو فەلسەفەی توندڕەوی بەرەی راستی رەگەزپەرستە، کە ئەم هێزە لە هەڵمەتی خۆیدا دژی پرۆژەی دەستوری ئەوروپا بەردەوام کاری لەسەر بڵاوکردنەوەی گوتاری ترس کردووە لە نێوان خەڵکی فەڕەنسادا. ترساندنی خەڵك بەوەی کە ئەم پرۆژەیە هەموو هێزو سەروەرییەك لە فەڕەنسا دەسەنێتەوە، ترساندنی بەوەی کە ئیدی ئەوروپا دەروازەکانی والا دەبێت بۆ بێگانەو هێزی کاری بێگانە، کە لەمەودوا ئازاد دەبن لە ئەوروپای رۆژهەلاتەوە بەشەپۆل بێن بۆ رۆژئاوا، ترس لەوەی کە شەپۆلی پەناهەندەییو کۆچیار زیاتر دەبێت، ترس لەوەی کە

تورکیا دەبێتە ئەندامی ئەورووپای داهاتوو، ئەمەش مانای ئەوەی کە ئەورووپا وەکو کیشوەرێك شوێنی جوگرافیو شوناسی کەلتوریو ئایینی خۆشی ئەدۆڕێنێتو دەبێتە دراوسێی ئێرانو عێراقو سوریا، کە ئێستا لانکەی تیرۆریزمی جیهانین. لە بەرامبەر ئەمەشدا چەپی توندڕەو و شۆڕشگێڕ بە ئاستێکی تردا بەهەمان گوتاری ترس کاری دەکرد، کە ئەویش ترس لەوەی ئەورووپای داهاتوو مانای ئەورووپایەکی لیبرالو بازاڕی ئازاد، کە رەحم بە ئینسانی سادەو خاوەنکاری بچوك ناکاتو دەبێتە هۆی ئاوساندنی زیاتری سەرمایەداریو رووتکردنەوەی زیاتری هەژاران، ترس لەوەی کە بە هۆی جیهانگیریو جێگۆڕکێی دەزگاو بنکە ئابووریو کارخانەکانەوە مەترسی بێکاریو لەکارلابردن زیاد دەبێت، ترس لەوەی هەموو دەسکەوتە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانی چینە هەژارەکان لە ئەورووپای ئاییندەدا لەناو دەچن، ترس لەوەی ئەورووپای ئایندە تەنها دەبێتە هێزێکی سیاسیو سەربازی لەسەر هەژارکردنی خەڵکەکەی خۆی بۆ مەبەستی دروستکردنی جەمسەرێکی جیهانی دوای شەڕی سارد.

بەهەرحاڵ، لە پاڵ ئەم هەموو ترسانەدا خەڵکی فەڕەنسا خۆیان لەناو گێژاوێکدا بینیەوە، کە کێشە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییە ناوخۆکانیان تێکەڵی کێشەو شەڕی دەستوری

ئـەوروپا کـرا، کـە ئـەوان هیچـیان لێنـەدەزانی، خۆیـان لەبـەردەم راستییەکدا بینیەوە، کە سیاسییەکانیان شتەکانیان لێدەشاردنەوە هیچیان پێ ناڵێن. ئەوان دەبوو دەنگ لەسەر پرۆژەیەك بـدەن، کـە بریتیە لە سێ سەدو هەشتاو یەك ماددەی دەستور، کە هەمووی بە زمـانی یاسـایی‌و سیاسـی نووسـراون‌و ئـەوان لێـی تێناگـەن. تـەنها ماوەیەکی زۆر کەمیش دانرا بۆ هەڵمـەتی پڕوپاگەنـدەو گفتوگـۆ لـە میدیاکانـەوە بـۆ روونکردنـەوەی ئـەم پرۆژەیـە. دواجـار ئـەوانیش پـــەراوێزکردنی خۆیـــان لەلایـــەن دەســـەڵاتو سیاســـەتەوەو کێشـــە ناوخۆیی‌و رۆژانەکانی خۆیان بە سزایەکی توندی نـەخێر ئاڕاسـتەی دەسەڵات کردەوە.

لە نێوان ئـەم گێژاوانـەدا خـەڵکی فەڕەنسـا نـەخێریان هەڵبـژارد. بەدوای ئەوانیشدا هۆڵەندییەکان هەمان قەیرانیان قـووڵتر کـردەوە. ئەوروپا خـەونی یـەکبوونی خـۆی لەدەسـتدا لـە نێـو دنیایەکدا کـە خەریکە جگە لە هێزو جەمسەرە تەقلیدییەکان، جەمسـەرەکانی تـر بە هەڕەشەیەکی سـەختو دیـارەوە پـەلاماری دنیـا بـدەن، لەوانـە جەمسەری یابانی، هیند، بەرازیل‌و بەتایبەتیش چین کە بـەزیاتر لـە یەك ملیارو سێ سەد هـەزار دانیشـتووانەوە، ئـەو پڵنگـە خـەوتووە ئێستا راپـەڕیووەو بـۆ تێرکردنـی رۆڵـەکانی خـۆی ڕەحـم بـە کـەس ناکات.

بەڵێ ئێستا فەڕەنسا لە سەختترین قـەیرانی بێشوناسـیدا دەژی، پەتای ئەم قەیرانەی بە جەستەی ئەوروپاشدا بڵاوکردەوە.

## سۆشیالیستەکانی فەڕەنسـا : لـە یۆتۆبیـاوە بـۆ یـەکگرتن، بـۆ لێکدا پچڕان

لە وتارێکی پێشوودا ئاماژەی ئەوەم کرد کە ئێسـتا فەڕەنسـا لـە قەیرانی بێشوناسیدا دەژی پاش ڕەتکردنەوەی پرۆژەی دەسـتوری یەکێتی ئەوروپا لەلایـەن زۆرینـەی فەڕەنسـییەکانەوەو دەرکـەوتنی بۆشاییەکی دیاری لێکتێنەگەیشتن لە نێوان میللەتی فەڕەنسـادا بـە هەموو پێکهاتەکانیەوە.

ئـەوەی ئێسـتا لەسـەر ئاسـتە سیاسـییە جیاوازەکانـدا، ئاسـتی دەسـەڵاتو ئاسـتی حیزبـەکانی دەرەوەی دەسـەڵاتدا ڕووئـەدات، هەندێك هەوڵی بێهودەیە بۆ دەربازبوون لەم قـەیرانی بێشوناسـییە، کە ناتوانێت جیاوازییە ڕەگداکوتاوەکان لە ریشە دەربـێنێ. هـەموو ئەو هەوڵانەی دەخرێنە گەڕ، بەکاربردنەوەی گوتارێکی ناسـیۆنالیو نیشتمانپەروەرانەیە، کە هەموو پێکهاتەیەکی کەلتوری، نەتەوەییو تەنانەت مەزهەبیش لـە حاڵـەتی قـەیرانو بنبەسـتەکاندا پـەنای بـۆ دەبەنەوە بۆ رزگارکردنی لانی کەمی ئەوەی دەتوانرێت لـە بـەردەم شاڵاوی ئەو لێکداپچـڕانو بێشوناسـییەدا دەربـاز بکرێـت. بێگومـان

ئەم گوتاری ورياكردنەوەی سۆزی هاونيشتمانييە لە يەكەم رۆژی قەيرانەكەدا بە تۆنێكی خەماوی‌و هاودەردييەوە لەلايەن هەموو سياسەتمەدارە فەرەنسييەكانەوە بڵاوكرايەوە. يەكەمين كەس جاك شيراكی سەرۆكی فەرەنسا داوای يەككگرتنەوەی گەلی فەرەنسای كرد لە دەوری گوتارێكی نيشتمانيانە كە كەلتورو بەها تەقليديەكانی فەرەنسا بخاتە پێش هەموو شتێكەوە. گوتارێك كە لەم قەيرانەدا رابەرە سياسيەكان بڵاوی دەكەنەوە، گوتاری يەككگرتن‌و رووبەڕووبوونەوەی دەستەجەمعيانەيە لە بەرامبەر قەيرانی شوناسبزری‌و لاوازی فەرەنسييەكاندا لەم ساتەی دنيادا، كە وەكو كەلتورێكی لێكداپچڕاو و ئاڵۆزو بەيەك نامۆ خۆی لەبەرامبەر دنيادا نمايش دەكات.

بەڵام بەداخەوە ئەم گوتاری يەكبوون‌و يەكديگيرييە فەرەنسييەكانی كۆنەكردۆتەوەو نەيتوانيووە ببێتە دەمامكێكی درۆی شاردنەوەی جياوازييەكان. لەكاتێكدا كە جاك شيراك بە گۆڕينی دەمامكی حكومەت دەخوازێت جياوازييەكان بشارێتەوەو برادوژمنەكان بەيەكتری لەناو يەك پێكهاتەی دەسەڵاتدا كۆبكاتەوە، بەڵام يادەوەری برادوژمنەكانی ناو بەرەی راست ناهەستيارانە ئەو هەوڵە بێهودەيەی گوتاری يەككگرتنەوەيان بێبەها كردەوەو لە ئێستاوە بەرەيەكی پڕ لە ناكۆكی‌و كێبڕكێ‌و هێزێكی بارگاوی بە

چـەندین بـۆمبی تەقینـەوەی شـەڕی نێـوان بـرا راسـتڕەوەکانی لـە داهـاتوودا خسـتۆتە روو، کـە ئێسـتا حکومـەتێکی قـەیرانئامێزی لەبەرامبەر هێزە بارگاویەکانی تر بە قەیرانی سەخت ڕاگرتووە.

لەبەرامبــەر حکومــەتو بەرەیــەکی راســتڕەوی قــەیرانئامێزدا فەڕەنسـییەکان کەوتنــە بــەردەم دامـاڵینی حەقیقـەتی چـەپێکی بەهەمانشـێوە قـەیرانئامێز. بـەڵێ لەپشـتی گوتـاری یەکگرتنـەوەو یەکخســـتنی ڕیزەکانـــدا لێکداپچـــڕانو هەڵوەشـــانی جەســـتەی فەڕەنسییەکان بۆتە حەقیقەت، کـە کـە یەکـەمین ئـەم پـەرتبوونو لێکجیابونەوەیە ئێستا بەجەستەی سۆشیالیستەکانی فەڕەنسادا بڵاوبۆتەوە، بۆیە دەڵێم سۆشیالیستەکانی فەڕەنسا، چونکە پـارتی سۆشیالیســـتی فەڕەنســـا تووشـــی لێکداپچـــڕان بـــووەو ئێســـتا براشۆڕشــگێڕەکانی سۆشیالیســـت بەهـــەمان شـــێوەی شۆڕشـــی فەڕەنسا خەریکـە بـە مەقسـەلەی شـۆڕش سـەری یـەکتری دروێنـە دەکـەن، ئێسـتا سۆشیالیسـتەکان لـە هـەموو کاتێـك زیـاتر پارچـە پارچە بوون.

پـاش سـەرکەوتنی بـاڵی نـەخێر لـە ریفرانۆمـدا بـۆ دەسـتوری ئەوروپا، سـەرکردایەتیی پـارتی سۆشیالیسـت لـە کۆبوونەوەیـەکی داخراودا سەرانی رابەرانی نەخێری خستەژێر تیغـی مەقسـەلەکەوەو بـەو جـۆرە کەسـایەتی ژمـارە دووی پـارتی سۆشیالیسـت لـۆران

فـــابیۆس‌و چـــەند هـــەڤاڵێکی تـــری رێـــی خـــەباتی سۆشـــیالیزم‌و ئەنتەرناسـیۆنالیان لـە پارتەکـە دەرکـرد، چـونکە ئـەوان بـە دژی بڕیاری پارتی سۆشیالیستەوە خۆیان خستە بەرەی وەڵامـی نـەخێر بۆ دەستوری ئەوروپی.

ئێســـتا سۆشیالیســـتەکان لـــە قـــەیرانێکی فیکـــری، سیاســـی، رێکخستن‌و بزربوونی هەرەمی حیزبایەتیـدا دەژیـن، کـە دەبێـت بـۆ فریادڕەس‌و چارەسەرێك بگەڕێن کـەلتوری چـەپ‌و سۆشـیالیزم کـە بەشـێکی زینـدوو و گەشـی مێـژووی فەڕەنسـایە، لـە قـەیرانی لەناوچوون رزگار بکات.

خوێندنـەوەی مێـژووی بزووتنـەوەی سۆشـیالیزم لـە فەڕەنسـادا مێـژووی فیکـرو بزووتنەوەیـەك تۆمـار دەکـات، کـە بـەردەوام بـە کێشـەوە لەسـەرەتای دروسـتبوونیەوە تـا ئـەمڕۆ خـۆی تێکـەڵاوی رووداو و بەسەرهاتەکان کردووەو هەر بەو پێکهاتـە قەیرانئامێزیـەی خۆیـەوە بۆتـە خولقێنـەرو کارلێکـەری رووداوەکـان. سۆشـیالیزمی فەڕەنسـی لـە یۆتۆپیـاو خەونـەوە سـەریهەڵدا، هـەر لـە سـەرەتای خەون‌و یۆتۆپیاکانی سان سیمۆن‌و شارل فـۆریی‌و بلانکییـەوە، کـە شـەڕی ململانـێ‌و جیاکردنـەوەی سـەنگەری خـۆی لەسـەنگەری ماتریـالیزم‌و واقعیـەتی شۆڕشـگێڕانەی مـارکس جیـادەکردەوە. هـەروەها سۆشـیالیزمی فەڕەنسـی هـەر لەسـەرەتاکانی سـەدەی

نۆزدەهەمــەوە بــە جیــاوازیو دەســتەگەرایی فیکــریو فەلســەفیو میتــۆدی لێکجیــاوازەوە مێــژووی خــۆی پێکهێنــا لــە نێــوان بــاڵی ریفۆرمخواز، کە دوا رابەری لویس بلانو لیـدۆر رۆلان بـوو، وە بـاڵی توندڕەو و شۆڕشگێڕی میراتگری مارکسیزمو بلانکی کـە دواڕابـەڕی بـاربێس بـوو، کـە پێـی وابـوو دەکرێـت لـە رێگـای توندوتیژییـەوە سیستەمی ئابووری بگۆردرێت. سەد لە ساڵ لە جیاوازی، سەد ساڵ دەســتەکاری، دواجــار ڕابــەرێکی کــاریزمی وەکــو جــان جۆرێســی خولْقاند، کە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا توانی مانـاو شوناسـێك بــە سۆشــیالیزمی فەرەنســی ببەخشــێت، دواجــار هــەموو باڵــە جیاوازەکانی سۆشیالیزمی فەرەنسی توانیـان خۆیـان لـە نـاو بـەها مێژووییــەکانی کــەلتوری فەلســەفیی فەرەنســادا بدۆزنــەوە، کەلەبەرامبــەر بۆلشــەفیزمو ئەنتەرناســیۆنالیزمدا چوارچــێوەیەکی مانایی‌و فیکریو رێکخستن بۆ سۆشیالیسـتی فەرەنسـی بدۆزنـەوە، کــە ئــەویش هاواتاییــە لــە نێــوان بــەها ئینســانیو دنیاییــەکانی فەرەنساو پاراستنی بەهاکانی جمهوریـەتو وەفـاداری بـۆ شۆڕشـی فەرەنسا. لێـرەوە بزووتنەوەیـەکی راسـتەقینەی سۆشیالیسـتی لـە فەرەنســادا پێکــدێت، کــە دەتوانێــت خــۆی بەرامبــەر کــەلتوری راســترەویو مەســیحیگەراو کــەلتوری چــەپی رادیکــالو مارکســیزم رابگرێت.

سۆشیالیزمی فەڕەنسی لەهەموو قۆناغەکانی دواتـردا بـە هـەمان شـێوە بــە قــەیرانی نــاوخۆو دەســتەکاریەوە ئەکتــەرێکی نــاو رووداوەکــان بــووەو مێـژوو وانەیــەکی فێرکــردووە، کــە جیــاوازی هەڤاڵــەکانو لێکداپچــڕانیان مانــای لاوازیو بزربــوونی کــەلتوری سۆشیالیزم لە فەڕەنسادا. بۆیە دەبێت لـە دوای جـان جۆرییێســەوە زیاتر لە سێ چارەکە سەدە چاوەڕوان بکرێت تـاوەکو کاریزمایـەکی تـر دێـت، ڕابـەرێکی وەکـو فرانســوا میتێـران دووبـارە جەسـتەی پەرتپەرتبوو و بەیەك نامۆی سۆشیالیستەکان پێکەوە کۆبکاتـەوەو خوێنێکی گەرمی نوێ بەم کەلتوری چەپە ببەخشێت، کە لەمـەودوا تــەنها هــەر کــەلتورێکی فەڕەنســی نییــە، بــەڵکو سۆشــیالیزمی فەڕەنسی خۆی لـە سـەردەمو کەشـێکدا دەبێنێتـەوە، کـە پـەیامو فیکری سۆشـیال دیمـوکرات دەبێتـە پـەیامێکی جیهـانی، یـان هـیچ نەبێت ئەوروپی بەرفراوانو ناچار بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەلایەکـەوە شــەپۆلی لیبرالیزمــی ســەرمایەداریو لەلایــەکی تــرەوە شــەپۆلی کۆمـۆنیزمی تۆتالیتـاری. کەواتـە سۆشـیالیزمی فەڕەنسـی دەبێتـە هەڵگرو بەرگریکـەری کـەلتورێك، کـە دەبێتـە کـەلتورێکی جیهـانی، کەلتورێك کە بەرجەستەی ئازادیو یەکسـانیو برایـەتیو عەدالـەتی ئابووریو کۆمەڵایەتی دەکات.

ئێستا سۆشیالیستەکانی فەڕەنسا خۆیان لە بەردەم ئەم قەیرانی بێشوناسیو لێکداپچڕانەدا دەبیننەوە، کە بێگومان خۆیان دەزانن ئەگەر ئەم قەیرانە مانایەکو دەرئەنجامێکی هەبێت، مانای لاوازیو بێکاری سۆشیالیزمو بەهاکانیەتی، کە ناتوان ئیدی لێرەدا ئالای سپی هەڵکەنو چاوەڕوانی فریادڕەسێك بکەن. ئێستا سۆشیالیستەکانی فەڕەنسا خۆیان بەسەر یەکدا دابەش بوون، بەو دابەشبوونەوە بەشداری ریفراندۆمیان کرد، کە بەسەختی لەسەریان کەوت. هەڵوێستی پارتی سۆشالیستی فەڕەنسا لە بەردەم پارتە سۆشیال دیموکراتەکانی دیکەی ئەوروپادا هەڵوێستێکی شەرمنانەیە، کە ناتوانێت بەرگری لە شوێنو پرەنسیپی خۆی بکات، چونکە پەسەندکردنی دەستوری یەکێتی ئەوروپا بۆ سۆشیالیستەکانی ئەوروپا ئومێدێکی جەوهەری بوو بۆ ئایندەی ئەوروپاو تیایدا سۆشیالیستەکانیش کە پێکەوە وەکو هێزێکی نێونەتەوەیی پارتی سۆشیالیستی ئەوروپایان دروست کردووە، بەڵام سۆشیالیستەکانی فەڕەنسا ئەم هێزە نوێیە ئەوروپییەشیان لاوازکرد.

بێگومان بۆ دەربازبوون لەم کێشانە سەرکردایەتیی سۆشیالیست دەرئەنجامی سزا سەختەکەی خۆی بە دەرکردنی هەڤاڵە

ســــەرکێشو یاخییــــەکانی وەڵام دایــــەوە، لەگـــەڵ بانگەشــــەی یەکگرتنەوەو کۆبوونەوەی هەڤاڵان بۆ پاراستنی ریزەکانی حیزب.

بــەڵام ئێســتا سۆشیالیســتەکان لــەنێو گێــژاوێکی پــڕ کێشــەو ململانێـدان. سـکرتێری حیـزب بانگەشـەی ئـەوەی کـردووە کـە لـە مانگی نۆڤەمبەری داهاتوودا کۆنگرەی فـراوان سـاز بکرێـت تـاوەکو سۆشیالیستەکان سەرکردایەتیی نـوێ دیـاری بکـەنو لەهەمانکاتـدا وەڵامی نوچدانو هەڵەکانی ناوخۆ بدەنـەوەو بەرنامـەو پرۆژەیـەکی فیکری نوێ دابڕێژن. کەواتە سۆشیالیستەکان یەکـەمین هێـزن، کـە هەست بە بێشوناسی بکەنو بۆ شوناسێك بگەڕێن. بەڵام بەداخـەوە بە جەستەیەکی لێکداپچڕاوو بە یـەك نـامۆوە خۆیـان بـۆ سـەردەمو کەشێکی تری سۆشیالیزمی فەڕەنسی ئامـادە دەکـەن، کـە دەبێـت دووبارە بۆ یەکگرتنەوەیەکی نوێو کاریزمایەکی تر بگەڕێن تـاوەکو ئەم هەڤاڵە لێکزیزبووانە جارێکی تر پێکەوە کۆبکاتەوە.

ئەگەر ئێستا سەیری پێکهاتەی سۆشیالیزمی فەڕەنسی بکەین لە دوای ریفراندۆمەوە، دەبینین بەسەر چەندین دەستەدا پەرشو بـڵاو بۆتەوە.

یەکەم/ باڵی لۆران فابیۆسی دەرکراو لە حیزب، کە کاریزمایـەکی بـــەهێزی سیاســـیو فیکـــریو شـــارەزایەکی بـــواری حکومـــەتو دەسەڵاتە، کـە ئـەزموونێکی چـەندین ساڵەی لـە سـکرتێری پـارتی

سۆشیالیست، سەرۆك وەزیران، وەزیر، سەرۆکی پەرلەمان کەڵەکە کردووە. جگە لەوەی هەڤاڵو وەفاداری میتێرانو لیۆنێل جۆسپان بوو.

دووەم/ باڵی پارتی سۆشیالیستی نویّ، بەرابەری ئارنۆ مۆنتبوورڤ ی دەرکراو لە حیزب.

سێهەم/ باڵی یەکگرتنی نوێی چەپەکان بە رابەری جان لویك میلانشۆ، دەرکراو لە حیزب.

چوارەم/ باڵی جیهانێکی نویّ، هەنری ئیمانۆێلی دەرکراو لە حیزب.

پێنجەم/ باڵی سۆشیالیزمو دیموکراسی لە هەڤاڵە دێرینەکانی جۆسپان وەکو دۆمینیك سترۆسکان.

شەشەم/ باڵی سەرکردایەتی حیزب لە فرانسوا هۆلاندو هاوڕێکانی.

بێگومان ئەم هەموو دەستەو باڵانە ئەگەر دەرچەیەك نەدۆزنەوە بۆ رێککەوتن، ئەوا مانای پەرتبوونو لاوازبوونی ئەم هێزە مەزنەی چەپ لە فەڕەنسادا، کە ئەمەش رێگە بۆ زیاتر پەرەسەندنی هێزە ڕاسترەوە توندڕەو و چەپە رادیکاڵەکان خۆشدەکات.

بۆیە ئێستا سۆشیالیستەکانی فەڕەنسا پێویستیان بە فریادڕەسێکە لەم قەیرانی بێشوناسییە دەربازیان بکات.

کــێ دەتوانێـت ئـەم جەسـتە لێکداپچـڕاوە جـارێکی تـر پێکـەوە کۆکاتــەوە؟ لــە ڕاپرسـییەکدا زۆر لــە سۆشیالیسـتەکان خوازیـاری گەڕانــەوەی لیۆنێـل جۆسـپان دەکـەن، کـە توانیبـووی ئـەم هێـزە لەناوخۆدا پەرتو بڵاوە بە کاریزمـاو کەسـایەتی خـۆی کۆبکاتــەوە. بەڵام جۆسپان، وەك خۆی دەڵێت، چیتر پیـاوی رابەرایـەتی حیـزب نییــە، ئــەو تــەنها ئەنــدامێکی ســادەو سۆشیالیســتێکی بــەوەفای مەبدەئەکانیەتی، کە گەمەی ناخاوێنی سیاسی گۆشـەگیربوونی پـێ هەڵبژارد.

سۆشیالیزمی فەڕەنسی بە یۆتۆپیا لە دایك بوو، لـە جیاوازییــەوە یەکگرتنی داهێنا، لە قەیرانەوە کاریزمای ناسی.

ئایا لەم بێشوناسیەی ئێستادا خۆی لە چ ئەگـەرو چارەسـەرێکی دیدا ئەدۆزێتەوە؟

## لە هەڵبژاردنی پەرلەمانییدا
## فەڕەنسا لە ریفۆرمەوە دەگەڕێتەوە ژێر چەتری ڕاستڕەو

گەڕانەوەی بەرەی راسترەو بە هـەمو هێـزو سـەنگیەوە بـۆ سـەر شانۆی سیاسەت لـە بەرامبـەر نوشسـتیو گەڕانـەدواوەی چـەپ بـە هـەموو شـێوەکانیەوە هـەر لـە چـەپی میـانڕەوەوە تـاوەکو چـەپی تونـدڕەوی شۆڕشـگێڕ سـیمای ئێسـتای جـەدەلی ناوەنـدە سیاسیەکانی سەرجەم ئەوروپایە کە ئەم دیاردەیە لەم دوو مانگەی دواییدا لـە نێـوان هەڵبـژاردنی سـەرۆکایەتی فەڕەنسـاو هەڵبـژاردنی ئەنـدامانی ئەنجومـەنی نیشـتمانی فەڕەنسـادا کـە ئـەمڕۆ خـولی یەکەمی تەواو بوو بە دووبارە شکستێکی تـری خـەمناکی سـەرجەم هێزە چەپڕەوەکانی فەڕەنساو پەرەسەندنی دیاری بەرەی راسترەو دەرکەوت وەکو بەڵگەیەکی تری گەڕانەدواوەی چـەپ لـە ئـەوروپادا بە تایبەتی لە شوێنێکی سەمبۆلیو مێژوویی وەکو فەڕەنسـادا، کـە هەمیشـە وەفـادارو وابەسـتەی پـەیامو چـەمکە ئینسـانییە گەردوونییەکانی بووە. ئەم شکستە ئەگـەر سـزادانێکی تـری چـەپ بێت لەو ناوەندە سیاسییەدا، ئەگەر سەرنەکەوتنی پرۆگرامی چـەپ بێت لە پەیامەکانیدا لەبەرەو جێبەجێکردنی ریفـۆرمی سۆشـیال لـە بوارەکانی ئابووریو کۆمەڵایەتیو ئەزمونی حوکمی پلورالیدا، بەڵام لەلایەکـەوە لەسـەرجەم ئـەو پێکداچـوونەی پەیوەندییـە

سیستەمیەکانی ناو ئەوروپاو جیهانو سەرجەم گۆڕانکاری گوفتارە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانو دنیابینیەکی دی ڕۆژئاواوە بەدوور نییە، ئەگینا لەکاتێکدا کە چەپ نوشستی دێنێتو پانتایی حوکمو سیاسەت بۆ بەرەی راستڕەو جێ دێڵێتو خەمناکانە پەنا دەباتەوە بۆ باوەڕە ئایدیالییەکانی خۆییو وتنەوەی سرودی ئەنتەرناسیۆنالو گەڕانەوە بۆچەمکی هاوکاری نێوان مرۆڤو سڕینەوەی شوناسەکان لە دنیایەکدا کە تادێت چەمکی خودپەرستیو ترس لەوی دی و گەڕانەوە بۆپێشخستنی بەرژەوەندییە خودییەکان پیادەی دەکات، بەڵام ئەمە مانای هەرەسی ئامانجو پەیامەکانی چەپ ناگەیەنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەلایەکی دییەوە دەبینین سەرباری ئەم گەڕانەدواوەیە تادێت داواکاری ریفۆرمی کۆمەڵایەتیو ئابووریو چەسپاندنی عەدالەت لە هەموو بوارەکانی ژیانو ئاوڕدانەوە لە گروهە کۆمەڵایەتییە پێشێلکراوەکان بەرزتر دەبێتەوە، واتە لەکاتێکدا چەپ لە پانتایی بڕیار دوور دەکەوێتەوە، بەڵام سەختتر ئەو پەیامانە بۆ بەرەی راستڕەو جێ دێڵێت، کە ئەزمونی حوکمی ئەو بەدەرنابێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشە جەوهەرییانە.

بە هەرحاڵ، یەکەمین خولی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی فەڕەنسا بە شکستێکی نیسبی ئاشکرای سەرجەم چەپی

فەڕەنسا كۆتایی هات بە بەراوردكردنی لەگەڵ ئەو سەركەوتنەی كە چوار ساڵ لەمەوبەر بەدەستی هێنا، ئاشكرایە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی لە فەڕەنسادا هەروەكو ئەوەی سەرۆكایەتی بە دوو خول كۆتایی دێت چونكە هیچ یەكێك لە هێزە سیاسیەكان لەو ئاستەدا نین كە لە خولی یەكەمدا زۆرایەتییەكی زیاتر لە نیوەی دەنگەكان مسۆگەر بكەن، بۆیە بۆ چەسپاندنی تەواوی ئەو هێزەی كە زۆرترین كورسی پەرلەمانو دەسەڵاتی یاسادانان بەدەست دێنێت لە رۆژی ١٦ی ئەم مانگەدا لەخولی دووەمدا بەدەرئەكەوێت، كە ئەمجارەش بەپێی ئەنجامەكانی خولی یەكەمو بەرامبەربوونەوەی كاندیداكان لە خولی دووەمدا پێشبینی ئەوەدەكرێت كە بەرەی راستڕەو بەزۆرایەتییەكی هێندە بالاوە بچێتە ناو ئەنجومەنی نیشتمانییەوە، تائەو ئاستەی ببێتە تاكە هێزی بڕیاردەر تیایدا، كەئەمەش هەموو چەپی خستۆتە بەردەم هەڕەشەی ئەزمونێكی حوكمی تاك حیزبیەوە كە دەمێكە دوورە لە كەلتوری سیاسیی ئەوروپیو فەڕەنسییدا.

ئێستا نەخشەی دابەشبوونی هێزە سیاسیەكان لە خولی یەكەمی هەلژارندا بەم جۆرەیە: بەرەی راستڕەوی پەرلەمانتیری ناسراو بە تەقلیدی بە گشتی لەسەدا ٤٤ی دەنگەكانی بەدەست هێناوە، واتە بەزیادەی لەسەدا ٨ بەبەراوركردنی بەساڵی ١٩٩٧دا، ئەم

دەنگانەش دابەش بوون بەسەر لەسەدا ٣,٣٣ بۆ گروپی یەکگرتن لەپێناو زۆرایەتی سەرۆکایەتیدا بە سەرۆکایەتی جاك شیراك کەئەم ڕێکخراوە لەدوای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی مانگی پێشوو لە نێوان هێزە لێکداپچڕاوەکانی ڕاستدا دروست بوو و ئێستا ٤٤ کورسی لە خولی یەکەمدا مسۆگەر کردووە . لەسەدا ٤,٨ی دەنگەکان بۆ یەکێتی دیموکراسیە بە سەرۆکایەتی فرانسوا بایرۆ و پاشماوەی دەنگەکانی تر دابەش بووە بەسەر هێزی ڕاسترەوی جیاوازدا جگە لەڕاسترەوی توندڕەو، پێشبینی دەکرێت کەلەخولی دووەمدا بەرەی ڕاست لە نێوان ٣٨٠–٤٤٠ی کورسیەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی داگیر بکات لە کۆی ٥٧٧ کورسی کەئەمەش زۆرترین ڕێژەی بەدەستهێنانی دەنگەکان دەبێت.

بەرەی چەپ بەگشتی لەسەدا ٣٦ی دەنگەکانی بەدەست هێناوە، مانای بەلەدەستدانی لەسەدا ٥,٥ دەنگەکان بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ١٩٩٧ کە لەسەدا ٤١,٥ بەدەست هێنا، ئەم دەنگانەش دابەش بوون بەسەر لەسەدا ٢٤,٢ بۆ پارتی سۆشیالیست کە تەنها ٢ کورسی لە خولی یەکەمدا مسۆگەر کردووە، پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسی لەسەدا ٤,٨و سەوزەکان لەسەدا ٤,١ یان بەدەستهێناوە، کە دووبارە تووشی شکستێکی گەورە بوون، جگە لەشکستی جان پییێر شوپێنمەی کۆنەوەزیری

ناوخۆیی حکومەتی جوسپان، کە دەستی لەکارکێشایەوەو هێزێکی سیاسی نوێی بەناوی جەمسەری جمهوریەتخواز دروست کرد، کە لەم خولی یەکەمەدا تەنها لەسەدا ١ی دەنگەکانی بەدەست هێناوەو خودی شوپێنمە لەترسی لەدەستدانی کورسیەکەی خۆیدایە وەکو سەرۆکی شارەوانی بیلفۆرت، هەروەها چەپی توندڕەوی وەکو رێکخراوی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕیو خەباتی کرێکاران هەریەکە لەسەدا ١,٣ دەنگەکانیان بەدەست هێناوە، لەخولی دووەمدا پێشبینی دەکرێت کە چەپ بەگشتی نزیکەی نیوەی کورسیەکانی لەدەست بداو لەنێوان ١٣٢–١٩١ کورسی ئەنجومەنی نیشتمانی بباتەوە.

لەلایەکی ترەوە جێی سەرنجە کە بەرەی راسترەوی توندڕەو بەسەرۆکایەتی جان ماری لوپێن، کە هێزێکی دژ بە بێگانەو رەگەزپەرستو ناسیۆنالە لەخولی یەکەمی هەڵبژاردندا توشی شکستێکی ئاشکرابوو بەوەی تەنها لەسەدا ١١,٣ی دەنگەکانی بەدەست هێنا لەکاتێکدا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا لەسەدا ١٦,٨٦ی بەدەست هێنا ئەمە جگە لەوەی بەپێی هاوپەیمانێتی نێوان کاندیداکانی تر ئەم رێکخراوە هەڕەشەی ئەوەی لێدەکرێت کە لەخولی دووەمدا نەتوانێت هیچ کاندیدایەك بۆ پەرلەمان سەرخات.

لەکاتێکدا بەرەی راسترەوی تەقلیدی ئومێدی ئەوەی هەیە کە لە هەفتەی داهاتوودا بەسەروەرییەوە دەروازەکانی کۆشکی ئەنجومەنی نیشتمانی فەرەنسای بۆ بکرێتەوەو خۆشنود بێت بەحوکمی تاکرەوی‌و دوور لە کێشەی نێوان سەرۆکی دەوڵەت‌و حکومەت‌و بەو جۆرە جاك شیراك ئەو زۆرایەتییەی کە لە فەرەنسییەکانی داوا کرد، بەدەستی بێنێ. بەڵام ئەمەش حکومەت‌و دەوڵەت دەخاتە بەردەم لێپرسراوێتی تەنهای کۆمەڵێك ئەرك‌و پەیامەوەو چیتر بەرەیەکی تر نامێنێت تاوەکو هەڵەو نوشستییەکانی خۆی بەسەر ئەودا بشکێنێتەوە. بەرەی راست دڵخۆشن بەو سەرکەوتنەو جان پییێر رافارانی سەرۆك وەزیرانی ئێستا ئەم سەرکەوتنەی بە چالاکی ئەم دواییەی حکومەتەکەی‌و ئەولێپرسراوێتیانە دەربڕی، کە جاك شیراك داوای کردووە، هەندێ ئەم سەرکەوتنە دوور ناخەنەوە لەو هەوڵە خێرایانەی حکومەتی نوێ کە لەماوەی مانگێکدا تەنها لەڕووی رووکەشەوە هەندێ کاری لەبوارەکانی ئەمن‌و ئاسایش‌و بەرەڵاکردنی دەسەڵاتی پۆلیس ئەنجامدا، کە دوور نییە لەو سیما کاریکاتێرییەی کە سارکۆزی وەزیری ناوخۆو حکومەتی ئێستا بە حکومەتی پۆلیس دەشوبهێنێت. لەداهاتوودا ئەم حکومەتە دەکەوێتە بەردەم چەند ئەرکێکی سەرەکییەوە، کە چارەسەرکردن‌و بەجێهێنانی

بەڵێنەکانی ئاسان نییە، لەو ئەرك وبەڵێنانەش کە جاك شیراك بە فەرەنسیەکانی داوە، پێداچوونەوەی چەندین دۆسییەی ئاڵۆزن، لە سەروو هەموویانەوە مەسەلەی ئەمنو ئاساییشی ناوخۆیی، کە شیراك دەڵێت ئیتر کاتی ئەوە هاتووە وەڵامی پەرەسەندنی توندوتیژیو تاوان بە چەسپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەت بدرێتەوە، ئەم داوایەش سارکۆزی بە پڕکردنی شەقامو میترۆو وێستگاکانی شەمەندەفەرو بازاڕو دەزگا گشتییەکان بە پۆلیسو سەربازو هێزی ئەمنی چەك بەدەست وەڵام داوەتەوە لەگەڵ سەپاندنی سیاسەتی لێبوردنی سفر واتە سزادانی بچوکترین سەرپێچی، کەئەمەش جۆرێکی تر لەئاڵۆزی خستۆتە نێوان پەیوندی رۆژانەی فەرەنسیەکانەوە لەسەر ئەوەی کێ لە دەستدرێژی کێ بپارێزرێتو کێن تاوانبارو سەرپێچیکەران؟ کە بەدەر نییە لەوەی هەموو ئاراستەکان بۆ بێگانەو ئەو ناوچانە رێگرێت کە زۆربەی خەڵکی بێگانەی تێدا دەژی. ئەرکێکی تری سەختی ئەم حکومەتە رووبەڕووبوونەوەی مەسەلەی بێکاریو هەژاری بەشێکی زۆری گروهی کۆمەڵایەتی فەرەنسایە، کە تادێت رێژەی بێکاری لە بەرزبوونەوەدایەو ئێستا زیاتر لە دوو ملیۆنو سێسەد هەزار کەس بێکارن، کە زۆربەیان لە نەوەی لاوانن، هەروەها پێشبینی زیادبوونی لێدەکرێت بەهۆی هەمیشە داخستنی کۆمپانیاکانو

لەسەرکاردەرکردنی فەمانبەرو کرێکاران. شیراكو حکومەتەکەی بەڵێنی زیادکردنی چالاکیو دۆزینەوەی کارو هاندانی دروستکردنی پرۆژەی تاکەکەسیان داوە بەم رێژە زۆرە بێکارە کەئەمەش بێگومان پێویستی بە بودجەیەکی دارایی گەورە دەبێت، هەروەها بەرەی راست لەبەردەم کێشەی خانەنشینیو بەساڵاچووندایە، کە ئەمەش کێشەیەکی تری ئەوروپییەو ئێستا نزیکەی لەسەدا ٣٧ی خەڵکی کارکەری ئەوروپا لە تەمەنی خانەنشینیدانو لەبەردەم هەڕەشەی هەژاریدان لەبەر یاسا سەختەکانی خانەنشینی، کە ئەمەش لەم دواییەدا ئەم لێشاوە مرۆییەی لەفەڕەنسا خستە سەر شەقامەکان بۆ داواکردنی مافەکانی خۆیان. کێشەیەکی جەوهەری تر مەسەلەی باجو داهاتە کەئەمە کێشەی هەرەزۆری فەڕەنسیەکانەو لەمڕووەوە شیراك بەڵێنی کەمکردنەوەی لەسەدا ٥ی باجی لەسەر داهاتی ساڵانە داوە جگە لەکەمکردنەوەی رەسمو باجەکانی تری دەوڵەت، بەمەش چەپەکان ڕاست بەوە تاوانبار دەکەن، کە ئەم کارە تەنها لە قازانجی دەوڵەمەندەکاندایە، لەسەرووی ئەمانەوە گەلێ ئەرکی تر چاوەڕوانی حکومەتی راسترەو دەکات وەکو پێداچوونەوەی یاسای ٣٥ سەعات کار، کەدەسکەوتێکی حکومەتی چەپەو گەلێ کێشەی تر لەسەر ئاستی

سیاسەتی ناوخۆییو بەرگرىو پەیوەندی ئـەوروپیو جیهانیـدا، کـە ئەمانەش ئەرکی ئالۆزو پڕ لەکێشەن.

چەپ لە هەڵبژاردندا تووشی شکست بـوو، ئـاخۆ ئەمـە سـزایەکی خـەلکی فەرەنسـایە بـۆ چـەپەکان بـەوەی کـە ئـەمان نـەیانتوانی جیاوازی پەیامو تێڕوانینو میتۆدی خۆیان لەگەڵ ڕاستدا بە خەڵکی فەرەنسـی رابگەیـەنن تـا ئـەو ئاسـتەی ئـەو دیـدە بەسـەر هـەموو فەرەنسـییەکاندا زاڵ بـوو کـە جیاوازییـەك لـەنێوان چـەپو راسـتدا نییە، جا ئیتر بۆ بوارێك لەبەردەم راسـتدا نەکرێتـەوە کـە ئـەزمونی تاکڕەوی دەسـەڵات پیـادە بکـات؟ ئەمـە جگـە لـەوەی کـە هەنـدێ هێــزی چــەپی تونــدڕەوی وەکــو ترۆتســکیخوازو کۆمۆنیســتە شۆڕشگێڕەکانو رادیکالەکان خۆیان رۆلی سەرەکیان لە شـێواندنی وێنەی چەپی میانڕەو و تاوانبارکردنی بە چـۆکدادان بـۆ سیاسـەتی سـەرمایەدارىو بـەجیهانیبوونی ئەمەریکیانـەدا هـەبوو. ئـەوەی لەهەڵبژاردنەکانـدا جێـی سـەرنجە، ئەوەیـە کـە لەلایەکـەوە بـەرەی راسترەو وانەیەکی زیرەکانەیان لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی وەرگرت بـۆ خۆئامـادەکردن بـۆ هەڵبــژاردنی پەرلـەمانیی بـەوەی هـەموو ناکۆکییـە ناوخۆییـەکانیان خسـتە لاوەو خۆیـان لـە بەرەیـەکی یـەکگرتوودا دژی چـەپ کـۆکردەوە، بـەڵام بـە پێچـەوانەوە چـەپ سـەرباری بانگەشـەکانی پـارتی سۆشیالیسـت بـۆ مەترسـی

پەرەسەندنی راسترەو خۆکۆکردنەوە، بەڵام هەر بە پەرش‌و بڵاوی مایەوەو بەو جۆرە ئەمجارەش دەنگی چەپەکان بێهودە رۆشتن، کە چاوەڕوان ناکرێت لە خولی دووەمدا سەرکەوتنێکی موعجیزەییان بۆ فەراهەم بکات، لەلایەکی ترەوە دەبێ بووترێت کە خودی پارتی سۆشیالیست لە قەیراندا ناژی، بەڵکو لە دوای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییەوە زیاتر لە برەوسەندندایەو توانیویەتی لەم خولی یەکەمەدا شوێنی خۆی بپارێزێت، بەڵام ئەوەی چەپی توشی شکست کردووە، گەڕانەدوواوەو هەرەسی هێزە چەپەکانی ترە بەتایبەتی پارتی کۆمۆنیست، کە تادێت جەماوەری خۆی لەدەست دەدات‌و ئێستا لەژێر هەڕەشەی ئەوەدایە کە گروپی خۆی لە ئەنجومەنی نیشتمانی فەڕەنسادا لەدەست بدات، هەروەها سەوزەکان کە زیاتر لەنیوەی هێزی خۆیان لەدەست داوە، بەهەمان شێوە هێزەکانی تری چەپ کە هەموو لە گەڕانەوەدان بەرەو دوواوە، کەئەمەش کاری کردۆتە سەر چەپ بەگشتی وەکو هێزێکی سیاسی پەرلەمانتێر. بە هەرحال فرانسوا هۆلاندی سکرتێری گشتی پارتی سۆشیالیست لە لێدوانی رۆژنامەگەری خۆیدا هەرچەندە بێئومێدی نیشان نەدا، بەڵام باوەڕی بەشکستی چەپ کردو زیاتر لەوە ئاماژەی ئەو هەڕەشەیەی کرد، کە دووبارە کەلتوری دیموکراسی لە قەیراندا ئەژی بەوەی کە مەترسی ئەوە هەیە تەنها

هێزێك واتە راسترەو بەتەنیا زۆربەی رەهای کورسیەکانی پەرلەمان داگیر بکات، کەئەمەش وێنەی جیاوازییەکانو هەمەڕەنگیو هەمەدەنگی لە فەڕەنسادا دەکوژێت، هەروەها بەرەی راستی تاوانبار کرد بە دیماگۆگیەتو چاوبەستنەوەی دەنگدەرەکان بەوەی تەنها دووپاتی زیانی ئەزمونی پێکەوە حوکمی چەپو راستیان دەکردەوەو هەموو هەلمەتەکانی هەڵبژاردنیان لەو خالەدا تەسك کردەوەوەو پشتیان کردە سازدانی هەموو جۆرە دیالۆگێك لەگەڵ هێزە دژەکانی خۆیاندا، ئەمەلەکاتێکدا کە راست هیچ پرۆژەیەکی ئاشکراو روونی نەخستۆتە روو، لەبەرئەوە داوای لە فەڕەنسیەکان کرد، کە لە خولی دووەمدا بە زۆری دەنگ بدەنو ئەو ناسەقامگیرییە بگۆڕن کەهاتۆتە پێشەوە، هەروەها داوای لەهەموو ئەو کەسانە کرد کەدەنگیان نەداوە، بەرەو سنوقەکانی دەنگدان بچن تاوەکو ئەزمونی پێش مانگێك دووبارە نەبێتەوە.

ئاشکرایە کە ئەمجارەیان رێژەی ئەوانەی کە بەشداری دەنگدانیان نەکرد لە هەموو ساڵەکانی تر وە تەنانەت لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی زۆر بەرزتر بووە، وەلەسەدا ٣٦ی دەنگدەران دەنگیان نەداوە کە نزیکەی ١٤,٢٠٠ ملیۆن کەس دەکات، ئەمەش دووبارە جۆرێك لە هەڵسوکەوتی سەمەرەی خەڵکی فەڕەنسای نیشاندا، ئەو خەڵکەی کە لەگەڵ دەرکەوتنی مەترسی راستی

توندڕەو و فاشیزمدا بەلێشاو ڕژانە سەر شەقامەکانو دووبارە گەڕانەوە ناو باوەشی سیاسەتو بە تایبەتی نەوەیەکی لاوان کە ڕۆژانی ١٩٦٧ یان وەبیرهێنایەوە بەلاّم بە جۆرێك تێڕوانینی جیاوازترەوە، تێڕوانینێکی میانڕەو نەك بەئاستی شۆڕشگێڕیو مارکسیزم، بەڵکو بەئاستی میانڕەویو پاراستنی دیموکراسیەت. ئێستا پێدەچێت کە گەلی فەرەنسا پاش ئەوەی وڵاتەکەیان لە هەڕەشەی راسیزمو فاشیزم ڕزگار کرد، ئیتر دووبارە پشتیان کردبێتەوە ژیانی سیاسیو پیاوە سیاسیەکانیان بۆ قەدەرو شانسی خۆیان جێهێشت وەك ئەوەی پێیان بڵێن کەلە ناو ئەو گەمەی دیموکراسیەتەدا جگە لە جەدەلی بێکۆتاییو دابەشکردنی هەڵەو تاوان بەسەر یەکدیدا نەبێت، ئیتر جیاوازییەك لە نێوان چەپو ڕاستدا نەماوە. لە چاوەڕوانی خولی دووەمی هەڵبژاردندا ئەو کاتەی ڕاسترەوەکان ئاهەنگی سەرکەوتنی خۆیانو ئەزمونی تاکحوکمی لە پاڵ خەمناکی چەپدا دەگێڕن، بەلاّم ئەو تارمایی ئەو ترسو هەڕەشەیەیان لەبیر ناچێتەوە، کە گەلی فەرەنسا خاوەنی کەلتورێکی مێژووییترە، کە ئەویش کەلتوری شۆڕشگێڕیو ڕژانە سەر شەقامو خۆنیشاندانە، ئەو کەلتورەی کە پێشتر سەری لویسی شانزەی پەڕاندو دواتر سەری ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی خستە ژێر مەقسەلەوەو هەر ئەو کەلتورە شۆڕشگێڕییەش بوو کە پێش لە

چـوار سـالْ زیـاتر لەمەوبـەر هـەموو لـە مـانگرتنێکی سەرتاسـەریدا هــەموو بزووتنەوەیــەکی لــە فەڕەنســادا ئیفلــیج پێکــرد تــاوەکو سەرەنجام حکومەتی راسترەوی ئـالان جـوپییێی روخـانو هەرئـەم کــەلتورەش پــێش مانگێــك هــاواری فاشــیزمی کــپ کــردەوە، چەپەکانیش جەنگاوەری شـارەزای ئـەم کـەلتورە شۆڕشـگێرییەن، بۆیە هەرگیز راسترەو ئاسـودە نابێـت لەحوکمکردنیـدا، چـونکە لـە داهــاتوودا جۆشــدانی شــەقامەکانی رەفــز چــاوەروانیان دەکــات. راستییەك هەیە، ئـەویش ئەوەیـە کـە فەڕەنسـیەکان تـەنیا لـە ژێـر چەترێکدا کۆناکرێنەوە.

## هەڵبژاردنەکانی فەڕەنسا

### ڕۆیال یان سارکۆزی ؟ دوو کاندیدا کە بەدوای کلیلی ئێلیزێدا وێڵن

نیسانی ٢٠٠٧

دواجــــار خـــولی یەکـــەمی هەڵبژاردنـــەکانی ســـەرۆکایەتی فەڕەنســـا٢٠٠٧ بەشـــێوازێکی شـــەرەفمەندانەو شـــانازی بـــۆ فەڕەنسیەکان کۆتایی پێ هات جگە لە جان ماری لوپێن نەبێت، کە ئەمجارە بە شۆکەوە گەڕایەوە ناو قەفەزەکەی خۆی.

بـۆ دواجـار فەڕەنسـیەکان ٢٢ی نیسـان ئـاهێکی سـەبوریو هەناسەیەکی دڵنیایی پاش ئازاری برینەکانی ڕۆژی شەرمی نیسانی ٢٠٠٢یـان هەڵکێشـاو ئـەتوانن دڵنیـا بـن کـە بـە ئارامیـەوە ئـەتوانن جـەنگی پرۆسـەی هەڵبـژاردنی خـولی دووەم لـە کـەشو هەوایـەکی دیموکراسیو شارستانیدا پیادە بکـەن، کـە هەڕەشـە لـە شـوناسو بـەها دێرینـەکانیان نـەکات. بـەڵێ فەڕەنسـیەکان توانیـان بـەها ئینسـانیەکانی خۆیـان بگەڕێننـەوەو بـە لێشـاوێکی زۆر ئـەمجارە خۆیان بەشداریەکی چالاکو لەڕێگـەی دەنگـی جێگرو بەسوودەوە بەشداری دیاریکردنی سەرۆکی داهاتووی فەڕەنسا بکـەن، کـە ئـەو

دەنگانە چیتر وەك دەنگەکانی ٢٠٠٢ دەنگی بێهیواییو تورەییو بێهودەیی لە سیستەمی دەسەڵاتی فەرەنساو سیاسیەکانی نییە، بەڵکو ئەو دەنگانە هەڵگری پەیامی پڕ لەهیوان بۆ داهاتوو، ئەمەش گرنگییەکی زۆر لە رادە بەدەری ئەبێت بۆ سەرۆکی داهاتووی فەرەنسا، کە ئبێت بەهەندەوە دەنگی هەموو تاکێکی فەرەنسا کە بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کرد، هەڵبسەنگێنیو لەچوارچێوەی ئەو پرۆسەیەی ئاشتبوونەوەیەدا ڕێزی خولیاو هیواکانی هەموو پێکهاتەو نەوەکانی فەرەنسا بگرێت، کە ئەم جارە پشتیان نەکردە وڵاتەکەیانو لە ئاستەنگێکی شەرمدا جێیان نەهێشت.

بێگومان ئەوەی لە هەموو شت زیاتر جێی سەرنجو بایەخە لە هەڵبژاردنەکانی خولی یەکەمدا لە هەموو مێژووی فەرەنسادا تا ئەم ساتی پێنجەمین جمهوریەیتە، ئەوەیە کە هەروەك چاوەڕوان ئەکرا هیچ کاتێك ئەوندە فەرەنسیەکان بەو شەوقو گرنگییەوە خۆیان تێکەڵاوی ئەم قۆناغە قەیراناویەی فەرەنسا نەکردووە، هیچ کاتێك ئەوەندە سیاسەت نەبۆتە پێداویستیەکی شوناسی بۆیان. بۆیە بەلێشاوێکی لە ڕادەبەدەر گەلی فەرەنسا بە هەموو پێکهاتەو تێڕوانینە جیاوازیەکانییەوە بەشدارییەکی فراوانی دەنگدانیان کردو بە ڕێژەیەکی بەرفراوانی چاوەڕواننەکراو بەرەو سندووقەکانی دەنگدان ڕۆشتن، کە ئەمەشیان هەڵگری دوو پەیامی سەرەکییە:

یەکـەمیان ئەوەیـە کـە ئـیتر فەڕەنسـیەکان خۆیـان دڵتـەنگو شەرمەزارو بریندار نابینن لە بەرامبەر مێـژووی خۆیـانو دەرەوەدا، چـونکە ئـەوان ڕۆژی لاپـەڕەی ڕەشـی شـەرمی نیسـانی ٢٠٠٢یـان سڕیەوەو ڕۆژێکی گەشی نوێیان لە مێژووی خۆیاندا تۆمار کرد، کە بریتیـە لـەوەی فەڕەنسـاو گەلەکـەی خـاوەنی کۆمـەڵێك بـەهای مرۆڤایەتیو جیهانینو ئەم وڵاتـە هـەموو شـوناسو کـەلتوری خـۆی لەسـەر ئـەو بنمایانـەو بـەو مۆزاییکـە جیـاوازە دەوڵەمەنـدەی پێکهاتەکانییەوە بنیات ناوەو ئەبێت ماناو گرنگی بـۆ ئـەو بەهایانـە بگەڕێنێتەوە لە ساتێکدا کە فەڕەنسا لـە قەیراندایـە لـە بەرامبـەر دەرەوە. ئەمـە خاڵێکـە کـە هـەموو فەڕەنسـیەکانی پێکـەوە گەڕانـدەوە کـەناری دڵنیـاییو بـاوەڕ بـەخود، گەڕانـەوە بـۆ ئـەو چەمکەی کە بەڵێ پێکەوە هەموو شتێك دێتە دیو هەموو پەیامێکی ئینسـانی شـیاوە. دەنگدانی خـولی یەکـەمی هەڵبـژاردن لەسـەروو هـەموو شـتێکەوە دەنگدانی ئاشـتبوونەوەی فەڕەنسـا بـوو لەگـەڵ بـەهاو شوناسـی خۆیـدا، دەنگـدانی ئاشـتبوونەوەی پێکهاتـەکانی فەڕەنسا بوو لەنێو یەکدیدا کە ئیدی لە کەشێکی دیموکراسی ئازادو تەنها لە ناو چوارچێوەی کۆمەڵێك بەهاو چەمکی دوور لـە ڕاسـیزمو تـرس لـەوی دیو ڕەتکردنـەوەی کـەلتورەکانی دی ئـەتوانرێت گفتوگۆکان بۆ داهاتوو بخرێنە گەڕ. بێگومان ئەوەی زیاتر لە پشتی

ئەم لێشاوە فراوانەی بەشداربوونی دەنگدەرانەوەیە لە هەڵبژاردندا، بریتی بوو لەمەترسی دووبارەبوونەوەی هەمان ڕۆژی شەرمی ٢٠٠٢ لە ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٧دا، کە بووە پاڵنەری فەرەنسیەکان بۆ ئەوەی پێکەوە بەربەستێك لەبەردەم جان ماری لوپێنو خێڵە سیاسییەکەیدا دانێن، پاشان ئەبێ بووترێت کە ئەمجارەیان میدیاو دەسگاکانی بە هەموو ئاستەکانیەوە بە شێوەیەك پیادەو ئیدارەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ئەکرد، کە لەلایەکەوە بریتی بوو لە هاندنانی چەندین ملیۆن فەرەنسی کە تائێستا زۆر بەئیهمالیەوە سەیری پرۆسەی سیاسی وڵاتەکەیان کردووەو زۆریان هیچ کاتێك بەشداری هەڵبژاردن نەبوون، بە شێوەیەك کە ئەم جارە هەست بەلێپرسراوێتی خۆیان بکەن لە بەرامبەر ئاییندەیانداو لێرەوە بە ویستو ئیرادەیەکی هەڵگری پەیامی ڕەتکردنەوەی ڕاسیزمەوە بەرەو دەنگدان بچن. هەروەها ئەوەی زۆرتریش لە هەڵمەتەکاندا کاریگەریی خۆی لەسەر دەنگدەران جێهێشت، هەمیشە دووپاتکردنەوەی دەنگی بەسوودو جێگر بوو، واتە هاندانی فەرەنسیەکان بەوەی کە لە خولی یەکەمدا دەنگەکانیان بە بێهودەیی پەرشو بڵاو نەبێتەوە لە نێوان چەندین کاندیدادا، کە ئەمەش ببێتە ئەوەی لوپێنو حیزبی بەرەی نیشتمانی کەڵك لەم لێکداپچڕانە وەربگرن، بۆیە زیاتر دەنگدەران دەنگەکانی خۆیان

بەخشی بە هەردوو کاندیدا سەرەکییەکە، کە ئەوانیش سارکۆزیو سیگۆلێن ڕوایالن. هەروەها هەریەکە لەم دوو کاندیدا سەرەکییە ستراتیژێکی وردو نوێیان بەکارهێنا لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا، ئەویش نزیکبوونەوەو هەنگاونانی ڕاستەوخۆو بەریەکەوتنە لەگەڵ دەنگدەراندا، ئەمان شێوەی پڕۆپاگەندەی هەڵبژاردنیان لە شێوازی گوتارخوێندنەوەی جەماوەریو کۆبوونەوەی نێو هۆڵەکانەوە گۆڕی بۆ شێوازی ڕاستەوخۆی چوونەناو خەڵکەوە، بەتایبەتی لە نێوان ناوەندە میللیو شوێنە لەبیرکراوەکاندا، کە ئەمە جۆرێك لە ئاشتبوونەوەی لە نێوان سیاسییەکانو نەوەی پەراوێزیدا خولقاند، بێگومان ئەبێ ئەو جیاوازیە بکرێت، کە لەم شێوازەدا نیکۆلا سارکۆزی ڕاستەوخۆ لەناو خاکی لوپێنو لایەنگرەکانیدا ڕاوی دەنگدەرانی ئەوی ئەکردو بەمەش تاڕادەیەك سەرکەوتووبوو، کەچەندین ملیۆن لە لایەنگرانی ئەوی بۆ لای خۆی ڕاکێشا بە ختووکەدانی سۆزو ویستەکانیان، بەڵام هەرچی سیگۆلێن روایالە، ئەو شێوازی دیموکراسیەتی بەشداربوونی داهێنا واتە بەشێوەیەك کە ڕاستەوخۆو لەنیزکەوە ئەکەوتە گفتوگۆو لێکۆڵینەوەو گوێگرتن لە دەنگدەرانو کردنیان بە بەشێك لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان.

دووەم/ ئەوەی لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکەدا ڕوویدا ئەوەیە لە پاش دەنگی ئاشتبوونەوەوە ئیتر هەردوو کاندیدا سەرەکیەکە ئەکەونە قۆناغێکی نوێوە کە ئەویش دەنگدانە لەسەر پرۆژەو ئەو گفتانەی کە ئاشبوونەوە بەدوای خۆیدا ئەیهێنێت. بێگومان لە خولی یەکەمدا فەڕەنسییەکان کۆتاییان بە مەترسی هاتنەپێشەوەی لوپێن هێنا، کە ئەمە ئەگەر ڕووی بدایە ئەوسا دووبارە ناچاری ئەکردن کە بەبێ باوەڕو تەنها بۆ بەربەست لەبەرامبەر لوپێن دەنگ بە کاندیدای بەرامبەری بدەن. بەڵام ئێستا گەلی فەڕەنسا لەبەردەم دەنگی ناچاریدا نییە، دەنگدەران لەخولی یەکەمدا گەڕانەوە بۆ دیسانەوە هێنانەوەی ڕەوتی ناکۆکیو ململانێ سیاسییەکان بۆ ناو بازنەی دوو جەمسەری ترادیسیۆنی فەڕەنسا، کە ئەویش چەپو ڕاستی میانڕەوە. واتە دووبارەکردنەوەی هەموو شێوە سیناریۆکانی دێرین، بەڵام ئەمجارەیان بێگومان بەهامان شێوازەکانی پێشوودا تێناپەڕێت، چونکە فەڕەنسییەکان ڕاستە ئێستا دڵخۆشن کە کاندیداکانی خۆیان ئەناسنو مێژوییەکی کلاسیکیان لەگەڵیاندا هەیە، بەڵام ئەوان زیاتر لەهەر شتێك بۆ ئەو ئاسۆیە ئەڕوانن کە سەرۆکی داهاتووی فەڕەنسا کۆکەرەوەی وڵاتەکەو بەدستێهنەرەوەی بەهاکانی بێتو لە هەمان کاتیشدا چاوەڕوانی چەرخێکی نوێی سیاسی لە فەڕەنسادا ئەکەن کە

کاندیـداکان هــەڵگری پــرۆژەی دابــڕان بــن لــەو شــێوە سیســتەمە دەســەڵاتییە پێشــینەیەی کــە چــیدی ناتوانێــت بــەردەوام بێــت. دەنگــدەران لــە خــولی دووەمــدا دەنــگ بــۆ پــرۆژەو بــیرو بــاوەڕو پێشنیارو مژدە جیاوازەکانی داهاتووی هــەردوو کاندیداکــە ئــەدەن، ئەمەش لە ماوەی ئەم دووهەفتەیــەدا هــەردوو لای جەنگەکــە ناچــار ئەکات کە بە ڕاشکاوی لەبەردەم فەرەنسییەکاندا بکەونە گفتوگــۆی بنیاتنەرانەو هەڵگری پرۆژەو چارەسەریو بەبێ تەمومژ خاڵ بخەنە سەر پیتەکان. واتە ئیتر فەرەنسا ئەکەوێتە قۆناغێکەوە، کە دەبێت ئــەمجارەیان بەڕاســتی بــەرەی ڕاســت خــۆی پێناســە بکــات وەکــو ڕاست، بــەرەی چــەپ بەهــەمان شــێوە خــۆی پێناســە بکــات وەکــو چـــەپ، فەلســـەفەیان، ســـتراتیژیان، شـــێوازی فەرەنســـابینینو جیهانبینیان. ئەمەش کارێکی زۆر ئاسان نییە بــۆ دوو کاندیــدا، کــە لەلایەکــەوە بــە حــوکمی ئــەوەی ئەکەونــە چــەندین دانوســتانی هەڵبژاردنەوە بۆ کۆکردنــەوەی دەنگــەکان، لەلایــەکی تریشــەوە بــۆ ڕازیکردنــی زۆربــەی زۆری فەرەنســییەکان بــە پــرۆژەی سیاســی، ئــابووری، کــەلتوری هتــد.. خۆیــان لەســەر هــەموو ئاســتەکاندا لەکاتێکدا ئەگەر سەیری ئــەنجامی هەڵبژاردنــەکان بکــەین، ئــەبینین کــە هێشــتا جــەماوەری فەرەنســی زۆر دابەشــبوو و لێکجیــاوازو لێکداپچڕاون لەسەر ئاستی تێڕوانینی سیاسییان بــۆ مەســەلەکان.

بەهەرحاڵ ئەوەی بۆ کاندیداکانی خولی دووەم ئاشکرایە، ئەوەیە کە دەنگی داهاتوو دەنگی فەرەنسییەکان ئەبێت لەسەر پرۆژەکانی ئەوان کە ئەبێت بەوپەڕی شێلگیریو تواناى خۆیانەوە بەرگری لەو پرۆژانە بکەن، بێگومان ئەو پرۆژانەی کە ئەبێت ببنە هەڵگری چارەسەری بنچینەیی بۆ هەموو کێشەکان بە گشتی، چونکە ئەوان هەست بەوە ئەکەن کە بۆ ماوەی چەندین ساڵە هیچ شتێك لەم سیستەمەدا کار ناکاتو هەموو کێشەکان ئامادەی تەقینەوەن. ئایا ئەمە کاندیدای سەرکەوتوو ناچار ناکات کە بیر لە شێوە چارەسەرێکی نوێ بکاتەوە بۆ ئیدارەو پیادەکردنی ئەو کێشانەو ئەم وڵاتە قەیراناوییەی کە ئەشێت تەنها جەمسەرو لایەنێك نەتوانێت بە تەنها لێپرسراوێتی ئەم هەموو گێروگرفتانە بخاتە ئەستۆی خۆی؟

ئەوەی ئاشکراو حەتمیە ئەوەیە کە دەنگدەرانی فەرەنسا ڕۆژی ٦ی مایس ٢٠٠٧ ئەبێت دەنگەکانی خۆیان یەکلایی بکەنەوەو یان سیگۆلێن روایال یان نیکۆلا سارکۆزی هەڵبژێرن بۆ سەرۆکایەتی فەرەنسا، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە خولی یەکەمدا دەنگیان بۆ ئەو دوو کاندیدایە نەداوە. ئاشکرایە یەکێك لەم دووانە بۆ ماوەی پێنج ساڵ ئەبێتە خاوەن ماڵی کۆشکی ئێلیزێ بەڵام هێشتا کەسیان کلیلی ئەم کۆشکەیان لە گیرفاندا نییەو ئەبێت بۆ ماوەی دوو

هەفتەی دی وێڵ بن بەدوای ئەو کلیلەی کە درەروازەکانی ئێلیزێیان بۆ ئەکاتەوەو یەکێکیان ئەکاتە سەرۆکی فەرەنسا. کێ ئەبێتە دۆزەرەوەی ئەو کلیلە؟ ئەمەیان ململانێیەکی سەخت بەدوای خۆیدا دێنێت، کە بەدەر نابێت لە دۆزینەوەی چەندین شێوازی دی هەڵمەتی هەڵبژاردن‌و دارشتنی ستراتیژی نوێ‌و دانوستان‌و فێڵی هەڵبژاردن‌و ڕاوکردن لە ئاوی ئەو کاندیدایانەدا، کە خولی یەکەمیان لە دەست دا. بێگومان سەرباری ئەوەی کە ڕاپرسییەکان پێشبینی ئەوە ئەکەن، کە لە خولی دووەمدا سارکۆزی بە ڕێژەی ٪٥٣ی دەنگەکان ببێتە سەرۆکی فەرەنساو کلیلی ئێلیزێ بدۆزێتەوە کە لە شوێنێکدا شاردراوەتەوە، بەڵام هێشتا ڕاپرسییەکان نابنە زامنکردنی ئەو ئەنجامە پێشبینیکراوە تەنها مەگەر ئەوە نەبێت کە بەرەی ڕاست دیسانەوە بکەونەوە بازنەی کلاسیکی یەکگرتنەوەو دانوستانەوە، بەمەش واتە یەکگرتنەوەی فرانسوا بایرووی کاندیدای حیزبی یەکێتی بۆ دیموکراسیەتی فەرەنسا، نوێنەری ناوەند لەگەڵ ڕاستی تەقلیدی‌و کۆنە هاوڕێکانیداو گەڕانەوەی بۆ نێو باوەشی یو ئێم پی‌و ژێر چەتری سارکۆزی کە تا ئێستا هیچ شتێك مسۆگەری ئەم ئەگەرە دەرناخات‌و سارکۆزی لەو پشتگیریە دڵنیا ناکاتەوە. سارکۆزی کە ئێستا پلەی یەکەمی لەخولی یەکەمی هەڵبژاردنەکەدا بە دەست هێناوە، بەڵام تائێستا هیچ پاڵپشتییەك‌و دەنگی نوێی بۆ

خولی دووەم مسۆگەر نەکردووە. بەڵام سیگۆلێن روایال لە ئێستاوە دەنگی هەموو کاندیداکانی دی چەپی مسۆگەر کردووە کەهەموویان بەڕاشکاوی داوای ئەوەیان لە لایەنگرانی خۆیان کردووە، کە خولی دووەم دەنگی خۆیان بدەن بە سگۆلێن ڕوایال، هۆی سەرەکیش هەڵچنینی بەربەستێکە لە بەردەم سارکۆزیدا بۆ گەیشتنە ئێلیزێو سەرۆکایەتی فەڕەنسا. بەم شێوەیە ئێستا سیگۆلێن روایال بە بەدەنگی خۆیی‌و هەموو دەنگی چەپەکانی ترەوە نزیکەی ٪۳۸ خولی دووەمی مسۆگەر کردووە. لێرەدا ئەبێت ئاماژەی گۆڕانکارییەك لە تێڕوانینی چەپی ڕادیکالی فەڕەنسیدا بکرێت، کە دیاردەیەکی مێژوویی نوێیەو هەرگیز لەناو ناوەندی چەپدا ئەمە ڕووی نەداوە، ئەویش ئەوەیە کە ئارلێت لاگیێی کاندیدای حیزبی خەباتی کرێکاران بەئاشکرا داوای کرد کە لایەنگرانی ئەوو هەموو چەپ دەنگ بۆ روایال بدەن، ئۆلیڤیێ بیزەنسنۆ کاندیدای ڕەوتی کۆمۆنیستی شۆڕشگێری داوای لە لایەنگرانی خۆی کرد کە لە خولی دووەمدا سارکۆزی هەرەس پێ بێنن ئەمە لەکاتێکدا ئەو بەئاشکرا ئەڵێت کە خۆی لەناو پرۆژەو فیکری روایالدا نابینێتەوە. جۆرج بۆڤێی کاندیدای دژی سەرمایەداری‌و مۆدندیالیزاسیۆن هەمان بانگەشەی کرد، ماری جۆرج بۆفییێ کاندیدای پارتی کۆمۆنیست، دۆمۆنیك ڤۆیانی کاندیدای سەوزەکان بانگەشەی دەنگدانیان بۆ

روایال کردووە، هەموشیان لەیەك مەبەستدا یەك ئەگرنـەوە ئـەویش ڕوخاندنی سارکۆزیو بـەرەی ڕاسـتو ڕێگرتنـە لێـی بـۆ دەسـەڵات. هەرچۆنێك بێت، سەرباری هەموو تەحەفوزی چەپی ڕادیکال لەسـەر پـارتی سۆشیالیسـت بـەڵام هـەموو خواسـتی ئـەوەیان هەیـە کـە جارێکی تر چەپی فەڕەنسا بەرەو دەسەڵات سەرکەوێتەوەو کۆتایی بـە دوانزەسـاڵ لـە حـوکمی ڕاسـت بهێنرێـت. لـە ڕاسـتیدا ئێسـتا سارکۆزی تا ڕادەیەك خۆی لەهەمان شوێنو هەڵوێستی جـان مـاری لـوپێن ی ٢٠٠٢دا ئەبینێتـەوە، کـە ئەوسـا بـووە دوژمـنی زۆرینـەی خەڵکی فەڕەنساو لەخولی دووەمدا هەرەسـی پـێ هێنـرا. ئێسـتاش سـارکۆزی هـەمان هەڵوێسـت ئـەژی، هـیچ نـەبێت هـەموو چـەپی فەڕەنسـاو دەشـێت بەشـێکیش لـە ڕاسـتی ڕاسـیزم بـە تایبـەتی لایەنگرانی لوپێنو فیلیپ دوڤیلییێ بۆ تۆڵەسەندنەوە لـە سـارکۆزی کـە ڕاوی لایـەنگرانی ئـەوانی کـردو بـە بـەکارهێنانی هەنـدێك لـە دروشمەکانی هەڵبژاردنی ئەوان توانی ئەو ڕێژە بەرزەی دەنگدان بە دەست بێنێت. بۆیە ئەوەی تێبینی ئەکرێت ئێستا ئەوەیە کـە جـان ماری لوپێن زەخمێکی وای بەرکەوت، کە ئێستا نـەك سـارکۆزی بـە دوژمنێکی سەرەکی خۆی ئەزانێت بەڵکو زۆر بـێ باکانـەش لـەدوای ڕاگەیانـدنی ئـەنجامی خـولی یەکەمـەوە دوودڵ نـەبوو لـەوەی کـە بەشێوەیەکی ڕقو گاڵتەجاڕیەوە ڕووی دەمی بکاتە فەڕەنسیەکانو

پێیان بڵێت کە دیارە ئەوان شایستەی ئەو جۆرە سیستەمە لە کارکەوتووەی دەسەڵاتنو پێ ئەچێت درۆ بکەن لە گەڵ خۆیانداو بێزار نەبن لەو هەموو کێشە ئابووریو کۆمەڵایەتییەی کە پێوەی ئەناڵێننو هەر بۆیە باوەڕی خۆیان بەخشیەوە بە نوێنەرە کلاسییەکانیان.

هەرچەندە هێشتا لەوپێن خۆساغکردنەوەی حیزبەکەیو لایەنگرانی بۆ خولی دووەم ڕانەگەیاندووە، بەڵام ئەو ئەگەرە دوور نییە کە داوای بایکۆت لە لایەنگرانی بکاتو خۆی نەکاتە بەشێك لە سیستەمێك کە ئەو خەونی ڕوخانی پێوە بینیوە.

ئێستا ئەوەی لە هەموو شت زیاتر وەکو دیاردەیەك خۆی سەپاندووە دیاردەی فرانسوا بایرووە، کە کلیلی شاراوەی ئێلیزێ لە گیرفانی ئەودایەو هەرچەندە ئەو ڤیزای چوونە ناو ئەو کۆشکەی پێ نییە، بەڵام بێگومان ئەو تاکەکەسێکە کلیلی دەروازە داخراوەکەی ئێلیزێی لایەو تاکەکەسێکە کە ئەبێت روایالو سارکۆزی هەوڵی لێ سەندنەوەی ئەو کلیلەی لێ بدەن، کە ئەمەشیان هەر ئاسان نییەو هەروا بەبێ دانوستانو بەستنی پەیمانی دوولایەنانە بەڕێوە ناچێت. بایروو کە ئێستا لە هەڵوێستێکی هێندە بەهێزدایە کە هەرچەندە سەرۆکایەتی فەڕەنساشی لە دەستدا، ئەو ئەتوانێت مەسەلەی کێ ئەبێتە

سەرۆکی داهاتووی فەرەنسا یەکلایی بکاتەوە کە تا ئێستا بڕیاری لێنەداوەو هەروا بە ئاسانی ئەو کلیلە لەسەر سینیەکی ئاڵتون پێشکەش بە کەس لەو دوو کاندیدایە ناکات. فرانسوا بایروو کە وەکو کەسایەتیەکی بەهێز لەو هەڵبژاردنە هاتەدەرێ، ئەزانێت کە ئیدی ڕۆڵی سەرەکی ئەو لەمەودوا دەست پێ ئەکاتو تەنها لە خولی دووەمیشدا تەواو نابێت، بایروو بۆیە بەوپەڕی دڵنیاییو باوەڕ بە خودەوە بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەوەتا بۆ دواجار هێزێکی ناوەندی ڕاستەقینە لە فەرەنسا خۆی سەپاند، چەرخێکی سیاسی نوێ لە کۆماری ئێستای فەرەنسا هاتە پێشەوە کە هەموو سیستەمەکە ئەخاتە ژێر پرسیارەوەو هەڵگری گۆڕانکاری بنەڕەتییە تێیدا، بۆیە ئەو ئامادە نییە کە ئەو هێزەی خۆییو ئەو دەنگانەی بەدەستی هێناوەو ئەو ئیرادەیەی کە داوای گۆڕان ئەکات واز لێ بێنێو پشتی تێ بکات. لێرەوەیە کە ئەشێت فرانسوا بایروو سەرسوڕمانێك لە خولی دووەمدا بخولقێنێت، کە ئەگەر بەشێوەیەکی تەقلیدی کۆتایی پێ بێنێتو بگەڕێتەوە ناو بەرەی هاوڕێیانی لە ڕاستو دەنگ بۆ سارکۆزی بدات ئەوا بێگومان بەکۆمەڵێك مەرجی سەخت ئەبێت، چ لەسەر ئاستی دابەشکردنی دەسەڵاتو پۆستەکانو داواکاریەکانی ئەو لە سەرچاوەی هێزەوە بەشێوەیەك کە سارکۆزیو حیزبەکەی بەتەنها خۆشنود نەبن بە

دەسەڵاتو ئێلیزێ نەبێتە شوێنی تاکە بڕیاری سارکۆزی. ئەگەر بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو فرانسوا بایروو بەرەی ڕاست جێ بهێڵێتو شێوازێك لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ سیگۆلێن روایالدا بخولقێنێت، ئەوا ئەو کاتە لەمانای ئەو قسەیەی بایروو تێئەگەین کە قۆناغێکی سیاسی نوێ لەفەڕەنسا دەست پێ ئەکات. ئەمەش واتە گۆڕینی سیستەمی دەسەڵاتو هێنانەکایەی شێوازێکی نوێ لە حوکم لە ڕێی بەستنی پەیمانێك لە نێوان هێزی ناوەندو چەپەوە، بەڵام لەمەشیاندا ئەگەر بەدی هات، ئەوا بایروو کۆمەڵە مەرجێکی زۆر سەختتر لەوانەی کە بۆ سارکۆزی پێشنیار ئەکات، ئەخاتە بەردەم سیگۆلێن روایال، چونکە بایروویەکی سەر بە جەمسەری ڕاست ئامادەی پەیمانێك نییە لەگەڵ چەپدا، کە شوناسی ڕاستی لێ بسەنێتەوە، بەڵکو ئەشێت روایال بخاتە بەردەم هەڵبژاردنی ناچاری حوکمێکی هاوبەشو پێکەوەیی لەنێوان ڕاستی ناوەندو چەپی میانڕەودا، کە ئەمەشیان بۆ روایال زۆر زەحمەت ئەبێت چونکە هەڕەشەی لەدەستدانی دۆستە چەپە دێرینەکانی لێئەکات، لەوانەش پارتی کۆمۆنیستو سەوزەکانو باڵەکانی ڕادیکالی لەناو پارتەکەی خۆشیداو پاشان تەواو هەڵگەڕانەوەی چەپی ڕادیکال لێیو هەڕەشەی هەراسانکردنی هەر لەیەکەم ڕۆژی حوکمیەوە بە مانگرتنو خۆپیشاندانو ئیفلیجکردنی سیستەمی دەسەڵات.

کەواتە سیناریۆکان زۆر ئاسان نین، ئەوەندەی ئەمێنێتەوە کە لە نائامادەیی پەیمانێکی نێوان سارکۆزی/ بایروو یان روایال/ بایروو هەریەکە لە دوو کاندیداکە بکەونە ڕاوکردن لەناو خێڵە سیاسییەکی بایرووداو ڕاکێشانی ئەوپەڕی لایەنگرانی بۆ لای خۆیان. دیارە لەکاتێکدا سارکۆزی بێباکانە وەکو ڕاوچیەکی شارەزا بەشێکی زۆری دۆستانی لوپێنی خستە ناو تۆڕەکەی خۆیەوە، بەڵام لە خولی یەکەمدا روایال لەو گەمەیەدا کەمتەرخەم بوو و ئەگەری هاوپەیمانێتی لەنێوان خۆیی‌و بایرووی ڕەت کردەوەو هەڵەیەکی ستراتیژی کرد. ئێستا ئەوەی بۆ ماوەتەوە کە زۆرترین هەوڵ‌و تەقەلای خۆی بخاتە کار بۆ وەستهێنانی هەموو ئەو دەنگانەی کە لە خولی یەکەمدا بە دوودڵیەوە بایروویان هەڵبژارد، ئەگینا وەچنگکەوتنی کلیلی ئێلیزێ زۆر ئاسان نابێت. لە هەموو حاڵەتەکانیشدا سەرۆکی داهاتووی فەرەنسا نابێتە سەرۆکێکی خاوەن دەسەڵاتی ڕەهاو خۆشنوود بە شوێنەکەی، چونکە هەموو لاکانی تریش خۆیان بە بەشێك لەو سەرکەوتنەو ئەو سەرۆکایەتیە ئەزانن.

## هەڵبژاردنەکانی فەرەنسا

### ٦ی ئایار دەسپێکی مێژوویەکی نوێ لە فەرەنسا

وەك چاوەڕواندەکرێت، بۆ جاری دووەم، ڕۆژی یەکشەممە ٦ی ئایار، خەڵکی فەرەنسا بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوانتر ڕووبکەنە سندووقەکانی هەڵبژاردن بۆ دەنگدانو دیاریکردنی سەرۆکی داهاتووی فەرەنسا لەنێوان دوو کاندیدادا، سیگۆلێن ڕوایال، کاندیای پارتی سۆشیالیست بەڵام لەهەمان کاتدا کاندیدای هەموو چەپو خوازیاری کۆکەرەوەی هەموو دیموکراتەکانی فەرەنسا لە نێویاندا بەتایبەتی بەرەی ناوەڕاست، نیکۆلا سارکۆزی کاندیدای ڕاستڕەو کە ئەمە بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی بزووتنەوەی ڕاستی فەرەنسادا کاندیدایەك بەو شێوە ڕاشکاویو ڕاستەوخۆیە وابەستەیی خۆییو شوناسی سیاسی خۆی وەکو ڕاست نمایش بکات لەکاتێکدا کە کاندیدا ڕاستەکانی پێشوو لە دیگۆلەوە تاوەکو شیراك هەمیشە لە نێوان لیبرالیزمو دیموکراسیەتی فراوانو پۆپیولیزم (میللیەتگەری)دا گەمەی سیاسییان ئەنجام داوە. چارەنووسی هەردوو کاندیداکە ئێستا لە نێوان دەستی فەرەنسییەکاندایە کە متمانەی خۆیان بەکێ ئەبەخشنو کێ لە کەژاوەی ئەو سەرکەوتنەدا بەرەو کۆشکی ئێلیزێ بەڕێ ئەکەن. بەڵام هێشتا هەر هەموو ئەگەرو کتوپڕیو سەرسوڕمانەکان لە نێوان

ئــەم دوو کاندیدایــەدا کــراوەو جێــی ڕوودانــە، بۆیــە بەڕاســتی یەکشــەممەی ٦ی ئایــار ڕۆژێکــی مێــژوویی دی ئــەبێت لــە ژیــانی سیاسیو مێژووی پێنجـەمین جمهوریـەتی فەرەنسـادا کـە بێگومـان پــاش ئــەو ڕۆژە چ بــە تێبــینیو لێکۆڵینــەوەو ســەرنجدانی ڕەوتــی ڕووداوەکــان یــان هــیچ نــەبێت وەك ئــەوەی ســیگۆلێن روایــال نیەتخوازیەتی ئەگەر ئەو هەڵبژێردرا ئەوا فەرەنسا ئەچـێتە قۆنـاعی شەشەمین جمهوریەتەوە، تەنانەت ئەگەر سارکۆزیش بووە سـەرۆك ئەوا پێنجەمین جمهوریەت بەهەمان شێوە کلاسیکیەکەی بـەردەوام نابێــت. کەواتــە فەرەنســییەکان پــێ ئەنێنــە ئــەو قۆنــاغی گۆڕانکارییەوە، کە داخوازی بوونو چاوەڕێی ئەکەن.

لــە نێــوان ســاغبوونەوەی چارەنووســی هــەر یــەکێك لــەم دوو کاندیدایە کە تاوەکو دواسات لە جەنگێکی دیموکراسی زۆر سەختو بێوچاندان بـۆ وەدەسـتهێنانی متمانـەی خـەڵکی فەرەنسـا، کەچـی هێشــتا، ســەرباری ڕاپرســییەکان، ڕۆژی یەکشــەممەو شوناســی سەرۆکی فەرەنسا هەر بـە ئـاڵۆزی ماوەتـەوە. لـە نێـوان ئـەم ڕۆژە کەمانەدا هەردوو لای جەنگەکە هەموو هێزو تواناو بەهرەو بەهاکانی خۆیان خستەگەڕ بۆ گەیشتن بە سەرکەوتنێکی شـەرەفمەندانە، کـە دواتر وێنەیەکی دڵنیاو کاریزماتیکیو میللی بە سـەرۆکی داهـاتووی فەرەنسـا ببەخشـێت. بۆیــە هێشــتا هــەردوو کاندیداکــە گەمــەی

گەیشتن‌و خۆجێکردنەوە لەناو دڵی هەموو فەرەنسییەکدا ئەکەن تا ئەو ڕادەیەی کە سنووری جیاوازیەکانیشیان تێئەپەڕێنن‌و خەونی بەستنی پەیمانی خۆشەویستی لەگەڵ لایەنگرانی یەکدیدا ئەبینن، ئەگەرچی ئەمە عەشقێکی یەکلایەنەو دۆڕاویش بێت. سارکۆزی دوودڵ نەبوو لەوەی کە دوا گوتاری سیاسی خۆی لە نێو زۆرترین جەماوەری کۆکراوەو هەڵبژێر لە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی فەرەنسیدا بداتو کاریزمای خۆی لە نێو دڵی خەڵکیدا لەڕێی بانگکردن‌و پشتبەستن بە کاریزما جەماوەرییەکانی دیەوە جێگە بکاتەوە، لەوانەش زۆرترین هونەرمەندان‌و گۆرانیبێژو وەرزشەوانی میللی، بەهەمان شێوەش لە سەنگەری بەرامبەردا سیگۆلێن ڕوایال بە براوەیی لەو جەنگە جەماوەریەدا، هاتە دەرێ کە دواهەمین گوفتاری سیاسی خۆی لە بەردەم زیاتر لە شەست هەزار کەسی بەهەمان شێوە کۆکراوە وتو لەوەش زیاتر لە نەشوەی ئەو جەماوەرییبوونەدا ڕوایالی چەپو سۆشیالیست هیچ دوودڵ نەبوو کە دوا پەیامی بۆ جەماوەر لە سۆزێکی مەسیحیانەوە هەڵهێنجێتو دووبارە داوای ئاشتی‌و برایەتی‌و خۆشنوودی بکاتەوەو هاوار بکات (یەکتریتان خۆش بووێت). دوو کاندیدا کە بە عەشقێکی بێوێنەو بێپێشینەوە باوەشیان بە فەرەنسادا کردووەو چاوەڕوان ئەکەن لە بەرامبەردا هەموو ئەو عەشقە بەرامبەرەی گەلی فەرەنسا بەدەست

بێنن، کە پێشتر لە مێژووی فەرەنسادا نەبووە، چونکە تا ئێستا فەرەنسییەکان ئەوەندەی ئێستا عەشقی وڵاتەکەی خۆیان نەبوون‌و ئەوەندە چاوەڕوانی سەرۆکی داهاتووی خۆیان نەکردووە، بۆیە جەنگەکە شایستەی ئەو هەموو حەماس‌و شێلگیرییەیە، هەرچەندە سەرۆکی داهاتووی فەرەنسا هەر لەدوای خۆشنودبوون بە کردنەوەی دەروازەکانی ئیلیزییەوە ئیتر ڕووبەڕووی شۆکێك ئەبێتەوە کاتێك لەسەر مێزی دواهەمین سەرۆك ئەبینن جاك شیراك کەڵەکەیەك لە دۆسیەی پڕکێشەو سەختو چارەسەر ئەستەمی بۆ جێهشتوون. ئەمەیان جەوهەری ئەو ڕووبەڕووبوونەوە تەلەفیزیۆنییە بوو، کە هەردوو کاندیداکەی بۆ ماوەی دووسەعات زیاتر خستە گێژاوی ڕاگرتنی پرۆژەکانی خۆیان بەرامبەر یەکدی‌و پرۆگرامیان بۆ دوای هەڵبژاردنیان بۆ سەرۆکایەتی فەرەنسا.

بێگومان ئەو گفتوگۆ تەلەفزیۆنییە کە فەرەنسیەکان بەوپەڕی شەوق‌و گرنگیدانەوە چاوەڕوانیان کرد، بە شێوەیەك کۆتایی هات، کە تەرازووی هیچ لایەکیانی لاسەنگ نەکردو کەس بە دۆڕاوی لەو جەنگە نەهاتە دەرێ، یان ئەوەی خەڵکی فەرەنسا بینیان گەمەیەکی یەکسان بوو کە ئەمەش زیاتر چارەنووس‌و پێشبینیەکانی ڕۆژی یەکشەمەی ئاڵۆزتر کرد، چونکە هەردوولا بە سەرکەوتویی کۆتاییان بەو گەمەی گفتوگۆ سیاسییە هێناو هیچ

نـەبێت لایـەنگرانی خۆیـان زیـاتر وابەسـتەی خۆیـان کـرد. ئـەوەی ڕوویـدا، گرەوێکـی سیاسـی شـەرەفمەندانە بـوو، کـە نـە سـیگۆلێن روایال‌و نە سارکۆزی تیایدا نەدۆڕان‌و سەرئەنجام خـەڵکی فەڕەنسـا خۆیـــان لـــە بەرامبـــەر دوو کەســـایەتی جیـــاوازدا بینیـــەوە، کـــە هـــەردووکیان هـــەڵگری ســـیفات‌و ئاکارەکـــانی ســـەرۆکن. ســـارکۆزی توانی بەخۆئارام نمایشکردن‌و لە ڕێگـەی گوتـارێکی هێمنانـەو بـیرو بـــاوەڕو پـــرۆژەی دیـــارو ئاشـــکراوە خـــۆی لەبەرمبـــەر روایالـــدا بسەپێنێت‌و لە هەمان کاتدا ئەو وێنە ترسـناك‌و کەسـە دەسـەڵاتدار خوازیـــاری توندوتیـــژی‌و پۆلیســـییە لای بینـــەران نـــەهێڵێت وەك چاوەڕوان ئەکرا، زیاتر لـە کەسـێکی هێرشـبەرو تۆقێنـەرەوە ڕۆڵـی کەســـایەتیەکی هـــێمن‌و لەســـەرخۆو گـــوێگر نیشـــان بـــدات‌و لـــەو پەیامەوەی کە بە توڕەکردنی روایـال بـۆ فەڕەنسـیەکانی ڕاگەیانـد، کە ئەبێت سەرۆکی وڵات هێمن بێت، ئـەوا وێنـەی ئـەو سـەرۆکە لـە خۆیەوە نیشانی خەڵکی فەڕەنسا بدات. لە هـەمان کاتـدا سـیگۆلێن روایـال وەکـو کەسـایەتیەکی زۆر پێـداگرو پـارێزەرێکی جەربـەزەی بیروڕاکـــانی‌و کەســـایەتییەك کـــە لەیەکـــەمین ســـاتی دەســـپێکی گفتوگۆکەوە جیدیەتی خۆی لـە پرۆژەکانیـداو دەسـەڵاتی کـاریزمی خۆی بەسەر ڕەوتی گفتوگۆکاندا سەپاندو سـەرباری هەڵچوونی لـە هەندێك ئاستدا توانی ئەو پەیامە بە فەڕەنسـییەکان بگەیـەنێت کـە

نــەخێر ســەرۆکی وڵات نابێــت هــێمن بێــت لەکاتێکــدا ناعەدالــەتی ئەبینێت، بۆیە روایال وەکو کەسایەتیەکی ئامـادە بـۆ هاتنـەدەنگو دۆزینــەوەی چارەســەر بــۆ کێشــەکان خــۆی نمـایش کــردو هــەموو پێکهاتەکانی دیکەی کۆمەڵگەی فەڕەنساشی کردە بەشێك لە پرۆژە ئایندەییــەکانی خــۆیی‌و لەدۆزینــەوەی چارەســەرەکان، ئەمــەش پێــداگرتن بــوو لەســەر بیرۆکــەی دیموکراســیەتی بەشــداری، کــە سیگۆلێن کردوویەتی بە بنەمای پەیمانی سەرۆکایەتی‌و لـەوێوە وای ئەبینێت کـە لـە سـەرۆکایەتی داهـاتووی فەڕەنسـادا هـەموو لایـەك بەشــدار ئــەبن لــە ڕێکخســتنەوەی جمهوریــەت‌و ڕزگــارکردنی لــە ئەزمــەکانی، ئەمــە ئەگــەر بــەلای هەنــدێك لــە شــیکەرەوە سیاسـییەکانەوە مانـای ئـاڵۆزی پرۆگرامـی روایـاڵ بگەیـەنێت، کـە شتەکان ئەگەڕێنێتەوە بۆ خـەڵك/ لەکاتێکـدا سـارکۆزی ڕاسـتەوخۆ خودبڕیاری‌و خودچارەسەری ڕائەگەیاند، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەمە سەرەتای بنیاتنانی پردێکی لە بـاوەڕو دڵنیـایی لـە نێـوان روایـال‌و خەڵکدا نیشانداو ئەوەی ئاشکرا کرد، کـە سـیگۆلێن روایـال هـەموو سـیفاتەکانی بوونــە ســەرۆکی لــە خۆیــدا کۆکردۆتــەوەو بــەوەش لایەنگران‌و بەتایبەتی هاوڕێیانی خۆی لە پارتی سۆشیالیست بێهیوا نەکردو لەهەموو کاتێکدا دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکە هەرچیەك بێـت

ئـــەو ســـــەرکردایەتییەکی ئازایانــــەو جەربـــەزەی جـــەنگێکی شەرەفمەندانەی کرد بۆ داهاتووی فەڕەنسا.

بەهــەرحاڵ، لـە ئـاڵۆزیو کراوەیـی هــەموو ئەگـەرەکان بـۆ ڕۆژی یەکشـەممە لـەوەی ئایـا ئەشـێت سـارکۆزی بەسـەرکەوتوویی لـەو جەنگی هەڵبژاردنە بێتەدەرێ، یان روایال سەرسوڕمانێکی پێچەوانە بخولقێنێ، یاخود فەڕەنسییەکان تـەواو ببنـە دوو بەشـی یەکسـانی پەنجا بە پەنجاوە لە نێوان دوو کەسایەتیدا، کە هەردووکیان هەمان سـیفاتەکانی سـەرۆکیان هــەڵگرتووە، ئــەوا فەڕەنســا پێئەنێتــە قۆنــاغێکی نوێــوە، ســەرۆکی داهــاتوو وەك لــە ڕەوتــی گفتوگــۆ بەرامبەرەکــەی ســارکۆزیو روایالــدا بینــرا، ئــەبێت پــرۆژەو چارەســەریەکانی خــۆی بــۆ هــەموو کێشــەکان بخاتــە قۆنــاغی جێبەجێکردنـەوە هـەر لـە کێشـە ناوخۆییەکانـەوە تـاوەکو کێشـە دەرەکییەکان.

ئەگـەر بگەڕێینـەوە بـۆ ڕەوتـی گفتوگۆکـە، سـەرنج ئـەدەین کـە هەردوو کاندیدا لەکاتێکدا لەسەر زۆربەی مەسەلەکان ناکۆکن، بەڵام لە هەمان کاتدا هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەبێت شتەکان سەرلەنوێ بگـۆڕدرێنو سیاســەتو پــرۆژەی نـوێ جێگــەی پــرۆژەو سیاســەتە دێرینــەکان بگرێتــەوە، بەشــێوەیەك روایـال پێــی وایــە کــە ئیــدی فەڕەنسـا بـە شـێوەی شـێوازی کلاسـیکی بـەردەوامی دوو بـەرە

ناتوانێت بەڕێوە بچێت بۆیە بیرۆکەی بەشداری فـرە لایەنـە ئەخاتـە شـوێنی سـەنگەری بەرامبـەری دوو بلـۆك یـان دوو هێـز. لەکاتێکـدا سـارکۆزی لەگـەڵ پەسـەندکردنی بەشـێك لـەم فیکرەیەدایـە بـەڵام هێشتا پابەندە بـە خۆبەسـتنەوە بـە زۆرینـەی پەرلـەمانو هێزێکـی سیاسی براوەوە. بێگومان سـەبارەت بـە کێشـە هـەر زینـدووەکانی فەرەنسا کە مەسەلەی ئابووریو بێکاریو چۆنێتی بەرزکردنـەوەی گـوزەرانی خــەڵکیو باشــکردنی ژیــانو دەرامــەتو سۆشــیالو تەندروستیو ڕزگارکردنی فەرەنسـا لـە قـەرزەکانو بەرزکردنـەوەی ئاســتی ئــابووریو داهــاتی فەرەنســا، کــە بەشــێکی هــەرەزۆری گفتوگۆکەی داگیرکرد، هەر دوو کاندیداکە بە بـیرو بـاوەڕی جیـاواز لە یەکدیو هەندێك جار نزیك لە یەکدی ڕووبەڕووی یەك ئەبوونەوە، بۆ نموونە کە هەردوولا کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەبێت فەرەنسـا لـە دارمانی ئابووریو قەرز ڕزگار بکرێت، ئەوەش بە شێوەی جیاواز کە بـە لای سـارکۆزییەوە هـەڵێك بـوو بـۆ هێرشـبردنە سـەر پـرۆژەی پێشـینەی سۆشیالیسـتەکانو تاوانبارکردنیـان بـەو دەرئەنجامـە، ئەویش بەهۆی بڕیاری سیو پێنج سەعات کار لە هەفتـەدا، کـە وای لە فەرەنسا کردوە خەڵکی زۆر کار نەکەن بـەوەش ئـابووری بـەرەو کـزی بچـێت، بۆیـە سـارکۆزی پشـتگیری ئـازادی کـارو لیبرالیزمـی ئابووری ئەکات، لەکاتێکدا وەڵامی ڕوایـال ئەوەیـە کـە سـیو پێـنج

ســـەعات کـــار دەســـــکەوتێکی ئـــابووریو کۆمەڵایـــەتی گرنگـــی فەڕەنسایەو زۆربەی دەسگاکانو بە تایبەتی خەڵك پێی خۆشحاڵنو بەوە پەیوەندی کۆمەڵایەتیو خێزانیان پتەوترو ئارامتر بووە، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەو لایەنگری والاکردنی گفتوگۆیە لەسەر چارەنووسـی سـیو پێـنج سـەعات کـار لەگـەڵ سـەندیکاو دەسـگاو پێکهاتـە تایبەتەمەندەکاندا بەڵام لە هەموو کاتێکدا ئەو پشتگیری زیادکردنی کـەمترین ئاسـتی موچـەیە کـە بـەلای سارکۆزیەوە ئـەبێت موچـەی زیـادە لـە ڕێگـەی کـاری زیـادەوە بـدرێت نـەك هـەروا ببەخشـرێت. سـەبارەت بـە مەسـەلە گرنگـەکانی دیکـە، کـە هـەردوولا جیـاوازی شـێوازی مامـەڵکردنیان نیشـاندا، مەسـەلەی کـۆچو ڕێکخسـتنی شێوەی کۆچو پەنابەرییە لە فەڕەنساو بەتایبەتی چارەنووسی ئـەو سەدان هەزار کەسەی کە بێیاسایی لە فەڕەنسانو ئیقامەیان نییـە. سارکۆزی بە ئاشکرا ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەگەر بـووە سـەرۆك، ئـەو وەرەقە بە هیچ کەسێك لـەو خەڵکانـە نـاداتو ئـەبێت مەلـەفی هـەر کەسـێك کـە دێتـە فەڕەنسـا، بـە جیـا دیراسـە بکرێـتو ئەوانـەی وەرەقەیان نییە ئـەوا بـەرەو وڵاتـەکانی خۆیـان ئەنێردرێنـەوەو لـە بەرامبـەردا سـارکۆزی دووبـارە بیرۆکـەی کۆچـبەری هەڵبـژێرراو پەسەند ئەکات، واتە فەڕەنسا خۆی ئەو کەسانە دیـاری بکـات، کـە پێویستی بە تواناو هێزی کاری ئەوان هەیەو سـارکۆزی هـەمان ئـەو

ڕستە ناسراوە فەڕەنسیەی ڕۆلاند دومای دووبارە کردووە کە دەڵێت: (فەڕەنسا ناتوانێت باوەش بۆ هەموو نەهامەتییەکانی دنیا بکاتەوە). بەڵام روایال پێی وایە کە ئەبێت مەسەلەکە بە چاوێکی زۆر مرۆڤایەتیانەترو دوور لە ترس لە بیانی سەیر بکرێتو هەروەها فەڕەنسا ڕۆڵی پەرەپێدانو یارمەتیدانی ئەو وڵاتانە ببینێت کە لە نەهامەتیو کێشەی سەختدا ئەژین.

بێگومان ئەوەی کەمترین ساتی گفتوگۆکەی داگیر کرد، لەبەر زۆریی کێشە ناوخۆییەکان مەسەلەی سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنساو شوێنی فەڕەنسا بوو لە دەرەوە کە هەردوو کاندیداکە تەنها توانیان سەبارەت بە چەند ئاستێکی شوێنی نێودەوڵەتی فەڕەنسا بدوێن. ئەوەی پەیوەندی بە فەڕەنساو شوێنی ئەو لە نێو کۆمەڵگەی ئەوروپیو ئاییندەیەتی بە تایبەتی دوای ڕەتکردنەوەی پرۆژەی دەستوری ئەوروپای یەکگرتوو لەلایەن خەڵکی فەڕەنساوە لە ڕیفراندۆمدا، هێشتا سیگۆلێن روایال دوا تروسکەیەکی هیوا ئەبینێت بۆ گەڕاندنەوەی پایەو بایەخی فەڕەنسا لە ئەوروپادا، ئەویش بە دووبارە گفتوگۆکردنەوەی پرۆژەکە لەگەڵ لایەنە ئەوروپیەکانداو چاککردنی هەندێك لایەنی، بەتایبەتی ئەوەی زیاتر ئەوروپا بەرەو لیبرالیزمێکی بێسنوور ئەبات بۆ ئەوەی ڕێگرەکانی بەردەم ئەوروپایەکی یەکگرتوو لە ئاییندەدا نەمێنێت، بەڵام بەلای

ساركۆزييەوە مەسـەلەی دەسـتوری ئـەوروپا كۆتـايی پـێ هـاتووە، چونكە خەڵكی فەڕەنسا ڕەتيان كردۆتەوە. لەبەر ئـەوە ئـەبێت بـیر لـە ئەڵتەرناتيڤـەكانی ئـەو پرۆژەيـە بكرێتـەوەو فەڕەنسـا ڕۆڵێكـی هۆشـيارترو بـەهێزتر لـە ئاسـتی ڕووداوەكانـدا ببينێـتو تێـڕوانينی ئاشكراو بێ تەمومژاوی هـەبێت، لـەم ڕووەوە سـاركۆزی مەسـەلەی ئەنـدامێتی توركيـای بـۆ يـەكێتی ئـەوروپا خرۆشـاندو بـە تونـدی دژايەتی خۆی بۆ ئەگەری هاتنە ناوەوەی توركيا بۆ يەكێتی ئەوروپا دەربڕیو ئەو پێی وايە كـە توركيـا وڵاتێكـی ئـەوروپی نييـە چ وەك جوگرافيا چ وەك شوناسو كـەلتور، سـاركۆزی توركيـا لەبـەر ئـەوە ڕەت ناكاتەوە، كە وڵاتێكی موسڵمانە بەڵكو لەبەرئەوەی كە توركيا سەربە ئاسيای بچوكە، نەك ئەوروپا، بۆيە ئەبێت بە ڕاشكاوانە ئـەم ڕاستييە بە توركيا بووترێت بۆ ئـەوەی چـەندين سـاڵی تـر هـەر لـە دەروازەی ئـەوروپا نـەدات، لـەوەش زيـاتر سـاركۆزی وتـی ئەگـەر توركيا ببێتە ئەندامی ئەوروپا، ئەوا سنووری ئەوروپا بە كوردستان كۆتايی دێـت، ئەمـە لەلايـەك، لەلايـەكی تـرەوە وتـی كـە ئـەو دژی ئەوەيە كە مەسەلەی كوردستان ببێتە مەسەلەيەكی ئەوروپی، بەڵام سـەبارەت بـە روايـاڵ ئـەو لايـەنگری ئەوەيـە كـە ئـەبێت پرۆسـەی دانوسـتان لـە نێـوان توركيـاو ئـەوروپادا كـە دەسـت پـێ كـراوە، بەردەوام بێتو نابێـت دەرگـا بـە ڕووی توركيـادا دابخرێـت چـونكە

تورکیـا وڵاتێکـی گـەورەو دیموکراسـیو خـاوەن شارسـتانیەتەو دەوڵەتێکی عیلمانیە کـە ئـەبێت هـان بـدرێت لـە هـەنگاونانی زیـاتر بـەرەو دیموکراسـیو هێنانـەدیی مەرجـەکانی ئـەوروپا. هەرچـی سەبارەت بە ئێرانە، سارکۆزی پێی وایە کە ئێران وڵاتێکی ترسـناك نیـە بـەڵکو دەسـەڵاتدارەکانی ترسـناکن بۆیـە ئـەبێت جـەختی لـیٚ بکرێت بـۆ ئـەوەی دەسـت لـە چـڕکردنەوەی یۆرانیـۆم بەمەبەسـتی دروستکردنی چەکی ئەتۆمی هـەڵبگرێت، بـەڵام روایـال لـەوە زیـاتر ئەڕواتو ئەو دژی ئەوەیـە کـە ئێـران ببێتـە خـاوەنی تەکنـەلۆژیای ئەتۆمی ئەگەرچی بـۆ مەبەسـتی ئاشـتیش بێـت چـونکە بـاوەڕ بـەو وڵاتەو سیستەمەکەی ناکرێن.

ئـەوەی لـە گفتوگۆکانـدا بـزر بـوو و قسـەی لـەبارەوە نـەکرا، مەسەلەی عێراق بوو، کە نەخرایە ڕوو چونکە ئەوە سەرچاوەی هیچ کێشەیەك نییە لە نێوان کلاسی سیاسی فەڕەنسادا کە یەکڕاو کۆکن لە بارەیەوە.

فەڕەنسا چاوەڕوانی ڕۆژێکی مێژوویی ئەکات، کە بـە هەڵبـژاردنی سەرۆکی نوێی فەڕەنسا شێوازێکی نوێی سیستەمی سیاسی دەست پیٚ ئەکات، بەڵام هێشتا نهێنیی ئەو ڕۆژە شاراوەیە. فرانسوا بایروو کـە دوابـەدوای کۆتـای هـاتنی گفتوگـۆ ڕووبەڕووەکـەی سـارکۆزی/ روایال تەنها ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئەو لە خولی دووەمدا دەنگ بـۆ

سارکۆزی نادات، بـەڵام لـە هـەمان کاتـدا ئـەوەی ڕانەگەیانـد ئـاخۆ کاغەزی سپی ئەخاتە سنووقی دەنگدانەوە یاخود دەنگ بـە روایـاڵ ئەدات، بۆیە هێشتا کلیلی ئێلیزێ بێ خـاوەن ماوەتـەوە ئەگەرچـی روایـاڵ لەئێسـتاوە ئەگـەری قۆنـاغێکی نـوێی سیسـتەمی سیاسـی فەڕەنسـای ئاشـکرا کـرد ئەگـەر هەڵبـژێردرێت ئـەویش قۆنـاغی پێکەوەکاری دوو هێـزی چـەپو ڕاسـتی ناوەنـدە، روایـاڵ ئامادەیـە وەکو سەرۆکی ئاییندەی فەڕەنسا لەگەڵ ڕاستی ناوەنـد کـار بکـات بەتایبەتی لەگەڵ فرانسوا بـایروو، کـە ئەمـەش قۆنـاغو ئـەزموونێکی نوێ نیشان ئەدات، ئایا فەڕەنسییەکان پڕکێشـی لـەدایکبوونی ئـەو ئەزموونـە ئەکـەن؟ ئەمـەیان ڕۆژی مێـژوویی یەکشـەممە ئاشـکرای ئەکات.

## هەڵبژاردنەکانی فەڕەنسا . . سارکۆزی و ئەنتی سارکۆ

لەکاتێکدا چەپی فەڕەنسا بەتایبەتی سۆشیالیستەکان بەدوای هۆکارەکانی سێهەمین نوشستی خۆیان لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی فەڕەنسادا ئەگەڕێن لەساڵی ١٩٩٥وە تاوەکو ٢٠٠٧، وا دەرئەکەوێت کە کۆمەڵگەی فەڕەنسی سەرباری هەموو کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتیە ناوخۆییەکانی کە فەڕەنسای دابەش کردووە بەسەر دوو سەنگەری دژبەیەکدا، بەڵام تائێستا هەر پەناهەندەیەکی شوناسی لە باوەشی ڕاستدا ئەبینێتەوەو بێهودە لەناو کەلتوری ڕاستدا بۆ چارەسەری برینەکانی ئەگەڕێت. لێرەوەیە کە سارکۆزی بەئاسانی و دڵنیایی لەجەنگی هەڵبژاردنی ٢٠٠٧ بەسەرکەوتوویی هاتە دەرێ و ئێستا فەڕەنسا سەرۆکی خۆیان ئەناسن، کە کەسایەتییەکی سەر بە بەرەی ڕاستە، کە لەهەمانکاتدا بەردەوامی و خەباتکەرێکی نێو مێژووی پەرەسەندنی ڕاستی کلاسیکی فەڕەنسایە، کەپابەندی ئەو مێژووەو بیرو باوەڕەکانی ئەبێت و هیچ نەبێت خەڵکی فەڕەنسا ئەوە بۆ ماوەی دوانزە ساڵە ئەزموونی ڕاستەوخۆی حوکمی یەکلایەنەی ئەو بەرەیە ئەژین، کە وڵاتی خستۆتە گێژاوێکی ئاڵۆزو سەختی چەندین کێشەی ژیانییەوە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا سارکۆزی کاندیدای دابڕان و گۆڕانکاری و

هەڵدانـەوەی مێژووییـەکی نـوێو تەنانـەت تـا ئاسـتی نوێکردنـەوەو بەخشینی شوناسێکی دیە بە ڕاستو هێنانەدیی ئەو بیرو باوەڕانەی بانگەشەی بۆئەکاتو زۆرینەی خـەڵکی فەڕەنسـاش هیـوای خۆیـان لەسەر ئـەو بەڵێنانـەی گۆڕانکـاری بنیـات نـاوەو ئـەوان بـەو شـێوە بەرفراوانـــەو بەشـــدارییە چـــالاکە بێوێنەیـــەی ژیـــانی سیاســـی لـــە فەڕەنسادا دەنگیان بۆ گـۆڕان داوەو چـاوەڕوانی مێژووییـەکی نـوێ ئەکەن.

بەهەر حاڵ سارکۆزی هێندەی لـە نەشـوەی سـەرکەوتندا ئـەژی، هێندەش لە سەختی ئەو ئەرکو پەیامو بەڵێنانەی خـۆی تێئـەگاتو هەست ئەکات کە ئیدی ئێستا سـنوری نێـوان گوفتـاری حەماسـیو تێکـەڵاوبوونی ڕاسـتەوخۆ بـە خـەڵكو بـەڵێنی خـەونئامێزیو تـەنها خواستی کاندیدایەك بۆ دەسەڵات پچڕاوەو ئەشێت ئێستا هەرچەندە سارکۆزی ئیدی پاش گەیشتنە دەسەڵات، ئێلیـزێ ببێتـە قەڵایـەکی مەحکەمو پارێزراوو سنوورێکی سووری نەبەزێنراو لە نێوان خـۆییو جـەماوەردا، بـەڵام لـەو ڕاسـتییە تێئـەگات کـە ئـەبێت وانەیـەك لـە هاوڕێی ڕاسـتڕەوی خـۆی جـان پییێـر رافـاران ی سـەرۆك وەزیرانـی پێشینە وەرگرێت کە وتی (ئەوە شـەقام نییـە کـە حـوکم ئـەکات)و تێبگات کە هیچ کاتێـك گەمـەی دیموکراسـیەت پاسـپۆرتی حـوکمی ڕەها بە دەسەڵات ناداتو ئەوە شەقامە کە نەشوەو تامی حوکم لـە

دەسەڵات ئەفرێنێت. بۆیە ئێستا سارکۆزی پاش سەرکەوتنی لە هەڵبژاردندا چەند ڕۆژێکی هێمنی لە کەنارەکانی ماڵتا هەڵبـژارد کە نەك تەنها بۆ پشوودانی دوای جەنگێکی براوە، بەڵکو لەهەمانکاتـدا هـێمنی دوای سـەرکەوتن بـۆ سـارکۆزی هـەلێکی پێداچـوونەوەی هەموو پرۆگرامو بەڵێنو لێپرسـراوێتیەکانی خۆیـەتی، لەهەمانکاتـدا ئامـادەکردنی ئـەو گروپـەی کـە لـە داهـاتوودا ئەبنـە هـەڵگری ئـەو پـــرۆژەی گۆڕانکارییـــە کـــە لـــە ئێســـتاوە ســـارکۆزی خـــەریکی دابەشـــکردنی ســـەربازەکانی خۆیـــەتی لەســـەر ئـــەو تەختـــەی شـــەترەنجەو هـــەر لـــەماڵتاوە دەنـــگو باســـی هاوکـــارە نوێکـــانی سارکۆزیو پێکهاتەی حکومەتی داهاتووی فەڕەنسا بڵاو ئەبێتـەوە، کـە لەلایەکـەوە بـەدەر نییـە لـە ڕێزلێنـانو خـەڵاتی نـزیکترین ئـەو هاوڕێیانەی کە لە سەنگەری پێشەوەی جـەنگی هەڵبژاردنـدا بـوونو تۆڵەسـەندنەوەو پشـتکردنە هەنـدێك لـەو هاوڕێیانـەی کـە دوودڵ نـەبوون لەبوونـە بەربەسـت لەبـەردەم درەوشـانەوەی ئەسـتێرەی سارکۆزی. لەلایەکی ترەوە وەڵامدانەوەی ناچاری ئـەو کەسـایەتیو باڵانەی دی ناو ڕاست، کە لەسەر بنچـینەی دانوسـتان لەسـەنگەری دووەمی سوپاکەی سارکۆزیدا بوون، دواجار بـەدیهێنانی هاوتاییـەك بۆ بەڵێنەکانی سارکۆزی واتـە کردنـەوەی دەروازەی حکومەتەکـەی داهاتووی بۆ کەسایەتی نوێو تەنانەت دەرەوەی بـەرەی ڕاسـتیش

وەکو ئەو ڕووە نوێیانەی کە هەڵگری پرۆژەی گۆڕانکارییەکەن. ئەم ئەگەرو ڕاستییانە دوای گەڕانەوەی سارکۆزی لە گەشتی حەوانەوەو وەرگرتنی دەسەڵات بە شێوەی ڕەسمی ڕۆژی ١٦ی مایس وەدەر ئەکەوێت.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێ بکرێت کە سەرکەوتنی سارکۆزی لە هەڵبژاردنەکاندا بەرجەستە کرد، بەپلەی یەکەم دارشتنی پرۆگرامێکی وردو وریایانەو دیراسەکراوی سارکۆزی بوو لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیداو خستنەکاری ستراتیژێکی پراگماتیکیو تەنها لە لۆژیکی بردنەوەی جەنگەکەوە بوو بە هەر نرخێك بێتو بەتایبەتی ئیفلیجکردنی بەرامبەرەکەی لەسەر هەموو ئاستەکانی بەرەنگاربوونەوەدا، واتە بە شێوەیەکی ڕوونتر کۆکردنەوەی زۆرترین دەنگی فەڕەنسییەکان بەبێ گوێدانە سەرچاوەی کۆمەڵایەتیو فیکریو ژینگەی ئەو دەنگانەو کەڵکوەرگرتن لە پاشەکشەو دابەشبوونی چەپو پەرتو بڵاویی بەسەر چەندین باڵی جیاوازدا، کە تا دێت پاشەکشەی لەسەر ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی فەڕەنسی تەقلیدی کە هەڵگرو خاوەنی کەلتوری چەپی فەڕەنسان، ڕوو لە زیادبوون دەکات، هەروەها بەکارهێنانی ئەم قەیرانە بۆ زیاتر گێڕانەوەی کۆمەڵگەی فەڕەنسا بۆ باوەشی ڕاست. لێرەوە ئەبینین کە لە بەرامبەر پەرتو بڵاویی چەپدا سارکۆزی

لەلایەکەوە لەو شوێنانەداو لەنێو ئەو کۆمەڵگایانەدا بەرەی خۆی ئەکردەوە کە پێشتر قەڵای بەرگریو وەفاداری چەپ بوونو ئێستا خۆیان خستۆتە قۆناغی خانەنشینکردن لە سیاسەتدا، بۆ نموونە بەشێکی زۆری خەڵکانێکی بەتەمەن کە گەشاوەترینو جوانترین ڕۆژانی سەختو شەرەفمەندانەی بەرگریو فیکری شۆڕشگێری ژیاونو خۆیان بەڕزگارکەری وڵاتەکەیانو هەڵگری بەها ئینسانیەکانی ئەزانن، کە ئێستا لە نێو هاتنەناوەوەی بیرو باوەڕی پراگماتیو کەوتنە گێژاوی جیهانگەریەوە بزر بوونو چەپبوونی خۆیان لەدەستداوەو ئومێدێکیان بە گەڕانەوەی ئەو ڕۆژە گەشانە نەماوە. پاشان سارکۆزی لە هەردوو خولی هەڵبژاردنەکەدا پراگماتیزمانە لەو ڕاستیە گەیشت، کە خەڵکی فەرەنسا هەست بە ئازارێکی ویژدانی ئەنجامی خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ٢٠٠٧ ئەکەنو خۆیان بە لێپرسراو لەو ڕۆژی شەرمە ئەزانن کەبەرەی نیشتمانی بەسەرۆکایەتی جان ماری لوپێن ی ڕەگەزپەرستو دژەبیانی خستە بەرامبەر بەرەی ڕاستی کلاسیك. بۆیە ناخوازن ئەو ئەزموونە دووبارە بکەنەوەو لە ئەڵتەرناتیڤێك ئەگەڕان، کە شوناسو بەها مێژووییەکانی فەرەنسایان پێ ببەخشێتەوە بۆیە لەم ڕاستیەوە سارکۆزی چالاکانە توانی لەهەردوو خولەکەدا لە ئاوی جان ماری لوپێندا ڕاو بکاتو زۆرینەی

هـەرەزۆری لایـەنگرانی بهێنێتـەوە نـاو سـەنگەری خـۆی، ئـەویش بەیاریکردن لەسەر خواستو داواکانیانو پێداگرتن لەسەر سیاسەتی تونـدڕەوی کـۆچو پێشـوازیکردنی بیـانیو هـەروەها گەڕانـەوە بـۆ شوناسی فەڕەنسی تا ئەو ئاستەی کە سارکۆزی بڕیاریـدا لـە کـاتی سەرکەوتنیدا وەزارەتێکی تایبەت بەناوی وەزارەتی کۆچو شوناسی نیشتمانی دامەزرێنێت، کە ئەمە هەرچەندە هەڵاو جەدەلی سیاسـی خوڵقانـد بـە تایبـەتی لای چـەپەکان بـەوەی ئەبێتـە هۆکـارێکی ئاشکرای لێکجیاکردنەوەی فەڕەنسیەکان لەیەکتری لەسەر بنچینەی ڕەگەزو جوگرافیاو ئەتنی، بەڵام ڕێگەی لەوە نـەگرت کـە سـارکۆزی دەنگی زیاتر لە پێنج ملیۆنی لایەنگرانی لوپێن بۆ خـۆی ڕاکێشـێت، ئەگەرچی لە داهاتووشدا بەرەو ڕووی بەدیهێنانی خواستەکانیشـیان ببێتەوە.

لەلایەکی ترەوە هەڵەیەکی ستراتیژی فرانسوا بـایرووی کاندیـدای ڕاستی ناوەند واتە پارتی یو دی ئێف کە نەیتوانی چـۆن کـەڵك لـەو سـەرکەوتنە ڕێژەییـەی خـۆی لـە خـولی یەکـەمی هەڵبژاردنەکانـدا وەربگرێـتو بەشـێوەیەکی سیاسـی دانوسـتانو بەرژەوەندگـەری بـەکاریبهێنێت، دواجـار بـە قـازانجێکی دی سـارکۆزی کەوتـەوە، چـونکە بـایروو نـەیتوانی لـە نێـوان سۆشیالیسـتو سـارکۆزیدا بـە ڕاشـکاوانە بـەرەی خـۆییو هاوپـەیمانی داهـاتووی دیـاری بکـات،

بەتایبەتی لەکاتێکدا کە خۆی خوازیاری هەرچی زیاتر نزیکبوونەوە لەسۆشیالیست بوو، بەڵام وەکو هەڵگری پەیامێکی ڕاستی ناوەند پرکێشی بریارێکی وا ئازایانەی نەکرد کە ئەشێت بەهۆی ترس لەهەڵگەڕانەوەی باڵە موحافیزکارەکەی ناو حیزبەکەی بێت. بۆیە نەیتوانی خودی خۆی ببێتە بڕیاردەری لاسەنگکردنی تەرازووی هێزەکە بەلایەکداو تا دوارۆژ هیچ بڕیارێکی نەداو پاش ئەوەش کە وتی ئەو دەنگ بەسارکۆزی نادا، کارێکی وای نەکردە سەر گۆڕینی ڕەوتی هەڵبژاردنەکە بەلای سیگۆلێن روایالدا لەکاتێکدا لایەنگرانی ئەو نەیانزانی ئەو دەنگی سپی داوە یان ئەگەر دەنگیشی دابێت بە روایال ئەوا دەنگدانێکی شەرمنانەی دوور لە ڕاشکاویو ئازایانەیە، بۆیە فرانسوا بایروو تادواسات سووربوو لەسەر ئەو گەمەیەی کە کلیلی ئێلیزێ لە مستی خۆیدا بهێڵێتەوە، بەڵام سارکۆزی توانی وریایانەو لە هەواوە کلیلەکەی لێبفڕێنێتو بکەوێتە گەمەی لەلایەکەوە ڕاکێشانەوەی هاوڕێ نزیکەکانی بایروو بۆ ناو بەرەی خۆیو لەلایەکی ترەوە پشتبەستن بەوەی کە هێشتا زۆرینەی لایەنگرانی سارکۆزی هەر سۆزو وابەستەییان بۆ بەرەی ڕاست ماوەو خۆیان لە سەنگەری چەپدا دژ بە سارکۆزی نابیننەوە. بۆیە زۆرینەی لایەنگرانی بایروو لە خولی دووەمدا خۆیان تەنیاو وێڵ بنینیەوە لە نێوان هەڵبژاردنی سارکۆزیو روایالدا، کە دواجار

بەشێکی زۆریان هاتنەوە باوەشی ڕاستو پـەیمانی دۆسـتایەتیەکی نوێیان لەگەڵ روایالدا بنیات نەنا، کە ئەشـێت بـایروو لـە داهـاتوودا مەبەستی بێت، بەڵام بۆ روایال ئەو هاوپەیمانێتیە چاوەڕوانکراوە بۆ ئەم جەنگی هەڵبژاردنە مەبەستو بەمانا بو،و چونکە بۆ بردنـەوەی جەنگەکـە روایـال پێویسـتی بـە دوو بەشـی لـە دەنگـەکانی بـایروو هەبوو، کە دواجار سارکۆزی لێـی فڕانـد. ئـەوەی ئێسـتا چـاوەڕوان ئەکرێت، ئەوەیە کە بایروو خەریکی دڕاشـتنی سـتراتیژێکی دیکەیـە بۆ داهاتووی هێزە سیاسییەکەی خـۆیی‌و کردنـەوەی هاوپـەیمانێتی لە ئاییندەدا، ئەویش دامەزراندنی حیزبێکی سیاسی نوێیە بە نـاوی بزوتنەوەی دیموکراسـی کـە هیـوای ئـەوەی لێئـەکات ببێتـە هێـزی سیاسی سێهەمو دواتر لەدوای ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانـدا لـە داهـاتوودا پـاش زانـینی قورسـایی خۆیـ ئەوسـا هاوپـەیمانو دۆستەکانی خۆی دیاری بکات.

هۆکـارێکی تـر کـە سـەرکەوتنی سـارکۆزی ئاسـان کـرد لـە هەڵبژاردنـدا، لەلایەکـەوە دابەشـبوونی بـەرەی چـەپی فەڕەنسـی بەسـەر چـەندین لایـەنی لەیەکـدی تێنەگەیشـتوو و بەگشـتی لاوازی بزووتنــەوەی چــەپو پاشەکشــەی لەناوەنــدی چــالاکی سیاســی فەڕەنساو لەلایەکی دیەوە قەیرانی پارتی سۆشیالیسـتی فەڕەنسـاو پەرتپەرتبوونی بەسەر چەند باڵێکی زۆر جیـاواز لەیەکـدی تـا سـەر

ئاستی ئەوەی کە شوناسی پارتی سۆشالیستی فەڕەنسای خستۆتە بەردەم پرسیارەوە.

سۆشیالیستەکانی فەڕەنسا، سەرباری ئەوەی کە روایال بەتوانایەکی جیاوازو جێی سەرسوڕمانەوە توانی سەرکردایەتی پارتی سۆشیالیست لە خولی یەکەمداو ڕابەری سەرجەم چەپی فەڕەنسا بکات لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەداو لە ئاستێکی شەرفەمەندانەو بە هێزێکی خۆئامادەکەر بۆ داهاتوو لەو جەنگە بێتە دەرێ، بەڵام بۆ سێهەمین جار نوشستی پارتی سۆشیالیست بۆ گەیشتن بە دوائاستی دەسەڵات لە فەڕەنسادا بە لای هەموو سۆشالیستەکانەوە مانای کارەساتو دەرئەنجامی قەیرانێکی بونیاتی شوناسی سۆشیالیستە لە فەڕەنسادا، کە ئەمە زەنگێکی ترسناك بوو بەوەی کە ئەبێت پێش گۆڕانکاری لە سیستەمی فەڕەنسادا گۆڕانکاری لە بیرو باوەڕو ستراتیژو میتۆدی سۆشیالیست خۆیدا بکرێت.

ڕاستە کە هەرچۆنێك بێت پارتی سۆشیالیستی فەڕەنسا تا ئێستا تاکەهێزی بەرامبەرو کێبڕکێی ڕاستە لە فەڕەنسادا، بەڵام ئەوە سێهەمین هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیە کەهەر لە ئاستی ئۆپۆزیسۆندا خۆی ئەبینێتەوە. ئەمەش بەشێوەیەکی سەرەکی ئەگەر دەربڕی قەیرانێکی ڕاستەوخۆی سۆشیالیست نەبێت، بەڵام بەگشتی لاوازیو

پاشەکشەی چەپی فەرەنسا نمایش ئەکات، کە سۆشیالیست تا ئێستا ڕابەری ئەو بەرەیە بووە لە هەموو پرۆسە دیموکراسییەکاندا. بۆیە لەداهاتوودا بەردەوامبوون لەسەرئەم شێوازی بەرەیی‌و هاوپەیمانێتیە سۆشیالیست ڕزگار ناکات. چونکە جەوهەری قەیرانەکە بەپلەی یەکەم لەباڵە جیاوازەکانی چەپدایە بە تایبەتی چەپی ڕادیکال، بۆنموونە تێبینی ئەکرێت کە پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا، کە هاوپەیمانێکی تەقلیدی پارتی سۆشیالیست بووە لە پێشوودا، ئەوە ماوەی چەندین ساڵە لە پاشەکشەو داخران بەسەر خۆیی‌و لەدەستدانێکی بێشوماری جەماوەری کۆمۆنیستدایە تا ئەو ئاستەی کە ئەو ڕێژەیەی لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستی دێنێت، جێگەی متمانەو هاوپەیمانێتی نییە. بەهەمان شێوە سەوزەکانی فەرەنسا لە نزمترین ئاستی جەماوەریدا ئەژین، جگە لەوەی چەپی ڕادیکالی فەرەنسی لە هێزە ترۆتسکی‌و ئەنارشیستەکان کە هێشتا واز لە خەونی کۆمۆنیزمی ئەنتەرناسیۆنال ناهێنن، هەرگیز ناکرێت وەکو هاوپەیمانی گرنگی پارتی سۆشیالیست سەیر بکرێن، بۆیە ئەبینین لەکاتێکدا ئێستا ڕاست لە بەرەیەکی توندو بەهێزدا خۆی کۆکردۆتەوە، ئەوا چەپ لاوازو هاوپەیمانتیەکی لەرزۆک‌و بێ پرۆگرامی پێکەوە ناوە، ئەمەش هۆکارێکی نوشستی هەڵبژاردنەکە بوو.

ئێستا بە تایبەتی پارتی سۆشیالیستی فەڕەنسا کەوتۆتە بەردەم پرساری خۆنوێکردنەوەو گۆڕانکاری لەسەرجەم پێکهاتەی حیزبیو پەیڕەوو پرۆگرامی فیکریشدا، کە بە ڕای هەندێك لە ڕابەرەکانی نائامادەیی ئەو شەفافیەتی فیکرو پرۆگرامەی سۆشیالیست هۆکارێکی گرنگی دۆڕانی هەڵبژرادنی سەرۆکایتیەکە بوو، کە تیایدا سیگۆلێن روایال تا ڕادەیەکی زۆر گۆشەگیرانە پرۆگرامی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی خۆی دارشتبوو، ئێستا پارتی سۆشیالیست سەرگەرمی پێداچوونەوەی خودو گەڕان بەدوای شێوازی ڕیفۆرمو گۆڕانکاریو دۆزینەوەی هاوپەیمانی نوێدایە، بەلای دۆمۆنیك سترۆسکانی هەڵگری بیرۆکەی ڕیفۆرمی ڕادیکاڵەوە ئەبێت پارتی سۆشیالیست ببێتە پارتێکی مۆدێرنی سۆشیال دیموکرات، کە بتوانێت وەڵامی پرسە زیندووەکانی ئێستای فەڕەنساو دنیا بداتەوە، بە لای لۆران فابیۆسەوە نابێت گۆڕانکاری سۆشیالیستەکان بخاتە ئاستی خیانەتکردن لە بنەماو چەمکە بنچینەییەکانی چەپ. لەم نێوەندەدا بێرنارد کۆشنەر هاوار ئەکاتو نیگەرانە بەوەی کە کەس گوێی لە پەیامی ئەو نەگرت کاتێك داوای لە سۆشیالیست کرد هاوپەیمانی لەگەڵ ناوەندی ڕاستدا ببەستێت، بۆیە ئێستا دووپاتی ئەکاتەوە کە ئەگەر پارتی سۆشیالیست خوازیاری ڕیفۆرمو خۆنوێکردنەوە بێت، ئەوا ئەبێت بیر لە

هاوپــەیمانی نــوێ بکاتــەوەو چــیتر نەڕوانێتــە چــەپی ڕادیکــاڵو کۆمۆنیستەکان وەکو لایەنەکانی ئـەو بەرەیـە، بـەڵکو ئـەبێت ڕووی خۆی بکاتە ناوەندی ڕاست. هەرچۆنێك بێـت، سـیگۆلێن ڕوایـال بـە گەشبینی وەڵامی نوشستی خۆی دایەوەو هێشتا چـۆکی دانـەداوەو ئەوەی ئاشکرا کرد کە (شتێکی نوێ سـەریهەڵدا کـە ڕاناوەسـتێت)، ئەمەش پەیامی ئەوە بۆ خۆئامادەکردن بۆ جەنگەکانی هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی، کـە لەوانەیـە دووبـارە تـەرازووی هێـزە سیاسـیەکان تێکبداتــەوەو فەڕەنسـا بخاتـەوە نـاو بازنـەی شـێوەی سیسـتەمی سیاسـی پێکـەوە حـوکمی نێـوان سـەرۆکی وڵات لەگـەڵ سـەرۆکی حکومەتی هێزی سیاسی زۆرینە لە پەرلەماندا.

ئەگـەر بگەڕێینــەوە بـۆ دوا گوتـاری سـەرکەوتنی سـارکۆزی لـە هەڵبژاردندا کە ئاراسـتەی جـەماوەری فەڕەنسـای کـرد، پێـداگرتنی بـوو لەسـەر گەڕانـەوە بـۆ بـەها کـەلتوریو دێرینـەکانی فەڕەنسـاو خۆنمایشــکردن بــەوەی کــە ئــەو ئەبێتــە ســەرۆکی هــەمو گــەلی فەڕەنسـاو ڕێـزی هـەموو نـەیارانی ئـەگرێت، چـونکە ئەمـە بنـەمای لێبوردەییو گەمەی دیموکراسیە. بۆیە سارکۆزی زیاتر لەو وتارەیدا وەکو سەرۆکێکی میللی خۆی ئاڕاسـتەی گـەلی فەڕەنسـا کـردو بـۆ ساتێك ویستی کێشە ناوخۆییەکانیان لەبیر باتەوەو جـەخت لەسـەر شوناسو هەیبەتو مەزنی کـەلتوری فەڕەنسـا لـە دنیـادا بکاتـەوەو

ئەو خۆشەویستییە نیشانی گەلی فەڕەنسا بداتەوە. بۆیە زیاتر گەڕایەوە بۆ گێڕانەوەی ڕۆڵی فەڕەنسا لە ئەوروپاو ناوچەی دەریای ناوەڕاستو ئەفەریقاو بەگشتی لە دنیادا بۆ بیرخستنەوەی بەهای فەڕەنسیبوون. سارکۆزی ئەمجارە نەك گەلی فەڕەنسا، بەڵكو هەموو گەلانی چەوساوەو دژە دیکتاتۆرو تووشی نەهامەتی خستە بەردەم هیوای ئەوەی کە لەمەودوا ئەتوانن پشت بە فەڕەنساو هاوڕێیەتی فەڕەنسا ببەستنو فەڕەنسا پشتیان تێ ناکات. بەڵام ئەگەر سەیری نەخشەی سیاسی دابەشبوونی قورسایی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی فەڕەنسی بکەین لە هەڵبژاردنەکەدا لە نێوان چەپو ڕاستدا، ئەوا دیسانەوە نەخشەیەکی دابەشبوو بەسەر دوو شێوازی جیاواز لە ئاستی ژیانو بیرکردنەوە ئەبینین، کە ئایندەی فەڕەنسا دوور ناخاتەوە لەدووبارەبوونەوەی پێکدادانو بەرامبەر وەستانەوەی دوو بلۆك بەرامبەر بەیەکدی، کە ئەویش بلۆکێك کە داوای گۆڕینی ڕاستەقینە ئەکاتو ئەو شێوە سیستەمە ڕەت ئەکاتەوە لەبەرامبەر بلۆکێکدا، کە گەڕانەوە بۆ سیستەمە کلاسیکییەکە بە چارەسەر ئەزانێت. ڕاستە سارکۆزی سەرکەوتنێکی ئاسانی بەدەستهێنا، بەڵام ئەو هێزو پێکهاتە کۆمەڵایەتییانەی لە پشتی سەرکەوتنی سارکۆزیەوەن، هێزێکی پاسیڤو سەقامگیرو ئارامیخوازو نەوەیەکن، کە ئەتوانن لە ڕێی

سندووقەکانی دەنگدانەوە بیرو باوەڕی بێدەنگی خۆیان بسەپێنن، بەڵام توانای چالاککردنو بزواندنی ڕووداوەکانیان نییە، لەبەرامبەردا ئەو پێکهاتانەی دەنگیان بۆ سیگۆلێن ڕوایال دا، ئەوانە پێکهاتەی زیندوو و چالاکی کۆمەڵگەی فەڕەنسین، کە توانای دروستکردنی ڕووداوو سەپاندنی گۆڕانکاریان هەیەو ئەوەی لە ڕێگەی سنوقەکانی دەنگدانەوە بۆیان فەراهەم نەبێت، ئەوا لە ڕێگەی شێوازی شۆڕشگێریانەو کەلتوری ڕەتکردنەوەو خرۆشاندنی شەقامەوە بەدی ئەهێنن. لەکاتێکدا جەماوەری سارکۆزی لە گەڕەکە قەشەنگو باڵەخانە دەوڵەمەندو کلاسە سەرمایەدارو بۆرژواو نەوەیەکی بەتەمەنو شەوانی ڕۆمانسیو ئاهەنگو جێت سێت دان، ئەوا جەماوەری چەپ لە گەڕەکی کەنارەکانو ناوچە میللیو شەقامەکاندان، کە ئەمەش مانای دوو بەرەی جیاواز بەیەکدی نیشان ئەدات.

بە شێوەیەکی ڕوونتر، ئەگەر دابەشبوونی چینو توێژەکان لەهەڵبژاردندا لە یەکدی جیابکەینەوە، ئەوا بەم شێوەیەیە:

زۆرینەی هەرەزۆری لاوان لە تەمەنی نێوان ١٨ تا ٢٥ ساڵ دەنگی خۆیان بە سیگۆلێن روایال داوە، کە ئەمانەش خوازیاری ڕاستەقینەی گۆڕانکاریو بزێوترین توێژی کۆمەڵن. زۆرینەی ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان ٣٠ تا ٥٠ساڵیدایە هەردەنگیان بە

روایال داوە لەکاتێکدا زۆرینەی هەرەزۆری خەڵکانی تەمەن شەست ساڵ بەرەو ژوور کە توێژێکی ئارامن‌و چاوەڕوانی گۆڕانکاری ناکەن، دەنگی خۆیان بە سارکۆزی داوە. زۆرینەی خـەڵکی ناوچـە میللـی‌و قەراغشارەکان کـە بـە بـانلیو ناسـراون، دەنگیـان بـە روایـال داوە، چونکە هێشتا وەك خۆیان ئـەڵێن جنێـوو تەوهینـەکانی سـارکۆزیان لەبیر نەچۆتەوە کـە منـاڵانی ئـەم گەڕەکانـەی بـە چـەورەو بـازاڕی وەسـف کـرد. زۆرینـــەی چـینی کرێکـارانو هێـزی کـار، توێـژی پەروەردە لە مامۆستایان‌و خوێندکارانی زانکۆو ڕۆشـنبیرانی فیکـرو زانست دەنگیان بە روایال داوە، ئاشکرایە ئەم پێکهاتانـە کۆڵەکـەی سەرەکی کۆمەڵگەن‌و ئەمان بەرژەوەندی بنەڕەتیان لە گۆڕانکاریـدا هەیەو هەر ئەمانەش هێزی چالاکی خولقاندنی گۆڕانکـارین. کەواتـە هێشتا چەپ هەموو جەنگەکەی نەدۆڕاندووەو لە خۆئامادەکردندایـە بـۆ وەرگرتنـــەوەی تۆڵـــەی خـــۆی لـــە هەڵبژاردنـــەکانی داهـــاتووی پەرلەمانـدا، کـە دوای مـانگێکی تـر سـاز ئـەکرێت. بۆیـە سـەرباری دیموکراسیەت‌و شەرعیەتی دەسەڵات لە ڕێگەی دەنگدانەوە هێشـتا خەڵکی فەڕەنسا وابەسـتەو داهێنـەرەوەی کـەلتوری ڕەتکردنـەوەو شۆڕشـگێریانەی هـەموو ئـەو شـتە نەخوازراوانـەن، کەدەسـەڵات بەسـەریاندا ئەسـەپێنێت. کەواتـە سـەرباری دەنگـدانیش هـیچ پەیمانێکی پیرۆزو نەگۆڕ لـە نێـوان دەسـەڵات‌و شـەقامدا نییـە، کـە

نازانرێت کامیان حوکم ئەکەن. ئەوەی لە نەشوەی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکەدا دەسگاکانی میدیا گرنگیەگی زۆریان پێ نەدا، دووبارە هەڵچوونو تورەییو خۆنیشاندانی لاوانی دژە سارکۆزی بوو لەزۆربەی شارەکانی فەرەنساو کەنارەکاندا، کە لەئێستاوە نەوەیەکی نوێی ڕەتکەرەوەی بەناوی(ئەنتی سارکۆ)وە خستۆتە سەر شەقامەکان.

## لە دەستدانی باوەڕ لە نێوان دەسەڵاتو گەلی فەرەنسادا

ئەم ڕۆژانەی مانگی ئایاری ٢٠٠٦ فەرەنسا ساتەکانی بەدبەختیو شەرم ئەژی کە یادەوەری خەڵکی ئەگەڕێنێتەوە بۆ ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٤، کە بەڕۆژی شەرم لە فەرەنسادا ناسراو تیایدا هێزی چەپو بەتایبەتی سۆشیالیستی فەرەنسی نوشوستیەکی مێژووییان بەسەرهات لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی فەرەنسادا. لەدەرئەنجامی ئەو نوشوستیەی سیاسیو ئەخلاقیو کەلتوریەی فەرەنسادا کە تەنها کارەساتێك نەبوو بۆ هێزی چەپ، بەڵکو بۆ بەرەی ڕاستیش کە ئەویش بە ئەنجامێکی شەرەفمەندانەوە لە هەڵبژاردن نەهاتە دەرێ لە بەرامبەر بەرەی ڕاستڕەوی توندڕەوو ڕاسیستدا بەسەرۆکایەتی جان ماری لوپێن، کە تاکە براوەی ئەو ڕۆژە شەرمەی فەرەنسا بوو، لیۆنێل جۆسپانی سۆشیالیست، هیچ

نــــەبێت، وەکـــو وەفایـــەك بـــۆ ئایـــدیاو کـــەلتوری ئینســـانیو سۆشیالیستانەی خۆیو مێژووی بزووتنەوەی چـەپ لـە فەڕەنسـادا کەلەسەر بنچینەی بەها ئەخلاقیە مرۆییو جیهانیەکان خۆی بنیـات ناوە، بە وانەیەکی ئەخلاقیەوە خۆی لە دنیای سیاسەتو ململانێـی سیاسی کێشـایەوە لـە وڵاتێکـدا کـە بنـەماو چـەمکەکانی سیاسـەت تیایدا لەپیسیو گڵاویو درۆو پیلاندا نقووم بـوون. گـەلی فەڕەنسـا بەدبـەدختی ئایـاری ٢٠٠٢ی بـە هۆشـیاربوونەوەیەکی جـەماوەریو گەڕانەوە بۆ بـەها مرۆیـیو کەلتوریـەکانی فەڕەنسـا وەڵام دایـەوە، کەزوو خەونی جان ماری لوپێنی کۆتایی پێهێنـاو ئـاڵای فەڕەنسـاو دروشمـەکانی ئـازادی، دادپـەروەری، عەدالـەتی ڕزگـارگرد. بـەڵام ئەمجارەیان بەدبەختی ئایاری ٢٠٠٦ سەراپای فەڕەنسای گرتۆتەوە لەکاتێکـدا بـەرەی ڕاسـتڕەوی حـوکمڕانی خسـتۆتە سـەرکەناری هەڵدێرێکی ئەخلاقیو سیاسـییەوە، لەهەمانکاتیشـدا بـەرەی چـەپ کە لە بەشێکی ئەم شەرمەی ئێستای فەڕەنسا بەدوور نییە، ئەویش لە بۆشاییەکی سیاسیو نائامادەیی کاریزمایەکدا ئەژی، کە بتوانێت ئەم ڕۆژانەی شەرمی فەڕەنسا ڕزگار بکـاتو بـاوەڕو دڵنیـایی گـەلی فەڕەنسـا بـە سـەرکردەو سیاسـەتمەدارو سیسـتەمە سیاسـیەکەی بگەڕێنێتەوە کە لە دەستیداوە. پردی دڵنیایی نێوان گەلو ڕابـەران بـە ڕادەیـەك پچـڕاوە، کـە فەڕەنسـیەکان خۆیـان لـە بۆشـاییەکی

سیاسی بێ سەرکردەو ڕابەردا ئەبیننەوەو دەشێت چاوەڕوانی کاریزمایەك بکەن هەڵگری بەها ئەخلاقییەکان بێت، نەك وێنەی گلاوی درۆو پیلانی سیاسەت بۆ گەیشتنە دەسەڵات. فەرەنسییەکان چاوەڕوانی مەسیحێکن ئاکارو لێبوردەیی‌و ڕاستگۆییان فێر بکاتەوە. بۆ کەسێك ئەگەڕێن کە قەترەی شەرمی تکاویان هەڵگرێتەوەو لەم گێژاوە سیاسییەی ئێستا سەرکردەکانی تیایدا ئەژین. پرسیاریش ئەوەیە ئایا ئەمە جارێکی تر ڕێگە بۆ زیندووبوونەوەی خەونی بەرەی ڕاسیست‌و سەرکردەکەی جان ماری لوپێن خۆش ناکاتەوە، کە لە ئێستاوە بانگەشەی هەموو فەرەنسا ئەکات دوای پەیامەکەی بکەون بۆ ڕزگارکردنی فەرەنسی لەو قەیرانەی تێیدا ئەژی؟ پاش شکستی حکومەتی ڕاستڕەو بەڕابەری حیزبی (یو ئێم پێ– یەکێتی لە پێناوی بزوتنەوەیەکی میللیدا) لە بەرامبەر توڕەیی نەوەی لاوان‌و خوێندکاران‌و سەندیکاو هێزەکانی تری ئۆپۆزیسیۆندا، کە پرۆژەیەکی یاسای کاری نوێی لە گۆڕ نا، ئەو ساتە ئەگەری گۆڕینی حکومەتی دوڤیلپان‌و دەستکێشانەوەی بووە گفتوگۆیەکی سیاسی، بەڵام نە شیراك گۆڕانکاری لە حکومەتدا کردو نە دوڤیلپان دەستی لە کار کێشایەوە. ئەم ڕۆژانەش دیسانەوە ناوەندی سیاسی دەسەڵاتداری فەرەنسی قەیرانێکی ئاشکرای نێوان برا دوژمنەکان ئەژی، کە چیتر

ناتوانێت دەمامکی بکاتو ئەو ململانێو پیلانکارییانەی ناو سەرانی دەسەڵات بشارێتەوە، کە هاتۆتە ئاستێکەوە بەشێوازی مافیایانە فێڵو پیلان لە یەکتری ساز ئەکەن، بە تایبەتی لە نێوان دوو کەسایەتی دژبەیەکی ناو حکومەت، کە ئەویش کەسایەتی پلەیەك دوڤیلپانی سەرۆك وەزیرانو کەسایەتی دووەم سارکۆزی وەزیری ناوخۆو سەرۆکی حیزبە، کە لەکاتێکدا دوڤیلپان خۆی لەناو قەڵای پارێزراوی شیراکدا پرچەك کردووە، ئەوا سارکۆزی لە بەرامبەریدا لەناو بەرەی حیزبدا سەنگەرێك لە وەفای ئەندامان هەڵئەچنێت.

بەڵام ئەوەی قەیرانەکەی سەختتر کردووە، ئەوەیە کە تێڕوانینێك لە ئارادایە، کە دەڵێت حکومەت هیچ باوەڕێکی نەماوەو ناکرێت بەم گومانانەوەی لای خەڵك دروستبووەو بەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی نێوان ڕابەرەکانیەوە بەردەوام بێتو حوکم بکات وەك ڕابەری چەپەکان فرانسوا هۆلاندی سکرتێری پارتی سۆشیالیست ئەڵێت: چ وێنەیەك نیشانی فەرەنسا ئەدەن بەم جۆرە، کە حکومەت هیچ باوەڕێکی نەماوە. بەڵام سەرباری ئەم هێرشانە، دیسانەوە نە حکومەت گۆڕانکاری تێدائەکرێتو نە دوڤیلپان دوای ئابڕووچوونی (کلێرستریم) دەست لەکار ئەکێشێتەوە. بەڵکو دووبارە بەرەی ڕاستی حوکمڕان ئەخوازێت بە هەندێك دانوستانو سازشکاری نێوان سەرانی خۆی ئەو وێنە شەرمنانەیەی خۆی

بشارێتەوە، کە لە بۆشاییدا حوکم ئەکاتو ئێستا لە فەڕەنسادا ئەوەی هەیە، مانەوەی چوارچێوەی حکومەتێکە کە لەناوەوەی خۆیدا لێکداپچڕاوو هەرەس هێنراوە.

فەڕەنسا پێ دەنێتە قەیرانێکی نوێی ترەوە، کە لە ئێستاوە دەنگو بانگەشەو داواکاری لە لایەن هەموو ئاستەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە بەرز کردۆتەوەو داوای هەڵوەشانەوەی حکومەتو سازدانی هەڵبژاردنێکی پێشوەخت ئەکات بۆ دەرچوون لەم قەیرانە، ئەمە ئەگەری دووبارە فراوانبوونی ئاستی داواکارییەکانو دوبارە وروژاندنی شەقامی هەیە، کە ئەشێت فەڕەنسا بخاتەوە ناو گێژاوێکی تری هەڵچوونو یاخیبوونو ڕاپەرینەوە.

دوو مەسەلەی نوێ دەروازەی ئەم قەیرانە نوێیەیان کردۆتەوە کە تیایدا هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنو چەپی سۆشیالیستیو ڕاستی میانڕەو، چەپی شۆڕشگێڕیو توندڕەو، بەرەی ڕاستی توندڕەوی ڕەگەزپەرست کێبڕکێی پڕکردنەوەی ئەوبۆشاییەی لەدەستدانی باوەڕی حکومەتی ئێستاو توڕەیی خەڵك ئەکەن لەو سیستەمەی فەڕەنسا بەڕێوە ئەبات. ئەوانیش ئابڕووچوونی کلێرستریمو گفتوگۆی پرۆژەی یاسای نوێی کۆچە لە فەڕەنسا.

کلێرستریم کە بە واتەرگێتی فەڕەنسی ناو ئەنرێت، ئەوەیە کە دەشێت بە بڕیاری شیراكو دوڤیلپان دەزگاکانی زانیاری فەڕەنسی

لێکۆڵینـەوەیان لەسـەر چـەندین کەسـایەتی سیاسـی فەڕەنسـی لـە چەپو ڕاست لە ناویاندا چەندین وەزیـرو لـە پێشـیانەوە سـارکۆزی ئـەنجام دابێـت، بـەوەی کـە ئەشـێت بەڕێگـەی نایاسـایی حسـابی تایبـەتیان لـەدەرەوەی فەڕەنسـا کردبێتـەوە لـە ڕێـی کۆمپانیـای کلێرستریمی لۆکسـمبورگییەوە، کـە تایبەتـە بـە هێنـانو ئـاڵوگۆڕو سپیکردنەوەی پارە. پرسیارەکە لەوەدایە بۆچی ناوی کەسـایەتییە سیاسییەکانی فەڕەنساو لەسەرووی هەموویانەوە سارکۆزی دوژمنی دوڤیلپان لەناو ئەو لیستی گومانلێکراوانەدایـەو کـێ لـە پشـتی ئـەو پیلانە سیاسیەوە خـۆی حەشـارداوە بـە مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی دەسکەوتی سیاسی کەسایەتیو لایـەنێك لـە بەرامبـەر ئـابڕووبردنی سیاسییانەی کەسانو لایەنی تـر لەکاتێکدا کـە لەسـەرەتای سـاڵی ٢٠٠٧وە خۆئامادەکاری بۆ هەڵمەتو پروپاگەندەی هەڵبژاردنـەکانی سەرۆکایەتی فەڕەنسا دەست پـێ ئـەکات، کـە چـەندین کەسـایەتی سیاسی چەپو ڕاست ئەبنە جەنگاوەری ئەو شەڕەو لە نێـو لیسـتی ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەنجام دراوە ناوی سارکۆزی، لۆران فابیۆس، دۆمینیك سترۆسکان، شڤێنمەو ئـالیۆ مـاری هـاتووە، کـە هــەموویان لــە هەڵبــژاردنی داهــاتووی ســەرۆکایەتی فەڕەنســادا بـوونێکی چـالاکیان ئـەبێت؟ لەکاتێکـدا پـەنجـەی تـاوان ئاڕاسـتەی هەریەکە لە جاك شیراكو دوڤیلپانی سەرۆکی حکومەت ئەکرێت، کە

ئەوان بڕیاری ئەو جاسوسییە سیاسییەیان دژی ئەو کەسایەتیانە دابێت، کەئەمەیان ئەبێت دادوەری شەرعی یەکلایی بکاتەوە، کە ئێستا لێکۆڵینەوە تیایدا بەردەوامە، بەڵام سەرباری بەکارهێنانی ئەم ئابڕووچوونە سیاسییەی حکومەتی ڕاست لە لایەن چ لەناو ڕاست خۆیدا لە بەرەی دژە شیراکو دوڤیلپانو چ لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی چەپو ڕاستی توندڕەوەوە بە زیاتر ئابڕووبردنی حکومەتو بەرەو هەڵدێربردنی بەداوای هەڵوەشاندنەوەی حکومەت، بەڵام ئەوەی وەکو ڕاستییەکی تاڵ چاوەڕوان ئەکرێت، ئەوەیە یەکەم: لەم گێژاوو قەیرانەی هێزی دەسەڵاتدارو ئۆپۆزیسۆنەکانیدا ئەوەی ئەشێت بەشێکی زۆری ئەو ونبوونەی گەلی فەرەنسیو ئەو شیرازە تێکچوونەی پێببرێت، ئەوە بەرەی ڕاستی توندڕەوی حیزبی بەرەی نیشتمانی جان ماری لوپێنو لایەنە دۆستەکانی تری بن، کە ئێستا زۆر کار لەسەر لەدەستدانی بڕواو دڵنیایی حکومەتی ڕاستو ئەو هێزانەی تریش ئەکەن، کە لە فەرەنسادا پیادەی دەسەڵاتیان کردووە. چونکە پێئەچێت پاش ئەوەی هەیبەتی سیاسی لایەنەکانی تر تێکشکاوەو تادێت لە ڕاپرسیەکاندا ئاستی جەماوەری ئەو کەسایەتیانە هەر لە شیراکەوە تا دوڤیلپانو ئەوانی تر بۆ کەمترین پلە دێتە خوارێ، ئەوا ئەگەرێك هەیە کە دیسانەوە ئاستی جەماوەری بەرەی ڕاستی ڕاسیست وەکو ساڵی ٢٠٠٢ بەرز بێتەوەو

ئەشێت فەرەنسییەکان لەم گێژاوەیاندا کە نازانن بەرەو کوێ ئەچن، هەلێك بخەنە بەردەم ئەو هێزە نوێیە، کە بانگەشەی نیشتمانپەروەریو گەڕانەوە بۆ ڕەگەزی شوناسی فەرەنسیو ئەوروپیانەی فەرەنسییەکان ئەکاتو بەو جۆرە فەرەنسا لەهەموو بەها ئینسانییە جیهانییەکانی دائەبڕێت. دووەم: دووبارە ئەم ئابڕووچونە داخراویی شێوەی تاکرەویو نادیموکراسیەتی سیستەمی سیاسی فەرەنسا نیشان ئەداتەوە لەڕووی ئیداریو کارکردنی سیستەمی دەسەلاتەوە وەکو قەلایەکی سەختو پارێزراو، کە بە پێچەوانەی زۆر سیستەمی سیاسی دیموکراسی وەکو ئەوروپاو ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە کە لێپرسینەوەی دەسەلاتدارانو سەرکردەکان ئاشکراو لە سنووری دەسەلاتی دادوەریدایەو توانای لەکارخستنو لابردنی بەرزترین دەسەلاتی سیاسی هەیە لە کاتی ڕوودانی فەزیحەیەکدا، کەچی فەرەنسا بە پێچەوانەوە سەرکردەکانی خۆی لە قەلایەکی سەختدا ئەپارێزێت دژی هەموو بەدواداچوونێکی یاسایی، کە ئەم ئابڕووچوونەی کلێرستریم نیشاندانەوەیەکی ئەو سیستەمە پارێزراوو پیرۆزکراوەیە، کە تەنانەت ئابڕووچونەکانیش ناتوانێت پێگەی دەسەلاتو سەرکردەکان لێژبکات. ئەمەش هەندێك فەزیحەی تری فەرەنسامان ئەخاتەوە بیر، کە بەبێ سزا تێپەڕیوون، لەوانە شیراك

خۆی کە لەو ماوەیەدا عومدەی پاریس بووە چەندین ملیۆن یۆرۆی هەر لەمەسرەفی رۆژانەی خۆیو سەفەرو هاتوچۆی خێزانیدا سەرف کردووەو جگە لە رۆڵی ئەو لە مەسەلەی بەرتیل لە پرۆژەکانی خانووبەرەی سۆشیالی پاریسدا. هەروەها ئەو هەڵاو قسانەی بەدوای چەندین کەسایەتی سیاسی فەرەنساوەن، لەوانە شارل پاسکوای کۆنەوەزیرو جان پییێر شێڤێنمە، کە کۆبۆنی نەوتو پارەیان لە چوارچێوەی بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراکی عێراقدا وەرگرتووە. چەندین هەڵای تر بە دەوری کەسایەتییە سیاسییەکانی ترەوە، کە داخراویی سیستەمەکە رێگای بەدواداچوونی لێگرتوون.

مەسەلەیەکی تر کە دیسانەوە فەرەنسا ئەخاتەوە ناو قەیرانو پێکدادانێکی ترەوەو ئەگەری دووبارە خرۆشانی شەقامی لێچاوەڕوان ئەکرێت، مەسەلەی پرۆژەی یاسایەکی نوێیە کە لەلایەن سارکۆزی وەزیری ناوخۆوە سەبارەت بە کۆچو کۆچباری پێشکەشی پەرلەمانی فەرەنسی کردووەو چەند رۆژە گفتوگۆی لەسەر ئەکرێت بۆ متمانەپێدانی. ئەم پرۆژەیە ئەگەرچی ئابڕووچوونی کلێرستریم هەندێك رۆشنایی میدیایی لێسەندووە، بەڵام گرنگییەکی زۆر زیاتری لەو مەسەلەیە هەیە، چونکە ناکۆکییە سیاسیو ئایدۆلۆژییەکانی نێوان هێزە سیاسییەکانی فەرەنسا

ئەتەقێنێتەوە، دووبارە پێکدادانەکان ئەخاتەوە ڕوو. ئـەم پرۆژەیـە پەیوەندیی بە سەرجەم کۆمەڵگـەی فەڕەنسـییەوە هەیـەوە، چ ئـەو کەسـانەی بـە ڕەگـەز بیـانین کـە ئـەم یاسـایە مامەڵەیـەکی نوێیـان لەگەڵـدا ئـەکاتو بـە تێڕوانینێکـی تـر سـەیری کەسـایەتی بیـانیو کۆچەری بیانی ئەکات لە فەڕەنساداو چ بـۆ خـودی فەڕەنسـییەکان خۆیان، کە هەڵوێست لە ناوەڕۆکی ئەم یاسایە وەرئەگرن سەبارەت بە ئاییندەی فەڕەنساو تێـڕوانینی بـۆ بیـانیو کۆچـەرانو هـەروەها مامەڵکردنی لەگەڵ کێشەی کـۆچ، کـە ئێسـتا لـە هـەموو ئـەورووپادا کێشــەیەکی ســەرەکیە لــە ڕووی جیّلێــژکردن بــە هاونیشــتمانی ئەسڵییەوەو کێبڕکێو زیادکردنی بێکارییەوە، دواجار پەیوەندی بـە تێڕوانینی فیکریو کەلتوری فەڕەنسییەکانەوە هەیە بۆ ئەم کێشەیە لەناو چوراچێوەی بەها مێژووییەکانیانـدا یـان پشتگوێخسـتنی ئـەو بەهایانەو کەوتنە ناو سەنگەری ناکۆکیو پێکدادانی کەلتورییەوە.

هــەورەها ئــەم پرۆژەیــەی ســارکۆزی لەکاتێکـدا ئەخرێتــە ڕوو، دیسانەوە کاتی نزیکبوونەوەیە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی، کە ئەبێتەوە خاڵێکی تری کارکردنو گەمـەی سیاسـی لەسـەر چـەمکی کۆچو دانیشتووانە بیانییەکانو مانەوەیان لە فەڕەنساداو چـۆنێتیو ئاســتو تێکــەڵاوبوونیانو ڕووبەڕووبوونــەوەیان بــە کۆمەڵگــەی فەڕەنسـییەوە، کـە ئەمـەش تێـڕوانینی جیـای سیاسـیی لایەنـەکان

ئەخاتــە ڕوو، کــە مەبەســتێکی ســەرەکیش تیایـدا بەدەســتهێنانی ژمارەی دەنگەکانە لە هەڵبژاردندا. بێگومان جارێکی تر چاوەڕوانی ئـەوە ئـەکرێت، کـە لـە پـەراوێزی ئـەم پرۆژەیـەداو لـەم گێـژاوەدا دیســانەوە بــەرەی ڕاســتی تونــدڕەو گرەوێکــی تــر بباتــەوە لــە کۆکردنەوەی خەڵکدا، ئەویش بە کارکردن لەسـەر ترسـاندنی خـەڵك لـە مەترسـی کۆچـەرانو شـەپۆلی بـێ کۆتاییـان بـۆ فەڕەنسـا کـە ئاییندەی سیاسی، ئابووری، کەلتوریو شوناسی فەڕەنسا ئەخاتـە بەردەم هەڕەشەوە.

پرۆژەکەی سارکۆزی پشت بە بنەمایـەکی سـەرەکی ئەبەسـتێت، ئــەویش ڕێکخســتنی کــۆچو هێنــانی بیانییــە لەســەر بنچــینەی هەڵبـژاردنی بـەهرەو توانـاو وەلاخسـتنی ئـەو جـۆرە کۆچـەی کـە بەرهەمو توانایەك پێشکەشی فەڕەنسا ناکـات، بـەم جـۆرە یاسـای سـارکۆزی ڕێگـە بـە هـاتنی کەسـانی بیـانی خـاوەن شـارەزاییو شەهادەی بەرز ئەدات بۆ مـاوەی چـەند سـاڵێك، لـە پـاڵ ئەمەشـدا هەموو مەرجەکانی هاتنەناوەوەی بیانی سـەختتر ئەکاتـەوەو ڕێگـە لـە کۆچـی نایاسـایی ئـەگرێت، هــەروەها مەرجـەکانی بەخشـینی ڕەگەزنامــەی فەڕەنســیو هــەروەها کۆکردنــەوەی خێـزان ســەختتر ئەکات بە کۆمەڵێ بڕگەی توند، کە لـە سـەرووی هەموویانـەوە ئـەو کەسەی ئەو داخوازیانە لە فەڕەنسادا ئەکات، ئەبێت کارو دەرامەتی

مانگانەی خۆی هەبێتو شوێنی مانەوەی خۆیی‌و خێزانی دابین بکاتو ڕوو نەکاتە یارمەتی سۆشیال، هەروەها لە ڕووی کەلتورییەوە ئەبێت ئەو بیانیانەی لە فەرەنسادا ئەژین، ڕێزی کەلتورو بەهاکانی فەرەنسا بگرن‌و فێری زمان‌و کەلتورو شارستانییەکەی بن، بە تێڕوانینی سارکۆزی ئەبێت فەرەنسایان خۆش بووێت، ئەمە لەکاتێکدا کێشەیەکی سەرەکی بیانییەکانی فەرەنسا هەژاری‌و بێکاری‌و نەبوونی شوێنی مانەوەیان‌و پەراوێزیبوونیانە لە تێکەڵکردنیان بە کەلتوری فەرەنسی بەهۆی شوناس‌و ڕەگەزی جیاوازیانەوە.

پرۆژەی سارکۆزی کە لە لایەنێکی زۆری چەپ‌و ڕێکخراوە ئینسانی‌و دژ بە ڕەگەزپەرستییەکانەوە ڕەت کراوەتەوەو ئامادەکاری بۆ بەرەنگاربوونەوەو لەکارخستنی جێبەجێ کراوە، وەك ئەوەی زیاد لە پێنج سەد لایەن‌و ڕێکخراو خۆیان بۆ خۆپیشاندان دژی جیاکاری‌و ڕەگەزپەرستی ئامادەکردوەو پرۆژەکەی سارکۆزی بە یاسای کۆچی فرێدراو پێناسە ئەکەن، واتە دروستتر بەمانای کۆچی سەفەری بە لێکچوواندنی بە کەوچك‌و قاپی سەفەری کە لەدوای خواردن فڕێ ئەدرێن. بەم پێیەش ئەوان پێیان وایە کە سارکۆزی ئینسانی بیانی بۆ ئەوە دێنێتە فەرەنسا، بە شێوەی کاتی‌و کەی فەرەنسا پێویستی بە خزمەتی ئەوان نەما،

ئەوا فریان ئەداتەوە دەرەوەی سنوورو ئەمەش لە جیاتی ئەوەی کێشەی کۆچی نایاسایی چارەسەر بکات، زیاتری ئاڵۆزی ئەکاتو زیاتر پەرەی پێئەداتو لەهەمانکاتشیدا ڕێگەی پەرەپێدان لە وڵاتانی دواکەوتوو و هەژار ئەگرێت بەوەی کە خەڵکە بە تواناکانیان پێشوازی ئەکرێنو ئەو وڵاتانە لە پەرەسەندنی ئابووریو تەکنیکی بێبەش ئەکات. بەهەرحاڵ، ئەمە چارەسەرێکی ڕیشەیی کێشەکە نییە بەقەد ئەوەندەی گەمەیەکی سیاسیو بە دەستهێنانی دەنگدەرانە لەکاتێکدا سارکۆزی خۆی بۆ هەڵبژاردنەکان ئامادە ئەکات، واتە سارکۆزی ختووکەی دەنگدەرانی بەرەی ڕاستڕەوی توندڕەو ئەداتو لە مەیدانی ئەواندا ڕاوی لایەنگرانیان ئەکات، بەتایبەتی لەناو لایەنگرانی هەردوو حیزبی بەرەی نیشتمانی جان ماری لوپێنو حیزبی بزووتنەوە لە پێناوی فەرەنسادا بەسەرۆکایەتی فیلیپ دوڤیلییێ کەئێستا ئەم کۆنەدیگۆلیەی لە حیزبی یو ئێم پێی دەسەڵاتدار جیابۆتەوە بیرو باوەڕەکانی زۆر لە جان ماری لوپێن ڕەگەزپەرستترو توندڕەوترو دژ بە بیانییەکانی فەرەنسایە بە تایبەتی خەڵکانی بە ڕەگەز موسڵمان، دوڤیلییێ بە ئاشکرا خەڵکی فەرەنسا لەوە ئەترسێنێت، کە فەرەنسا بەرەو ئیسلامیبوون ئەچێت بەهۆی ئەو هەموو عەرەبو موسڵمانەی تێیدا ئەژی. ناونیشانی دوا کتێبی بڵاوکراوەی بریتیە لە (مزگەوتەکانی

فرۆکەخانەی رواسی) کە تیایدا ئەیەوێت بڵێت زۆربەی هەرە زۆری کرێکارەکانی فرۆکەخانەی رواسی شارل دیگۆل لە پاریس بریتین لە عەرەبو موسڵمان کە ئەمانە هەڵگری کەلتوری دینیو ئیسلامینو لە نێوەندی ئەمانەدا تۆڕە تیرۆریستیە ئیسلامیەکان سەرهەڵئەدەن، ئەمانە کاری بارکردنی جانتاو کەلوپەلی گەشتیارەکانیان بۆ ناو عەماری فرۆکەکان پێسپێردراوە، بەمەش ئاشکرا فەرەنسییەکان ئەخاتە بەردەم ترسی ئەوەی کە لەهەموو ساتێکدا ئامادەی تەقینەوەی فرۆکەکان بن هەروەها. دوڤیللێی بەئاشکرا داوا لە فەرەنسییە بەرەگەز بیانییەکان ئەکاتو دروشمی حیزبەکەی ئاراستەی ئەوان کردووەو پێیان ئەڵێ: فەرەنسا یان ئەوەتا خۆشتئەویێ یان ئەوەتا بەجێی بهێڵە، بەڵام سارکۆزی بەئاشکرا داوای ئەم دەنگانە ئەکاتو پێی وایە باشتر وایە لەدەوری ئەم کۆببنەوە بۆ هەڵبژاردن بۆ ئەوەی دەنگەکان بە فیڕۆ نەچن، دیارە بەو سازشەی کە ئەمیش لە بەرامبەردا بەشێك لە داواکانیان بێنیتەدی کە توندکردنەوەی پەتی سێداری ملی بیانیەکانو کۆچەرانە لە فەرەنسادا.

لە بەرامبەر ئەمەشدا هێزە ڕاسترەوە توندڕەوەکان زیاتر لە نزیکبوونەوەو یەکگرتنیاندانو خۆیان لە سەنگەرێکدا ئەبیننەوە بۆ ئەوەی لەهەڵبژاردنی داهاتوودا لەم گێژاوە سیاسییەی نێوان

ڕاستو چەپدا بتوانن بەکارکردن لەسەر ترسی فەرەنسییەکانو باوەڕ لەدەستدانیان بە حکومەتو سەرکردەو سیاسەتمەدارەکانیان ئەو بۆشاییەی دەسەڵات پڕ بکەنەوە. جێی بیرخستنەوەیە کە لە ڕاپرسیەکی نوێدا سەبارەت بە ڕاسیزم لە فەرەنسادا ئەوە ئاشکرا کرا، کە لە نێوان سێ کەسدا پرسیاریان لێکراوە یەکێك لەوان لە فەرەنسادا هەستی ڕاسیزمی هەیە بەرامبەر بیانیەکان.

لەم گێژاو و ئابڕووچوونە سیاسیو ئایندە نادیارەی فەرەنسدا چ هێزێك هەڵگری مەرجەکانی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەو ڕزگارکردنی فەرەنسەیەکانە لە ونبوون؟ قەیرانو ڕووداوو و ئابڕووچوونەکانی داهاتووی فەرەنسا هەڵگری ئەو وەڵامەن.

## کۆنگرەی پارتی سۆشیالیستی فەڕەنسا

## سۆشیالیزم هەموو باڵە ناکۆکەکان دەخاتەوە ژێر باڵی خۆی

کۆنگرەی پارتی سۆشیالیستی فەڕەنسا دوارۆژی کۆبوونەوەی فراوانی هەموو ئەو هەڤالانەی مەترسی لێکترازانی ئەم پارتەیان دەکرد، دوای سێ ڕۆژ لە وتوێژی گەرمو توند لەڕۆژانی ١٨-٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٥ لەشاری مان بەوە کۆتایی پێهێنا کە پاش سەد ساڵ لە مێژووی دروستبوون، مێژوویەکی پڕ تێکشکانو خەباتو هەڵسانەوەو سەرکەوتنو نوچدانو پارچەپارچەبوون، ئەمجارە یادی سەد ساڵەی دامەزراندنی خۆی بە یەکێتیو یەکخستنەوەی هەڤاڵە لێکجیاکان کۆتایی پێهێنا، کە تا کاتی بەستنی کۆنگرەو تەنانەت ڕۆژانی کۆنگرەش لە گرژیو نەگونجانو لێکتێنەگەیشتنێکی ئاشکرادا دەژیان. فرانسوا هۆلاندی سکرتێری گشتی پارتی سۆشیالیستو ڕابەری باڵی زۆرینە دوا دانیشتنی کۆنگرەی پارتی سۆشیالیستی فەڕەنسا بەوە کۆتایی پێهێنا کە: یەکێتی بەدیهێنراو ئەو ئیرادەیە سەپێنرا. هەموو باڵەکانی ناو کۆنگرە بەیەك دەرئەنجامو یەك پرۆژەوە هاتنەدەرێ پاش ئەوەی لیژنەی ئامادەکاری پرۆژەی کۆتایی کۆنگرەکە کە ١٢٠ ئەندامن، بە تێکڕای دەنگ پرۆژەیەکەیان پەسەند کردو پاشان لە لایەن زۆرینەی زۆری ئەندامانی کۆنگرەوە پەسند کرا، کەواتە وەکو

فرانسوا هۆلاند، دەڵێت کە خۆی ڕابەری باڵی زۆرینـەو ٪٥٥ ی نـاو کۆنگرە بوو: زۆرینەی ٪ ٥٥ شتێکی باشە، بەڵام بێگومان ٪١٠٠ زۆر باشترە.

ئایـا ئـەم دەرئەنجامـە هاوبەشـەی لـە لایـەن هـەر سـێ باڵـە سـەرەکیەکەی نـاو کـۆنگرەوە بڕیـاری لەسـەر درا، بـاڵی فرانسـوا هۆلانـدی سـکرتێری گشـتی، بـاڵی لـۆران فـابیۆس و بـاڵی پـارتی سۆشیالیستی نوێ بە ڕابەرایەتی هەنری ئیمانوێلی، کە پـاش زیـاتر لە شەش سەعات لە کۆبوونەوەیەکی داخـراودا لـەدوای تێپـەڕبوونی نیوەشەو بڕیاردرا لەکاتێکدا هەڤاڵانی ماندووی کـۆنگرە چـاوەڕوانی بەیانیەکیان دەکرد، کە پەرتبوونی حیزبەکـەی بتەقاندایەتـەوە، لـە ئەنجامی ئەوەدا بـوو کـە هـیچ نـەبێت سۆشیالیسـتەکانی فەڕەنسـا بیانەوێت بە وێنەیەکی شەرەفمەندانەوە یەکبوونەوەی سەد سـاڵەی خۆیان ڕابگەیەنن بەوەی مۆمی سەد ساڵەیان گـڕی مـۆمی دووبـارە یەکێتی و درەوشانەوەی ئاڵای یـەکبوونی ئـەو حیزبـە بێـت، کـە لـە مێـژووی خۆیـدا سـاتە قـەیرانی وا ژیـاوە، تەنانـەت بێپـرۆژەو بێبەرنامەو بێڕابەریش ماوەتـەوە؟ سۆشیالیسـتەکانی فەڕەنسـا بـە یەکخستنەوەی ڕیزەکانیان وەفای خۆیان بـۆ پـەیامی سۆشـیالیزم و سرودی ئەنتەرناسیۆنال دووبارە کردەوە ئەگەرچی ئێستاش بـەلای زۆرینەیانەوە تەنها ئاوازێکی یۆتۆپیانەی بێئومێدە لە دنیایەکدا کـە

دەبێت سۆشیالیزمی نوێ خۆی لەگەڵ ڕیتمو پێکهاتەی ئێیستای دنیاو پەیوەندییە نوێیەکانی سیاسەتو ئابووریو سۆشیالو مۆرالو ڕەهەندەکانی جیهانگیریدا بگونجێنێت. بەلام سۆیالیستەکان ویستیان یەکێتی خۆیان بکەنە پەیامی سۆشیالیست، بە جۆرێك کە بە خەڵکی فەرەنسیو دۆستانیان لە ڕێکخراوە سۆشیال دیموکراتەکانی جیهان کە چاوەڕوانی پارتێکی سۆشیالیستی بەهێزی فەرەنسیان دەکرد، لە بەرامبەر هێزە ڕاستڕەوە ناحەزەکانیاندا لە فەرەنساو ئەوروپا کە چاوەڕوانی لێکترازانو پارچەپارچەبوونی ئەو هەڤاڵە دژبەیەکانەیان دەکرد، بڵێن: سۆشیالیزم فیکرو فەلسەفەیکی نەمرەو ئەوەتا پاش سەد ساڵ لە مێژووی لە فەرەنسادا وەکو حیزبێك ئەو هەڤاڵانەی کە ناکۆکی جەوهەریو فەلسەفیو فیکریان هەبوو، لەسەر چەندین پرسیاری زیندووی ئەمڕۆ هەر لە بەرنامەو تێڕوانینی سۆشیالیستەکانەوە بۆ سیاسەتی ئەوروپی، سۆشیال، ئابووری، کار، تەندروستی، پێکهاتەی دەوڵەت، جیهانگیری، تا سیاسەتی نێو دەوڵەتی، تا ئاستێك کە ئومێدی جارێکی تر یەکخستنەوەی ئەم هەڤاڵانە نەبوو لەناو پارتی سۆشالیستدا، بەلام ئەوەتا ئەوان بە یەکێتییەکی سەرسوڕهێنەرو چاوەڕواننەکراوەوە هاتنەدەرێ، کە هەندێك پێیان وایە هەمیشە بڕیارەکانی پشت پەردەو لەودیو

مینبـــەرە ئاشـــکراکانەوە دەرئـــەنجامی دانوســـتانو ســـازشو یەکدیرازیکردنە. بەڵام سۆشیالیستەکان هێشتا شادن بـەوەی کـە توانـای ئـەوەیان هەیـە لـەدوا ئاستی هەڵـدێرو لێکجیابوونەوەشـدا یەکبگرنـەوە. بـەمجۆرەش سۆشیالیسـتەکانی فەڕەنسـا خۆیـانو دۆستانو دەشێت داهاتووی فەڕەنساشیان لـە قـەیرانێکی سـەختی حیزبێکی مێژوویی گرنگی ئەم وڵاتە ڕزگار کردبێت، کە بە بێهێزێکی چـەپی چـالاكو بـەهێزو خـاوەن بەرنامـە، فەڕەنسـا لـەو کـەلتورە تایبەتە ئینسانیو شۆڕشگێڕیو کراوەیەی خۆی دادەبڕێـت، کـە لـە کەلتورەکانی تری جیادەکاتەوە.

کەواتـە سۆشیالیسـتەکان لـە قـەیرانی خۆیانـەوە وریابوونـەوەو هەستیان بەو ڕاستیە کرد، کە فەڕەنسا بە بیٚ هێزی چـەپ دەبێتـە کۆیلەیەکی بێئیرادەی ژێر زەبرو بەزەیی هێـزی ڕاسـتڕەو. بێگومـان دەشێت بووترێت، وەکو پەندێکی فەڕەنسـی دەڵێـت، هەنـدێك جـار میحنـەتی کەسـانی تـر شـادی ئـەوانی تـرە، بـووە هۆکـارێکی تـری وریاکردنەوەی باڵەکانی پارتی سۆشیالیستی فەڕەنسا بەرەو لادانی ناکۆکییـەکانو یەکخسـتنەوەی هێـزو گـوڕی خۆیـان بـۆ جـەنگێکی داهاتوو و بەرەنگاربونەوەی هێزی ڕاستڕەو و ئەو قەیرانانەی ئێستا فەڕەنسا تیایاندا دەژی. چونکە وەکـو زۆربـەی ئەنـدامانی کـۆنگرە دەیانووت، فەڕەنسـا نەخۆشـە، فەڕەنسـا حـاڵی خراپـە، فەڕەنسـا

تووشــی قــەیران بــووەو بۆتــە ژێــر دەســتەی سیاســەتی نــاڕەوای ڕاستڕەوەکانو تــەنها یــەکبوونی هــەموو سۆشیالیســتەکانو پاشــان چــەپەکان ئــەتوانێت برینــەکانی فەرەنســا ســاڕێژ بکاتــەوە. دیــارە ڕۆژانــی پــێش بەســتنی کــۆنگرەی پــارتی سۆشیالیســت پــاریسو شــارەکانی تــری فەرەنســا بوونــە مەیــدانو بــەڵکو بــەرەی جــەنگو دوکەڵی ئاگری هەزاران ئۆتۆمبێلو خوێندنگاو بازاڕو شوێنی گشــتی ســوتێنراو کــە ئــەم میحنەتانــەی کەســانی تــر کۆمــەڵێك پرســیاری ســەرەکی خوڵقانــد، کــە لــە هەمانکاتــدا پرســیاری فەرەنســیەکانو بوونە پرسیاری سەرەکی ناو کۆنگرەش، ئەویش کێشــەی هــەژاریو خەڵکانی کەنار، بێکــاری، بێخزمــەتگوزاری، خانووبــەرە، مەســەلەی گونجانو ئەنتگراسیۆنی خەڵکانی نافەرەنسی یان بە ڕەگــەز بیــانی لە ناو کۆمەڵگەی فەرەنسیدا، قەیرانی بەرەی ڕاســتڕەوی حــوکمڕان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەسەلانەو چارەسەری هەڵــەیان، ئەمانــە هەموو سۆیالیســتەکانی لــە پــرۆژەو سیاســەتێکی نوێــدا کــۆکردەوە بەوەی کە بە جیاوازیو لێکدابڕانەوە ناتوانن وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنــەوە، کــە بوونەتــە پرســیاری ڕۆژانــەی خــەڵكو لــەو ڕاســتیە تێگەیشتن کە هەروەکو فەرەنسییەکان دەڵێن، کێشەی ئەوان نییــە کــێ لــەناو پــارتی سۆشیالیســتدا لەگــەڵ کــێ ناکۆکــەو کــێ دەبێتــە

ســـکرتێرو ڕابـــەر، بـــەڵکو کێشـــەی ئـــەوان نـــەبوونی پرۆگـــرامو سیاسەتێکە بۆ چارەسەری ئەم پرسیارانە.

لەم ڕاستیانەوەیە کـە وتەبێـژی کۆنگرەکـە دەڵێـت ئێمـە هـەموو سۆشیالیســتەکان ئــەتوانین پیرۆزبــایی لــە یەکــدی بکــەین بــە یەکگرتنــەوەمان لــە دەوری دەرەئــەنجامێکی یــەکگرتوو. لــۆران فابیۆس دەڵێت ئەمڕۆ فەڕەنسییەکان چاوەڕوانی هەراو لێکترازانمان لێناکـەن، بۆیـە دەبـوو هـەموو کۆبینـەوە بـۆ ڕەوتکـردن بـەرەو پاشەڕۆژ. دواجـار فرانسـوا هۆلانـد دەڵێـت پـارتێکی سۆشیالیسـتی لێکـدابڕاو نییـە، بـەڵکو یـەك پـارتی یـەکگرتوو هەیـە، هـەموومان کۆبووینەوە بۆ خزمەتکردنی فەڕەنسا.

کۆتـــایی کـــۆنگرەی (مـــان)ی پـــارتی سۆشیالیســـت هەناسەهەڵکێشـانێکی پـاش چـاوەڕوانی مەترســییەکی ســەختی لێکداپچـڕان بـوو، کـە بـە یـەکبوون کۆتـایی هـات. بـەڵام نابێـت چاوەڕوان بکرێت کە یـەکێتی ڕیزەکـان یـەکێتی فیکـری ئەندامانـەو ئیـدی کێشـەو ناکۆکییـەکان کۆتـایی پـێ هـات. بـە پێچـەوانەوە سـەرکەوتنێکی تـری پـارتی سۆشیالیسـت ئەوەیـە، کـە دەتوانێـت هەمیشە بە جیاوازیو ناکۆکیو چەند باڵی خۆیەوە زیندەگی بکاتو بێترسیش بچێتە مەیدانی جەنگەکانەوە، چونکە لە جەنگدا مەترسی لێکترازانــی نییــەو بــەڵکو خواســتی یــەکریزی پیــادەی دەکــات.

چەندباڵی لەناو هەناوی حیزبێکدا مەترسی تێکشکانی تێدا نییە، بەڵکوچوونە ناو جەنگ بە لێکجوداییەوە بەرامبەر ئەوانی تر تێکشکانو پەرتپرتبوونی لە دواوەیە. ئەمەش نموونەی پارتێکی مۆدێرنو زیندوو هەمیشە لەڕیفۆرمدایە، کە دەبێت شاد بێت بەوەی شەرەفەمەندانە دەچێتە ناو دووهەمین سەدەی ژیانی خۆیەوە.

## فەرەنسای لائیكو ئیسلامەکانی ژێر زەمین

پاش هێرشە ئیسلامیە تیرۆریستییەکان بۆ سەر شاری لەندەن هەرچەندە گروپە ئیسلامیە توندڕەوو تیرۆریستەکان دوابەدوای ئەنجامدانی چەندین زنجیرە هێرش وادیارە بەرەی شەڕی خۆیان دژی ئەمەریکاو هاوپەیمانانی ئاشکرا کردووەو ئەو وڵاتانەیان کردۆتە شوێنی هەرەشەو هێرشەکانیان، بەڵام ئەوەی لەسەر ئاستی جیهانی دیموکراسیو لە ناویدا ئەوروپاشدا دەبینرێت، ئەوەیە کە تیرۆریزم بەتایبەتی ئەو تەوژمە تیرۆریزمیە ئیسلامیەی کە ئێستا لە برەودایە، هەڕەشەیەکی گشتییە بۆ سەر مۆدی ژیانی دنیای ئازادو دیموکراسیو ئەوروپی. بۆیە دوابەدوای ئەو هێرشانە جارێکی تر هەر یەکە لەوەزیری ناوخۆی فەرەنساو هەروەها جان لوی بریوڤێری دادوەری ئەنتی تیرۆریست دووپاتی ئەوەیان کردەوە، کە فەرەنسا بە دوورو پارێزراو نییە لە هەرەشەی تیرۆریزمی ئیسلامی،

ئەگەرچی فەڕەنسا لەناو بەرەی وڵاتانی هاوپەیمانیشدا نەبێت لە ساتی شەڕی عێراقەوەو بە ئاشکراش دژی هێرشی سەربازی ئەمەریکا وەستابێتەوە. لێرەوە فەڕەنسا جارێکی بارودۆخی نائاسایی ئەمنی ڕاگەیاندو کەوتە گەڕانەوە بەناو دۆسیەی گروپە ئیسلامیە فەڕەنسیەکانداو مەسەلەی دەرکردنی چەند ئیمامێکی مزگەوتی لە فەڕەنسا زیندوو کردەوە. چونکە ئەگەری ئەنجامدانی هەڕەشەیەکی تیرۆریستی لە فەڕەنسادا شیاوەو بە پێی دوا راپۆرتی دەزگای زانیاری فەڕەنسی دەشێت گروپی سەر بە زەرقاوی فەڕەنسای کردبێتە یەکێك لە نیشانەکانی خۆی. بۆ ئەم مەبەستەش بەرەیەکی هاوپەیمانی لەگەڵ هەندێك ڕێکخراوی توندڕەوی ئیسلامی بکاتەوە، کە لە فەڕەنسدا بنکەو لایەنگرانیان هەیە وەکو گروپی سەلەفیست، بەرەی ئیسلامی تونسیو گروپی ئیسلامی چەکداری جەزائیری، کە ئەمەی دواییان لەساڵی ١٩٩٦دا زنجیرە هێرشێکی تیرۆریستی لەناو چەند وێستگەیەکی میترۆی پاریسدا ئەنجامدا.

بەدەر لە پەرەسەندنی بزووتنەوەی تیرۆریستی ئیسلامی لە دنیادا کە ئێستا بە شێوەیەکی دیار ڕووبەڕووی مۆدی ژیانی ڕۆژاوای دیموکراسیو بەرژەوەندییەکانی بۆتەوە، لە فەڕەنسادا کێشەیەکی دێرین هەیە، کە ئەویش کێشەی ئەو کۆمەڵگەو جالیە

فراوانـەی سـەر بـە کـەلتوری ئیسـلامین‌و لـە فەڕەنسـادا دەژیـن‌و ژمارەیان بەزیاتر لە پێنج ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێت، کە بەشی زۆریـان عـەرەبی وڵاتـانی رۆژئـاوی عـەرەب‌و پاشـان هەنـدێك لـە میللەتانی موسڵمانی ئەفەریقاو تورك‌و پاکسـتانی‌و هەنـدێکی تـرن. کێشـەی سـەرەکی فەڕەنسـا لـە سـەرەتادا بـە رووبەڕووبوونـەوەی تیرۆر دەستی پێنەکردووە، بەڵکو چۆنێتی تێکـەڵاوکردنی خـەڵکانی سەر بەم کەلتورە ئیسلامیەیە، کە بوونەتە هاونیشتمانی فەڕەنسـی لـەناو کـەلتوری فەڕەنسـیدا، کـە فەڕەنسـا خـۆی لـە نـاو کـەلتوری ئەورووپیشدا تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەویش ئەوەیـە کـە وڵاتێکـە بە ئاشکرا سیستەمی لائیکی (علمانیەت)ی پیادە کردووەو بـەوەش هەموو شێوە سەپاندنێکی بـیرو بـاوەڕو نـەریتی ئـایینی‌و مەزهـەبی رەت دەکاتــەوەو پێکهاتــەی دەوڵــەتی فەڕەنســاو دەزگاکــانی لــە دەستێوەردانی ئایین قەدەغە کردووە. ئەمساڵ کە فەڕەنسـا یـادی سەد ساڵەی یاسای ١٩٠٥ دەکاتەوە، کە بە یاسـای دانـانی بنـەمای سیستەمی لائیکی فەڕەنسا دادەنرێت، ئەم شێوە سیستەمە ئێسـتا لەلایـەن سـەراپای فەرنسـیەکانەوە پـیرۆز کـراوە، تەنانـەت ئێسـتا کەنیسەی کاتۆلیکی فەڕەنسی کە لەسـەرەتای بڕیـاردانی یاسـاکەدا یەکـەمین دوژمـن‌و بەرەنگاریکـەری علمانیـەت بـوو، ئێسـتا ئـەم شـێوازەی پـێ پەسـەندە، هـەروەها رابـەرانی ئایینـەکانی تـری

فەڕەنساش وەکو یەهودی علمانیەت پەسەند دەکەن، چونکە پانتاییەکی بۆ ڕێزگرتنو ئازادی بیروباوەڕو مەزهەبەکان هێشتۆتەوە لە فەڕەنسادا. بەڵام ئەوەی ئێستا لەم سیستەمی لائیکەی فەڕەنسادا کێشەو ئاڵۆزییەکی دروست کردووە، چۆنێتی مامەڵەکردنی یاساکەیە لەگەڵ کەلتورو باوەڕی ئیسلامیو چۆنێتی هەڵسوکەوتو باوەڕهێنانی دانیشتووانە ئیسلامییە پراتیکارەکانە بەم سیستەمە، کە هەندێکیان پێیان وایە علمانیەتی فەڕەنسا ئازادی کەلتوریو باوەڕی ئەوانی سنوردار کردووەو لێرەوە باسی پیادەکردنی جۆرێك لە سیاسەتی ڕەگەزپەرستیو جیاکاری ڕەگەزیو کەلتوری دەکەن. هەر ئەمەشە کە دامو دەزگا ڕەسمیەکانی فەڕەنسای تووشی هەندێك کێشە کردۆتەوە، وەکو مەسەلەی سەرپۆشی ژنانو کچانو دەرخستنی نیشانەی ئایینی لە خوێندنگەو شوێنە دەوڵەتییەکاندا، کە جەدەلو کێشمەکێشی دروست کردووە لەسەر ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەی یاساکەو لەسەر ئاستی کەلتوریدا. چونکە کێشەی سیستەمی علمانی فەڕەنسا کە پێش سەد ساڵ بڕیار دراوە، خۆی ڕووبەڕووبوونەوەی کەلتوری ئایینی کاتۆلیکی فەڕەنسا خۆی بووەو ئەگەری ئەوە نەخراوەتە بەرچاو کە دوای سەد ساڵ ئەم یاسایە ڕووبەڕووی کەلتورێکی ئایینی تر دەبێتەوە، کە ئەویش ئایینی ئیسلامە. فەڕەنسا وڵاتێکە

لەسەر تێکەڵاوبوونو لەناویەکداتوانەوەی چەندین کەلتورو شوناسی جیاواز خۆی بنیات ناوەو یەکێکە لەو نەتەوانەی کە لە شوناسی جیاوازو لە ڕێگای هیجەرەوە خۆی پێکهێناوە، هەر ئەم سیاسەتەش لە سەدەی تازەداو لە دوای پەرەسەندنی شەپۆلی کۆچەوە پیادە کراوە، کە ئەویش سیاسەتی تێکەڵاوکردنو بە هەمان شوناسکردنی ئەو کۆمەڵگانەن، کە تێکەڵاوی کۆمەڵگەی فەرەنسی دەبن. بەڵام ئەم سیساسەتە تووشی پێکدادان بۆتەوە لە بەرامبەر تەوژمی کۆچی کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا، بە تایبەتی کۆمەڵگە عەرەبیەکان کە بە یادەوەریەکی جەنجال بە گرێی بینینی فەرەنسا ئەو وڵاتەی کە بۆی هاتوونو ئێستا بوونەتە هاونیشتمانی تیایدا بە پێشینەیەکی کۆلۆنیالیزمیو داگیرکەرو هەڵگری زوڵمێکی مێژوویيو هەست بە برینداركردنی کەلتورەکەیان تا ڕادەی تۆڵەسەندنەوە تیایدا دەژینو دەیانەوێت شوناسی خۆیان لەناو ئەم کەلتورە ڕۆژائاواییەی فەرەنساو سیستەمە علمانیو دیموکراسیەکەیدا بسەپێنن، کە ئەمەش کێشەیەکی ڕاستەقینەیەو لەمەسەلەی چۆنێتی جێگیرکردنی ئەم کۆمەڵگەیەو نەوەکانیان لەناو سیساسەتی ئەنتگراسیۆندا پەیوەتەوە بۆ مەسەلەی ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسیو کەلتوریانەی شوناسو کەلتورێکی دی، کە دەخوازێت خۆی لەناو شوناسو کەلتوری فەرەنسیدا

جیابکاتــەوە. بێگومــان بەشــێکی ســەرەکی ئــەم کێشــمەکێش‌و پێکدادانـەش کەوتۆتـە نێـوان فەرەنسـا وەکـو دەوڵـەت‌و کـەلتورو دەزگاو یاساکانییەوە لە بەرامبـەر پێکهاتەیـەکی ئیسـلامی پـەرش‌و بڵاوو ناڕێکـدا، کـە ئێسـتا بـە زیـاتر لـە پێـنج ملیـۆن کـەس دیـاری دەکرێت‌و بۆتە پانتاییەکی ئیشـکردن‌و دەسـتێوەردانی لەلایەکـەوە دەوڵـەتانی ئیسـلامی، کـە نـەوەکانیان روویـان کردۆتـە فەرەنسـاو پێش دەوڵەتی فەرەنسی خۆیان بە ڕێکخەرو لێپرسراوی ئەم نەوانـە دەزانن، لەلایەکی ترەوە لە نێوان چـەندین گـروپ‌و پێکهاتـەی تـری ئیسلامی، کـە ئێسـتاکە بـە هـۆی پـەرش‌و بڵاوبوونـەوەی شـەپۆلی ئیسلامی توندڕەوو گروپی تیرۆریستی ڕێکخراو، ناوەنـدی ئیسـلامی فەرەنســیش کەوتۆتــە ژێــر کاریگــەریی جووڵــەو کــاری ئــەم ڕێکخراوانەوە، کە هەنـدێکیان لـە ڕێگـای خوتبـەو فـەتوای چـەندین ئیمامی مزگەوتەوە بیرو باوەڕی خۆیان بڵاو دەکەنەوە، کە نازانرێت ئــەم ئیمامانــە لــە چ شــوێنێکەوە دەرس‌و پلــەی ئیمامێتیــان وەرگرتــووە. کێشــەکەش لــەخودی سیســتەمی علمانیــەتی فەرەنسادایە، کە لەلایەکـەوە دەوڵـەتی لـە ئـایین جیـا کردۆتـەوەو لەلایـەکی تـرەوە بـە بڕیـار کۆمـەکی دارایـی‌و پـارەی لەهـەموو شـوێنێکی ئـایینی لـە لایـەن دەوڵەتـەوە قەدەغـە کـردووەو بـەڵام لەهەمانکاتیشدا پراکتیکردنی داب‌و نەریت‌و عیبادەت قەدەغە نییە،

کـە ئەمـەش ڕێگـای بـۆ ئیسـلامیەکانی فەرەنسـا کردۆتـەوە بـۆ ئاوەدانکردنەوەی چەندین شوێنی عیبادەت، کە ئێسـتاکە دەوڵـەتی فەرەنسـی دەخوازێـت لـە ڕێگـای هێرشـکردنە سـەر ئیمـامی ئـەو مزگەوتانەوە کە خوتبەی ئـایینی دژ بـە سیسـتەمو پرەنسـیپەکانی لائیکی فەرەنسیو دیموکراسیەتی وڵاتەکە ئـەدەن، شـەرعیەت لـەو شـوێنانە بسـەنێتەوەو بـە هەرەشـەی داخسـتنی ئـەو شـوێنانەو دەکردنی ئیمامەکان بۆ وڵاتەکانی خۆیان سنورێك بۆ بڵاوبوونـەوەی کەلتوری توندڕەوەی ئیسلامیو هەرەشەی تیرۆریستی دابنێت، کـە ئێستا بەرەو رووی دنیا بۆتەوەو فەرەنساش لێی بەدەر نییە.

ئەگەر فەرەنسا خۆی لە دوای هێرشرکانی یـانزەی سـێپتمەبەری ئەمـەریکاوە تـاوەکو ئێسـتا نەبووبێتـە جـێ نیشـانەی تیرۆریزمـی ئیسلامی، بەڵام خـۆی لـە نێـو ڕووداوەکاندایـەو فەرەنسـا دەکرێـت وەکو یەکێك لە لانکەکانی پێگەیاندنی تیرۆریزمی ئیسلامی دابنرێت، زەکریا موسەوی کە فەرەنسییە، یەکێکە لە تاوانبارەکانی سـەر بـە قاعـدە لــە هێرشــەکانی یـانزەی سـێپتەمبەردا، تائێسـتا چــەند هاونیشـتمانییەکی فەرەنسـی لـە عێراقـدا لـە ئەنجامـدانی کـاری تیرۆریستیدا کوژراون یان گیراون، هەندێك لـە ئیمـامی مزگەوتـەکان لە فەرەنسا بە ئاشکرا فەتوای پشتگیری بـەناو مقاوەمـەی عێراقـی ئەدەنو شەی دژی ئەمەریکاو ئیسرائیل بە جیهاد دادەنێنو هەر لە

هەندێك لەو مزگەوتانەوە چەندین فەڕەنسی بەرەو عێراقو چیچان ڕەوانە کراون. ئەمانە کێشەیەکی سەرەکی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزمە بۆ فەڕەنسا کە دەبێت سنور دار بکرێت.

لە ڕاستیدا فەڕەنسا خوازیاری ئەوەیە لەسەر چەند ئاستێك تیرۆریزمی ئیسلامی، تەنانەت پەرەسەندنی توندڕەوی ئیسلامی لە خۆی دووربخاتەوە. لەلایەکەوە سیاسەتی فەڕەنسای سەربەخۆ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیو دژوەستانەوەی ئەمەریکا لە بەرامبەر هێرشی بۆ سەر عێراقو جۆرێك لە هەمیشە سۆزنواندنو پشتگیری بۆ مەسەلەی فەلەستینو وڵاتە عەرەبییەکان لە بەرامبەر ئەمەریکادا، چەترێکی هێمنی بۆ خۆپاراستن لە هەڕەشەی تیرۆریزمی ئیسلامی فەراهەم کردووە. بەڵام کە فەڕەنسا ببێتە یەکێك لە لانکەکانی پەروەردەکردنی تیرۆریزمی ئیسلامی کە لە ئێستادا هەڕەشەیە بۆ سەر هاوپەیمانەکانی فەڕەنسا خۆی، ئەوا لە داهاتوودا دەبێتە مەترسی ڕاستەقینە بۆ سەر فەڕەنساو خودی کەلتورەکەی، چونکە لە پاڵ ئەو سیاسەتانەشدا فەڕەنسا وڵاتێکە شێلگیرانە بەرگری لە سیستەمی لائیکی خۆی دەکاتو بۆ ئەو مەبەسەتەش دانوستان لەگەڵ هیچ لایەنێك ناکات.

لەلایەکی ترەوە فەڕەنسا لە ئاستی سیستەمی قەزائیو پۆلیسیدا چەندین ساڵە بەشێکی کارکردنی دەزگاکانی زانیاری دەرەوەو

نــاوخۆیو هێــزی پــۆلیسو دادوەری بــۆ خــەبات دژی تیرۆریــزمو ڕێکخــراوە تیرۆریســتەکان تــەرخان کــردووەو لــەم ڕووەوە لــەپێش زۆربــەی وڵاتــەکانی ئــەوروپی دایــەو یاســای فەڕەنســیو دەســەڵاتە ئیجرائیــەکانی توانــای هەڵوەشــاندنەوەو ســزادانی هــەر گــروپو ڕێکخراوێکــی هەیــە، کــە گومــانی تیرۆریســتی لــێ بکرێــت، توانــای دوورخســتنەوەو دەرکــردنو ڕەگەزنامــە لێســەندنەوە لــە هــەر تاکەکەســێك هەیــە، کــە بیروبــاوەیی ڕەگەزپەرســتیو توندڕەوییو تیرۆریزمــیو دژ بــە پرەنســیپەکانی جمهوریــەتی فەڕەنســا بــڵاو بکاتەوە. نموونەش بڕیاری دەرکردنی دوو ئیمامی ئیسلامیە، بوزین کە لە خوتبەیەکدا باسی ئەوەی کردووە کــە بــە پێــی قورئــان پیــاو هەقی هەیە چەند ژن بێنێتو هەروەها هەقی هەیە لە ژنەکەی خۆی بدات، پاش ئەوەی تاوانباریش کــراوە بــە پەیوەنــدی بــە ڕێکخــراوی ئیسلامی تیرۆریستیەوە، دوەمیان بن شەلالی کــە فــەتوای جیهــادی داوەو هــەروەها هۆکــاری نــاردنی خــەڵکی فەڕەنســییە بــۆ چیچــان. دادوەری فەڕەنســی دەڵێــت ئــەوە سیســتەمی لائیکــیو یاســای فەڕەنسایە، کە حوکم دەکات نە تێکستێکی ئایینی.

لــە پــاڵ ئەمانــەدا فەڕەنســا کــە دەزانێــت پێــنج ملیــۆن لــە دانیشتوانەکەی ئیسلامنو ئەمەش بۆتە بابەتی دەستێوەردانو کــار ردنــی وڵاتــانو ڕێکخــراوە ئیســلامییەکان، ئێســتا دەخوازێــت

سیاسـەتێکی هێمنکردنـەوەو کـۆنترۆڵکردنی ئـەم کۆمەڵگەیـە بـەکاربهێنێت. جـارێ لەلایەکـەوە ئێسـتا دەخوازێـت کـەمێك لـەو وێنەیەی فەڕەنسا کەم بکاتەوە وەکو وڵاتێك کە جیاکاری رەگەزیو کـەلتوری تیـادا پیادەدەکرێـت هـەوڵ ئـەدات فرسـەتی کـارو تێکەڵاوبوون لەبەردەم نەوەکانی ئـەم کـەلتورەدا بکاتـەوەو ئاسـتی گوزەرانی کۆمەڵایەتیو ئابووریيـان بـەرز بکاتـەوەو وا لـەم نەوەیـە بکـات، کـە لـە بەشـێکی پەراوێزیـەوە ببنـە بەشـێکی چـالاك لـە کۆمەڵگەی فەڕەنسیدا، هەر بۆیە بۆ یەکەمین جـارە لـەم حکومەتـە نوێیـەی فەڕەنسـادا وەزیرێکـی عـەرەب دانـراو هـەروەها لـە چوارچێوەی ئەوەی پێی دەوترێت سیاسـەتی جیاکـاری پۆزەتیـف ،یەکەمین جار پارێزڤارێکی عەرەب دانر.

لەلایەکی تریشەوە فەڕەنسا دەیەوێت لە رێگای خودی رێکهـراوە ئیسـلامییەکانەوە لـە نێویانـدا دەزگایـەکی کـۆنترۆڵکردنی ئـەو کۆمەڵگە ئیسلامیەی فەڕەنسا دروست بکات، کە تا ئێستا نازانرێت لەم پێنج ملیۆن کەسە چەندی عیبـادەت کـارو چـەندی بـێ بـاوەڕو چەندی ئیسلامی توندڕەو و چەندی ئسلامی کارکەرە لـە رێکخـراوی تیرۆریستیدا.

پرۆژەی کۆنترۆڵکردنی ئیسلامی فەڕەنسا لە رێگای دامەزرانـدنو ناساندنی شەرعیانەی (ئەنجومەنی فەڕەنسی بۆ باوەڕی ئیسـلامی)

دەستی پێکرد کە لە ساڵی ٢٠٠٣دا بە بڕیاری وەزیری ناوخۆ دامەزرا لە ئەنجامی پێکهێنـانی ئەنجومـەنێك لـە نێـوان چـەند ڕێکخراوێکـی ئیسلامی فەڕەنسیدا. کاری سـەرەکی ئـەم پێکهاتەیـە ئەوەیـە، کـە وێنــەی ئیسـلامی فەڕەنسـا بـە شـێوەی ڕەسمـی نیشـان بـداتو ئیدارەی مزگەوتەکانی فەڕەنساو ئاهەنگو بۆنە دینییـەکان بکـاتو پەیوەندی ئیسلام لەگەڵ دیانەتەکانی تری ناو فەڕەنسا ڕێکبخـاتو بنیاتنـــانی مزگـــەوتو ئیجـــازەی ئیمـــامی مزگەوتـــەکانو پەروەردەکرنیانو فێرکردنیان بگرێتـە ئەسـتۆ، کـە ئەمـەش مانـای تـــەواوی کـــۆنترۆڵکردنی جووڵـــەی ئیســـلامی فەڕەنســـاو گوتـــارو تێڕوانینە دینیەکانیەتی لەناو کەلتوری فەڕەنساو ڕۆژئـاواو دنیـاداو هــەروەها دەرخســتنی شــەفافیەت لەسەرچــاوە داراییــەکانی، بــۆ ئــەوەی پــەرشو بــڵاویو بــەرەڵلاکردنی گوتــارە لابەلاییــەکان زاڵ نەبێتو بەوەش گەرای توندڕەویو تیرۆر تەشەنە نەسێنێت. بـەڵام کۆکردنەوەی ئەم ڕێکخراوانە لە ژێر چەتری یەك گوتـارو دنیابینیـدا ئاسان نییە، چونکە وەك ئاماژەم پێکرد، دەمێکە ئەم پانتاییە بۆتە شــوێنی دەســتێوەردانی دەوڵەتــە ئیســلامیەکانی تــرو ئێســتاش مەترســی ســەرەکی لــە دەســتێوەردانی گروپــە تیرۆریســتییەکان لێدەکرێت. ئەنجومەنی فەڕەنسی بۆ باوەڕی ئیسـلامی بـە تـەوافوق لە نێوان چەند ڕێکخراوێکی سـەرەکی ئیسـلامی فەڕەنسـادا دابـەش

کراوە. حاجی دەلیل ئەبوبەکر، سەرۆکی ئەنجومەنەکەیە، کە خۆی ئیمامی مزگەوتی پاریسەو یەکێکە لە ئیخوان موسلمینەکان کە خۆی بە ئیسلامیەکی مۆدێرن دادەنێتو دژی سیستەمی لائیکی فەرەنسا نییە، مزگەوتی پاریسییش لەژێر کاریگەریی جەزائیردایە. عبداللە بووسووف سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی موسڵمانانی فەرەنسا، کە سەربە مەغریبە جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجومەنەکەیە. فوئاد عەلاوی سەرۆکی یەکێتی رێکخراوە ئیسلامیەکانی فەرەنسا کە رێکخراوێکی رادیکالی ئیسلامیە، جێگری دووەمە. حەیدەر میریورك سەرۆکی کۆمیتەی تەنسیقی موسڵمانانی تورك لە فەرەنسا سکرتێری گشتییە. هەر یەکە لەم رێکخراوانە کاریگەریی دەوڵەتێکی ئیسلامیان لەسەرە. فەرەنساش دەیەوێت بە تەنسیق لە نێوان ئەم کاریگەرییاندا کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر هەموویاندا بسەپێنێت. بێگومان رێکخراوە ئیسلامییە ئەفەریقیەکانی فەرەنسا دژی ئەم دابەشبوونەنو ئەوان لە بنچینەوە دەخوازن خۆیان لەو بەسیاسەتکردنەی ئیسلامی فەرەنسا دوور بخەنەوەو هەروەها وێنەی ئیسلامی ئەفەرقیش لە وێنە عەرەبیەکەی جیا بکەنەوە.

لەلایەکی ترەوە کێشەیەك کە رووبەرووی فەرەنساو ئەو دەزگا ئیسلامیە رەسمەیەش دەبێتەوە، چەندین رێکخراوی ئیسلامی

شاراوەو چەندین ئیمامی ناشەرعیو چەندین مزگەوتی ژێر زەمینی یان ژێر پلیکانەی بیناکانە، کە تیایاندا پراکتیکی ئیسلامو خوتبەی دوور لە کۆنترۆڵو فەتوای دژە پرەنسیپەکانی فەڕەنسا بڵاودەکرێتەوە، کە ئەمەش بوارێکی سەرەکی مەترسییەکانە بۆ سەر فەڕەنسا، کە دەبێت تیایدا جەنگ دژی توندڕەویو تیرۆریزم بکرێت.

بە پێی راپۆرتی وەزارەتی ناوخۆ لە فەڕەنسادا ١٦٨٥ مزگەوت هەیە، کە زۆربەیان ناشەرعین بەڵام شوێنی عیبادەتیشن. ١٦٠٠ ئیمامو پێشنوێژ هەن، کە ئاستو پلەی ئایینیو شوێنی ئیجازەی زۆربەی هەرەزۆریان دیار نییە. تەنها ٢٠ مزگەوتی گەورە هەیە لە سەرانسەری فەڕەنسا، کە بتوانێت جێگای هەزار نوێژکەری تێدا بێتەوە. هەندێکیش تەنها لە نێوان ٥٠ تا سەد کەس دەگرن یان کەمتریش، ئەوانی تر جێگای لە پەنجا کەس کەمترن. هەروەها ٤٠٪ی مزگەوتەکان سەر بە هیچ رێکخراوێکی ئیسلامی فەڕەنسی نینو سەربەستن. بێگومان کۆنترۆڵکردنی پەرشو بڵاوییەکی واو خوتبەو فەتوای ئەم هەموو ئیمامانە کارێکی ئاسان نییە. راستە دەرکردنی یەك دوو ئیمام لەسەر خوتبەیەکی توندڕەو پەیامێکی بەهێزە بۆ ئەوانەی تر، بەڵام ئاسان نییە وەکو فەڕەنسا هەوڵی بۆ ئەدات ئەم تەوژمە ئیسلامیەی کە وەکو سەردەمی سەرهەڵدانی

ئیسلام لە ژێر زەمینەکاندا خۆی ڕێك دەخاتو تەعبیر لەخۆی دەکات، بخرێتە بەر ڕۆشناییو لە ژێر زەمینەوە بهێنرێتە سەر زەمین.

## پاریس گڕ ئەگرێت
## نۆڤەمبەری ٢٠٠٥

پاریس ئەم ڕۆژانە گڕ ئەگرێت . دەشێت ئەمە گونجاو ترین مانا بێت بۆ ئەو ئاژاوەو پێکدادانانەی ئەم ماوەیە پاریس‌و شارەکانی تری گرتۆتەوە، کە زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن‌و خوێنەرەوەکانی ئەو ڕووداوانە بەکاریدەهێنن وەکو ئاماژەیەك بۆ گڕگرتنی شارێك کە هۆکاری کڵپەسەندنەکەی ناکۆکی‌و جیاوازی لێکتێنەگەیشتنێکی کەلتوری لە پشتەوەیە.

بەڵام کام پاریس گڕی گرتووە؟ پاریسی قەشەنگی تەلارە مێژووییەکان‌و بورجی ئیڤل‌و شەقامی درەشاوەو بارو ڕێستورانە گرانبەهاو گەڕەکی توریستی‌و دەوڵەمەندو خانەدان‌و بۆرژوا بەڕەگەز فەڕەنسی‌و پاریسییەکان، یاخود ڕووەکەی تری پاریس؟ گەڕەکی وێرانەو تەلاری داڕوخاوو ژووری بچکۆلەی تاریك‌و نسرم‌و ترنجێنراوو بە چەندین سەر خێزان‌و کۆڵانی پیس‌و بۆگەن‌و لانکەی کەسانی ڕەگەز جیاوازو موهاجیرو یاخی‌و پەراوێزی‌و لەبیرکراوی نێو کەلتورە ئینسانی‌و مرۆییەکەی پاریس؟ ئەوەی گڕ دەگرێت کەنارەکانی پاریسە، ئەو کەنارانەی بە کۆمەڵە خەڵکێکی ڕەگەز جیاواز ترنجێنراون لە پاشماوەی سەردەمی کۆیلایەتی‌و ئیستعماری

ئەفەریقاو جەزایرو ئەو هارکیانەی لە پێناوی ئالآی فەڕەنسادا دژی هاوڕەگەزەکانی خۆیان جەنگانو ئەو هەموو کۆچەرو پەناهەندانەی تر کە بەرەو بەهەشتو بانگەوازە شۆڕشگێڕیو ئینسانیەکەی فەڕەنسا خۆیان لەم وڵاتەدا بینیوەتەوەو پاشان خۆیان لە کەنارەکانی ئەم کۆمەڵگەیەدا بینیەوە. ئێستا کەنارەکانی پاریس گڕ دەگرێت، بەڵام ئەم ڕۆژانە ڕۆژانی شۆڕشی فەڕەنسیو پێکدادان لە نێوان شۆڕشگێڕانو ئەوانەی لە سیستەمی پادشایەتی ڕەها یاخی بووبوونو بەرگریان لە بەهاکانی جمهوریەتو سەپاندنیدا دەکرد، نییە، ڕۆژانی شەڕی نێوان چینی هەژارو شۆڕشگێری وردە بۆرژواو ڕۆشنبیرو پیشەیی کە سیستەمی پادشایەتی خستبوونیە کەنارو خوارەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی فەڕەنسیەوە نییە دژی چینی ئەرستۆکراتو دەرەبەگو پادشایی. ئێستا پاریس لە نێوان چینێکی بەرگریکاری دێرینی بەهاکانی ڕیپۆبلیکدا گڕ دەگرێت لە بەرامبەر چینێکی پەراوێزکراوی ئەو پێکهاتەیە کە شوناسی فەڕەنسی هەیەو بەڵام دانی پێدا نانرێتو هەست دەکات نە خۆی لە ناو بەهاکانی ڕیپۆبلیکدا دەبینێتەوەو نە دەشتوانێت بەرگری لەو بەهایانە بکات کە هەست دەکات ئەم کائینە تێکەڵەی بە ڕەگەزی بیانیو شوناسی وەرگیراوی فەڕەنسی ڕەت دەکاتەوە.

کـەنارەکانی پـاریس دەسـوتێتو تەشـەنەی ئاگرەکـەش بـەرەو هەندێك لە شارەکانی تری فەڕەنسـا پـەرەی سـەندووە. ئایـا ئەمـە یاخیبوونێکی خۆبەخۆو هەڵچوونێکی خودی ئەو چینو توێژانەیە بۆ دەربـڕینی نـاڕەزاییو وەدەنگهـاتن لـە بەرامبـەر سیسـتەمێکی ناعەدالـەتی کۆمەڵایـەتیو کـەلتوریو ئابووریـدا وەکـو ئـەو گەنجـە یاخیبووانـە دەڵـێن؟ یـاخود ئـەم کارانـە جوڵانەوەیـەکی ڕێکخـراوو بەرنامەبۆداڕێژراوی کۆمەڵێك گـروپو بانـدی تێکـدەرە، کـە خۆیـان دەزانن چۆنو چ کاتێك هێرش دەکـەنو لـە چ گـەڕەكو ناوچـەیەکدا دابـەش دەبـنو چ شـوێنێك دەکەنـە نیشـانەی هێرشـەکانیان وەکـو هەندێك لە سـەرانی دەسـەڵات وادەڵـێن؟ هەرچـۆنێك بێـت، ئـەوەی سەرجەم ئەم ئاژاوەو ڕووداوە تێکدەرانەیە کۆدەکاتەوە، ئەوەیە کە ڕووداوەکان لە نێـو چوارچـێوەی شـوێنێکدا ڕووئـەدەن، کـە پێیـان دەووترێت کەنار، واتە گەڕەکی دەوروبـەری شـارەکان، کـە ئەمانـە هەڵگری هەندێك پێناسەی ترن وەکو گەڕەکی خەتەرناك، حەساس، نائارام، پرکێشە کە بەگشتی پێیـان دەووترێـت(سـیتێ) واتـە شـار، یان شارۆچکە، یاخود ڕاسـتتر ئۆردوگـا کـە گـەڕەکێکی قەرەباڵغـەو پێکهـاتووە لـە چـەندین ئـەپارتمانی سـیخناخ بـە خـەڵکێکی زۆر. زاراوەی سیتێ یان کەناری پاریس خۆی لەهەموو ڕوویەکی نەفسیو کۆمەڵایـەتیو ئـابووریو کـەلتوریو شوناسـیەوە جـۆرە وێنـەو

تێگەیشتنێکی سەپاوی دروست کردووە لەگەڵ جیاوازییەك لە نێوان شوناسی ئەسڵی فەڕەنسیو شوناسی وەرگیراودا. کەنارەکانی پاریس کە پێیان دەوترێت (بانلیو) یاخود دەرەوە، خۆی ئاماژەی دوو جۆرە کۆمەڵگەی جیاواز دەکات. بۆیە دەتوانم بڵێم پاریس لە نێوان نەوەی شۆڕشگێرەکانی پێشووی فەڕەنسا کە لە ناوەندی شاردا کۆبوونەتەوەو نەوەیەکی تا ئاستێکی فراوانو نامۆدا دەسوتێت، نەوەی کەنارەکان واتە دەرەوەی شار، کە شوێنی بێکاریو هەژاری ونائارامیو شەڕو کەلتوری دۆگماو هەست بە پەراوێزیبوونو لانکەی باندو جۆرەها گروپی توندڕەوە، هەر لە گروپی سیاسیو دینیەوە تاوەکو کەلتوری.

بۆ ئەوەی زیاتر لە شێوەی ئەو پێکدادانەی ئێستای پاریسو شارەکانی تری فەڕەنسا تێبگەین، دەبێت کەمێك بگەڕێینەوە بۆ مێژوویەکی دێرینتری فەڕەنساو چۆنێتی پێکهاتنی سیتیو کەنارەکانو مامەڵەکردنی فەڕەنسی لەگەڵ ئەو شەپۆلە کۆچانەی رووی تێکردوون. لە ڕاستیدا فەڕەنسای نوێ خۆی یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لە ڕووی مێژووییەوە پێکهاتەیەکی فرە کەلتوری جیاوازەو شوناسی خۆی لە تێکەڵاوی ئەو شەپۆلە کۆچەی پێکهاتەو کەلتورەکانی تر بنیات ناوە، بە شێوەیەك کە ئەو پێکهاتانە هەموویان لە ناو بەهایەکی سەرەکی فەڕەنسیدا

تواونەتەوە، کە ئەویش بەهاکانی جمهوریەتی فەرەنسیەو هێندەی داهێنانو چەمکێکی بەرجەستەکار لە شوناسو کەلتوری فەرەنسی بێت، بەڵام لەهەمانکاتیشدا بەهایەکی جیهانییە، کە ئەمەش هۆکاری گونجانو توانەوەی شوناسەکانی تری خۆش کردووە، واتە ئەوەی کردەی ئاسانکردنی پێکەوەگونجانو پێکەوەدروستکردنی شوناسێکی فەرەنسی خۆڵقانبێت، ئەوە ئەو بەها ئینسانیو جیهانیو فرەلایەنییەی فەرەنسا بووە، کە هەر لە شۆڕشی فەرەنسیەوە جێ خەونی هەموو ئەوانەبووە کە بەدوای ئەم شوناسە جیهانیەدا گەڕاون. بێگومان ئەوەی تائێستا ڕاستەو دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەیەکی فەرەنسی فرەکەلتوریو تەواوەی لەنێو تاکە شوناسێکدا دروستکردبێت بۆ ئەو شەپۆلە کۆچو ئیمیگراسیۆنانە ڕاستە، کە لە نێوان فەرەنساو گەلانی تری ئەوروپادا ڕوی داوەو کە زەمەنێکی دێرینتری پێش ئەم سەدەیەی هەیەو تا نیوەی سەرەتاکانی ئەم سەدەیەش بەردەوام بووە، ئەویش واتە شەپۆلی کۆچکردنی کۆمەڵی لە ئیتاڵیو ئیسپانیو پورتوگالیو بەلجیکیو یۆنانیو کەمێکی تر لە گەلانی جیاواز کە لە بنەڕەتدا هەموویان پێشتر لە چەندین خاڵی هاوبەشی کەلتوریدا یەکن، وەکو وابەستەییان بۆ گەلانی لاتینی زمانو ئایینی کاتۆلیکیو مێژوویەکی نزیکو هاوبەش لە ئەوروپای پێشتری

دابەش بوو بەسەر پادشاکاندا. ئەوەی ئاشکرایە، ئەم جۆرە کۆچە هیچ جۆرە ئاڵۆزیو گرێی کەلتوریو هیچ جۆرە کێشەیەکی ڕووبەڕووبوونەوەی بۆ شوناسی فەڕەنسی نەخوڵقادووە، بەڵکو بە پێچەوانەشەوە بۆتە توخمێکی دەوڵەمەندکردنو زیاتر بەئینسانیکردنی ئەم شوناسە، واتە ئەم پێکهاتانە بەبێ کێشە، ڕاستتر هەموو پێکەوە لەپاڵ بەهاکانی جمهوریەتی فەڕەنسادا شوناسی نوێی فەڕەنسیان دروست کردووە. نەوەکانی ئەم نەتەوانە یەك لە دوای یەك بێ کێشە لە نێو ئەو شوناسەدا تواونەتەوەو بوونەتە بەشێکی چالاکو دیار لە هەمو بوارەکانی ژیانی فەڕەنسیدا، لە بواری کار، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتوری، سیاسەتو ڕۆشنبیریو هتد. ئەگەر کەمێك نۆستالجیشیان هەبێت بۆ شوناسو نەتەوەی پێشتری خۆیان، بەڵام ئەم هەستە بەرەو پێکدادانو ڕووبەڕووبونەوەی شەڕانگێزی نەبردوون لەگەڵ فەڕەنساو کۆمەڵگەی فەڕەنسیدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوان کەلتوری خۆیان کردۆتە توخمێکی تری دەوڵەمەندکردنی کەلتوری فەڕەنسی. ئێستا ئەم پێکهاتە تێکەڵاوە هەموویان پێکەوە خۆیان بە بەرگریکاری فەڕەنساو بەهاکانی دەزانن لەبەرامبەر ئەو هەڕەشانەدا، کە ئەیەوێت ئەو بەهایانە تێکبدات، یاخود بەهای

کەلتوری نەگونجاوی تێکەڵ بکات. ئەم بەها نەگونجاوانە لە کوێوە هاتوون؟

لێرەوە ئەبێت ئاماژە بۆ جۆرێکی تر لە شەپۆلی کۆچکردن بۆ فەرەنسا بکەین، کەسەرەتای دەستپێکردنی بەلێشاو زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی بیستو تا ئێستاش بەردەوامە. زاراوەی کەنارو سیتیۆ گەڕەکی خەتەرناکو هتد لکاوە بە زیادبوونو کۆبوونەوەی بەقەبارە گەورەی ئەم شێوە کۆچەوە. لەلایەکی ترەوە تایبەتمەندێتی ئەم شەپۆلە کۆچە ئەوەیە کە تێکەڵاوبوونی نەوەی گەلانێکی شوناسو مێژوو و کەلتور جیاوازە بە شوناسی فەرەنسییەوە، کە جیاوازییەکان بوونەتە هەڵگری گرێو ئاڵۆزی کەلتوری، زمانی، نەتەوەیی، ئایینی، ڕۆشنبیریی جیاواز، کە ئەمەش هەر لەسەرەتاوە کێشەی گونجاندنو توانەوەی ئەم نەوانەی لەناو شوناسی نوێی فەرەنساو بەهاکانی جمهوریەتدا خولْقاندووە، تائێستاش دەکرێت یەکلاییەکردنەوەی ئەم ئاڵۆزییانە خۆی هۆکاری هەموو ئەو لێکتێنەگەیشتنە کەلتوریە بێت لەناو فەرەنسادا لەنێوان شوناسی فەرەنسیو شوناسێکی تردا کە پێناسەی بیانیو موهاجیری وەرگرتووەو تائێستا نەتوانراوە ئەو دیوارە سەختو هەڵچنراوە لە گرێو جیاوازی مێژوییو کەلتوریە لە نێوانیاندا بڕوخێندرێت.

بێگومـان فەڕەنسـا وەکـو وڵاتێـك کـە لـە دوای دەسـتپێکردنی هێرشی ئیستعماری بـۆ سـەر زەوییـەکانی تـرەوە بـە هـۆی ئـەوەی بەشـێکی فراوانـی وڵاتـانی ئەفـەریقاو ڕۆژهـەڵاتی عـەرەبی کردۆتـە کۆلۆنی خۆی، ئیتر لە دەرەئەنجامدا بـاجی پێشـوازیکردنی بەشـێك لە نەوەکانی ئـەم نەتەوانـەی داوە، کـە ڕوویـان کردۆتـە فەڕەنسـاو ئێستاش بە هەستێکی تێکەڵ لە تۆڵەسەندنەوەو جۆرە مافێـك ئـەم شێوە کۆچە هـەر بەردەوامـە، ئـەو هەسـتەی کـە دەڵێـت فەڕەنسـا دەوڵەمەنـدی خـۆیی‌و جـوانی شـارەکانی‌و مـەزنی کـەلتوری خـۆی لەسـەر جەسـتەو لاشـەی کەڵەکـەکراوو زەوتکردنـی سـامانی ئێمـە بنیات ناوە، بۆیە دەبێت ئەو هەقە بداتـەوە. زۆربـەی زۆری نـەوەی ئەو جالیانە هەست بە پێشێلکردن‌و لە بیربردنەوەی مێژووی خۆیان دەکـەن لەگـەڵ پەراوێزیکردنیانـدا لـەناو کۆمەڵگەیەکـدا کەهەسـت دەکـەن بەشـداریان کـردووە لـە بنیاتنانیـدا. موهاجیرەکـان دەڵـێن هەموو میترۆکانی فەڕەنسا، هـەموو ڕێگـاو بانـەکان، هـەموو تـەلارو باڵەخانە مەزنەکان باوکانی ئێمە بنیاتیـان نـاوە لـە هەلومـەرجێکی وەکو کۆیلە سەیرکردنیاندا.

ڕاستە فەڕەنساش وەکو وڵاتانی تری ئەورووپای دوای دوو جەنگی جیهانی لەگـەڵ تـەوژمی بنیاتنانـەوەی ئـابووری‌و پیشەسـازی ئـەو وڵاتانەدا پێشوازییەکی فراوانی لە هێزی کاری بیـانی کـردووە بـەبێ

گوێدانە هیچ جیاوازییەکی کەلتوریو بەبێ دانانی بەرنامەیەکیش بۆ گونجاندنی ئەم نەوانە کە هەڵگری کەلتوری جیاوازن لە ناو کەلتوری فەڕەنسیداو بێ بیرکردنەوەش لەوەی کە لە داهاتوودا ئاڵۆزیو گرێی کەلتوری دەخوڵقێنن. لێرەوە فەڕەنسا پێشوازی لە لێشاوێکی فراوان لە ئەفەریقیە فرانکۆفۆنەکان کردووە، لە مەراکیشیو لە سەدان هەزار جەزائیری، کە هەر لەو کاتەوەی جەزائیر بەشێك بووە لەفەڕەنساو تا کاتی سەربەخۆبوونی بەردەوام ڕوویان کردۆتە فەڕەنسا جگە لەو هەزاران کەسەی کە بە هارکی ناسراون، واتە ئەوانەی کە لە پاڵ سوپای فەڕەنساداو بۆ شکۆمەندی ئاڵای فەڕەنسی دژی هاونەتەوەکانی خۆیان جەنگاونو دوای سەربەخۆیی بەتۆمەتی خیانەت لە جەزائیر دەرپەڕێنراون بۆ فەڕەنسا.

ئەم هێزە مرۆییەی گەیشتوونەتە فەڕەنسا، تەنها خەڵکانێکی هەژارو کۆچکەر بوون کە خواستی ژیانێکی باشتریان هەبووەو لەبەرئەوە لە ڕووی ئاستی کەلتوریو خوێندەوارییەوە دواکەوتووبونو هیچ شارەزایی زانستیو تەکنیکیان نەبووە لە هێزی بازووی خۆیان زیاتر جگە لەوەی هیچ شارەزاییەکیشیان لەسەر مێژوو و کەلتوری فەڕەنسا نەبووە. لەسەرەتادا ئەو کۆمپانیاو دەسگایانەی ئەمانەی دەخستە کار، بە کۆمەڵ لە جێگای شێوە

ئۆتێلو شێوە کەمپدا نیشتەجێی دەکردن لە بارودۆخێکی هەژارانەو ناسـەقامگیردا، کـە ئێسـتاش ئـەم جـۆرە شـوێنانە مـاونو پێیـان دەوترێت کەمپی سۆناکۆترا، زۆر لـە گـۆرانی میللـی ئـەم نەتەوانـە تراژیدیای ژیانی خۆیان لەم کەمپانـەدا دەگێڕنـەوە. بـەڵام سـاڵ لـە دوای سـاڵ ژمـارەی ئـەم کەسـانە زیـادی دەکـردو زۆربـەیان کـە لەوڵاتەکانی خۆیان ژنو منداڵیان جێهێشتبوو، یاخود دەگەڕانـەوەو ژنیـان دەهێنـا پێویسـتیان بـەوە هـەبوو لەگـەڵ خێزانەکانایانـدا کۆبنەوە. ئەمەش بەرنامەی کۆکردنەوەی خێزانی داهێنا، واتە بـەم جۆرە ژمارەی موهاجیرەکان چەندین جار زیادی کردو ئیتر نەدەکرا هەر لەو کەمپانەدا نیشـتەجێ بکـرێن. بەهـەمان شـێوەش نـەدەکرا لەناو دڵی پاریسو شارە گەورەکانی تردا نیشتەجێ بکرێن، چـونکە هەر لەسـەرەتاوە ئـەو دیـوارە کەلتورییـە لـە نێـوان ئـەم بیانیانـەو فەڕەنسـیەکاندا دروسـت بووبـوو، کـە ئـەوان تـەنها وەکـو هێزێکـی کـاتیی کـار سـەیریان دەکـردن، نـەوەك وەکـو هاونیشـتمانییەکی ئایینـدەیی لـە فەڕەنسـادا. بۆکۆکردنـەوەی ئـەم لێشـاوە خەڵکـە بیرۆکەی کەنارو سیتێ هاتە گـۆڕێ، کـە ئـەویش کۆکردنـەوەی ئـەم هێزە مرۆییەیە بە خۆیانو خێزانیانەوە لە کەمپی گـەورەتردا وەکـو ئۆردوگای کۆمەڵی لە کەناری شارەکاندا. لێرەوەش ئەم خەڵکانە لە چـەندین باڵەخانـەی پێکـەوە دروسـتکراوو بـە چـەندین ئـەپارتمانی

بچـكۆلەوە نیشـتەجێ كـران، كـە ناسـراون بـە (ئاشـەلێم) واتـە خانووبـەرەی كـرێ هـەرزان. ئـیتر لێـرەوە ئـەم گەڕەكانـە تایبەتمەندێتی خۆیان لەو پێناسانەدا وەرگرت، واتە كـەنار، بـانلیو، سیتێ، ئاشەلێم، كـە بوونـە ئامـاژەی كۆبوونـەوەی بیانیـەكانو بـە بەردەوامیش بوونە جێی پێشوازیكردنی لێشاوەكانی تر لە كۆچ، لـە لێشـاوی پەناهەنـدەی سیاسـی، لـە هێـزی كـاری نـوێ، لـە كۆچـی ناشەرعی. كە ئێستا ئەم كەنارانە خۆی لە هەڵاوسـانێكی ترسـناكدا دەژیو توانای وەرگرتنی خەڵكی تری نەماوەو لە بەرامبەریشـدا بـۆ ڕاگرتنی لێشاوی كۆچ سیاسـەتی ئێسـتای حكومەتـەكانی فەرەنسـا هـانی دروسـتكردنی كـەناری تـرو سـیتێی تـر نـادات. تـا دێـت مەرجەكانی ژیانیش لەم شوێنانەدا ناخۆشو نائینسانی تر دەبن.

گـوزەرانی خـەڵكانی ئـەم شـوێنانە لـە ئاسـتی نزمـی هـەژاریو بێبەشـبووندایە لـە مەرجـە سـەرەكییەكانی ژیـان، ئاسـتی بێئیشـی لـەنێو خەڵكەكانیـدا بـە تایبـەتی لـە نێـو گەنجانیـدا ٣٠٪ زیـاترە، پـــرۆژەی ئـــابووریو پیشەســـازیو كۆمەڵایـــەتیو پـــەروەردەو ڕۆشـنبیریو خزمـەتگوزاری لــە بەرامبــەر شـوێنەكانی تـردا زۆر كەمترە. ئەم گەڕەكانە لەلایەكی ترەوە بوونەتە شـوێنی بازرگـانیو بـازاڕی ئیشـی لاوەكـیو پیشـەی یاسـاغو قاچـاغ وەكـو بازرگـانی تلیاكو حەشیشەو چەكو شتومەكی ساختەو قاچاخ جگـە لـە دزیو

ڕوتاندنەوە تا دەگاتە ئەوەی پەیدابوونی شوێنی بێ یاسا وەکو دەوڵەت ناوی لێناوە، واتە شوێنانێك کە یاساو سەمبۆلەکانی یاسا ناتوانن تیایدا بوونیان هەبێت. بێگومان ئەم سیفەتانە بەسەر هەموو خەڵکانی ئەو ناوچانەدا ناگونجێت، کە ژیانی خۆیان بە ماندوێتیو کاری خۆیان مەیسەر دەکەنو بەدوای پێکدادان لەگەڵ سیستەمی فەڕەنسیو کەلتورەکەیدا ناگەڕێن، بەڵکو ئەوەی پیادەی ئەو ئاژاوەو پێکدادانانە دەکات، کۆمەڵە باندێکی ڕێکخراون کە ئێستا گلەییو تووڕەیی خەڵك لە کارە تێکدەرەکانی خۆیاندا بەرجەستە دەکەن.

لە ڕاستیدا هێزە سیاسییەکانی فەڕەنسا بەرنامەیەکی ئاشکراو پرۆژەیەکی نەخشەدارێژراویان نەخستۆتەڕوو بۆ گونجاندنی ئەم هێزە کەلتوریە نوێیانە لەناو شوناسی فەڕەنسادا بەتایبەتی ئێستا ئەم نەوانە هەموویان هەڵگری شوناسی فەڕەنسینو لە ڕووی مافو ئەرکەوە خۆیان بە فەڕەنسی ئەزاننو بەتایبەتی نەوەی نوێ، واتە ئەوانەی کە لە فەڕەنسا لە دایك بوون بەشێکی دیاریان لەبواری خوێندنو زانستدا بەرەو پێشەوە چوون، بەڵام هەست بە جیاوازی ڕەگەزیو ناعەدالەتی دەکەن لە دابەشکردنی کاردا، بە تایبەتی کاری گرنگدا وەکو کادرو مامۆستایی، کارمەندی بەرز لە کۆمپانیا گرنگەکاندا، هەروەها لە بواری ئیدارەی دەوڵەتو سیاسەتو

دەزگاکانیدا، بە شێوەیەك هێندە بەسە کە لە فەرەنسادا کەسێك لە سیڤییەکەیدا ناوی عەبدوڵا، قادر، بلحاج، بن سید، فاتمە بێت بۆ ئەوەی ئیتر هەلی کاری لە بەرامبەر فەرەنسیەکدا سەدان جار کەمتر بێتەوە.

هێزە سیاسیەکانی فەرەنسا تا ئێستا بێبەرنامە مامەڵە لەگەڵ ئەم هێزە مرۆییە کەلتوریە جیاوازانەدا دەکەن، کە هەستی سەرەکی ئەوان وایە لەبەر وابەستەیی کەلتوریو ئایینیو نەتەوەییو ڕەنگی پستیان مامەڵەی جیاواز دەکرێن، لەکاتێکدا هێشتا هیچ هێزێکی سیاسی فەرەنسی دان بەم جیاوازییەدا نانێتو لە بەرامبەریشدا پرۆژەی گونجاندیان لەناو کەلتوری فەرەنسادا تەنها پرۆژەیەکی پشتیگیریەو هەندێك چارەسەری کاتی پێیە بۆ زاڵبوون بەسەر هەندێك کێشەی هەژاریو بێکاریدا، کە ئەمەش ئاراستەی هەموو ئەو چینانەی خوارەوەی فەرەنسا کراوە لەکاتێکدا ئەم خەڵکانە دەیانەوێت وەکو کەلتوری خۆیان دیالۆگیان لە گەڵدا بکرێتو لەو ئاستەوە قبوڵ بکرێن.

ئەگەرچی چەپو سۆشیالیستەکانی فەرەنسا لە ماوەی حوکمەکانی خۆیاندا هەندێك ڕیفۆرمیان خولقاندووە بۆ چاککردنی سەرجەم هەلومەرجی ژیانی ئەم خەڵکانە وەکو داهێنانی یارمەتی سۆشیال، بیمەی بێکاری، مافی چارەسەر بە خۆڕاییو داهێنانی

کارو پرۆژەی سی‌و پێج سەعات کارو یارمەتیدانی ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوە کەلتوریانەی کە بۆ گونجاندنی موهاجیرەکان کاریان کردووە، بەڵام بەهۆی هەمیشە ناکۆکی نێوان چەپو ڕاستو ناچاری پێکەوە حوکمکردنی ئەم دوو هێزە لە دەوڵەتدا ئیتر بەرنامەو پرۆژەکان شکستیان هێناوەو نەگەیشتۆتە ئەنجام. لەلایەکیتریشەوە ئەم هێزانە ڕۆڵێکی دیماگۆگیان بینیوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی موهاجیرەکاندا، کە بە داخەوە زۆر کات تەنها شەڕی هەڵبژاردن‌و دەستکەوتنی چەند دەنگێکی لە پشتەوە بووە. بۆ نموونە بەرەی ڕاستڕەوی فەڕەنسی تا ڕادەیەکی زۆر ئەوە چەند ساڵێکە بەتایبەتی دوای هێرشە تیرۆریستییەکان بۆ سەر ئەمەریکا زیاد لە پێویست مەسەلەی ئارامی‌و ئاسایشی کردۆتە دروشمێکی خۆی بۆ هەڵبژاردنەکان‌و بەمەش خەڵکانێکی زۆری فەڕەنسی تووشی ترس‌و سڵەمینەوە دەکات لەبەرامبەر خەڵکانێکی تردا، کە ئەوانیش خۆیان بە فەڕەنسی دەزانن. حکومەتی ڕاستڕەوی فەڕەنسی زیادەڕۆیی دەکات لەوەی کە مەسەلەی سەرەکی مەسەلەی ئاسایشەو هەمیشەش ئاماژەی ئەو گەڕەکە خەتەرناکانە دەکات بۆ نەبوونی ئاساییش، ئەم دروشمەشیان کردە هەڵمەتی هەڵبژاردن تا ئەو ڕادەیەی کە نیکۆلا سارکۆزی وەزیری ناوخۆی بە ڕەگەز بێگانە کە بووە هەڵگیرسێنەری ئاگرەکەو

سوتانی کەنارەکانی پاریس، کە لەو قسەیەی ئەوەوە تورەیی خەڵکەکە تەقیەوە کاتێك لە گەڕەکێکی کەناری پاریسدا بە هەندێك فەرەنسی وت چاوەڕوان بن ئەوانەی بێزارتان دەکەن، پاکیان دەکەینەوە. لە بەرامبەردا ئۆپۆزیسیۆن بە هەموو هێزەکانی چەپەوە لەکاتێکدا داوای چارەسەری بنەڕەتیو بەرنامە لە حکومەت دەکەن، خۆیان شێوەی سەرەکی ئەو چارەسەرەیان پێ نییە جگە لە دوپاتکردنەوەی هەندێك گوتاری گشتی نەبێت وەکو زیادکردنی فرسەتی کارو، خزمەتگوزاریو چارەسەری مەسەلەی خانووبەرەو نیشتەجێ کردنو پرۆژەی کۆمەڵایەتیو کەلتوریو دیالۆگ لەگەڵ گەنجە بێکارەکاندا، بەڵام هیچ شتێك زامنی ئەوە ناکات، کە بەرنامەیەکی بنەڕەتیو داڕێژراو هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانەی کە ڕەگێکی مێژووییان هەیە.

لە بەرامبەر ئەوەدا کە هیچ لایەنێکی فەرەنسی پرۆژەیەکی تێکەڵاوکردنی کەلتورییان بۆ ئەم هێزە مرۆییە کەلتورییە جیاوازە پێ نییە، پرۆژەیەك کە بتوانێت دیوارەکانی نێوان بەهاکانی جمهوریەتی فەرەنساو ئەو کەلتورە جیاوازە لابەرێت. سیستەمێکی پەروەردەیی کە خۆی نەخاتە دۆخی شۆکەوە لە بەرامبەر پیرۆزییەکانی ئەم کەلتورەدا، ئەوا دەبینین بە ئاشکرا ئەم هێزە مرۆییانەو کەلتورەکەیان بۆتەوە شوێنی کارکردنی جووڵەیەکی

کـەلتوری تـر، کـە لـە دەرەوە دێـتو هەمیشـە پابەنـدبوونیان بـە مێـژووی خۆیـانو بـەها تەقلیـدیو ئـایینو کـەلتورو دابو نەریتـە پیرۆزەکانیـان بـیر دەخاتـەوە لـە بەرامبـەر کـەلتوری فەڕەنسـیو ڕۆژاواییدا، کە ڕەتیـان دەکاتـەوە. ئـەم کـەلتورەی کـە لـە دەرەوە دێت، هێزێکە نایەوێت ئەم خەڵکە موهاجیرە کە لە مێژوو نیشتمانی خـۆی دابـڕاوەو توانـای گەڕانـەوەی بـۆ کـەلتوری پێشـتری نییـەو ناشتوانێت تیایدا بگونجێتەوە، لەهەمانکاتیشدا توانـای گونجانـدنی لەناو ئەم کەلتورەی ڕۆژئاوادا نییە، ئێستا بۆتـە شـوێنی کـارکردنی دەسـتێوەردانەکانی دەرەوە، کــە هــەڵگری فیکــری تونــدڕەویو شــەڕانگێزیو بزووتنــەوەی ئەنارشــیو تێکــدەرو تــا ڕادەی تیرۆریستیشن. ئەو پەروەردەیەی کە فەڕەنسا ناتوانێـت بیـدات بـە نەوە موهاجیرەکانی خۆی، یاخود تیایـدا شکسـتی هێنـاوە، ئێسـتا کۆمەڵـە هێزێکـی تـر ئـەو ڕۆڵـە دەبیـنن، بـەڵام بـە شـێوازێك کـە دەیانخاتە سـەنگەری شـەڕانگێزیەوە لەگـەڵ کـەلتوری فەڕەنسـادا. ئێستا لە ماڵی هەموو خێزانە عەرەبەکانی فەڕەنسادا ئـەوەی زیـاتر کار لەسەر پەروەردەکردنی گەنجە عەرەبە فەڕەنسـییەکان ئـەکات، کەناڵەکانی جەزیرەو عەرەبیەو مەنارو ئەوانی ترن، کە تەنها کینـەو دوژمنایەتیکردنی کەلتورەکانی تر پەخش دەکەنو ڕۆژانە لە وێنەی مەرگو تیرۆرو شەرعیەتپێدانی بـەولاوە شـتێکی تـر بـڵاو ناکەنـەوە

لەپاڵ هاندانی ئەم نەوانەدا کە زیندووکردنەوەی تیرۆرو توندوتیژی تاکە هۆکارێکی خودنمایشکردنو تەعبیرکردنە لە خود بۆ ئەوان. بۆیە ئەوەی ئێستا لە سوتانی پاریسو کەنارەکانی تردا ڕوودەدات، دەکرێت ناوی بنرێت شێوەیەکی تری تیرۆریزمی کوێرانەی بێهودەو بێبەرنامە، کە تاکە مەبەستی تیادا هەڵڕشتنی کینەیە بەرامبەر کەلتورێك، تیایدا هەست بە پەراوێزیو ڕەتکردنەوە دەکات، بڵاوکردنەوەی ترسو تیرۆر تەنها لە چوارچێوەی کۆجیتۆیەکی بێهودەدا کە دەڵێت من هەم. ئەم میتۆدەش تەواو لە میتۆدی کارە خودکوژیە تیرۆریستییەکان نزیك دەبێتەوە لە شێوازو ڕەفتارو هەڵبژاردنی قوربانی شوێنی کردەوەکاندا کە لە بنەڕەتدا کردەوەکان کردەوەی تێکدەرەو ئاژاوەگێڕیو ترساندنی زۆرترین خەڵکە بەبێ بەرنامە. دیارە ئەگەر ئەم باندو گروپانە بەرنامەیەکی داڕێژراویان هەبێت بۆ سوتاندن، تێکدان، وێرانکردنو بە نەخشە شوێنەکانی خۆیان هەڵبژێرن، ئەوا لە بەئەنجامگەیاندنی کارەکانیاندا پێویستیان بە بەرنامە نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە چ شوێنێکدا مەرجی هێرشەکانی تێکدانو سوتاندن ئاسان بێت، ئەوە لەوێدا کار دەکەن، زیاتر پشت بە منداڵو هەرزەکاریش دەبەستن بۆ کەڵکوەرگرتن لەو یاسایانەی کە ناتوانێت حوکمی منداڵ بدات. لێرەوە دەبینین کە چۆن ئەم باندو گروپانە کوێرانە ئۆتۆمبێلی

خەڵکانێك دەسوتێنن کە وەکو خۆیان خەڵکی هەژاری کەنارەکانن، کە باخچەی ساوایانو خوێندنگاو هۆڵی یاریو کەلتوریو پاسی گشتی هاتوچۆ دەسوتێنن، کە لە ئەنجامدا خەڵکە هەژارەکەی وەکو خۆیان زیانیان لێ دەکەوێت. ئەمانە هەمووی نیشاندانی تیرۆرە تەنها بۆ تیرۆر.

بەڵام لەپاڵ ئەمانەشدا دەبێت بووترێت کە کێشەیەکی ڕاستەقینەی شوناسێکی جیاوازتر لە شوناسی فەڕەنسی هەیە، کە پێویستی بە خوێندنەوەو مامەڵەو چارەسەری جیاوازتر هەیە لەدەرەوەی تیرۆرو کاری تێکدەرانەی ئەو باندانەو تێنەگەیشتنی حکومەتو هێزە سیاسییەکانی فەڕەنسادا. هەموو فەڕەنسا پێویستی بە دیالۆگێکی ناوخۆی پێکهاتەکانی هەیە لەناو سنوری خۆیدا، کە هەموو کەسێك بە نیشتمانی خۆی بزانێتو بەبێ هێرشو دەستێوەردانی فیکرو کەلتورەکانی دەرەوە.

## پارتی سۆشیالیسیتی فەڕەنسا : لە جیاوازییەوە بۆ جیاوازی
## کۆنگرەی گشتی حەفتاو پێنجەمین و شکستی باڵەکانی

کۆنگرەیەك لە پێناوی هیچدا. کۆنگرەیەك کە شاری رانسی کردە مەیدانی جەنگی نێوان خێڵەکانی پارتی سۆشیالیست. کۆتایی فلیمێکی تراژیکۆمیدی.... ئەمە پێناسەی بەشێکی زۆری ئەو ئەندامانەی پارتی سوشیالستی فەڕەنسا بوو، کە لە دوای بێدەنگبوونی دوا میکرۆفۆنەکانی هۆڵی حەفتاو پێنجەمین کۆنگرەی گشتی پارتی سۆشیالیستو دوای سێ ڕۆژ لە هاوارو بانگەشەی سەرجەم سەرکردەکانی پارتو کادیران بۆ پاراستنی یەکێتی حیزب لە دەوری یەك پرۆژەو بەرەیەکی بەهێزدا لە بەرامبەر هێزی ڕاستدا، بێهیوا لە شەڕی بێهودەی سەرکردەکانیان هۆڵی کۆنگرەیان جێهێشت، بەڵام بە لێپرسراوێتییەکی مێژوویی‌و ڕۆڵێکی حوکمدەرو ناوبژیوانییەوە لە نێوان فیلەکانی حیزبدا، کە نەیانتوانی رۆلی کۆکەرەو ڕێکخەرەوەی ماڵی حیزب ئەنجام بدەن‌و دواجار ئەو ئەرکەیان بۆ ئەندامان جێهێشت، کە قەدەری خۆیان‌و حیزبەکەش لە لێکهەڵوەشانەوەو مەرگێکی چاوەڕوانکراو ڕزگار بکات.

جارێکی تر سۆشیالیستەکانی فەڕەنسا خۆیان خستەوە بازنەی داخراوی گەڕانێکی بێهودە بۆ شوناس‌و بیرو باوەڕو فەلسەفەی خۆیان لە ناو جەنگی لە یەکدی تێنەگەیشتنی هەڤاڵەکانیدا لەسەر

شوناسێك، لەكاتێكدا كە هەموویان كۆكن لەسەر ئەوەی هیچ نەبێت پەیامێك هەیە كۆیان ئەكاتەوە كە لە تۆماس مۆرو سان سیمۆن‌و بلانكی یۆتۆپیەوە تا پەیامی ئەنتەرناسیۆنالیزمی جان جۆرێس‌و سۆشیال دیموكراسیەتی میتێران بەردەوامە. دواجار دوای شكستی كۆنگرەی پارتی سۆشیالیست لە رانس كە سەركردەكان هیوایان بەوە هەبوو شوناسی حیزب لە پەرتبوون رزگار بكەن‌و خوێنێكی نوێ بە دەمارەكانی ئەم رێكخراوەدا بگێڕنەوەو جەستەی شكستخواردووی حیزبێك بخەنەوە سەر پێ، كە بتوانێت لە دوای كوژانەوەی خۆری فرانسوا میتێرانەوە بەسەر ئەو زنجیرە هەرەسانەدا سەربكەوێت، كە ئەم هێزە میراتگرەی پەیامە شۆڕشگێڕییەكەی ماراو رۆبسپیێرو دانتۆنی پەراوێز خستووە، بە ئاستێك كە هەموو سۆشیالیستەكانی خستۆتە بەردەم پرسیاری ئەوەی ئایا ئەوان سەر بە كام شوناسی چەپن‌و هەڵگری چ جۆرە فەلسەفەیەكی سۆشیالیزمن؟ ئەم پرسیارەی كە دوا كۆنگرەی حیزبەكە نەیتوانی وەڵامی بداتەوەو جارێكی تر ئەم حیزبە بخاتەوە سەر هێڵێكی سیاسی‌و فیكری خۆی.

بەڵام ئەوەی ئەكرێت لە دوای كۆنگرەی شكستخواردووی (رانس) بخوێنرێتەوە كە لە رۆژانی ١٤ تا ١٦ی نۆڤەمبەر بەسترا بۆ دیاریكردنی بەرنامەو هێڵی سیاسی نوێی حیزب‌و هەڵبژاردنی

سکرتێرێکی نوێ لە جێگەی فرانسوا هۆلاند، کە هیچ نەبێت لـە دووا وتــاری ماڵئاوایــیدا هــەقی ئــەوەی هــەبوو بــە ڕیــزو پێــزانینی سۆشیالیستەکانەوە حیزبێك جێبهێڵێت، کە هیچ نەبێت ئـەم تـوانی بەو لێکداپچراویە ناوخۆییەوە یانزە ساڵ جەنگی بـەرەکانی ڕاسـتی پــێ بکـات، حیزبێـك بـە قـەدەری نادیـاری بـێ رابـەرو سـەرکردە بسپێرێتەوە، ئەوەی بخوێنرێتەوە ئەوەیە کـە پـارتی سۆشیالیسـت سەرمایەیەکی مەعنەوی‌و فیکری پڕ بەهایە، کە پێش زیـاتر لـە دوو ســەدە لــە نــاو گەنجینەیــەکی جــەماوەری هەمیشــە لەگۆڕانــداو ئەتمۆسفێرێکی شۆڕشگێری یاخیگەری‌و ڕۆشنبیرییەکی بەردەوام لە نوێبوونەوەدا پێکهـاتووە، کـە پـاش مێژوویـەکی دەسـتپێکردوو لـە شۆڕشی فەڕەنسیەوە ئەم حیزبە خۆی لە فۆرمێکی پڕ لە جیاوازیدا بەرجەسـتە کـردووەو دوای ئـەو مێـژووە دوورو درێـژە تـەنها لـە کــۆنگرەی (ئێپــینێ)ی ســاڵی ١٩٧١ تــوانی شوناســی حیزبــی سۆشیالیست بە خۆی بدات لە یەکگرتنەوەی چەند باڵێکی چەپ بە ڕابەری فرانسوا میتێران. بەڵام حیزبێك کـە تـا ئـەم سـاتە بـە دوای شوناسی ڕاستەقینەی سۆشیالیستبوونی خۆی‌و چۆنێتی تێڕوانینی بۆ سۆشیالیزم ئەگەڕێت، کێ ئـەتوانێت رابـەری ئـەم هێـزو هەڤاڵـە لێکجیـاوازو لێکنەچـووانە بکـات لـە جەنگەکانیـدا بـەرەو خـەونی کۆمەڵگەی ئازادو یەکسان‌و عەدالەتگەرا؟ حیزبێك کە زۆرجار بە لای

چاودێرانی ئەم پێکهاتەیەوە نازانرێت شەڕی سەرکردەکانی لەسەر چییە، لەکاتێکدا وا ئەبینرێن کە لە هەموو جەنگەکاندا یەکڕیزو شانبەشانن، تەنها ئەوە نەبێت کە لە پاڵ هەموو جەنگێکدا ئەوان جەنگێکی ناوخۆیی براکان لە تەنیشت بەرەکانی دووژمنەوە هەڵئەگیرسێنن.

کەواتە کێشەیەکی شوناسیی پارتی سۆشیالیستی فەرەنسا لە خودی سۆشیالیستەکان خۆیانەوەیە کە لە کۆنگرەی (ئێپینێ)وە تا دەگاتە کۆنگرەی (ڕێن) لە ١٩٩١و کۆنگرەی (دیژۆن) ٢٠٠٣و کۆنگرەی(مان) ٢٠٠٥ هەمیشە بە لێکداپچڕاوی‌و پەرتبوونەوە مێژووی خۆی ئەنوسێتەوەو هەر قۆناغێکیش ئەگەر رابەرێکی مێژوویی لە قەیرانەکانی ڕزگاری نەکردبێت، ئەوا فۆرم‌و پێکهاتەی حیزبەکەو مانەوەی کەوتۆتە بەر هەڕەشەوە.

کەواتە کێشەیەکی سەرەکی سۆشیالیستەکانی فەرەنسا هەمیشە گەڕانە بە دوای فیکری نوێ‌و فۆرمی نوێ‌و رابەرێکدا، کە ئەم جەماوەرە تێکەڵە لە چینێکی ڕۆشنبیرانی یاخی‌و جلەونەگیراوو جەماوەرێکی هەمیشە هەڵچوو ئامادەی ڕاپەڕین لە چوارچێوەیەکی عەقڵانی‌و مۆدێرندا کۆکاتەوەو پیادەی بکات بەرەو بەدیهێنانی یۆتۆپیای تۆماس مۆر لە واقیعێکی سەرمایەداری نێو چوارچێوەی جیهانگیری.

کۆنگرەی رانس شکستی هێنا لە دۆزینەوەی بەرنامەو هێڵی سیاسی پارتی سۆشیالیست لە نێوان باڵە جیاوازەکانیدا. ئەمە یەکەم جارە کە سۆشیالیستەکانی فەرەنساماڵئاوایی لە کۆنگرەیەکیان ئەکەن بەبێ ئەوەی هێڵی سیاسی حیزبەکەیان دیاری بکەن. بلندگۆی کۆنگرەیەك ئەکوژێننەوە بێ ئەوەی بەیاننامەیەك دەرکەن‌و تیایدا تێڕوانین‌و دنیابینیی خۆیان بۆ داهاتوو بەیان بکەن. ماڵئاوایی لە کۆنگرەیەك ئەکەن بەبێ ئەوەی کلیلی ماڵەکەیان تەسلیم بە باوکێك بکەن، کە هەیبەتی ماڵی سۆشیالیزم بپارێزێت، سۆشیالیستەکان کۆنگرەیەکیان بە شکست کۆتایی پێ هێناو بەبێ رابەر مانەوە. لەکاتێکدا جەستەی ئەم حیزبەو جەستەی کۆمەڵگەی فەرەنسی‌و ئەورووپیش بریندارو ماندووی سیستەمێکی ئەوپەڕی سەرمایەداری پەلهاوێژو دڕندەیە، کە لە نێو تەقینەوەی هەموو قەیرانەکانی ناو هەناوی خۆیدا خودی ئەم سیستەمە پەنا بۆ میتۆدە سۆشیالیزمیەکانی باوەڕهێنانەوە بە رۆڵی دەوڵەت‌و کۆمەڵگە ئەباتەوە. لەکاتێکدا سۆشیالیستەکان توانیان هەموو نەخۆشی‌و کێشەکان دیاری کەن، توانیان پەنجە بخەنە سەر هەڵەکانی خۆیان، توانیان لەوە تێبگەن کە تەنها یەکبوون‌و پێکەوەکاری‌و یەکبەرەیی ئەتوانێت ئامادەی جەنگەکانی داهاتوویان بکات، بەلام نەیانتوانی خۆیان یەکخەن. بۆ

تراژیکۆمیدیای مێژوو سەرکردەکانی پارتی سۆشیالیستی فەرەنسا شەوانی پشوو کۆبوونەوەی دوای کۆنگرەیان لەشاری رانس لە ئۆتێلێکدا بەسەر ئەبرد بە ناوی (ئۆتێل ئاشتی)، بەلام نەیانتوانی ئاشتی بخەنەوە نێوان ڕیزەکانی حیزبو ئەو لیژنەیەی کۆنگرە، کە کاری ئەوە بوو بەرنامەو هێڵێکی سیاسی یەکگرتوو لە نێوان باڵەکاندا پێکبێنێت، شکستی هێناو دوای شەوێکی درێژی کۆبوونەوەی بێهودە، رابەری باڵەکان پێش خورهەلاتن کۆبوونەوەکەیان بایکۆت کردو دواجار قەدەری خۆیانو حیزبەکەیان بۆ حوکمی ئەندامان جێهێشت.

بێرتراند دلانۆیێ ی سەرکردەی یەکێك لە باڵەکان کە ڕیژەی ٪٢٥ی دەنگی ئەندامانی بۆ کۆنگرە بەدەست هێنابوو، خۆی کێشایەوە لە خۆکاندیدکردن بۆ سکرتێری یەکەمی حیزب، بڕوا بەوەی کە لەوە زیاتر حەز ناکات لێکجیابوونەوەیەکی تر بۆ لێکجیابوونەوەکانی تر زیاد بکاتو ناخوازێت لەوە زیاتر بکەوێتە جەنگی سەرکردەکانەوە. پاشان داوای لە هەموو باڵەکەی خۆی کرد کە دەنگ بدەن بە مارتین ئۆبری کە ڕابەری باڵێکی حیزبەو خواستی ئەوەیە شوناسنامەی پارتی سۆشیالیست لە نێو کەلتورە جەپگەریەکەیدا بهێڵێتەوە کە ئەمیش ٪٢٥ی دەنگی بەدەست هێناوەو خۆی کاندید کردووە بۆ سکرتێری یەکەمی حیزب بەلام بە

باوەڕێکەوە کە داوای یەکێتی ناو حیزبەکە ئەکات دوای هەڵبـژاردنی ناوخۆییو ئەم بەرامبەر کاندیـدای سـێگۆلێن روایـال ئەبێتـەوە، کـە خواسـتی ئـەوەی هەیـە پـارتی سۆشیالیسـت نـوێ بکاتـەوەو لـە شوناسی تەواو چەپی دوور بخاتەوەو بیکاتە هێزێکی سیاسی زیـاتر خۆنزیککەرەوە لە هێزو توێژەکانی ناوەڕاستو خۆگونجێنەر لەگەڵ ئـــابووریی ســـەردەم. ئەمـــە لەکاتێکـــدا بـــە لای زۆربـــەی سۆشیالیسـتەکانەوە ئـەم هـەڵگری پـرۆژەی سـڕینەوەی شوناسـی چەپگەریو فەلسـەفەی حیزبەکەیـە، بـە تایبـەتی کـە روایـال داوای کردنەوەی بەرەیەك ئەکات لەگەڵ حیزبی بزووتنـەوەی دیموکراسـی بـەرەی ناوەراسـت بـە سـەرکردایەتی فرانسـوا بـایروو، کـە ڕەوتـی ڕاسـتی میـانڕەوی بۆرژوایـە. هەرچـەندە سـیگۆلێن ڕابـەریی باڵێـك ئەکات کە زۆرینەی نەوەی نوێی لە خۆ گرتووەو لە ٪ ٢٩ ی دەنگی بەدەست هێناوە، بەڵام بە تەنیا نابێتە زۆرینەی حیـزب هەرچـەندە داوای ئەوەی لە ئەندامان کرد کە: ئێـوەن بڕیـار ئـەدەن، ئـەنجامی بریاری ئێوە هەرچییەك بێتو ئێوە کێ دیاری بکەن، ئـەبێت ببێتـە یەکخـەرەوەی حیـزبو هـەموومان لـە پشـتیەوە بـین، کاندیـدای سـێهەمیش بـۆ سـکرتێری یەکـەمی حیـزب بنـوا ئـاموون ە کـە بەرجەستەی باڵی چەپی ڕادیکاڵو ژینگەپارێزی حیزب ئـەکات، کـە لە ٪١٩ی دەنگی بەدەستهێناوە.

کەواتە چارەنووسی حیزبو سەرکردەکانی بۆ سەرجەم ئەندامان جێهێڵراوە، زۆرینەو دیاریکردنو شوناسی حیزب ئێستا لای کەس نییە، تەنها لای ئەندامان نەبێت، کە ئەبێت لە ڕێگەی دەنگدانی نهێنییەوە سکرتێری حیزب هەڵبژێرن لە نێوان سێ کاندیدادا، ڕاستە ئەم جەنگە کۆتایی پێدێت، پارتی سۆشیالیستی فەڕەنسا لە ڕۆژانی داهاتوودا بە ناچاری سکرتێرێکی ئەبێت، بەڵام ئەوەی کێشەیە، ئەو کەسە نابێتە ڕابەرێکی کاریزمی لە نێوان ئەم خێڵە لێکتۆراوانەدا، پارتی سۆشیالیست کۆنگرەیەك کۆتایی پێدێنێ بەبێ هێڵی سیاسیی دیاریکراو، ئەمە دەردی کوشندەی پارتی سۆشیالیستە کە بەو جەستە پەرتو برینداراوەوە شەرمنانە خۆی بەرامبەر ئەندامو لایەنگرو دۆستانیو فەڕەنسییەکانو هێزە نەیارەکانیشی ڕائەگرێت، حیزبێك ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر لێکداپچڕاوو پڕ جیاوازییە، حیزبێك وەکو بێرتراند دلانۆیێ بە ئازارەوە ئەڵێت، پارتی سۆشیالیست، بەڕاستی نەخۆشە.

## فەرەنسا : گەڕانەوەیەکی بێسنوور بۆ عێراق

سەرباری ئەوەی کە پەیوەندی گرنگو دوورودرێژی دوولایەنەی نێوان عێراقو فەرەنسا لەسەر هەموو ئاستەکانی دبلۆماسیو ئابووریو کەلتووری بەرژەوەندیی هاوبەش تا ئەو ئاستەی فەرەنسا وڵاتی هاوکارو دامەزرێنەری پرۆژەی وزەی ئەتۆمی عێراق، بەمەبەستی بەکارهێنانی ئاشتی بوو کە لەلایەن ئیسرائیلەوە وێرانکرا، بەڵام بەدرێژایی مێژووی ئەو پەیوەندییانەی هیچ سەرۆکێکی فەرەنسی پڕ کێشی ئەوەی نەکردووە سەردانی عێراق بکاتو بەسەر فەرشی سووری پێشوازی شەرەفدا لەژێر ئاڵای شەکاوەی عێراقدا سەری ریز بۆ سوپایەك دانەوێنێت، کە لەرووبارێکی هەڵچووی پڕلەخوێنی رۆڵەکانی زیاتر هیچی تری بنیات نەناوە، فەرەنسا مێژووی دبلۆماسیی خۆی لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکانیو دبلۆماسیی ژیر هەڵچنیوە، کە پابەندبووە بەو بنەما کەلتووریو بەها ئەخلاقییانەی شوێنی فەرەنسای لەدنیادا دیاریکردووە، کە لەسەروو هەموویانەوە دیموکراسیو مافی مرۆڤە. بۆیە پێشتر نەبوونی رژێمێکی دیموکراسی لەعێراقدا رێگر بووە لەبەردەم فەرەنسا بۆ قوڵترو چڕترکردنەوەی پەیوەندییەکانی بۆ سەر ئاستی سەردانی دەوڵەتو لوتکەی نێوان

دوو سەرۆك، بەڵام لەهەمان كاتدا فەرەنسا خۆی بەدوور نەگرتووە لە پیادەكردنی سیاسەتێكی پراگماتی لەپەیوەندییەكانی دەرەوەیدا لەسەر بنچینەی بەرژەوەندییە تاكڕەوو هاوبەشەكان لەدنیایەكدا، كە سستەمی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان شەرعییەتی بەو چۆنایەتییە لێكجیاوازەی ڕژێمە سیاسیەكانی داوە. بۆیە ئەوەندەی سەردانی نیكۆلا سەركۆزی سەرۆكی فەرەنسا بۆ عێراق وەكو یەكەمین سەرۆكی فەرەنسا بەرجەستەی تێڕوانینێكی نوێی فەرەنسا دەكات بۆ ڕێخستنەوەی پەیوەندییەكانی و گەڕان بەدوای سەپاندنەوەی شوێنی خۆی لەدنیادا، لەهەمانكاتیشدا دەلالەتی سەردانی سەرۆكی فەرەنسا بۆ ناو خاكی عێراق گەیاندنی ئەو پەیامەیە، كەفەرەنسا خۆی لەبەردەم وڵاتێكدا دەبینێتەوە كە لەهەنگاوی دامەزراندنی بنەما دیموكراسییەكانو هەمان بەها كەلتووریو مێژوویەكانی فەرەنسایە، كە ئەگەرچی لەهەنگاوی سەرەتاییو پڕ كێشەو ناتەبایشدا بێت لەگەڵ ئەو بەهایانەدا. بەڵام ئیرادەیەك هەیە بۆ بنیاتنانەوەی عێراق لەسەر بنەمای فرە ئەتنیو نەتەوەییو ئاینیو ئایدیۆلۆژی جیاواز، كە پەیامی سەرەكی سارکۆزی بۆ هەموو پێكهاتەكانی عێراق لەو سەردانەیدا ئەوەیە كە فرە پێكهاتەیی جێی ترس نییە، بەڵكو توخمێكی بەهێزكردنو دەوڵەمەنكردنی وڵاتە، ئەمەش لەگەڵ ئەزموونی زۆرینەی دەوڵەتە

ئەوروپاییەکاندا یەکدەگرێتـەوە، کـە خۆیـان لەسـەر پێکـەوەژیانو کەلتوورو تێڕوانینو فەلسەفەی جیاواز بنیاتنـاوە. سـارکۆزی داوای عێراقێکی بەهێزو یەکگرتوو دەکات، بەڵام ئەو مەبەستی لـەعێراقێك نییە، کە تیایدا دووبارە دەسەڵاتێکی تۆتالیتار حوکم بکاتو ناوەند کـــەنارەکانی خـــۆی داپڵۆســـێت. بـــەڵکو عێراقێـــك بـــەجیاوازی پێکهاتەکانیـــەوەو بەبەشـــداری تـــەباو یەکســـانی هەموویانـــەوە یەکێتییـــەکی بـــەهێزو نەشـــاردراوە لەســـەر بنـــەمای بەریەکـــەوتنو دیموکراســـی ئـــەو جیاوازییانـــە نمـــایش بکـــەن. لێـــرەوە ســـەردانی سارکۆزی بـۆ عێـراق سـەردانی سـەرۆکی وڵاتێکـی دامـەزراو لەسـەر مێژوویەکی دێرین لەکەلتووری دیموکراسی دەوڵەتی دامەزراوەیی بۆ وڵاتێکـــی وەك عێـــراق، کـــە مەحکومـــە بـــەوەی پشـــت لەمێـــژووی چـــەپاندنو داپڵۆســـینو ناوەنـــدێتی بکـــاتو ئێســـتا ئـــەزموونێکی بەرجەســـتەی دامەزرانـــدنی بنـــەمای دەوڵـــەتی نـــوێو بنیاتنـــانی سیستمێك دەژی لەدیموکراسیو پراکتیکردنی هەڵبژاردنو ململانێـی سیاســـیو شارســـتانیو لەجـــەنگی دەســـەڵاتدا لەســـەر چـــەمکی لێبوردەییو لێکتێگەیشتن، کە ئەمە عێـراق دەکاتـەوە وڵاتێـك، کـە فەرەنسا گفتی ئەوەی پێدەدا هاوکاری بکات بۆ گێڕانەوەی شـوێنی خۆی لەسەر ئاستی ئیقلیمیو جیهانیدا. دەلالەتێکی دیکەی ڕەمزی سـەردانی سـارکۆزی بـۆ عێـراق وەکـو یەکـەمین سـەرۆکی وڵاتێکـی

ئەوروپایی دەرەوەی بازنەی ئەو هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییە، کە ئەمەریکا رابەرایەتی کرد بۆ رووخانی رژێمی سەدام کە فەرەنسا سەرباری پۆلێنکردنی رژێمی سەدام لەخانەی دیکتاتۆریەتدا، بەڵام تا دواسات سەر سەختانە دژی هەڵگیرساندنی شەڕێك وەستایەوە، کە بەشەڕی داگیرکردنو پێشێلکردنی بنەمای یاساییە نێودەوڵەتییەکانو بڕیارێکی تاکلایەنی ئەمەریکای دانا دژی خواستو ئیرادەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەڵام بەهای رەمزی ئەم سەردانەی سارکۆزی لەلایەکەوە رزگارکردنی فەرەنسایە لە گرێیەکی سایکۆلۆژی دژە ئەمەریکای فەرەنسا لەچواچێوەی پەیوەندییە دێرینەکانیدا لەگەڵ ئەمەریکا، کە هەمیشە هەڵگری گرێیەکی ئەنتی ئەمەریکایی بووە لەخۆخستنە نێو هاوکێشە جیهانییەکانو مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە گەرمەکانیدا کە تیایاندا فەرەنسا خواستی راگرتنی کەلتووری تێڕوانینو شوناسی فەرەنساییانە بووە لە بەرامبەر باڵادەستیی ئەمەریکادا. هەموو دەزانن کە خاکی عێراق بووە ئەو شانۆیەی یان ئەو دادگایەی کە تیایدا تەڵاقی تەواوی نێوان فەرەنساو ئەمەریکای تێدا راگەیەندرا. بەڵام ئەمڕۆ سارکۆزی لەناو خاکی عێراقی داگیرکراوەوە (بەلای تێڕوانینی فەرەنسییەوە) پەیامی ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئەمەریکادا رادەگەیەنێتو جارێکی تر دوپاتی دەکاتەوە وەك لەیەکەمین ڕۆژی

دەسپێکی سەرۆکایەتی ئۆبامادا وتی کە ئەو ئامادەیە دەس لەناو دەست لەگەڵ ئۆباما کاربکات لەسەر مەسەلە گرنگەکان. ئەم کارەی کە لەگەڵ ئیدارەی پێشوی ئەمەریکادا بەتایبەت جۆرج دەبلیو بوشی هەڵگیرسێنەری جەنگ دژی عێراقدا بۆ فەرەنسا نەدەکراو گرێی سایکۆلۆژی دژە ئەریکای تا ئاستی تەلاق و لێکدابڕان قووڵکردبووەوە. بەلاّم لەگەڵ هەڵبژاردنی ئۆبامادا بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا، ئێستا دەتوانین بڵێین کە هەموو دنیا پێکەوە چاوەڕوانی گۆڕان دەکەن، هەموومان خۆمان لەبەردەم چەمکی گۆڕاندا دەبینینەوە، کە تەنانەت شێوازی بیرکردنەوەو تێڕوانینی نوێشمان بداتێ بۆ سیستمی داهاتووی جیهان. سارکۆزی لەدوایەمین دیداری پێش چەند ڕۆژێکی کەم لەسەردانەکەی بۆ عێراق هەڵبژاردنی باراك ئۆبامای بەڕووداوێکی زۆر هیوابەخش و فەنتاستیك داناو ئاماژەی بەوە کرد کە کۆمەڵگەیەکی وەکو گەلی ئەمەریکا کە تەنانەت تا کۆتایی شەستەکانی سەدەی پێشوو بەئاشکرا سیستمی ڕەگەزپەرستی پیادە دەکردو لەشوێنە گشتییەکاندا شوێنی ڕەش پێستەکانی لەسپی پێستەکانی جیادەکردەوە، ئەمڕۆ ئەو گەلە توانیوێتی ئەو گرێیە فڕێداو خۆی بگۆڕێت، ئیتر توانای ئەوەی هەیە کە ئەو گۆڕانە لەسەر ئاستی دەرەوەو پەیوەندییەکانی ئەمەریکاشدا بەوانی دیکەوە بەرجەستە

بكات. ساركۆزی دەیـەوێ بڵێـت کـە بـەڵێ گـۆڕان مومکینـە، بـەڵام بەدەر لەباڵادەستی ئەمەریکا، ئەمڕۆ لەجیهاندا وشەی گـۆڕان بۆتـە چـەمکێکی فەلسـەفیو کـە لـەدوای هەڵبـژاردنی ئۆبامـاوە لەهـەموو چـەمکێك زیـاتر بـەکار دەبرێـت. دەلالـەتی فەلسـەفی ئـەو چـەمکە لەرسـتە ناودارەکـەی ئۆبامـادا چـڕبۆتەوە لەبەرجەسـتەی خـەونی مارتین لۆتەر کینگەوە لەم دێـرە ئینگلیزییـەدا (yes, we can- بـەڵی دەتـوانین)، گـۆڕان بخـوڵقێنین. بیرمـان نەچـێ کـە دروشمـی سـارکۆزی لەهەڵبژاردنەکانـدا بریتیبـوو لـەگۆڕینی دابـڕان، ئـەو کاندیدای دابڕان بوو لەپێشوو بە هەموو تێڕوانینو شـێوازەکانیەوە، لەبەرامبـەردا پێویسـتی بـەگۆڕینو دابـڕان هـەبوو لـەو ئەقلیەتـە ئەمەریکایەی باڵادەستیی بەسەر دنیـادا هەیـە. هـەروەها ئۆبامـاش کاندیدای گۆڕانو دابڕانـە. لێـرەوە پـەیامی فەرەنسـا بـۆ ئەمـەریکا ئەوەیە کە بەڵێ بۆ گۆڕان، بەڵام گۆڕانێك کە لەپێشدا ئێمە پێکـەوە ئاشتبکاتەوە، بۆیە سارکۆزی لەسەر خاکی عێراقەوە، لەسەر خاکی تەلاقو لێکجیابوونەوەوە دەستی ئاشـتبوونەوە بـۆ ئەمـەریکا درێـژ دەکات. سارکۆزی لەدیدارێکیدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەگەر ئۆبامـا بتوانێت بەتەنیا جیهان بگـۆڕێ، ئـەوا باشـتر، بـەڵام جێـی گومانـە، بۆیە ئێستا فەرەنسا پشـتی کردۆتـە گۆشـەگیربوونی خـۆی لەسـەر شانۆی نێودەوڵـەتیو هـەر لەسـەر خـاکی عێـراقیش کـە سـەرەتای

کەنارخستنی فەرەنسا بوو لەدوای هێرشی سەربازی ئەمەریکاوە، فەرەنسا لەخۆنمایشکردنێکی سمبولیدا گەڕانەوەی خۆی بەهێزو چالاکییەوە لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی رادەگەیەنێت، نەك تەنها لەعێراق بەڵکو لەسەر ئاستی سەرجەم کێشەکانی جیهاندا بەتایبەت خۆرهەلاتی ناوەڕاست. لێرەوە گەشتەکەی سارکۆزی لەعێراقەوە دەست پێدەکاتو بۆ وڵاتەکانی کەنداوی وەکو عوممانو کوێتو قەتەر بەردەوام دەبێت، هەر رۆژێك پێش سەفەری سارکۆزی بۆ وڵاتانی کەنداو، لەکۆشکی ئەلیزێ پێشوازی لەسەرۆکی میسر کە وڵاتێکی گرنگو کاریگەرە لەسەر رووداوەکانی ناوچەکە، بێگومان هەر لەم مانگەدا فەرەنسا هەموو سەنگی سیاسی خۆی خستەگەڕ لەکاتی سەرهەڵدانەوەی کێشەی ئیسرائیلو غەززەو ئەو پەیامەی بەئەمەریکا نیشاندایەوە کە جیهان گۆڕینو راگرتنی سەقامگیریو ئارامیو هاوتای هێزەکانی جیهان لێپرسراوێتیەکی گشتییە نەك تاکڕەویی، فەرەنسا هەر لەچوارچێوەی دیبلۆماسیی ژێردا دەخوازێت هەموو خاڵە هاوبەشەکانی نێوان فەرەنساو ئەوروپاو ئەمەریکا کۆبکاتەوە بۆ پێکەوە کارکردن، لەوانەش یەك هەڵویستی لەسەر جەنگ دژی تیرۆریزم، نزیکبوونەوەی تێڕوانینەکان لەسەر ئێرانو ئەگەری بەخاوەن بوونی چەکی ئەتۆمی، مەسەلەی ئیسرائیلو فەلەستینو یەك هەڵویستی لەسەر پشتگیریکردنی عێراق

بـۆ خۆبنیاتنانـەوەو گێڕانـەوەی بـۆ نێـو کۆمەڵگـەی نێودەوڵـەتی، لەهەمووشی گرنگتر رووبەروبوونەوەی ئەو قەیرانـە ئابوورییـەی کـە رووبەڕووی جیهانو بەتایبەتی خۆرئـاوا بۆتـەوە، کـە پێویسـتی بـە دارشتنی سیاسەتێکی پێکەوەیی هەیـە بـۆ دەرچـوون لـەو قەیرانـە ئابوورییەی کە لەدوای ١٩٧٢ەوە یەکەمین جارە رووبەرووی جیهـان بێتەوەو هەڕەشە لەهەرەس پێهێنانی سەرجەم سیستەمی ئابووریی جیهان دەکات.

فەرەنسا یەکێکە لەو وڵاتانەی جیهان کە بەسەختی کەوتۆتە ژێـر کاریگەریی دەرئەنجامەکانی ئەو قەیرانە ئابوورییەوە، کە دەوڵـەتی ناچار کردووە بەسەدان ملیار لەبودجەی گشـتی تـەرخان بکـات بـۆ رزگارکردنی بانکەکانو کۆمپانیا مەزنەکان لەئیفلاسبوون. رۆژانە تا دێت ژمارەی بێکـاران بـەرەو زیـادبوون دەڕوات، کارگـەو کۆمپانیـا بچـووكو ناوەنـدەکان دەروازەکانیـان دادەخـەن. توانـای کـڕینو ئاستی گوزەرانی خەڵك بەتایبەتی چینەکانی خوارەوەو تـا دەگاتـە چینەکانی ناوەڕاسـت لەلاوازبووندایـە. فەرەنسـا بۆتـە وڵاتێـك، کـە تیایدا ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەخوار پلـەی هەژارییـەوە دەژیـن، لەدوو ملیۆن کەس تێدەپەڕێت. هەر لەسەرەتای ئـەم مانگـەدا بـوو کـە زیـاتر لـە دوو ملیـۆنو نیـو خـەڵك لـەپاریسو شـارەکانی دیکـە گەورەترین مانگرتنو خۆپیشاندانی جـەماوەرییان سـازداو بـەرۆژی

رەش پێناسە کرا، کە داواکاری جەماوەر زیادکردنی مووچەو ئاستی کڕینو دابینکردنی کار بوو.

ئێستا لە فەرەنسا قاسەی دەوڵەت بەتاڵە، فەرەنسییەکان هەموو ترسیان لە لەدەستدانی کارەکانیان هەیەو هیوایان بەدوارۆژ کز بووە. لەم قەیرانە سەختەدا چاودێران پێیان وایە کە فەرەنسا بەدوای چارەسەرو پڕکردنەوەی قاسەی دەوڵەتدا لەدەرەوە دەگەڕێت. درەوشاوەترین ئەو گەنجینە خەیاڵییەش وڵاتانی کەنداوە، سارکۆزی لەگەشتەکەیدا لەهەوڵی پەیداکردنی گرێبەستی گەورەدایە لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا بۆ دەربازبوون لەقەیرانە ناوخۆییەکان. عێراقیش کە ئەمڕۆ لەهەنگاوناندایە بەرەو ئارامی، مەزنترین بازاری کارو وەبەرهێنانە، سارکۆزی پڕ کێشی ئەوە دەکات کە دەبێتە هەڵگری ئەو ساتە مێژووییە وەك خۆی ناوی لێناو هەمیشەش لەیادەوەریدا وەکو یەکەمین سەرۆکی فەرەنسا بمێنێتەوە کە سەردانی عێراقێکی هێشتا (ژێر ئینتیدابی ئەمەریکا)ی کرد. بەڵام بۆ ئەو گێڕانەوەی کۆمپانیا هەرە مەزنەکانی فەرەنسی بۆ عێراق ئەو گەشتە مێژووییە دەهێنێت. گرنگترین مژدەیەك کە میدیای فەرەنسی لەو سەردانەی سارکۆزی بۆ عێراق لەکەناڵەکانی خۆیانەوە بەفەرەنساییەکانیان ڕاگەیاند، ئەوە بوو کە (سارکۆزی گڵۆپی سەوزی بۆ کۆمپانیا فەرەنسییەکان

هەڵکرد بۆ کارکردن لەعێراقدا) دەشێت ئەمە ببێتە هەنگاوێکی فریادڕەسانە بۆ بوژاندنەوەی ئابووری فەرەنسا، بەڵام ئاخۆ لەم هەنگاوەدا فەرەنسا ناکەوێتەوە نێو بازنەی ململانێی کێبرکێی ئەمەریکا، کە هەر چەندە راستە بەپێی پەیمانی ئەمنی ئیمزاکراوی نێوان عێراقو ئەمەریکا، عێراق سەروەریی خۆی بەسەر خاكو ئاوو ئاسمانی خۆیدا دەگرێتەوە، بەڵام بەدەرنابێ لەکاریگەریی باڵادەستی ئەمەریکا کە وڵاتێکە پاش ئەوەی خوێنی نەوەکانی لەرزگارکردنی عێراقدا کردە قوربانی، هەروا ئاسان نییە کلیلی گەنجینە شاراوەکان بەتایبەتی ئاڵتونی رەش تەسلیمی کۆمەڵە شەریکە هاوبەشێکی نامۆ بکات، کە دڵۆپە خوێنێکیان لەو جەنگەدا نەڕشتووە، لەوەش زیاتر بەڵکو هەمیشە گرەوییان لەسەر شکستهێنانی ئەمەریکا کردووە لەخولقاندنی جەنگێکی یەك لایەنە لەعێراقدا، ئەو شەریکەش بەراشکاوی سارکۆزییە، کە لەناو خاکی عێراقەوە بانگەشەی ئەوەی کرد کە فەرەنسا تا ئەو پەڕی بێسنوور ئامادەی کاری پێکەوەییە لەعێراقدا.

## فەرەنسا : جەنگی نێوان دەسەڵاتو شەقام

خوێندنەوەی کەلتووری توورەیی‌و مانگرتن لەفەرەنسا

دیسەمبەری ٢٠١٠

جەدەلیەتی پەیوەندی ململانێئامێزو پێکدادانی نێوان شەقامو دەسەڵات یان جەماوەرو حوکمڕان لەسەرەتاکانی شۆڕشی فەرەنسییەوە لەساڵی (١٧٨٩)وە ڕەگدائەکوتیٚو ئەبێتە کەرەستەی بزواندنی هەموو قەیرانو ناکۆکییە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگەی فەرەنسی هاوچەرخ لەگەشتی گەڕان بەدوای شوناسی خۆیدا. بێگومان ئەم هاوکێشە جەدەلییە خۆی بنەمای هەموو ئەو پرسیارە سیاسی‌و فەلسەفییانە بوو، کەبیرمەندو ڕۆشنگەرانی فەرەنسی وەکو چەمکێکی دیالێکتی‌و فەلسەفی قۆناغێکی گرنگی چەرخی ڕێنیسانیان پیٚ تایبەتمەندکرد، بیرمان نەچێت خوێندنەوە جیاکانی فەیلەسوفانی وەکو مۆنتسکیوو ڕۆسۆو ریشیلیوو بلانکی‌و کۆنتو دواتر سان سیمۆن‌و فۆرییٚو ئەوانی دی دوای شۆڕشی فەرەنسی لەتێڕامان‌و شیکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتو ڕەعیەتو گەڕان بەدوای شێوە سیستەمێکی سیاسی مۆدێرن کەتیایدا هاوبەشی جەماوەرو چینە مەدەنییە نوێکانی ببێتە پایەکانی حوکمڕانییەکی پابەند لەسەر پەیمانێکی

کۆمەڵایەتی نوێ بەدیاریکردنی ماف و ئەرکو هاوبەشی ئەندامان لەبنیاتنانی کۆمەڵدا، مەشخەڵی شۆڕشی فەرەنسی هەڵگیرساندو دایە دەست رابەرانی بۆرژوای شۆڕشگێڕو چینی رۆشنگەری ئەوکاتەو دواتر. هەروەها بیرمان نەچێت کە ململانێی سەرەکیی دەسەڵات بەهەموو قەیرانەکانییەوە لەگەڵ شەقامو خەڵکیدا بوو، دەسەڵاتێك کە لەهەرەمی سەرەوەیداو لەپێکهاتە نوێنەرایەتییەکانیدا لەدوای پاشاوە جگەلە چینە وابەستەکانی دەسەڵات لەمیرو بەگزادەو پیاوانی ئایینی، ئیدی جەماوەری بەرەعیەتو خەڵکی رەشۆکی ناوزەند کردبوو. بێگومان داگیرکردنو روخاندنی زیندانی باستیل ئاماژەی روخاندنی دەسەڵاتێکی پشتکردوو لەخەڵکیو رەهاکردنی تواناکانی جەماوەرو گەڕاندنەوەی حوکمو توانابوو لەدەسەڵاتدارانەوە بۆ جەماوەر، کە قوربانیی سەرەکی هەموو قەیرانە ئابوورییەکانو هەژاریو لاوازی سیستەمی دەسەڵاتی پاشاییو دارمانی ئابورییەکەی بوو. جگە لەمانەش جێی زانینە کەهۆیەکی هەرە سەرەکیی رووخانی رژێمی پاشایەتی فەرەنساو راپەڕینی گەل ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو قەیرانە ئابوورییە سەختەی کەفەرەنسا ئەوساتە تێیدا ئەژیا بەهۆی ئەو قەرزە ئابوورییە زۆرەی کەوتە سەری لەئەنجامی بەتاڵکردنەوەی خەزێنەی دەوڵەت بۆ ئامانجێکی سیاسیو بەکارهێنانی لەجەنگی رزگارکردنی

ئەمەریکا لەژێردەستەیی بەریتانیا، کەخەڵکی راپەڕیوی فەرەنسای لەکۆڵانە برسییەکانی پاریسەوە بەرەو کۆشکی قەشەنگی ڤێرسای برد بۆ بەدەستهێنانەوەی نانی رۆژانەی میللەتێك کە لەلای ماری ئەنتوانێت بەکێك ئەکرا.

**ئایا شەقام حوکم دەکات یان دەسەڵات؟**

لەو ساتەوەو لەداوی بڵاوکردنەوەی جاڕنامەی مافی مرۆڤو هاونیشتمانێتی کەبنەماکانی جمهوریەتی فەرەنسای دانا، پرسیاری سەرەکیو ناکۆکیو رەگەزی هەموو ململانێکان لەفەرەنسا لەدەوری ئەو پرسیارە ئەخولێتەوە کە ئایا شەقام حوکم ئەکات یان دەسەڵات؟ یاخود سنوورەکانی خودنمایشکردنی هەریەکە لەجەماوەرو دەسەڵات لەکوێوە دەستپێدەکاتو لەکوێدا کۆتایی دێت؟ ئایا ماناکانو پیادەکردنی توانای حوکم لەلایەن دەسەڵاتەوە لەدوای بەدەستهێنانی شەرعیەتی دیموکراسیەوە لەپرۆسەکانی هەڵبژاردنو بەشدارییپێکردنی جەماوەر لەخواستی دیاریکردنی دەسەڵاتدا تاچەند ئەتوانێت سنوورە رەهاکان ببەزێنێتو هەموو ئەو پەیمانە ئاکاریو کۆمەڵایەتییانە فەرامۆش بکات کەسیستەمی نوێی دەسەڵاتیان لەسەر دامەزراوە؟ لەبەرامبەریشدا جەماوەر تاچەند ئەتوانێت لەپەراوێزی پێشێلکردنی ئەو پەیمانە

کۆمەڵایەتییەدا شەرعیەت لەدەسەڵات بسێنێتەوەو لەهەر حاڵەتێکدا بێــت کۆمــەڵ بگەڕێنێتــەوە بــۆ قۆنــاغی ئــاژاوەو لــێکترازانو هەڵوەشانەوەی سیستەمە سیاسییە دەسەڵایەتییەکەی کەزامنی بەردەوامیدانی یەکدیگیریی کۆمەڵگەیە؟ کە لەڕاستیدا یەکێکە لەو پایە سەرەکیانەی کەجمهوریەتی فەرەنسی لەسەر دامەزارو شۆڕشی فەرەنسی لەبەیاننامە جیهانییەکەی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤو هاونیشتمانێتیدا بڵاویکردەوە، پێکهێنانی سیستەمێکی سیاسی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی مرۆڤدۆست لەسەر بەشێکی زۆری بنەماکانی تیۆری (پەیمانی کۆمەڵایەتی) کەفەیلەسوفانی وەکو مۆنتسیکیۆ لەکتێبی (رۆحی یاساکان)دا کەبانگەشەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی لەیەکتری ئەکرد (دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردنو دادوەریی) و رۆسۆ لە(پەیمانی کۆمەڵایەتی)و هۆبس لە (لیڤاسیۆن)و دوای ئەوانیش ئۆگست کۆنت بنەما تیۆریەکەیان داڕشت وەکو توخمە ئاکاریو یاساییو شەرعیو دەستورییەکانی کۆمەڵگەو دەوڵەتی نوێ کەجمهوریەتی فەرەنسا لەئەورپادا وەکو پێشەنگ پابەندی ئەو رێسایانە بوو. ئەو بنەمایانەی کەسیستەمی دەسەڵاتو دەوڵەتی نوێ لەشێوەی پەیمانێکی خودویستو خۆبەخشو ناچاریانەی نێوان ئەندامانو پێکهاتە جیاکانی ناو کۆمەڵگە دائەنێت بۆ دەربازبوون لەقۆناغی

ئـاژاوەو نایەکسـانیو ناعەدالـەتیو ناسـەقامگیری نـاو کۆمەڵگـە، ئەویش بەپێکهێنانی سیستەمێکی نوێی دەسـەڵاتداریو حـوکم کـە تیایدا لە بری توخمە ئـایینیو میراتگرییـەکانی دەستبەسـەراگرتنی دەسـەڵات بـەبیانووی بەخششـی ئاسمـانیو ئـایینی یـان میراتـی دەرەبـەگو مـیرو پاشـایەتی، سیسـتەمێکی دەسـەڵات لـەنێو ئەندامەکانی کۆمەڵگەدا پێکدێت لەشێوەی پەیمانێکی کۆمەڵایەتیو ئاکاری کەتیایدا بەشێك لەکۆمەڵ دەست لەهەندێك لەئازادی خۆیـان هەڵئـەگرنو بەئیرادەیـەکی دەسـتەجەمعی رێکخـراو لەشـێوازی دیموکراسـیانەو هەڵبژاردنـدا، بـۆ بەشـێکیتر لەکۆمەڵگـە کەئـەرکی پیـادەکردنو حـوکمی کۆمـەڵ وەرئـەگرن لـەپێناوی خوڵقانـدنی پێکهاتەیەکی یەکدیگیرو ئارامو هاوتا کـە لـەخودی دەوڵەتـدا خـۆی ئەبینێتەوە وەکو پێکهاتەیەکی مانایيو دامـاڵراو لەموڵکایـەتی هـیچ پێکهاتەیـەك. بێگومـان ئەمـە سیسـتەمێکە کـەدواتر هـەموو پێکهاتـەکانی دەوڵـەتی نـوێو یـان دەوڵـەتی نەتـەوەیی لەسـەر دائەمـەزرێتو ئەبێتـە یەکـەم بناغـەی سیسـتەمی جیهـانی نـوێ، کـەدواتر لـەدوای گەشـەکردنی شۆڕشـی پیشەسـازیو پێکهێنـانی دەسـەڵاتە پەرلەمانتارییـە دەسـتورییەکان بـەدوا قۆنـاغی پەرەسـەندنی ئـەگاتو تیایـادا ئـەرکو مافـەکانی دەسـگاو هێـزە سیاسـيو کۆمەڵاتیەتییـەکانی نـاو کۆمەڵگـە دیـاری ئـەکاتو لێـك

جیائەکاتەوە. بەڵام پرسیاری هەرە سەرەکی تا ئەم قۆناغە لەنێو ململانێی ئەو هێزانەی ناو کۆمەڵگەدا کەسەرجەم سیستەمەکە ئەبزوێنن‌و وەکو خۆی ئەمێنێتەوە، پەیوەندیی نێوان جەماوەرو دەسەڵات، یان شەقام‌و دەسەڵاتە یان ئەو بەشەی کۆمەڵگەیە لەگەڵ حوکمڕاندا، کەبەویستی خۆی واز لەبەشێك لەئازادییەکانی خۆی بۆ دەسەڵات دێنێت، ئەمە بەردەوامی بەناکۆکی‌و پێکدادانەکانی هەناوی ئەو پێکهاتە دەسەڵاتیانە ئەدات هەندێکجار هەر لەناو شێوازە دیموکراسیەکەو هەندێك جاریش بەخودنمایشکردنی توندوتیژانەی نێوان پێکاهاتەکان‌و دەسگاکانی ناو حوکمدا، کە ئەو شێوە سیستەمانە ئەخاتە ناو حاڵەتی قەیرانەوە، قەیرانی بەردەوامبوونی دەسەڵات لەگەڵ پێکهاتەکانی ناو کۆمەڵگەدا، کە هەست بەپێشێلکردنی ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتی‌و ئاکارییە ئەکەن کە لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵدا بەستراوە بۆ یەکدیگیری‌و بەدیهێنانی هاوتایی‌و عەدالەت لەناو کۆمەڵگەدا وەکو توخمی سەرەکی ئارامی‌و سەقامگیری نەك بۆ تەنها مانەوەی دەسەڵات‌و بەکارهێنانی رەهایی و پشتکردنە خواستەکانی کۆمەڵگە، کە لەهێزو پێکهاتە سیاسی‌و مەدەنی‌و کۆمەڵایەتی‌و پیشەییەکانیدا خۆی بەرجەستە ئەکات. ئەمەش پرسیاری سەرەکی دیموکراسی لەنێوان دەسەڵات‌و جەماوەر یان شەقامدا هەمیشە

وەکو فەزایەکی والاّ بۆ کێشەو قەیران‌و پێکدادانەکان ئەکاتەوە، کەتیایدا شکست‌و سەرکەوتنەکانی ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەی تێدا ئەبینین، کە لەشێوەی ڕێکخراوەیی‌و هێزو حزبی سیاسیدا ئەو گەمە دیموکراسییە ڕێکدەخەن. ئەو پرسیارەی کە ئایا خودی شێوازی دیموکراسی‌و هەڵبژاردن کلیلی شەرعیەت‌و رەهایی ئەدات بەدەسەڵات لەپیادەکردنی کۆمەڵگاو سەپاندنی پرۆژە یاساکانی بەسەریدا؟ ئەمە جەدەلێکی بێکۆتایی ناکۆکی نێوان دەسەڵات‌و شەقامە لەفەرەنسادا کە ئەم کۆمەڵگەیەی کردۆتە خاوەنی کەلتورێکی هەمیشە ئۆپۆزیسیۆنی‌و ناڕەزاو مانگرو بزواندنی شەقام دژی دەسەڵات بەشێوەیەك هەندێك لە توێژە سیاسی‌و کۆمەڵناسەکان پێیان وایە کە خەڵکی فەرەنسا هەمیشە لەڕۆژانی شۆڕشی فەرەنسی‌و یاخیبوونەکانی کۆمۆنەو بەرگری نازیەت‌و خۆپیشاندانەکانی ساڵانی شەست‌و هەشت‌و دواترەوە لەکەلتورێکی یاخی‌و شۆڕگێڕیدا ئەژین وەکو خاڵی بەریەککەوتنی پەیوەندی نێوان دەسەڵات‌و شەقام.

**پەیامی شەقامی فەرەنسی**

بێگومان ئەگەر ئەم تێڕوانینە تـاڕادەیـەکی زۆر بـۆ خوێندنـەوەی مێژووی دێرینو هاوچەرخی فەرەنسا راست بێت، ئەوە هـیچ نـەبێت ئەو هێزو لایەنە فەرەنسیانەی کەبزوێنەرو هەمیشە نمایشکەرەوەی فەرەنسان، لەوجۆرە شوناسـە تایبـەتیو شـۆڕگێڕیو رەتکـەرەوەو یاخییانەدا، شانازن بـەوەی کەئـەوان پـێش هـەموو شـتێك هـەڵگرو بەرگریکاری کەلتورو دنیابینیەکی جیهانین کەبنەما ئەخلاقییـەکانی پەیوەنـدیی مرۆڤایـەتی لەسـەر داڕێـژراوە، ئـەویش لەسـەرووی هەموویەوە پیرۆزکردنی خـودی ئینسـانو کەرامـەتیو یەکسـانیەتی لـەناو کۆمەڵگـەدا، کـە لەسـەرووی هـەموو شـێوازەکانی دەسـەڵاتەوەیە. لێرەوەیـە کەڕێکخسـتنی شـێوەکانی پەیوەنـدی لەگـەڵ دەسـەڵاتدا ئـەو هێزانـە هەمیشـە پابەنـدی ئـەو پرەنسـیپە فەلسەفیەن، کەخـەڵك، شـەقامو جـەماوەر خـاوەنی داهێنـانی ئـەم سیستەمە نوێیەی دەسـەڵاتنو شـەرعیەت بـۆ ئـەوان ئەگەڕێتـەوەو توێژی حوکمڕان ئەو هێزە رەهایەی نییە، کە لەسـەرووی خواسـتو پێویسـتییەکانی جـەماوەرەوە یاسـاکانو چـۆنێتی ئیـدارەکردنی کۆمەڵگـە بسـەپێنێت. بۆیـە لـەوەڵامی ئەمـەدا هەمیشـە لەهـەموو قۆناغێکـدا بەتایبـەتی کاتێـك قەیرانـەکان رووبـەڕووی دەسـەڵات ئەبنەوە، شەقام بەهەموو هێزو پێکهاتەکانییـەوەو پشتبەسـتوو بـە

کەلتوری ڕەتکردنەوەی ڕەهایی دەسەڵاتو سەندنەوەی شەرعیەتی حوکم لێی، ئامادەیی خۆی هەیەو وەڵامی ئەو پرسیارە بەکردەوە لەئیفلیجکردنی هەموو پایە سیاسیو ئابوورییەکانی دەسەڵاتدا ئەداتەوە کەئایا شەقام حوکم ئەکات یان دەسەڵات؟ سەرۆك وەزیرانی پێشووتری فەرەنسا جان پییر ڕافارانی سەر بە بەرەی ڕاست جارێك لەوەڵامی جۆشدانی شەقامو تەشەنەسەندنی خۆپیشاندانەکانو گرگرتنی گەڕەکە قەراغەکانی پاریس وتی: ئەوە شەقام نییە کە حوکم ئەکات، بەڵام وەڵامی شەقام بۆ ڕافاران شکست پێهێنانی بەرنامەکانی بوو بۆ دەسکاریکردنی سیستەمی خانەنشینیو سۆشیالو کار و دواجار هەڵوەشانەوەی کابینە وەزارییەکەشی بوو.

ئەو پەیامەی شەقام لەم خودنمایشکردنانەدا نەك هەر بەدەسەڵاتی ئەگەیەنێت، ئیتر چەپ بێت یان ڕاست، بەڵکو بەهەموو هێزە سیاسییە ڕێکخراوەکانی ململانێکانی ناو کۆمەڵگەی فەرەنسیش، ئازادبوونیەتی لەهەموو سیستەمێکی ڕێکخراوەیی دیسپلینکراوو ئاڕاستەکراوی فیکریو فەلسەفی داڕێژراو. بەڵکو ئاشکراکردنی وابەستەبوونی خۆییو جوڵەیەتی لەقۆناغێکی هەنووکەییدا بەسەرجەم داخوازییەکانیو ئەو هەڕەشانەی دەسکاریی خودی ئینسانی ئەو ئەکەن لەئێستاو ئایندەدا. ڕاستە

هاونیشـتمانیانی فەڕەنسـی هۆکـاری سـەرەکین بـۆ هێنانـە سـەر دەسەڵاتی هێزو حزبە سیاسـییەکان بەبەشـداریکردن لەپرۆسـەکانی هەڵبـــژاردنو دەنگدانـــدا، بـــەڵام هـــەرگیز بـــەڵێنو پـــەیمانێکی ملکەچبوونو گوێڕایـەڵی دەسـەڵاتیان لەگـەڵ هـیچ بەرەیـەکی نـە راستو نە چەپدا ئیمزا نەکردووەو وەفای ئەبەدیان بـۆ هـیچ شـێوە دەسەڵاتێك رانەگەیاندووە تەنیا وەفا نەبێت بـۆ ئـەو پرەنسـیپانەی کەشـــوناسو تایبەتمەنـــدێتی کـــەلتوری یـــاخیو رەتکـــرەوەی پێبەخشیون کاتێك هەستئەکەن خـودی دەسـەڵات هەڕەشـەیە بـۆ سەر ژیانی ئێستاو ئایندەی ئەوان.

### رەگەزێکی تری شوناسی کۆمەڵگەی فەرنسی

بێگومان هەر بەگەڕانەوە بۆ شۆڕشی فەرەنسـی رەگـەزێکی تـری شوناسی کۆمەڵگەو تائەگاتە سیسـتەمە سیاسـیەکەی فەرەنسـامان بـۆ دەرئەکـەوێت، کـە لـەدایکبوو و هەڵچـنراوی پرەنسـیپو بـەها فیکـــریو فەلســـەفییەکانی ئـــەو شۆڕشـــەیە، کـــە لەهەمانکاتـــدا رەهەنـدێکی جیهـانیو مرۆڤایـەتی هـەڵگرتووەو پێـداگرە لەسـەر تـــوخمی مـــرۆڤو پیرۆزکردنـــیو شـــادکردنی لـــەناو کۆمەڵگـــەدا، لەهەمانکاتیشدا بەبنەماو پێگە سـەرەکییەکانی کۆمەڵگـە سۆشـیال دیموکراتە نوێکان دائەنرێت، چونکە لەبنەڕەتدا شۆڕشی فەرەنسـی

کەسیستەمێکی سیاسی دەسەڵاتداری هەڵتەکاندو سیستەمی جمهوری دامەزراند، بەڵام لەناوەرۆکدا شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیو ئابووری بوو بۆ رزگارکردنی مرۆڤ لەچەوساندنەوەی چینایەتیو جیاکاریو نایەکسانیو ناعەدالەتی. لێرەوەیە کە ئەکرێت کۆمەڵگەی فەرەنسی بەکۆمەڵگەیەکی سۆشیالو دیموکراتخوازو هەڵگری بەهای مرۆڤایەتی دابنرێت، کەتیایدا هەموو هێزە سیاسییەکانی بەچەپو راستەوەو ئەوانەی خۆیان بەمیراتگری دیگۆلیەت یان جان جۆریسی باوکی سۆشیالیزمی دیموکراسی ئەزانن، سەرباری جیاوازیان خۆیان بە نەوەو هەڵگری ئەو بەهایانەو پەیامەکانی شۆڕشی فەرەنسیو هەریەکەیان خۆی بە بەرگریکاری جمهوریەت بزانن، کە لەبنەڕەتدا جمهوریەتی گەلو خواستەکانیەتی. بۆیە هەرچەندە فەرەنسا یەکێکە لەدەوڵەتە سەرمایەدارییە گرنگەکانی دنیا، بەڵام هێشتا دەوڵەت هێزێکی سەرەکیی کۆمەڵگەیەو ئامرازێکی گرنگی راگرتنی هاوتاییو یەکسانییەو دەسگایەکی خزمەتگوزاری ئامادەیەو ئابووریو بازاڕی ئازادی تا ئاستی بێسنوور رەها نەکردووە. هەر بۆیە هەموو هێزە سیاسییەکان تائێستا شوناسی رێکخراوەیی خۆیانو پێگەیان لەنمایشکردنی پرۆگرامو بەڵێنەکانیاندا لەناو پێکهاتەیەکی بەرتەسکو دیاریکراودا قەتیس نەکردووەو سەرجەم ئەو هێزانە

بەگەڕانەوە بۆ ئەو کەلتورە فەڕەنسیە شۆڕشگێڕە مرۆییەدا لەناو سەرجەم پێکهاتەکانی گەلدا گەمەی سیاسی ئەکەن. واتە سەرباری ئەوەی کە لەفەرەنسادا هێزی راستو چەپو کۆمۆنیستو تەنانەت بەرەی راسترەوی رەگەزپەرستیو ناسۆنالیستی توندڕەو هەیە، بەلام هەر هەمووشیان خۆیان بەهەلگرو وەفاداری بەها مرۆڤایەتییەکانی شۆڕشی فەرەنسیو بنەماکانی جمهوریەت دائەنێن، کە ئەگەر شەقام لەنێوان گەمەی گەیشتنە دەسەلاتی ئەم هێزە سیاسییانەدا خواستو خەونەکانی خۆی جیا نەکاتەوە، ئەوا خۆی لەو بازنە داخراوەدا ئەبینێتەوە، کەزۆر جار لەنائومێدیدا تاکەکەسانی فەرەنسی وا لێئەکات کەبلێن چەپو راستی فەرەنسی هەلگری یەك شوناسو پەیامو پرۆگرامنو جیاوازیان نییە.

بەلام ئەوەی تایبەتمەندییەکی زۆر جیاوازی لەدنیادا بەکەلتوری بزووتنەوە سیاسیو کۆمەلایەتییەکانی فەرەنسا بەخشیووە، دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەلدانی بزووتنەوەو راپەڕینە چینایەتیو جەماوەرییەکانی خەلکی فەرەنسا لەدوای شۆڕشی فەرەنسیو کۆمۆنەی پاریسی ١٨٧١و شۆڕشی ١٨٤١و سەرهەلدانی بزووتنەوە کرێکاریو سەندیکاییەکان لەسەرەتاو ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوەو لەگەل گەشەسەندنی بیروباوەڕی سۆشیالیزمو نێونەتەوەیی کرێکاری، ئەوەیە کەپاش تێکەلاوبوونێکی تەواوی

بزووتنـــەوە جـــەماوەری‌و کرێکـــاری‌و پیشـــەییەکان بەبزووتنـــەوە سیاســـییە فیکـــری‌و رۆشـــنگەرییەکانی بـــۆرژواو هـــەڵگرانی بـــیری سۆشیال دیموکراتی‌و تێکەڵاوبوونی ئامانجی توێژو گروهـی سیاسـی کەخواسـتی ئـەوەیان هـەبوو لەرێکخسـتنی جـەماوەرو بزوتنـەوەو یاخیبوونەکانییـەوە بگەنـە پێگـەی دەسـەڵاتو ئـەو سیسـتەمە سیاسییەی لایان فۆرمەڵە بووبوو دابمەزرێنن‌و لـەنێوان ئـەو گـروهو هێـزە کۆمەڵایـەتی‌و چـینایەتیانەی خواسـتو داواکـاری رۆژانـەو خـەونی باشـترکردنی ئاینـدەیان‌و بـەدیهێنانی عەدالـەتی ئـابووری‌و کۆمەڵایـەتیان هـەبوو، بزووتنـەوە جـەماوەری‌و سـەندیکاییەکان سەربەخۆیی خۆیان لەخەباتی سیاسیی رووت سەندەوە، هەرچەندە لەسەرجەم بزووتنەوەکەدا هاوکارو تەواوکەری بزووتنەوە سیاسـی‌و فیکرییەکانی فەرەنسا بوون بەڵام هیچ وابەسـتەییەکیان لەبەرامبـەر هێزە سیاسی‌و رابەرەکانیـدا بەسـەر خۆیانـدا نەسـەپاند. بێگومـان ئەمـەش دەرئـەنجامی ململانێیـەکـی ئاشـکرای نێـوان سیاسـەتو بزووتنـــەوە ســـەندیکایی‌و جەماوەرییـــەکان بـــوو کـــە ئەگەرچـــی هـــەردوولایان خـــەونی کۆمەڵگەیـــەکی هاوتـــای لەیەکچووشـــیان هەبووبێت، بەڵام بەدوو ئاستو جووڵەی جیاوازدا کاریان بۆ ئـەکرد. ئەم هێزانە راستە لەیەکدی جیابوونەوە، بەڵام هاوپەیمان‌و هاوکـارو لەزۆر قۆناغیشدا وەکو دژ بەرامبەر یەکدی راوەستاون.

ئەگەر تایبەتمەندیەکی کۆمەڵگەی فەرەنسیو بزووتنەوەکانی خواستی سۆشیال دیموکراتیو چەپگەرایی بەزۆربەی هێزە سیاسییەکانی بەخشیبێت، ئەوا تایبەتمەندییەکی تری بریتییە لەسەربەخۆبوونی هەموو ئەو گروهو پێکهاتە چینایەتیانەی لەجەوهەری ململانێکاندان لەسەر بنیاتنانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستیو یەکسان. ئەم سەربەخۆیی وەرگرتنەش لەمێژووی فەرەنسادا بە (پەیماننامەی ئامیانت ١٩٠٦) ناسراوە، کەتیایدا دوای مێژوویەکی درێژی بزووتنەوە سیاسیو فیکریو سەندیکاییە پیشەییو کرێکارییەکان کە لەقۆناغی نێونەتەوەیی یەکەمدا بەجیاوازییەکانیانەوە کۆببوونەوە، بەبێ گەیشتنە ئەنجامی پێکهێنانی رێکخراوێکی سیاسی کەتیایدا توێژو رابەرە سیاسییەکانو رابەرو نوێنەرانی بزووتنەوە جەماوەریو کرێکارییەکان پێکەوە کۆبکاتەوە، بۆیە دواتر لەکۆنفرانسی ئامیانتدا لەفەرەنسا پەیماننامەیەکی ئاکار لەنێوان توێژی سیاسیو توێژی سەندیکاییەکاندا ئیمزا کرا، کەوەرچەرخانێکی مێژووی لەمێژووی بزووتنەوە سیاسییەکانی فەرەنسادا خوڵقاند کە تائێستا بەرەگەزو هۆکاری سەرەکی هەموو بزووتنەوە جەماوەرییەکانو بەردەوامیپێدانی کەلتوری شۆرشگێریو رەتکردنەوەو یاخیبوونی فەرەنسی دائەنرێت. بەپێی پەیماننامەی ئامیانت سەندیکا

شۆڕشــگێڕییەکانی فەرەنسا سـەربەخۆیی‌و جیابوونـەوەی خۆیـان لەبزووتنـــەوەی سیاســی فەرەنســی وەرگــرت‌و چــیدی نەبوونــە وابەستەو پابەندی هێزە سیاسییەکان، بەڵکو سەندیکاو بزووتنـەوە کرێکـاری‌و کۆمەڵایەتییــەکان لەوسـاوە سـتراتیژێکیان پیـادەکرد، کەبریتیە لە: یەکەم/ بەرگریکردن لەماف‌و خواستە هەنووکەییەکانی چــینی کرێکـــاران‌و چــینەکانی خـــوارەوە لـــەژێر ســـایەی هـــەر دەســـەڵاتێکدا بێــت. دووەم/ خــەباتکردن بــۆ گــۆڕینی کۆمەڵگــەو گەیشتن بەیەکسانی کۆمەڵایەتی بەڵام بەدەر لەژێر کاریگەریی هێزە سیاسییەکان. بێگومـان ئـەم تایبەتمەندییـە کەبزووتنـەوەی حـزب‌و ســەندیکای لەیەکـدی جیـاکردەوە، تــا ئــەم ســاتە لەفەرەنســادا بەردەوامەو دواتر هـەموو پێکهاتـە مەدەنیـەکانی دیـی کۆمەڵگـەش لەبزووتنەوە پیشـەییە جیاکانـەوە تـارێکخراوە خوێندکارییـەکانیش خۆیان لەو شێوازە خەباتەدا بینیەوە بۆ دەربازبوون لەهەموو جۆرە ملکەچـی‌و وەفادارییـەك بـۆ هێـزی سیاسـی، لەبەرامبەریشـدا هێـزو توێـژە سیاسـییەکان توانیـان زیـاتر بـەڕوونی سـتراتیژی فیکـری‌و سیاســی خۆیــان دارێــژن بــەو جــۆرەی وەك ئێســتا هەیــە. حزبــە سیاسـییەکانی فەرەنسـا وردە وردە لـەدایکبوون کەشـان بەشـانی بزووتنەوە جەماوەرییەکە هەمیشە لەگەمەی گەیشـتن بەدەسـەڵاتدا بوون. بۆیە لێرەوە هەردوو ئەو باڵە گرنگەی کۆمەڵگـەی فەرەنسـی

دینامیکیـــەتی ســـەرجەم گۆڕانکارییـــە سیاســـیو کۆمەڵایـــەتیو ئابوورییەکانیان پێکهێناوەو هێندەی بەبێ یەکدی ناژین، هێنـدەش لـەململانێو نـاکۆکی بەردوامـدان لەجـەنگی گـۆڕینو ئیـدارەکردنی کۆمەڵگـەدا. تائێســتا لەفەرەنســادا هێــزە سیاســییەکان تاکــە ئامرازێکی سیاسی پێویستو دەستلێبەرنەدراون بۆ گەمەی گەیشتن بەدەســـەڵاتو ئیـــدارەی کۆمەڵگـــە، بـــەڵام بزووتنـــەوە ســەندیکاییەکانیش کــە بەویســتی خۆیــان فــەزای دەســەڵاتو سیاســەتیان بەجێهێشــتووە بــۆ پیــاوانی سیاســی، گــرنگترین بزووێنـــەری شـــەقامو بـــەرگریکاری خواســـتەکانی جـــەماوەرو گــەورەترین هەڕەشــەن لەســەر مانــەوەی دەســەڵات، بۆیــە سەقامگیری دەسەڵات لەفەرەنسا بەندە بـەهێمنیو ئارامبوونـەوەی ئەم هێـزە کۆمەڵایەتییانـەوە، کەپـەیمانی پیرۆزکردنـی دەسـەڵاتو سیاسەتیان لەگەڵ هیچ هێزێکدا ئیمزا نەکردووە. ئێستا ئەبێت لەوە تێبگەین کەبۆچی لە فەرەنسادا کەمترین کێشـە تـا ئەگاتـە قەیرانـە سەرتاسەرییەکانی گشـت وڵات، بـەمانگرتنو راپـەڕینی ئـەم هێزانـە وەڵام ئەدرێتەوە.

## شەقام وەکو توخمێکی هەڕەشە

لەڕاستیدا ئەم هێزانە لەپاڵ پێکهاتە سیاسییەکاندا داینەمۆیەکی سەرەکی دیکەی بزواندنی کۆمەڵگەو بەڵکو زۆر کاریگەرتریشن لەهێزە سیاسییەکان، ئەگەر هێزە سیاسییەکان هەموو قورسایی خۆیان لەکۆکردنەوەی جەماوەردا لەساتەکانی هەڵبژاردنە جیاوازەکاندا بخەنەکار، ئەوا ئەم هێزە کۆمەڵاتییانە توانای هەمیشە بزواندنی جەماوەرو هۆشیارکردنەوەیان هەیە لەساتی لادانی دەسەڵات لەبەڵێنەکانیو ئەو هەڕەشانەی رووبەڕووی ژیانی ئێستاو ئاییندەیان ئەبێتەوە بەتایبەتی کاتێك دەسەڵات خواستی تێپەڕکردنی بەرنامەو یاسایەکی هەبێت لەڕێگەی شەرعیەتی دیموکراسیو گروپە پەرلەمانییەکانییەوە. ئەم هێزانە قورسایی خۆیان ئەخەنەوە سەرشەقامو راستەوخۆ لەڕێی هەژاندنی ئەو ناوەندە مرۆییانەوە کەڕاستەوخۆ رووبەڕووی هەڕەشەکان ئەبنەوە، شەقام وەکو توخمێکی هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵات نمایش ئەکەنەوە. ئەم هێزانەش مێژوویەکی دێرینو رەگو ریشەیەکی زیاد لەدوو سەدەیان لەناو کۆمەڵگەی فەرەنسیدا هەیە، کەوائەکات سەنگیان لەڕووی جەماوەریو تەنانەت قەبارەی رێکخراوەییو مرۆییشەوە زۆر لەهێزە سیاسییەکان زیاتر بێت، بۆیە هیچ

دەسەلاتێکی فەرەنسی ناتوانیت بەبێ دانوستانو گوێگرتن لەمەرجو داخوازییەکانی ئەم هێزانە هیچ یاسایەك تێپەڕێنێت.

ئەو پێکهاتە سەندیکاییانەی کەئەمڕۆ خولقێنەری رووداوە گرنگو هەڵچوونەکانی فەرەنسان، بریتین لەسێ سەندیکای سەرەکیی کرێکارانو پیشەیی، کەپێشتر ئاماژەم پێکرد، لەناو هەناوی بزووتنەوە سیاسییە شۆڕشگێڕیو سۆشیالیزمەکەی فەرەنسادا لەدایکبوون ئەوانیش:

– کۆنفیدراسیۆنی گشتی کار، میراتگری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانی کۆمۆنەی پاریسو چەپی مارکسیزمو دواترCGT کەوتنە ژێر کارتێکەری پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسیو ئێستا بەرگریکار لەمافە بنەڕەتیو سەرەکییەکانی کرێکارانو کارکەرانی بوارە جیاوازەکانە.

– هێزی کار کە لەباڵی ریفۆرمخوازو میانڕەوی ئەوەی پێشوو پێکهاتو ئامادەییەکی دیاری لەنێوەندی پیشەوەرانFOو چەپی سۆشیالیستدا هەیە.

– کۆنفیدراسیۆنی فەرەنسی دیموکراسی کار، کە لەسەرەتادا بریتی بوو لەسەندیکای کرێکارانی کاتۆلیکی CFDT فەڕەنسیو لەقۆناغەکانی گەشەسەندیدا بەرەو هێزێکی سەندیکایی چەپی نزیك لەسۆشیالیستەکان گۆڕا. ئەمانەو لەپاڵ هێزە سیاسییە چەپەکانی فەرەنسیو هێزە کۆمەلایەتیو مەدەنییەکانی دی وەکو

خوێنــدکاران‌و بزووتنــەوەکانی مــاف مــرۆڤ‌و ژنــان‌و خێــزان‌و بــەرگریکارانی هــەژاران‌و کەمدەرامــەت‌و بێلانــەو بیانییــە پشــتگوێخراوەکان‌و هتــد... بەشــێوەیەکی ئاســایی بەرامبــەر دەسەڵاتی راست‌و رێکخـراوی خاوەنکارەکـانی فەرەنسـی (مێـدێف) ئەوەســتنەوە، کەخواســتی ئــەوەی هەیــە کۆمەڵگــەو دەوڵــەتی فەرەنسـی تـا دێـت بـەرەو سـەرمایەدارییەکی ئـازادو رەهـا ببـات‌و لەرێگـەی کەمکردنـەوەی رۆڵـی دەوڵـەت‌و بەتایبـەتیکردنی هـەموو بــوارە ئابوورییەکانــەوە بەتایبــەتیش بــوارە خزمەتگوزارییــەکان فەرەنســا لەبــەها کۆمەڵایــەتی‌و سۆشــیالەکانی داماڵێــت. ئەمــەش نــاوەرۆک‌و مانــای ئــەو ناســەقامگیریی‌و هەمیشــە هەڵچــوونەی کۆمەڵگەی فەرەنسی نیشان ئەدات، کە بەمەترسییەوە لەئاییندەی خۆی ئـەڕوانێت، وەڵامێکـی توورەییـەکانی ئـەم دواییـەی شـەقامی فەرەنسیمان بۆ روون ئەکاتەوە.

**فەلسەفەی سارکۆزی**

لەکاتێکــدا ئامــانجی ســەرەکی ســارکۆزی لەهەڵمەتــەکانی هەڵبــژاردنی ســەرۆکایەتیدا لــە ٢٠٠٧ بریتیبــوو لــەدابڕان، دابــڕان لەرابردوو، والاکردنی تواناکانی فەرەنسا بەسەر دنیـاداو گێڕانـەوەی رۆڵــی ســەرەکی لەئــەورووپاو جیهانــدا. بــەڵام دواتــر ئــەوەی

فەرەنسییەکان هەستی پێئەکەن، ئەوەیە کە دەسەڵاتی سارکۆزی جگە لەتاکڕەوێتیو چڕکردنەوەی دەسەڵات لەخودی خۆیداو مەرکەزیەت هیچیتر نییە، لەهەمانکاتدا چەمکی دابڕان لای ئەو بریتیبوو لەزیاتر گەیاندنی کۆمەڵگەی فەرەنسی بۆ ئاستی هەژاریو لێسەندنەوەی ئەو دەستکەوتانەی کەهێزە سەندیکاییو چەپو کۆمەڵایەتییەکان بەخەباتێکی دوورودرێژ بەدەستیان هێناوە، لەوانە بیمەی کارو مافی خانەنشینی لەتەمەنی شەستساڵیدا، سەپاندنی یاسای سیو پێنج سەعات کار لەهەفتەیەکدا لەلایەن حکومەتی چەپ بەڕابەری لیۆنێل جۆسپانی سۆشیالسیستەوەو گەلێ دەسکەوتو خزمەتگوزاریتر وەکو کەمکردنەوەی باج لەسەر کەمدەرامەتانو یارمەتیی تەندروستیو هتد..، کە بەتێڕوانینی سارکۆزیو حکومەتی راستڕەو ئەمانە هۆکاری ئەو قەیرانە سەختە ئابوورییەن، کەفەرەنسا تێیدا ئەژی، لەپاڵ ئەوەشدا قەیرانی ئابووریی جیهانی بووە هۆی زیاتر سەختبوونی لەسەر فەرەنسا، کەبەدەر نییە لەو سیستەمە جیهانییە سەرمایەدارییەی پێکەوە تیایدا کارلێکەرو کارلێکراوە بەقەیرانەکان.

فەلسەفەی سارکۆزی لەکاتی وەرگرتنی دەسەڵاتەوە لەژێر کاریگەریی دەسگای خاوەنکاران بریتییە لە(کارکردنی زۆر بۆ دەستکەوتی زۆر)، ئەو پێیوایە کە فەرەنسییەکان زیاد لەپێویست

کـار ناکـەنو بـۆ ئـەوەی ئـابووری فەرەنسـا بگەشـێتەوە، ئـەبێت فەرەنسییەکان زیاتر کار بکەن بۆ ئـەوەی دەسـتکەوتو مانگانـەی زیادەیـان هـەبێتو لەحاڵـەتی هـەژاری بێنـەدەرەوە، بۆیـە خـۆیو حکومەتەکەیو لەسـەر خواسـتی مێدێف راسـتەوخۆ یاسـای سـیو پێـنج سـەعات کاریـان خسـتە ژێـر پرسـیارەوەو بـەهۆکاری هـەموو قەیرانەکانیان داناو ناڕاسـتەوخۆ هەڵوەشـاندنەوەی ئـەو یاسـایەیان راگەیانـد بەرێگـەدان بەدەسـگاو کارگـەکان بەخسـتنەکاری زیـاتری کرێکارانو فەرمانبەران بەخواستی خۆیان. بەڵام لەبەرامبەر ئەمـەدا رێکخراوە سەندیکاییەکان پێیانوایە کە ئەم بەرنامەیـەی حکومـەتی راسـت جگەلـە سـەندنەوەی مافێـك کـە بەخـەبات بەدەسـتهاتووە، هیچـیتر نییـەو لەهەمانکاتیشـدا هـیچ جـۆرە دەوڵەمەنـدیو دەسـتکەوتێکی زیـادەی بـۆ خـەڵکی فـەراهـەم نـەکردووەو ئـەوەی لێرەدا سوودمەندە خاوەنکارو سەرمایەدارە گەورەکانی فەرەنسان، کەدەسـەڵات جۆرێـك لەبـەهەشـتی دارایـی بـۆ خولقانـدوون بەدەستبەرەڵاکردنیان لەدەوڵەمەندبوونو کەمکردنەوەی باج لەسەر ئەوانو زۆرکردنی لەسەر خەڵك.

کەواتە جەنگێکی ئاشکرای نێوان شەقامو دەسەڵات کەتیایدا هەر یەکەیان لەڕوانگەی دەربازکردنی فەرەنسـا لەهەڵدێرانو پاراسـتنی شوناسو بەها جیهانییەکانی ململانێی بەرەکەیتر ئەکات، جەنگێکـە

لـەنێوان دوو تێـڕوانینی جیـاوازی مێـژووی فەرەنسـاوە، دەسـەڵات کـەخۆی بـەپارێزەری بـەهاکانی جمهوریـەت ئـەزانێت، ئەیـەوێت هەردەم بەگێڕانەوەی هاونیشتمانیان بۆ ژێر باری یاسـاکان پێگـەی جیهانی فەرەنسا بپارێزێت ئەگەرچـی لەسـەر حسـابی پاشەکشـەی کۆمەڵایـەتی‌و ئـابووری خـەڵکانیش بێـت بـۆ هەمیشـە بـەزلهێزی مانەوەی فەرەنسا، شەقامیش بەهەموو هێزە کۆمەڵایەتییەکانیـەوە بـــەرگری لەبـــەهاو چـــەندین دەســـکەوتی مێـــژوویی ئـــەکات کەدەرەئـــەنجامی خـــەباتێکی بێوچـــانی خـــەڵکی فەرەنســـان کـــە لەهەمانکاتـدا ئـەو دەسـکەوتانە رەهەنـدی جیهـانی‌و مرۆڤایـەتیان هەیەو هەر پاشەکشێیەك لێیان لادانە لەو پەیمانە کۆمەڵایەتی‌و بەها ئاکارییانەی کەجمهوریەتی فەرەنسای لەسەر بنیـات نـراوەو تیایـدا خودی مرۆڤو هاونیشـتمانی بـەهای سـەرەکییەو مەترسـی گـەورەی ئـەوان لەوەدایـە کەئێسـتا بـەرەی راسـتی فەرەنسـی بەڕابەرایـەتی سـارکۆزی خواسـتی ئـەوەی هەیـە فەرەنسـا لەپرەنسـیپەکانی جمهوریـەتو لەسـیمای سۆشـیالی داماڵێـتو بـەرەو سـەرمایەداری جەنگەڵی‌و شێوە ئەمەریکای ببات.

**فەرەنسا بەها مرۆییەکانی لەدەستنەداوە**

ئـەوەی مەترسـی لای هێـزە کۆمەڵایەتییـەکان دروسـتکردووە، ئەوەیە کە لەدوای شکسـتە مێژووییەکـەی چـەپ بەرابـەری لیۆنێـل جۆسـپانی کاندیـدی پـارتی سۆشیالیسـت لەبەرامبـەر راسـتدا لەهەڵبژاردنـەکانی سـەرۆکایەتی ٢٠٠٢ کـە لەوسـاوە فەرەنسـا بەخواستێکی ناچاری بێت یان بەهۆی لێکداپچـراویو پەرتـەوازەیی چەپو نائاشکرایی بەرنامەی ستراتیژییان لەبەرامبەر جهیانێکدا کـە لەلایەکەوە قەیرانی ئابووری تادێت تەنگی پێهەڵئەچنێتو هەسـتی تاکرەویو خودپەرستی لای کەسـان ئەخاتـە شـوێنی بیرکردنـەوەی دەسـتەجەمعیو هاوکـاریو لەلایـەکیترەوە گەمـەکردن لەسـەر مەترسییەکانی ئاسایشو توندوتیژییو هەرەشـەی تـیرۆر کەتیاییـدا زۆرجـار هاونیشـتمانییە بەرەگـەز بیانییـەکانو تاوانبـارکردنی سیاسـەتی دەرگاکردنـەوەی بێباکانـەی چـەپ ئەبنـە قوربـانی، خۆداخستنەوە لـەناو شوناسـی نەتـەوەییو هـەڵگری تـرس لـەوانی دی، فەرەنسای لەباوەشی دیماگۆگی راستدا حەشار داوە لەکاتێکدا هێشتا ئەم کۆمەڵگەیە بەها مرۆییەکانی خـۆی لەدەستنەداوە. لـەو سـاتەوە هێـزی راسـت ئەیـەوێت هـەموو ریفۆرمـەکانی خـۆی بەهەڵەکانی پێشووی چەپو سۆشیالسیستەکاندا هەڵواسێتو ئەوان بەلێپرسراوی هـەموو قەیرانـەکانی فەرەنسـا تاوانبـار بکـات تـا ئـەو

رادەیــەی کەهەرچــی دەســکەوتە ئــابووریو کۆمەڵایەتییــەکانی پێشــووە، لــەنێو کۆمــەڵێك ریفــۆرمو یاســای راســترەوی نوێــدا هەڵبوەشــێنێتەوە. ئــەوەی لەمەشــدا هاوکــاری سەرخســتنی ئــەو پڕۆگرامەیــە، شــەرعیەتی دەســەڵاتی دیموکراســییە لەکاتێکــدا کەبــەرەی راســت بەتــەنیا توانــای ئــەوەی هەیــە لەپەرلەمانــدا کەخاوەنی زۆرینەی ڕەهای کورسییەکانە هەموو یاسایەك لەڕێگەی دەنگدانەوە تێپەڕێنیت، ئەم میتۆدو خوێندنەوەیەش بۆ دەسەڵات بەتەواوی بەلای هێزە کاریگەرەکانی ناو کۆمەڵگەوە کە بەشەقام ناوی ئەنێین، رەتکراوەیەو هەرگیز تێناپەڕێت. بەلای ئەو هێزانــەوە حوکمکردن تەنها مانای پەیوەندیی هێـزی نێـوان زۆرینـەو کەمینـە نییـە، بـەڵکو حـوکمکردن ئیـدارەکردنو لێپرسـراویەتی کۆمەڵگـەو دەوڵەتە بەهەمیشە ئامادەبوونی مێژوو و ئـەو بەهایانـەی بەرهـەمی خوێنو خەباتن، کەهـەرگیـز بابـەتی گەمـەی دەسـەڵات نـین، بۆیـە کەمینە دواجار ئەگەر لەناو دەسگا شەرعییەکانی دەسـەڵاتدا وەکـو پەرلـەمانو سـیناو ئەنجومـەنی دەوڵـەت نـەتوانێت رێگـە لـەپڕۆژە ترسـناکەکانی حکومـەت بگرێـت، ئـەوا هەژانـدنی شـەقام هەمیشـە چـەکێکی سـتراتیژیو کاریگـەرترە بـۆ شکسـتپێهێنانی سـتراتیژی دەسەڵات، تائاستی رووخاندنیشـیو ئەزموونـەکانی پێشـووی. ئـەم ململانێیــە راســتی ســەرکەوتنی شــەقامی بەســەر دەســەڵاتدا

سـەلماندووە بەشکسـتو هەڵوەشـانەوە یـەك لـەدوای یەکـەکانی حکومەتەکانی راستی (ئـالان ژوپـیێ، جـان پییـر رافـاران، دۆمۆنیـك دوڤیلپانو فراسوا فییـۆن) لەئـەنجامی تەقـەللای سـەپاندنی پـرۆژە راستڕەوییەکانیان بەسەر شەقامدا. ئەوەی ئێستاش لـە فەرەنسـادا جێـی سەرنجڕاکێشـانە بەتایبـەتی لـەدوای رووداوەکـانی دوای ناوەڕاستی (٢٠١٠)وە لەسەر گۆڕینی یاسـای خانەنشـینی لەشەسـت ساڵیەوە بەشەسـتو دوو سـاڵ کەبەشـێکە لـەکۆی قەیرانـەکانی فەرەنسـا، ئـەوەی شـەقام نیشـانی دەسـەڵاتیدا، شکسـتهێنانێتی لەئیدارەکردنی کۆمەڵگەداو نەمانی پردی دڵنیاییو بـاوەڕە لـەنێوان جـەماوەرو توێـژی حـوکمڕانو دارمـانی خـودی دەسـەڵاتە لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا کەئەشێت بەتەنیا لەبەرامبەر هەڵچوونی سـەرجەم شـەقامی فەرەنسـیدا بمێنێتـەوە. تەنانـەت گۆڕانکـاری لەکابینەی حکومەتـداو لابـردنو جێگـۆڕکێ بەهەنـدێك وەزیـر تـەنها هـەوڵێکی بێهودانـەی دەسـەڵاتە بـۆ هێورکردنـەوەی شـەقام لەخۆئامادەکردنیدا بۆ جـەنگی داهـاتوو، چـونکە بـەلای شـەقامەوە هەرچـەندە دەسـەڵات بـەزەبری شـەرعیەتی پەرلـەمانیو پشتگوێخستنی هەموو ئەکتەرە گرنگو کاریگەرەکانی ناوکۆمەڵگـەو تەنانـەت پێشـێلکردنی مافـەکانی مـرۆڤ و بـەها مێژووییـەکانی فەرەنسـاش، وەکـو مـارتین ئـۆبری سـکرتێری یەکـەمی پـارتی

سۆشیالسیتی فەرەنسا وتی (حکومەتی راست ناعەدالەتترین پرۆژەی یاسای خانەنشینی لەجیهاندا سەپاند)و هەرچەندە شەقام لەبەرەیەکی ئەو جەنگەدا شکستی هێنا، بەڵام هێشتا جەنگەکە تەواو نەبووەو ئەو لەئێستاوە هەرەسی سەرجەم ستراتیژی دەسەڵاتو مانەوەی راگەیاندووە، تاڕادەیەك کەڕاست ئەخوازێت لەگەڵ شکستی داهاتووی خۆیدا سەرجەم هەموو ئەو دەسکەوتانەش لەناو بەرێت، کەسیما جیهانیە مرۆییەکەی فەرەنسای پێناسراوە. بەلای هەندێکەوە راستی فەرەنسی وێنەیەکی دیماگۆگی فەرەنسای لەبەرامبەر دەرەوەدا راگرتووە، کەتیایدا فەرەنسییەکان بەتایبەتی ئەوانەی هەڵگری گوتارە مرۆڤگەراو جیهانییەکەی ئەم میلەتەن، شەرم لەفەرەنسیبوونی خۆیان ئەکەن، پێیانوایە فەرەنسا لەژێر سایەی ئەم دەسەڵاتەدا هیچ بەهایەکی نەماوە بەرگری لێبکات، دەسەڵاتێك کەبەئاشکرا لەیاساکانیدا جیاکاری رەگەزپەرستی لەنێو هاونیشتمانەکانیدا بکات، بەهەزاران لەقەرەجو بێدەرەتانەکانی رۆمان فڕێ باتە دەرەوەی سنوورەکانیو هەڕەشەی سەندنەوەی رەگەزنامەی فەرەنسی لەبیانییەکان بکات، تاوانو ناسەقامگیریی ئاسایش بخاتە پاڵ بیانییەکانو سانسۆر بخاتەسەر ئازادییەکانو بەسەدان هەزار خێزانی بێدەرەتان لەخانوو بێبەش بکات بەهۆی یاسا

جیاکارییەکانی‌و سنووردانان لەبەردەم نافەرەنسییەکاندا بۆئـەوەی هەردەم لەپەراوێزی کۆمەڵگەدا بمێننەوە، تا ئەو رادەیـەی یـەکێتی ئـەورووپا سەرزەنشـتی سیاسـەتەکانی ئـەم وڵاتـە بکـات کـە لەگـەڵ پرەنسیپەکانی یەکێتیی ئەورووپاو مافی مرۆڤدا یەکناگرێتەوە، ئیـدی شتێکی وای نەماوە لەگەڵ بەردەوامبوونی ئەم دەسەڵاتەدا شـانازی پێوە بکرێت.

### فەرەنسا وڵاتێکی نەخۆش‌و لاوازە

فەرەنسا کە وەکو بەشێکی جیهان کەوتۆتـە ژێـر کاریگـەری ئـەو قەیرانـــە ئابوورییـــەی لەهـــەناوی سیســـتمە ســـەرمایەداری‌و رۆژئاواییەکانـدا تەقییـەوە، بەتایبـەتی لـەژێر سـایەی گـەورەترین زلهێـزی ئـابووریی جیهـان کەوڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئەمریکایـە، لەئـەنجامی نـابووتبوونی یـەك لـەدوای یـەکی بانقـە مەزنـەکان، بەرزبوونەوی نرخی نەوت، کەمی خۆراك‌و بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخـــی خـــۆراك‌و شمەکـــە ســـەرەکییەکانی ژیـــان، سســـتبوونی گەشەسەندنی ئابووری، کەئەمانە تارادەیەك خۆری سـەرمایەداری‌و رۆژئاوایان بەرەو ئاوابوون نزیك کردۆتەوە، فەرەنسا لەناو سەرجەم ئەم قەیرانەدا کەوتۆتەوە ناو بازنەی قەیرانە تایبەتییەکانی خۆیەوە کەبریتین لەقەیرانی ئابووری‌و بێکاریی‌و هەژاری، قەیرانی شـوناس‌و

ڕێکخستنی پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی ناو پێکهاتەکانیو مامەڵەی شوناسە بیانییەکانیتر، کە نەتوانراوە لە کەلتورو شوناسی فەرەنسیدا بتوێنرێنەوە، کەئەمە بەرەدەوام کێشەیەکی دیاریکردنی شوناسی لای فەرەنسا خولقاندووە، دواجار قەیرانی فەرەنسا وەکو خودی خۆیو مێژووەکەیو پێگەی لەلایەکەوە لەناو کۆمەڵگەی ئەوروپیو یەکێتییەکەیدا، کەئەندامانی چیتر باڵادەستی هەندێك هێزیان پێقبوڵ ناکرێ، لەوانە فەرەنسا کەخۆی لەقەیراندا ئەژیو شوێنی فەرەنسا لەدنیایەکدا کە تادێت ڕۆڵی سیاسی لەمەسەلە گرنگەکاندا پەراوێز ئەخرێتو لەڕووی ئابووریشەوە بەچەندین قۆناغ ئەکەویتە دوای ئەو زلهێزە ئابووریە نوێیانەی پەلاماری دنیایان داوەو خۆری گەشیان لێهەڵکراوە وەکو چین کەئێستا بووەتە دووەهەمین هێزی ئابووری دنیاو چاوەڕوان ئەکریت لەماوەی چەند ساڵیکی کەمدا ببێتە هێزی یەکەم. لەنێو دۆزەخی ئەم قەیرانانەدا حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی ڕاست لەفەرەنسا لەهەوڵێکی بێهودەدا بوون بۆ خستنەوە سەرپێی فەرەنساو دەربازکردنی لەقەیرانە ئابووریو سیاسیو شوناسییەکانی، لەکاتێکدا کە فرانسوا فییۆنی سەرۆك وەزیران دانی بەوەدا نا کەخەزێنەی دەوڵەت خاڵیەو ئەو ئەبێت لەسەر بودجەیەکی نێگەتیڤو بەتاڵەوە کێشەکان چارەسەر بکات، بۆیە بەلای ڕاستەوە تاکە ڕێگا لەوانەیە

کەمکردنەوەی خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەتو بیمەکانی سۆشیالو تەندروستیو زیادکردنی باجو ناچارکردنی خەڵکی بێت بۆ زیاتر ئیشکردن تاوەکو فەرەنسا بتوانێت مەرجەکانی ڕێککەوتننامەی ماسترێت ١٩٩١ جێبەجێبکات کە لەدوا گۆڕنکارییەکاندا لەڕێککەوتننامەکانی ئەمستەردام، نیس، لیشبۆن ٢٠٠٩، بڕیاریان لەسەر دراوە وەکو مەرج بۆ هەموو وڵاتە ئەندامەکانی یەکێتی ئەوروپی، کەئەبێت ئابوورییەکەیان لەئاستێکدا بپارێزن کەڕێژەی قەرزە گشتییەکانی هەر وڵاتێك لە ٪٦٠ زیاتر نەبێتو ڕێژەی دابەزینی بودجەی نەگاتە خوار ٪٣.

بەڵام فەرەنسا بەپێی نوێترین توێژینەوەو ئامارەکان لەو ئاستە ئابووریو پێگەیەدا نییە کەمەرجەکانی ڕێککەوتننامەی ماسترێتی جێبەجێکردبێت. لەبەر ڕۆشنایی ڕێکخراوی چالاکیو پەرەپێدانی ئابووری کە چاودێری وڵاتانی ئەوروپا ئەکات، فەرەنسا یەکێکە لەپێشەوەی ئەو وڵاتانەی ئەوروپا کەزۆرترین ڕێژەی بێکاریی هەیەو لەدوای هەریەکە لەئیسپانیا کەڕێژەی بێکاریی تیایدا ٪١٩، سلۆڤاکیا٪١٤، هەنگاریا٪١١، پۆرتوگال، فەرەنسا دێت کە ٪١٠,١ بێکاریی تێدایەو ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزو هۆکارێکی سەرەکی قەیرانەکانی فەرەنسایە جگە لەوەی قەرزی گشتیی فەرەنسا لە٪٦٨ تێپەڕی کردووە. هەروەها لەژێر سایەی ئەو قەیرانە

جیهانییەدا ئێستا ڕێژەی گەشەسەندنی ئابووریی ساڵانە لەفەرەنسا زۆر لەسستیو پاشەکشێدایەو کە لەکۆتایی ٢٠١٠دا تەنها ١,٥٪و چاوەڕوان ناکرێت لە ٢٠١١ دا لە ١,٦٪ تێپەڕێت کەئەمەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە بەبەراوردکردنی لەگەڵ هاوسێ ئەوروپیەکانیدا کە ئەو ڕێژەیە لەئەڵمانیا ٢,٢٪، لەبەریتانیا ٢٪، وە لەوڵاتێکی بچووکی وەکو سوید ٤,٥٪، بێگومان ئەمە هەرگیز بەراورد ناکرێت بەو ڕێژە هەڵچووەی گەشەی ئابووری لەوڵاتی چیندا کە لە ٢٠١٠ لە ١٠,٩٪ تێپەڕیوەو لە ٢٠١١ دا ئەگاتە ١٤٪. کەواتە فەرەنسا لەهەموو ڕوویەکەوە وڵاتێکی نەخۆشو لاوازە. ئێستا هێزە سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانی پێکەوە بەدوای هۆکارەکانی ئەو لاوازییەو چارەسەریدا ئەگەڕێن. ئایا ئەمە تەنها بەشێکە لەو قەیرانەی جیهانی گرتۆتەوە؟ ئایا هەڵەی پەسەندکردنی یۆرۆیە وەکو دراوی یەکگرتووی ئەوروپا، ئایا والاکردنی یەکێتی ئەوروپایە بۆ وڵاتانیتر کە بەئابوورییەکی لاوازەوە خۆیان کرد بەو ڕێکخراوەداو زیاتر بارگرانیان بۆ ئەندامە ڕەسەنەکانی پێشوو خولقاندووە؟ ئایا خەتای والاکردنی سنوورەکانی ئەوروپایە لەبەردەم کۆچی نایاساییو مامەڵەی بێ چاودێری ئابووریو جووڵەو ئاڵوگۆڕی پارەی قاچاخ؟ یان ئایا وەکو رامسفێڵدی وەزیری پێشووی بەرگری ئەمەریکا وتی: فەرەنسا پیر بووەو سەربە کیشوەرێکی پیرە؟

ئەمانــە ســەرجەم ئــەو پرســیارانەن کەبــەرەی راســتی فەرەنســا لەچارەســەرکردنیدا زیــاتر چــەکی پــەلاماردانی زۆربــەی خــەڵکی فەرەنسای هەڵبژاردووە بەزیادکردنی گـوزەرانێکی سـەختترو بـاجی زیـاتر لەسـەریانو هێنانـەخوارەوەی ئاسـتی کـڕینو لێسـەندنەوەی دەستکەوتەکانی پێشوویان، لەپاڵ سەختی ئەو قەیرانە جیهانییـەی ژیانی هەریەکەیانی گرتۆتەوە. بەڵام هـەموو پڕۆژەکـانی حکومـەتی راسـت بـۆ خسـتنەوە سـەرپێی ئـەم وڵاتـە شکسـتیان هێنـا، هـەر لەیاسای (کاری لاوان، کۆنترای کاری یەکەم و دواهـەمینیان یاسـای خانەنشینی) جگە لەو بەرنامـە ئایندەییـەی حکومـەت داینـاوە بـۆ هێنانە خوارەوەی یارمەتییەکانی دەوڵـەت لـەبوارەکانی سۆشـیالو تەندروستیو بیمەی بێکاریی، کە واچاوەڕوان ئەکات بتوانێت چـەند سەد ملیارێك بگەڕێنێتەوە بۆ بودجەی دەوڵەت. بەڵام ئەوەی تیایدا زەرەرمەنـدە، زۆرینــەی چــینو توێــژەکانی کۆمــەڵی فەرەنســین، کەدواجار بۆ بەرگریکردن لـەژیانی ئێسـتاو ئاییندەی خۆیـان تـەنها شەقامیان بۆ ئەمێنێتەوە، کەتیایدا رووبەڕووی زوڵمـەکانی دەوڵـەت ببنەوە، هەربۆیەشە لـەوەڵامی سـەپاندنی دوایاسـادا بەشـێوەیەکی بێوێنــە ئــەم جارەیــان شــەقامی فەرەنســی هــەژا، کەهــەر جارێـك بـەمانگرتنی ملیۆنیـەوە خـۆی بەرامبـەر دەسـەڵات نمـایش ئـەکرد، کەتیایــدا هێــزە کاریگــەرەکانی ســەندیکاو کۆمەڵگــەی مــەدەنی

پێشــەنگو بزوێنــەری ئــەو مانگرتنانــە بــوون، کەبــەدەر نــەبوون لەتووڕەیی‌و توندوتیژیی‌و تیایدا کۆمەڵگەی فەرەنسی بەرجەستەی هــەموو خواســتەکانی خــۆی ئــەکرد، رزگــاربوون لەهــەژاری، لەئابوورییــــەکی لاواز، لەپێشــــێلکاری مــــاف کەســــایەتی، لەپەراوێزخســتنی توێــژە نافەرەنســییەکان‌و بەگشــتی تــووڕەیی لەدەسەڵاتێك کەوێنەی فەرەنسا نمایش ناکات، ئـەو پەیامـەی ئـەو هێزانەش رایئەگەیەنن، ئەوەیە کەجەنگی نێوان شـەقام‌و دەسـەڵات لەفەرەنسـادا کۆتـایی نـەهاتووە، ئەمـە قـەدەری گەڕانـە بـەدوای شوناسی فەرەنسیبووندا.

# بڵاوکراوەکانی
# ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
# ساڵی (٢٠١١ - ٢٠١٢)

| ژ | بڵاوکراوەکان | نووسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| ٣٦٥ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، (١٢) | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | مميزات النظام الفدرالي في العراق (ژ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانییەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئیسلامو مۆدێرنە ، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا(ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونی<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (١٨٥٠-١٩١٤) | هەستیار کەمال کوردی | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم: عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | کورتە باسێکی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر<br>و. لەئینگلیزیەوە:<br>کارزان کاوسێن | ٢٠١١ |
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی : | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | نەوزاد عەلی ئەحمەد | |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت<br>بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>د. کوردۆ عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | تاريخ الفكر الكردي | مامۆستا جعفر<br>ترجمة: د. بندر علي | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ك)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوك - ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق<br>ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریکردنی سیاسی<br>ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵلا عەنزی<br>و. سەردار عبدالكريم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٥ | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی:<br>عەلی جۆلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٦ | کەلتور — ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | و. لەفارسیەوە:<br>کاوسێن بابەکر | |
| ٣٨٨ | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٩ | دراسة تاريخية وسياسية حول "الشعب الكردي" | تاليف: حسن ارفع<br>ترجمة:عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٩٠ | کورتەیەك لەتاوانەکانی رژێمی عێراق دژی گەلی کورد | ن: نوری تالەبانی<br>و. شاناز رەمزی | ٢٠١١ |
| ٣٩١ | گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٩٢ | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێکردندا | و. مظفر عبدالوهاب | ٢٠١١ |
| ٣٩٣ | کورد گەلێکی بێ دەوڵەت<br>زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(١) | ن. ئینگۆنۆیمایەر<br>و. رێبوار تۆفیق | ٢٠١١ |
| ٣٩٤ | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | ن. د. جین شارپ<br>و. کارزان محمد | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان. ز. هۆشیاری (٢٥) | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٦) | د. حميد عزيز<br>ت: محسن بنى ويس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | دەوڵەتشاری دێرین<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٧) | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٨ | ئاینو سیاسەت<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٨) | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٩٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(٢٩) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٤٠٠ | جیۆپۆلەتیکی کوردستان | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ژ. ز. هۆشیاری (٣٠) | | |
| ٤٠١ | دیموکراسی‌و بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی | د. حەمید حسین کازم<br>و. عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٢ | ثورة كوردستان ومتغيرات العصر (الطبعة الثالثة) | حكمت محمد كريم<br>(ملا بختيار)<br>ترجمة ومراجعة:<br>د. بندر علي اكبر | ٢٠١١ |
| ٤٠٣ | ئەرکەکانی خەبات لەهەلومەرجێکی دژواردا | مام جەلال | ٢٠١١ |
| ٤٠٤ | کێشەی شیعەو سوننە<br>کورتەباسێکی مێژوویی | ن. د. عەلی ئەلوەردی<br>و. عارف کەریم | ٢٠١١ |
| ٤٠٥ | فەلسەفەی سیاسی ئەریستۆتێلیس | ئەمیر حسێن رەحیم | ٢٠١١ |
| ٤٠٦ | جیهانگیری‌و کاریگەری لەسەر سەروەری دەوڵەت | ن. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٤٠٧ | بەشداری سیاسی، چەمك‌و گرفتەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٨ | ڕێکخراوی سۆسیالیست (S.I) ئینتەرناسیۆنال | محەمەد مێرگە سۆری | ٢٠١١ |
| ٤٠٩ | پۆلێنکردنی هەڵوێستەکان پێش پرۆسەی هەڵبژاردن‌و دەنگدان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٢) | نیاز سەعید عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٠ | بەهاری عەرەبی‌و نەورۆزی سەربەخۆیی | ستران عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤١١ | قوتابخانەی فرانکفۆرت | و. لەسویدیەوە<br>عوسمان حەمە رەشید گوروون | ٢٠١١ |
| ٤١٢ | حدود كوردستان الجنوبية في سنجار حتى بدرة | عبدالرقيب يوسف | ٢٠١١ |
| ٤١٣ | النضال الدستوري للاستاذ ابراهيم احمد في العراق الجمهوري<br>ز. هۆشیاری، ذ(٣٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١٤ | كـــوردو توركمـــان، تيڕوانينيـــك بـــۆ ميكانيزمەكانی پيكەوە ژيـانی ئاشـتيانەی نيوانيان، ز. هۆشياری، ژ(٣٤) | يوسف گۆران | ٢٠١١ |
| ٤١٥ | عەلمانيەت چـيە؟ مانـاو پيناسـەكانی، ز. ژ(٣٥) | زاهير شكوور | ٢٠١١ |
| ٤١٦ | خوێندنەوەيەك بۆ فيكری حەسـەن بـەننا، ژ. ز. (٣٦) | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٧ | شـــێوەكانی بەدەســـتهێنانی مـــافی چارەنووس، ژ. ز. (٣٧) | خەليل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤١٨ | تعريـف الانفـال بالإبـادة الجماعيـة، ژ. ز. (٣٨) | تاليف: خليل عبدالله<br>ترجمة: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| ٤١٩ | پێـــنج ليكۆڵينـــەوە لـــەبواری سياســـەتی نێودەوڵەتاندا | مستەفا ئيبراهيم دەرويش | ٢٠١١ |
| ٤٢٠ | پرۆگرام و پـەيڕەوی نـاڤخۆ پەسـەندكريی سێيەمين كۆنگرێ (ی. ن. ك) | مەڵبەندی (٤)ی ريكخستنی دهۆك بەشی روناكبيری | ٢٠١١ |
| ٤٢١ | ئالا | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٤٢٢ | تاريخ التبشير المسيحی فی كردستان | الدكتور فرست مرعي | ٢٠١١ |
| ٤٢٣ | قـــراءة في مفهـــوم التحـــديث والتنميـــة السياسية، ز. هۆشياری، ژمارە (٣٩) | احسان عبدالهادي | ٢٠١١ |
| ٤٢٤ | كاريگەری قـەرزە گشـتيەكانی ئـەمريكا لەسـەر ئـابووری ئـەمريكا و جيهـان، ژ. ز. (٤٠) | فەيسەڵ عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٢٥ | فەرهەنگی ئاڤێستا (روسی – كوردی) | ئامادەكردنی: | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | د. نەهرۆ عەلی<br>ئاڤێستا نەهرۆ | |
| ٤٢٦ | کوردو دەوڵەت | بەرزان ئەحمەد کوردە | ٢٠١١ |
| ٤٢٧ | التنوع الثقافي والمثاقفة الأنا والآخر | يوسف يوسف | ٢٠١١ |
| ٤٢٨ | کورد لەسوریاو ئاوەربایجانو ئەرمەنستان/ ز. نلمیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا. ژ.(٢) | ن. م. شترۆهمایەر<br>ل. یالچین هێگمان<br>و. ڕێبوار تۆفیق بەنگینە | ٢٠١١ |
| ٤٢٩ | ئەرکەکانی قۆناغی نوێ لەچاوپێکەوتنێکی هەڤاڵ عیماد ئەحمەددا | ئامادەکردنی:<br>حەمە عەلی غەریب | ٢٠١٢ |
| ٤٣٠ | المشاريع التي قدمها الاتحاد الوطني الكردستاني عام ١٩٨٤ | تقديم<br>فريد اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٤٣١ | المحكمة الجنائية العراقية العليا دراسة في مبادىء العدالة | محمد ريبين حسن | ٢٠١٢ |
| ٤٣٢ | دور محكمة العدل الدولية في تطوير القانون الدولي العام | سۆز حميد مجيد | ٢٠١٢ |
| ٤٣٣ | گۆڤاری کەلتور ژمارە (٥) | | ٢٠١٢ |
| ٤٣٤ | کوردانی سوریا لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسیدا | نێلیدا فۆکارۆ<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>هەڵۆ بەرزنجی | ٢٠١٢ |
| ٤٣٥ | ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانو هاوکێشە نوێیەکان | چاوپێکەوتنێك لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیاردا | ٢٠١٢ |
| ٤٣٦ | هەڵبژاردەکان | شاسوار جەلال (ئارام) | ٢٠١٢ |
| ٤٣٧ | كردستان ككيان ضمنه الخطة الدولية بدأً من جنوبها | المحامي/ الشيخ سالار الحفيد | ٢٠١٢ |
| ٤٣٨ | مەسەلەی قڕکردنی ئەرمەن لەبەردەم دادگادا | و. لەئەڵمانییەوە: غسان نعسان<br>و. لەعەرەبییەوە: حەسەن جاف | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٣٩ | ئێزدییەکان لەمێژووی نەتەوەکەیاندا | سەربەست حسێن | ٢٠١٢ |
| ٤٤٠ | کۆچ هەڵیبژاردم | ئیسماعیل عوسمانو ماتیاس شیلین<br>و: حەکیم کاکە وەیس | ٢٠١٢ |
| ٤٤١ | کێشەکانی هزری ئایینی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٢ |

لەدەزگای چاپ و پەخشی حەمدی چاپکراوە